هەرێمی کوردستان - عێراق
پەرلەمانی
کوردستان - عێراق

# پڕۆتۆکۆلەکان

# ١٢٢

ساڵی/ ٢٠٢١ – بەرگی سەدو بیست و دوو

---

چاپی یەکەم/ ساڵی ٢٠٢٣

له بڵاوكراوەكانی پەرلەمانی كوردستان - عێراق

---

ناوی كتێب: پرۆتۆكۆڵەكانی ساڵی(٢٠٢١)ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق
بەرگی: ١٢٢
چاپی یەكەم: ٢٠٢٣
تیراژ: ٢٥٠
پێداچوونەوەونەخشەسازی: سنوبر صابر حسن
ئینصات كردن: نەورۆز شێرزاد،، شوان محمد، كۆڤان خسرو، تارا رشاد، رێبین رشاد، شیلان ملاعباس، رەنجدەر رقیب.
ژمارەی سپاردنی بە كتێبخانەی نیشتمانیی هەرێمی كوردستان:
چاپخانەی شەهاب - هەولێر

# پێڕیست


| | | |
|---|---|---|
| پڕۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١) خولی پێنجەمی هەڵبژاردن | چوارشەممە ٢٠٢١/٩/١ | ل ٥ |
| پڕۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢) خولی پێنجەمی هەڵبژاردن | پێنجشەممە ٢٠٢١/٩/٢ | ل ٣٧ |
| پڕۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٣) خولی پێنجەمی هەڵبژاردن | سێشەممە ٢٠٢١/٩/٧ ` | ل ٨١ |
| پڕۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٤) خولی پێنجەمی هەڵبژاردن | سێشەممە ٢٠٢١/١٠/٢٦ | ل ١١١ |
| پڕۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٥) خولی پێنجەمی هەڵبژاردن | چوارشەممە ٢٠٢١/١٠/٢٧ | ل ١١٥ |
| پڕۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٦) خولی پێنجەمی هەڵبژاردن | شەممە ٢٠٢١/١١/٩ | ل ١١٩ |
| پڕۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٧) خولی پێنجەمی هەڵبژاردن | سێشەممە ٢٠٢١/١١/٢٣ | ل ١٧٩ |
| پڕۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٨) خولی پێنجەمی هەڵبژاردن | چوارشەممە ٢٠٢١/١١/٢٤ | ل ٢١٩ |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١)ی
چوارشەممە رێکەوتی ١\٩\٢٠٢١
خولی پێنجەمی هەڵبژاردن

# پڕۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١)
# چوارشەممە ڕێکەوتی ٢٠٢١/٩/١

کاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆی ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی ٢٠٢١/٩/١ پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی د. ڕێواز فائق حسێن سەرۆکی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز هێمن هەورامی جێگری سەرۆك و، بەڕێز منی نبی قهوچی سکرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ژمارە (١)ی ئاسایی خولی پێنجەمی ساڵی (٢٠٢١) ی خۆی بەست.

بەرنامەی کار:

بە پێی حوکمی ماددەی/٥ بڕگەی یەکەم لە ماددەی/١٦ و بڕگەی/٣ لە ماددەی/١٨ و بڕگەکانی یەکەم و دووەم و سێیەم و چوارەم و پێنجەم لە ماددەی/٢٠ و ماددەکانی/٤٧ و ٤٨ برگەی یەکەم لە ماددەی/٥٢ و ماددەکانی/٥٤ و ٥٥ و٥٦ و ٥٧ لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بریاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە/١ ی ئاسایی خولی پایزەی ساڵی سێیەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە کاتژمێر (١٢) ی نیوەڕۆ ڕۆژی چوار شەممە ڕێککەوتی ٢٠٢١/٩/١ بەم شێوەیە بێت:

١- یەك دەقیقە بێ دەنگی وەستان بۆ ڕێزلێنان لە گیانی شەهیدانی کوردستان و عێراق لەگەل مارشی نەتەوەیی.

٢- کردنەوەی خولی پایزەی ساڵی سێیەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردن لەلایەن سەرۆکی پەرلەمان بە پێی حوکمی برگەی یەکەم لە ماددەی/٧ و بڕگەی/٣ لە ماددەی/٨ ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

٣- وتەی بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان بە بۆنەی کردنەوەی خولی پایزەی ساڵی سێیەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان.

٤- وتەی بەڕێزان سەرۆك فراکسیۆنەکانی پەرلەمان بە بۆنەی کردنەوەی خولی پایزەی ساڵی سێیەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان.

٥- خوێندنەوەی یەکەم بۆ پرۆژە یاسای هەمواری یاسای وەزارەتی دارایی و ئابووری لە هەرێمی کوردستان پشت بەستن بە حوکمی برگەی دووەمی ماددەی/٧٨ و برگەی یەکەمی ماددەی/٨٣ لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

٦- خوێندنەوەی دووەم بۆ ئەم پرۆژە و پێشنیازە یاسایانەی خوارەوە بەپێی حوکمی ماددەکانی/٨٧ و ٨٨ و ٨٩ لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان:

١/پێشنیازە یاسای هەمواری دووەمی یاسای دەستەی دەستپاکی لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق ژمارە/٣ ی ساڵی ٢٠١١ .

٢/پرۆژە یاسای نیشان و مەدالیا لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق.

٣/پرۆژە یاسای هەمواری دووەمی یاسای یەکێتی ژوورەکانی بازرگانی و پیشەسازی ژمارە/١٤ی ساڵی ١٩٩٣ لە هەرێمی کوردستان.

٤/ پرۆژە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی ژمارە/١٠ ی ساڵی ٢٠١٠ لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق.
بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:
بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان.
بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنی ژمارە (١)ی ئاسایی ساڵی سێیەم لە خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان دەست پێ ئەکەین سەرەتای دانیشتنەکەشمان بە دەقیقەیەك وەستان بۆ گیانی پاکی سەرجەم شەهیدان دەست پێ ئەکەین بە مارشی ئەی ڕەقیبەوە.
فەرموون.
بەڵێ بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئەمرۆ کردنەوەی وەرزی پایزەی ساڵی سێیەم ڕائەگەیەنین، دانیشتنەکەشمان بە خوێندنەوەی بەرنامەی کار دەست پێ ئەکەین لەلایەن بەڕێز سکرتێری پەرلەمانەوە، فەرموو.
بەڕێز منی نبی قهوەچی/ سکرتێری پەرلەمان:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
بەرنامەی کار
بە پێی حوکمی ماددەی/٥ بڕگەی یەکەم لە ماددەی/١٦ و بڕگەی/٣ لە ماددەی/١٨ و بڕگەکانی یەکەم و دووەم و سێیەم و چوارەم و پێنجەم لە ماددەی/٢٠ و ماددەکانی/٤٧ و ٤٨ برگەی یەکەم لە ماددەی/٥٢ و ماددەکانی/٥٤ و ٥٥ و٥٦ و ٥٧ لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بریاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە/١ ی ئاسایی خولی پایزەی ساڵی سێیەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە کاتژمێر ١٢ ی نیوەڕۆ ڕۆژی چوار شەممە ڕێککەوتی ٢٠٢١/٩/١ بەم شێوەیە بێت:
٧- یەك دەقیقە بێ دەنگی وەستان بۆ ڕێزلێنان لە گیانی شەهیدانی کوردستان و عێراق لەگەل مارشی نەتەوەیی.
٨- کردنەوەی خولی پایزەی ساڵی سێیەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردن لەلایەن سەرۆکی پەرلەمان بە پێی حوکمی بڕگەی یەکەم لە ماددەی/٧ و بڕگەی/٣ لە ماددەی/٨ ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.
٩- وتەی بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان بە بۆنەی کردنەوەی خولی پایزەی ساڵی سێیەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان.
١٠- وتەی بەڕێزان سەرۆك فراکسیۆنەکانی پەرلەمان بە بۆنەی کردنەوەی خولی پایزەی ساڵی سێیەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان.
١١- خوێندنەوەی یەکەم بۆ پرۆژە یاسای هەمواری یاسای وەزارەتی دارایی و ئابووری لە هەرێمی کوردستان پشت بەستن بە حوکمی بڕگەی دووەمی ماددەی/٧٨ و برگەی یەکەمی ماددەی/٨٣ لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.
١٢- خوێندنەوەی دووەم بۆ ئەم پرۆژە و پێشنیازە یاسایانەی خوارەوە بەپێی حوکمی ماددەکانی/٨٧ و ٨٨ و ٨٩ لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان:

١/پێشنیازە یاسای هەمواری دووەمی یاسای دەستەی دەستپاکی لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق ژمارە/٣ ی ساڵی ٢٠١١.
٢/پرۆژە یاسای نیشان و مەدالیا لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق.
٣/پرۆژە یاسای هەمواری دووەمی یاسای یەکێتی ژوورەکانی بازرگانی و پیشەسازی ژمارە/١٤ی ساڵی ١٩٩٣ لە هەرێمی کوردستان.
٤/ پرۆژە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی ژمارە/١٠ ی ساڵی ٢٠١٠ لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق.
زۆر سوپاس.
بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:
بەڵێ بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، دەست بە بەجێ بەجێ کردنی بڕگەی سێیەمی بەرنامەی کار دەکەین.
بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان.
ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان، هاووڵاتیانی ئازیزی هەرێمی کوردستان، ئەمڕۆ ٢٠٢١/٩/١ کردنەوەی وەرزی پایزەی یاسادانان لە ساڵی سێیەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە کاتێك دا ڕای دەگەیەنین کە قەوارەی هەرێمی کوردستان لەبەردەم دۆخێکی نوێی ئیقلیمی و عێراقی و ناوخۆیی دایە و هاوکات لەبەردەم ئیستحقاقێکی سیاسیش دایە کە هەڵبژاردنە گشتیەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا، بۆیە ئێمە لە پەرلەمانی کوردستان هانی گشت لایەنە سیاسیەکان ئەدەین بۆ یەك ڕیزی و تەبایی لە پێناو پاراستنی قەوارەی سیاسی هەرێمی کوردستان و بەئاراستەی ئامادەکاری هێمنانە بۆ هەڵبژاردنە گشتیەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، هاوکات پشتیوانی سیاسی خۆمان بۆ بژاردەی گفتوگۆی بەردەوام لە نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵی بە ئاراستەی چارەسەری لۆژیکی گشت کێشە هەڵپەسێردراوەکان لەبەرژەوەندی کوردستانیان و فەراهەم کردنی سەقامگیری سیاسی و ئابووری و ئەمنی و بەردەوامی پابەند بوون بە ڕێککەوتن و لێك تێ گەیشتنەکان ڕادەگەیەنین، سەبارەت بە وەرزی نوێی یاسادانان هاوکات لەگەڵ جەخت کردنەوەمان لە میکانیزمی کاری پێکەوەیی ئەمانەوێ بەڕێزتان بەرچاو ڕوون بن سەبارەت بەو پرۆژە یاسا و پێشنیازە یاسا و بریارانەی کە ئاراستەی سەرۆکایەتی کرابوون، بۆ ئەم مەبەستە چەند خشتەیەکمان بە زانیاری و ژمارە و هەنگا و ئاستی کارکردن لەسەر هەر پرۆژە و پێشنیارێك ئامادە کردووە و چەند ڕۆژی ئایینەدا ئاراستەی سەرجەم فراکسیۆنەکانی ئەکەین، ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان لە کۆی ئەو بابەتانەی وەرزی پێشوو لەکارنامەی پەرلەمان دابوون توانیمان دە یاسا پەسەند بکەین، کە ئەوانیش:
یاسای فرۆشتن و بەکرێدانی موڵك و ماڵی دەوڵەت لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق، یاسای پاراستنی بەرهەمە خۆماڵیەکان لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق، یاسای هاوردەکردن و فرۆشتنی بەرهەمە نەوتییەکان لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق، یاسای پاراستنی تۆر و بنچینەکانی ئاوو ئاوەڕۆ لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق، یاسای بەڕێوەبردن و پاراستنی شوێنەوار و کەلەپور لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق، یاسای وەزارەتی کارەبا لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق، یاسای هەمواری یەکەمی یاسای بە خاوەن کردنی ئەو زەویانەی لە سنووری شارەوانیەکان زیادەڕۆییان

لەسەر کراوە لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق، یاسای هەمواری یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەم ئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت ژمارە/٢٢ ی ساڵی ٢٠١١ لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق، یاسای بەرکارکردنی یاسای رەسم و پولی عێراقی ژمارە/٧١ ی ساڵی ٢٠١٢ لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق، یاسای بەرکارکردن و هەمواری پیادە کردنی یاسای وەبەرهێنانی پیشەسازی هەردوو کەرتی تایبەت و تێکەڵاو ژمارە/٢٠ ی ساڵی ١٩٩٨ ی هەموار کراو لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق بوون.

ئەوەشی لە ئێستادا لەبەردەستی سەرۆکایەتی و لیژنە هەمیشەییەکان دا ماوە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

بە کۆی گشتی ١٠٤ پێشنیازە یاسا و بڕیار ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کراوە و ئەوانیش بەم شێوەیەی خوارەوە مامەڵەیان لەگەڵ کراوە:

١- (٢٤) پێشنیازە یاسا و بڕیار پەسەند کراون.

٢- (١٢) پێشنیازە یاسا و بڕیار ئاراستەی حکومەت کراون بۆ ڕەزامەندی دان لەسەر بارگرانی دارایی بۆ ئەوەی خوێندنەوەی یەکەمیان بۆ بکرێت، ئاماژە بە ماددەی/٧٩ بڕگەی/٤ لە پەیڕەوی ناوخۆ و تا ئێستا وەڵامی کۆتاییان نەهاتۆتەوە.

٣- (٣٧) پێشنیازە یاسا لەلایەن لیژنەکانی پەرلەمان و وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمەوە ڕەد کراونەتەوە بەهۆی ئەوەی مەرجی ڕواڵەتی پێشنیازە یاسایان تیا نەبووە یان هیچ بۆشاییەکی یاسایی لەو بوارەدا نەبووە یان بارگرانی دارایی هەبووە و لەلایەن حکومەتەوە ڕەد کراوەتەوە.

٤- (٩) پێشنیازە یاسا ئاراستەی لیژنەی یاسایی کراون بۆ هەڵسەنگاندن و بڕیاردان لەسەریان و هێشتا بۆ خوێندنەوەی یەکەم ئاراستەی سەرۆکایەتی نەکراونەتەوە.

٥- (٢١) پرۆژە و پێشنیازە یاساش خوێندنەوەی یەکەمیان بۆ کراوە و لەژێر پرۆسەی تەشریع دان و لە ئێستادا لەو ژمارەیە ڕاپۆرتی حەوت پرۆژە و پێشنیازە یاسا لەلایەن لیژنە تایبەتمەندەکان و لیژنەی یاسایی لەژێر چاودێری سەرۆکایەتی دا لە پشووی وەرزی یاسادانان دا بۆ خوێندنەوەی دووەم ئامادە کراون.

بەڕێزان، ئامانجمان لە خستنەڕووی ئەم پۆلینکاریە ئەوەیە بەرای گشتی و بەڕێزتانی ڕابگەیەنین کە بەچاوی بایەخەوە لە پێشنیازی پێشکەش کراوی پەرلەمانتاران بڕوانین و خۆمان پایەندی حوکمەکانی پەیرەوی ناوخۆ کردووە لە مامەڵە کردن لەگەڵ پێشنیازە یاسا و بڕیارەکان، بۆیە لە پشووی وەرزی یاسادانان زیاتر لە جارێك لیژنەی کاروباری یاسایی و لیژنە تایبەتمەندەکان و سەرۆکایەتی پەرلەمان کۆبوونەوە و هاوئاهەنگیمان کردووە بۆ یەکلا کردنەوەی چارەنووسی پرۆژە و پێشنیازە یاساکان، ئێستاش پێشبینیمان ئەوەیە کە فراکسیۆنەکان و پەرلەمانتاران بۆشایی یاسایی و کەموکورتی یاسا بەرکارەکان و پێداویستی قۆناغەکە بە ئاراستەی خزمەتی زیاتری کوردستانیان بکەنە بنەمای پێشکەش کردنی پێشنیازە یاسای دیکە، لە هەمان کاتدا دەبێ حکومەتیش پرۆژە یاساکانی نێو کارنامەی کابینەکە و پرۆژە یاسای بوودجەی گشتی بۆ پەرلەمان بنێرێت و چیتر لە ژێر هیچ پاساوێك دا هیچ داهات کۆکردنەوە و خەرجیەك لە دەرەوەی یاسای بوودجە ئەنجام نەدا بۆیە جگە لەوەی ئەرکی حکومەتە دوای هەشت ساڵ

پرۆژە یاسای بوودجە بنێرێتە پەرلەمان ئەرکی پەرلەمانتاران و لیژنەکانیشە بەدواداچوون و هاوئاهەنگی بۆ ناردنی پرۆژە یاسای بوودجە بکەن.
بەڕێزان وەك ئەرکێکی تری سەرەکی پێویستە پەرلەمان لەبواری چاودێری دا کاراتر ئەرکی خۆی جێ بەجێ بکات و ئەبێ ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتەکانیش لەوەڵامدانەوەی پرسیار و بەدواداچوونەکانی پەرلەمانتاران و لیژنەکانی پەرلەمان بە تەواوی پابەندی ئەو ماوە زەمەنیە ڕێکخراوانە بن کە لە یاسا بەرکارەکان و پەیڕەوی ناوخۆدا هاتوون، بەڕێزیشتان دەزانن لە ماوەی ئەم خولەدا لە کۆی ١٣٢٣ پرسیار کە تا ئێستا ئاراستەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتەکان کراوە، ١١٩٧ پرسیار وەڵام دراونەتەوە و ١٢٦ پرسیار هێشتا وەڵام نەدراونەتەوە واتا بە گشتی ڕێژەی ٩٠% ی پرسیارەکان وەڵامدم دراوەتەوە و وەزیرە بەڕێزەکان و سەرۆکی دەستەکان و ئەمینداری ئەنجومەنی باڵای خانمانیش تەنها لەوەرزی بەهاری یاسادانانی ساڵی سێهەم لە ٢٩ دانیشتنی پەرلەمان و لیژنەکان ئامادەبوون، ئێمەش لە سەرۆکایەتی بەچاوی بایەخەوە لە پەیوەندی و هاوئاهەنگی پەرلەمان و تەواوی دامەزراوەکانی تر دەڕوانین، چونکە تا ئەو پەیوەندیە تەندروست تر ببی و دامەزراوە دەستووریەکان کاری یەکتر تەواو بکەن ناڕوونی و گومان لەسەر دۆسیەکانی پەیوەندیەکانی هەرێم و پرۆسەی چاکسازی و نەوت و داهات و خەرجی وەبەرهێنان و بواری سێکتەرەکانی کەرتی گشتی نامێنێ و هەموو دامەزراوەکانیش بەیەکەوە لەبەرەوپێش بردنی پرۆسەی حوکمڕانی دا ڕۆڵی خۆیان ئەگێڕن، لە کۆتایی دا هیوادارم کە قەوارەی هەرێمی کوردستان و دانیشتوانەکەی پارێزراو بن لە قەیران و دەرد و بەڵا.
بەڕێزان، دەست بە جێ بەجێ کردنی برگەی چوارەمی بەرنامەی کار دەکەین کە دەرفەت دانە بە بەڕێزان سەرۆکی فراکسیۆنەکانی پەرلەمانی کوردستان بە بۆنەی کردنەوەی خولی پایزەی ساڵی سێیەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق. فەرموو د. زانا، دوای ئەوە نوقتە نیزامی وەردەگرین.
بەڕێز زانا مەلا خالد سمایل:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
بەناوی خوای گەورە و میهرەبان.
وێڕای پێزانینمان بۆ بەڕێزان لە لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمانی کوردستان کە لە ماوەی مانگی ڕابردوودا زۆرترین کۆبوونەوەی لیژنەکانیان لە مانگێك دا ئەنجام داوە بە ئامادەکردنی ڕاپۆرتەکانیان بۆ خوێندنەوەی دووەمی پێشنیاز و پرۆژە یاسا ئامادەکراوەکان بۆ ئەم وەرزەی یاسادانان، لە هەمان کاتدا دووپاتی پاڵپشتی فراکسیۆنمان بۆ کاری بەیەکەوەیی و هاوبەش لەسەرجەم لیژنەکان دەکەینەوە.
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، لە کاتێکدا دەست بە وەرزێکی تازەی یاسادانان دەکەین کە ناوچەکەمان بەهۆی هەڵکەوتە جوگرافیایی و لێکەوتە سیاسیەکانی بە قۆناغێکی هەستیار دا تێ دەپەڕێ دۆستەکانمان بە ئامادەبوونمان لەگەڵمان و دەربڕینی پشتگیریان و نەیارانی ئەزمونەکەمان بە نانەوەی دڵەڕاوکێ و ڕشتنی تۆوی دووبەرەکی دەیانەوێ دەستکەوتەکانمان بخەنە ژێر هەڕەشە و خوێن و قوربانی دانی ئیرادەی گەلی کوردستان بەراورد بە شوێنی تر و

ناوچەی تر بکەن، بۆیە لەڕوانگەی بەرپرسیاریەتیمان بەرامبەر بە گەلی کوردستان پێویستیمان بەوە هەیە کە ئامانجەکانمان یەك بخەین تاوەکو بتوانین یەك دەنگ و یەك هەڵوێست بین بۆ پاراستنی دەستکەوتەکانی هەرێمەکەمان، وەك جەنابی سەرۆك بارزانی فەرمووی (هەر میللەتێك ئەگەر پشت بەخۆی و تواناکانی خۆی نەبەستێ هەمیشە ئەگەری هەڕەشە و لەناوچوونی لەسەرە، پاڵپشتی خەڵکیش ئەو کاتە بەهای هەیە و کاریگەر دەبێ کە بە خۆمان هەبین و ئیرادەمان هەبێت)، بۆیە گرنگە سەرەڕای نزیك بوونەوەمان لە هەڵبژاردنی پێش وەختەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بە جیاوازی ڕەنگ و ئایدیاکانمانەوە ئامانج یەك بخەین تاوەکو بتوانین بە یەك دەنگی هەنگاو بهاوێژین بە ئاراستەی پاراستنی بەرژەوەندیە باڵاکانی میللەتەکەمان.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، نزیك دەبینەوە لە سێ ساڵەی تەمەنی ئەم خولەی پەرلەمانی کوردستان، وێڕای دەرچوواندنی ژمارەیەك یاسا و بڕیار بە ئاراستەی خزمەتی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان، جگە لەوەی چاودێریکی باش دەبین بۆ جێ بەجێ کردنیان، ئومێد دەکەین کە بتوانین خزمەتی باشتری ژینگەی یاسایی هەرێمەکەمان بکەین، جگە لەم پێشنیازە یاسایانەی فراکسیۆنمان کە ئامادەیە لەم وەرزەدا کە هەوڵ دەدەین لە ڕێگای لیژنە پەیوەندیدارەکان و بە لۆژیکی کاری بەیەکەوەیی و هاوبەش لەگەڵ فراکسیۆنە بەڕێزەکانی تر پێشکەشی بکەین، هەماهەنگی و پاڵپشتی تەواوی فراکسیۆنمان دەردەبڕین بۆ ئەم پرۆژانەی لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان ئامادە دەکرێ لەسەرجەم سێکتەرە جیاوازەکان بە تایبەتی پرۆژە یاسای خانەنشینی هێزەکانی ناوخۆ و یاسای کار و یاسای دەستەبەری کۆمەڵایەتی و یاسای بیمەی تەندروستی و دامەزراوەی خۆراك و دەرمان لە هەرێمی کوردستان، یاسای پەروەردە و ئامادەکردنی پرۆژە یاسای بوودجەی هەرێمی کوردستان، جارێکی تر بە دەرفەتی دەزانین تەئکید لە پێویستی دەستووری هەرێمی کوردستان بکەینەوە و داوا لە بەڕێزتان دەکەین لە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان لەم وەرزەی یاسادانان دا هەنگاوە کرداریەکانی دەست پێ بکرێت و ئامادەیی فراکسیۆنمان بۆ زەمینەسازی سیاسی و هەماهەنگی لەگەڵ فراکسیۆنە بەڕێزەکانی تری پەرلەمان دەردەبڕین و لە ڕابردووش دا بۆچوونی خۆمان لەسەر ئالیەت و بنەماکانی نووسینەوەی دەستوور ئاراستەی بەڕێزتان کردووە، لە هەمان کاتدا بۆ گەورەیی و قارەمانیەتی ڕۆڵی پێشمەرگەی کوردستان تەئکید لە دیاری کردنی ڕۆژی پێشمەرگە دەکەینەوە، لەگەڵ ئەمەش دا بۆ پیرۆزی ڕۆحی شەهیدەکانمان دیاری کردنی ڕۆژی شەهید لە هەرێمی کوردستان بە پێویست دەزانین بۆ ئەم مەبەستەش داوای هەماهەنگی لە فراکسیۆنە بەڕێزەکانی تری پەرلەمانی کوردستان دەکەین، لەچوارچێوەی ئەرکی بەدواداچوونمان سەرەڕای ئەرکی هەڤاڵانمان لە لیژنەکان لەماوەی ڕابردوودا فراکسیۆنمان بەدواداچوونی مەیدانی بۆ شاروشارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان کردووە بەردەوام دەبین لە بەدواداچوونەکانمان وێڕای دەست خۆشیمان بۆ پرۆژە خزمەتگوزاریەکانی حکومەت دەست نیشانی گرفتەکانمان کردووە و لەڕێگەی هەڤاڵانی لیژنە پەیوەندارەکان بەدواداچوونی زیاتر دەکرێت و ئاراستەی بەڕێزتان دەکرێت، هاوکات وێڕای پاڵپشتی تەواومان بۆ هەنگاوەکانی چاکسازی حکومەتی هەرێم و کەم کردنەوەی خەرجی و فرەچەشن کردنی داهاتەکان و کۆنترۆڵکردنی بازاڕ و بایەخدان بە

پرۆژەکانی وەبەرهێنان بە ئامانجی ڕەخساندنی هەلی کار بۆ دانیشتوانی ئەم سنوورانەی پرۆژەکانی وەبەرهێنانیان تێدا ئەنجام دەدرێت لە هەمان کاتدا پشتگیری هەر هەنگاوێکی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین بۆ ڕێکحستنەوەی میلاکاتی فەرمانبەران و ڕەخساندنی دەرفەتی دامەزراندنی فەرمانبەرانی گرێ بەست و سێ یەکەمەکانی زانکۆ و پەیمانگاکان و پرسی مامۆستایانی وانەبێژ و خۆبەخشانی کەرتی تەندروستی، زۆر سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

بەڵێ زۆر سوپاس، کاك زیاد فەرموو.

بەڕێز زیاد جبار محمد:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان.

بەڕێزان ئێمە لە رابردوودا فراکسیۆنەکەمان پەیوەندیەکی باشی لەگەڵ تەواوی فراکسیۆنەکانی پەرلەمانی کوردستان هەبووە، بۆ ئەم وەرزەش دەمانەوێ و مەبەستمانە کە پەیوەندیمان زۆرباشتر بێ لەگەڵ تەواوی فراکسیۆنەکانی پەرلەمانی کوردستان لە پێناوی یان بە ئامانجی ئەوەی کە پێکەوە کارکردن بۆ هەموو ئەو پرۆژانەی کە پێشکەش دەکرێ کە لە پێناوی خەڵك و بۆ بەرژەوەندی خەڵکی کوردستانە، ئەو پرۆژانەشی کە لە داهاتوودا پێشکەشی سەرۆکایەتی پەرلەمانی ئەکەین، مەبەستمانە هەماهەنگی لەگەڵ فراکسیۆنەکانی تری پەرلەمانی کوردستان پێکەوە بتوانین بەرەوپێش بەرین و گەشەیان پێ بدەین، ئا ئەم چەند خاڵە لە ئەولەویەتی کارەکانی فراکسیۆنەکانمان ئەبێ بۆ داهاتوو دیارە هەموو لایەکمان دەزانین ڕێککەوتنی نێوان ناوەند و هەرێمی کوردستان ماوەیەکی دوورودرێژ تێپەڕی و دواجار ئەوەی کە هەبوو مەسەلەی یاسای بوودجەی ساڵی ٢٠٢١ بوو کە ئێستا ئێمە داوا ئەکەین لە پەرلەمانی کوردستان کە ڕۆڵی کاریگەری خۆی بگێڕێ بۆ زیاتر پەیوەندیەکانمان لەگەڵمان دا لە پێناوی ئەوەی کە پشکی هەرێمی کوردستان کە لە قانونی ٢٠٢١ دا هەیە پارێزراو بێ تاوەکو حکومەتی هەرێمی کوردستان بتوانێ مووچەی مووچەخۆران و فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان بە بێ لێبڕین بەردەوام بکات.

سەبارەت بە ناردنی پرۆژەی بوودجە لە ساڵی رابردوو دا تەواوی ساڵی ڕابردوو چاوەڕێی ئەوە بووین کە حکومەتی هەرێمی کوردستان پرۆژەی بوودجە بنێرێتە پەرلەمانی کوردستان بۆ ٢٠٢١ هەرێمی کوردستان کە ماوەی هەشت ساڵە خاوەنی قانوونی بوودجە نییە ببێتە خاوەنی قانوونی بوودجە، بەڵام بەداخەوە تاوەکو ئێستا خەریکە بگەینە کۆتایی ساڵ و ئەو پرۆژەیە نەگەیشت، داواکارین لە پەرلەمانی کوردستان فشار بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان دروست بکات لەسەر ئەوەی کە پرۆژەی بوودجە لە کاتی خۆیدا بەپێی پەیڕەو کە مانگی دە دەکات، پرۆژەی بوودجە بنێرێتە پەرلەمانی کوردستان بۆ ئەوەی بۆ ساڵی ٢٠٢٢ هەرێمی کوردستان خاوەنی قانونی بوودجە بێت، دامەزراندن و بە هەمیشەیی کردنی فەرمانبەرانی گرێ بەست کە ماوەیەکی دورودرێژە کۆمەڵێك فەرمانبەر لە هەرێمی کوردستان دا بە گرێ بەست کار ئەکەن وەکو ئەوە وایە ئاگادارن کە جەنابتان کە لەڕۆژانی ڕابردوو دا وەزارەتی دارایی ڕایگەیاند کە بۆ بە هەمیشەیی کردنی ئەم فەرمانبەرانە حکومەتی هەرێمی کوردستان پێویستی بە شەش ملیار

دینار هەیە بۆیە داوا ئەکەین ئەوەی کە لە ڕابردووش دا ئێمە لە فراکسیۆنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان پرۆژەمان بۆی پێشکەش کردووە کە جەخت کردنەوە لەسەر ئەوەی کە ئەم گرێبەستانە بینە هەمیشەیی لە داهاتوودا، دامەزراندنی یەکەمی زانکۆ و پەیمانگاکان لەڕاستی دا ماوەیەکی دوورودرێژە لە ساڵی ٢٠١٥ کە هەموو ئەوانەی کە لە زانکۆ و پەیمانگاکان دا یەکەم ئەبن تاوەکو ئێستا دانەمەزراون و هەموو ئەندامانی پەرلەمانیش بە دەیان یاداشت پێشکەش کراوە لە ڕابردوودا هەوڵ بدەین کە ئەمانە دابمەزرێن، چاودێری کردن و بەدواداچوونی کە ئەرکی پەرلەمانە بە تایبەتی بۆ ئەو یاسای چاکسازی کە یاسای ژمارە/٢ ی ساڵی ٢٠٢٠ و بتوانین لە پەرلەمانی کوردستان باشتر چاودێری جێ بەجێ کردن و چۆنیەتی جێ بەجێ کردنی یاساکە و هەروەها چاکسازی لە سەرچاوەکانی داهات کە حکومەتی هەرێمی کوردستان کۆمەڵێك بڕیاری بۆ دەرچوواندووە کە پێویستە لە سەرچاوەکانی داهات داهاتە نەوتییەکان و هەموو ئەو شەریکات و کۆمپانیایانەی لەبواری نەوت دا کاردەکەن چاکسازی تیا بکرێ و هەروەها خاڵە سنووریەکان کە حکومەت کۆمەڵێك بڕیاری بۆ دەرچوواندووە پێویستە کاری لەسەر بکرێ و چاکسازییانە جێ بەجێ بکرێ لە پێناوی ئەوەی کە جارێکی دیکە قەیرانی دارایی یاخود ئەوە دروست بوو بتوانین حکومەتی هەرێمی کوردستان بە بێ لێ بڕین مووچە دابین بکات، رسومات لە هەرێمی کوردستان دا ماوەیەکی دوورودرێژە بارگرانی بۆ هاوولاتیانی هەرێمی کوردستان دروست کردووە، پێویستە رسومات لە هەرێمی کوردستان پێویستی بە ڕێکخستنەوەیە، ڕێکخستنەوەی رسومات کە ئیستا زۆر نارێك و پێکە وەکو وتم بارگرانیشی دروست کردووە، پێویستە لەم وەرزە پەرلەمانی کوردستان کاربکات تاوەکو حکومەتی هەرێمی کوردستان پێداچوونەوە بە رسومات بکات لە هەرێمی کوردستان، ساڵانێکی دوورودرێژە هاوولاتیان بە دەستی ڕۆتینەوە لە هەرێمی کوردستان دا دەناڵێنن، بۆ ئەمەش حکومەتی هەرێمی کوردستان ئێستا پێموایە بەرنامەیەکی هەیە، بۆیە ئێمەش لە پەرلەمانی کوردستان و فراکسیۆنەکەمان مەبەستمانە کار لەسەر ئەوە بکەین بۆ کەم کردنەوەی ڕۆتین لە هەرێمی کوردستان، لە کاتێك دا بێ ئومێد بووین حکومەتی هەرێمی کوردستان ناتوانێ دەرفەتی کار بۆ هەموو ئەو دەرچووانە و بۆ گەنجان و لاوانی وڵاتەکە برەخسێنێ داوا ئەکەین کە کار بکەین لەسەر ئەوەی حکومەتی هەرێم گرنگی بدات بە کەرتی تایبەت و هەروەها مەسەلەی خانەنشین کردنی کەرتی تایبەت کاری لەسەر بکرێت، بۆ داهاتوو هەرێمی کوردستان، دابین کردنی ژمارەی کەسی بێ هاوتا کە ئێستا حکومەت ڕای گەیاندووە و فەرمانبەرانی حکومەت جێ بەجێ ئەکرێت داوا ئەکەین کار لەسەر بکرێ بۆ ئەوەی بە زوویی بۆ کەرتی تایبەت و هاوولاتیانیش بە گشتی کاری لەسەر بکرێ، ئێمە لە ساڵی ڕابردوو پرۆژەیەکمان بۆ خانەنشینی هێزەکانی ناوخۆ پێشکەش کردبوو لە فراکسیۆنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان ئێستا لەو ماوە دوورودرێژە چاوەڕێ ی ئەوە بووین کە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەو پرۆژە بنێرێ، داوا ئەکەین کە داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بکات کە بە زوویی ئەو پرۆژەیە بنێردرێتە پەرلەمانی کوردستان و تاوەکو جێ بەجێ بێت کە دەمێکە هێزەکانی ناوخۆ چاوەڕێی دەرچواندنی ئەم یاسایەن، پرۆژە یاسای ماف و ئیمتیازاتی پێشمەرگەی دێرین کە ئێستا پرۆژەیەك لە پەرلەمانی کوردستان هەیە داواکارین لە داهاتوویەکی نزیك دا بخرێتە بەرنامەی کار بۆ ئەوەی کاری لەسەر بکرێ، کارکردن لەسەر

هەمەجـۆر کردنـی سـەرچاوەکانی داهـات بـۆ پرکـردنەوەی ئەو کورتهێنـانەی کە لە بـوودجەی هەرێمی کوردستان دا دروست دەبێت هەوڵ بدرێت حکومەتی هەرێمـی کوردسـتان کـار لەسـەر هەمەجۆر کردنی سەرچاوەکانی داهات بکرێ و زۆر سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

بەڵێ سوپاس کاك زیاد، گولستان خان فەرموو.

بەڕێز گوڵستان سعید حمد:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ڕەوشی هەرێمی کوردستان بەو هەموو قەیـرانەی کە هەیە لەڕووی دارایـی و ئـابووری و گرانـی خۆراك و خراپـی بژێـوی و نەبـوونی هەلـی کـار و کـۆچی گەنجـان و گرانـی سـووتەمەنی لێمـان دەخوازێ ئەم پەرلەمانە بەڕێزە باشتر ئەرکەکانی خۆی جی بەجێ بکـات لەڕووی دەرکردنـی ئەو یاسـایانەی کە چارەسـەری گرفتەکـانی خەڵکـی کوردسـتان دەکـات، بەو یاسـایانە ئەتـوانێ گرفتەکانی دامەزراندنی دەرچووانی زانکـۆ و پەیمانگاکـان بە هەمیشـەیی کردنـی دامەزرانـدنی گرێ بەست و خۆبەخشەکان، دەرچـووانی زانکـۆ و یەکەمەکـان کە گرنگـی و جێـی بـایەخ بێـت. ئەمەش بە پەسەند کردنی یاسـای بـوودجە ئەبێـت کە یاسـای بـوودجە دەتـوانێ ڕۆڵێکـی گرنـگ ببینێت لەڕووی شەفافیەت، لەڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی، لەڕوونـی داهـات و خەرجییەکـانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، دەرپرسین پەرلەمانی کوردستان بۆچی ئەو نەخشە ڕێگـایەی کە لە خـولی پێشـوودا هەر سـێ فراکسـیۆنی بەشـدار لە حکـومەت بڕیاریـان لەسـەرداو بەرنـامەی کـارەکە زۆر نزیـك بـوو لە یەکەوە بـۆچی جـێ بەجـێ نەکـرا؟ یاسـای چاکسـازی گشـتی بە کـوێ گەیشـــت؟ بە پێویســـتی دەزانـــین پەرلەمـــان لەم خـــولەدا بیکاتەبەرنـــامەی لە پێشـــینە بـــۆ ڕاستکردنەوەی هەڵەکانی گرێبەستە نەوتییەکان، چاکسازی لە خاڵە سنووریەکان، ڕێکخستنەوەی رسوومات... .

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

بەڕێزان گولستان خان ڕوانـگەی فراکسـیۆنی گـۆڕان ئەخـاتەڕوو بـا گوێمـان لێـی بێـت بەڕێـزان، فەرموو.

بەڕێز گوڵستان سعید حمد:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ڕێگـری کـردن لە بەهەدەردانـی سـامانی گشـتی و تەخشـان و پەخشـان کردنـی زەوی و داهـاتی گشتی، لەڕووی ئەرکی چاودێری پەرلەمـانەوە دەپرسـین، هەر دوو دەزگـای چـاودێری دارایـی و دەستەی دەستپاکی کە دوو دەزگان سەر بەم پەرلەمانە لەڕووی یاساییەوە ماوەیان بەسەرچووە کە پێویستە چارەسەر بکرێن، بۆچی چارەسەر نەکراون؟ تـاکو ئەم دوو دەزگـایە هەماهەنـگ بـن لەگەڵ دەزگــای پەرلەمــان بــۆ چــاودێری کــردن لە ئەدای حکــومەت بەدواداچــوونی کــاری دامودەزگاکانی حکومەت و ڕادەست کردنـی دۆسیەکانی گەنـدەڵی لە دادگاکـان، وێـڕای ئەوەی یەکێك لە ئەرکەکانمان چاودێرییە، بەڵام جۆرێـك ململانێ هەیە لە نـاو دەسـەڵاتەکان پەرلەمـان دەبێ لەسەربەخۆیی خۆی و حکومەت دەسەڵاتی خۆی تێکەڵ نەکات لەم دەسەڵاتەی پەرلەمـان، لەڕووی ئەوەی کە دەست بۆ ئەو دۆسیانە بەرێ کە دۆسیەی هەنوکەیین و پەیوەندیان بە ژیـانی

خەڵکەوە هەیە، وێڕای ئەوەی کە پەرلەمان تا ئێستا ئاگادار نییە داهاتی ئەم هەرێمە چەندە؟ ئاگادار نین ماددەی/ ١٤٠ و هەنگاوەکانی چۆن نراوەو ناوچە کوردستانیەکان چی بەسەر دێ و تێڕوانینی هەرێم بۆ ئەو ناوچانە چییە لە کاتێك دا هەڕەشەی ئیقلیمی و ناوخۆیی گەورەمان لەسەرە، یاسای چاکسازی کە ساڵی ٢٠٢٠ دەکرا هەنگاوەکانی جێ بەجێ کردنی زۆر سست و لاوازە و بەرهەمەکەی تا ئێستا بەچاو نابیندرێت، پێویستە داهاتی گشتی بۆ خەڵکی کوردستان خەرج بکرێت، دادپەروەری تێدا بێت، پێداویستیە هەنوکەییەکان بێت نەك بە بڕێکی زۆر ئۆتۆمبیلی دوا مۆدێل بۆ بریکاری وەزیرەکان پێ بکرێت لە کاتێك دا ئەو بریکارانە هیچ دەسەڵاتێکیان پێ نادرێت تەنانەت فەرمانبەرێکیشیان بۆ دابین ناکرێت، نرخی نەوت بەرزە، رێژەی دەرهێنانی بەرزبۆتەوە، بەڵام بڕی پارەی نەوتەکە هەروەکو پێشتووترە بڕەکەی کەمتر بێ نرخەکەی هەرزانتر بوو، ئێمە دەپرسین بۆچی سەندووقی داهاتە نەوتیەکان، سەندووقی کوردستان بۆ داهاتە نەوتییەکان بۆچی دانامەزرێ کە ئەمە هەنگاوێکە زۆر بە گرنگی دەزانین، وێڕای ئەوەی کە ئێمە پێویستمان بەوە هەیە بپرسینەوە لە حکومەتە خۆجێییەکان بۆچی ئەرکەکانیان باشتر ڕاناپەڕێنن کە پێوست دەکات کە پەرلەمانی کوردستان بەدواداچوونیش لەسەر ئەوە بکات، وێڕای ئەوەی کە کۆمەڵێك یاسا بە گرنگ دەزانین لەڕووی یاسای کرێکاران کە دڵنیایی کۆمەڵایەتی لە کەرتی تایبەت بۆ کرێکاران دابین بکات یان یاسای بیمەی تەندروستی، یاسای پەروەردە و هەروەها یاسای وەبەرهێنان کە ڕێگری بکات لە داگیرکاری زەوی وزار و ئەو گەندەڵیە زۆرەی کە لەسەری کراوە کە لە پێشینەی کارەکانمان بێ و پێویستە بە یاسا ڕێکیان بخەین، زۆر سوپاس دەستتان خۆش هیوای سەرکەوتن بۆ پەرلەمانی کوردستان.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

زۆر سوپاس گولستان خان، مامۆستا عبدالستار فەرموو.

بەڕێز عبدالستار مجيد قادر:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

هەرێمی کوردستان ئێستا بە کۆمەڵێك قەیران دا تێ دەپەڕێ و ئەم قەیرانانە هەندێکیان بەڕاستی مەترسیدارن لەسەر کیان و قەوارەی هەرێمی کوردستانیش، ئێمە چۆن وابکەین کە ئێمە ئەم کیان و قەوارەیەمان پتەوتر بێت و بتوانین ڕووبەڕووی ئەو قەیران و هەرەشە و مەترسیانە بە تەسەوری من لە ئایندەدا ڕووبەڕووی دەبینەوە مامەڵەیان لەگەڵ بکات، ئێمە پێمان وایە کە دەبیت پەرلەمان لەم ڕوانگەیەوە سەرنج بدات لەوەی خەم و کێشە و ئازارەکانی خەڵکی کوردستان بێت بۆ هەر کێشە و گرفتێك قەیرانێکی ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە گوزەرانی خەڵکەوە هەیە هەم پەرلەمان فشاری هەبێت و هەم چارەسەریشی پێ بێت، ئێستا یەکێك لەو قەیرانانە شەپۆلێکی گەورەی کۆچی گەنجان دەستی پێ کردووە، کە ڕۆژانە لەسەرتاسەری کوردستان سەدان گەنج ڕێگەی مان و نەمان دەگرنەبەر، ئایا ئەمە کێ لێی بەرپرسیارە؟ کە گەنج سەرمایەکی گەورەی وڵاتە و بناغەی بونیاتنانەوەی کۆمەڵگەن، ئەوەی ئێستا دەگوزەرێت دیاردەیەکی مەترسی دارەو لەسەر حکومەت و پەرلەمانی کوردستان و هەموو ڕێکخراوەکانی کۆی سیستمی حوکمڕانی پێویستە کە هەڵوەستەی جدی لەسەر بکەن، هۆکارەکانی ئەو لێشاوە

لە کۆچی گەنجان دەست نیشان بکەن و ڕای بگرن، کە ئێمە پێمانوایە جیاوازی گەورەی چینایەتی لە نێوان خەڵك و دەسەڵات، بەرپرسان و کۆمەڵگا، هەڵکشان و هەڵاوسانی قەربارەی گەندەڵی، بێ کاری و هەژاری، بێ هیوان بوون لە گۆڕانکاری و باش بوونی دۆخی سیاسی و ئابووری و حوکمڕانی لە هۆکارە سەرەکیەکانی کۆچی گەنجانن، ئەمە لە حاڵەت و دیاردە دەرچووە، خەریکە وای لێ دێت ماڵ و خێزان نەمێنێ بە حەسرەتەوە ماڵئاوایی لە کوڕێك یان دووانی نەکات، ئایا کێ بەرپرسە لەم قەیران و لەم کێشەیە؟

بەڕێزان سەرەڕای خراپی گوزەرانی خەڵك و ئەو هەژاری و بێ کاریەی هەیە، گرانکردنی کرێی ئاو و کارەبا لەلایەن حکومەتەوە لەسەر هاوڵاتیان دۆخی ژیانی خەڵکی سەخت تر کردووە، حکومەت متمانە پێدراوی پەرلەمانە ئایا دەکرێ بە بێ پرسی پەرلەمان یان بە بێ ترس لێپرسینەوە و چاودێری بە بێ گەڕانەوەی بۆ پەرلەمان تەنها بە بریار دوور لە یاسا ئەم باج و بارگرانیە لەسەر خەڵك زیاد بکات؟ پەرلەمان پێویستە لەمەدا قسەی خۆی هەبێت و داکۆکی لە مافی دەنگدەرەکانی خۆی بکات و داکۆکی لە کۆی خەڵکی کوردستان بکات، ئایا ئێوە دەزانن نرخی بەنزین و جۆرەکانی دیکەی سووتەمەنی لەناوخۆدا زۆر نائاساییە؟ جگە لە وەی کە حکومەت لەم بابەتە هەڵوەستەیەکی ئەوتۆی نییە، وا هەست دەکەین کە بەرژەوەندی و چاوچنۆکی چەند کۆمپانیا و بازرگانێك بۆتە هۆی بەرزبوونەوەی ڕۆژبەڕۆژی سووتەمەنی، چۆن دەکرێت لە نێوان بەرژوەندی خەڵك و گیرفانی کۆمپانیاکان دا حکومەت ببێتە پارێزەری ئەوەی دووەم کە چارەسەرەکەی ئاسانە، چونکە هەم لە ناوخۆدا پاڵاوگەی خۆماڵی هەیە و هەم حکومەت ناچار بکرێت بە ڕێگاکردنەوە بۆ هاوردەکردنی بەنزین بۆ ئەوەی کۆتایی هێنان بەم قۆرخکاریەی کە چەند کۆمپانیایەکی دیاری کراو بازاڕیان قۆرخ کردووە، نەبوونی خزمەتگوزاریەکان لە شارەکان دا جۆرێك لە جیاوازی دروست کردووە، لە هەموو شارەکاندا دەیان گەرەك و ناوچەی نوێی نیشتەجێ بوون هەن کە هیچ خزمەتگوزاریەکی ئاوو و کارەبا و ڕێگا و بانی بۆ نەکراوە و هەشتی حەسارۆك بە نموونە کە بڕیاریشی بۆ دراوە بەڵام چەند ساڵە چاوەڕێن، دۆخی دارایی حکومەت باشە و داهاتی سەرجەم فەرمانگە و خزمەتگوزاریەکان زیادی کردووەو بەهۆی ئەو باج و رسوماتە زۆر و نایاساییانەی سەپێنراون پاساوی حکومەت چییە کە نەتوانێ خزمەتگوزاری بگەیەنێتە ئەو گەرەکانە، کاتی ئەوە هاتووە ئەم پەرلەمانە بە ئەرکی خۆی هەڵسێ و حکومەت ناچار بکات کە میکانیزمێکی گونجاو بۆ گێڕانەوەی قۆناغا بە قۆناغی ئەو قەزیەی کە لایەتی بۆ مووچە خۆران، پێمانوایە لە یاسای چاکسازیش دا ئەم بابەتە ئاماژەی پێکراوە، پێویستە حکومەت و وەزارەتی دارایی چارەنووسی ئەو قەرزانەی هاووڵاتیان دیاری بکەن، ئەوە ڕاستە کە بەهاوکاری بەغدا دوو مانگە مووچەخۆران مووچەکانیان بە بێ لێبڕین وەردەگرن، ئەمە بەس نییە بەڵکو پێویستە پلە بەرز کردنەوەکانیشیان دەست پێ بکاتەوە کە حەوت ساڵە بە ب هیچ پاڵپشتیەکی یاسایی ڕاگیراوە، گەورەترین زەررەمەندی ئەم بڕیارە نایاساییە ئەو فەرمانبەرانەن کەخانەنشین دەبن کاریگەری گەورە لە مووچەکانیان دروست دەکات، ساڵانە بە هەزاران فەرمانبەر و مامۆستا خانەنشین دەبن بەداخەوە لەو ژمارەیە کەمتریش کۆچی دوایی دەکەن، ژمارەیەکی زۆریش کۆچی هەندەران دەکەن، دەپرسین بۆچی ژمارەی مووچەخۆران و ئەو پارەیەی کە پێویستە بۆ مووچە هەروەك خۆیتی و کەم ناکات؟

ئەی بۆچی لە شوێنی ئەوانە و لەڕێگەی فۆرمی ڕەخساندنی دەرفەتی یەکسان بۆ دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگاکان بەپێی پێویست دانامەزرێن و بخرێنە شوێنی ئەوان، مامۆستایانی وانەبێژ مووچەکانیان کەم کراوەتەوە، کە خۆی هەر لە بنەڕەتەوە کەم بوو، پێویستە پەرلەمانی کوردستان و هەمووومان وەك پەرلەمانتار ببینە پارێزەر و داکۆکی کاری ئەم بەڕێزانە و فشار بکەین کە بکرێنە گرێبەست و وەزارەتی داراییش داوای کردووە گرێبەستەکانیش بکەینە هەمیشەیی.
بابەتێکی دیکە لەشکرکێشی و تۆپبارانی وڵاتانی دراوسێ، ئێمە پێمانوایە کە ئەمە بەڕاستی بۆ سەر خاکی هەرێمی کوردستان و هیچ سەروەریەکی بۆ سەلامیەتی بۆ خەڵکی کوردستان نەهێشتۆتەوە، جێی تێرامانە کە هەر وڵاتێکی دراوسێ و هەر شوێنێکی لە هەرێم بیەوێ تۆپبارانی دەکات و بێ ئەوەی حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەریمی کوردستان هیچ نیگەرانیەك و نارەزایەتیەکی ئەوتۆ دەرببڕن، کە بەڕاستی لەڕووی یاساییەوە بەرپرسیارن لە پاراستنی خاك و خەڵکی هەرێمی کوردستان، پەرلەمان بەرزترین دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی هەڵبژێردراوی خەڵکە، بۆیە بەڕاستی من قسەکانمان وەکو فراکسیۆنی کۆمەڵ کە ئەوە دیدگای فراکسیۆنی کۆمەڵە ئاراستەی ئێوەی بەڕێز و خۆشەویست دەکەین کە بەداخەوە ئەم دامەزراوەیە نەیتوانی بەڕاستی بە ئەرك و ڕۆڵی خۆی هەڵسێ کەوتۆتە ژێر هەژموونی دەسەڵاتی جێ بەجێ کردن، زۆرجار بە ڕاستی ئەو ئاراستەی دەکات، بۆیە ئێمە لە فراکسیۆنی کۆمەڵی دادگەری خۆزیارین لەم ماوەیەی کە لەبەردەم پەرلەمان دا ماوە ئەرکی ڕاستەقینەی خۆمان ببینین و پێی هەڵسین و لە پەرلەمان دا ئەم دامەزراوەیە نوێنەرایەتیەکی ڕاستەقینەی خەڵکی کوردستان بکات، کۆتا قسەم ئەوەیە کە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، دیارە ماوەیەکی زۆرە قەدەغەی هاتنە ناوەوەی پەرلەمان کراوە لە بەڕێز پەرلەمانتار کاك د.کاظم من داوا دەکەم بەڕاستی داوا دەکەین کە ئەم قەدەغە کردنە لابرێ و مامەڵەیەکی دیکە لەگەڵ ئەم بابەتە بکرێ، پەرلەمانتارە ئازادە و بە دەنگی خەڵك هەڵبژێردراوە داوا دەکەین بەڕاستی لەم هۆلە دەنگدانی بۆ بکرێت و ئەم قەدەغەیەی لەسەر لابرێ، زۆر سوپاس و دەستتان خۆش بێت.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

زۆر سوپاس، د. شێرکۆ فەرموو.

بەڕێز شێرکۆ جودت مصطفى:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئێمە لە فراکسیۆنی یەکگرتووە ئیسلامی کوردستان هیواخوازین کە پەرلەمانی کوردستان بگەڕێتەوە بۆ ئاستی بەرپرسیاریەتی خۆی لەم قۆناغە هەستیارەی کە بەسەر هەرێمی کوردستان دا تێ ئەپەڕێ، بە تایبەت سەبارت بە خەم خواردنی ژیان و بژێوی هاووڵاتیان کە ئەمە خەمی سەرەکی پەرلەمان بێت بۆ نەگەڕانەوەی جارێکی تر پاشەکەوتکردنی مووچە، بۆ نەگەڕانەوە بۆ خانەنشینی نایاسایی و بۆ دامەزراندنی گرێبەستەکان و وانەبێژان و سێ یەکەمەکان و گێڕانەوەی ئەو مافە یاسایی و پلە بەرز کردنەوە کە ئەوە مافێکی تەواوی فەرمانبەرانە و حکومەتی هەرێم بە یاسایی پێشێلی کردووە و وەستاندویەتی، یاسای خانەنشینی یەکگرتوو بێتە کایەوە کە زۆر دەمێکی باسی لێوە ئەکرێ، بەڵام بەداخەوە تا ئێستا

نەتوانراوە کە ئەو یاسایە بێتە دی کە پێویستە و مافی خانەنشینانە و ئیستحقاقێکی یاساییە، یاسای کار لە ئەولەویاتی کارەکانی فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستانە چۆن خولی ڕابردوو و چۆن ئەم خولەش کە ماف بۆ و پارێزراوی بۆ هێزی کار لە کەرتی تایبەت بگێڕدرێتەوە بە یاسا و ئەو زوڵم و ستەمەی کە لە کەرتی تایبەتەوە بەرامبەر بە هێزی کار و دەستی کار ئەنجام دەدرێت بە یاسا پارێزراو بێت و نەهێڵێ ئەو زوڵمە ئەنجام بدرێت و لە هەمان کاندا ئیستحقاق و ئیمتیازاتی کەرتی گشتی لە کەرتی تایبەتیش دا بۆ هێزی کار و دەستی کار فەراهەم بکرێ کە ئەوە بە سەرچاوەی هەڵکوتان و بازدانە بەرەو کرانەوەی ئابووری و چارەسەرکردنی کێشە ئابووریەکان بە تایبەتی لەڕووی دابین کردنی هەلی کار و پاراستنی مافی هێزی کار.

بەڕێزان، ئەوە بوودجەی ٢٠٢١ یش تێ پەڕی و نەهاتە پەرلەمانی کوردستان واتا هەشت ساڵە حکومەتی هەرێمی کوردستان یاسای بوودجەی ڕەوانەی پەرلەمانی کوردستان نەکردووە، ئەمە بەڕاستی کارەساتێکی گەورەیە بە تایبەت کە لە ساڵی ٢٠٢١ دا ئێمە چاوەڕوان بووین، چونکە هیچ بەهانەیەك نییە و نەبوو بۆ ئەوەی کە یاسای بوودجە بۆ ٢٠٢١ بنێردرێتە پەرلەمانی کوردستان و بەداخەوە نەهات، بۆیە جەخت دەکەینەوە وەکو فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان کە بە پێی پەیڕەوی ناوخۆی ئەم پەرلەمانی کوردستانە لە مانگی/١٠ ٢٠٢١ حکومەتی هەرێم ڕەشنووسی بوودجەی ٢٠٢٢ زەمانەت بکات بگاتە پەرلەمانی کوردستان، ئەم پەرلەمانە کە هیچ پاککتاوێکی دارایی و هیچ بەیاننامەیەکی مالی و هیچ ڕاپۆرتێکی دیوانی چاودێری دارایی بەهەموو ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان نەگەیشتووە لەسەر قۆناغی ڕابردوو لە داهات و خەرجی ئەم هەرێمی کوردستانە، واتا حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستان بە نایاسایی داهات و خەرجی ئەنجام داوە، هیوادارین پەرلەمانی کوردستان بۆ ئەم قۆناغە لە ئاستی بەرپرسیاریەتی دابێ بۆ ئەم مەوزوعە، ئێمە وەکوفراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان پێمان باشە کە یاسای هەڵبژاردن کە ئێمە بەرەو ساڵی کۆتایی پەرلەمانی کوردستان ئەڕۆین، لەم قۆناغەدا یاسای هەڵبژاردن ببی بە دوو بەشەوە، بەشێکیان تایبەت بێت بە ڕێکخستنی یان هەموار کردنەوەی یاسای هەڵبژاردن وشێوازی هەڵبژاردن و ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی دادپەروەرانە و نەزیهـ لە هەرێمی کوردستان دا، بەڵام بەشەکەی تری تایبەت بکرێ بە یاسایەکی تایبەت بە پەرلەمانی کوردستان کە بوونی نییە تا ئێستا ئەو یاسایە پێویستە بۆ ئیستقلالیەت و پاراستنی سەربەخۆیی و بوودجە و بریار و هەموو شتێکی پەرلەمانی کوردستان یاسایەکی تایبەت بەخۆی هەبێت، بەرنامەی کاری حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ تێبینی زۆرمان وەکو فراکسیۆنی کوردستان لەسەری، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەپرسین کوا جێ بەجێ کردنی بەرنامەی کاری حکومەتی هەرێمی کوردستان؟ بۆ ئەو هەموو دواکەوتنە و کوا هەڵوێستی پەرلەمانی کوردستان لەچاو هەلسەنگاندنی بەرنامەی کاری حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەداخەوە ئازادی ڕادەربرین لە هەرێمی کوردستان پاشەکشەیەکی مەترسیداری کردووە ئەوەتا بەندکراو

هەیە ڕێگری ئەکرێ لەوەی کە تە نانەت پەرلەمانتارانیش سەردانیان بکەن و بەسەریان بکەنەوە چ جای هاووڵاتی ئاسایی و کەسوکاریان، چارەنووسی پاشەکەوتی مووچە زۆر گرنگە پەرلەمانی کوردستان هەڵوێستی هەبێ لە یەکلا کردنەوەی، کۆنترۆڵکردنی بەتایبەت کردنی دامودەزگاکانی حکومەت و دەرهێنانی لەم شڵەژاویەی کە ئێستا ڕوودەدات، حکومەتی هەرێمی کوردستان خەریکە ئەبێتە کەرتی تایبەت بە تەواوەتی بە بێ ئەوەی کۆنترۆڵ و ڕێکخستنێکی گونجاو بۆ پاراستنی دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەبێ، باج و شلەژاوی بەرزکردنەوەی باج بەداخەوە ڕوئیای حکومەت تا ئێستا بەرزکردنەوەی باج بووە کە لە فەلسەفە و سیستمی باج لە دونیایا زیاد کردنی باج مەرج نییە داهات بۆ حکومەت زیاد بکات، بەڵکو ئازاری ئەو خەڵکە هەژار و نەداره ئەدات کە چەندین مەحرومیەت و مەزلومیەتی بۆ جێ بەجێ کراوە، بۆیە پەرلەمانی کوردستان پێویستە هەڵوێستی هەبێت بەرامبەر بەم بڕیارانەی ئەنجومەنی وەزیران کە بە نایاسایی باج بەرز ئەکاتەوە و رسومات بەرز دەکاتەوە، بەبێ ئەوەی چوارچیوەیەکی یاسایی هەبێ و ناگەڕێتەوە بۆ پەرلەمانی کوردستان کە ئەمە بێ گومان کارەساتێکی گەورەیە، لێشاوی کۆچ کردن بەرێزان وەزارەتی کۆچ و کۆچبەرانی عێراق لە سێ ڕۆژی ڕابردوو ڕای گەیاند کە لە هەرێمی کوردستانەوە مانگانە زیاتر لە چوار هەزار خێزان کۆچ دەکەن بۆ دەرەوەی وڵات، ئەمە بێ ئومێدی خەڵکی هەرێمی کوردستان بەرامبەر بە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەرئەخات و مەترسیەکی گەورەیە پەرلەمانی کوردستان ئەبێ هەڵوێستی جدی هەبێت لەسەری، بۆیە کاتێك کە گوێ بیستی هەمووان دەبین بۆمان دەرئەکەوێ کە لەم پەرلەمانی کوردستانە ئێمە هەموومان کۆکین لەسەر ئەوەی خەمی هاووڵاتیان ببێتە خەمی سەرەکی بەرنامەی کاری پەرلەمانی کوردستان بەجدی، بۆیە پێویستە بە هەموومانەوە بەرەو ڕووی ئەوانە ببینەوە کە قەیرانی گرانی و قەیرانەکان دروست دەکەن لەم هەرێمی کوردستانە، کێیە بەنزین گران ئەکات، کێیە نان گران ئەکات، کێیە باج بەرز ئەکاتەوە، کێیە ناهێڵێ گرێبەستە نەوتیەکان هەموار بکرێتەوە، کێیە کەرتی تەندروستی و دەرمانی بەم ئاقاری گەندەڵیەیە بردووە؟ کێیە ڕێگری لە چاکسازییەکانی کەرتی کشتوکاڵ ئەکات کە ئەبێ ببێتە سەرچاوەی یەکەمی ژیان و بژێوی ئابووری لەم هەرێمی کوردستانە؟ کێیە ناهێڵێت سەندوقی کوردستان بۆ داهاتە نەوتیەکان و گازیەکان دابمەزرێ کە سێ ئەرکی سەرەکی هەیە بۆ کۆنترۆڵکردن و پاراستن وئاراستەکردنی داهاتی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان بۆ بەرژەوەندییە ئابووری و خەڵکی هەریمی کوردستان، لە کۆتاییدا ئەوە ئەڵێین کە پەرلەمانی کوردستان هیوادارین کێشەی د.کاظم وەکو سەرۆکی فراکسیۆنی نەوەی نوێ چارەسەر بکات و وەکو مافێکی یاسایی کە پێویستە حزوری هەبێ لە ناو هۆڵی پەرلەماندا ئەو بڕیارە ڕاست بکرێتەوە و لە هەمان کاتیش دا پەرلەمانی کوردستان وسەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان جارێکی تر ڕێ بەخۆی نەدات دەرگای هۆڵی پەرلەمان لە پەرلەمانتارانی کوردستان دابخات، چونکە هیچ شەرعیەتێکی

نییە و پێویستە ئەوە جارێکی تر دووبارە نەبێتەوە ئەمە دیدی فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لە پەرلەمانی کوردستان کە هیواردارین بە هەموومان بتوانین بەو ئاقار و ئاراستەیە بڕۆیم کە پەرلەمانی کوردستان پەرلەمانی ڕاستەقینەی هەرێمی کوردستان بێت، زۆر سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

بەڵێ سوپاس، کاك کاوە فەرمووو.

بەڕێز کاوە عبدالقادر حسن:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، سەرەتا بەڕێز سەرۆکایەتی پەرلەمان ئێمە خۆزگەمان ئەخواست ئەم دانیشتنە کە دەستپێکی وەرزی نوێی یاسادانانە لە پەرلەمانی کوردستان بە کۆمەڵێك پرۆژە و بەرنامە دەستی پێ کردبایە کە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە ژیان و گوزەرانی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستانەوە هەبووایە و ڕاستەوخۆ خەم و موعاناتی خەڵکی هەرێمی کوردستان لەناو ئەو بەرنامەیە بخراباڕوو، خۆتان دەزانن ئێستا یەعنی گەورەترین کێشە بە نیسیبەت خەڵکەوە کێشەی کارەبایە و کێشەی ئاوە، کێشەی خزمەتگوزارییە، کێشەی بەنزینە کە بەشێوەیەکی بەرچاو نرخەکەی گران بووە و لەلایەن کۆمەڵێك کۆمپانیای حزبییەوە ئیحتیکار کراوەو بازرگانی پێوە ئەکرێت و داهاتەکەی ناگەڕێتەوە تەنانەت بۆ حکومەتیش، بۆ گیرفانی چەند خەڵکێکە، خۆزگە بەرنامەی ئەمرۆ سەرەتا بەوە دەستی پێ بکردبایە لۆ ئەوەی هەموو خەڵکی کوردستان کە ڕەخنەی زۆریان لەسەر پەرلەمانە ئەمرۆ قسەکانی ئێمە بە قسەکانی خۆیانیان بزانی با بەڕاستی پەرلەمانیان بە نوێنەرایەتی ڕاستەقینەی خۆیانیان بزانی بایە، خۆزگە ئەمە هەبووایە و دەبووایە هەبووایە کە نەبووە، خاڵێکی تر دیارە ئێمە لە خولەکانی ڕابردوو زۆر باسمان لە لێ بڕینی مووچە و لە نایاسایی بوونی لێ بڕینی مووچە کرد، دیارە ئێستا لێ بڕینی مووچە کۆتایی هاتیە، بەڵام ئەوەی کەوا گرنگە لەم وەرزی یاسادانانە پێویستە پەرلەمان تەئکیدی لەسەر بکاتەوە ئەویش دانانی بەرنامەیەکە لەلایەن حکومەتەوە و لەڕێگای گەڵدڵەکردن و دروست کردنی پرۆژە بریارێك کە بڕیار بدرێت بە گەڕانەوەی لێ بڕین و پاشەکەوتی مووچە، چونکە خۆتان ئەزانن وەزعی هەرێمی کوردستان لەڕووی ئابووریەوە بەرەو باشی ئەچی و باشیش بووە، حکومەت ئەگەر بیەوێ دەتوانێ بە دانانی میکانیزمێك و بەرنامەیەك وەك چۆن پێشتر لێ بڕینی کردووە بەو شێوەیە لێ بڕین بگەڕێنێتەوە، چونکە ئەوە مافێکی یاسایی و ئاسایی مووچەخۆران و فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستانە نابێ چاوپۆشی لێ بکرێت و نابێ بفەوتێ پێویستە بۆیان بگەڕێتەوە، ئەوەی کە من لەو ڕۆژانە لە کۆنگرەی ڕۆژنامەنووسی وەزیری دارایی و نوێنەری سەرۆکایەتی حکومەتیشەوە بینیمان کە دروست کردنی هەژماری بانکیە بۆ مووچەخۆران و فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان ناکرێت ئەو هەژماری بانکیە تەنها مووچەی مانگانە کە دەخرێتە سەر حسابی فەرمانبەرەکە یاخود مووچەخۆرەکە تەنها ئەوەی تیا بێ، پێویستە ئەو هەژمارە عەلەل ئەقەل یەعنی بەلایەنی کەم هەموو ئەو قەرزانەی کە مووچەخۆران لەلایەن حکومەتەوە بخرێتە سەر ئەو هەژمارە و هەنگاوی یەکەم مووچە خۆران بتوانن ئەم هەژمارە بەکاربێنن بۆ دانەوەی یاخود ئەو قەرزانەی

كە ئەو حسابە كارا بكرێت بۆ دانەوەی قەرزەكانی ئاوو و كارەبا و خزمەتگوزاری و بەناوكردنی ئۆتۆمبیل و نویێ كردنەوەی سالانەی ئۆتۆمبیل و كۆمەڵێك باج و رسوماتی تر، باجی خانوو و ئەوانە كە گرنگە و پێویستە ئەم هەژمارە كارا بكرێتەوە چونكە ئەگەر ئەمە نەكرێ بەڕاستی پێموایە هیچ گرنگیەكی نابێت بۆ مووچەخۆران و فەرمانبەران، یەعنی بەڕێز سەرۆكایەتی پەرلەمان ئێمە بەڕاستی گلەیی و ڕەخنەی زۆرمان هەیە بەوەی كە لە سێ ساڵی ڕابردوو یەعنی زۆربەی ئەو پرۆژانەی كە دێنە پەرلەمانی كوردستان پرۆژەی حكومەتن بەشێكی دەتوانم بڵێم پرۆژەی لایەنەكانی ئەوانەن كەوا لە دەسەڵاتن، یەعنی بۆ نموونە ئێمە پرۆژەی دەرماڵەی خوێندكارانی زانكۆ و پەیمانگاكانمان لەوەرزی یەكەمی یاسادانانەوە پێشكەش كردووە تا ئێستا نەمان بینیوە، پرۆژەیەكی دیكەمان پێشكەش كردووە پێدانی یەكەی سەكەنی و نیشتەجێ بوون هەتا ئێستا نەمان بینیوە، یەعنی كۆمەڵێك پرۆژەی تری گرنگ هەیە كە لەگەڵ فراكسیۆنەكانی تر بە تایبەتی فراكسیۆنە ئۆپۆزسیۆنەكان ئیمزامان كردووە تا ئێستا نەمان بینیوە یەعنی هیوادارین بەڕاستی ئەو پرۆژانەی ئێمە تۆزیان نەكەوێتە سەر و ئیشیان پێ بكرێت بە تایبەت ئێمە ئەمرۆ ٩/١ یە خۆتان دەزانن چەند رۆژێكی تر دەوامی زانكۆ و پەیمانگاكان دەست پێ دەكات، یەعنی ئێمە پێشتریش قسەمان لەسەری كردووە بروا بكە لە ساڵی ڕابردوو دەیان تەلەفۆنمان بۆ كراوە خوێندكاری زانكۆ و پەیمانگا هەبووە لەبەرئەوەی وەزعی دارایی باش نەبووە لە ماڵەوە كەسێك نەبووە مەسرەفی بكات وازی لە خوێندنەكەی هێناوە و لە ماڵەوە دانیشتووە، یەعنی ئەگەر دەرماڵەیەكی شایستە بۆ خوێندكارانی زانكۆ و پەیمانگاكان ببڕێتەوە ئەوان دەتوانن بەبێ ئەوەی چاویان لە دەستی ماڵەوە و بارگرانی بۆ دایك و باوكیان دروست بكەن دەتوانن مەسەلەن لەسەر ئەو دەرماڵەیە خوێندنەكەی خۆیان تەواو بكەن كە ئەوەش مافێكی ئاسایی یاسایی خۆیانە، بۆیە داوا ئەكەم ئەو پرۆژە بڕیارە بێتەوە پێشەوە و بڕیاری لەسەر بدرێ و حكومەت مولزەم بكرێت بە گەڕاندنەوەی دەرماڵەی خوێندكارانی زانكۆ و پەیمانگاكان.

پرۆژە یاسای خانەنشینی هێزەكانی ناوخۆ و ئاسایش، دیارە دەمێكە قسەی لەسەر دەكرێ و لە كۆبوونەوەی رابردووش ئێمە لەگەڵ وەزیری ناوخۆ قسەمان لەسەر كردووە وەكو لیژنەی ناوخۆ، یەعنی گرنگە ئەم پرۆژەیە لەم وەرزی یاسادانانە دەربچێت، یەعنی هیچ مەعقول نییە كەسێك كە سی ساڵ خزمەتی هەیە زیاتر لە سی ساڵ خزمەتی هەیە لە سلكی ئەمنی لە ناوخۆ و لە ئاسایش بە ٢٢٠ هەزار و ٢٤٠ هەزار تەقاعود بكرێ و خانەنشین بكرێ، یەعنی ئەوە كارەساتە، لە دونیا كەسێك كە خانەنشین دەكرێ هەموو ماف و ئیمتیازاتێكی پێ ئەدرێ، ڕێزی لێ ئەگیرێ، بەڵام لەلای ئێمە بە پێچەوانەوەیە بەڕاستی، بۆیە دەبێ پەلە بكرێ و فشار دروست بكرێ بۆ ئەوەی ئەم پرۆژەیە بگاتە پەرلەمان وەكو پێشتر ئاگادار كراینەوە كە لە ئەنجومەنی وەزیرانە.

پرۆژە یاسای بوودجە خۆتان ئەزانن هەشت ساڵە ئەو پرۆژەیە نەهاتۆتە پەرلەمانی كوردستان و بە پێی پەیڕەوی ناوخۆ ئەگەر لە بیرتان بێ لە وەرزی یەكەمی یاسادانان من ئاماژەم بەوە كرد كە لە مانگی دەوە دەبێ لە ماوەی ١٥ رۆژ ئەو پرۆژەیە بگاتە پەرلەمان و ئەگەر نەگەیشت دەبێ سەرۆكایەتی حكومەت ئاگادار بكرێتەوە، هەشت ساڵە نەهاتووە، هەر هۆكارێك هەبێ نا یاساییە، لەبەرئەوەی بەهەر شێوەیەك بێ ناكرێت مەسەلەن داهاتی ئەم وڵاتە حكومەت بە

ئارەزووی خۆی سەرفی بکات و لە چی سەرفی دەکات و پەرلەمان ئاگادار نەبێ و تەنانەت لە کۆتایی پلانێکی داراییش نەبێت کە ئێمە بزانین چۆن ئەم داهاتەی هەرێمی کوردستان خەرج دەکرێ، بۆیە تەئکید لەسەر ئەوە ئەکەینەوە کە پێویستە لە کاتی خۆی کە سەرەتای مانگی ١٠ یە حکومەت بیر لەوە بکاتەوە یاخود ئامادەکاری بکات بۆ ناردنی پرۆژە یاسای بوودجە بۆ پەرلەمانی کوردستان، چونکە ئەمە گرنگە و هەر پارەیەك یاخود هەر خەرجیەك بە بێ پرۆژە یاسای بوودجە کرابیت و بکرێت نایاساییە و جێگای گومانە و نا شەفافیەتی زۆری تێدایە و ئێمەش وەکو هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن ناحەق نین کە گومان لە سەر چۆنیەتی خەرج کردن گومان دروست بکەین، مەسەلەی پلە بەرز کردنەوەی فەرمانبەران لە ٢٠١٦ ەوە وەستاوە هیوادارین بگەڕێتەوە، چونکە ئەوەش وەکو گوتم مافێکی ئاسایی و یاسایی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستانە، هیچ موبەررێك نییە بۆ وەستاندنی ئەم پلەیە بە تایبەت لە ئێستادا پێویستە بگەڕێتەوەو پێویستە قەرەبووی ئەو چەند ساڵەی ڕابردووشیان بۆ بکرێتەوە، ئێمە زۆر باسی گرێبەستەکانمان کردووە پرۆژە بڕیارێکیش لە پەرلەمانی کوردستان بووە، لەو ڕۆژانەش بەیانێکی یاخود نووسراوێکی وەزارەتی داراییمان بینی کە دامەزراندنی گرێبەستەکان هیچ بارگرانیەك بۆ حکومەت پەیدا ناکات، بەڵکو ڕەنگە بوودجەیەکیشی بۆ بگەڕێنێتەوە، بۆیە گرنگە بەڕاستی تەئکید لەسەر ئەوە بکەینەوە کە دەبێ گرێبەستەکان بکرێن بە هەمیشەیی و دەبێ وانەبێژان چارەسەر بکرێن، یەعنی ئەو ڕۆژە یەکێك نامەی بۆ ناردووم دەڵێ چوار سەد ملیار دیناری بەغدا گەیشتووە یەك دینارمان وەرنەگرتووە یەعنی دوو مانگە ئەو پارەیە دەگات بەڵام یەك دینار بۆ ئەوان سەرف نەکراوە، کورتی ئەکەمەوە بەسەرچاو، دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگاکان پێموایە ئەگەر دووبارەش بێت هەر یەکەمان تێڕوانینی فراکسیۆنی خۆمان ئەخەینەڕوو زۆر زۆر ئاساییە، بە تێڕوانینی فراکسیۆنی من وەك نەوەی نوێ ئەوانە گرنگن و پێویستە پەرلەمان قسەی لەسەر بکات، دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگاکان و سێ یەکەمەکانی زانکۆ و پەیمانگاکان کە بە داخەوە پێشتریش بڕیار دەرچووە تا ئێستا وەکو خۆی ماوەتەوە یەك لە کارەساتە گەورەکانی کە ئێستا لە هەرێمی کوردستان ڕوودەدات کۆچی بە لێشاو و بە کۆمەڵی گەنجانی وڵاتەکەمانە بۆ دەرەوە کە خۆیان تەسلیمی قەدەری نادیار و چارەنووسێکی نادیار ئەکەن هەمووی لە بێ ئیشیە لە بێ کاریە نەبوونی هەلی کارە لە نەبوونی خزمەتگوزاری و ئەو بارودۆخە نائاساییەیە کە لە هەرێم هەیە، یەعنی بەڕاستی حکومەت دەبێت بەڕاستی ڕوئیایەکی ڕوونی هەبێت دەبێت بەرنامەیەك دابنێ ناکرێ لە ٢٠١٥ ەوە تۆ دەرچوانی زانکۆ و پەیمانگاکان تەخەروج بکەن، بەڵام هەمووی لە ماڵەوە دابنیشێت و تۆ نە هەلی کاری بۆ بڕەخسێنی و نە لە کەرتی گشتیش دا بمەزرێنی، یەك لە ئەرکەکانی ئێمە وەك پەرلەمانتار چاودێری کردنی حکومەتە لە جێ بەجێ کردنی یاساکان ئێمە هەرگیز یاسا دەرناکەین دەبێت چاودێری حکومەتیش بکەین، یەعنی یاسای مافی دەستکەوتنی زانیاری نزیکەی ٩ ساڵە دەرچووە لە پەرلەمانی کوردستان تا ئێستا حکومەت جێ بەجێ ی ناکات بۆ جێ بەجێ ی ناکات هۆکار چییە، چۆن دەبێت حکومەت یاسا جی بەجێ نەکات، یاسای دروست کردنی سەندوقی کوردستان بۆ داهاتەکانی نەوت و گاز کە ئەمە یاسایەکی گرنگە بەو شێوەیە ئەگەر ئەم یاسایە جێ بەجێ بکرێ ئەو سەندوقە دروست بکرێ و ئەو لیژنەیە دروست بکرێ شەفافیەت

ئەگەڕێتەوە لەبواری نەوت بۆ نایکەن؟ بۆ تا ئێستا ئەم سەندوقە دروست نەکراوە ئێمە چەند جار داوامان لە حکومەت کردووە، یەعنی کە ئەمە جێگای پرسیارە و پێویستە هەلوەستەی لەسەر بکرێ و ئیشی لەسەر بکرێ و ئەو سەندوقە دروست بکرێت، دوا قسەم لەسەر ڕێگریەکانی بەڕێز د.کاظم سەرۆکی فەراکسیۆنەکەمانە بەداخەوە ئەمرۆ بۆ یازدەم جار ڕێگریەکان بەردەوام بوون و ڕێگری لێ ئەکرێ کە ئەمە درێژەدانە بەو نایاساییەی کە پێشتریش هەبووە، بۆیە جارێکی تر داوا ئەکەین کە جارێکی تر کۆتایی بەمە بهێندرێت، ئەگەر ئەمە لە وەرزێك دا بڕیارێك دراوە ئێستا ئێمە چووینەتە وەرزێکی نوێوە و هیچ مەعقول نیبە سەرۆکی فراکسیۆنێك بەو شێوەیە رەفتاری لەگەڵ بکرێ کە بە دەنگی خەڵك هاتۆتە پەرلەمانی کوردستان کە نوێنەرایەتی خەڵك ئەکات کە هیچ کەسێك مافی نییە بەپێی یاسا کە بێ بەشی بکات لە دانیشتنەکانی پەرلەمان، بۆیە داواکارین بەو بڕیارە دابچنەوەو ڕێگا بدرێت سەرۆکی فراکسیۆنی نەوەی نوێ جارێکی تر بگەڕێتەوە پەرلەمان و بەردەوام بێت لەبەشداری کردن لە دانیشتنەکانی پەرلەمانی کوردستان، زۆر سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

بەڵێ زۆر سوپاس، کاك رومیۆ فەرموو.

بەڕێز رومیۆ حزیران نیسان:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ناکرێت ئێمەی پەرلەمانتاران وەکو نوێنەرانی خەڵکی کوردستان لە دەسپێکی وەرزێکی نوێی یاسادانان دەست پێکی قسەکانمان باسی کێشە زۆرەکانی خەڵکی کوردستان نەکەین، پێمانوایە دەکرێ و دەبێ بەدواداچوونێکی جدی لەلایەن هەموو پەرلەمانتارە بەڕێزەکانەوە بۆئەم مەبەستە بکرێت، چونکی یەکێك لە کارە ئەساسیەکانی پەرلەمانتار وەکو نوێنەری خەڵك پێموایە مەسئولیەتی باشتر کردنی ژیانی ئەو خەڵکەی کە خۆی نوێنەرایەتی دەکاتن، بۆیە بۆ ئەم مەبەستە ئەوەی ڕاستی بێ پەرلەمان و پەرلەمانتاران دەبێ ڕۆڵیان هەبێ و هەڵوێستیان هەبێ لەوشتانەی کە دەبنە هۆکاری ئەوەی کێشە بۆ خەڵك، بۆ تاکی هەریمی کوردستان دروست بکرێت، بۆ نموونە گرانی بازاڕ، ئەوەی ئێمە تێبینیمان کردووە، بۆ نموونە لەریزە دوکانێك دا کە هەموویان بۆ یەك مەبەست دانراون هەر یەکە و بە مەزاجی خۆی نرخی لەسەر شتومەکەکان داناوە، بۆیە مەسەلەی لایەنی تەندورستی بەڕاستی ڕووتاندنەوە هەیە بۆ خەڵکی هەژار بە تایبەتی و هەروەها بۆ نەخۆش کە دەچێتە ئەوێ ئەوەی ئێمە تێبینیمان کردووە بە تایبەتی لەماوەی ئەم دوو ساڵەی کۆرۆنا دەتوانم بلێم (بازاڕی تەندروستی) دروستە بووە کە خەڵك نەخۆش ئەبینێ بۆ هەندێ لە خەستەخانەکان بە تایبەتی خەستەخانە ئەهلیەکان، ئەبێ پەرلەمان و حکومەت، بەلام بە تایبەتی ئێمە وەکو پەرلەمانتار داوا لە سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەین کە هەم ڕۆڵی هەبێ و هەم هەڵوێستیان هەبێت بۆ ئەم مەبەستە، دووەم/ ئێمە وەکو پێکهاتەی کلدانی ـ سریانی ـ ئاشووری ئەوەی ڕاستی بێ کێشەیەکی زۆرمان هەیە لە هەرێمی کوردستان کێشەی تەجاوز بۆ سەر زەوی و زارەکانمان، کێشەی نەبوونی هەلی کار بۆ گەنجەکانمان، کێشەی دانەمەزراندن هەموو ئەمانە وای کردووە وەکو چۆن هەندێ لە خوشك و برایانی پەرلەمانتار باسی کۆچی بە لێشاوی گەنجانی هەرێمی کوردستانیان کرد بە هەمان شێوە

لەنـاوچەی پێکهاتەکـان ئەم کـۆچە بـاوەو ڕۆژانە بەرەو زیـادبوون دەڕوات، بـۆیە ئـێمە وەکـو فراکسیۆنی هاوپەیمانی یەکێتـی نەتەوەیـی داوا دەکەیـن چەنـدەها بڕیـار و چەنـدەها یاسـا لەم پەرلەمانە دەرچووە، ئەگەر ئەم یاسا و بڕیارانە جێ بەجـێ بکـرێن مـن ئەتـوانم بڵـێم ٧٥%ی ئەم کێشانەی کە من باسـم کـردن چارەسـەر دەکرێـت، بەڵام مـن دەپرسـم بـۆچی ئەو یاسـایانەی کە پەیوەستن بەو کێشانەی ئـێمە بـۆچی جـێ بەجـێ نـاکرێن و داوا دەکەم کە جـێ بەجـێ بکرێـت، پەرلەمانتـار وپەرلەمـان دەوری هەبێـت لە جـێ بەجـێ کردنـی ئەم یاسـایانە، کێشـەی گونـدە سەرسنووریەکان بەڕاستی ئێمەش وەکو کلدۆ ئاشوریەکاین زۆرێك چەندەها گونـدمان هەیە کە چـۆڵکراون لەبەر تۆپبـاران و شـەڕی نێـوان پەکەکە و دەوڵەتـی تورکیـا، بـۆیە ئەمەش ئەبـێ پەرلەمان هەلوەستەیەکی جدی هەبێت بـۆ موعـالەجە کردنـی ئەم مەسـەلەیە، مەسـەلەی بـاج و رسـومات، زۆرێـك لە خوشـك و برایـان باسـیان کـرد بەڵام بەڕاسـتی دەتـوانم بڵـێم شـارۆچکەی عەنکاوە بەشێکی زۆری ئەم موعاناتەی وەرگرتووە، ئێمە وەکـو فراکسـیۆن پـێش چەنـد ڕۆژێـك سەردانی ئیدارەی شارۆچکەی عەنکاوەمان کرد کێشەیەکی زۆریان هەیە، شـارۆچکەی عەنکـاوە دەتوانم بلێم یەکێکە لەو گەڕەکانە یـاخود ناحیـانەی سـەر بە پارێزگـای هەولێـر کە زیـاتر داهـات ساڵانە بۆ حکومەت دەنێرێ، بەڵام کەمترین خزمەتگوزاری و کەمترین کێشـەی ئەم شـارۆچکەیە چارەسەر ناکرێت، کێشەیەکی تریان هەیە کە دەڵێن نووسراو دەکرێـت سـێ بـۆ شـەش مانـگ تـا وەڵامی نووسراوەکانیان دەدرێتەوە، ئەمە بە مانای پشتگوێ خسـتنی ئەم شـارۆچکەیەیە، بـۆیە من پێموایە دەبێ پەرلەمان بەجدی بێتە سەر خەت بۆ ئەو مەسەلەیە، خـاڵی کۆتـایی مەسـەلەی دەسـتوورە، هەموومـان و هەمـوو حـزب و لایەنە سیاسـیەکانی هەرێمـی کوردسـتان بە پەرلەمانیشـەوە کـۆکن لەسـەر ئەوە و بـاس لەوە دەکرێـت کە دەسـتوور لەم خـولەی پەرلەمـان بنووسرێتەوە، بەڵام تەنهـا هیـوادارم تەنهـا قسـە نەبێـت و دەسـتوور لە مـاوەیەکی کەم دا بێـتە پەرلەمان و لیژنەیەکی جدی بۆ دابمەزرێ و ئیش وکاری خۆی بکات و ئێمەش وەکو هەموو دنیـا وهەمـوو دەوڵەتـانی دنیـا دەسـتوورێکمان هەبێـت و ئەو دەسـتوورە جـێ بەجـێ بکرێـت بـۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی خەڵکی کوردستان، زۆر سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

بەڵێ دەستت خۆش بێ کاك رومیۆ سوپاس، کاك محمد سعدالدین فەرموو.

بەڕێز محمد سعدالدین انور:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بەنـاوی خـودای گەورە، دوو بـابەتی گرنـگ هەبـوو کە لە خولەکـانی ڕابـردوو لەلایەن فراکسـیۆنەکانی دیـکەش جەختیـان لەسـەر کـرایەوە کە بابەتەکـانی چاکسـازی و دەسـتووری هەرێمی کوردستان بوو، یاسای چاکسازی دەرچووێنرا و جـێ بەجـێ کردنـی یاسـاکە شـەوتێکی باشی بڕیوە و وەك پەرلەمانی کوردستان لیژنە پەیوەندارەکان لەم خـولەدا زیـاتر کـار بکەیـن بـۆ چاودێری کردنی جێ بەجێ کردنی سەخستنی یاساکە، سەبارەت بە دەستوور ئەوەی زانیاریمان هەبێـت هەمـوو لایەنە سیاسـیەکان ڕاوبۆچـوون و پێشـنیازەکانیان ئاراسـتەی سـەرۆکایەتی پەرلەمـان کـردووە بـۆیە وەك هەنگـاوی یەکەم پێویسـتە پـرۆژە و میکـانیزمی نووسـینەوە و ئامـادەکردنی دەسـتوور ئامـادە بکرێـت و هیـوادارین سـەرۆکایەتی پەرلەمـان و فراکسـیۆنە

بەڕێزەکان لەم خولەدا بۆئەم مەبەستە کارێکی جدی بکەن، هەروەها لە چوارچێوەی مادده پەیوەندارەکان لەو دەستوورە کە ئامادە دەکرێت یاسایەکی نوێ بۆ هەڵبژاردنەکان ئامادە بکرێت کە لەگەڵ بۆچوون و شێوازی بیرکردنی کۆمەڵگا و کەلتوری سیاسی هەرێم بگونجێت، ئەوەی پەیوەندی بە ئێمەوە هەیە وەك تورکمان و یاخود پێکهاتەکان ئامادەکردنی یاسای ئەکادیمیای تورکمان و سریانی زۆر گرنگە بۆ ئێمە پێکهاتەکان، چونکە ئەمە لە یاسای ژمارە/٥ ساڵی ٢٠١٥ یش هاتووە و هیوادارم هەموو لایەك پاڵپشتیمان بکەن لە کاتی نووسینەوە یاخود ئامادەکردنی ئەم یاسایە، لە کۆتایی دا وەکو پارتی گەشەپێدانی تورکمان لەم قۆناغەی کە خەڵکی کوردستان تیایدا تێ پەڕ دەبیت جەخت لەسەر گرنگی و هەماهەنگی یەکریزی حزب یو لایەنە سیاسیەکان و پێکهاتەکان دەکەین بۆ زیاتر پێشخستنی عەمەلیەی سیاسی لە هەرێم و بەهێز کردنی پێگەی هەرێم لە عێراق و ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست، سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

بەڵێ زۆر سوپاس، د.محی الدین فەرموو.

بەڕێز محی الدین حسن یوسف:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

کردنەوە خولی پایزەی پەرلەمانی کوردستان بۆ ساڵی سێیەم لە خولی پێنجەم، عێراق لەسەروبەندی هەڵبژاردنێکی پێش وەختە دایەو ناوچەکە بەدۆخێکی نا سەقامگیر و هەستیار تێ دەپەڕێ و لە ئەگەری گۆڕانکاری دایە، ئەو هەردوو بابەتە بە ڕاستەوخۆ و نا ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر ناوچەکە و عێراق و بە هەرێمی کوردستانیشەوە دروست دەکات، بۆیە بۆ ئێمەی کوردستانیان بە هەموو پێکهاتە و نەتەوەکان و لایەنە سیاسەکان و هەموو ئەوانەی پەرۆشی ئایینده و چارەنووسی گەل و نیشتمانن بەرپرسیاریەتێکی گەورە و مێژوویان دەکەوێتە ئەستۆ، بۆیە ئەم بارودۆخە هەستیارە و تەمومژاویە پێویستی بە تێڕوانین و هەڵوەستە کردن و لێکدانەوە و ڕێککەوتن و یەك هەڵوێستی هەیە، بە تایبەتی بۆ ئەو پرسانەی کە پەیوەندارن بە چارەنووس و دوا ڕۆژی گەلەکەمان و قەوارەکەی و مافە ڕەواکانی، لە ئەگەری ڕوودان و ڕوونەدانی هەر گۆڕانکاریەك لە هەڵوێستی لایەنە سیاسیە عێراقیەکان و هاوکێشە ناوچەییەکان و نێودەوڵەتیەکان چ لەسەر ئاستی عێراق یاخود ناوچەکە دا پێویستمان بە ڕێکخستنەوەی ناو ماڵی کوردستانیە بۆ زامن کردنی مافە ڕەواکانی گەلی کوردستان بۆ ئێستا و ئاییندەمان، بۆ ئەم هەنگاوانەش وا دەخوازێت کە ناکۆکی و ململانێ لاوەکیەکان و بەرژەوەندی بەر تەسکی حزبایەتی وەلا بنرێ و بەرژەوەندی باڵای گەلی کوردستان و چارەنووسی گەلەکەمان لەسەرووی بەرژەوەندیەکانی تر بێت، هەنگاوی پێویست و جدی بندرێ بۆ ڕاگۆڕینەوە و ڕاوێژکردن و ڕێککەوتن لە نێوان لایەنە سیاسیە کوردستانیەکان بە بێ فەرامۆش کردن و پەراوێز خستنی هیچ هێز و لایەنێکی سیاسی، گەلێك لە چەندین دەیەی ڕابردوو ئامادەیە و هەموو شۆرش و بەرخودان و قوربانی دانە بێت بە تێڕوانینی ئێمە گەلی کوردستان هێزی ڕاستەقینە و یەکلاکەرەوەیە بۆ پارێزگاری کردن لە مافە ڕەواکان و قەوارەکەی خۆیدا، گەلێك ئەو ئامادەییەی تیا بێت بۆ قوربانی دان لە ڕابردوودا لەژێر دەسەڵاتی چەندین ڕژێمی یەك لە دوای یەکی عێراق دا و ئێستاش لە سایەی دەسەڵات و حوکمڕانی خۆماڵی دا شایستەی

پێشــکەش کردنــی باشــترین خزمەتگــوزاری و دابــین کردنــی ژیــانێکی خۆشــگوزەران و شکۆمەندانەیە، بەڵام بەداخەوە سەرباری بڕینی بەشە بوودجەی هەرێمی کوردستان لەلایەن بەغداوەو دروست کردنی دەیان لەمپەر وبەربەست لەبەردەم هەرێمی کوردستان لەم لاو لەو لادا بۆ ڕێگە گرتن لە پەرەسەندن و پێشکەوتنەکانی و گەیشتن بە ئامانجەکانی ململانێی ناوخۆیی و لاوەکی و بەرژەوەندی بەر تەسکی حزبایەتی و هەندێ بڕیار و ڕێنمایی و سیاسەتی ئابووری ناتەندروستی پەیڕەو کراو لە هەرێمی کوردستان زیاتر وزیاتر قەیرانەکانی قوڵتر کردۆتەوە و ژیان و گوزەرانی هاووڵاتیان وفەرمانبەران و مووچەخۆران و خانەنشینیانی ڕۆژ بەرۆژ قورستر کرد، ئەوانەی ئاماژەیان پێ دەکەم وەك دەڵێن مشتێکە لە خەروارێك، پاشەکەوت کردنی مووچە کە تا ئێستا چارەنووسی نادیارە، لی بڕینی مووچە و نەدانی چەندین مووچەی مانگانەی مووچەخۆران کە ئەویش چارەنووسی نادیارە، قەیرانی ئاو، کارەبا، گران بوونی نان ون سووتەمەنیەکان، دابەزینی ئاست و کواڵتی خزمەتگوزارییە گشتیەکان بەهەموو جۆرەکانیەوە، نەبوونی هەلی کاری گونجاو یەکسان بۆ کچان و کوڕانی دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگاکان لە کەرتی گشتی و تایبەت دا، دانەمەزراندنی سێ یەکەمەکانی زانکۆ و پەیمانگاکان و گرێبەستەکان، سەرهەڵگرتن و کۆچ کردنی بە لێشاوی گەنجانی ئەم نیشتمانە، دیاردەی هەڵگرتن چەکی بێ مۆڵەت و کوشتنی ئافرەتان، ڕێگە گرتن لە ناڕەزایەتیەکان و بەر تەسك کردنەوەی ئازادییەکان، دەست بەسەرداگرتنی دەیان و سەدان زەوی بە پاساوی جیا جیا، بەرزبوونەوەی نرخی کاڵا و پێداویستیەکانی ڕۆژانەی هاووڵاتیان، بێ کاری ناڕوونی لە داهات بە هەموو جۆرەکانی، سەپاندن و زیادکردنی چەندین جۆری باج و رسومات بە تایبەت کردنی کەرتە خزمەتگوزاریەکان لە نێوانیاندا گەیاندن و ئاوو کارەبا و رەنگە لە داهاتووش دا هی تریش بگرێتەوە، ئەمە و چەندین نموونەی تر، کۆی ئەمانە بمانەوێ یان نەمانەوێ کاریگەری ڕاستەوخۆی کردۆتە سەر هزر و توانا و بیکردنەوە و ڕای هاووڵاتیان و بارێکی قورسی لەسەر شانی کاسبکاران و مووچەخۆران و چینی مامناوەندیش کردووە، بۆیە بە تێڕوانینی ئێمە بەردەوام بوونی ئەم قەیرانە و کێشە و گرفتانە بەربەستی ڕاستەقینەن لەبەردەم دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان بە تایبەتیش پەرلەمان و حکومەتی هەرێم، پێوستی بە دۆزینەوەی ڕیگاچارەیەکە پێویست دەکات پلانی گونجاو بۆ دابندرێ و بەبروای ئێمە لە هەرێمی کوردستان دا توانا و دەرفەت هەیە بۆ دەرباز بوون لەو کێشە و گرفت و قەیرانانە، لەگەڵ بوونی ئەو قەیرانانە و کێشە و گرفتانە کە ئاماژەمان پێی کرد تا ئێستاش گەلی کوردستان ئارامترین و سەقامگیر ترین ناوچەی عێراقە لەڕووی پێشکەوتن و بە ئەنجام گەیاندنی دەیان پرۆژە و شوێنی پێکەوە ژیان و حەوانەوەی سەدان هەزار ئاوارە و پەنابەر و ئاسایش و ئارامی تێدا بەرقەرارە، بەشێك لەو بابەتانەی کە ئاماژەمان پێ کردن پێویستی بە هەندێك پرۆژە بڕیار و یا پرۆژە یاسا و یا هەموار کردنەوەی هەندێك یاسا هەیە کە لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە کاری لەسەر بکرێت، لەسەرووی هەموانەوە هەنگاونانی دروستە بۆ تەواوکردنی یان نووسینەوەی دەستووری هەرێمی کوردستان، هەموار کردنەوەی یاسای وەبەرهێنان، هەموارکردنەوەی یاسای کۆمسیۆنی هەڵبژاردن، یەکخستنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و هێزەکانی ناوخۆ، پرۆژەی پاراستنی ئاوو سەرچاوەکانی، پرۆژە یاسای بیمەی تەندروستی و بیمەی کۆمەڵایەتی و

یاسایەکی کاری عادلانە، ڕاگرتنی بە تایبەت کردنی کەرتە خزمەتگوزاریەکان، پرۆژە بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی ئەو بڕیار و ڕێنماییانەی کە پێچەوانەی یاسا کارپێکراوەکانی هەرێمی کوردستانن بۆ نموونە ڕاگرتنی پلە بەرزکردنەوەی فەرمانبەران و سەپاندنی باج ورسوماتی زیادە، یاسای خانەنشینی یەکگرتوو، دەرکردنی پرۆژە بڕیارێك لە پەرلەمانی کوردستانەوە بۆ بەنایاسایی ناساندنی هەموو ئەو گۆڕانکاریانەی کە ڕوویانداوە یاخود ڕوودەدەن لە ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان، لەڕووی خاك و دانیشتوانی سنوورەکان تا ئەو ناوچانە کێشەکانیان یەکلا دەبێتەوە لەگەڵ ڕێزمان، زۆر سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

بەڵێ سوپاس، دەرفەت بە کاك سیروان دەدەین لە جیاتی ڕەفیقەکانی، کاك باپیر لەسەر ئیزنتان بەڕێزان، پێشتر وەعدێکم پێدابوو با ئەمجارە وابێ لەسەر ئیزنتان ئەوان فراکسیۆن نین بە پێی پەیڕەوی ناوخۆ، بەڵام سێ پەرلەمانتاری سەربەخۆن، کاك سیروانیان تەکلیف کردووە لە جیاتی ئەوان قسە بکات، دەبوو لە پێشا دەرفەت بدەم بەو فراکسیۆنانەی کە بەپێی پەیڕەو فراکسیۆنن، بەس چونکە پێشتر وت بووم، لەسەر ئیزنتان فەرموو.

بەڕێز سیروان فرج محمد:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بەناوی خوا، ئێمەی پەرلەمانتارانی سەربەخۆ وەك جەنابت ئاماژەت پێی کرد کە دیاری و کاك مەم و بەندە سیروان بابان خۆشحاڵین لەگەڵ هاوکارانماندا ئەم چەند ساڵەی ڕابردورد لەم پەرلەمانەیا بەشێکی چالاکین لەگەل ئێوەی بەڕێز دا، دید و روئیای خۆمان و کاری لەپێشینەی خۆمان بەچەند خاڵێك دەخەینەڕوو بەهیوای ئەوەی لەم وەرزەی کە ئێمەی تیایین کاری جدی لەسەر بکرێت، بێگومان لە دنیای هاوچەرخ دا شکۆی هاوولاتی لە هەموو شتێك گرنگترە، چونکە ئەگەر هاوولاتی لەسەر زەوی نەبێ ئیتر ئەم زەوییە وجودی نییە، بۆیە ئێمە داخوازین لە کاتی نووسینەوەی دەستوور دا کە هیوادارین بە زووترین کات بێتە پەرلەمان بڕگەی یەکەمی ئەم دەستوورە پارێزراوی شکۆی هاوولاتی بێت بۆئەوەی کە ئیتر کەسێك یان حکومەت یان لایەنێك نەتوانێ لەخۆیەوە یان بە بێ یاسا دەستکاری ئەو شکۆیە بکات و کە ئازادی ڕادەربڕین و بیرو روئیا و کاری ڕێکخراوەیی و سیاسی و هەتادوایی، بێگومان ئەم شکۆیە بەچی ئەگەڕێتەوە و بەچی پارێزگاری لێ ئەکرێ بەوەی کە هاوولاتیانمان لەسەر سنوورەکان ناچار نەبن گەنجانمان و نەخۆشەکانمان ناچار نەبن ڕوو بکەنە وڵاتانی دەرەوە بە مەبەستی ژیانێکی ئاسوودە و خۆش یان بە مەبەستی ئەوەی کە لەدوای چارەسەرێك دا دەگەڕێن یان بەدوای خوێندن دا دەگەڕێن بەداخەوە هەر دوێنێ شەو هەموومان ئاگادارین کە زیاتر لە پەنجاو ئەوەنە هاوولاتیانمان بە مەبەستی ئەوانەی کە باسمان کرد ڕوویان کردبووە وڵاتی تورکیا لە ئەستەنبول دەسگیر کراون و چەند ڕۆژێك لە غازی عەنتاب ماونەتەوە و بە هەڵە لەبەرئەوەی هەڵەیان کردووە سنووری سوریا کراونەتەوە لە حەلەبن، بێینە بەرچاوی خۆمان ئێمەی هاوولاتییان و ئێمەی پەرلەمانتاران لە خەواییت و بەیانی چاو بکەیتەوە لە شوێنێکی شام ڕابی، کە ئەمە کارێکە ئەبێت پەرلەمانی کوردستان فشار لە حکومەت بکات و حکومەتیش لەگەڵ حکومەتی ناوەندی دا بە پەلە کارێکی جدیان بۆ بکات بۆ گەڕانەوەیان و هەروەها چارەسەری کێشەکانیان،

چونکە ئەمانە تووشی حاڵەتی تر ئەبن، بەدەر لەمانە سیستمی تەندروستی و سیستمی خوێندن و هەروەها شەقامەکانی کوردستان و هەروەها خانەنشینی کارمەندانی وەزارەتی ناوخۆ و مامۆستایان و ئەمانە بەپێی یاسا ڕیکخرێت و ئەم وڵاتەی ئێمە شایستەی زیاترە لەوەی کە ئێستا هەمانە و بەداخەوە لەکاتێك دا ئێمە کە لێبڕینی مووچە نەماوە بەس هاووڵاتیان هەست دەکەن نارەحەتیەك لەبەرئەوەی لە هەموو مانشێتێك باسی مووچە ئەکرێ و باس لەوە ئەکرێ ئەگەر بەرپرسێکی حکومی باس بکات ئەڵێ مووچەی ئەم مانگە بە بێ لی بڕین دابەش بکرێت وەکو ئەوە وایە کە ئێمە چاوەری بکەین مانگی داهاتوو بە لێ بڕینەوە بێ، ئێمە فشار ئەکەین لەگەڵ هاوڕێکانمان و فراکسیۆنەکانی تر هیوادارین لەگەڵمان بن بۆ ئەوەی چی تر جارێکی تر حکومەت هەوڵ نەدات دەست بەرێت بۆ مووچە و هەروەها فشار بکەین لەسەر ئەوەی کە ئەو مووچە پاشەکەوت کراوانە و ئەو مووچانەی کە لە ڕابردوودا نەدراوە بەپێی پڕۆژە و بەرنامەی تەواو بدرێتەوە، خاڵێکی تر گرنگە کە پەیوەندی بە نەوەی دوا ڕۆژمانەوە هەیە و جیلی ئەوەی کە لە دوای ئێمەوە یەنە ناو ژیانەوە، سەرچاوەی نەوت و سەرچاوەی ئاوو و زەوی مولکی ئێمە نییە دەستکاری بکەین، بەڵام بەداخەوە داگیرکاری زەوی گشتی و هاووڵاتیان و مولکی گشتی بووە بە عادەتێك لەلای چەندین بەرپرس و چەندین کۆمپانیا کە من بەخۆم بەدواداچوونمان کردووەو پێشکەشی بەرێزتانم کردووە، نەك تەنها دارسنەوبەرەکانمان کە تەمەنیان چەندین ساڵەو دەرئەهێنرێت، بەڵکو شاخ و گردەکان لەت کراون بووە بە جێی نیشتەجێ بوون و بە تەنها بیانوو ئەوەیە کە لەناو پرۆژەیەکی نیشتەجێ بوون دایە، لەوەش خراپتر ئەوەیە کە شاخمان هەیە، زنجیرە شاخێك شاخیان لەت کردووە و تەختیان کردووە بینای تیا دروست دەکەن کە ئەمە نە مافی ئێمەیە و نە مافی کەسێکە کە لە هیچ ماستەر پلانێك دا نەهاتووە شاخ لەت بکرێت، چونکە ئەمە بە جوگرافیای چەندین سەدان ساڵ دروست بووە، چۆن کۆمپانیایەك رێ بەخۆی و بە ویژدانی بدات ئەمە کاری لە پێشینەمان ئەبێت بۆ ئەوەی کارمان لەناو ئەم پەرلەمانەدا بەهیوای ئەوەی کە وەرزی داهاتوو ئومێدێکی داهاتوو ڕۆژێکی نوێمان بۆ بێتە کایەوە بتوانین ئێمەش ئەو نوێنەرایەتیەی خەڵکی کوردستان لەگەڵ ئەم فراکسیۆنە بەرێزانە لەگەڵ ئێوەی بەرێز دا بتوانین نموونەیەك نیشان بدەین کە لەوەی ئێمە کە باشترین و باشترین شت دەتوانین بکەین، ئەم وڵاتە و ئەم هاووڵاتیانە پێویستە شایستەترین ژیانیان هەبێت، زۆر سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

بەڵێ سوپاس، کاك باپیر فەرموو.

بەڕێز باپیر کاملا سلیمان:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بەڕێزان سەرۆکایەتی پەرلەمان، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان، ئەو کاتەتان باش، ئەمرۆ دەسپێکی وەرزی یاسادانانی پایزەیە هاوکات نزیك دەبینەوە لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی فیدراڵ، لە ئێستادا ناوچەکە بە قۆناغێکی هەستیار و پڕ لە گۆڕانکاری تێدەپەرێ، ململانێی نێودەوڵەتی و هەرێمایەتیەکان ڕۆژبەڕۆژ چڕتر دەبنەوە و گۆڕانکاری خێرا و چاوەڕوان نەکراو چاوەڕێ دەکەین، هاوکێشە نێودەوڵەتیەکان و هەرێمایەتیەکان و

بەرژەوەنـدیەکانیان لە گۆڕانـدا، بەرژوەنـدییەکان چەسـپاو نـین، سروشـتی ناوچەکەمـان وا هەڵکەوتـووە گۆڕانکاریەکـان زۆر بەخێرایـی ڕەنگدانەوەو کـاردانەوەی لەسـەر وڵاتی عێـراق و هەرێمی کوردستان دەبێت، بیگومان پەتای کۆرۆنا لە ئاستی جیهانـدا گۆڕانکـاری زۆری بەدوا ی خۆیدا هێناو دەرئەنجامەکانی کاریگەری دەبێت لە پێگەی سیاسی و ئابووری وڵاتانـدا، عێـراق و هەرێمـی کوردسـتانیش بەدەر نابێـت لەو کاریگەریـانە، کشـانەوەی هێزەکـانی ئەمریکـا لە ئەفغانستان دڵەڕاوکێی دروست کردووە هەرچەندە بەراورد ناکرێت بە عێراق و ناوچەکـانی تـر، هەرچەندی بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا ڕێگـا نـادات ئەو نـاوچەیە بەجـێ بهـێڵن لە ئێسـتادا وڵاتە یەکگرتووەکـانی ئەمریکـا خواسـتیان نـیە بەهـیچ جۆرێـك نـاوچەکە بەجـێ بهـێڵن، بەرپێـزان لە ئاسـتی نـاوخۆدا هێـزە عێراقیەکـان پەرت و بڵاو پەرتەوازەن بە هەمـان شـێوەی هێـزو لایەنە سیاسیەکانی کوردستانیش پەرش و بڵا و نارێکن، ئەو هێزو لایەنە سیاسیانەی عێراق بەرەو لێك تێ گەیشتن و لێك نزیك بوونەوە دەچـن، بەڵام لە کوردسـتان دا تـا ئێسـتا پەرش و بڵاوین، ئەو قۆناغە هەستیار و ڕاگوزارە لێمان دەخوازێت یەك ڕیز و تەبا بین بەتایبەتی لە بەغـدا یەك دەنـگ بین و پێچەوانەی ڕەنگدانەوەی خراپـی دەبێـت، لەسـەر بەدەسـتهێنانی مـافە دەسـتووریەکانی خەڵکـی کوردسـتان لای هەمـووان ڕوونە لە هەرێمـی کوردسـتان دۆخـی ژیـانی خەڵـك خـراپە، بەهۆی دابەزینی بەهای دراوی عێراقی و گرانی کاڵاکان و پێداویستیەکانی ژیان و گـران بـوونی سووتەمەنی و کێشەی ئاوو و کارەبا و بە تایبەتی پێوەری ئاوو و گرانی نان و بـاری هاووڵاتیـانی گـران کـردووە، بێکـاری وای کـردووە بە لێشـاو گەنجانمـان ڕووەو هەنـدەران کـۆچ بـکەن و سەرمایەی مرۆیی لەدەست بدەین ڕۆژبەڕۆژ بێ ئومێدی و بێ هیوایی باڵی کێشاوە بەسەر هاوو ڵاتیاندا بە دڵنیایی ڕاگەیاندنی نا بەرپرس کاریگەری زۆری هەیە لەو ڕووەوە، بۆیە ئەرکی هەموو لایەکە هەوڵ بدەین باروگوزەرانی خەڵك باشتر بکەین وتەبایی سیاسـی و کۆمەڵایەتی بهێنێـتە دی و پەرلەمانی کوردسـتان وەکـو نـوێنەری گەل و بەرپرسـیاریەتی سەرشـانیەتی یاسـا و بڕیـار دەربکات کە پەیوەندی بـێ بە بـاش کردنـی گـوزەرانی خەڵـك و ژیـانی خەڵـك ببێـتە بنەمـایەکی گرنگە بۆ پشیتوانی جەماوەری و کۆمەدەنگی نیشتمانی پێشنیاز دەکەم بە مەبەستی بەدیهێنانی تەبـایی سیاسـی و کۆمەڵ یەتـی لەم وەرزەدا، یەکەم/ کـار بکەیـن بـۆ پەسـەند کردنـی پـرۆژە دەستوور کە کـاریگەری دەبێـت لەسـەر ئاییندەی هەرێمەکەمـان لە هەمـوو ڕوویەکەوە، دووەم/ ڕێکخستنەوەو یەکخستنەوەی هێزەکانی پێشمەرگە و ناوخۆ، سێیەم/ یاسای چاکسازی پێویستە هەمـوار بکـرێتەوە لەکـاتی جـی بەجـێ کردنـی دا گرفتیکـی زۆری لـێ کەوتـۆتەوەو بەتـایبەتی کاریگەری هەبووە لەسەر کۆمەڵێك توێژ بـۆ نمـوونە ئەوانەی بەنـاوی شـارەزاوە کە سەدوبیسـت کەسـن یـان وەقـف بکرێـت ئەو بـرگەیە یـاخود هەمـوار بکـرێتەوە لە هەمـان کاتـدا تـوێژێکی شۆرشگێر کە پێشمەرگە بوون لەبەرامبەر دا وەکو پاداشتێك بە پلەی وەزیفی خانەنشین کـراون بەڵام ئێسـتا گرفتیـان بـۆ دروسـت بـووە کە ئەو گرفتـانە دەبـنە مـایەی نـاڕەزایەتیەکی زۆر ئەو یاسایە بـۆ ئەوەیە پێویسـتە ئەوە بکـرێ، چـوارەم/ نـاردنی ژمێـرەی کۆتـایی سـاڵی پـار و پـرۆژە یاسای بـوودجەی سـاڵی داهـاتوو لە ئێسـتادا ئامادەکـاری بـۆ بکرێـت، یاسـای کـار و دەسـتەبەری کۆمەڵایەتی هەمـوار کـردنەوەی یاسـای کۆمسـیۆنی هەڵبژاردنەکـان، هەمـوارکردنەوەی یاسـای وەبەرهێنان کە گرفتی زۆری بەدوای خۆیدا هێناوە لە ئێستادا بۆ قۆناغێك بـووەو بەسـەرچووە،

بەردەوام بوون لە چاکسازی هەمەلایەنە و ڕێکخستنەوەی بازار و دوور لە قۆرخکردن، یاسای خانەنشینی گشتی و یەکگرتوو پێویستە پەسەند بکەین لەو وەرزەدا بۆ ئەوەی عەدالەتی کۆمەڵایەتی بێتەدی و گرفتی خانەنشینان بە یەکجاری چارەسەر بکرێت، چاکسازی لەڕووی کارگێڕی و بەڕێوەبردنەوە، یاسای بیمەی تەندروستی، ڕاگرتنی ئەو بڕیار و ڕێنماییانەی کە پێچەوانەی یاسان بە نموونە خزمەتی هەژمارکردنی خزمەتی پێشمەرگەی بە دوو ساڵ کە بە بریارێك ڕاگیراوە، یان ئەوانەی کە پلە بەرزکردنەوەی فەرمانبەران کە ڕاگیراوە کە پێچەوانەی یاسان، بۆیە حکومەت و پەرلەمان کار بکەن بۆ بە هەمیشەیی کردنی لەبەرئەوەی ڕەهەندی دارایی هەیە بۆیە دەڵێم حکومەت و پەرلەمان کار بکەن بۆ بە هەمیشەیی کردنی گرێبەستەکان و مامۆستایانی وانەبێژ و خۆبەخشەکانی تەندروستی و بڕیار لە ئایندەیان بدرێ و شوێنی گرێبەستەکان بگرنەوە و بەلایەنی کەمەوە، پێویستە حکومەت ئامادەیی هەبێ لە کایەکانی ژیاندا بە تایبەتی خزمەتگوزاری گشتیەکان و تەندروستی و ئاو و کارەبا و پەروەردە و هەرێمی کوردستان پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان و سەرکردایەتی سیاسی پێداچوونەوە بکات بە پەیوەندیە ناوخۆیی و هەرێمی و نێودەوڵەتیەکان خۆمان بۆ ئەگەر و پێشهاتەکان ئامادە بکەین و زیاتر تواناکانمان یەك خەین بۆ گفتوگۆی چڕ لەبارەی ئایندەی ناوچە کێشە لەسەرەکان و لە ئایندەی مافە دەستووریەکانمان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی عێراق، لە کۆتایی دا داوا دەکەم لەسەرجەم هێزو لایەنە سیاسیەکان هەنگاو بنێن بەرەو کۆدەنگی و یەکڕیزی، داوا لەسەرجەم فراکسیۆنەکانی پەرلەمانی کوردستان دەکەم ببنە هەوێنی یەکڕیزی و تەبایی و خۆ دوورگرتن لەهەر ململانێیەك کە دەبێتە هۆی پەرش و بڵاو بوون و ناتەبایی، سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

بەڵێ زۆر سوپاس کاك باپیر، کاك ئازاد فەرموو.

بەڕێز ازاد اکرام بهرام:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بۆچوون و پێشنیاری فراکسیۆنی میللەت لە خولی پایزەی ساڵی سێیەم لە خولی پێنجەم

١- گرنگیدان بە پرۆژەکانی پەروەردە.

٢- گرنگیدان بە پرۆژەکانی ئاوو و کارەبا.

٣- گرنگیدان بە پرۆژەکانی بەهێزکردنی داهات.

٤- گرنگیدان بە پرۆژەکانی پێکهاتەکان بە تایبەتی کێشەی پەروەردە و ڕۆشنبیری پێکهاتەکان چارەسەر بکرێن، چونکە کێشەیەکی زۆرمان هەیە.

٥- گرنگیدان بە پرۆژەکانی تەندروستی.

٦- گرنگیدان بە نووسینی دەستوور.

٧- گرنگیدان بە پرۆژەی چاکسازی.

٨- مووچەی هەرێمی کوردستان بێتە پەرلەمانی کوردستان، ڕێژەیەك بۆ چالاکی پرۆژەکانی نەتەوەیی پێکهاتەکان تەرخان بکرێت.

سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:
كاك هیمداد فەرموو.
بەڕێز هیمداد صباح بلال:
بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.
بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێز، ئەمڕۆ كارەكانی خولی پایزەی ساڵی سێیەمی پەرلەمانی كوردستان دەست بە كارەكانی دەكات، ئەم خولە لە كاتێك دا خەڵكی كوردستان بە دەست كێشە زۆر دەناڵێنێ كێشەی ئابووری، كێشەی كەمی كارەبا، كێشەی كەمی ئاو، لاوازی بازاڕ، كەمی ئاوی پاك، بەرزبوونەوەی نرخی بەنزین و زۆربەی پێداویستیەكانی تری ڕۆژانە، بۆیە ئەركی سەرشانی ئێمەیە لەم خولەدا كێشەی حزب و ناوخۆییەكان لەبیر بكەین و دەست لەناو دەست لە پێناو بەرژەوەندی خەڵكی خۆمان كۆمەڵێك یاسا دەربكەین كە ژیانی ئەم خەڵكە خەشەویستە باش بێت و تاوەكو خوایی گەورە و خەڵكەكەشمان لیمان ڕازی بێت، بەڕێزان ئێمە وەكو فراكسیۆنی بەرەی توركمانی باوەڕمان بەوەیە كە هەرێمی كوردستان بە فرە نەتەوەیی و فرە ئایینیەكان جوانە و بەهێزە، پێویستە گرنگی زیاتر بە پێكهاتەكان بدرێت بە تایبەتی پێكهاتەی توركمان كە خۆتان دەزانن كێشە و گرفتێكی جۆراوجۆر و زۆرمان هەیە لەبوارەكانی پەروەردە و ڕۆشنبیری و قوتابخانە توركمانیەكان بە زووترین كات دەبێت ئەو كێشانە چارەسەر بكرێت، پیویستە لەبوارەكانی پەروەردە و ڕۆشنبیری و كەلتوری و سەرجەم بوارەكانی تر تایبەتمەندی توركمانەكان لەبەرچاو بگرێت و حكومەت پابەند بكرێت بۆ دابین كردنی بوودجەیەك بۆ چالاكیەكانی توركمانی و پاراستنی شوێنەواری كەلتوری و نەتەوەیی توركمان بۆ ئەوەی سوود لە شوناس و كەلتوری ئاسەواری دەوڵەمەندی توركمان وەربگرێت و بە قازانجی گەشتیار و پێشكەوتنی هەرێمەكەمان دا بەكاربهێندرێت، بەرێزان پشتیوانی تەواوی هەنگاوەكانی چاكسازی دەكەین بەمەرجێك بۆ نەهێشتنی كێشەكان و چەسپاندنی دادوەری و باشتر كردنی سیستەم و ژیان و گوزەرانی خەڵك بێت، لە كۆتایی دا با دروشم و خیتابی توند و ململانێ و شەری دەنگ و كورسی هەڵبژاردن كاریگەری لەسەر ئەركی ئێمەی پەرلەمانتار نەبێت، خەڵكی ئێمە چاوی لە كاری باشە و با لەو خولەدا ئەم پرۆژە یاسایانە كاری لەسەر بكرێت كە سوودی بۆ هەرێمەكەمان و خەڵكی هەرێمی كوردستان هەیە، زۆر سوپاس.
بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:
بەڵێ زۆر سوپاس، كلارە خان فەرموو.
بەڕێز كلارە عودیشو یعقوب:
بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.
بناڤێ خودێ مەزن و دلۆڤان، بەرپرسیاریەتەكا مەزن لسەر شانێ مە هەیە ل ماهێ دەهێ دا ل نزیك هەلبژاردنێن ئەنجومەنێ نێنەرانی عێراق دهێنە كرن، هەرێما كوردستانێ خۆ ئامادەكرنێ دێتە كرنێ ژ بۆ نڤیسینا دەستووری، لەوما ئەڤرۆكە پێتڤیا ب پێكڤە كاركرنێیە و ب روحەكا نیشتمانی و یەكرێزی زیاتر ناڤ بەرا هەمی لایەن دا هەبیتن ژ بۆ بەهێز كرنا پێگەهێ كوردستانێ بۆ پاراستنا دەستكەفتان ئەنجام دانا دەستكەفتێن مەزن ترن بۆ ڕووبەڕووبوونا هەر قەیرانەكی بهێتە پێش، پشتەڤانیا پێنگاڤێ حكومەتا هەرێما كوردستانێ دكەین ژ بۆ ئەنجام دانا

چاكسازيا د هەمى بواردان، هەروەسا ژ بۆ جدى كاركرنێ لسەر نەهێلانا و رێگرتنا ل گەندەڵيێ و ب هەدەردانا سامانێن وڵاتى، كو ب رەئيا مە ئەڤ خاڵە ژ بابەتێ مەترسيدارە و ژ تەحەدياتێ مەزنە د رێكا پێشڤەچوونا وڵاتى، هەروەسا بوويە ئەگەرى نەهێلانا باوەرى د ناڤ بەرا هاووڵاتيان و حكومەتێ دا، پێكڤە ژيان ناڤ بەرا پێكهاتێن كوردستانێ هێزەكا مەزن دايە كوردستانێ وە رەنگ ڤەدايە دناڤ جڤاكى نێڤ دەوڵەتى دا ئەڤەش ئەنجامێ پێكڤە كاركرنێيە و نيشتمانپەروەرييە، مە هەولێن جدى كرينە ژ بۆ پاراستنا پێكڤە ژيان لەوما بەرێزان پێتڤيا گەلێن رەسەن وەكى گەلێ مە كلدانى ـ سريانى ـ ئاشوورى هەبوونا خۆ بهێزتر بەردەوامى بداتە ژيانى لسەر عەردێ باب و باپيران، كێم بوونا ژمارا مە ل عێراقێ بگشتى مەترسيدارە لسەر هەبوونا مە، يا بوويە ژ تەحەدياتێن مەزن ت رێيا مەدا كو پێتڤيە كاربكەين ژ بۆ ديتنا چارەكێ لەوما ئەم بينين ژ لايێ ياسايى ڤە پێتڤيا ب سيستەمەكى ياسايى پێشكەفتى دەم ياسايەكى دێتە دانان ڤێ ديراسەت بكەين ب وردى بهێتە دانان ژ بۆ زامن كرنا پاراستنا مافێن پێكهاتان د چارچێڤ و ژێر ياسايى بيتن، ئوميدا گەلێ مە دەستووريە، دەستوور مەزنترين و بلندترين ياسايێ ل وڵاتيە بنياتەكى بهێزە بۆ ياسادانانێ لەوما مە پێتڤيەت دستوور سەر بنەمايى مافێن مرۆڤ و دادپەروەرى بيتن، دير ژ تەميزا رەگەزى و نەتەوەيى و ئايينى و مەزهەبى و لايەنێ كۆمەڵايەتى و ئابوورى، يەكگرتنا نەتەوەييا گەلێ مە كلدان ـ سريان ـ ئاشوورى سورايا زامنێ هەبوون و وجودا مەيە لە وڵاتى، واقع و راستيەن مێژوويى دووپات كەن ئەم ئێك نەتەوەينە، لەوما دێ كاركەين ياسادانان و دەستوور وەك نەتەوەك بين چونكە د بهێزتر بين پاشەرۆژا مە دێ گەشتر بيت، ياسايێ ژمارە/٥ ى ساڵا/٢٠١٥ پێتڤى ب راست ڤە كرنێيە، زۆر كيماسى تێدا هەنە و دامودەزگەهێ هەرێمى سەرەدەريى دگەل ناكەن، ب پشتەڤانيا سەرۆكاتيا پەرلەمانى و فراكسيۆنێن بەرێز دێ كار كەين ژ بۆ دەرئێخستنا برپارا ديار كرنێ رۆژى رۆژنامەگەريى سريانى ل هەرێما كوردستانێ، دانانا ياسايەك جودا ياسايەكى كاروبارێن بارێ شارستانى بۆ پێكهاتێن نە موسوڵمان و پشت بەستن ب ماددا/ ٤١ دەستوورێ عێراقى، چونكە ئەو ياسايا نوكە هەى كارتێ كرنەكا نەرێنى كريە لسەر پێكهاتێن مە و نە دادپەروەرانە تێدا هەيە لەوما دەخازين سەرۆكاتيا پەرلەمانى هاريكار بيت دگەل مەدا، پێنگاڤێن حكومەتا هەرێمێ ژ بۆ چارەسەريا ئاريشەيەن زێدەگاڤى جهێ دڵخۆشيا گەلێ مەيە و پشتەڤانيا حكومەتێ دكەين تا ئەڤ ئاريشە ب دوماهيك دێتن، ئەم پێتڤى پشتەڤانيا سەرۆكاتيا پەرلەمانينە ژ بۆ دانانا مۆنۆمێنتەكا شەهيدى كلدانى ـ سريانى ـ ئاشوورى ل بەرداريا سێمێلێ، هەروەسا مە پشتەڤانى دڤيتن بۆ ئەنجام دانا چاكسازى و رەزڤەكرنا پرۆگرامێ خويندن ب شێوەيەكى بيتن رەنگ ڤەدانا هەمە جۆرى پێكڤە ژيانێ ل كوردستانێ تێدا ديار بێت، زۆر سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:

بەڵێ زۆر سوپاس، بەڕێزان ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان لە قسەی بەڕێزان سەرۆكی فراكسیۆنەكان ئێمە چەند ئیستنتاجێكمان هەیە، بەشێكی زۆری قسەكان ئیتفاقی لەسەرە، سەبارەت بە ئەو پرۆژە یاسایانەی كە لە حكومەتەوە دێن لەگەڵ ئەو پێشنیازە یاسایانەی كە پێویستە پەرلەمانی كوردستان تەبەنیان بكات، ئێمە هەموو لایەك دڵنیا دەكەینەوە كە لە دەستەی سەرۆكایەتی هیچ پێشنیازە یاسایەكمان لەلا نەماوە، بە خشتەی فەرمی ئاراستەی

سەرۆكی هەموو فراكسیۆنەكانی دەكەین، ئێمە یان ناردوومانە بۆ حكومەت بە پێی ماددەی/٧٩ یان ناردوومانە بۆ لیژنەی یاسایی بۆ ئەوەی ئامادەی بكات بۆ خوێندنەوەی یەكەم یان خوێندنەوەی یەكەممان بۆ كردووە و لە مەرحەلەی خوێندنەوەی دووەم داین یان ڕەد كراوەتەوە لەلایەن لیژنەكانی پەرلەمانی یان وەزارەتەكانی حكومەتی هەرێمی كوردستان یان ئەنجومەنی وەزیران، ئێمە ئەوە ئەخەینە بەردەستتان، سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان تاقە یەك پێشنیازیشی ئێستا لەلا نییە، هیچ هیچ لەلای ئێمە نییەو خشتەكەتان بە فەرمی لە هەفتەی ئاییندەدا دڵنیا بن خشتەكەتان بە فەرمی تەسلیم دەكەین، بۆیە هەموو لایەك دڵنیا بن كە بۆ ئێمە لە سەرۆكایەتی پەرلەمان دەرچوونی ژمارەیەكی زۆری یاسا و پڕكردنەوەی بۆشاییە یاساییەكان گرنگترە لەوەی كە دواجار پێشنیازە یاساكە هی كێیە، بەشێكی زۆر لەو پێشنیازە یاسایانەی كە بەڕێزان لە فراكسیۆنەكانی موعارەزە تەقدیمیان كردووە ئەگەر سەیری بكەی ئیمزای ئەندامانی بەڕێزی فراكسیۆنەكانی گۆڕان و یەكێتی هەتا پارتی و هەتا پێكهاتەكانی تیایە، یەعنی ئەوە نییە بڵێی ئیللا چەند پرۆژە پێشنیازە یاسایەك هەیە بەس موعارەزەیە، ئەگەر سەیری بكەنەوە جارێ بەشێك لە فراكسیۆنەكان خۆیان بە تەنیا ناتوانن دە ئیمزایان هەبێ، بەشی هەرە زۆریان هی ئەندامانیان تیایە، لەبەرئەوە دڵنیاتان دەكەینەوە ئێمە عەدەدی زۆری ژمارەی ئەو یاسایانەی لە پەرلەمان دەردەچن یەكێك ئەبێت لە ئامانجەكانمان بەمەرجێ ببێتە هۆكاری پڕ كردنەوەی بۆشاییەكی یاسایی، سەبارەت بەوانەی بارگرانی داراییان هەیە و ڕەفز كراونەتەوە یان ڕەد كراونەتەوە ئەوە خەتا ئێمە نییە لە پەرلەمانی كوردستان، ئەوە مەبدەئێكی سابتە بەڕێزتان دەزانن هەمووتان ڕەنگە زانیاریتان لە ئێمە زیاتر بێت قەرارێكی مەحكەمەی فیدراڵی پێ دەرچووە، هەر بابەتێك پێویستی بە پارە بێت یان دەبێ لەناو یاسای بوودجە جێی بكرێتەوە یان دەبێ حكومەت بڵێ بەڵێ ئەو پێشنیازە یاسایە با دەربچێ ئێمە تەحەمولی بارگرانییە داراییەكەی ئەكەین، ئێوە بەڕێزتان لەگەڵ قونسوڵی وڵاتان دا زۆر یەكتری دەبینن لێیان بپرسن بزانن لە وڵاتانیش بەهەمان ئالیەت نییە؟ بڕواتان هەبێ وەكو ئێوە ئێمە خەممانە لە ئەو بابەتە، بابەتی زۆرتان وروژاند سەبارەت بە ڕەسم و باج و كۆچی لاوان و زۆر بابەتی گرنگتان وروژاند كە من دڵنیام جێگەی ئیهتمام و جێگەی ئیتفاقی هەمووتانە، ئێمە بە پێی ماددەی/ ٥١ لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان لەبەرئەوەی بڕێكی زۆر پێشنیازە یاسا و پرۆژە یاسامان لەسەر كۆبۆتەوە ناچارین ماددەكە جێ بەجێ بكەین، یەعنی ڕۆژانی سێ شەممە و چوار شەمم دائەنێین بۆ تەشریع، ڕۆژانی پێنج شەم بەڕێزتان دەتوانن یاداشت سەبارەت بەو بابەتانەی كە جێگەی ئیهتمامتانن پێشكەشی سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستانی بكەن، ئێمە داوا لە حكومەتی هەرێمی كوردستان دەكەین بۆ ئەوەی ئامادە بێ و نەسەكەش زۆر وازحە ئەڵێ: (ڕۆژانی پێنج شەممە تایبەتە بە گفتوگۆ كردن لەگەڵ حكومەت بەپێویستی) ئێمە مەجبورین جەدوەلێك دانێین لەبەرئەوەی یەك ساڵ تەمەنی ئەم پەرلەمانەمان ماوە، كەمتریش ژمارەیەكی زۆر ئێمە لە پێشنیازە یاسا و پرۆژە یاسامان لەلایە تەوەقوعمان ئەوەیە ئێوەش هی ترمان بۆ بنێرن و حكومەتیش هی ترمان بۆ بنێرێ، لەبەرئەوە لەم بابەتەیا تەسەور دەكەم ئەبێ ئالیەتیەك بۆ خۆمان دابنێین یاداشتەكانتان سەبارەت بەو بابەتانەی جێی ئیهتمامی خەڵكی كوردستانن، جێی بایەخی فراكسیۆنەكانی پەرلەمانی كوردستانن، پێویستە بە ئامادەبوونی حكومەت بكرێت

بۆ ڕۆژانی پێنج شەممە ئێمە دەبێ دانیشتنەکانی پەرلەمان زۆر ئاساییە لەبەر پێویستی ئەکەینە سێ ڕۆژ، سێ شەممە و چوار شەممە بۆ تەشریع پێنج شەممەش بۆ گفتوگۆ کردن وەکو ئەوەی لەناو پەیڕەوەکە هاتووە، پێشتر ئێمە دەسەڵاتێکی خۆمانمان بەکارهێنا بوو لەوەی کە دەستکاریمان دەکرد لەبەر ئەوەی لەناو پەیرەوەکە دەڵێ سەرۆکایەتی دەتوانێ دەستکاری بکات، ئێستا ئیمە هەست دەکەین کە ناتوانین، یەعنی ناتوانین ئەمە بکەین، لەبەرئەوە ڕۆژێك زیاد دەکەین کە ڕۆژانی پێنج شەممەیە، سەبارەت بە بابەتی د.کاظم کە ئەو بەڕێزانەی کە عەرزیان کردبوو خۆیان هیچیان حزوریان نییە ئێستا ئێمە لە سەرۆکایەتی پەرلەمان هیچ مەناعەتێکمان نییە پێمان باشە چۆن بەهەمان میکانیزمی ئێمە نەسێکمان لێرە خوێندەوە، بەڕێزتان دەنگتان پێدا، ئەو بەڕێزانەی کە پێتان باشە ئەو بڕیارە هەڵبوەشیتەوە بە بێ لێ بوردن بینووسن و ئاراستەی سەرۆکایەتی بکەن ئێمە لە دانیشتنەکانی ئایندە دەیخەینە دەنگدان، سبەینی دانیشتنەکەمان بەردەوام ئەبێ، ئێستا دانیشتنەکە هەڵدەگرین.

| | | |
|---|---|---|
| منى نبى قهوچى | هێمن هەورامی | د. ڕێواز فائق حسێن |
| سکرتێری پەرلەمانی | جێگری سەرۆکی پەرلەمانی | سەرۆکی پەرلەمانی |
| کوردستان – عێراق | کوردستان – عێراق | کوردستان - عێراق |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢)ی
پێنج شەممە ڕێکەوتی ٢\٩\٢٠٢١
خولی پێنجەمی هەڵبژاردن

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (٢)
# پێنج شەممە ڕێكەوتی ٢٠٢١/٩/٢

كاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی پێنج شەممە ڕێكەوتی ٢٠٢١/٩/٢ پەرلەمانی كوردستان - عێراق بە سەرۆكایەتی د. ڕێواز فائق حسێن سەرۆكی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز هێمن هەورامی جێگری سەرۆك و، بەڕێز منی نبی قهوچی سكرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ژمارە (٢)ی ئاسایی خولی پێنجەمی ساڵی (٢٠٢١) ی خۆی بەست.

بەرنامەی كار:

بە پێی حوكمی ماددەی (٥) بڕگەی یەكەم لە ماددەی (١٦)، بڕگەی سێیەم لە ماددەی (١٨)، بڕگەكانی یەكەم، دووەم، سێیەم، چوارەم و پێنجەم لە ماددەی (٢٠)، ماددەكانی (٤٧ و ٤٨) و بڕگەی یەكەم لە ماددەی (٥٢) ماددەكانی (٥٤، ٥٥، ٥٦، ٥٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاری دا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (٢)ی ئاسایی خولی پایزەی ساڵی سێیەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە كاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆ ڕۆژی پێنج شەممە ڕێكەوتی (٢٠٢١/٩/٢) بەم شێوەیە بێت:

یەكەم: خوێندنەوەی یەكەم بۆ پڕۆژە یاسایی هەمواری یاسای وەزارەتی دارایی و ئابووری لە هەرێمی كوردستان عێراق پشت بەستن بە حوكمی بڕگەی دووەمی ماددەی (٧٨) بڕگەی یەكەم و ماددەی (٨٣) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان.

دووەم: خوێندنەوەی دووەم بۆ ئەو پڕۆژە و پێشنیازە یاساییانەی خوارەوە بە پێی حوكمی ماددەكانی (٨٧، ٨٨، ٨٩) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان.

١- پێشنیازە یاسای هەمواری دووەمی یاسای دەستەی دەسپاكی هەرێمی كوردستان عێراق ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠١١).

٢- پڕۆژە یاسای نیشان و مەدالیا لە هەرێمی كوردستان عێراق.

٣- پڕۆژە یاسای هەمواری دووەمی یاسای یەكێتی ژوورەكانی بازرگانی و پیشەسازی ژمار (١٤)ی ساڵی (١٩٩٣)ی هەرێمی كوردستان عێراق.

٤- پڕۆژە یاسای هەمواری یەكەمی یاسای بازرگانی و پیشەسازی ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠١٠) لە هەرێمی كوردستان عێراق.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان.

بەناوی گەلی كوردستان دانیشتنی ژمارە (٢)ی وەرزی پایزە لە ساڵی سێیەمی خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان دەست پێ دەكەین سەرەتای دانیشتنەكەش دەرفەت دەدەینە سكرتێری پەرلەمان بۆ خوێندنەوەی بەرنامەی كار و پوختەی كۆنووسی كۆبوونەوەی پێشوو، لەگەڵ ناوی ئامادەنەبووانی كۆبوونەوەی پێشوو، فەرموون.

بەڕێز منی نبی نادر قهوچی / سکرتێری پەرلەمان:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بەرنامەی کار:

بە پێی حوکمی ماددەی (٥) بڕگەی یەکەم لە ماددەی (١٦)، بڕگەی سێیەم لە ماددەی (١٨)، بڕگەکانی یەکەم، دووەم، سێیەم، چوارەم و پێنجەم لە ماددەی (٢٠)، ماددەکانی (٤٧ و ٤٨) و بڕگەی یەکەم لە ماددەی (٥٢) ماددەکانی (٥٤، ٥٥، ٥٦، ٥٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (٢)ی ئاسایی خولی پایزەی ساڵی سێیەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆ ڕۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی (٢٠٢١/٩/٢) بەم شێوەیە بێت:

یەکەم: خوێندنەوەی یەکەم بۆ پڕۆژە یاسایی هەمواری یاسای وەزارەتی دارایی و ئابووری لە هەرێمی کوردستان عێراق پشت بەستن بە حوکمی بڕگەی دووەمی ماددەی (٧٨) بڕگەی یەکەم و ماددەی (٨٣) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

دووەم: خوێندنەوەی دووەم بۆ ئەو پڕۆژە و پێشنیازە یاساییانەی خوارەوە بە پێی حوکمی ماددەکانی (٨٧، ٨٨، ٨٩) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

٥- پێشنیازە یاسای هەمواری دووەمی یاسای دەستەی دەسپاکی هەرێمی کوردستان عێراق ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠١١).
٦- پڕۆژە یاسای نیشان و مەدالیا لە هەرێمی کوردستان عێراق.
٧- پڕۆژە یاسای هەمواری دووەمی یاسای یەکێتی ژوورەکانی بازرگانی و پیشەسازی ژمار (١٤)ی ساڵی (١٩٩٣)ی هەرێمی کوردستان عێراق.
٨- پڕۆژە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای بازرگانی و پیشەسازی ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠١٠) لە هەرێمی کوردستان عێراق.

پوختەی دانیشتنی ژمارە (١)ی ئاسایی:

بە پێی حوکمی بڕگەی دووەمی ماددەی (٥٢،٢٠) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان عێراق پوختەی دانیشتنی ژمارە (١)ی خولی ئاسایی پایزەی ساڵی سێیەمی لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە کاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆ ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی (٢٠٢١/٩/١) بەم شێوەی خوارەوە بوو:

یەکەم: دەستپێکردنی دانیشتن لە لایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
دووەم: خوێندنەوەی بەرنامەی کار لە لایەن بەڕێز سکرتێری پەرلەمان.
سێیەم: دەستپێکردنی بڕگەکانی بەرنامەی کار لە لایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
چوارەم: یەك دەقیقە بێ دەنگی وەستان بۆ ڕێزلێنان لە گیانی شەهیدانی کوردستان و عێراق.
پێنجەم: کردنەوەی خولی پایزەی ساڵی سێیەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە لایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
شەشەم: وتەی بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان بە بۆنەی کردنەوەی خولی پایزەی ساڵی سێیەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان.

حەوتەم: وتەی بەڕێزان سەرۆك فراكسیۆنەكانی پەرلەمان بە بۆنەی كردنەوەی خولی پایزەی ساڵی سێیەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان.

هەشتەم: كۆتایی هاتنی دانیشتن لە لایەن بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، زۆر سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:

بەڕێزان ئێستا دەست بە جێبەجێ كردنی بڕگەی یەكەمی بەرنامەی كار دەكەین، داوا لە سەرۆكایەتی لیژنەی كاروباری یاسایی دەكەین بفەرموون، سەرچنارخان.

بەڕێز سەرچنار احمد محمود:

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.

ئێمە لە پێش دەستپێكی ئەم خولەوە یاداشتمان دابوو بە پێی ماددەی (٦٦) تایبەت بە پرسی بەهەمیشەیی بوون یا دامەزراندنی مامۆستای وانەبێژ لەگەڵ بە هەمیشەیی بوونی فەرمانبەرانی گرێبەست و دامەزراندنی سێ یەكەمەكان، ئێمە ئیمزای پێویستمان بۆ كۆ كردبۆوە، بەڵام ئەگەر پێویست دەكات لەسەر ئەو یاداشتە كۆنە دەڕۆین ئێمە داوا دەكەین دانیشتنێكی تایبەت بەو تویژانە بكرێت ئەگەرنا ئێمە ئامادەین جارێكی تر یاداشت بەرز بكەینەوە وە ئیمزای پێویستی بۆ كۆ بكەینەوە.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:

بەڵێ، كاك علی حمە صاڵح فەرموون.

بەڕێز علی حمە صاڵح:

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.

بەناوی خوای گەورە، لە ماددەی (٥١) خاڵی چوارەم ڕۆژانی پێنج شەممە تەرخانكراوە بۆ گفتوگۆ لەگەڵ حكومەت كۆمەڵێك باسی گرنگ هەیە ئێمە ئەمڕۆ یاداشتیشمان ئاڕاستە كردووە لەوانە دۆخەكە بەرەو ئەوە دەچێت هەموو كاروباری حكومڕانی لە خاڵە سنوورییەكان تەنانەت لە بازگەكان، كامیرەكانی دیاركردنی تیژڕەوی، چەندین خزمەتگوزاری تر بدرێت بە كەرتی تایبەت بە بێ بوونی زەمان لە كوردستان، خاڵێكی تر هەمووومان دەزانین بە پێی دەستووری عێراق باج و رسومات بە یاسا جێگیر دەكرێت و بە یاسا وەردەگیرێتەوە، ئێستا لە بەشێك لە رێستۆڕانتەكان ئەمە نییە، بۆیە فكرەكەی من ئەوەیە ڕۆژی پێنج شەممان تەرخان بكەین بەم بابەتانەی كە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە ژیانی خەڵكەوە هەیە لە ئارد و ئاوە وە بۆ كۆمپانیاكان بۆ ئەوەی كە حكومڕانی بەرەو كەرتی تایبەت دەچێت، سوپاستان دەكەم.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:

ئێمە لە كۆبوونەوەی پێشووش وتمان بۆ ئەوەی كە ئەو نوقتە نیزامییە كە لە ئەسڵدا نوقتە نیزامی نییە كۆتایی پێ بێت بەڕێزتان بۆ هەر بابەتێك كە پەیوەندی بە بارودۆخی گشتییەوە هەیە دەتانەوێت دانیشتنی پەرلەمان بكرێت، بفەرموون یاداشت پێشكەش بكەن بۆ ئامادەبوونی حكومەت ئێمە ئاڕاستەی حكومەتی دەكەین ڕۆژانی پێنج شەممە بۆ ئەو مەبەستە دیاری دەكەین، بەڵام ئەوەی نوقتە نیزامی نییە بەناوی نوقتە نیزامییەوە مەیڵێن، كاك هاوڕێ فەرموو.

بەڕێز هاوڕێ بناء محمد:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، دوێنێ بەڕێزتان لە سەرۆکایەتی وە زۆربەی لە فراکسیۆنەکان و ئەندامانی پەرلەمان ئەوانەی کە زیاتر لە دەرەوەی کۆنگرەی رۆژنامەوانی قسەیان کرد باسیان لەوە کرد کە حکومەتی هەرێمی کوردستان نەیتوانیوە پابەند بێت بە ناردنی بوودجە لە ماوەی چەند ساڵی پێشوو ئەمە هۆکارێکە، بۆ ئەوەی کە تەخشانی زیاتر بەو خەرجیانە بکرێت کە لە حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان جیـاوازی لە نێـوان قەزایەك بـۆ قەزایەکـی تـر لە رووی خزمەتگوزاری و ئـاوەدانکردنەوە تـا ئەخیـر، بەڵام ئەم موقەسرییە تەنیـا حکـومەتی هەرێمـی کوردستانی نەگرتۆتەوە کە نەیتوانیوە بوودجە ئامادە بکات بەڵکـو سـەرۆکایەتی پەرلەمـان و لە پەرلەمـانی کوردسـتان کە پێویسـتە بە پێـی مـاددەی (١٠٧، ١٠٨، ١٠٩) کە بـاس لەوە دەکـات کە پێویسـتە پەرلەمـانی کوردسـتان بـوودجەی خـۆی بـۆ ئەو خەرجیـانە هەبێـت لە پەرلەمـانی کوردستان بۆ پەرلەمانتاران و خەڵکی هەرێمی کوردستان بخاتە روو، بەڵام لە ماوەی سێ ساڵی پێشـوو وە لە ماوەکـانی پێشـتریش کە لە پەرلەمـانی کوردسـتان بەداخەوە نەتـوانراوە ئەو بوودجەیە هەبێت بۆ ئەوەی کە شەفافییەتێك هەبێت لەو خەرجییـانە وە ئەو پـارانەی کە دێـتە پەرلەمـانی کوردسـتان چـۆن سـەرف دەکرێـت؟ بـۆ کـێ سـەرف دەکرێـت؟ وە شـێوازی سـەرف کردنەکانی چۆنە؟ وە من پێشنیار دەکەم ئێمە بتوانین لە پەرلەمانی کوردستان وە سـەرۆکایەتی پەرلەمـان جەلسـەیەك رێـك بخـات لە پەرلەمـانی کوردسـتان بـۆ ئەوەی کە ئـێمە لە پەرلەمـانی کوردسـتان بڕیـارێکی پەرلەمـانی دەربکەیـن لە سـەر ئەوەی کە حکـومەت ملـکەچ بکرێـت بە گەڕانەوەی ئەو قەرزانەی کە هـی هاووڵاتیـان و فەرمـانبەران و مووچەخـۆرانن بتوانرێـت حکومەت ملکەچ بکرێت بە دانەوەی ئەو قەرزانە، سوپاس.
بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:
بەڵێ، مژدە خان، کاك دکتۆر رێبوار وەردەگرم دوایی وەرت دەگرم، کاك دکتۆر رێبوار فەرموو.
بەڕێز رێبوار عبدالرحیم عبدالله:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
بەنـاوی خـوای گەورە و میهرەبـان، دیـارە بە پێـی مـاددە (٤١)ی پەیـڕەوی نـاوخۆی پەرلەمـانی کوردستان دەسەڵاتی ئەوە دراوە بە لیژنەکـان کە سـەردانی مەیـدانی بـۆ هەر بابەتێـك بـکەن کە گرێـدایی یـا پەیوەسـت بێـت بە سرووشـتی کـاری لیژنەکـان، ئـێمە لە (٨/١٨) نووسـراوێکمان ئاڕاسـتەی بەڕێزتـان کـرد وەکـو دەسـتەی سـەرۆکایەتی پەرلەمـان کە لیـژنەی پەیوەنـدییەکانی دەرەوە و رەوەندی کوردسـتانی سـەردانی پەنـابەرانی ئـێمە یـا ئەو هاووڵاتیـانەی کە لە ووڵاتی لیتوانیا گیریان خواردووە، بۆ ئەوەی لە نـزیکەوە لە رەوشـی ئەوان بـزانین دوای پـازدە رۆژ هەر چەند ئێمە داوامان کرد بە پەلە ئەگەر کارەکە بکرێت، چونکە رەوشی مرۆییان زۆر نالەبارە دوای پازدە رۆژ وەڵامی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمـان هـاتۆتەوە ئامـاژ بەوە کـراوە کە فەرمـانگەی پەیوەندییەکان لێـی بەرپرسـە وەکـو ئەوە وایە کە ئـێمە لێـی بەرپـرس نەبـین وەکـو پەرلەمـانی کوردستان و وەکـو لیـژنەی پەیوەنـدییەکانی دەرەوە و رەوەنـدی کوردسـتانی، ئەگەر ئـێمە لێـی

بەرپرس نین، تکا دەکەم با پاشکۆ یا رەوەندی کوردستانی لە لیژنەکە بسڕێنرێتەوە، چونکە مەعقول نییە پەیوەست بێت بە ئێمە وە ئێمە نەتوانین سەردانیان بکەین، زۆر سوپاس.
بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:
ئەم بابەتە بابەتێکی گرنگە وە ئێمە بەو پەلەپەلە سەردانی بەڕێزتانمان بۆ ڕێك نەدەخرا بەشێکی پەیوەندی بە کۆڕۆنا هەیە بەشێکی پەیوەندی بە ڤیزا هەیە، بەڵام لەگەڵ سەرۆك کۆماری عێراق قسەمان کردووە بۆ ئەم بابەتە لەبەر ئەوەی پێمانوایە شەئنێکی تەنفیزییە و دەبێت لەگەڵ سەرۆك کۆمار قسە بکات وە قەناعەتێکمان هەبوو کە رەنگە لیژنەکەی ئێمە بڕۆنە وێ بە ئاسانی ڕێگەی پێ نەدەن بچێتە ئەو سنوورانە کە ئەمە دوا جار لەسەر پەرلەمان بە شکڵێکی خۆش نەکەوتەوە، یەعنی دڵنیا نەبووین لەوەی کە ئێوە بڕۆن ڕێگەتان پێ دەدرێت کە بڕۆنە ئەو سنوورانە بۆ بینینی ئەو هاووڵاتیانە، بەڵام دڵنیاتان دەکەینەوە کە ئێمە ئەوەی پێویست بوویێت لەگەڵ سەرۆك کۆمار لەگەڵ فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان کارمان لەسەر کردووە وە لیژنەکەتان زۆر زۆر گرنگە و تایبەتمەندییەکی جیاوازی هەیە لەگەڵ لیژنەکانی تر، بەڵام بە دیاریکراوی بۆ ئەو کەیسە ئێمەی لە خۆمان دڵنیا نەبووین، بۆیە نەمانتوانی سەردانەکەتان بۆ ڕێك بخەین، کاك نزار فەرموو.
بەڕێز نزار ملا عبدالغفار:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
بەناوی خودای گەورە، بە پێی ماددەی (٤١) هەر لیژنەیەکی هەمیشەیی لە چوارچێوەی پسپۆرییەکەی بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە دەکات من نامەوێ وەڵامی هیچ هەڤاڵێکم بدەمەوە، بەڵام هەر بۆ زانیاری و ڕوونکردنەوە لە لیژنەی ناوخۆ و ئاسایش ئەو زایاریانە شتێکی لەو بابەتە نییە، سەبارەت بە کامێرای چاودێری یا خود بە کامێرای لێخوڕین ئەمە بدرێت بە کەرتی تایبەت تەنها بۆ مەرامی ڕێکخستنەوە دەیانەوێت هەماهەنگی بکەن لەگەڵ کەرتی تایبەت بۆ زانیاریتان، زۆر سوپاس.
بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:
زۆر سوپاس، بەڕێزان ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان ئەو کەسانەی کە خۆیان قەناعەتیان پێیەتی یاداشت ئاڕاستەی سەرۆکایەتی دەکەن ئێمە لەگەڵ حکومەت قسە دەکەین بۆ ئەوەی ئەو قسەی لەناو لیژنە کردوویەتی لەناو هۆڵی پەرلەمان بکات، بەڕێزان ئیلتیزام بە یەك دەقەکەوە بکەن، مژدە خان فەرموو.
بەڕێز مژدە محمود محمد:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
تەقریبەن حەوت هەشت جەلسە زیاترە من داوام کرد کە ئێمە لە یاداشتێك کۆمەڵێك پەرلەمانتار واژۆمان کۆ کردەوە سەردانی گیراوانی بادینان بکەین وە حوکم بەسەردا سەپێنراوان تاوەکو ئێستا لە زیندانەکانی ئاسایشی هەولێر دان ئەوانە حوکم دراون چۆن دەبێت رەوانەی چاکسازیەکان نەکرێن و کەس و کاریان نەیانبینن؟ بە دە رۆژ جارێك دەتوانن تەلەفۆن بکەن، پێشتر کاك هێمن وتی ئێمە وەکو پەرلەمان کار ئاسانی دەکەن ئەگەر ئێوە واژوو و شتی وا بکەن، بەڵام تاوەکو ئێستا وەڵامتان نەداومەتەوە لەوانەیە دە کەڕەت پرسیارم کردبێت هیوادارم

ئەو جـارە وەڵامم بـدەنەوە بتـوانن کارئاسـانیمان بـۆ بـکەن، وە سـەبارەت بەوەی کە یاسـای خانەنشـینی هێزەکـانی ئاسـایش و نـاوخۆ بـۆچی نـاخرێتە بەرنـامەی کـار؟ هیـوادارم روونکردنەوەمان پێ بدەن لەسەر ئەوە، وە بەڕێـز سـەرۆکی پەرلەمـان یەك شـتی دیـکەم هەیە حکـومەت دنیـایەك مـووچەی مووچەخـۆران قەرزارە (٩٤،٠٠٠،٠٠٠) نەوەد و چـوار ملیـۆن دینـار دەتوانین بڵێین سێ ملیـار دینـار بـۆ بیسـت و سـێ وەکیـل وەزیـر سـەرف دەکـات لە کاتێکـدا کە مامۆستای وانەبێژ ئەو بەرپرسیارەتە قورسە لەگەڵ مامۆستایانی دیکە گرتویانەتە ئەستۆ، بەڵام مامۆستا هەبووە لە مانگی دوو و سێ هەشت هەزار دیناری بۆ هاتۆتەوە وەڵاهی هەشـت هەزار دینار و پازدە هەزار دینار بەشی هیچ ناکات، تۆ ئەو خوایە کامیان گرنگتـرە وەکیـل وەزیـر هەیە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمـان دوو سـەیارەی ئـاخیر مـۆدێلی پێـیە چ زەرووره، هیـوادارم پەرلەمـان هەڵوێسـتی هەبێـت وە ئەو یاداشـتەی کە پێشکەشـمان کـردووە بـۆ فەرمـانبەرانی گرێبەسـت و مامۆسـتای وانەبێـژ و بـۆ سـێ یەکەمەکـان و دەرچـووانی دانەمەزراو هیـوادارم ئەوە بخـرێتە بەرنامەی کار ئەگەر پێویست دەکـات جـارێکی دیـکە واژوو کـۆ دەکەیـنەوە، تکـا دەکەم بـیخەنە بەرنامەی کار، بۆ ئەوەی خوێندنی ئەو ساڵ پەکی نەکەوێت، سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

بەڵێ بەڕێزان سەبارەت بەو یاداشـتانەی کە لە وەرزەکـانی پێشـوو داوتـانە ئـێمە ناردوومـانە بـۆ حکومەت هەندێکی وەڵام دراونەتەوە، بەڕاستی تەئریخەکانی ئەوەندە کۆنە ئێمە پێمـان خـۆش نییە جارێکی تر بینێـرینەوە ئەو بابەتـانەی کە مەبەسـتانە جـارێکی تـر بخـرێتە بەرنـامەی کـاری کۆبوونەوەکـانی پەرلەمـان یاداشـتمان پێشـکەش بـکەنەوە، چـونکە یاداشـت هەیە سـێ جـار ناردوومـانە بـۆ حکـومەت وەڵامی داوەتەوە و دەڵێـت ئامـادە دەبـم زرووفێـك هەبـووە ئـێمە نەمانتوانیەوە دانیشتنەکە بکەین، بەڕاستی بۆ ئێمەش تووشی جۆرێك لە ئیحراجی بووین داوا دەکەین ئەو بابەتانەی بەلاتانەوە گرنگە جارێکی تر پێشکەشی بـکەنەوە، سـەبارەت بە سـەردانی کردنی حوکمدراوان و راگیراوان بەڕێزان ئێوە ئەنـدامانی پەرلەمـانن خۆتـان دەتـوانن سـەردانی ئاسایشی گشتی بکەن جەنابت ئەندامی پەرلەمانی خۆت سەردانی ئاسایشی گشـتی بـکە و داوا بکە وە دەبێت متمانەشت بە رەفیقەکانت لە لیژنەی مافی مرۆڤ هەبێت کاتێك دەڕۆن سـەردان دەکەن و پرسیاریان لێ بکەی من دەزانم ئەم بابەتە گرنگە بەلای هەمووومـانەوە، بەڵام ئەنـدامی پەرلەمان هەموو دەرگاکـان بـۆی کـراوەیە دەتوانێـت خـۆی سـەردان بکـات، بەڕێـزان ئەنـدامانی پەرلەمان ئێمە بڕگەیەکی بەرنامەی کار دەکەین ئینجا وەرتـان دەگـرین، چـونکە ئەمـانە هیچیـان نوقتەی نیزامی نـین نـابنە سـەبەبی راگرتنـی دانیشـتنەکە ئەوە هەر قسـەی ئیعتیـادینە نـوقتەی نیزامی نین نوقتەی نیزامی دانیشتن رادەگرێت، بەڵێ فەرموو سەرۆکی لیژنەی یاسای.

بەڕێز بژار خالد عبدالله:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

پڕۆژە یاسای هەمواری یاسای وەزارەتی دارایی و ئـابووری هەرێمـی کوردسـتان – عێـراق ژمـارە (٥)ی سـاڵی (٢٠١٠) لە لایەن ئەنجـومەنی وەزیـرانەوە پێشـکەش کـراوە وە پێـك هـاتووە لە (٦) مـاددە لەگەڵ هۆیەکـانی دەرچوانـدن، داوا لە بەڕێزتـان دەکەیـن ئەم پـڕۆژە یاسـایە ئاڕاسـتەی لیژنە تایبەتمەندەکانی پەرلەمان بکرێت.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

بەڵێ ئەو پڕۆژە یاسایە ئاڕاستەی لیژنەی دارایی و لیژنەی کاروباری یاسایی دەکرێت، زۆر سوپاس بڕگەی دوای ئەوەی بەرنامەی کار داوا لە سەرۆکایەتی لیژنەی دەسپاکی دەکەین بفەرموون بێنە ئێرە، نوقتەی نیزامی شتێکە دانیشتنەکە ئەنجام نادرێت ئەوەندە ڕێگرییەکی قانوونییە ئەوەی تر قسەی ئیعتیادی ڕۆژانەیە یەعنی پێداویستییەکانی ڕۆژانەی خەڵکە، بەڵێ هلز خان.

بەڕێز هلز احمد محمد:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

دیف ماددا (٥٢) برگا (٣) خالا ئێك ئەڤە دوو کۆمبوون هاتنە کرنێ بەڕێز سکرتێرا پەرلەمانی ناڤێت ئامادەبوویا و نەئامادەبوویا د لیجانا ژی دا د کۆمبوونا پەرلەمانی دا ناخینیت ئەم حەز کەین روونکرنەك بۆ ڤێ چەندێ هەبیت، من تێبینیەك ل سەر جەنابێ تە هەی پێش ووەخت بڕیار نەدەی کا خالا پەیڕەوییە یان خالا پەیڕەوی نینە ئەگەر ئەڤە خالا پەیڕەوی نەبیت لادە یەعنی ئەز حەز دکەم تو مەجالی بدەیە مە ئەم باخڤین ئەگەر خالا پەیڕەوی نەبیت قەتع بکە ل دەڤ خۆ ئەما پێش وەخت بڕیارەکا د جهێ خۆ دا نینە.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

ئەگەر من چل کەس وەربگرم دوو سەعات دوایی بڕیار بدەین کێ پەیڕەوییە و کێ پەیڕەوی نییە؟ (٩٠%) پەیڕەوی نییە، مامۆستا عبدالستار.

بەڕێز هلز احمد محمد:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ئەڤە پەیڕەوی نەبوو ئەو خالا من گۆتی؟

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

بەڵێ ئەوە پەیڕەوی بوو.

بەڕێز هلز احمد محمد:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ئێ تەواو.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

ئەوە دەکرێتە ناو (١٠%) کەوە، دەزانی چۆنە حەق و ناحەق لەگەڵ پەیڕەوی و ناپەیڕەوی جیایە ئەو سەرچنار خانە ئەو دکتۆر اسماعیلە ئەو مامۆستا ابوبکرە ئەو کاك علی حمە صاڵحە کاك دکتۆر شێرکۆ ئەو ڕەفیقانەی کە زۆرترین شت دەڵێن لەسەر خاڵی پەیڕەوی لە من باشتر کە دکتۆرام هەیە لە قانوون دەزانن (٩٠%)ی ئەو قسانەی دەکرێت پەیڕەوی نییە وە هیوادارم ئەوە نەبێتە عورف بۆ خولی دوای ئێمەی پەرلەمانی کوردستان، چونکە عورفێکی خراپە، بەڵێ فەرموو.

بەڕێز عبدالستار مجید قادر:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
بە ناوی خوای گەورە و میهرەبان، بابەتێکی زۆر گرنگ هەیە دەمەوێت لێرە باسی بکەم ئێمە وەکو لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری یاداشتمان داوە بە سەرۆکایەتی پەرلەمان، بۆیە لێرە دەڵێم وە تۆزێك بە تۆخیش دەیڵێم وە هیواداریشم گوێمان لێ بگیرێت ئەویش ئەوەیە ئەم ساڵ وەختی تۆ کردنی جووتیارانە تۆی گەنم کە جووتیار تۆ دەکات بە (٤٠٠٠٠٠) چوار سەد هەزار دینارە ئەو کیمیایەی کە پێویستی پێیەتی ئێستا تەنی بووە بە (١٥٠٠٠٠٠) یەك ملیۆن و پێنج سەد هەزار دینار کە پێش ئێستا نزیکەی (٤٧٠٠٠٠) چوار سەد و حەفتا یا (٥٠٠٠٠٠) پێنج سەد هەزار دینار بووە، حەز دەکەم بزانن ئەمڕۆ و ڕۆژانی ڕابردوو لیژنەی کشتوکاڵ لێرەن ئەوە کاك شوانە کاك حاجی سەفینە و برادەرانی دیکە لێیان بپرسن ئەم ساڵ ئەگەر وابێت بەڕاستی سەد و پەنجا هەزار جووتیار هەیە هیچیان ناتوانن تۆ بکەن کە بەڕاستی قەزیەی گەنم و دانەوێڵە سەرمایەکی گەورەی ئابوورییە و ژێرخانێکی گرنگی ئابووری ئەو وڵاتەیە، من هیوادارام ئەوەی کە ئێستا دەگوزەرێت کە دراوە بە سێ کۆمپانیا لێ ناگەڕێن هیچ کەسێکی دیکە ئەو پەیینی کیماییە بێنێت ئێمە کاتی خۆی لە وەزارەتی کشتوکاڵ وتمان کاکە هەتا جووتیاری نموونەیی جووتیاری گەورە بۆی هەیە بچێت پەیینی کیمیایی بێنێت، بەڵام ئەو مەرج و ڕێنماییانەی وەزارەت دایناوە ئێستاش من ڕەئیم وایە حکومەت ئەگەر دەیەوێت گەنم بکرێت و خاوەن دانەوێڵەی خۆی بێت بۆ ئەوەی دوو سێ کۆمپانیا قۆرخ نەکەن دوای بچن لە دەرەوە بێنن بەناوی ئەوەی کە گەنمی خۆمان نەبووە و نەکراوە با ئەم دەرگایە بکاتەوە بۆ ئەوەی کە ئەم ساڵ جووتیار بتوانێت گەنمەکانی خۆیان بکەن، سوپاس.
بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:
کاك یاسین فەرموو.
بەڕێز یاسین خضر طه:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
بەناوی خودا، دیارە دوێنێ هەندێك قسە کرا من نامەوێت دووبارە بکەمەوە، بەڵام من چەند خاڵێکم هەیە دەمەوێت بیخەمە ڕوو خاڵێکیان ئەوەیە وەزارەتی ناوخۆ کە چەند سەیارەیەکی کڕیوە ئەوە بۆتە باو، یەعنی نازانم سەیارە کڕاوە یا نەکڕاوە کێشە نییە، بەڵام هیوادارم وەزارەتی ناوخۆ سەیارە بۆ وەزیرەکان نەکڕێت بۆ بریکارە سڕکراوەکان، بەڵکو بۆ ئەو بەڕێوەبەرایەتییانە بکڕێت کە هەر پۆلیسە و لە بەڕێوەبەرایەتییەك لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی سنوورەکەی ناڵێم هاتووە یەکێ پێنج هەزاری لە پۆلیسەکان وەرگرتووە بۆ بەنزین و بۆ ئاو و بۆ خواردن و تەعمیرکردنەوە، یەعنی مەعقول نییە بەڕێوەبەرایەتییەکی پۆلیسی گەورە و گران (١٥٠٠٠٠٠) یەك ملیۆن و پێنج سەد هەزار دیناری نەسریە هەبێت بۆ بەنزین، خاڵێکی تر ئەوەیە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ئەو کوردستانە ئێمە دروستمان نەکردووە خوا دروستی کردووە خوا کە ئێمەشی دروست کردووە بە زمانی کوردی هیچ تاوانمان نییە یەعنی ناکرێت لە مابەینی هەولێر و سلێمانی چونکە من ئەندامی لیژنەی ناوخۆ و ئەندامی لیژنەی کشتوکاڵم ڕۆژێ هەتا ئێوارێ تەلەفۆن بۆ پارێزگار و بۆ وەزیرەکان بکەم ڕۆژێك لەولا ئارد مەمنوعە بچێتە سلێمانی

رۆژێك لەولا مەمنوعە ئارد قووتی هاوولاتییە دیسان وەزارەتی دارایی تەنی (٣٥$) سی و پێنج دۆلار لەسەر ئاردی داناوە .

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

زۆر سوپاس، بەڕێزان دەزانم هەر هەمووتان خەمی گران بوونی بازاڕتانە دەبێت دانیشتنێکی پەرلەمانی کوردستان بکەین وەزیری بازرگانی و وەزیری دارایی و وەزیری کشتوکاڵ و وەزیرە تایبەتمەندەکان بانگ بکەین سەبارەت بە بابەتی گرانبوونی بازاڕ بەمە حەڵ نابێت ئێستا بەڕێزتان ئەو قسەیە دەکەن و دەڕوات هیچ سوودێکی نییە، دەبێت ئێمە دانیشتن بکەین بەدوای چارەسەر بگەڕێین بۆ تاکە ئەندام پەرلەمان ئەم قسانە دەبێتە مەجدێکی دوو سەعاتی لە ئیعلام بەس دوای ئەوە کێشەکە چارەسەر ناکات کاك یاسین ئەو بابەتە و بابەتەکانی تریش.

بەڕێز یاسین خضر طە:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

پەیوەندیم پێوە کردوونە زۆر ئاسانە بە میزاجی پۆلیسەکە دەڕوات ئەو وڵاتە یەك پۆلیس...

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

تەواو یەك دەقەکەت تەواو کاك یاسین، ئێستا دەستت بەرز کردەوە کاك بهمن، فەرموو.

بەڕێز بهمن کاك عبدالله احمد:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

من لە وەرزی پێشووتر هەر لێرە بە جەنابتم وت وتم ئێمە یاسای زەوییە زێدەڕۆکان کە هەموارمان کردەوە دیارە لە سەرۆکایەتی هەرێم و ئەوانە تا ئێستا نەچووەتە وەقائیع بڵاونەبووەتەوە، بەڵام لە هەندێك ناوچەی کوردستان ئەو خەڵکانە گیراون یەعنی خەڵك هەیە چل رۆژە لە زیندانە جەنابت لە وەرزی پێشوو هەر لەسەر موداخەلەیەکی من لیژنەی شارەوانیت راسپارد کە لەدوای ئەو بابەتە بڕۆن، بەڵام تا ئێستا گرتنەکان هەر بەردەوامە و خەڵکێکیش هەیە چل رۆژە لە سجنە، بۆیە داوات لێ دەکەم لیژنەی ناوخۆ و لیژنەی شارەوانی رابسپێری، چونکە یاساکە دەرچووە و ئەو خەڵکەش دەمێکە تەجاوزی کردووە هی وا هەیە دە ساڵە کردوویەتی بۆ ئێستا دە رۆژ تەحەمول ناکەن تا یاساکە تەوقیع دەکرێت و لە وەقائیع بڵاو دەبێتەوە لە رێگای وەزارەتی ناوخۆ داوا لە هێزەکانی پۆلیس و ئاسایش بکەن کە ئەو خەڵکە ئازاد بکەن تاوەکو یاساکە لە وەقائیع بڵاو دەبێتەوە، چونکە هەموو رۆژ منداڵەکانیان و خێزانەکانیان تەلەفۆن بۆ ئێمە دەکەن وە لە زۆر ناوچەش ئەمە هەیە، بۆ ئەوەی رابگیرێت و ئەو خەڵکەش بگەڕێتەوە ناو ماڵەکەی خۆی ئەوەی کە دوای قانوونەکە شمولی نەکرد خانووکەی بڕوخێنن، زۆر سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

بەڵێ سوپاس، دروستە بەڵام بە پێی قانوونێك گیراون کە ئێستا بەرکارە لە هەرێمی کوردستان بۆ پەرلەمان ئاسایی نییە بڵێ ئەو قانوونە جێبەجێ مەکە کە ئێستا بەرکارە لە هەرێمی کوردستان دەبێت ئێوە پەیوەندییەکانی خۆتان لەو رووەوە بەکار بێنن ئێمە بە رەسمی ناتوانین نووسراو بکەین هەتا قانوونەکەی تر لە وەقائیع بڵاو دەبێتەوە، بەڵێ کاك بژار کاك سعید فەرموون.

بەڕێز سعید مصطفى تەتەرخان:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
ناونیشان:
پێشنیازی یاسای هەمواری دووەمی یاسای دەستەی گشتی دەسپاکی لە هەرێمی کوردستان – عێراق ژمار (٣)ی ساڵی (٢٠١١).
مادەدەی یەکەم: هەر یەك لە بڕگەکانی یەکەم و دووەم لە ماددەی حەوتەمی یاساکە هەڵدەوەشێتەوە و سەر لە نوێ ڕێزبەندی بۆ بڕگەکانی تری ماددەکە دەکرێتەوە.
ماددەی دووەم: کار بە دەقی هیچ یاسا و بڕیارێك ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك بێت.
ماددەی سێیەم: ئەم یاسایە لە ڕۆژی دەرچوواندیەوە جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی وەقائیعی کوردستان بڵاو دەکرێتەوە.
هۆیەکانی دەچوواندن:
بۆ نەهێشتنی دژیەکی (التناقظ) لە نێوان ماددەی شەشەم و بڕگەکانی یەکەم و دووەم لە ماددەی حەوتەمی یاساکە کە بە هۆی یاسای ژمارە (٧)ی ساڵی (٢٠١٤) یاسای هەمواری یەکەمی یاسای دەستەی گشتی دەسپاکی لە هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠١١) دروست بووە و لە پێناو جێبەجێ کردنی یاساکە بە شێوەیەکی گونجاو و دروست ئەم یاسایە دەرچووێندرا.
بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:
بەڵێ سوپاس، ڕاپۆرت بخوێنن.
بەڕێز بژار خالد عبدالله:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
ئەمە دەقی ڕاپۆرتی لیژنەی یاساییە، لیژنەی کاروباری یاسایی ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی (٢٠٢١/٨/٢٤) کاتژمێر (١٢) کۆبوونەوەی خۆی ئەنجامدا بە مەبەستی پێداچوونەوە و داڕشتنەوەی یاسایی و دڵنیا بوون لە دژنەبوونی دەقەکان لەگەڵ دستوور و یاسا کارپێکراوەکان بە پێی حوکمەکانی ماددەی (٨٥) و بڕگەکانی یەکەم و سێیەم تایبەت بە ڕاپۆرتی لیژنەی دەسپاکی سەبارەت بە خوێندنەوەی دووەم بۆ پێشنیازە یاسای هەمواری دووەمی یاسای دەسپاکی هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠١١) و لیژنەی یاسایی ئەم داڕشتنەوەی خوارەوەی پێ پەسندە، سەبارەت بە ناونیشان پێشنیازی یاسای هەمواری دووەمی یاسای دەستەی دەسپاکی هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠١١).
ماددەی یەکەم: هەر یەك لە بڕگەکانی یەکەم و دووەم لە ماددەی حەوتەمی یاساکە هەڵدەوەشێتەوە و سەر لە نوێ ڕێزبەندی بۆ بڕگەکانی تری ماددەکە دەکرێتەوە.
ماددەی دووەم: کار بە دەقی هیچ یاسا و بڕیارێك ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك بێت.
ماددەی سێیەم: ئەم یاسایە لە ڕۆژی دەرچوواندیەوە جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی وەقائیعی کوردستان بڵاو دەکرێتەوە.

هۆیەکانی دەچوواندن:

بـۆ نەهێشـتنی دژیەکـی (التنـاقض) لە نێـوان مـاددەی شەشـەم و بڕگەکـانی یەکەم و دووەم لە ماددەی حەوتەمی یاساکە کە بە هۆی یاسای ژمارە (٧)ی ساڵی (٢٠١٤) یاسای هەمـواری یەکەمـی یاسـای دەسـتەی گشـتی دەسـپاکی لە هەرێمـی کوردسـتان – عێـراق ژمـارە (٣)ی سـاڵی (٢٠١١) دروست بووە و لە پێناو جێبەجێ کردنی یاساکە بە شـێوەیەکی گونجـاو و دروسـت ئەم یاسـایە دەرچووێندرا.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

بەڵێ بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان گوێتان لە راپۆرتی لیژنەی یاسـایی بـوو هەر بەڕێزێـك لەگەڵ ئەوەیە راپۆرتەکە بکرێتە بنەمای موناقەشە با بفەرموێت دەست بەرز بکـاتەوە، کـێ لەگەڵـدایە؟ بەڵێ سوپاس فەرموون ناونیشان بخوێننەوە، کـاك بـژار ئێسـتا لەوانەیە پرسـیار هەبێـت بـۆچی یەك ماددەیە؟ بۆ تەوزیحێك نادەی، هەر لەسەر ئەم مەشروعە.

بەڕێز بژار خالد عبدالله:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ئیحتیماله جێی پرسیار بێت ئەم پێشنیازە یاسایە بۆ بەم شێوەیە و یەك ماددەیە؟ لە هۆیەکـانی دەرچوواندنیش دیارە کە ئەم یاسایە لە ساڵی (٢٠١١) پەسند بووە دواتر لە ساڵی (٢٠١٤) بە یاسای ژمارە (٧) ئەو کات کە تەعدیلی یەکەم بـووە لە سـەر یاسـای ژمـارە (٣)ی سـاڵی (٢٠١١) ئەو کـات دژیەکییەك دروست ببوو بۆ چارەسەر کردنی ئەو دژیەکییە ئەوەی لە ماددەی (٦) لەگەڵ ماددەی (٧) بـۆ عیلـاج کـردن و نەهێشـتنی ئەو دژیەکیـیە لەگەڵ هەردوو مـاددە لە یەك یاسـادا ئەم پێشـنیازە یاسـایە تەقـدیم کـراوە، وە ئەوەی ئێسـتا گەیشـتۆتە ئەم مەرحەلە و کە خوێنـدنی دووەمی بۆ دەکرێت هەر دوو یاساکانیش مەوجودن لای من ئەگەر پێویست بێـت بـۆ تەوزیحـی هەڤاڵان و ئەنـدامانی پەرلەمـان دەتـوانین هەم بـڕگەی یەکەم لە مـاددەی (٦) وە هەم بڕگەکـانی یەکەم و دووەم لە ماددەی (٧) بخوێنین، بـۆ ئەوەی وازحتـر بێـت و ئەگەر کـافیش بێـت تەواوە، زۆر سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

بێگومان ئەوان خۆیان ئیتلاعیان کردووە، بەڕێزان ناونیشان.

بەڕێز شنۆ اشقی عبدالله:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ناونیشان:

پێشنیازی یاسای هەمواری دووەمی یاسای دەستەی گشـتی دەسـپاکی لە هەرێمـی کوردسـتان – عێراق ژمار (٣)ی ساڵی (٢٠١١).

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

هەر بەڕێزێك قسەی هەیە لە سەر ئەو ناونیشانە (دکتۆر اسماعیل، دکتۆر محی الـدین، مامۆسـتا ابوبکر، سەرچنار خان)، فەرمەوو سەرچنار خان.

بەڕێز سەرچنار احمد محمود:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
ئێمەی لە لیژنەی دەسپاکی دوو خوێندنەوەمان هەبوو بۆ یاسای دەستەی دەسپاکی، یەکەمیان ئامادە کردنی راپۆرت ئەوە بوو هەمواری یەکەم دەستە خۆی ناردبووی هەندێك خاڵ بوو کە داوای سەڵاحییەتی دەکرد لە دامەزراندنی لێکۆڵێنەرانی دادوەری لە بوودجە وە چەند خاڵێکی تر بوو لەو دادگایەی کە دادەمەزرێت، وە ئەمە دوای خوێندنەوەی یەکەم تەعدیلی دووەم کرایەوە بۆ ئەم بابەتە ئێستا لە بەردەم دوو تەعدیل بووین تەعدیلی دووەم بە دوو شێوازی جیاواز، ئێستا راپۆرت گەڕاوەتەوە بۆ دەستە ئەمەش ئێستا هاتۆتەوە و خوێندنەوەی دووەمی بۆ دەکرێت، وە دەکرێت لە ساڵێك یاسایەك دوو تەعدیل بکرێت؟ دەبووایە ئەوەی ئەمڕۆ لەگەڵ ئەوەی پێشووتر کە هی دەستە بوو هەردووکیان یەك بخرایە بە هەموارێك ئەم ساڵ دەربکرایە تۆکمەتر و باشتر دەبوو لەوەی کە دوو جار ئێمە بگەڕێینەوە سەر هەمواری یاسایەك لە ساڵێك.
بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:
بەڕێزان ئەو یاسایەی کە لە ساڵی (٢٠١١) دەرچووە چەند ماددەیەك نازانم بیست و پێنجە بیست و شەش ماددەیە، بیست و هەشت ماددەیە جارێك بە حەڤدە ماددە تەعدیل کراوە ئەوەی دەستە ناردبووی نۆزدە ماددەی تر تەعدیل یەعنی ژمارەی ماددەکانی تەعدیل دەبووە سی و شەش ماددە ئەسڵی قانوونەکە بیست و هەشت ماددە بوو، بۆیە ئەگەر دەستە مەبەستیەتی قانوونێکی تازە با ئاڕاستەی پەرلەمانی کوردستانی بکات ناکرێت لە رووی قانوونییەوە ئەسڵی قانوونێك بیست و هەشت ماددە بێت سی و شەش ماددە بەس تەعدیلی لە سەر بێت با سەریح بین لەگەڵتان پەرلەمانی کوردستان و ئەم خولەی پەرلەمانی کوردستان میراتی کۆمەڵێك دەستەی ماوە بەسەر چووی بۆ ماوەتەوە ئێمەش حەزمان دەکرد کە هاتین هەموو دەستەکان لە شوێنی ئیشکردنی خۆیان بوونایە دەستەی مافەکانی مرۆڤمان چارەسەر کرد، دەستەی دیوانی چاودێری داراییمان چارەسەر کرد دەبێت دەستەی دەسپاکی چارەسەر بکەین ئەو ماددەیە نایەڵێت چارەسەر بکەین، لەبەر ئەوە ماددەیەکی ئیستراری ناچارییە وە دەبێت بیکەین، بەڵێ مامۆستا ابوبکر فەرموو.
بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
بەشێکی قسەکانم لە لایەن سەرچنار خانەوە کران هەڵبژاردنی سەرۆکی دەستەکە زۆر گرنگە، لەبەر ئەوەی کاتەکەی بەسەر چووە، بەڵام ئەهمیەتی دەستەکە زۆر گرنگە کە خۆیان وە لایەنی مەعنی کە گوێی لێ بگیرێت دەستەکە خۆیانن کە ئەوان ئیشکالیان لە لێکۆڵێرەوەی دادی لە خولی پێشووش جەنابت دەزانی زۆر هاواریان کرد کە پێویستیان بە لێکۆڵێرەوەی دادی هەیە لە سەر مەسەلەی بوودجەی خۆیان وە هەندێك کێشەی تری ئیداریان هەیە، لەبەر ئەوە ناکرێت داوای دەستەکە پشتگوێ بخرێت تەنها بیر لە سەرۆکی دەستەکە بکرێت، بۆیە دەبێت لە داهاتوو ئەم دەستەیە بکەوێتە سەر پێ، چونکە بە راستی تاوەکو ئێستا لە (٢٠١١)ەوە بەداخەوە بە ڕۆڵی خۆی هەڵنەستاوە لە کاتێکدا ئەو هەموو گەندەڵی و خراپ بە کارهێنانی دەسەڵات هەیە، زۆر سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس بۆ بەڕێزتان، کاك دکتۆر اسماعیل فەرموو.

بەڕێز اسماعیل علی طە:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ئاخفتنێت من ژ لایێ مامۆستا ابوبکر و مامۆستا سەرچنار خان هاتنە کرن، زۆر سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

بەڵێ، دکتۆر محی الدین فەرموو.

بەڕێز محی الدین حسن یوسف:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

تەنها هەر ئەو روونکردنەوەی جەنابت دات، چونکە دەستەی دەسپاکی لە ساڵی (٢٠١٩) بە ژمارە (٢١٩) لە (٢٠١٩/١٠/١٦) داوای هەموار کردنیان کردبوو، وە لە (٢٠٢٠/١١/١) بە ژمارە (١٣٠/١ ) دیسان جەختیان کردبووەوە لەسەر هەموار کردنەکە ئەو روونکردنەوەی بەڕێزت کە (٢٨) ماددەیە و دەیانەوێت بیکەنە (٣٦) ماددە پێویستە گۆڕانکاری لە بنەڕەتی یاساکە بکرێت، بۆیە من تەنها ئەو پرسیارەم هەبوو، زۆر سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

بەڵێ سوپاس بۆ بەڕێزت، سەرۆکی لیژنەی قانوونی فەرموو.

بەڕێز بژار خالد عبداللە:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

هەر چەندە بە رەسمی ئاڕاستە نەکرابوو بۆ لیژنەی یاسایی، بەڵام زۆر جار لە لیژنەی یاسایی تەواوی ئەندامان و راوێژکارانی لیژنەی یاسایی موتەفقین لەسەر ئەوە وەکو عورفێکی قانوونی و داڕشتنەوە و سیاغە ئێمەش باش نابینین ئەگەر قانوونێك هەموارەکەی زیاتر بێت (٢٥%) هەر چەندە ئەوە میعیارێکی سابت نییە، بەڵام وەکو عورفێك زۆر گفتوگۆمان کردووە و پرسیاریشمان کردووە هەتا لە سەر مستەوای ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقیش ئەگەر قانوون تێپەڕی لە (٢٥%)ی ماددەکانی کە هەموار بکرێت ئەوە پێویستی بە سیاغەیەکی نوێ و قانوونێکی نوێ و سەر لە نوێ دەربچێت بۆ ئەوەی کە ئیلغا ببێت هەر چەندە بە رەسمی ئاڕاستە نەکرابوو، بەڵام ئێمەش پێمان باشە ئەو بەرچاو روونییە هەبێت بۆ کاتی ئامادە کردنی هەر پێشنیازە یاسایەك کە هەموار بکرێت ئەگەر ئەو رێژەیە (٢٠% یا ٢٥%) تێپەڕی رەچاوی ئەوە بکەن سەر لە نوێ داڕشتنەوەیەکی تر بکرێت ببێتە یاسایەك یا پڕۆژەکی ئامادەکراوی نوێ باشتر دەبێت، زۆر سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

زۆر سوپاس، فەرموون ماددەی (١) بخوێننەوە.

بەڕێز شنۆ اشقی عبداللە:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ماددەی (١):

هەر یەك لە بڕگەكانی یەكەم و دووەم لە ماددەی حەوتەمی یاساكە هەڵدەوەشێتەوە و سەر لە نوێ ریزبەندی بۆ بڕگەكانی تری ماددەكە دەكرێتەوە.
بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:
كێ قسەی هەیە لەسەر ئەوە؟ كەس قسەی نییە، ماددەی دوای ئەوە.
بەڕێز شنۆ اشقی عبدالله:
بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.
ماددەی (٢):
كار بە دەقی هیچ یاسا و بڕیارێك ناكرێت كە لەگەڵ حوكمەكانی ئەم یاسایەدا ناكۆك بێت.
بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:
كێ قسەی هەیە؟ ماددەیەكی پڕۆتۆكۆڵییە، كەس قسەی نییە ماددەی دوای ئەوە، فەرموون كاك حاجی.
بەڕێز هەڵكەوت انور خلیفە:
بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.
ئەم یاسایە لە رۆژی دەرچوواندنیەوە جێبەجێ دەكرێت و لە رۆژنامەی فەرمی وەقائیعی كوردستان بڵاو دەكرێتەوە، سوپاس.
بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:
كێ قسەی هەیە بەڕێزان؟ بەڵێ هۆیەكانی دەرچوواندن.
بەڕێز هەڵكەوت انور خلیفە:
بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.
هۆیەكانی دەرچوواندن:
بۆ نەهێشتنی دژەیەكی لە نێوان بڕگەی یەكەم لە ماددەی (٦) و بڕگەكانی یەكەم و دووەم لە ماددەی (٧)ی یاساكە كە بە هۆی یاسای ژمارە (٧)ی ساڵی (٢٠١٤) یاسای هەمواری یەكەمی یاسای دەستەی دەسپاكی هەرێمی كوردستان – عێراق ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠١١) دروست بووە لە پێناو جێبەجێ كردنی یاساكە بە شێوەیەكی دروست و گونجاو ئەم یاسایە دەرچووێندراوە، سوپاس.
بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:
كێ قسەی هەیە؟ بەڵێ نجاة خان فەرموو.
بەڕێز نجاة شعبان عبدالله:
بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.
ب ناڤێ خودێ مەزن و دلۆڤان، دیڤ ماددێ (٢) ژ پەیرەوێ ناڤخۆ یێ پەرلەمانی، پەرلەمان لە هەرێم باڵاترین دەسەلاتی یاسادانان و چاودێری هەیە، بەس ئەگەر ئەم تەماشا بكەین لە هۆیەكانی دەرچوواندن دێرا دوماهیكێ لە پێناو جێبەجێ كردنی یاساكە بە شێوەیەكی دروست و گونجاو ئەم یاسایە دەرچووێندرا رامانا هندێ ددەت دڤیا ئەڤ دێرە لابچیت، چونكی رامانا هندێ ددەت پەرلەمان كارێ خۆ ب درستی ناكەت كو چاڤدێرییێ بكەت، ژبەر هندێ باشترە ئەڤ دێرە تێدا نەمینیت، زۆر سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:
بەڵێ بەڕێز سەرۆکی لیژنەی قانوونی گوێت لە نجاة خان بوو بەڕێزتان؟
بەڕێز بژار خالد عبدالله:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
مەبەست لە ئامادەکردنی ئەو پێشنیازە یاسایە بۆ تەعدیل کردن ئەوەیە بۆ ئەوەی لەو تەعاروزە قوتار بین، چونکە لە کاتی تەعاروزدا هەر لایەنێکی تایبەتمەند هەم دەستە خۆی کە پشت بەستنی لەسەر قانوونی خۆی دەکات هەم پەرلەمان هەم ئەو ماددەیە کە موتەعەلقە بە ئەنجومەنی دادوەری هەر هەموویان لە کاتی پێگیری پێ کردن و کار پێکردنی ئەم یاسایە تووشی ئیشکال دەبن، لەبەر ئەوە بەم شێوەیە هاتووە بەم سیاغە هاتووە مانای ئەوە نییە کە هیچ کەم و کوریەکی تری هەیە جگە لەوەی کە لە جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە ئەم ئیشکالە لە بەردەمی ئەو دەستە و لایەنانە هەی کە موتەعەلقن پێی، زۆر سوپاس.
بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:
زۆر زۆر سوپاس بۆ سەرۆکایەتی لیژنە و ئەندامانی لیژنەی دەسپاکی فەرموون بڕۆنەوە شوێنەکانی خۆتان، زۆر سوپاس کاك حاجی، لیلی خان، کاك سعید، شنۆ خان، کاك سەروان نوقتەی نیزامی، سەرۆکایەتی لیژنەکانی پێشمەرگە و ناوخۆ فەرموون، با کاك سەروان وەرگرین دوای ئەوە بەسەر چاو.
بەڕێز سەروان محمد علی:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
بە ناوی خودای گەورە و میهرەبان، لە وەرزی پێشووتر داوایەکم لە سەرۆکایەتی پەرلەمان کرد دەربارەی تەشکیل کردنی لیژنەیەك بۆ بەدواداچوون لە سەر ئەو داوایەی کە لە بەڕێزتانم کرد، وەکو سەرۆکایەتی پەرلەمان هەشت مانگە داوای ئەوە دەکەم کە بەدواداچوون بکرێت لە سەر ئەرکی زۆری یەك فەوجی پێشمەرگە لە کوردستان، یەك فەوجی پێشمەرگە ئەوەمان پێ تەنزیم نەبێت چۆن دەتوانین هەموو کوردستان ڕێك بخەین بۆ خاتری خودا هەشت مانگە داوا دەکەم...
بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:
ئێمە لیژنەی پێشمەرگە رادەسپێرین..
بەڕێز سەروان محمد علی:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
لیژنەی ناوخۆ، چونکە ئەوە لە زێرەڤانییە...
بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:
لیژنەی ناوخۆ رادەسپێرین بۆ بەدواداچوونی ئەو بابەتەی کە کاك سەروان باسی دەکات..
بەڕێز سەروان محمد علی:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
لیژنەی ناوخۆ و پێشمەرگە، ئێستا راتسپارد، بەڵام لیژنەی ناوخۆ چی کردووە؟
بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:
ئاخر ئێمە ئێستا رایان دەسپێرین.

بەڕێز سەروان محمد علی:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
پێشتریش راتسپاردن، بەڵام شتەکان ئیهمال دەکرێت بە راستی یەعنی هەر وتنی زارەکییە و بەس فەرموون لیژنەی ناوخۆ کێ لێرەیە چیتان کردووە کە سەرۆکی پەرلەمان رایسپاردوون ئەوە یەك، دوو لە خولی پێشتری پەرلەمانی کوردستان خولی چوارەم بڕیار لە سەر تەشکیل کردنی لیژنەیەك درابوو کە حکومەت بەدواداچوون بکات و لەگەڵ حکومەتی مەرکەزی بۆ بەدواداچوون لە سەر ئەم دیلە ونبووانەی شەڕی (داعش) کە چەند رۆژێك پێش ئێستا باوکی دیلێك هاتە پەرلەمان تا ئێستا یەك کەس بەدواداچوونی لە سەر نەکردووە یەك لیژنەشی لە سەر تەشکیل نەکراوە، یەعنی بۆ قسەکانی ئێمە لە پەرلەمان زارەکی بێت و ئەوانەی کە بڕیار دەدەن رایاندەسپێرین ئیهمالی لە بڕیارەکانی پەرلەمان دەکات؟ هۆکار چییە؟ هۆکار ئەوەیە ئێمە زەعیفین؟ یان هۆکار ئەوەیە کە ئەوان کەم تەرخەمن لە جێبەجێ کردنی ئەرکەکان، زۆر سوپاس.
بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:
کاك شاخەوان وەڵامت هەیە بۆ کاك سروان؟
بەڕێز شاخەوان رؤوف مصطفى:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
پێش ئەوەی جوابەکەی کاك سەروان بدەمەوە بڕیار بوو من و کاك رێڤنگ لەگەڵ جەنابت دانیشین، بڕیار بوو ئەم پرۆژە یاسای کە پەیوەندی هەیە بە مەدالیاوە هەر دوو لامان لەگەڵ لیژنەی یاسایی تەرتیبی ئەم بابەتە بکەین، بەڵام بەداخەوە ئێمە تێدا نین وەکو لیژنەی ناوخۆ، چونکە لە نەسی ئەمە هاتووە لیژنەی ناوخۆی تێدا نییە، ئەو بابەتەشی کە پەیوەندی هەیە بە کاك سەروان ئێمە چەند جارێك لە لیژنەی ناوخۆ موناقەشەی ئەم بابەتەمان کردووە بە نووسراوی رەسمی وەزراەتی ناوخۆمان ئاگادار کردووە لە سەر ئەوەی کە واجبات و ئیلتیزاماتی هێزەکانی زێرەڤانی زۆر زیاترە لە واجبات و ئیلتیزاماتی هێزەکانی بەرگری فریاکەتن واجباتی هێزەکانی زێرەڤانی دە رۆژ مۆڵەتیان هەیە و بیست رۆژ لە واجبن واجباتی هێزەکانی بەرگری فریاکەوتن پێچەوانەیە، لەبەر ئەوە ئێمە بە رەسمی لەگەڵ وەزیری ناوخۆ و لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ قسەمان کردووە بە نووسراوی رەسمیش داوامان لە وەزارەتی ناوخۆ کردووە لە کۆبوونەوەی لیژنەی ناوخۆ لە سەر ئەم پرسە قسەی جدیمان کردووە، وە ناردووشمانە بۆ وەزارەتی ناوخۆ بە وەزارەتی ناوخۆمان گوتووە لە سەر ئەم پرسە لە سەر ئەم بابەتە روونکردنەوەی کورتمان بدەنێ، سوپاس.
بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:
زۆر سوپاس، مامۆستا عمر فەرموو.
بەڕێز عمر عبدالله فتاح:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
بە ناوی خوای بەخشندەی میهرەبان، دوێنێ بەڕێزت زۆر بە جدی رەخنەیەکت ئاراستەی حکومەت کرد، بە راستی من بە دڵم بوو لە جێگای خۆی بوو کە حکومەت پابەندی پرسە

داراییەکان نابێت، پابەندی یاسای بـوودجە نابێـت، بەس بـۆ ئەوەی حکـومەت پابەنـد بکەیـن بە پرسی دارایی و یاسای بوودجە وە زۆر شتی تر، چونکە یاسایی بوودجە بەتاڵ کردنەوەی یەکێك لە ئەرکە سەرەکییەکانی پەرلەمانە سێ ئیش دەکات تەشریعە، چـاودێرییە، یاسـایی بـوودجەیە، مـن لە مـانگی هەشـت پرسـیارم کـردووە لە حکـومەت بە هـۆی زیـاد بـوونی داهـات بـۆچی مامۆسـتایانی وانەبێـژ ناکـاتە گرێبەسـت، ئێـوەی بەڕێـز وەڵامتـان داومەتەوە کە ئەم پرسـیارە دووبارەیە و وەڵام دراوەتەوە، دوو وەڵامتان بۆ هاوپێچ کردووم کە هی مانگی دەی ساڵی پـارن مانگی دەی ساڵی (٢٠٢٠) تا ئێستا حکومەت پێنج سەد تـا شـەش سـەد مليـار دينـار داهـاتی زيـاد بووە ئەم پرسیارەی من بە دووبـارە حسـابە؟ چـونکە مـن کاتێـك پرسـيارێك دەکەم دەزانـم چـی دەپرسم کە لە یاساکە لە کوێیە حکومەت داهاتی زۆر بووە یـان نە وەڵامەکەش نەسـەن ئەوەیە هەر دوو وەڵامەکەش دەڵێـت حکـومەت بـارودۆخی دارايـی خـراپە هەر کاتێـك بـاش بـوو ئەم کێشەیە حەل دەکەین، ئـێمە دەزانـین حکـومەت ئێسـتا بـارودۆخی دارايـی زۆر زۆر بـاش بـووە نەوت بە نرخێکی زۆر بەرز دەفرۆشرێت، داهاتی گـومرك زيـاد بـووە، داهـاتی بـاج زيـاد بـووە لە بەغداوە دوو سەد مليار دێت، واتا ئەم وەڵامە تەنانەت ئەگەر دوو مانـگ لەمەو پـێش بـووایە تـا رادەیەك، بەس لە دوای ئەم دوو مانگە و کە لە بەغداش دوو سەد مليـار دينـار داهـات دێـت ئەم پرسـيارەی مـن ئەم بەدواداچـوونەی مـن بە دووبـارە حسـاب نيـيە، هيـوادارم ئێـوەی بەڕێـز هاوکارمان بن، وە من زۆر دەستخۆشیت لێ دەکەم لە وتارەکەی دوێنێت بەو ئاڕاسـتەی بوویـت پەرلەمان بتوانێت حکومەت لەو سەرپێچییانە رابگرێت، زۆر سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

بەڵـێ سـوپاس، دکتـۆرە شـايان فەرمـوو، خـۆی پەيـڕەو وا دەڵێـت مەرجەکـان وا دەڵـێن نابێـت دووبـارە بێـت ئـاخر ئيتـر مـودەی تەحديـد نەکـردووە، لە راسـتی ئەمـيش بەڕێـز سـکرتێری پەرلەمانیش ئیلتیزام بە پەیڕەو دەکات دەڵێت نابێت دووبـارە بێـت، دکتـۆرە شـايان وەردەگـرم، بەڕێزان ئێمە واجبی خۆمان جێبەجێ دەکەین حکومەتیش واجبی خـۆی جێبەجـێ دەکـات هەر کاتێك لایەکمان واجبی خۆی جێبەجێ نەکرد حەقە پەيوەنديەکی تەواوکاری لە بەینمان هەیە بە یەکتری بڵێینەوە ئێمە لەو روانگەیەوە داوامان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان کـردووە پـڕۆژە یاسای بوودجە بنێرێت ساڵی پار ئامادەکرابوو کێشەی ئەوەی کە لە عێراق هەبوو پارە دێت پارە نایەت جۆرێك لە قەلەقی دروست کرد، ئێستا ئیشەکەمان ئەوە بێت وە نیەتی حکومەتیش وایە ئەخیر جار کە قسەیان لە گەڵ ئێمە کردۆتەوە سەبارەت بە پـڕۆژە یاسـای بـوودجە ئەوەیە کە لە کاتی خۆی پڕۆژە یاسای (٢٢) بگات (٢١) تازە وەختی تەواو بووە، دکتۆرە شایان.

بەڕێز شایان کاکە صاڵح محمد:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بە ناوی خوای گەورە، هەموو جارێـك مـن لە سـەرەتاوە دەسـتی خـۆم بەرز دەکەمەوە، بەڵام لە دوای من ئەنـدامی بەڕێـزی دیـکە دەسـتی بەرز دەکـاتەوە دەرفەت بە ئەوان دەدەی نـازانم ئيتـر رەنـگە دەسـتی مـن لەگەڵ ديـوارەکە تـێکەڵ بـووە، رەنـگە نەيبينـی هيـوادارم ئەوە بپـارێزی، لە (٢٠٢١/٨/٢) دە پەرلەمانتار یاداشتمان ئامادە کرد و ناردمان بۆ سەرۆکایەتی بە مەبەسـتی ئەوەی دەستەی سەرۆکایەتی ئاسانکاریمان بۆ بکات بـۆ ئەوەی سـزادراوانی باديـنـان ببيـنـين، چـونکە لە

دوای (٧/٢٩) کە کۆتا دادگاییان بوو لە دوای ئەوە کەس و کاریان پەیوەندیان پێوە کردین کە ئەو پێنج سزادراوە کە لە دادگا ئامادە بوون بە شاهێد دانرابوون ئەشکەنجە دراون ئێمە دەزانین لیژنەی مافی مرۆڤ و ئەندامان چوو بوون سەردانیان کردبوو پێش ئەوە، بەڵام لە دوای ئەوەوە ئەو دەنگۆیە بڵاو بوویەوە...

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

دکتۆرە گیان وەڵامی مژدە خانم دایەوە ئەو ئەم بابەتە لە راستی عەرز کردنی هەموو رۆژێك لە ناو هۆڵی پەرلەمان ئیستیفادەی بۆ راگیراوان نییە، جا راگیراوەکە لە دهۆکە یا لە سلێمانییە لە هەولێرە یا لە زاخۆیە، ئەوە ئیستیفادەی هەیە خۆتان بە شەخسی زۆر زۆر تەبیعییە بۆ خۆتان چۆن، من بۆ خۆم بە شەخسی چووم بۆ ئاسایشی گشتی لەگەڵ بەڕێزیان دانیشتم، چووم راگیراوەکانم بینی، خۆتان بڕۆن ئێوە ئەندامی پەرلەمان نین، دەرگاکان کراوەیە بۆتان ئیسارە کردنی ئەم باسە لە ناو هۆڵی پەرلەمان هیچ سودی بۆ ئەوان نییە، دکتۆر زانا فەرمووو.

بەڕێز شایان کاکە صاڵح محمد:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بەس بێ زەحمەت من قسەکانم تەواو نەکردووە.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

یەك دەقەکەت تەواو بوو.

بەڕێز شایان کاکە صاڵح محمد:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بەس سەرۆکی پەرلەمان دەرفەت بدە قسەکانم تەواو بکەم...

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

دکتۆرە گیان و الله ئەوانە نوقتەی نیزامی نین، دکتۆر زانا لە ماوەی یەك دەقە قسەکانت تەواو بکە.

بەڕێز زانا خالد سمایل:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

قسەکانی من ناکاتە یەك دەقە چەند چرکەیەك، تەنها من دەمەوێت بە بەڕێزتان رابگەیەنم کە ئەو بابەتانەی کە دەگووترێن هیچیان خاڵی پەیڕەوی نین، وە جەنابیشتان هەموو جەلسەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە ئەوانە خاڵی پەیڕەوی نین با ئەم جەدەلە کۆتایی پێ بێت، ئەوەی خاڵی پەیڕەوی نەبوو رابگرن، تکا دەکەین بۆ ئەوەی ئیشمان پێ بکرێت، زۆر سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

زۆر سوپاس، کاك رزگار فەرموو، خۆت بڕۆ تۆ ئەندامی پەرلەمانی ئیشی ئێمە ئاسانکاری نییە، فەرموو کاك رزگار، ئێمە کە ئەندامی پەرلەمان بووین خۆمان دەڕۆیشتین ئاگادارت دەکەمەوە ئارامی دانیشتنەکە بپارێزی، دکتۆرە جەنابت چوویتە مەحکەمە، سکویریتییەکانیش چوونە مەحکەمە بە پێی ئەم پەیڕەوی ناوخۆیە بە پێی یاسا بەرکارەکان لە هەرێمی کوردستان هەر بابەتێك چووە بەردەمی دادگا کاری لیژنەکانی پەرلەمانی کوردستان رادەوەستێت، جوابم مەدەرەوە دکتۆرە تا قسەکانم تەواو بکەم.. دەتکەمە دەرەوە فەرموو هەستە بڕۆ دەرەوە.. ئێمە

دەڵێین خوشکی من چووەتە مەحکەمە هەر بابەتێك بە پێی ئەم پەیڕەوی ناوخۆیە بە پێی یاسا بچێتە بەردەمی دادگا، دەبێت چاوەڕێی دادگا بکەیت...

بەڕێز شایان کاکە صالح محمد:

هی راوێژکارەکە نەچووەتە مەحکەمە، خۆ راوێژکارەکە سکاڵای نەکردووە راوێژکار سکوێریتی...

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

ئەوە پەیوەندی بە تۆوە نییە تۆ باسی کەیسەکەی خۆت بکە، پۆلیسە بەڕێزەکان بێ زەحمەت وەرن بە رێزێکی زۆرەوە بیبەنە دەرەوە، بە پێی ماددەی (٥٧) لە پەیڕەوی ناوخۆ دکتۆرە خان ئارامی دانیشتنەکە بپارێزە ئەمە یەکەم جارت نییە رجا و تکات لێ دەکەم، هەمووی دراوەتە دادگا ئێمە لیژنەی پەرلەمانیمان دروست کردووە، لیژنەکە پێنج کەسن تەوسیەیان بۆ ئێمە نووسیوە دەڵێن ئەم بابەتە چووەتە دادگا، بە پێی پەیڕەوی ناوخۆ یاسا بەرکارەکانی هەرێمی کوردستان هەر بابەتێك رۆیشتە بەردەمی دادگا کاری لیژنەکان رادەوەستێت، ئێمە چاوەڕێ دەکەین قەرارەکەی دادگا دەرچوو لە سەر جەنابیشت و لە سەر پۆلیسەکانیش، ئەو کاتە ئێمە وەکو پەرلەمان قسەی خۆمان دەکەین، هەتا بڕیاری دادگا دەرنەچێت ئێمە ناتوانین هیچ جوڵەیەکی تر بکەین، خاتوون گیان ئێمە لیژنەمان تەشکیل کرد تۆ رانەوەستایت چوویت شەکوات تەقدیم کرد، فەرموو کاك رزگار.

بەڕێز رزگار محمد محمود:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

لە دانیشتنی ژمارە (١٧) لە...

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

تکا دەکەم بەسە دکتۆرە تۆ فێری دادپەروەریم ناکەیت، تۆ لە هەموو قیاسێك چوویتە دەرەوە، فەرموو کاك رزگار، بڕۆ دەرەوە خاتون دانیشتنەکە هەڵدەگرین بە شێوەیەکی کاتی.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:
دانیشتنەکەمان دەست پێ دەکەینەوە، فەرموو کاك باڵانبۆ محمد:
بەڕێز باڵانبۆ محمد علی:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
کە راستاندنی بۆ کراوە لە لایەن لیژنەی کاروباری یاسایی، لیژنەی کاروباری یاسایی رۆژی دووشەممە ریکەوتی (٢٠٢١/٨/٢٣) کاتژمێر (١٢) کۆبوونەوەی خۆی ئەنجامدا بە مەبەستی پێداچوونەوەی داڕشتنی یاسایی و دڵنیا بوون لە دژ نەبوونی دەقەکان لەگەڵ دەستوور و یاسا کارپێکراوەکان بە پێی حوکمەکانی ماددەی (٨٥) بڕگەکانی یەکەم و سێیەم تایبەت بە راپۆرتی لیژنەی کاروباری پێشمەرگە سەبارەت بە خوێندنەوەی دووەم بۆ پڕۆژە یاسای نیشان و مەدالیا لە هەرێمی کوردستان – عێراق لیژنەی یاسایی ئەم داڕشتنەی خوارەوەی پێ پەسەندە.
پڕۆژەی یاسای نیشان و مەدالیا لە هەرێمی کوردستان – عێراق
پێناسە:
ماددەی (١):
بۆ مەبەستی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەستەواژانەی خوارەوە و ماناکانی بەرامبەریان دەگەیەنن.
یەکەم: هەرێم، هەرێمی کوردستان – عێراق
دووەم: سەرۆك، سەرۆکی هەرێمی کوردستان – عێراق
سێیەم: ئەنجومەن، ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان – عێراق
نیشان مەدالیا:
ماددەی (٢):
یەکەم: نیشان مەدالیا بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە بریتیین لەمانەی خوارەوە:
یەکەم: نیشانی نیشتیمانی.
دووەم: نیشانی ئاشتی و پێکەوە ژیان.
سێیەم: نیشانی پێشمەرگە.
چوارەم: میدالیای بەرخودان و قارەمانییەتی.
یەکەم: نیشانی نیشتیمانی بەو کەسانە دەبەخشرێت کە لە بواری مەدەنی خزمەتێکی ناوازە پێشکەش بە هەرێم دەکەن یان داهێنانی مەزن لە بواری کارەکەیاندا دەکەن کە لە خزمەت مرۆڤایەتی دا بێت.
دووەم: نیشانی ئاشتی و پێوە ژیان بەو کەسانە دەبەخشرێت کە خزمەتێکی ناوازە لە بواری گەشەپێدانی ئاشتی و مافی مرۆڤ و پێکەوە ژیان پێشکەش بە هەرێم دەکات.
سێیەم: نیشانی پێشمەرگە بە کەسانی بیانی دەبەخشرێت کە خزمەتێکی ناوازە پێشکەش بە هەرێم دەکەن.

چوارەم: میدالیای بەرخودان و قارەمانییەتی بەو کەسانە یان بەو میراتگرانەیان دەبەخشرێت کە لە بوارەکانی سەربازی و ئاسایش یان لە میانەی پاراستن و بەرگری لە هەرێم خزمەتێکی گەورەی بێ هاوتا پێشکەش دەکەن کە شایستەی رێزلێنان و بەرز راگرتنە.

ماددەی (٣):

یەکەم: شێوە و نەخشە و نیگار و هێماکان و ئەو ماددەی کە نیشان و مەدالیای لێ دروست دەکرێت بە پەیڕەوێك دیاری دەکرێت کە لە لایەن سەرۆك دەردەچێت.

دووەم: نیشان و مەدالیا بە مەرسووم لە لایەن سەرۆك لە بۆنەیەکی تایبەتدا دەبەخشرێت.

ماددەی (٤):

بەخشینی نیشان و مەدالیا

یەکەم: سەرۆك بۆی هەیە لە هەر کاتێك نیشان و مەدالیا بە کەسانی شایستە ببەخشرێت.

دووەم: سەرۆکایەتی هەرێم بۆی هەیە پێشنیار بۆ دیاریکردنی کەسانی شایستە بە بەخشینی نیشان و مەدالیاکان وەربگرێت.

سێیەم: کەسانی شایستە بۆ وەرگرتنی نیشان و مەدالیا لە سەر راسپاردەی وەزیری تایبەتمەند یا سەرۆك یا سەرۆکی لایەنی نەبەستراوەکان بە وەزارەت بە رەزامەندی ئەنجومەن وە بە سەرۆکایەتی هەرێم پێشنیار دەکرێت.

چوارەم: لیژنەیەکی تایبەتمەند لە سەرۆکایەتی هەرێم پێك دەهێنرێت بۆ هەڵسەنگاندنی پێشنیارکراوان بۆ خستنە بەردەمی سەرۆك بە مەبەستی بەخشینی نیشان و مەدالیا.

ئیمتیازاتی نیشان و مەدالیا

ماددەی (٥):

یەکەم/ هەڵگرتنی نیشان و مەدالیا بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە ئەم ئیمتیازاتانەی خوارەوە پێ دەبەخشرێت:

١/ بانگهێشت کردنیان بۆ بۆنە نیشتیمانییە فەرمییەکان.

٢/ بەخشینێکی دارایی کە بڕەکەی لە لایەن سەرۆکی هەرێمەوە دیار دەکرێت لەو بوودجەی سەرۆکایەتی هەرێم خەرج دەکرێت

٣/ هەر بەخشین و ئیمتیازاتێکی تر کە لە پەیڕەوی جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایەدا هاتبێت.

دووەم/ نیشان و مەدالیاکان لە بۆنە فەرمی و نیشتیمانییەکان بەخۆوە دەکرێن.

سێیەم/ لە کاتی مردنی هەڵگرانی نیشان و مەدالیاکان میراتگرەکانیان مافی پارێزگاریکردنیان لە نیشان و مەدالیاکان هەیە، بەڵام مافی بەخۆوە کردنیان نییە.

لێسەندنەوەی نیشان و مەدالیا

ماددەی (٦):

یەکەم/ سەرۆکی هەرێم بە مەرسوومێکی یا بە میدالیای بەخشراو لە هەڵگرەکەی دەسەنرێتەوە لە سەر راسپاردەی لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە کە لە سەرۆکایەتی هەرێم بۆ ئەو مەبەستە پێك دێت لە سێ ئەندام کە یەکێکیان مافپەروەر بێت لە کاتی هاتنە دی یەکێك لەم خاڵانەی خوارەوە:

١/ ئەگەر دەرکەوت کە پێشتر حوکمدراوە بە تاوانێکی ئابڕوبەر یا دواتر پێی حوکمدرا.

٢/ئەگەر دەرکەوت کە پێشتر کارێکی دژ بە گەل، خاك یا بەرژەوەندییە باڵاکانی هەرێمی ئەنجام داوە یا دواتر ئەنجامی بدات.
٣/ ئەگەر دەرکەوت لە سەر بنەمایەکی ساختە یا نادروست نیشان یا مەدالیاکەی بە دەستی هێناوە.
٤/ ئەگەر کارێکی ئەنجامدا کە لەگەڵ بنەمای وەرگرتنی نیشان یا مەدالیاکەی پێبەخشراوە ناکۆك و دژ هاتووە.
دووەم/ لێسەندنەوەی نیشان مەدالیا بە پێی بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە دەبێتە هۆی راگرتنی ئیمتیازاتەکان و لێسەندنەوەی ئەوانەشی پێبەخشراوە کە شیاوی کشانەوە بن.
حوکمە گشتییەکان
ماددەی (٧):
ئەگەر پێکهاتەکانی هەر لیژنەیەك کە لەم یاسایەدا هاتوون بە پەیڕەوێك دیاری دەکرێن کە لە لایەن سەرۆك دەردەچێت.
ماددەی (٨):
نیشان و مەدالیای بەخشراو شیاوی مامەڵە پێکردن نین بە پێچەوانەوە حوکمەکانی ئەم یاسایەوە.
ماددەی (٩):
شێوازی نەخش، هێمای بەکارهاتوون لە دروستکردنی نیشان و مەدالیا بە موڵکی هەرێم هەژمار دەکرێن.
ماددەی (١٠):
نیشان و مەدالیای بەخشراو بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە نیشانی گلدانەوەی ناخرێتە سەر.
ماددەی (١١):
هەر کەسێك هەستێت بە تەزویر یا لاسایی کردنەوەی هەر نیشان و مەدالیایەك کە لەم یاسایەدا هاتبێت یا دروستکردنی بە بێ مۆڵەتی لایەنی تایبەتمەند ئەوا سزا دەدرێت بە سزادانێك بۆ ماوەیەك کە لە (٥) ساڵ کەمتر نەبێت و لە (١٠) ساڵ زیاتر نەبێت لەگەڵ رەچاو کردنی هەر سزایەکی توندتر کە لە یاسایەکی دیکەدا هاتبێت.
ماددەی (١٢):
سەرۆك پەیڕەوێك بۆ دیاریکردنی کاروبارەکانی پەیوەندیدار بۆ ئاسان جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەردەکات.
ماددەی (١٣):
پێویستە لە سەر لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.
ماددەی (١٤):
کار بە دەقی هیچ یاسا و بڕیارێك ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆك بێت.
ماددەی (١٥):
ئەم یاسایە لە رێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی وەقائیعی کوردستان جێبەجێ دەکرێت.

هۆیەکانی دەرچوواندن:
بە مەبەستی هاندان و ڕێزلێنان و نیشانکردنی ئەو کەسانەی لە بوارە جیاوازەکان خزمەتێکی ناوازەیان پێشکەش بە خاك و گەلی کوردستان دەکەن ئەم یاسایە دەرچوێنرا، سوپاس.
بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:
بەڵێ زۆر سوپاس، ناونیشان بخوێننەوە بزانین کەس قسەی هەیە لە سەر ناو نیشان، فەرموو خدیجە خان.
بەڕێز خدیجە عمر طە:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
من پێموایە کە ناونیشانی ئەم پڕۆژە یاسایە لەگەڵ مەبەست و ئامانجی پڕۆژەکە ناگونجێت، چونکە ئێمە ئامانجمان لەم پڕۆژەیە ئەوەیە کە یەکێك لە دەسەڵاتەکانی بەڕێز سەرۆکی هەرێم تەنزیم بکەین و ڕێکی بخەین، بەڵام ئەو ناونیشانە ئەو ئامانج و ئەو مەبەستە ناگەیەنێت ئەگەر تەماشای یاسای سەرۆکایەتی هەرێم ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٠٥) بکەین، دەبینین لەوێ دەڵێت یەکێك لە دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم ئەوەیە کە مەدالیا و نیشان ببەخشرێت ئەویش بە پێی یاسا، بەڵام کە تەماشای ئەو ناونیشانە دەکەین هیچ ئەو مەبەستە ناگەیەنێت، پێموایە کە ئەگەر بەم شێوازە لێبکرێت پێشنیاز دەکەم بەم شێوازە لێبکرێت، بۆ ئەوەی کە زیاتر بابەتەکە بگەیەنێت، پڕۆژە یاسای بەخشینی نیشان و مەدالیای ڕێزلێنان لە هەرێمی کوردستان – عێراق، سوپاس.
بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:
ئەو قسەیەت لە لیژنەی قانونی بۆ نەکردووە؟
بەڕێز خدیجە عمر طە:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
بە پێی پەیڕەو مافمان هەیە لێرەش قسە بکەین..
بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:
دروستە، بەڵام ئێستا تۆ قسەیەك دەکەی کە قسەیەکی گرنگە، فەرموو سەرۆکی لیژنەی قانوونی وەڵاممان بدەوە لەو ڕووەوە، دەبێت لەوێ قسە بکەی بە بێ تەحەفوز ئیمزات کردووە.
بەڕێز خدیجە عمر طە:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
جاری وایە مرۆڤە فیکرەیەك دواتر بۆی دروست دەبێت..
بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:
بزانە ڕەئیان چییە، دەست خۆش.
بەڕێز بژار خالد عبدالله:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
هەر چەندە خۆم وەکو شەخس لە کۆبوونەوەی لیژنەی یاسایی منیش تەقریبەن ئەو پێشنیارەم هەبوو، بەڵام ئەو کۆبوونەوە کە کرا نوێنەرانی سەرۆکایەتی هەرێمیش لەگەڵمان بوون دوای

گفتوگۆ کردن ئەغلەبیەی ئەندامان و ستافی لیـژنە لەگەڵ ئەوە بـوون کە پێویسـت ناکـات، بـۆیە مەسەلەن بە رەئی من و رەئی خەدیجە خان موحتەمەلە فەرزمان نەکردبێـت ئەوان لەگەڵ ئەوە نەبوون، چونکە دەڵێن نیشان و مەدالیا بەم شـێوەیە دروسـترە و گونجـاوتر هـاتووە لەگەڵ ئەوە نین، چونکە پێشنیار هەبوو بڵێین رێکخستنەوە پێشـنیارێکی تـر هەبـوو بەخشـین ئەوان لەگەڵ ئەوە بـوون نیشـان و مەدالیـا لە هەرێمـی کوردسـتان کـافییە، چـونکە ئەوە بە پێـی یاسـای سەرۆکایەتی هەرێم ژمـارە (١)ی سـاڵی (٢٠٠٥) کە لەو مـاددەیە مـوتەعەلقە باسـی دەسـەڵاتەکان دەکات دەڵێت سەرۆکی هەرێم ئەم ئەرك و دەسـەڵاتانەی خـوارەوەی هەیە کە لەو خـاڵە هـاتووە نیشان ئەو کات ئەوان دەڵێن ئێمە پێمان باش نییە ناوی یاساکە بگۆڕین و بکەینە بەخشین رەئی هەبوو، بەڵام موحتەمەلە ئەو کات لیژنە لەگەڵی نەبوون، بۆیە دامان نەناوە، زۆر سوپاس.

بەرێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

بەڵی دەستی هەر دووکتان خۆش بێت، کاك دکتۆر رێبوار فەرموو.

بەرێز رێبوار عبدالرحیم عبدالله:

بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.

و الـلە جـاریٚ مـن دەستخۆشـی لە سـەرۆکایەتی هەرێـم دەکەم فـیعلەن هەرێمـی کوردسـتان پێویستی بە دەرچوواندنی یاسایە، لەبەر ئەوەی هەموو وڵاتانی پێشکەوتوو میدالیا و نیشـان بە یاسا رێکخراوە و دەبەخشرێت هاورێمان خەدیجە خان پێش مـن کەوتـووە منـیش رێـك لەسـەر ئەوە دەمەوێـت ناونیشـانەکە بەم شـێوەیە بێـت پـرۆژە یاسـای بەخشـینی نیشـان و مەدالیـا لە هەرێمی کوردسـتان – عێـراق، لەبەر ئەوەی نیشـان و مەدالیـا دەبەخشـرێت وەرناگیرێـت، بـۆیە پێشنیار دەکەم کە ئەو وشەیە ئیزافە بکرێت وە بە گرنگیشی دەزانم، سوپاستان دەکەم.

بەرێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

بەڵیٚ سوپاس بۆ بەرێزت، ماددەی (١).

بەرێز عثمان کریم سوارە:

بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.

پێناسەکان

ماددەی (١):

بە مەبەسـتی حوکمەکـانی ئەم یاسـایە دەسـتەواژەکانی خـوارەوە و ماناکـانی بەرامبەریـان دەگەیەنن

یەکەم: هەرێم، هەرێمی کوردستان – عێراق

دووەم: سەرۆك، سەرۆکی هەرێمی کوردستان – عێراق

سێیەم: ئەنجومەن، ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان – عێراق

بەرێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

بەڵیٚ بەرێزان کیٚ قسەی هەیە لەسەر ماددەی (١)؟ (حسیبە خان، جوان خان، گلیزار خان، دکتـۆر محی الدین) گلیزار خان فەرموو.

بەڕێز گلیزار رشید حاجی:
بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.
من پێشنیار دەكەم خاڵێك لە ماددەی (١) زیاد بكرێت، ئەویش بە پێناسە كردنی مەداليا و نيشان لە هەرێمی كوردستان، چونكە ئەمە يەكەم جارە ئەم ياسايە دەربكرێت دەبێت بێتە پێناسە كردن باشتر دەبێت، سوپاس.
بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:
سوپاس، جوان خان فەرموو.
بەڕێز جوان يونس محمد:
بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.
من تەنها لە رستەی يەكەم لەوانەيە لە كاتی نووسين ئەم وشەيە نەنووسرابێت بۆ مەبەستی حوكمەكانی ئەم ياسايە پێش ئەوەی بنووسرێت ئەم دەستەواژانەی خوارەوە ماناكانی بەرامبەريان دەگەيەنن، سوپاس.
بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:
سوپاس دەست خۆش، دكتۆر محی الدين فەرموو.
بەڕێز محی الدين حسن يوسف:
بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.
من لە بڕگەی سێيەم نووسراوە ئەنجومەنی وەزيرانی هەرێمی كوردستان، پێموايە دروستر وايە ئەنجومەنی وەزيرانی حكومەتی هەرێمی كوردستان، زۆر سوپاس.
بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:
زۆر سوپاس، لەبەر ئەوەی لە قانوونەكەی خۆيان وا هاتووە لە قانوونی ئەنجومەنی وەزيران وەكو خۆی دايانناوە، حسيبە خان فەرموو.
بەڕێز حسيبە سعيد ابراهيم:
بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.
وێڕای دەستخۆشيم بۆ سەرۆكايەتی هەرێم و بە پێويست زانينی ئەم پڕۆژە ياسايە بۆ بەخشينی نيشان و مەداليا لە هەرێمی كوردستان، لە ماددەی يەكەم منيش هاوڕای خاتوو گليزارم لەوەی كە بڕگەيەك زياد بكرێت و پێناسەی نيشان و مەداليا بكرێت بەم شێوەيە كە من ئامادەم كردووە نيشان و مەداليا، مەداليای شانازی يا شايستەيی ئەو رێزلێنانەيە كە لە لايەن سەرۆكی هەرێم لە بۆنەيەكی تايبەت بۆ مەبەستی رێزلێنان و هاندان پێشكەش بەو كەسانە دەكرێت كە لە بوارە جياوازەكان رۆڵێكی بەرچاو و خزمەتێكی ناوازە پێشكەش بە خاك و گەلی كوردستان دەكەن، سوپاس.
بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:
بەڵێ زۆر سوپاس، سەرۆكايەتی ليژنەی ياسايی و ليژنەی پێشمەرگە قسەتان نيیە؟ وەڵامتان نييە بۆ پەرلەمانتارانی بەڕێز؟ بەڵێ فەرموون.

بەڕێز بژار خالد عبدالله:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بـۆ مەبەسـتی حوکمەکـانی ئەم یاسـایە ئەو دەسـتەواژانەی خـوارەوە، ئەمەی دووەم بە راسـتی ئێمە بە عەمدەن دانانێین، بۆ ئەوەی دوو ئەم لە نزیکی یەکەوە نەیێـت حوکمەکـانی ئەم یاسـایە ئەم دەستەواژانەی خوارەوە، لە چەندین راپۆرتی تـریش وامـان نووسـیوە خـۆی راسـتە قسـەی جوان خان.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

راستە ئەوەی جوان خان راستە.

بەڕێز بژار خالد عبدالله:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

سەبارەت بە پێناسەکردنی نیشان و مەدالیا لە لیژنە باسـکرا ئەوان دەڵـێن لە مـاددە (٢) تەعریـف کراوە پێویست نەدەکـرا، ئەگەر نـا ئـێمەش لەگەڵ ئەوە بـووین مـاددە (٢) هەڵبگـرین بە تـایبەت بڕگەی دووەمی ماددەی (٢) لەگەڵ ماددەی (٢) دەمج بکەین، چونکە ئەو جۆری نیشان و مەدالیا هەر یەکەو تەعریفی خۆی هەیە، بۆ ئەوەی وازحتـریش لـێ بێـت، بەڵام دواتـر وەك خـۆی مـا بە رەئی زیاتری هەڤاڵان، زۆر سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

ماددەی دوای ئەوە.

بەڕێز رێڤنگ محمد محمد:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ب ناڤێ خودێ مەزن و دلۆڤان...

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

وابزانم کاك هیڤیدار قسەیەکی هەیە.

بەڕێز هیڤیدار احمد سلمان:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

نیشانی نیشتیمانی چییە؟

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

لە ماددەی دوای ئەوە تەعریف بووە، دێینە سەر ئەو ماددەیە، بەڵێ بیخوێننەوە.

بەڕێز رێڤنگ محمد محمد:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

نیشان و مەدالیا

ماددەی (٢):

یەکەم: نیشان و مەدالیا بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە بریتین لەمانەی خوارەوە:

١/ نیشانی نیشتیمانی.

٢/ نیشانی ئاشتی و پێکەوە ژیان.

٣/ نیشانی پێشمەرگە.

٤/ میدالیای بەرخودان و قارەمانی.
دووەم:
١/ نیشـانی نیشـتیمانی بەو کەسـانە دەبەخشـرێت کە لە بـواری مەدەنـی خزمەتێکـی نـاوازە پێشـکەش بە هەرێـم دەکەن یـا داهێنـانێکی مەزن لە بـواری کارەکانیانـدا دەکەن کە لە خـزمەت مرۆڤایەتیدا بێت.
٢/ نیشانی ئاشتی و پێکەوە ژیـان بەو کەسانە دەبەخشرێت کە خزمەتێکـی نـاوازە بە لە بـواری گەشەپێدانی ئاشتی و مافی مرۆڤ و پێکەوە ژیان پێشکەش بە هەرێم دەکەن.
٣/ نیشانی پێشمەرگە بە کەسانی بیانی دەبەخشرێت کە خزمەتێکی ناوازە پێشـکەش بە هەرێـم دەکەن.
٤/ میـدالیای بەرخـودان و قارەمـانی بەو کەسـانە یـان بە میراتگرەکانیـان دەبەخشـرێت کە لە بوارەکانی سەربازی و ئاسایش کە لە میانەی پاراسـتن و بەرگری لە هەرێـم خزمەتێکـی گەورەی بێ هاوتا پێشکەش دەکەن کە شایستەی رێزلێنان و بەرز راگرتنە.
بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:
لە سەر ماددەی (٢) کێ قسەی هەیە؟ (کاك چیا، کاك سروان، کاك محمد، لیـزا خـان، مەلا ویسـی، دکتۆر رێبوار، کاك شـێخ ظـاهر، کـاك مـم، دکتـۆر عثمـان، دکتـۆر اسـماعیل، گلیـزار خـان، حـاجی هێرش، خدیجە خان، دکتۆرە گلاویژ، حسیبە خان، دکتۆر محی الدین، دکتـۆر زیـدان) لیـزا خـان فەرموو.
بەڕێز لیزا فلك الدین صابر:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
سەرەتا دەمەوە بڵێم کە تێبینییەکـی جەنابتـان زۆر بـاش بـوو کە ئەنـدامانی لیـژنەی تایبەتمەنـد پێویستە لە لیژنەکانی خۆیان قسە بکەن، بەڵام لەوەشدا فەرق و جیاوازی دەکرێت هەندێك جار دەبینرێـت هەنـدێك بـرادەر لە لیـژنەکەی خـۆی قسـەی کـردووە، بەڵام تێبینـی خـۆی نەداوە بە شێوەیەکی گشتی وەکو خۆی لێرە قسە دەکات، بەڵام جەنابت ئاگاداری ئەوان نـاکەیتەوە، بەڵام زۆر جار ئاگاداری برادەرانی فڕاکسیۆنی ئێمە دەکەیتەوە، تکـایە بـا ئەمەش تۆزێـك دادپەروەری تێدا بێت بۆ هەموو با وا بێت، سەبارەت بە دووەم پێم باشە هەر وەکو کـاك بـژاریش باسـی کـرد گـوتی کە لە لیـژنە قسـەمان لە سـەر ئەوە کردبـوو کە ئەم ئەم مـاددەیە بچێـت بـۆ مـاددەی پێناسەکان لەگەڵ ئەودا تەواو بکرێت منیش پێم باشە ئەگەر بکرێت ماددەی دووەم هەر بچێتە سەر ماددەی یەکەم و تەواوکەری زاراوەکان بێت و وەکو پێناسەکردن بێتە هەژمار کردن دووەم تێبینیشم لە سەر ئەوەیە جیاوازی لە نێوان نیشانی نیشتیمانی و نیشانی ئاشتی و پێکەوە ژیـان هیچ جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە، چـونکە ئەگەر کەسێك یـاخود رێکخراوێـك بیەوێـت لە بـواری ئاشتی و پێکەوە ژیان کار بکات دەتوانێت لە رێگـای مەدەنیـیەوە ئـیش بکـات، کەواتـا ئەمە هەر دەچێـتە بـابی نیشـانی نیشـتیمانیەوە یەعنـی پێویسـت ناکـات جیـای بکەیـنەوە ئەگەر جیـای بکەینەوە پێویستە حەقلی تریشی بۆ زیـاد بکرێـت زۆر دوور و درێـژ دەبێـت، بـۆ نمـونە نیشـانی بواری ئافرەت کە کەسێك لە بواری ئـافرەت ئیشـێکی کـردووە یـا لە بـورای ژیـنگە پـارێزی و ئەو شـتانە، بـۆیە پـێم باشـە هەر نیشـانی نیشـتیمانی بمێنێـت خـاڵێکی تـریش ئەوەیە کە مەسـەلەی

میراتگر بۆ نوقتەی چوارەم میدالیای بەرخودان و قارەمانییەتی میراتگر زیادکراوە، پێم باشە بۆ نیشانی نیشتیمانی و نیشانی ئاشتی و پێکەوە ژیان ئەویتریش میراتگر زیاد بکرێت، بۆچی؟ بۆ نمونە یەکێك لەو کەسانەی کە خاڵی سێیەم دەیگرێتەوە نیشانی پێشمەرگە کە بە کەسانی بیانی دەبەخشرێت خاتوو (دانیال میتران)ە کە لە ساڵی (٢٠١١) وەفاتی کردووە ئەویش حەقی ئەوەی هەیە بۆ نمونە نیشانێکی ئاوا وەربگرێت لە هەرێمی کوردستان، بۆیە پێم باشە ئەگەر بۆ میراتگرەکانیش زیاد بکرێت بۆ هەر سێ بۆ یەکەم و دووەم و سێیەم بەو کەسانە دەبەخشرێت و بۆ میراتگرەکانیشیان دەبەخشرێت، زۆر زۆر سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

زۆر سوپاس، کاك مەلا ویسی فەرموو.

بەڕێز ویسی سعید ویسی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

لە ماددەی (٢) لە خاڵی دووەم بڕگەی چوارەم کە باس لە مەدالیای بەرخودان و قارەمانیەتی بەو کەسانە یا میراتگرەکانیان دەبەخشرێت کە لە بوارەکانی سەربازی و ئاسایش، پێشنیار دەکەم هێزەکانی ناوخۆش زیاد بکرێت، زۆر سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

بەڵێ سوپاس بۆ بەڕێزت، کاك چیا فەرموو.

بەڕێز چیا حمید شریف:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

تێبینیا من سەر ماددا (٢) بوو ب راستی پیچەکێ د رێزبەندیێ دا ناوازحییەك هەیە و د شەرحێدا زۆر وازح نییە ب رەئیا من وەك لیزا خانێ بەحس کری ئەڤ میدالیا د رێزبەندیی دا تو شێی بکەیە دوو مەدالیا نیشانی نیشتیمانی و ئاشتی و پێکەوە ژیان ببیتە یەك مەدالیا نیشانی پێشمەرگە و بەرخودان و قارەمانی ببیتە یەك مەدالیا یەعنی هەموو هەر رێزبەندیا چارا ببیتە دوو مەدالیا، هەروەسا د شەرحێدا نڤیسییە د بوارێ مەدەنیدا، یەعنی یا دی ژی نڤیسییە بوارێ پێکڤە ژیان و مافێ مرۆڤ هەموو هەمان یەکە یەعنی د بوارێ مەدەنیدا نیشانێ نیشتیمانی وەرگرت یان ل بوارێ ئاشتی و پێکەڤە ژیانێ ئەز ژی تەعیدا لیزا خانێ دکەم کە ماددە (١ و ٢) ببیتە یەك مەدالیا ناڤێ مەدالیا ژی نیشانێ نیشتیمانی و ئاشتی و پێکەڤە ژیانێ بیت و مەدالیا سێیێ ژی دا نیشانی پێشمەرگە نڤیسییە خزمەتێکی ناوازە پێشکەش بە هەرێم دەکەن یا چارێ نڤیسییە پاراستن و بەرگری لە هەرێم و خزمەتی گەورە هەمان یەکە بواری سەربازی و ئاسایشە پێشمەرگە ژی ئەگەر بێتە رێزبەندی کرن هەمان سەربازییە ڤێجا من پێ باشە ماددا (٣ و ٤) ببیتە یەك ماددە و ماددا (١ و ٢) ژی ببیتە یەك ماددە د کوردستانێ دا دوو مەدالیا هەبن ئەز ژی تەئیدا رەئیا لیزا خانێ دکەم، زۆر سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

بەڵێ سوپاس، کاك شێخ ظاهر فەرموو.

بەڕێز ظاهر محمد علی حسین:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
بە ناوی خوای گەورە، تێبینییەکەی من ئەوەیە لە رووی سیاغەوە ماددەی (٢) دووەم خاڵی یەکەم نیشانی نیشتیمانی بەو کەسانە دەبەخشرێت کە لە بواری مەدەنی دا خزمەتێکی ناوازە پێشکەش بە هەرێم دەکەن یان داهێنانێکی مەزن لە بواری کارەکانی دا دەکەن کە لە خزمەت مرۆڤایەتی دا بێت، بە هەمان شێوە بڕگەی دووەم و سێیەم و چوارەمیش، بۆیە پێشنیار دەکەم نیشانی نیشتیمان ئەو نیشانانەن...
بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:
دکتۆرە شایان با بێتە ژوورەوە.
بەڕێز ظاهر محمد علی حسین:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
تێبینییەکەی من لە رووی سیاغەی بڕگەکانە ماددەی (٢)خاڵی یەکەم و دووەم و سێیەم چوارەمیش نیشانی نیشتیمان ئەو نیشانانەن بەو کەسانە دەبەخشرێت کە لە بواری مەدەنی دا خزمەتێکی ناوازە پێشکەش بە هەرێم دەکەن، یا داهێنانێکی مەزن لە بواری کارەکانیدا دەکەن کە لە خزمەت مرۆڤایەتی دا بێت، بۆیە من پێشنیار دەکەم لە پاش نیشانی نیشتیمانی ئەو نیشانانە زیاد بکرێت وە لە پاش نیشانی نیشتیمانی و پێکەوە ژیان دیسان ئەو نیشانانە زیاد بکرێت لە پاش خاڵی سێیەمیش نیشانی پێشمەرگە ئەو نیشانانەن، وە خاڵی چوارەم مەدالیای بەرخودان و قارەمانیەتی ئەو مەدالیانەن کە لە رووی سیاغەوە پێموابێت باشتر دەبێت، بۆیە پێشنیار دەکەم ئەو خاڵانە زیاد بکرێت، زۆر سوپاس.
بەڕێز هێمن احمد حمە صاڵح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:
زۆر سوپاس، کاك مەم برهان قانع فەرموو.
بەڕێز مەم برهان محمد قانع:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
دەربارەی ماددەی دووەمی ئەم رەشنووسی یاسایە ئەوەی کە خراوەتەروو، بۆ بڕگەی یەکەم خاڵی یەکەم من پێشنیاز دەکەم لە جیاتی نیشانی نیشتیمان نیشانی نیشتیمانی بەکاربهێنرێت نیشانێکی وەتەنی دەکرێت نەك نیشتیمان، نیشتیمان مەبەست لە خاکە، نیشان هی نیشتیمانییە، بۆ خاڵی دووەم نیشانی ئاشتی کافییە پێکەوە ژیانی ناوێت ئاشتیەکە زۆر گشتگیرترە هەمووی دەگرێتەوە کار بۆ پێکەوە ژیان دەکات کار بۆ جێگیر کردنی ئاشتی دەکات، بۆیە ئەو وشە زۆرە دەتوانن دەست پێوە بگرن، بۆ خاڵی سێیەم وەکو خۆی بمێنیتەوە، بۆ خاڵی چوارەم میدالی بەرخودان و قارەمانییەتی پێشنیاز دەکەم لابرێت، لەبەر ئەوەی چۆن بتوانین لە ناو نیشانی پێشمەرگە جێگەی بکەینەوە، چونکە ئەوەی پەیوەندارە بە نیشانی پێشمەرگە مەسەلەکە پەیوەندارە بە مەسەلەی قارەمانییەتی پێشمەرگە ئەوەی کە دەیکات مەسەلەی قارەمانیەتی و خزمەتی نیشتیمانییە کە پێشکەشی دەکات واتا وەتەنی، بۆیە بۆ بڕگەی دووەمیان خاڵی یەکەم گوتمان نیشانی نیشتیمانی داڕشتنەوەکەی پێشنیاز دەکەم بەو شێوەی لێ بکرێت بەو کەسانە دەبەخشرێت کە لە بواری مەدەنیدا لابرێت مەدەنی پێمان بڵێن بۆمان روون بکەنەوە لە بوارە

جیاجیاکاندا پێموایە گشتگیرترە، وە ئەم شاملیە خزمەتێکی باشتری ئەم بڕگەیە دەکات بەو کەسانە دەبەخشرێت کە لە بوارە جیاجیاکاندا خزمەتێکی ناوازە پێشکەش دەکەن، کوردێك لە کەنەدا بۆ نمونە خزمەتێکی گەورە دەکات سەربەرزییە بۆ کورد مسۆگەر دەکات مەرج نییە بە تەنیا پێشکەشی هەرێمی کردبێت دەکرێت لە هەرێم میدالیایەکی نیشتیمانی پێ ببەخشرێت، واتا با کورتی نەکەینەوە تەنیا لە ناو هەرێم پێشکەش بە هەرێم دەکەن دەکرێت پێشکەشی مرۆڤایەتی بکەن پێشکەشی هەرێم یا مرۆڤایەتی دەکەن جێگەی ببێتەوە، خاڵی دووەم نیشانی ئاشتی و پێکەوە ژیان پێکەوە ژیان لابرێت تەنیا ئاشتی بێت لە بواری ئاشتیدا پێشکەش دەکەن تەنها لە بواری ئاشتی و مافی مرۆڤی تێدا بێت ئاساییە، بە نیسبەت خاڵی سێیەم نیشانی پێشمەرگە، لەبەر ئەوەی پێشنیازم کرد ئەوەی پێشتر لابرێت ئەوەی قارەمانیەتی بەم شێوەیە دەتوانین جێگەی بکەینەوە، نیشانی پێشمەرگە بە پێشمەرگە یان بە کەسانی بیانی ئێمە بەکار دەهێنین پێشنیاز دەکەم بێگانە بە پێشمەرگە یا کەسانی بێگانە دەبەخشرێت کە خزمەتێکی ناوازە پێشکەش بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەکەن و میراتگرەکانیشیان دەگرێتەوە، بۆ خاڵی چوارەم میدالیای بەرخودان و قارەمانیەتی پێشنیازم کرد کە ئەوە هەر لابرێت ئەگەر لانەبرا کە من لەگەڵ ئەوم لابرێت دێری کۆتایی بەم شێوەیە لێ بکرێت گەورەیان پێشکەش کردووە نەك گەورەی بێ هاوتا پێشکەش دەکەن کە شایستەی رێزلێنان، لەبەر ئەوەی شایستە بووە گەورەیان پێشکەش کردووە، زۆر سوپاس.

بەڕێز هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، کاك حاجی هێرش فەرموو.

بەڕێز بالانبۆ محمد علی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

دیارە ئەو میدالیایانە وەکو جارەکانی پێشووش ئاماژەم پێکرد ئەمە بۆ ئەو کەسەیە کە داهێنان دەکات، یەعنی ئەمە تەنها ناساندنی ئەو کەسەیە وە ئیمتیازاتەکەشی تەنها ئەوەیە کە ئەم کەسە کە دەچێتە بۆنەیەکی گشتی یا بانگهێشت دەکرێت بۆ جێگایەك وەکو ئەوەی کە بناسرێتەوە، ئەو کەسە داهێنانێکی ناوازەی کردووە وە پێشکەش بە هەرێمی کوردستانی کردووە، بۆ ئەوەی کە بناسرێتەوە کە ئەمە کەسێکی داهێنەرە و وەك رێزێك رێزی لێ دەگیرێت تاکە ئیمتیازات ئەمەیە، وە لەگەڵ ئەمەشدا بەخشینی بڕە پارەیەکە کە لە لایەن سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان دیاری دەکرێت ئەم بەخشینەش وەکو هاوکارییەکە بۆ هاندانی ئەو کەسە بۆ ئەوەی هەوڵ بدات لە بوارەکەی خۆی کە داهێنانی کردووە بتوانێت کەم و کوڕیەکانی خۆی پێ پڕ بکاتەوە و هەوڵی داهێنانی زیاتر بدات، وە بۆ هەر داهێنانێکیش یەك جار بتوانێت موستەفید بێت، بەڵام کەسێك لەوانەیە بتوانێت دوو داهێنان سێ داهێنان بکات بۆ داهێنانەکانی تریش لە بەشەکانی تر میدالیا وەربگرێت، سوپاس و دەستان خۆش بێت.

بەڕێز هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، ماددەی دوای ئەوە لێ سەندنەوەی نیشان و مەدالیا، ماددەی (٦).

بەڕێز ڕێڤنگ محمد محمد:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
لێ سەندنەوەی نیشان و مەدالیا:
ماددەی (٦)
یەکەم: سـەرۆکی هەرێـم بە مەرسـومێك نیشـان یـا مەدالیـای بەخشـراو لە هەڵگـرەکەی دەسـتێنێتەوە لە سـەر ڕاسـپاردەی لیژنەیەکـی لێکـۆڵینەوە کە لە سـەرۆکایەتی هەرێـم بـۆ ئەو مەبەستە پێك دێت لە سێ ئەندام کە یەکێکیـان مـافپەروەر بێـت لە کـاتی هـاتنە دی یەکێـك لەم حاڵەتانەی خوارەوە:
١/ ئەگەر دەرکەوت کە پێشتر حوکمدراوە بە تاوانێکی ئابڕوبەر یان دواتر پێی حوکمدرا.
٢/ ئەگەر دەرکەوت پێشـتر کـارێکی دژ بە گەل، خـاك یـان بەرژەوەنـدییە باڵاکـانی هەرێـم ئەنجامداوە یان دواتر ئەنجامیان بدات.
٣/ ئەگەر دەرکەوت لە سـەر بنەمـای سـاختە یـان نادروسـت نیشـان یـان مەدالیـاکەی بە دەسـت هێناوە.
٤/ ئەگەر کارێکی ئەنجامدا کە لە گەڵ بنەمای وەرگرتنی نیشان یـان مەدالیـاکەی پـێ بەخشـراوە ناکۆك و دژ هاتەوە.
دووەم: لێسەندنەوەی نیشان و مەدالیا بە پێی بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە دەبێتە هۆی ڕاگرتنی ئیمتیازەکان، وە لێسەندنەوەی ئەوانەشی پێ بەخشراوە کە شیاوی کشانەوە بن.
بەڕێز هێمن احمد حمە صاڵح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:
بەڵـێ بەڕێـزان هەر بەڕێزێـك دەیەوێـت گفتووگـۆ لە سـەر ئەم مـاددەیە بکـات بـا دەسـت بەرز بکاتەوە، بەس کاك بەختیارە؟ فەرموو کاك بەختیار.
بەڕێز بەختیار شوکری سلێمان:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
سەبارەت ب ماددا (٦) ئەو کەسانەی مەشمولن کە مەدالیا ژ وان بێتە وەرگرتن، سـەبارەت مـاددا (٦) بڕگا یەکەم پێم باشە خالا پێنجێ ئیزافە بکرێـت ئەو کەسـانەی کـڕین و فرۆشـتن بە مەدالیـا دەکەن چ قیمەتی ماددی هەبێت یان قیمەتێکی مەعنەوی هەبێـت ئەگەر بێـتە فرۆشـتن دەبێـت ئەو مەدالیایە لێ بێتە وەرگرتن ئەوە ئیزافە نەکرییە، بابەتی دووەم لە ماددەی (٦) بڕگەی یەکەم خاڵی دووەم ئەگەر دەرکەوت کە پێشتر کارێکی دژ بە گەل کردبێت ئەدی ئەگەر دوایی خیانەتی کرد؟ کابرا هەڵگری مەدالیایە بۆ مپال پێشمەرگە دوایی چوو لەگەل (داعش) هەرەشـەی کـرد لە سەر هەرێمی کوردستان دەبێت ئەو مەدالیایە لێ بێتە وەرگرتن، زۆر سوپاس.
بەڕێز هێمن احمد حمە صاڵح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:
بەڵێ سوپاس، ئەگەر ڕەئیتان نییە ماددەی دوای ئەوە بەڕێزان، ڕەئییت هەیە؟ فەرموو.
بەڕێز باڵانبۆ محمد علی:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
سـەبارەت بەوە لە مـاددەی (٧) جێگـای کـراوەتەوە کە ئەم مەدالیـایە شایسـتەی ئەوە نیـیە کە مامەڵەی پێوە بکرێت لە ماددەی (٧) جێی کراوەتەوە، زۆر سوپاس.

بەڕێز هێمن احمد حمه صالّح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:
سوپاس، حوکمه گشتییەکان ماددەی (٧) فەرموون لیژنەی تایبەتمەند.
بەڕێز عثمان کریم سوارە:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
حوکمه گشتییەکان
ماددەی (٧):
ئەرك و پێکهاتەکانی هەر لیژنەیەك کە لەم یاسایەدا هاتوون بە پێوەرێك دیاری دەکرێت کە لە لایەن سەرۆك دەردەچێت.
بەڕێز هێمن احمد حمه صالّح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:
هەر بەڕێزێك دەیەوێت گفتوگۆ لە سەر ماددەی (٧) بکات، کەس نەبوو، ماددەی دوای ئەوە فەرموون، ماددەی (٨).
بەڕێز عثمان کریم سوارە:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
ماددەی (٨):
نیشان و مەدالیای بەخشراو شیاوی مامەڵە پێکردن نین بە پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە.
بەڕێز هێمن احمد حمه صالّح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:
هەر بەڕێزێك دەیەوێت گفتوگۆ لە سەر ماددەی (٨) بکات، فەرموون ماددەی (٩).
بەڕێز عثمان کریم سوارە:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
ماددەی (٩):
شێواز، نەخش و هێمای بەکار هاتوون لە دروستکردنی نیشان و مەدالیا بە موڵکی هەرێم هەژمار دەکرێن.
بەڕێز هێمن احمد حمه صالّح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:
هەر بەڕێزێك دەیەوێت گفتوگۆ لە سەر ماددەی (٩) بکات، فەرموون ماددەی (١٠).
بەڕێز ریڤنگ محمد محمد:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
ماددەی (١٠):
نیشان و مەدالیای بەخشراو بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە نیشانی گلدانەوەی ناخرێتە سەر.
بەڕێز هێمن احمد حمه صالّح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:
هەر بەڕێزێك دەیەوێت گفتوگۆ لە سەر ماددەی (١٠) بکات، فەرموون ماددەی (١١).
بەڕێز ریڤنگ محمد محمد:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
ماددەی (١١):
هەر کەسێك هەستێت بە تەزویر یان لاسایی کردنەوەی هەر نیشان و مەدالیایەك کە لەم یاسایەدا هاتبێت یان دروستکردنی بە بێ مۆڵەتی لایەنی تایبەتمەند ئەوا سزا دەدرێت بە

زینـدانی کردنـی بـۆ مـاوەیەك کە لە (٥) سـاڵ کەمتـر نەبێـت و لە (١٠) سـاڵ زیـاتر نەبێـت لەگەڵ ڕەچاوکردنی هەر سزایەکی توندتر کە لە یاسایی دیکە هاتبێت.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

کێ قسەی هەیە؟ گلیزار خان فەرموو.

بەڕێز گلیزار رشید حاجی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ماددەی (١١) دەبووایە لیژنەی قانوونی لێرە ئامادە بوونایە، چونکە تێبینیم هەیە بە پێی قانوونی عقوبات زیندانی کردن بۆ ماوەی (٥) ساڵ نابێت زیندانی بکرێت، دەبێـت بەنـد کـردن بێـت ئەمە لێرەدا وابزانم دەبێت ئەوە بگۆڕن، چـونکە زینـدانی کـردن ئەگەر (٥) سـاڵ یەك ڕۆژ بێـت ئینجـا دەبێت بە زیندانی کردن لێرە دەبێت بەندکردن بێت، سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، ماددەی (١٢).

بەڕێز رزگار محمد محمود:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ماددەی (١٢):

سـەرۆك ڕێڕەوێـك بـۆ دیـاریکردنی کاروبارەکـانی پەیوەندیـدار بـۆ ئاسـان جێبەجـێ کردنـی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەردەکات.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

کێ قسەی هەیە لە سەر ئەو ماددەیە؟ ماددەی دوای ئەوە کەس قسەی نییە فەرموون.

سوپاس، ماددەی (١٢).

بەڕێز رزگار محمد محمود:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ماددەی (١٣):

پێویستە لەسەر لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

بەڵێ کێ قسەی هەیە لە سەر ئەو ماددەیە؟ فەرموون.

بەڕێز رزگار محمد محمود:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ماددەی (١٤):

کار بە هیچ یاسا و پەیڕەوێك ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆك بێت.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

کێ قسەی هەیە بەڕێزان؟ ماددەی (١٥).

بەڕێز رزگار محمد محمود:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ماددەی (١٥):

ئەم یاسـایە لە ڕێکەوتـی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنـامەی فەرمـی وەقـائیعی کوردسـتان جێبەجـێ دەکرێت.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

کێ قسەی هەیە ؟

بەڕێز رزگار محمد محمود:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

هۆیەکانی دەرچوواندن

بە مەبەسـتی هانـدان و رێزلێنـان و نیشـانەکردنی ئەو کەسـانەی کە لە بـوارە جیاوازەکانـدا خزمەتێکـی ناوازەیـان پێشـکەش بە خـاك و گەلـی کوردسـتان دەکەن ئەم یاسـایە دەرچـوێنرا، سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

بەڵێ کێ قسەی هەیە؟ زۆر زۆر سوپاس بۆ بەڕێزان لە لیژنەی پێشمەرگە و ناوخۆ، سەرۆکایەتی لیژنەی وزە و سامانە سرووشتییەکان و پیشەسازی و بازرگانی، لیژنەی یاسـایی، کـاك علـی حـمە صـاڵح فەرمـوو، پێشـنیازە یاسـای هەمـواری دووەمـی یاسـای یەکێتـی ژوورەکـانی بازرگـانی و پیشەسازی لە هەرێمی کوردستان – عێراق، یەکسـەر ئەوەی لیـژنەی قـانونی بخـوێنەوە لیـژنەی وزە رازین، فەرموون.

بەڕێز علی حمە صاڵح:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

راپۆرتی لیژنەی تایبەتمەند کە راستاندنی بۆ کراوە لە لایەن لیـژنەی کاروبـاری یاسـایی یەکسـەر دەچمەوە سەر خوێنـدنەوەی راپـۆرتەکە، پێشـنیازی یاسـای هەمـواری دووەم لە یاسـای یەکێتـی ژووری بازرگانی و پیشەسازی لە هەرێمی کوردستان.

ماددەی یەکەم:

دەقی بڕگەی دوو لە مـاددەی (٤) یاسـاکە هەڵدەوەشـێتەوە و بڕگەکـانی سـەر لە نـوێ ریزبەنـدی دەکرێن.

ماددەی (٢):

دەقی بڕگەی یەك لە مـاددەی (٧) یاسـاکە هەڵدەوەشـێتەوە و بڕگەکـانی سـەر لە نـوێ ریزبەنـدی دەکرێن.

ماددەی (٣):

دەقی ماددەی (٨) یاساکە هەموار دەکرێتەوە و بەم شێوەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە.

بازرگــان دەتوانێــت ببێــتە ئەنــدام لەو ژوورەی شــوێنە بازرگــانییەکەی دەکەوێــتە بــازنەی تایبەتکارییەکانی، پڕۆژەی پیشەسازی دەتوانێت ببێت بە ئەندام لە ژوور.

ماددەی (٤):

پێویســتە یەکێتــی ژووری بازرگــانی و پیشەســازی لە هەرێمــی کوردســتانی عێــراق تەواوی تۆمارنامەکـان و داتـابێس و زانیارییەکـانی پەیوەسـت بە تۆمـار کردنـی نـاوە بازرگانییەکـان و

تۆمارنامەی بازرگانی لە ماوەیەك كە لە (٣٠) ڕۆژ تێپەڕ نەكات لە ڕێكەوت و بەركار بوونی ئەم یاسایانە و بگوازنەوە بۆ وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی لە هەرێمی كوردستان.
ماددەی (٥):
پێویستە لە سەر لایەنە پەیوەندیدارەكان حوكمەكانی ئەم یاسایە جێبەجێ بكەن.
ماددەی (٦):
كار بە دەقی هیچ یاسا و بڕیارێك ناكرێت كە لەگەڵ حوكمەكانی ئەم یاسایە ناكۆك بنێت.
ماددەی (٧):
ئەم یاسایە لە ڕێكەوتی بڵاوكردنەوەی لە ڕۆژنامەی وەقائیعی كوردستان دەچێتە بواری جێبەجێ كردن.
هۆیەكانی دەرچواندن:
لە پێناو ڕێكخستنەوەی چالاكی بازرگانی و تۆماركردنی ناوە بازرگانییەكان و تۆمارنامەكان لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی هەرێمی كوردستان ئەم یاسایە دەرچوێنرا
بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:
عنوان بخوێننەوە بۆ موناقەشە بەڕێزان.
بەڕێز ڕوپاك احمد رحمان:
بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.
پێشنیازە یاسای هەمواری دووەمی یاسای یەكێتی ژوورەكانی بازرگانی و پیشەسازی لە هەرێمی كوردستان – عێراق ژمارە (١٤)ی ساڵی (١٩٩٣).
بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:
عنوان بخوێننەوە یا پێش عنوان كاك علی قسەیەكی هەیە لە سەر ئەم پڕۆژەیە و دوایی هەمووی ڕەبتە بە یەكەوە.
بەڕێز علی حمە صاڵح:
بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.
بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان من حەز دەكەم (منتبە) بم چوار مانگ دەبێت ئەم پڕۆژەیە هاتووە كێشەی لە سەر بووە لە نێوان یەكێتی ژوورە بازرگانیەكان وە لە نێوان حكومەت، بۆ ئەوەی كە پەیوەندی بەم بابەتەوە هەیە ژوورە بازرگانییەكان دەیانویست لای خۆیان بمێنێتەوە، واتا لە گەڵ ئەم یاسایە نەبوون حكومەتیش ئێمە زۆر بە تەفاسیل موناقەشەمان كردووە و چەند جارێك كۆبووینەتەوە چ وەزیری پیشەسازی چ وەزیری هەرێم بۆ كاروباری پەرلەمان لەوێ بوون، ئەوان زۆر پێداگیر بوون لە سەر ئەمە دوو موبەرریان هەبوو یەكەمیان دەیانوت ئیشی سەندیكا نییە ئەمە ئیشی ئەم یەكێتییە نییە، بەڵكو ئیشی دەوڵەتە هەردوو ئیسمی تیجاری و عەلامەی تیجاریش دەبێ لای دەوڵەت بێت، وە لایەنی دووەم سەرچاوەیەكی گەورەی داهاتە لایەنی سێیەم ئەمە سەرقاڵی دروستكردنی سیستەمێكی ئەلكترۆنین، بۆ ئەوەی لە ماوەیەكی كەمتر یەعنی لە چەند سەعاتێك ئیتر خەڵك ئەوەندە مامەڵە و هاتووچۆ نەكەن باسیان لە كۆمەڵە پرۆسەی تر دەكرد من دیكۆمێنتم نییە تەنیا قسەی ئەوان نەقل دەكەم لە ماوەی رابردوودا ئەم ناوانە مەعامەلەی پێوەكراوە كراوە و فرۆشراوەتەوە بۆ ڕێگری كردن لەمانە لە

تەنیشت ئەمەشەوە ژووره بازرگانییەکان دەڵێن ئەگەر ئەمە بکەوێتەوە لای حکومەت کێشە بۆ بازرگانەکانمان لە گەڵ عێراق دروست دەبێت ژووری بازرگانی عێراق داوەتە حکومەتی عێراق و نابێت ئەمە بچێتەوە لای دەوڵەت و لای عێراقیش هەر لای ژووری بازرگانییە، بۆیە ئێمە ئێستاش وەکو لیژنەکان دەمانەوێت حکومەت خۆی بێت دیفاع لە رۆئیای خۆی بکات، چونکە دوو رۆئیای جیاوازە راستە لە نەتیجە ئەو موبەررانەی حکومەت دەڵێت وایە، یەعنی ئەو دەڵێت من لە پێناو بەرژەوەندی گشتی و بازرگانی ئەمە دەکەم، ئێمە تەئکیدمان کردۆتەوە نابێت تێچووی کولفەی تەسجیلکردن و هێمایەکی تیجاری ئیسمێکی تیجاری لە سەر بازرگان زیاتر بێت نابێت رۆتینات زۆر بگەڕێت یەکێك لە کەلارەوە بێت بۆ هەولێر لە دهۆکەوە بێت بۆ هەولێر بۆ مامەڵەکان وەعدی ئەمانەیان هەموو داوە، بەڵام ئەمە لە نەتیجە لە قانونەکە جێی نەبووەتەوە دەبێت دوایی تەعلیماتی بۆ دەربکەین لامان گرنگ بوو بەرچاو روون بن جەنابتان لەم بابەتە.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

بەڵێ سوپاس، تەئید لەسەر قسەی كاك علی چەند مانگێك بوو ئەم پڕۆژەیە هەبوو دواجار ئێمە حەکەمین لە بەینی لیژنەکان و لە بەینی وەزارەتە موختەسەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئێمە پێکەوە کۆبوونەوەیەکمان کرد وەکو سەرۆکایەتی ئامادە بووین، وە لیژنە موقنع بوو بە قسەکانی وەزارەتی بازرگانی و بەڕێز وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان لە سەر ئەو بنەمایە راپۆرتیان نووسی، وە ئەم بابەتە سێ پڕۆژە یاسایە ئەمە دوانیانە و سێیەم ماوە، ئەگەر بەلاتانەوە ئیعتیادی بێت ئەمە موناقەشە بکەین و لەوەی سێیەم کە رەبتە لەگەڵ ئەمە بەڕێز وەزیری بازرگانی بانگ بکەین، بۆ ئەوەی شەرحی خۆی بدات وە ئەوەی لێرە کە ئێمە گوێمان لێ بوو لەوێش گوێمان لێ بێت، یەعنی نازانم ئەو دوو ئیختیارە هەیە، كاك بژار رەئی خۆت بڵێ بێ زەحمەت.

بەڕێز بژار خالد عبدالله:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

سوپاس بۆ جەنابت کە رەئی ئێمە وەردەگری، بۆ ئەم مەوزووعە بە راستی ئەوە تێڕوانینی منە مادام پڕۆژە یاسا هی حکومەتە راستە حکومەت لێرە نییە، بەڵام دەبێت ئەفزەلییەت بۆ پڕۆژەی حکومەت بێت و رەئی حکومەت بێت رێز لە هەر بازرگانێکیش دەگرین، بەڵام پڕۆژەی حکومەتە و بە پێی پەیڕەویش واجبی ئێمە زیاتر ئەوەیە پابەند بین وە رێز و کار لە سەر پڕۆژەی حکومەت بکەین، راستە بازرگانان سەردانی مەیدانیان کردووە و هاتوون لە گەڵ ئەندام پەرلەمان، بەس مەعقولیش نییە پڕۆژەی حکومەت بوەستێت بۆ مەسڵەحەتی عام، لەبەر ئەوە من لەگەڵ ئەوەم هیچ کێشە نییە و بەردەوام دەبین، زۆر سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

بەڵێ عنوان بخوێننەوە.

بەڕێز روپاك احمد رحمان:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

پێشنیازە یاسای هەمواری دووەمی یاسای یەکێتی ژوورەکانی بازرگانی و پیشەسازی لە هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (١٤)ی ساڵی (١٩٩٣).

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:
بەڵێ کێ قسەی هەیە؟ کێ موناقەشەی هەیە لە سەر ئەم بابەتە؟ مامۆستا عمر فەرموو.
بەڕێز عمر عبدالله فتاح:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
ڕاستی قسەمانی من لە سەر پێشنیارەکەی جەنابتە پێشنیارێکی زۆر باش بوو ئەگەر هەڵمان گرتبا بۆ ئەوەی وەزیری پەیوەندار بێت لێرە بۆچوونەکەی خۆی باشتر روون بکاتەوە و دیفاعی لێ بکات، چونکە یەکێتی ژوورەکانی بازرگانی لە کوردستان هاتن تەقریبەن سەردانی هەموو فراکسیۆنەکانیانی کرد، ئێستا بۆچوونی ئەوان دەزانین بۆ دیفاع کردن لەوە، ئەوەشی کە کاك علی وتی ئەگەر ئەوان روونکردنەوەیان پێ دابایین باشتر دەمانتوانی موناقەشەی ئەم یاسایە بکەین و پشتگیری بکەین یان نا، زۆر سوپاس من هەر ئەم بۆچوونەم هەبوو.
بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:
لە پڕۆژەی سێیەم بانگیان دەکەین کە بۆ ئەوەی سەبارەت بەمەشە بڵێن، بەڵام ئێستا نازانم راشیبگرین نازانم بۆ چی رایگرین؟ لیژنەی موختەس نووسیویەتی و لیژنەی قانونی نوسیویەتی گوێمان لە هەمووان بووە بە راستی دەزانم موسڕن، وە حکومەت موسڕە وە پرۆسەیەکە دەستی پێ کردووە و بێنیش هەر ئەو قسانە دەکەن خۆم وەکو حەکەم وەرمبگرن گوێم لە هەموو ئەو قسانە بووە، یەعنی ئەوە نییە کاك علی فەقیرە قسەی خۆی لە گیرفانی خۆی دەری کردبێت بۆیان یەکلا نەدەبووە وە لە بەر ئەوەی کە هەر دوو لا ببوونە دوو ئەوە بە ناچاری خۆم چووم دانیشتم حکومەت موسڕە و پێی وایە موبەڕڕەکانی بە قوەتە لە سەر زەوئی ئەوە لیژنەی موختەس راپۆرتیان نووسیوە لە راستی دوا جاریش بڕیار بۆ پەرلەمانە، ماددەی (١) بخوێننەوە.
بەڕێز خدیجە عمر طە:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
ماددەی (١):
دەقی بڕگەی دوو لە ماددەی چوارەمی یاساکە هەڵدەوەشێتەوە و بڕگەکانی سەر لە نوێ ڕێزبەند دەکرێن.
بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:
بەڵێ، قسەی هەیە لە سەر ئەو ماددەیە؟ ماددەی دوای ئەو.
بەڕێز خدیجە عمر طە:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
ماددەی (٢):
دەقی بڕگەی یەك لە ماددەی حەوتەمی یاساکە هەڵدەوەشێتەوە و بڕگەکانی سەر لە نوێ ڕێزبەند دەکرێن.
بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:
ماددەی دوای ئەوە.

بەڕێز گلیزار رشید حاجی:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
ماددەی (٣):
دەقی ماددەی هەشتەمی یاساکە هەموار دەکرێتەوە و بەم شێوەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە.
١- بازرگان دەتوانێت ببێتە ئەندام لە ژووری شوێنی بازرگانییەکە دەکەوێتە بازنەی تایبەتکارەکانی.
٢- پڕۆژەی پیشەسازی دەتوانێت ببێتە ئەندام لە ژوور.
بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:
بەڵێ، قسەی هەیە لە سەر ئەو ماددەیە؟ ماددەی دوای ئەوە ماددەی (٤)، کاك شێخ ظاهر قسەی هەیە، فەرموو کاك شێخ.
بەڕێز ظاهر محمد على حسين:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
ماددەی (٣) دووەم پڕۆژەی پیشەسازی دەتوانێت ببێتە ئەندام لە ژوور، بە راستی ئەو جوملەیە ناروونە، بۆیە من پێشنیار دەکەم سیاغەکەی بەم شێوەیە لێ بکرێت، کەسی مەعنەوی تایبەتمەند بە پڕۆژەی پیشەسازی دەتوانێت ببێتە ئەندام لە ژوورەکانی بازرگانی.
بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:
بەڵێ، لیژنەی یاسایی فەرموون.
بەڕێز بژار خالد عبدالله:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
دیراسەتێکی تریش دەکەین هەرچەند گفتوگۆمان لەسەر کرد بوو بەو پێیە هاتووە پڕۆژەی پیشەسازی لە عەرەبییەکەش هاتووە (صاحب) خاوەن، نەهاتووە بەو ئیعتیبارەی کە شەخسیەی مەعنەوی هەیە، بەڵام بۆ راپۆرتی دەنگدان جارێکی تر تەئکیدێکی تریش دەکەین، زۆر سوپاس.
بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:
بەڵێ، سوپاس بۆ بەڕێزت، ماددەی دوای ئەوە.
بەڕێز گلیزار رشید حاجی:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
ماددەی (٤):
پێویستە یەکێتی ژوورەکانی بازرگانی و پیشەسازی لە هەرێمی کوردستانی عێراق تەواوی تۆمارەکان وە داتا بەیس و زانیارییەکانی پێویست بە تۆمارکردنی ناوە بازرگانییەکان و تۆمارنامەی بازرگانی لە ماوەیەك کە لە (٣٠) رۆژ تێپەڕ نەکات لە رێکەوتی بەرکار بوونی ئەم یاسایە بگوازرێتەوە بۆ وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی لە هەرێمی کوردستانی عێراق.
بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:
کێ قسەی هەیە لە سەر ماددەی چوار بەڕێزان؟ ماددەی پێنج.
بەڕێز گلیزار رشید حاجی:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
ماددەی (٥):

پێویستە لە سەر لایەنی پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.
بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:
کێ قسەی هەیە لە سەر ئەو ماددەیە؟ ماددەی دوای ئەو.
بەڕێز گلیزار رشید حاجی:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
ماددەی (٦):
کار بە دەقی هیچ یاسا و بڕیارێك ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك بێت.
بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:
کێ قسەی هەیە؟ ماددەی پڕۆتۆکۆڵییە، ماددەی دوای ئەوە بخوێننەوە فەرموون.
بەڕێز روپاك احمد رحمان:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
ماددەی (٧):
ئەم یاسایە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی وەقائیعی کوردستان جێبەجێ دەکرێت.
بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:
کێ قسەی هەیە؟ هۆیەکانی دەرچوواندن.
بەڕێز روپاك احمد رحمان:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
هۆیەکانی دەرچوواندن
لە پێناو ڕێکخستنەوەی چالاکی بازرگانی و تۆمار کردنی ناوە بازرگانییەکان و تۆمارنامەکان لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی لە هەرێم ئەم یاسایە دەرچوێندرا.
بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:
کێ قسەی هەیە لە سەر هۆیەکانی دەرچوواندن؟ زۆر سوپاس، پڕۆژە یاسای دوای ئەوە پڕۆژە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای وەزارەتی بازرگانی.
بەڕێز علی حمە صاڵح:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
پڕۆژە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی هەرێمی کوردستان- عێراق ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠١٠).
ماددەی (١):
دەقی بڕگەی (١١) لە ماددەی (٣)ی یاساکە هەموار دەکرێتەوە و بەم شێوەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:
بڕگەی (١١):
یەکەم/ ڕێکخستنی تۆمارنامەی بازرگانی و تۆمار کردن و ناو و هێمای بازرگانی و وێنە و دیزاینی پیشەسازی و داهێننامە.
ماددەی (٢):

حوكمەكانی ناوە بازرگانییەكان و تۆمارنامەی بازرگانی بە پەیڕەوێك ڕێك دەخرێت كە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەردەچێت.

ماددەی (٣):

پێویستە لە سەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەكان حوكمەكانی ئەم یاسایە جێبەجێ بكەن.

ماددەی (٤):

كار بە دەقی هیچ یاسا و بڕیارێك ناكرێت كە لە گەڵ حوكمەكانی ئەم یاسایە ناكۆك بێت.

مادەی (٥):

ئەم یاسایە لە ڕێكەوتی بڵاوكردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی وەقائیعی كوردستان جێبەجێ دەكرێت.

هۆیەكانی دەرچوواندن:

بە مەبەستی پێدانی دەسەڵاتی تۆماركردنی ناوە بازرگانییەكان و ڕێكخستنی تۆمارنامەی بازرگانی لە لایەن وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی لە هەرێمی كوردستان – عێراق ئەم یاسایە دەرچوێندرا.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:

سوپاس كاك علی ئەمانە هەمووی رەبتن سێیەمیش ماوە چاوەڕێی لیژنەی قانونی دەكەین قەراری لە سەر بدات، بەڵێ فەرموون.

بەڕێز روپاك احمد رحمان:

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.

پرۆژە یاسای هەمواری یەكەمی یاسای وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی هەرێمی كوردستان – عێراق ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠١٠).

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:

كێ قسەی هەیە لە سەر ئەو عینوانە؟ ماددەی (١).

بەڕێز خدیجە عمر طە:

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.

دەقی بڕگەی (١١) لەماددەی (٣)ی یاساكە هەموار دەكرێتەوە وبەم شێوەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

بڕگەی (١١):

یەكەم/ ڕێكخستنی تۆمارنامەی بازرگانی و تۆمار كردن و ناو و هێمای بازرگانی و وێنە و دیزاینی پیشەسازی و داهێننامە.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:

كێ قسەی هەیە لە سەر ئەو ماددەیە؟ ماددەی دوای ئەوە بخوێننەوە.

بەڕێز گلیزار رشید حاجی:

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.

ماددەی (٢):

حوكمەكانی ناوە بازرگانییەكان و تۆمارنامەی بازرگانی بە پەیڕەوێك ڕێك دەخرێت كە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەردەچێت.
بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:
كێ قسەی هەیە لە سەر ئەم بابەتە؟ كاك شێخ ظاهر فەرموو.
بەڕێز ظاهر محمد علی حسین:
بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.
حوكمەكانی ناوە بازرگانییەكان داوا لە لیژنەی تایبەمەند دەكەم روون بكەنەوە مەبەستیان لە حوكمەكانی ناوە بازرگانییەكان چییە، ناوە بازرگانییەكان ئەحكامیان لە كوێ بوو؟
بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:
ئەحكامی ناوە بازرگانییەكان لە قانوونی تیجارە هەیە لێرە مەبەست ئەوەیە كە ئەم ئیشە دراوە بە وەزارەتی پیشەسازی بۆ تەحدید كردنی جیهەی موختەس و تەوزیعی ئەدوار دەبێت پەیڕەوێك دەرچێت، دكتۆر بژار.
بەڕێز بژار خالد عبدالله:
بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.
پشتگیری قسەكانی جەنابت دەكەین هەر ئەو وەڵامەمان پێیە.
بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:
بەڵێ، كێی تر قسەی هەیە؟ وازح بوو كاك شێخ ظاهر؟ مادده (٣).
بەڕێز گلیزار رشید حاجی:
بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.
ماددەی (٣):
پێویستە لە سەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەكان حوكمەكانی ئەم یاسایە جێبەجێ بكەن.
بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:
ماددەی پرۆتۆكۆڵی كەس قسەی هەیە؟ ماددەی دوای ئەوە بخوێننەوە.
بەڕێز گلیزار رشید حاجی:
بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.
ماددەی (٤):
كار بە دەقی هیچ یاسا و بڕیارێك ناكرێت كە لە گەڵ حوكمەكانی ئەم یاسایە ناكۆك بێت.
بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:
كێ قسەی هەیە لە سەر ئەو ماددەیە؟ ماددەی دوای ئەوە.
بەڕێز گلیزار رشید حاجی:
بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.
ماددەی (٥):
ئەم یاسایە لە ڕێكەوتی بڵاوكردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی وەقائیعی كوردستان جێبەجێ دەكرێت.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:
كێ قسەی هەیە؟ فەرموون ماددەی دوای ئەوە.
بەڕێز گلیزار رشید حاجی:
بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.
هۆیەكانی دەرچوواندن:
بە مەبەستی پێدانی دەسەڵاتی تۆماركردنی ناوە بازرگانییەكان و ڕێكخستنی تۆمارنامەی بازرگانی لە لایەن وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی لە هەرێمی كوردستان – عێراق ئەم یاسایە دەرچوێندرا.
بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:
كەس قسەی هەیە؟ ئەوە وازحە ئەوە سەبەبی ئەم دوو پڕۆژەیە و پڕۆژەیەكی تریشە كە هەمووی یەك شتە، پرۆسەی ناوی بازرگانی و تۆماری بازرگانی دەچێتە لای وەزارەتی بازرگانی، بەڕێزان بەم شێوەیە كۆتایی بە دانیشتنەكەمان دەهێنین، زۆر سوپاس.

| | | |
|---|---|---|
| منى نبى قهوچى | هێمن هەورامی | د. ڕێواز فائق حسێن |
| سكرتێری پەرلەمانی | جێگری سەرۆكی پەرلەمانی | سەرۆكی پەرلەمانی |
| كوردستان – عێراق | كوردستان – عێراق | كوردستان - عێراق |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٣)ی
سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٠٢١\٩\٧
خولی پێنجەمی هەڵبژاردن

# پڕۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٣)
# سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٠٢١/٩/٧

کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٠٢١/٩/٧ پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی د. ڕێواز فائق حسێن سەرۆکی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز هێمن هەورامی جێگری سەرۆك و، بەڕێز منى نبى قهوچى سکرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ژمارە (٣)ی ئاسایی خولی پێنجەمی ساڵی (٢٠٢١) ی خۆی بەست.

بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمی ماددەی (٥)، بڕگەی (یەکەم)، لە ماددەی (١٦)، بڕگەی (سێیەم)، لە ماددەی (١٨)، بڕگەکانی (یەکەم، دووەم، سێیەم، چوارەم، پێنجەم)، لە ماددەی (٢٠)، ماددەکانی (٤٧،٤٨)، بڕگەی (یەکەم)، لە ماددەی (٥٢)، ماددەکانی (٥٤،٥٥،٥٦،٥٧)، لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە(٣)ی ئاسایی خولی پایزەی ساڵی سێیەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە کاتژمێر(١١:٠٠)ی پێش نیوەڕۆ ڕۆژی سێشەممە ڕێککەوتی ٢٠٢١/٩/٧ بەم شێوەیە بێت.

یەکەم/ دانان و دەست لەکارکێشانەوەی ئەو ئەندامە بەڕێزانە لەلێژنە هەمیشییەکانی پەرلەمانی کوردستان بەپێی حوکمی ماددەکانی (٢٨،٣٤)، لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

١. دەست لەکارکێشانەوەی ئەندام پەرلەمان بەڕێز (زياد جبار محمد)، لە لیژنەی پەیوەندییەکانی ڕەوەندی کوردستانی.
٢. دەست لەکارکێشانەوەی ئەندام پەرلەمان بەڕێز (زكرى احمد اسماعيل)، لە لیژنەی شارەوانی و گواستنەوەو گەیاندنی گەشتووگوزار.
٣. دەست لەکارکێشانەوەی ئەندام پەرلەمان بەڕێز (هاوڕێ بناء محمد)، لە لێژنەی ناوخۆو ئاسایشی ئەنجوومەنی خۆجێییەکان.
٤. دەست لەکارکێشانەوەی ئەندام پەرلەمان بەڕێز (شيرين يونس عبدالله)، لە لیژنەی داکۆکی کردن لە مافی ئافرەت.
٥. دەست لەکارکێشانەوەی ئەندام پەرلەمان بەڕێز (شيرين امين عبدالعزيز)، لە سەرۆك و ئەندامیەتی لیژنەی دەست پاکی.
٦. دەست لەکارکێشانەوەی ئەندام پەرلەمان بەڕێز (بەڵێن اسماعيل حاجى)، لە لێژنەی پەیوەندییەکانی ڕەوەندی کوردستانی.
٧. دانانی ئەندام پەرلەمان بەڕێز (شيرين يونس عبدالله)، لە لیژنەی شارەوانی و گواستنەوەو گەیاندن و گەشتووگوزار.
٨. دانانی ئەندام پەرلەمان بەڕێز (زكرى احمد اسماعيل)، لە لێژنەی ناوخۆ و ئاسایشی ئەنجوومەنی خۆجێییەکان.
٩. دانانی ئەندام پەرلەمان بەڕێز (بەڵێن اسماعيل حاجى)، لە لێژنەی دەست پاکی.

دووەم/ دەنگدان لەسەر ئەم پێشنیازەو پـڕۆژە یاسـایانەی خـوارەوە بەپێـی حـوکمی ماددەکـانی (٩٠،٩١،٩٣،٩٦،٩٧)، لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

١. پێشنیازە یاسای هەمواری دووەمی یاسـای دەسـتەی دەسـت پـاکی هەرێمـی کوردسـتان-عێـراق ژمارە (٣)ی، ساڵی (٢٠١١).
٢. پڕۆژە یاسای نیشان و مەدالیا لە هەرێمی کوردستان-عێراق.
٣. پڕۆژە یاسای هەمواری دووەمی یاسای یەکێتی ژوورەکـانی بازرگـانی و پیشەسـازی ژمـارە (١٤)، ساڵی (١٩٩٣)، لە هەرێمی کوردستان-عێراق.
٤. پڕۆژە یاسای هەمـواری یەکەمـی یاسـای وەزارەتـی بازرگـانی و پیشەسـازی ژمـارە (١٠)ی، سـاڵی (٢٠١٠)، لە هەرێمی کوردستان-عێراق.

بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان.

بەنـاوی گەلـی کوردسـتان، دانیشـتنەکەمان دەکەیـنەوە، دانیشـتنی ژمـارە (٣)ی ئاسـایی وەرزی پایزەی ساڵی سێیەمی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان، ئێستاش داوا لە بەڕێـز سـکرتێری پەرلەمانی کوردستان ئەکەین پوختەی دانیشتنی پێشوو لەگەڵ نـاوی ئامـادەبووان بە مـۆڵەت و بێ مۆڵەت بخوێنێتەوە.

بەڕێز منی نبی نادر/ سکرتێری پەرلەمان:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بەرنامەی کار: بەپێی حوکمی ماددەی (٥)، بڕگەی (یەکەم)، لە ماددەی (١٦)، بـڕگەی (سـێیەم)، لە ماددەی (١٨)، بڕگەکانی (یەکەم، دووەم، سێیەم، چوارەم، پێـنجەم)، لە مـاددەی (٢٠)، ماددەکـانی (٤٧،٤٨)، بــڕگەی (یەکەم)، لە مــاددەی (٥٢)، ماددەکــانی (٥٤،٥٥،٥٦،٥٧)، لە پەیــڕەوی نــاوخۆی پەرلەمانی کوردستان دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشـتنی ژمـارە (٣)ی ئاسایی خولی پایزەی ساڵی سێیەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمـانی کوردسـتان لە کاتژمێر (١١:٠٠)ی پێش نیوەڕۆ ڕۆژی سێشەممە ڕێککەوتی ٢٠٢١/٩/٧ بەم شێوەیە بێت:

یەکەم/ دانان ودەست لەکارکێشانەوەی ئەو ئەندامە بەڕێزانە لەلێژنە هەمیشییەکانی پەرلەمـانی کوردستان بەپێی حوکمی ماددەکانی (٢٨،٣٤)، لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

١٠. دەست لەکارکێشانەوەی ئەندام پەرلەمان بەڕێز (زیاد جبـار محمـد)، لە لێـژنەی پەیوەنـدییەکانی ڕەوەندی کوردستانی.
١١. دەست لەکارکێشانەوەی ئەندام پەرلەمان بەڕێز (زکری احمد اسـماعیل)، لە لێـژنەی شـارەوانی و گواستنەوەو گەیاندنی گەشتوگوزار.
١٢. دەست لەکارکێشانەوەی ئەندام پەرلەمان بەڕێز(هاوڕێ بناء محمد)، لە لێژنەی ناوخۆو ئاسایشـی ئەنجوومەنی خۆجێییەکان.
١٣. دەست لەکارکێشانەوەی ئەنـدام پەرلەمـان بەڕێـز (شـیرین یـونس عبـدالله)، لە لێـژنەی داکـۆکی کردن لە مافی ئافرەت.
١٤. دەسـت لەکارکێشـانەوەی ئەنــدام پەرلەمــان بەڕێــز (شـیرین امـین عبـدالعزیز)، لە سـەرۆك و ئەندامییەتی لیژنەی دەست پاکی.

١٥. دەست لەکارکێشانەوەی ئەندام پەرلەمان بەڕێز (بەڵێن اسماعیل حاجی)، لە لێژنەی پەیوەندییەکانی ڕەوەندی کوردستانی.
١٦. دانانی ئەندام پەرلەمان بەڕێز (شیرین یونس عبدالله)، لە لێژنەی شارەوانی و گواستنەوەو گەیاندن و گەشتووگوزار.
١٧. دانانی ئەندام پەرلەمان بەڕێز (زکری احمد اسماعیل)، لە لێژنەی ناوخۆ و ئاسایشی ئەنجوومەنی خۆجێیییەکان.
١٨. دانانی ئەندام پەرلەمان بەڕێز (بەڵێن اسماعیل حاجی)، لە لێژنەی دەست پاکی.

دووەم/ دەنگدان لەسەر ئەم پێشنیازەو پڕۆژە یاسایانەی خوارەوە بەپێی حوکمی ماددەکانی (٩٠،٩١،٩٣،٩٦،٩٧)، لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

٥. پێشنیازە یاسای هەمواری دووەمی یاسای دەستەی دەست پاکی هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە (٣)ی، ساڵی (٢٠١١).
٦. پڕۆژە یاسای نیشان و مەدالیا لە هەرێمی کوردستان-عێراق.
٧. پڕۆژە یاسای هەمواری دووەمی یاسای یەکێتی ژوورەکانی بازرگانی و پیشەسازی ژمارە (١٤)، ساڵی (١٩٩٣)، لە هەرێمی کوردستان-عێراق.
٨. پڕۆژە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی ژمارە (١٠)ی، ساڵی (٢٠١٠)، لە هەرێمی کوردستان-عێراق.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، پوختەی دانیشتنی ژمارە (٢)ی، ئاسایی بەپێی حوکمی بڕگەی (دووەم)ی، ماددەی (٢٠،٥٢)، لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان پوختەی دانیشتنی (٢)ی، ئاسایی خولی پایزە ساڵی سێیەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە کتژمێر (١١:٠٠)ی، پێش نیوەڕۆ ڕێککەوتی (٢٠٢١/٩/٢)، بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:

یەکەم/ دەست پێکردنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

دووەم/ خوێندنەوەی بەرنامەی کار لەلایەن بەڕێز سکرتێری پەرلەمان.

سێیەم/ دەست پێکردنەوەی بڕگەکانی بەرنامەی کار لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

چوارەم/ خوێندنەوەی یەکەم بۆ پڕۆژە یاسای هەمواری یاسای وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستان -عێراق، پشت بەستن بە حوکمی بڕگەی (دووەم)ی، ماددەی (٧٨)، بڕگەی (یەکەم)ی، ماددەی (٨٣)، لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

پێنجەم/ خوێندنەوەی دووەم بۆ ئەم پڕۆژەو پێشنیازە یاسایانەی خوارەوە، بەپێی حوکمی ماددەکانی (٨٧،٨٨،٨٩)، لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

١. پێشنیازە یاسای هەمواری دووەمی یاسای دەستەی دەست پاکی هەرێمی کوردستان-عێراق، ژمارە (٣)ی، ساڵی (٢٠١١).
٢. پڕۆژە یاسای نیشان و مەدالیا لە هەرێمی کوردستان.
٣. پڕۆژە یاسای هەمواری دووەمی یەکێتی ژوورەکانی بازرگانی و پیشەسازی ژمارە (١٤)ی، ساڵی (١٩٩٣)، لە هەرێمی کوردستان-عێراق.
٤. پڕۆژە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی ژمارە (١٠)ی، ساڵی (٢٠١٠)، لە هەرێمی کوردستان-عێراق.

شەشەم/ کۆتایی هاتنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان. لیستی ئامادەبوو و ئامادەنەبووی ئەندامان لە دانیشتنی ژمارە (٢)ی، ئاسایی (٢٠٢١/٩/٢)، ناوی ئەندامان بەڕێزان (جەمال حەویز مصطفی)، مۆڵەت، (جەنان جبار بویا) مۆڵەت، (حیکمت محمد عبو زید) مۆڵەت، (دیاری انور حمە رحیم) مۆڵەت، (زکری احمد اسماعیل) مۆڵەت، (ڕزگار عیسا سوار) مۆڵەت، (ڕۆژان محمد کریم) مۆڵەت، (سەلمە فاتح توفیق) مۆڵەت، (سەرکۆ ازاد حسین) مۆڵەت، ( سەوسەن محمد میرخان) مۆڵەت، (سیپان سالم حسن) ئامادەنەبوو، (شادی نەوزاد وەهاب) ئامادەنەبوو، (شەمۆڵ اشین صابر) ئامادەنەبوو، ( کاظم فاروق نامق) ئامادەنەبوو بە بڕیاریی ژمارە (٢)ی، ساڵی(٢٠٢١)، (شیرین امین عبدالعزیز) مۆڵەت، (شیرین یونس عبدالله) مۆڵەت، (صباح محمود محمد) مۆڵەت، (عباس فتاح صالح) مۆڵەت، (فایك کەمال صوغومون) مۆڵەت، (فەرید یعقوب ایلیا) مۆڵەت، (کاروان عبدالرحمن عبداللە) مۆڵەت، (شوان کریم محمد) مۆڵەت، (لەنجە ابراهیم) (ئامادە نەبوو).
بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:
بەڕێز لەنجە خان ئەڵێت مۆڵەت بووم.
بەڕێز منی نبی نادر/ سکرتێری پەرلەمان:
باشە لە کاروبار چاکی دەکەینەوە، (لقمان حمد حاجی) مۆڵەت، (هەژان حسن احمد) مۆڵەت، (هەورامان حمد شەریف) مۆڵەت، زۆر سوپاس.
بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:
بەڵێ بەڕێزان ئێستا دەست بەجێبەجێ کردنی بەرنامەی کار دەکەین، تکایە نوقتە نیزامییەکان ڕەبتی بە بەرنامەی کار هەبێت، کاك کاروان فەرموو.
بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:
بەڕێز کاروان عبدالرحیم عبدالله:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
بەناوی خودای گەورەو میهرەبان، من بە گوێرەی ماددەی(٥٦)، قسە ئەکەم لەکاتێکدا خەڵکی هەرێمی کوردستان بەیەك دنیا مەعانات و کێشەی گەورە گەورەدا تێپەڕدەبێت یەك دنیا مەشاکیلمان هەیە لە هەرێمی کوردستان بەرنامەی کاری ئەمڕۆی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان تەنها دەست لەکار کێشانەوەیە زەحمەت نەبێت یەکێك.. .
بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:
کاك کاروان ئەوە نوقتە نیزامی نییە، ئەچینە سەر جێبەجێ کردنی بڕگەی(یەکەم)ی، بەرنامەی کار بەڕێزان ئەچینە سەر جێبەجێ کردن دوای وەرتان ئەگرم، ئێستا بەڕێزان دەست بەجێبەجێ کردن ئەکەین.
یەکەم/ دانان و دەست لەکارکێشانەوەی ئەو ئەندامە بەڕێزانە لە لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمانی کوردستان بەپێی حوکمی ماددەکانی (٢٨،٣٤)، لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان هەر بەڕێزێك ئەیەوێت خاڵی.. نوقتە نیزامی نەبوو کاك کاروان، کاك سەرکۆ فەرموو.

بەڕێز سەرکۆ ازاد حسین:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
بەپێی ماددەی (٤٢،٤٤)، لە پەیڕەوی ناوخۆیی قسە ئەکەم ئێمە وەکو لیژنەی سامانە سرووشتییەکان لەمانگی دووەوە داوامان لە وەزیری سامانە سرووشتییەکان کردووە تا ئامادەبێت لە لیژنە، بەڵام چەندین جار بەناردنی نووسراو بەداواکردنی ئامادەبوون لە سەرۆکایەتی وەکو سەرۆکی لێژنە تاکو ئێستا ئامادەنەبووە، ئەمە لەکاتێك دایە جەنابی وەزیر لەبەردەم پەرلەمانتارە بەڕێزەکان گیای بەهاری هێنابووە ئەژنۆو باسی ئەوەی ئەکرد گەندەڵکاری بێ مەحکەمە پارچە پارچە ئەکەم، بەڵام نەوت بۆ ماڵان وا بۆ دوو ساڵ دەڕوات نییە.. .
بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:
کاك سەرکۆ ئێستا، کاك کاروان لە جێگەی خۆتەوە قسەمەکە ناتوانی قسە بکەی، نەخێر ناتوانی لە جێگەی خۆتەوە قسە بکەی کاك سەرکۆ فەرموو، ناتوانی قسە بکەی، بەپێی ماددەی (٥٧)، ئاگادارت ئەکەمەوە کاك کاروان لەجێگەی خۆتەوە ناتوانی قسە بکەی، کاك سەرکۆ فەرموو.
بەڕێز سەرکۆ ازاد حسین:
... وا بۆ دوو ساڵ ئەڕوات نەوتی ماڵان نییە، ئەوەی کە ئەیبینین کۆمپانیا زەبەلاحەکانیش بە قوڵی گیرفانی خۆیان بەنزین گران ئەکەن بەسەر هاووڵاتییانەوە چەندین جار داوای ئامادەبوونی وەزیری سامانە سرووشتیەکانمان کردووە ئامادەنەبووە، داوا ئەکەم بەپێی ماددەی (٤٤)، بڕگەی (سێیەم)، خاڵی دووەم بەڕێزتان لە سەرۆکایەتی پەرلەمان داوای ئامادەبوونی وەزیری سامانە سرووشتییەکان بکەن و بەپێی پەیڕەوە لێپرسینەوەی لەگەڵ بکرێت، یەعنی ناکرێت گرانی بەنزین بەو شێوازە بەردەوام بێت وەزیری سامانە سرووشتییەکان نەیەتە پەرلەمان، زۆر سوپاس.
بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:
کاك ڕێڤینگ محمد فەرموو کاکە.
بەڕێز ڕێڤینگ محمد محمد:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
ئەز لەگەل ماددەی (٥٦)، لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانێ چەند ئاخافتنەك ئەکەم ڕاستی دگەل هەندێم ئەم هەمی دگەل یاسایا چاکسازینە کو بێتە چەسپاندن بەس بۆمە دیار بوو یاسایا چاکسازیەدا تایبەت ئەو خاڵەی گرێدایە پێشمەرگە ئەز بەعسێ وێرێ دەکەم ئەو لیژنانەی لێبرینێ، بەڕاستی لیژنەی گەلەك گەلەك ئەکتیڤ بوونە کارێ خۆ ڕابوون دەستێ وان خۆش، بەس ئەو لیژنانە دیڤداچوون بکەن بۆ هەندێ پۆلینا پێشمەرگە لە ناڤا شۆڕشێ ساڵێت خزمەتێ گرێدانا خزمەتا وان مەخابن وەکو پێدڤی نەهاتە کرن، هەرچەندە وەکو لیژنا پێشمەرگە لە پەرلەمانا کوردستان چەند جارا لەگەڵ وەزارەتا پێشمەرگە لەگەڵ ڕێڤەبەریا خانەنشینیێ ئەم یەت ئاخافتین دیسان لە(٢٠٢١/٢/٣)، مە کیتابەك ئاڕاستە کریە بۆ سەرۆکاتیا پەرلەمانێ سەرۆکاتیا پەرلەمانێ ژ ڕەئیا خۆ ددایە ئەنجومەنێ وەزیران بۆ هەندێ بابەتێ ڕاژەیا پێشمەرگە، پێشمەرگە ناڤا شۆڕشێ بێتە گرێدان هەتاکو وێ ئەڤێ مەخابن نەهاتیە گرێدان و ڤێ هەیڤێ دا مەعاشێت هەمیا هاتینە ڕاوەستاندن...

بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:
ئەکرێت بە یاداشتێك بەدواداچوون بکەن کاك ڕێڤینگ.
بەڕێز/ ڕێڤینگ محمد محمد:
... دووبارە ئەم لیژنا پێشمەرگا پەرلەمانێ کوردستانێ داخوازێ کو هەرلایەنە دەکەین بەدیڤ داچوونەکا جدی ئەم ژی دکەین بەڵێن دەین لیژنا خۆ ئەکتیڤ بکەن بۆ هەندێ ڕاژا پێشمەرگا شۆڕشێ بێتە گرێدان، زۆر سوپاس.
بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:
دەست بەجێبەجێ کردنی بڕگەی (یەکەم) ئەکەین، بەڕێزان هەرکەسێك خاڵی یەکەم دەست لەکار کێشانەوەی ئەندام پەرلەمانی بەڕێز (زیاد جبار محمد)، لە لیژنەی پەیوەندیەکان و ڕەوەندی کوردستانی، کاروان گەزنەیی بەپێی ماددەی (٥٧)، ئاگادارت ئەکەم هێمنی دانیشتنەکە بپارێزی پێت ئەڵێم بەبیرت ئەهێنمەوە دانیشتنەکە بەهێمنی بپارێزی بەپێی ماددی(٥٧)، جارێکی تر ئاگادارت ئەکەوە هێمنی دانیشتنەکە ئەپارێزی، فراکسیۆنی سەوز(کاك زیاد)، پێت ئەڵێین کاکە بە ماددە(٥٧)، ئاگادارت ئەکەمەوە دانیشتنەکە بەهێمنی ئەپارێزی بەڕێزان دەنگدان ئەکەین لەسەر ئەوەی کە کاك(زیاد)، لە لێژنەی پەیوەندییەکان دەست لەکار دەکێشێتەوە.
خاڵی یەکەم/ هەر بەڕێزێك لەگەڵ ئەوەیە کاك (زیاد)، لە لێژنەی پەیوەندیەکان دەست لەکار بکێشێتەوە دەست بەرزکاتەوە؟ بەدەنگی (٧٥)، ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان پەسەندکرا.
خاڵی دووەم/ بەڕێزان دەست لەکارکێشانەوەی ئەندامی پەرلەمانی بەڕێز (زکری احمد اسماعیل)، لە لێژنەی شارەوانی و گەیاندن و گەشتوگوزار هەربەڕێزێك لەگەڵییەتی با دەست بەرزکاتەوە؟ تکایە بەڕێزان کاتی دەنگدانە، بەدەنگی (٦٥)، ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان پەسەندکرا.
خاڵی سێیەم دەست لەکارکێشانەوەی ئەندامی پەرلەمانی بەڕێز (هاوڕێ بناء محمد)، لە لێژنەی ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجوومەنە خۆجێیەکان هەربەڕێزێك لەگەڵییەتی با دەست بەرزکاتەوە؟ بەدەنگی (٧٠)، ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان پەسەندکرا.
خاڵی چوارەم/ دەست لەکارکێشانەوەی ئەندامی پەرلەمانی بەڕێز (شیرین یونس عبدالله)، لە لێژنەی داکۆکی کردن لەمافی ئافرەت هەربەڕێزێك لەگەڵیەتی با دەست بەرزکاتەوە؟ ئەگەر مۆبایلەکانتان بەڕێزان بێدەنگ کەن بێزەحمەت، بەدەنگی (٦٦)، ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان پەسەندکرا.
پێنجەم/ دەست لەکارکێشانەوەی ئەندامی پەرلەمانی بەڕێز (شیرین امین عبدالعزیز)، لە سەرۆك و ئەندامیەتی لێژنەی دەست پاکی هەربەڕێزێك لەگەڵیەتی با دەست بەرزکاتەوە؟ بەدەنگی (٧٧)، ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان پەسەندکرا.
شەشەم/ دەست لەکارکێشانەوەی ئەندامی پەرلەمانی بەڕێز (بەڵێن اسماعیل حاجی)، لە لێژنەی پەیوەندییەکان و ڕەوەندی کوردستانی هەربەڕێزێك لەگەڵییەتی با دەست بەرزکاتەوە؟ بەدەنگی (٧٤)، ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان پەسەندکرا.

حەوتەم/ دانـانی ئەنـدام پەرلەمـان بەڕێـز (شـیرین یـونس عبـدالله)، لە لێـژنەی شـارەوانی و گواستنەوە و گەیاندن و گەشتوگوزار، هەربەڕێزێك لەگەڵییەتی با دەست بەرزكاتەوە؟ بەدەنگی (٧٢)، ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان پەسەندكرا.
هەشتەم/ دانانی ئەندام پەرلەمان بەڕێز (زكری احمد اسماعیل)، لە لێـژنەی نـاوخۆ ۆ ئاسایش و ئەنجـوومەنە خۆجێیەكـان، هەربەڕێزێـك لەگەڵیەتـی بـا دەسـت بەرزكـاتەوە؟ بەدەنگـی (٦٩)، ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان پەسەندكرا.
نـۆیەم/ دانـانی ئەنـدام پەرلەمـان بەڕێـز (بەڵـێن اسـماعیل حـاجی )، لە لێـژنەی دەسـت پـاكی هەربەڕێزێـك لەگەڵییەتـی بـا دەسـت بەرزكـاتەوە؟ بەدەنگـی (٧٤)، ئەنـدامی بەڕێـزی پەرلەمـان پەسەندكرا.
پیرۆزبـایی لەو بەڕێـزانە ئەكەیـن كە لەلێـژنە نوێیەكـان دەسـتبەكار بـوون، وە سوپاسـی ئەو بەڕێزانەش ئەكەین كە لە لێژنەكـانی تـر چـوونەتە لێژنەیەكـی تـر، بەڕێـزان دەسـت بە جێبەجـێ كردنی خاڵی دووەمی بەرنامەی كار ئەكەین كە بریتیە لە دەنگدان لەسـەر ئەم پێشـنیاز و پـڕۆژە یاسایانەی خوارەوە بەپێی حوكمی ماددەكانی (٩٠،٩١،٩٣،٩٦،٩٧)، لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان.
خـاڵی یەكەم/ پێشـنیازە یاسـای هەمـواری دووەم یاسـای دەسـتەی دەسـت پـاكی هەرێمـی كوردسـتانی-عێـڕاق، ژمـارە (٣)ی سـاڵی (٢٠١١)، داوا لە ئەنـدامانی بەڕێـزی پەرلەمـان لە لێـژنەی یاسایی و دەستەی سەرۆكایەتی و لێژنەی دەست پاكی ئەكەیـن بێـنە ئێـرە بفەرمـوون، تـا ئەوان دێن یەك دوو نوقتە نیزامی وەرئەگرم، كاك (عمر عبدالله) فەرموو، باشە كاك (یاسین) بەسەرچاو بەس تكایە نوقتەی نیزامی بێت، چونكە بەپێـی پەیـڕەو ڕاتـان ئەگـرم دوای گلەییمـان لـێمەكەن، فەرموو.
بەڕێز عمر عبدالله فتاح:
بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.
بەنـاوی خـوای بەخشـندەی میهرەبـان، ماددەكـانی (٥٨،٥٩،٦٠)، پەیوەندیـدارە بە بـابەتی پرسـیار كـردن لە حكـومەت وایە؟ وەكـاتی دیـاری كـراویش هەیە بـۆ دەرفەتـی وەڵامـدانەوە لەلایەن حكومەتەوە كە حەوت ڕۆژە لە درێژترین حالەتدا بیست و یەك ڕۆژە، بەڵام ئەمە جارێـك نیـیەو دووان نییە پرسـیارێك نیـیە دووان نیـیە سـێیان نیـیە، حكومەت پابەنـدی ئەم وەڵامـانە نابێـت لەكاتی یاساییا بەپێی پەیڕەو بەتایبەت ئەو بابەتانەی پەیوەندی دارن بە داهات وخەرجییەكـان، پەیوەندیدارن بە وەزارەتی سامانە سرووشتییەكان و وەزارەتی دارایی، پەیوەندیـدارن بە مـافە داراییەكانی خەڵكی كوردستان حكومەت وەڵام نەداتەوە، ئەگەر تەنها پرسیاری من بـوایەو تەنهـا یەك پرسیار بـوایە تـاڕادەیەك، بەڵام ئەمە پێشـێلكارییەكی ڕوونـی پەیـڕەوی نـاوخۆیە پێشـنیار ئەكەم بۆ دەستەی بەڕێزتان كە لەگەڵ ئەنجوومەنی وەزیران كۆببنەوەو بۆ چارەسەر كردنی ئەم كێشەیە، زۆر سوپاس.
بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:
بەڵێ بەڕێزان خۆتان ئەزانن بەپێی پەیڕەو پرسیارەكان دوو جۆرن، پرسیاری زارەكی و نووسین هەیە، ئێمە هیچ پرسـیارێك نەهـاتووە كە خەسـڵەتە پەبڕەوییەكـانی تێـدا نەبـێ و نەنێردرابێـت

بەڕێــز ســکرتێری پەرلەمــانی کوردســتان لە دەســتەی ســەرۆکایەتی فــایلی بەدواداچــوونی پرسیارەکانی لایە، ئەگەر وەڵامێکت لایە فەرموو.
بەڕێز منى نبى نادر/ سكرتێری پەرلەمان:
بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.
سـەبارەت بە ئاڕاسـتە كردنـی پرسـیارەكە ئەتـوانم بڵـێم سـەرجەم پەرلەمانتارەكـان كە پرسـیار ئەكەن لە پەرلەمانی كوردستان بۆ ماوەی یەك ڕۆژیش نامێنێتەوە، هەمان ڕۆژ چـاپ دەكـرێتن و ئاڕاستەی لایەنە پەیوەندیدارەكان دەكرێت، سەبارەت بە تایبەتی پرسیارەكانی مامۆستا (عمـر)، ئەتــوانین بڵێــین تائێســتا زۆرتــرین وەڵـڵم كەلەڵـیەن ڵـیەنە پەیوەندیــدارەكان وەزارەتە تایبەتمەندییەكان هاتووە ئی بەڕێزت بووە، بۆیە ئەو پرسـیارەی كە ئاراسـتە كـراوە وەكـو خـۆی جێبەجێ كرا، زۆر سوپاس.
بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:
كاك (یاسین) فەرموو، باشە وەرتان ئەگرم فەرموو كاك (یاسین).
بەڕێز یاسین خضر طە:
بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.
بەناوی خودا، من دوو خاڵ باس دەكەم ئەگەر پێم نەبڕی مەمنوونم...
بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:
ئەگەر پەیڕەوی بێت خاڵی پەیڕەوی بێـت، كـاك یاسـین سـوپاس، چـونكە دەنگـدانە دانیشـتنەكە دانیشتنی دەنگدانە، فەرموو.
بەڕێز یاسین خضر طە:
.. قەیناكە ئێمە ماوەكانی دیكە لێرە لە پڕۆژەی ئاو و ئاوەڕۆ ماددەی (٧)مان لابرد ئێستاكەش ئەو كۆمپانیایە بەماڵدن دەگەڕێـت مـاڵ بە مـاڵ یەكـی ملـوێنەك، هەشـت سـەد هەزار، یـان نـۆ سـەد هەزاریان لێ دەسێنێت یانی بەپێی یاسا نابێت لێیان وەرگرێت، زۆر سوپاس.
بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:
زۆر سوپاس كاك (یاسین)، فەرموو كاك (هێڤیدار) نوقتە نیزامی فەرموو.
بەڕێز هێڤیدار احمد سلیمان:
بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.
بەگوێرەی ماددەی (٥٤)، بڕگەی (چوارەم) خاڵی یەكەم قسە ئەكەم نزیك دەبیـنەوە لە سـێ سـاڵ خولی پێنجەمی پەرلەمانی كوردستان، ئێمە لە وەرزێكی نوێی تەشـریعی دایـن، مـن لەو مـاوەی پشــووی پەرلەمــان بــاش لەنێــو خەڵكــی خۆمانــدا گەڕاوم ئەم كێشــانەی بەدیــم كــردووە كە لەپەرلەمان بەهەماهەنگی لەگەڵ حكومەتی هەرێم، ئەتـوانین ئەو كێشـانە كە هەنـدێكیان ئـانین وەهەندێكیان پلانیان دەوێت چارەسەر بكەیـن مـن لە كەرتـی تەندروسـتیەوە دەسـت پێـدەكەم وەك پێویست چاودێری لەسەر ئەم كەرتە بەتایبەت كەرتی تایبەت نییە، نەخۆشخانە ئەهلیەكـان بەكەیفی خۆیان بەربوونەتە گریفانی ئەم خەڵكە، پزیشك و دەرمانخـانە و تـاقیگە پزیشـك بـۆتە خــاوەن باڵەخــانە، پزیشــك بــۆتە شــەریك كە چــۆن پــارەی زیــاتر لە هاووڵاتییــان وەربگــرن،

هەرهەموومان ئەو ڕاستییە دەزانین وە کارەکە بەردەوامە، دەبێت سنووورێك بۆ ئەمە دابنرێت چاکی بکەین وەدەتوانین چاکی بکەین...

بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:

بەڵێ زۆر سوپاس.

بەڕێز هێڤیدار احمد سلیمان:

... سێ خولەك هەیە بەپێی ئەو ماددەیەی من داوام کردووە ماددەی (٥٤)...

بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:

ئاخر باسمان لە نوقتەی نیزامی کرد.

بەڕێز هێڤیدار احمد سلیمان:

...نوقتەی نیزامییە؟ بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان...

بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:

ئاخر نوقتەی نیزامی؟ یەك دەقە زیاتر نییە کاك (هێڤیدار)...

بەڕێز هێڤیدار احمد سلیمان:

...سێ خولەك داوادەکەم...

بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:

لەبەر ئەوەی نوقتە نیزامی داخل بووی بە نوقتە نیزامی یەك خولەك کاتت هەیە، فەرموو.

بەڕێز هێڤیدار احمد سلیمان:

... سەردانی دادگاکانمان کردووە لەبەر زۆری پارێزەرەکان دادگاکان جێگایان نەماوە زۆربەی قوتابخانەکان لەزانکۆ ئەهلیەکان هەموویان ڕوویان لە مەحاماتی کردووە هیچ پلانێکی ئەوتۆ بەدی نەکراوە کە وەزارەتی پلاندانان هەیبێتن، ئێمە لە هەرێمی کوردستان لە چ کەرتێك چ قوتابیەکمان پێویستە دەربچێتن، ئێستا قوتابی هەیە مووعەدەلی (٥٤) لە پۆلی شەش چۆتە تورکیا هەندەسەی هێناوە، ئاخر چۆن مەسەلەن حکومەت ئەبێت چاودێری ئەو بابەتە بکاتن، لە شارو شارۆچکەکانی ئێمە لە هەرێمی کوردستان شەقامەکان هەبوون خەیات بوون، قەساب بوون، حەداد بوون، یەعنی پیشەی هەبوو ئێستا هەموو نەماوە نزیکەی (٦٠%)ی خەڵکی هەرێمی کوردستان کە خوار (٣٠)ساڵین یانی ئەم گەنجانە هەموو ماون.. .

بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:

بەڵی زۆر سوپاس کاك هێڤیدار با ئیستفادە لە وەخت بکەین، کاك (جەلال) فەرموو جەنابیشت دوای برادەرانی تریش وەردەگرین فەرموو کاك (جەلال)، دەست خۆش کاك (هێڤیدار) باشە کاك (ئازاد) وەرتان ئەگرم بەسەرچاو.

بەڕێز جەلال محمد عبدالله:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

هەموومان ئەزانین دوو جۆر لێبوردن هەیە لێبوردنی گشتی و تایبەت هەیە، من لەگەڵ بەڕێز سکرتێری پەرلەمانیش دوو جار بوو بۆ لێژنەی مەعەنیش نوسیوومە، بەڕاستی سەبارەت بە لێبوردنی گشتی و تایبەت دەزانین لە دەسەڵاتی سەرۆکی هەرێمە ڕۆژانە بەڕاستی خەڵکێکی زۆر لە سجنەکان پەیوەندی دەکەن، دووجار دەڵیم ئەو مەوزووعە لەگەڵ لێژنەی مەعنیش

تەقـدیمم کـردووە لەگەڵ سـکرتێری پەرلەمـانیش، ئەگەر پەلەی لێبکرێـت پـڕۆژە یاسـایەك بـۆ لێبوردنی گشتی دەربکرێت، زۆر سوپاس.

بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:

زۆر سوپاس، کاك (ڕزگار) جەنابیشت یەك دەقە، خۆتان حازرکەن لێژنەی تایبەتمەند.

بەڕێز ڕزگار محمد محمود:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

لەڕابردووا ئێمە یاسایەك لەم پەرلەمانە بەڕێزەوە دەرچوو بۆ پاراستنی تۆڕەکانی ئاو و هەوڵـدرا لەو یاسـایە پێـوەر جـێ بکـرێتەوە، بەڵام وەکـو لیـژنەی شـارەوانی وەلەگەڵ سـتافی وەزارەتـی شارەوانی ئێمە قبوڵمان نەکرد لەبەر ئەوەی ئێستاکە بابڵێین هـیچ شـارێك کۆگـای ئـاوی نـیـە کە بەردەوام ئاو هەبێت لەماڵیاو ئەو پێوەرەی بـۆ دابنرێـت، ئێسـتاکە لە گەرمیـان بەڕێـز سـەرۆکی پەرلەمان ئێمە خۆمان لەگەڵ ئەندامی ئەنجوومەن سەردانی بەڕێوەبەرایەتی ئاومان کردووە وە هەموو مانگێك هەشتا هەزار دینار غەرامەی هاووڵاتیان ئەکرێ و لە مانگی سێ تاوەکو ئێسـتاکە کە ئەوە شـەش مـانگە شـەش هەشـتا هەزاری هەمـوو مـاڵێم غەرامە ئەکرێـت وە غەرامەکەش بەردەوامە، ماڵی واش هەیە ئەڵێـت کۆمپانیـاکە ئەصـڵەن هەر نەهـاتووە بـۆ لامـان بڵێـت پێـوەر ببەستە، بەڵام بەداخەوە تا ئێستاکە بەردەوامە، زۆر سوپاس.

بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:

زۆر سوپاس کاك (ڕزگار) کاتەکەت تەواو، با ئەم خاڵە دەست پێبکەین فەرموو لێژنەی تایبەتمەند دەسـت پێـبکەن، پێشـنیازە یاسـای هەمـواری دووەم یاسـای دەسـتەی دەسـت پـاکی هەرێمـی کوردستان-عێراق ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠٠١)، فەرموو.

بەڕێز سعید مصطفی تەتەرخان:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بۆ سـەرۆکایەتی پەرلەمـانی کوردسـتان بـابەت ڕاپـۆرتی دەنگدان، لیـژنەی کاروبـاری یاسـایی و لیـژنەی دەسـت پـاکی ڕۆژی یەکشـەممە ڕێککەوتـی (٢٠٢١/٩/٥) کـاتژمێر (١٠:٣٠) پـێش نیـوەڕۆ کۆبوونەوەی هاوبەشیان ئەنجامدا بۆ تـاوتوێکردن و داڕشـتنەوەی ئەو پێشـنیارانەی کە لەلایەن ئەندامانی پەرلەمان پێشکەش کراون، سەبارەت بە پێشنیازی یاسای هەمـواری دووەمـی یاسـای دەسـت پـاکی هەرێمـی کوردسـتان-عێـراق ژمـارە (٣)ی سـاڵی (٢٠١١)، لەدانشـتنی خوێنـدنەوەی دووەمدا دوای گفتوگۆکردن و تاوتوێکردن لێژنەکەمان گەیشتە ئەو ئەنجامەی خوارەوە.

بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:

بەڵێ بەڕێزان لەدەنگدان بە ناونیشان دەست پێ ئەکەین بەڕێزان فەرموون.

بەڕێز سعید مصطفی تەتەرخان:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

سەبارەت بە ناونیشان هیچ پێشنیازێك نییە وەکـو خـۆی، پێشـنیازی یاسـای هەمـواری دووەمـی یاسای دەست پاکی هەرێمی کوردستا-عێراق ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠١١).

بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:
بەڕێـزان دیـارە سـەبارەت بە ناونیشـان هـیچ پێشـنیازێك نیـیە وەکـو خـۆی، هەر بەڕێزێـك لەگەڵییەتی دەنگی پێبدرێت با دەست بەرزکاتەوە؟ بەدەنگـی (٦٨) ئەنـدامی بەڕێـزی پەرلەمـان پەسەندکرا، ماددەی (١) فەرموون.
بەڕێز لیلی عبدالجبار حدو:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
سەبارەت بە ماددەی (١)، هیچ پێشـنیارەك نیـیە وەکـو خـۆی، مـاددەی (١) هەر یەك لە بڕگەکـانی (یەکەم و دووەم)، لە ماددەی (٧)ی یاساکە هەڵدەوەشێتەوەو سەر لەنوێ ڕیزبەندی بۆ بڕگەکانی تری ماددەکە دەکرێتەوە، زۆر سوپاس.
بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:
بەڕێـزان دیـارە سـەبارەت بە مـاددەی(١) هـیچ پێشـنیازێك نیـیە وەکـو خـۆی، هەر بەڕێزێـك لەگەڵییەتی دەنگی پێبدرێت با دەست بەرزکاتەوە؟ بەدەنگـی (٥٩) ئەنـدامی بەڕێـزی پەرلەمـان پەسەندکرا، ماددەی (٢) فەرموون.
بەڕێز لیلی عبدالجبار حدو:
سەبارەت بە ماددەی (٢)، هیچ پێشنیارێك نییە وەکو خۆی، ماددەی (٢) کار بە دەقی هیچ یاساو بڕیارەك ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك بێت.
بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:
بەڕێـزان دیـارە سـەبارەت بە مـاددەی (٢) هـیچ پێشـنیازێك نیـیە وەکـو خـۆی، هەر بەڕێزێـك لەگەڵیەتی دەنگی پێبـدرێت بـا دەسـت بەرزکـاتەوە؟ بەدەنگـی (٧٠) ئەنـدامی بەڕێـزی پەرلەمـان پەسەندکرا، ماددەی (٣) فەرموون.
بەڕێز لیلی عبدالجبار حدو:
سەبارەت بە مـاددەی (٣)، هـیچ پێشـنیارەك نیـیە وەکـو خـۆی، مـاددەی (٣) ئەم یاسـایە لەڕۆژی دەرچووانـــدنییەوە جێبەجـــێ دەکرێـــت لە ڕۆژنـــامەی فەرمـــی (وەقـــائیعی کوردســـتان بڵاودەکرێتەوە).
بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:
بەڕێـزان دیـارە سـەبارەت بە مـاددەی (٣) هـیچ پێشـنیازێك نیـیە وەکـو خـۆی، هەر بەڕێزێـك لەگەڵیەتی دەنگی پێبدرێت بـا دەسـت بەرزکـاتەوە؟ بەدەنگـی (٦٧) ئەنـدامی بەڕێـزی پەرلەمـان پەسەندکرا دوای ئەو بەڕێزان فەرموون.
بەڕێز هەڵکەوت انور خلیفە:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:
سەبارەت بەهۆیەکانی دەرچوواندن هیچ پێشنیارێك نییە وەکو خـۆی، هۆیەکـانی دەرچووانـدن بۆ نەهێشتنی دژی یەك لە نێوان بڕگەی( یەکەم) لە ماددەی (٦)، و بڕگەکانی (یەکەم و دووەم) لە ماددەی (٧)ی یاساکە، کە بەهـۆی یاسـای ژمـارە (٧)ی سـاڵی (٢٠١٤) یاسـای هەمـواری (یەکەم)ی یاسای دەستەی دەست پاکی هەرێمی کوردستان –عێراق ژمارە (٣)ی ساڵ (٢٠١١) دروست بووە،

وە لەپێناو دروست بوونی یاساکە بەشێوەیەکی دروست و گونجاو ئەم یاسایە دەرچوێندرا، زۆر سوپاس.

بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:

سەبارەت بەهۆیەکانی دەرچوواندن هیچ پێشنیارێك نییە وەکو خۆی، هەر بەڕێزێك لەگەڵییەتی دەنگی پێبدرێت با دەست بەرزکاتەوە؟ بەدەنگی (٦٦) ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان پەسەندکرا، ئێستا بەڕێزان کۆی هەموارەکە کۆی یاساکە هەر بەڕێزێکی لەگەڵە با دەست بەرز کاتەوە؟ بەدەنگی (٧٤) ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان پەسەندکرا، پیرۆزبایی لە گەلی کوردستان ئەکەین بۆ هەموار کردنی ئەم یاسایە فەرمووون لیژنەی دەست پاکی بچنەوە جێگای خۆتان، دەست بە جێبەجێ کردنی بڕگەی (دووەم) ئەکەین لە پڕۆژە یاسای نیشان و مەدالیا لە هەرێمی کوردستان، داوا لە لیژنەی پێشمەرگە ئەکەین بێنە ئێرە، کاك ئازاد فەرمووون نوقتە نیزامیەکەت لیژنەی پێشمەرگە بێنە ئێرە بەڕێزان.

بەڕێز ازاد اکرم بهرام:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بەپێی ماددی (٣٦)، بۆ بەرژەوەندی گشتی بۆ باشکردنی پەروەردە (٢٨) ئەندامی پەرلەمان واژۆی کرد و لە مانگی سێ پێشکەشی سەرۆکایەتی پەرلەمانمان کرد، هەتا ئێستا نەهاتووەتە بەرنامەی دانیشتنی پەرلەمان، داوا دەکەین بێتە بەرنامەی پەرلەمان، چونکە کێشەی چارەسەری بینایەو کێشە و چارەسەری بینای قوتابخانەکان بوو کێشە و چارەسەری دەرچووەکانی تازە بوو، کێشە و چارەسەری بەرنامە و سیستەمی پەروەردە بوو وە دەعم بوو دەعمی مستەسمیرەکان بۆ پەروەردە بوو، زۆر سوپاس.

بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، فەرمووو کاك دیاری.

بەڕێز دیاری انوەر حمە رحیم:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

دوای ئەوەی چەند جارێك یاداشتمان ئاڕاستەی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کرد بە هۆی ئەوەی کە لە نزیکەوە گیراوانی بادینان ببینین، دوای ئەوەش کە دادگا بڕیاریی داوە کە بیانبینین، بەڵام جیهەتێك ڕێگری دەکات پرسیارەکە ئەوەیە کێ هێندە دەسەڵاتی باڵایە لە سەرووی پەرلەمان و لە سەرووی دادگاکانەوە ڕێگە نادات کە کەسوکاری گیراوانی بادینان، یاخود ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان بیانبینن یەکەم؟.

دووەم/ بەپێی ئەم پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستانە دەڵێت پەرلەمانی کوردستان لەسەر ئەو بابەتانەی کە پەیوەندی بە ژیان و گوزەرانی خەڵکەوە هەیە دەبێت لە بەرنامەی کاردا لە زووترین دانیشتن دا دانیشتنی لەسەر بکرێت، من پشتگیری لە قسەکانی کاك (کاروان) دەکەم لەوەی کە لەم کاتەدا کێشەی کەم ئاوی کێشەی کارەبا و سووتەمەنی و نرخی بەنزین کە نزیکی (٩٠٠) دینارە چەندێکە، ئێمە داوای چارەسەر کردنی ئەو کێشانەمان کردووە، خەڵك برسی بێت تینووی بێت کارەبای نەبێت بەنزینی گران بێت، ناکرێت لەم پەرلەمانی کوردستانەدا گفتوگۆی لەسەر نەکرێت، جیهەتی مەعەنی بانگ نەکرێت بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە، بۆیە

داوادەکەین ئەو بابەتـانەی کەپەیوەنـدی بەژیـان و گـوزەرانی خەڵـکەوە هەیە، ئەو بابەتـانەی کە کێشەی ڕاسەوخۆ بەخەڵکەوە هەیە لەم بەرنامەی کـارە ڕەنـگ بـداتەوەو لە پەرلەمـان گفتوگـۆی لەسەر بکرێ و چارەسەر بکرێت، زۆر سوپاس.

بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:

بەڵـێ بەڕێـزان تەنهـا بـۆ ڕوونکـردنەوەیەك، بەڕێـزان ئـێمە لە دەسـتپێکی وەرزی پـایزەی سـاڵی (سـێیەم)ی خـولی (پێـنجەم)ی پەرلەمـانی کوردسـتان دایـن، هەمـووی هەفـتەیەکە دەسـتمان پێکردووە ئەمانەی کە ئێستا لە بەرنامەی کاردان بەپێی پەیڕەو خوێندنەوەی دووەمیـان بـۆ کـرا بوو وە بەپێی پەیڕەو یاساکە خوێندنەوەی دووەمی بۆ کرابـا لە مـاوەی هەفتەیەکـدا دانیشـتنی دەنگـدانی لەسـەر بکرێـت وە ئـێمە چـاوەڕێ ئەکەیـن لە کۆبـوونەوەی دانیشـتنی پێشـووتریش باسمانکردئەو یاداشتانەی هەتانە بەپێی پەیڕەو مامەڵەی لەگەڵـدا ئەکەیـن و دانیشـتنی تـایبەتی لەسەر ئەکەین، کاك (ابوبکر) فەرموو.

بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بەپێی مـاددەی (١٢) بـڕگەی (سـێیەم) لە پەیـڕەوی نـاوخۆی پەرلەمـانی کوردسـتان، ئـێمە وەکـو ئەندامانی پەرلەمان سوێندمان خـواردووە کە بەرژەوەنـدی گەلـی کوردسـتان و یەکێتـی خـاك و گەل و شکۆ و ئازادییەکان و مافی هاووڵاتییان و ئەندامانی گشتی بپارێزین، لەم ڕوانگەیەوە من پرسـیار ئەکەم ئـێمە یەك هەرێمـی کوردسـتانمان هەیە یـان سـێ هەرێـم؟ بارهەڵگرێـك ئەگەر لە سلێمانییەوە بارێك بێنێت بۆ دهـۆك یـان هەولێـر لە هەرسـێ بـازگەی شـارەکە سـێ وەصـڵی بـۆ ئەکرێت بۆ قەپان، لە کاتێکا ئەمە لە سنوورێکەوە بۆ سنوورێکی تر داخڵ نابێت، ئەگەر ئێمە سێ سـنوورمان هەیە هەرێممـان هەیە بـابزانین؟ بـۆیە ئەمە هەمـووی نایاسـاییە بەشـێکە لەو ڕووتاندنەوەی گیرفانی هاووڵاتییان و لەو بەهەدەردانەی سامانی گشتی ئەکرێت، بۆیە پێویستە لیـژنەی پەیوەندیـدار ڕاسـپێرن بـا ئەم خروقـات و ئیجراحـاتە نایاسـاییە کە پـارەیەکی زیـادە لە هاووڵاتییان وەرئەگیرێت، زۆر سوپاس.

بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:

لیژنەی تایبەتمەند دەست پێبکەن، فەرموون دوای نوقتە نیزامییەکانی تر وەردەگرم فەرموو.

بەڕێز بژار خالد عبدالله:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان

بابەت ڕاپۆرتی دەنگدان

لیژنەی کاروباری یاسایی و لیژنەی کاروبـاری پێشـمەرگە ڕۆژی یەکشـەممە ڕێککەوتـی(٢٠٢١/٩/٥) کاتژمێر (١٠) پێشنیوەڕۆ کۆبوونەوەی هاوبەشیان ئەنجامـدا بـۆ تـاوتوێکردن و داڕشـتنەوەی ئەو پێشنیارانەی کە لەلایەنە ئەندامانی پەرلەمان پێشکەش کراون سەبارەت بە پڕۆژە یاسای نیشـان و مەدالیا لە هەرێمی کوردستان-عێراق لە دانیشتنی خوێندنەوەی دووەمدا، دوای گفتوگۆ کـردن و تاوتوێکردن لیژنەکان گەیشتنە ئەو ئەنجامانەی خوارەوە.

سەبارەت بە ناونیشان دوو پێشنیار هەیە:

پێشنیاری یەکەم/ پرۆژە یاسای بەخشینی نیشانە و مەدالیا لە هەرێمی کوردستان-عێراق.
پێشنیاری دووەم/ وەك خۆی پرۆچە یاسای نیشان و مەدالیا لە هەرێمی کوردستان-عێراق.

بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:
بەڕێزان سەبارەت بە ناونیشان دوو پێشنیاز هەیە، پێشنیازی یەکەم هەر بەڕێزێك لەگەڵیەتی دەنگی پێبدرێت با دەست بەرزکاتەوە؟ کەسی لەگەڵ نیە.
پێشنیازی دووەم وەکو خۆی هەر بەڕێزێك لەگەڵییەتی دەنگی پێبدرێت با دەست بەرزکاتەوە؟ بەدەنگی (٦٧) ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان پەسەندکرا.
بەڕێزان ئەگەر پەخشەکە ڕاگرن یەك مشورەتی بچووك هەیە ئەیکەین...
...فەرموون دەست پێبکەنەوە بەڕێزان، سەبارەت بە ماددەی(١)، بەڕێزان فەرموون کاك عباس کاك ڕێڤینگ کامتان.

بەڕێز ريڤينگ محمد محمد:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
سەبارەت بە ماددەی (١) دوو پێشنیار هەنە.
پێشنیاری یەکەم/ زیادکردنی بڕگەیەك لە ماددەی (١) بە زنجیرەی چوارەم بەم شێوەیەی خوارەوە:
چوارەم/ نیشان و مەدالیا یان مەدالیای شانازی یان شایستەی ئەو ڕێزلێنانەیە کە لەلایەن سەرۆکی هەرێم لە بۆنەیەکی تایبەتدا بۆ مەبەستی ڕێزلێنان و هاندانی پێشکەش بەو کەسانە دەکرێت کە لە بوارە جیاوازەکان ڕۆڵێکی بەرچاو وە خزمەتێکی ناوازە پێشکەش بە خاك و گەلی کوردستان دەکات.
پێشنیاری دووەم/ وەکو خۆی ماددەی (١) بۆ مەبەستی حوکمەکانی ئەم یاسایە ئەم دەستەواژانەی خوارەوە ماناکانیان بەرامبەر دەگەیەنن.

١. یەکەم: هەرێم، هەرێمی کوردستان-عێڕاق.
٢. سەرۆك: سەرۆکی هەرێمی کوردستان-عێڕاق.
٣. ئەنجوومەن: ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان-عێڕاق.

بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:
بەڵی بەڕێزان سەبارەت بە ماددەی (١)، دوو پێشنیاز هەیە.
پێشنیازی یەکەم هەر بەڕێزێك لەگەڵیەتی دەنگی پێبدرێت؟ (٢) ئەندامی بەڕێزی پەرلەمانی لەگەڵە.
پێشنیازی دووەم وەکو خۆی هەر بەڕێزێك لەگەڵیەتی دەنگی پێبدرێت با دەست بەرزکاتەوە؟ بەدەنگی(٥٩) ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان پەسەندکرا، دوای ئەو فەرموون.

بەڕێز عثمان كريم سوارە:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
سەبارەت بە ماددەی (٢) پێنج پێشنیار هەیە.
پێشنیاری یەکەم/ ماددەکە وەکو خۆی تەنها بڕگەی دووەم و ماددەکە بەم شێوەیەی لێدەکرێت:

١. نیشانی نیشتمانی بۆ ئەو کەسانە یـان بە میراتگرەکانیـان دەبەخشـرێت کە لەبـواری مەدەنـی دا خزمەتێکی ناوازە پێشکەش بە هەرێم دەکەن یان داهێنانەکی مەزن لەبواری کارەکانیاندا دەکەن کە لەخزمەت مرۆڤایەتی دابێت.
٢. نیشانی پێشمەرگە بە کەسانی بیانی یان بە میراتگرەکانیان دەبەخشـرێت کە خزمەتێکی نـاوازە پێشکەش بە هەرێم دەکەن.

مەدالیای بەرخودان وقارەمانێتی بەو کەسانە یان میراتگرەکانیان دەبەخشرێت کە لە بوارەکـانی سەربازی و ئاسـایش یـان لە پاراسـتن و بەرگـری هەرێـم خزمەتێکـی بەرگـری بێهاوتـا پێشـکەش دەکەن کە شایستەی ڕێزلێنان و بەرز ڕاگرتنە.

پێشنیاری دووەم/ ماددەکە وەکو خۆی تەنها بڕگە دووەم ماددەکە بەمشێوەیەی لێدەکرێت.

١. نیشانی نیشتمانی: ئەو نیشانەیە بەو کەسانە دەبەخشـرێت کە لە بـواری مەدەنـی دا خزمەتێکـی ناوازە پێشکەش بە هەرێم دەکەن یا داهێنانێکە مەزن لەبـواری کارەکانیـان ئەنجـام دەدەن کە لە خزمەت مرۆڤایەتی دابێت.
٢. نیشانی ئاشتی و پێکەوە ژیان: ئەو نیشانەیە بەو کەسانە دەبەخشرێت کە خزمەتێکـی نـاوازە لە بواری گەشەپێدانی ئاشتی و مافی مرۆڤ و پێکەوە ژیان پێشکەش بە هەرێم دەکەن.
٣. نیشانی پێشمەرگە: ئەو نیشانەیە بە کەسانی بیانی دەبەخشرێت کە خزمەتێکی ناوازە پێشکەش بە هەرێم دەکەن.
٤. مەدالیـای بەرخـودان و قارەمـانێتی: بەو کەسـانە یـان بە میراتگرەکانیـان دەبەخشـرێت کە لە بوارەکانی سەربازی و ئاسایش یان لەمیانەی پاراسـتن وبەرگری لە هەرێـم خزمەتێکـی گەورەی بێهاوتا پێشکەش دەکەن کە شایستەی ڕێزلێنان و بەرز ڕاگرتنە.

پێشنیاری سێیەم/ ماددەکە وەکو خۆی لەگەڵ ئەم گۆڕانکاریانەی خوارەوە لە بڕگەی دووەمدا.

١. دەستەواژەی نیشانی نیشتمانی بکرێتە نیشانی نیشتیمانیی.
٢. دەستەواژەی لە بواری مەدەنی دا بکرێتە لە بوارە جیاجیاکاندا.
٣. دەستەواژەی بە هەرێم لاببرێت.

خاڵی دووەم بەم شێوەیەی لێبکرێت:

نیشانی ئاشتی بەو کەسانە ببەخشـرێت کە خزمەتێکـی نـاوازە لەبـواری گەشـەپێدانی ئاشـتی و مافی مرۆڤ و ژیان پێشکەش بە هەرێم دەکەن.

خاڵی سێیەم بەم شێوەیەی لێبکرێت:

نیشـانی پێشـمەرگە بە پێشـمەرگەی یـان کەسـانی بێگـانە دەبەخشـرێت کە خزمەتێکـی نـاوازە پێشکەش بەهێزی پێشمەرگەی کوردستان دەکەن و میراتگرەکانیشیان دەگرێتەوە.

چوارەم خاڵی چوارەم لابرێت:

پێشنیاری چوارەم/ ماددەکە وەکو خۆی تەنها لەگەڵ زیادکردنی ئەم دوو خـاڵە بە زنجیـرە پێـنج، (پێنجەم و شەشەم) بۆ بڕگەی (یەکەم و دووەم) بەم شێوەیەی خوارەوە

١. پێنجەم نیشانی زانست، شەشەم نیشانی وەرزش.

٢. پێنجەم نیشانی زانست بەو کەسانە دەبەخشرێت کە لە بواری زانستی دا خزمەتێکی ناوازە پێشکەش بەهەرێم دەکات یان داهێنانێکی مەزن لەم بوارەدا دەکەن کە لەخزمەتی مرۆڤایەتیدا بێت.
٣. شەشەم نیشانی وەرزش بەو کەسانە دەبەخشرێت کە لە بوارە وەرزشی دا خزمەتێکی ناوازە پێشکەش بەهەرێم دەکەن.

پێشنیاری پێنجەم/ وەکو خۆی ماددەی (٢).

یەکەم/ نیشان و مەدالیا بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە بریتین لە مانەی خوارەوە:

١. نیشانی نیشتمانی.
٢. نیشانی ئاشتی و پێکەوە ژیان.
٣. نیشانی پێشمەرگە.
٤. مەدالیای بەرخودان و قارەمانیەتی.

دووەم/

١. نیشانی نیشتمانی بەو کەسانە دەبەخشرێت کە لە بواری مەدەنی دا خزمەتاێکە ناوازە پێشکەش بە هەرێم دەکەن یان داهێنانەکی مەزن لە بواری کارەکەیاندا دەکەن کەلەخزمەتی مرۆڤایەتیدا بێت.
٢. نیشانی ئاشتی و پێکەوە ژیان بەو کەسانە دەبەخشرێت کە خزمەتێکی ناواز لە بواری گەشەپێدانی ئاشتی و مافی مرۆڤ و ژیان پێشکەش بە هەرێم دەکەن.
٣. نیشانی پێشمەرگە بە کەسانی بێگانە دەبەخشرێت کە خزمەتێکی ناوازە پێشکەش بە هەرێم دەکەن.
٤. مەدالیای بەرخودان و قارەمانێتی بەو کەسانە دەبەخشرێت یان بە میراتگرەکانیان کە لە بوارەکانی سەربازی و ئاسایش یان لەمیانەی پاراستن و بەرگری لە هەرێم خزمەتێکە گەورەی بێهاوتا پێشکەش دەکەن کە شایستەی ڕێزلێنان و بەرز ڕاگرتنە.

بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:

بەڵێ بەڕێزان پێش ئەوەی بچینە دەنگدان لەسەر ئەو ماددەیە تەنها ڕوونکردنەوەیەك بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن کە پرسیار ئەکەن، بۆ ڕای گشتی ڕایدەگەیەنین کەلەبەر حاڵەتێکی تایبەت بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان نەیتوانی بەژداری جەلسەکە بکات وە ئەمڕۆ شاندێکی باڵای پەرلەمانی ئوردنی لێرەیە وە ئێستا لە فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر بەڕێ ئەکرێن کە دەبوو یەکێك لە دەستەی سەرۆکایەتی لە مەراسیمی بەڕێکردنەکە لەگەڵ لێژنەی پەیوەندییەکان لێژنەی تایبەتمەند بەژداربێت بۆیە بەڕێز (منی نبی) سکرتێری پەرلەمان ڕاسپێردرا تا لەو مەراسیمە بەژداربێت لەبەڕێکردنیان وە عورفی پەرلەمانیش بە دەنگدانی ئەندامانی پەرلەمان سەرۆکی لێژنەی یاسایی بەشێوەیەکی کاتی تەنها بۆ ئەم بڕگانەی کە لەم دانیشتنەدا هەیە ڕۆڵی سکرتێری پەرلەمان ئەبینێت، بەڕێزان لە خولی پێشتریش عورف هەبووە سەبارەت بەماددی (٢) بەڕێزان پێنج پێشنیار هەیە.

پێشنیاری یەکەم/ هەر بەڕێزێك لەگەڵییەتی دەنگی پێبدرێت با دەست بەرزکاتەوە،؟ هیچ بەڕێزێك لەگەڵ نییە.

پێشـنیاره دووەم/ مـاددەکە وەکـو خـۆی تەنهـا ئەو گۆڕانکارییـانەی کە کـراون هەر بەڕێزێـك لەگەڵییەتی دەنگی پێبدرێت با دەست بەرزکاتەوە؟ هیچ بەڕێزێك لەگەڵ نییە.
پێشنیاری سێیەم/ ماددەکە وەکو خۆی تەنها ئەو گۆڕانکارییانەی خوارەوە کە لە بڕگەکە هاتووە؟
(٢) ئەندامی بەڕێزی پەرلەمانی لەگەڵە.
پێشنیاری چوارەم/ ماددەکە وەکو خۆی تەنها لەگەڵ زیادکردنی ئەو دووخاڵە بەزنجیرەی (پێـنج و شەش) بۆ بڕگەکانی ( یەکەم و دووەم)، هەر بەڕێزێك لەگەڵییەتی دەنگی پێبـدرێت بـا دەست بەرزکاتەوە؟ هیچ کەس لەگەڵ نییە.
پێشنیاری پێنجەم/ وەکو خۆی هەر بەڕێزێك لەگەڵییەتی دەنگی پێبدرێت با دەست بەرزکاتەوە؟
(٥٨) ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵییەتی پەسەندکرا، ماددەی(٣) بەڕێزان فەرموون.
بەڕێز رزگار محمد محمود:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
ســەبارەت بە مـاددەی(٣) دوو پێشـنیار هەیە، پێشـنیاری یەکەم مـاددەکە وەکـو خـۆی تەنهـا بڕگەکانی (یەکەم و دووەم) بەمشێوەیە لێبکرێت.
یەکەم/ شـێوەو نەخـش و نیگـار و هێماکـان ئەو مـاددەیەی کە نیشـان و مەدالیـای لـێ دروسـت دەکرێت بە پەیڕەوێك دیاری دەکرێت بەپێی پسپۆڕی دیاریکراو.
دووەم/ نیشان و مەدالیا بە مەرسووم لەلایەن سەرۆك لە بۆنەیەکی تایبەتدا دەخشرێن بە ئامادە بوونی خانەوادەی ڕێزلێگیراو.
پێشنیاری دووەم/ وەکو خۆی ماددەی(٣).
یەکەم/ شێوەو نەخـش و نیگـار و هێماکـان و ئەو مـاددانەی کە نیشـان و مەدالیـای لـێ دروسـت دەکرێت بەپەیڕەوێك دیاری دەکرێت کە لەلایەن سەرۆك دەردەچێت.
دووەم/ نیشان و مەدالیا بە مەرسووم لەلایەن سەرۆك لە بۆنەیەکی تایبەتدا دەبەخشرێت.
بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:
بەڕێـزان سـەبارەت بە مـاددەی (٣) دوو پێشـنیار هەیە، پێشـنیازی یەکەم هەر بەڕێزێکـی لەگەڵە دەست بەرزکاتەوە، دوو کەس، پێشنیازی دووەم وەك خۆی هەر بەڕێزێکی لەگەڵە بابفەرموێـت؟
(٥٦) ئەندامی بەڕێزی پەرلەمانی لەگەڵە پەسەند کرا دوای ئەو ماددەی چوار.
بەڕێز ڕزگار محمد محمود:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
سەبارەت بە ماددەی (٤) دوو پێشنیار هەیە پێشنیاری یەکەم وەك خۆی ماددەی (٤).
یەکەم/ سەرۆك بۆی هەیە لەهەر کاتێکدا نیشان و مەدالیا بە کەسانی شایستە ببەخشێت.
دووەم/ سەرۆکایەتی هەرێم بۆی هەیە پێشنیار بۆ دیـاریکردنی کەسـانی شایسـتە بە بەخشـینی نیشان و مەدالیاکان وەربگرێت.
سێیەم/ کەسانی شایستە بۆ وەرگرتنی نیشان و مەدالیا لەسـەر ڕاسـپاردەی وەزیـری تایبەتمەنـد یــان ســەرۆکی لایەنە بەســتراوەکان بە وەزارەت بەڕەزامەنــدی ئەنجــوومەنی ناوەنــد بــۆ سەرۆکایەتی هەرێم پێشنیار دەکرێن.

چوارەم/ لیژنەیەکی تایبەتمەند لە سەرۆکایەتی هەرێم پێکدەهێنرێت بۆ هەڵسەنگاندنی پێشنیار کراوەکان بۆ خستنە بەردەمی سەرۆك بە مەبەستی بەخشینی نیشان ومەدالیا.
پێشنیاری دووەم/ پێشنیاری هەردوو لیژنەی تایبەتمەند بەپێی ئەو دەسەڵاتەی ماددەی (٩١)، بڕگەی (چوارەم)، لە پەیڕەوەی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان کە بەلیژنەی یاسایی و تایبەتمەند دراوە، ئێمە کۆبەندی ئەو بژاردانەی پێشنیار کراون لەلایەن ئەندامانی پەرلەمان لە دانیشتنی خوێندنەوەی دووەمدا ئەم پێشنیارە دەخەینە ڕوو، داوا دەکەین بخرێتە دەنگدان، زیادکردنی بڕگەیەك بە زنجیرەی سێیەم بۆ ماددەکەو بەو پێیەی ڕیزبەندی بڕگەکان دەگۆڕدرێت و بەمشێوەیەی خوارەوە.
یەکەم/ سەرۆك بۆی هەیە لەهەر کاتێکدا نیشان و مەدالیا بەکەسانی شایستە ببەخشێت.
دووەم/ سەرۆکایەتی هەرێم بۆی هەیە پێشنیار بۆ دیاریکردنی کەسانی شایستە بە بەخشینی نیشان و مەدالیاکان بکات.
سێیەم/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و سەرۆکی ئەنجوومەنی دادوەری لە هەرێم بۆیان هەیە پێشنیار بۆ دیاریکردنی کەسانی شایستە بە بەخشینی نیشان و مەدالیاکان بکات.
چوارەم/ کەسانی شایستە بۆ وەرگرتنی نیشان و مەدالیا لەسەر ڕاسپاردەی وەزیری تایبەتمەند یان سەرۆکی لایەنە نەبەستراوەکان بە وەزارەت بە ڕەزامەندی ئەنجوومەن بۆ سەرۆکایەتی هەرێم پێشنیار دەکرێن.
پێنجەم/ لیژنەیەکی تایبەتمەند لە سەرۆکایەتی هەرێم پێکدەهێنرێت بۆ هەڵسەنگاندنی پێشنیار کراوان بۆ خستنە بەردەمی سەرۆك بەمەبەستی بەخشینی نیشان و مەدالیا، زۆر سوپاس.
بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:
بەڵێ بەڕێزان پێش ئەوەی دەنگدان بکەین داوا لە سەرۆك فراکسیۆنەکان دەکەم ئاگاداری ئەندامی بەڕێزی فراکسیۆنەکانیان بکەن بگەڕێنەوە ناو هۆڵ، لەبەر ئەوەی دانیشتنی دەنگدان دەبێت نیصاب هەبێت ئێستاش (٦١) ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان لەناو هۆڵە تکاتان لێ ئەکەین ئەو بابەتەتان لەبار چاوبێت، سەبارەت بە ماددەی (٤)، دوو پێشنیاز هەیە پێشنیازی یەکەم وەکو خۆی هەر بەڕێزێکی لەگەڵە بابفەرمووێت، هیچ بەڕێزێکی لەگەڵ نییە، پێشنیازی دووەم پێشنیازی لیژنەی تایبەتمەند بەڕێزان، بە دەنگی (٥٧) ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان پەسەندکرا، ماددەی دوای ئەو فەرموون ماددەی (٥).
بەڕێز عباس فتاح صالح:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
بەناوی خوای گەورە، سەبارەت بە ماددەی (٥)، هیچ پێشنیارێك نییە وەکو خۆی ماددەی (٥).
یەکەم: هەڵگرانی نیشان و مەدالیا بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە ئەم ئیمتیازانەی خوارەوەی پێدەبەخشرێت،
_ بانگێشت کردنیان بۆ بۆنە نیشتمانییە فەرمییەکان.
_ بەخشینێکی دارایی کە بڕەکەی لەلایەن سەرۆکی هەرێمە دیاریی دەکرێت و لە بوودجەی سەرۆکایەتی هەرێمەوە خەرج دەکرێت.

_ هەر بەخشینێك و ئیمتیازێكی تر كە لەپەیڕەوی جێبەجێ كردنی حوكمەكانی ئەم یاسایەدا هاتبێت.
دووەم/ نیشان و مەدالیاكان لە بۆنە فەرمییەكان و نیشتمانییەكان بەخۆوە دەكرێت.
سێیەم/ لە كاتی مردن هەڵگرانی نیشان و میراتگرەكانیان مافی پارێزگاری كردنیان لە نیشان و مەدالیاكانیان هەیە، بەڵام مافی بەخۆ كردنەوەیان نییە.

بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:
بەڵێ بەڕێزان سەبارەت بە ماددەی (٥)، هیچ پێشنیازێك نییە وەكو خۆی هەر بەڕێزێكی لەگەڵە با دەست بەرزكاتەوە، بەدەنگی (٥٧) بەڕێزی ئەندامی پەرلەمان پەسەندكرا، ماددەی (٦) فەرموون.

بەڕێز عباس فتاح صالح:
بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.
ماددەی (٦)، سەبارەت بە ماددەی (٦)، هیچ پێشنیارێك نییە وەكو خۆی.
یەكەم/ سەرۆكی هەرێم مەرسومێك یان نیشان یان مەدالیایی بەخشراو لە هەڵگرەكەی دەسێنێتەوەو لەسەر ڕاسپاردەی لیژنەیەكی لێكۆڵینەوە كە لەسەرۆكایەتی هەرێم بۆ ئەو مەبەستە پێكدێت لە سێ ئەندام كە یەكێكیان ماف پەروەر بێت لەكاتی هاتنەدی یەكێك لەم حاڵەتانەی خوارەوە.
_ ئەگەر دەركەوت كە پێشتر حوكمدراو بووە بە تاوانێكی ئابڕووبەر یان دواتر پێی حوكمدرا.
_ ئەگەر دەركەوت كەپێشتر كارێكی دژ بە گەل، خاك یان بەرژەوەندییە باڵاكانی هەرێم ئەنجام داوە یان دواتر ئەنجامیان بدات.
_ ئەگەر دەركەوت لەسەر بنەمایەكی ساختە یان نادروست نیشان یان مەدالیاكەی بەدەست هێناوە.
_ ئەگەر كارێكی ئەنجام دا بنەمای وەرگرتنی نیشان یان مەدالیاكەی پێبەخشراوە ناكۆك و دژ هاتەوە.
دووەم: لێسەندنەوەی نیشان و مەدالیا بەپێی بڕگەكانی( یەكەم)ی ئەم ماددەیە دەبێتە هۆی ڕاگرتنی ئیمتیازاتەكان و لێسەندنەوەی ئەوانیشی پێبەخشراون كە شیاوە كشانەوەبن، زۆر سوپاس.

بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:
بەڵێ بەڕێزان سەبارەت بەماددەی (٦)، هیچ پێشنیازێك نییە وەكو خۆی هەر بەڕێزێكی لەگەڵە با دەست بەرز كاتەوە؟ بەدەنگی (٦٠)، ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان پەسەندكرا، ماددەی (٧) فەرموون.

بەڕێز عباس فتاح صالح:
بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.
سەبارەت بە ماددەی (٧)، هیچ پێشنیارێك نییە وەكو خۆی ماددەی (٧)، ئەرك و پێكهاتەكانی هەرلیژنەیەك كە لەم یاسایەدا هاتوون بە پەیڕەوێك دیاریی دەكرێت كە لەلایەن سەرۆك دەردەچێت، زۆر سوپاس.

بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:
بەڵێ بەڕێزان سەبارەت بەماددەی (٧)، هیچ پێشنیازێك نییە، هەر بەڕێزێك لەگەڵە با دەست بەرز کاتەوە؟ بەدەنگی (٦١) ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان پەسەندکرا، دواتر ماددەی (٨) فەرموون.
بەڕێز عباس فتاح صالح:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
سەبارەت بە ماددەی (٨)، هیچ پێشنیارەك نییە وەکو خۆی ماددەی (٨) نیشان و مەدالیای بەخشراو شیاوی مامەڵە پێکردن نین بە پێچەوانەوەی حوکمەکانی ئەم یاسایە، زۆر سوپاس.
بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:
بەڵێ بەڕێزان سەبارەت بەو ماددەیەش هیچ پێشنیازێك نییە وەکو خۆی، هەر بەڕێزك لەگەڵە با دەست بەرزکاتەوە؟ بەدەنگی (٦٠)، ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان پەسەندکرا، ماددەی (٩) فەرموون.
بەڕێز عباس فتاح صالح:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
سەبارەت بە ماددەی (٩)، هیچ پێشنیارێك نییە وەکو خۆی ماددەی (٩)، شێواز، نەخش، هێمای بەکارهاتوو لە دروست کردنی نیشان و مەدالیا بە موڵکی هەرێم هەژمار دەکرێن، زۆر سوپاس.
بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:
بەڵێ بەڕێزان سەبارەت بە ماددەی (٩) هیچ پێشنارێك نییە وەکو خۆی هەر بەڕێزێکی لەگەڵە با دەست بەرزکاتەوە؟ بەدەنگی (٥٧)، ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان پەسەندکرا، ماددەی (١٠) فەرموون.
بەڕێز عباس فتاح صالح:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
سەبارەت بە ماددەی (١٠)، هیچ پێشنیارێك نییە وەکو خۆی ماددەی (١٠)، نیشان و مەدالیای بەخشراو بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە نیشانی گلدانەوەی ناخرێتە سەر، زۆر سوپاس.
بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:
بەڵێ بەڕێزان سەبارەت بە ماددەی (١٠) هیچ پێشنارێك نییە وەکو خۆی هەر بەڕێزێکی لەگەڵە بادەست بەرزکاتەوە،؟ بەدەنگی (٥٧)، ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان پەسەندکرا، ماددەی (١١) فەرموون.
بەڕێز جەلال محمد امین:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
سەبارەت بە ماددەی (١١)، دوو پێشنیار هەیە پێشنیاری یەکەم وەکو خۆی ماددەی (١١)، هەر کەسێك هەڵسێت بە تەزویر یان لاسایکردنەوەی هەر نیشانەو مەدالیایەك کە لەو یاسایەدا هاتبێت یان دروست کردنی بەبێ مۆڵەتی لایەنی تایبەتمەند ئەوا سزا دەدرێت بە زیندانی کردن بۆ ماوەیەك لە پێنج ساڵ کەمتر نەبێت و لە دە ساڵ زیاتر نەبێت لەگەڵ ڕەچاوکردنی هەر سزایەکی توندتر کە لە یاسایەکی دیکەدا هاتبێت.

پێشنیاری دووەم پێشنیاری هەردوو لیژنەی تایبەتمەندە هەرکەسێك هەڵسێت بە تەزویر کردن یان لاسایی کردنەوە یان هەر نیشان و مەدالیایەك کە لەم یاسایەدا هاتبێت یان دروستکردنی بەبێ مۆڵەتی لایەنی تایبەتمەند ئەوا سزا دەدەرێت بۆ ماوەیەك کە لە دە ساڵ زیاتر نەبێت و لەگەڵ ڕەچاوکردنی هەر سزایەکی توندر کە لەیاسایەکی دیکەدا هاتبێت، زۆر سوپاس.

بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:

بەڵێ بەڕێزان سەبارەت بە ماددەی (١١)، دوو پێشنیاز هەیە بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیازی یەکەمە با دەست بەرزکاتەوە؟ پێشنیازی یەکەم وەك خۆیەتی(١)، یەك بەڕێزی لەگەڵە، پێشنیازی دووەم پێشنیازی هەردوو لیژنەی تایبەتمەند بەدەنگی (٥٥) ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان پەسەندکرا، ماددەی (١٢)، فەرموون.

بەڕێز جەلال محمد امین:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

سەبارەت بە ماددەی (١٢) هیچ پێشنیارێك نییە وەکو خۆی ماددەی (١٢)، سەرۆك پەیڕەوێك بۆ دیاریکردنی کاروباری پەیوەندی دار بۆ ئاسان جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەردەکات، زۆر سوپاس.

بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:

بەڵێ بەڕێزان سەبارەت بە ماددەی (١٢) هیچ پێشنارێك نییە وەکو خۆی، هەر بەڕێزێکی لەگەڵە بادەست بەرزکاتەوە؟ بەدەنگی (٥٩)، ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان پەسەندکرا، ماددەی (١٣) فەرموون.

بەڕێز جەلال محمد امین:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

سەبارەت بە ماددەی (١٣)، هیچ پێشنیارێك نییە وەکو خۆی پێویستە لەسەر ل دیەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن، زۆر سوپاس.

بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:

بەڵێ بەڕێزان سەبارەت بە ماددەی (١٣) هیچ پێشنارێك نییە وەکو خۆی، هەر بەڕێزێکی لەگەڵە با دەست بەرزکاتەوە؟ بەدەنگی (٦٣)، ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان پەسەندکرا، ماددەی(١٤) فەرموون.

بەڕێز جەلال محمد امین:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

سەبارەت بە ماددەی (١٤)، هیچ پێشنیارێك نییە وەکو خۆی ماددەی(١٤) کار بە دەقی هیچ یاساو بڕیارێك ناکرێت لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆك بێت، زۆر سوپاس.

بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:

بەڵێ بەڕێزان سەبارەت بە ماددەی (١٤) هیچ پێشنارێك نییە وەکو خۆی هەر بەڕێزێکی لەگەڵە بادەست بەرزکاتەوە؟ بەدەنگی (٦١)، ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان پەسەندکرا، ماددەی (١٥) فەرموون.

بەڕێز جەلال محمد امین:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
سەبارەت بە ماددەی (١٥)، هیچ پێشنیارێك نییە وەکو خۆی ماددەی (١٥)، ئەم یاسایە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقائعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت، زۆر سوپاس.
بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:
بەڵێ بەڕێزان سەبارەت بە ماددەی (١٥) هیچ پێشنارێك نییە وەکو خۆی، هەر بەڕێزێکی لەگەڵە با دەست بەرزکاتەوە؟ بەدەنگی (٦١)، ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان پەسەندکرا، فەرموون.
بەڕێز جەلال محمد امین:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
سەبارەت بە هۆیەکانی دەرچوواندنی هیچ پێشنیارێك نییەو وەکو خۆی، هۆیەکانی دەرچوواندن بەمەبەستی هاندان و ڕێزلێنان و نیشانکردنی ئەو کەسانەی لە بوارە جیاوازەکاندا خزمەتی ناوازەیان پێشکەش بە خاك و گەلی کوردستان دەکەن ئەم یاسایە دەرچووێندرا، زۆر سوپاس.
بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:
بەڵێ بەڕێزان سەبارەت بە هۆیەکانی دەرچوواندن هیچ پێشنارێك نییە وەکو خۆی، هەر بەڕێزێکی لەگەڵە با دەست بەرزکاتەوە؟ بەدەنگی (٦٢)، ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان پەسەندکرا، بەڵێ بەڕێزان ئێستا هەر بەڕێزێك لەگەڵ کۆی یاساکەیە با دەست بەرزکاتەوە؟ بەدەنگی (٦٠) ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان پەسەندکرا، دەستان خۆش سوپاس لیژنەی پێشمەرگە بچۆنەوە شوێنی خۆتان، بەڕێزان بڕگەی (سێیەم) لە خاڵی (دووەمی) بەرنامەی کار دەنگدانە بە پڕۆژە یاسای هەمواری یاسای یەکێتی ژوورەکانی بازرگانی و پیشەسازی ژمارە (١٤)ی ساڵی (١٩٩٣)، لە هەرێمی کوردستان_عێراق، بۆیە داوا لە لیژنەی یاسایی و لیژنەی پیشەسازی و ووزە دەکەین بێنە ئێرە فەرموون، بەدریە خان نوقتە نیزامیەکەت فەرموو.
بەڕێز بدریە اسماعیل محمود:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان، ئەوە بۆ پێنج مانگ دەچێت بە بڕیارێکی نایاسایی بەڕێز دکتۆر کاظم لەکۆبوونەوەکانی پەرلەمان بێبەش ئەکرێت بۆیە داوا دەکەم ئەو بڕیارە هەڵبووەشێتەوە پێشنیاریش ئەکەم ئەگەر دوو پەرلەمانتاری بەڕێز پشتگیریم بکەن ئەو بابەتە بخرێتە دەنگدانەوە بەڕێز سەرۆکی فراکسیۆنی نەوەی نوێ بەژداری کۆبوونەوەکان بکات، زۆر سوپاس.
بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:
بەڵی بەڕێزان ئێمە بەپێی پەیڕەو مامەڵە لەگەڵ ئەو بابەتە کراوە ئەمە بڕیارێکی پەرلەمانییەو بەدەنگی (٧٣)، ئەندامی پەرلەمانی بەڕێزی کوردستان بڕیاریی ژمارە (٢) ئەگەر هەڵەنەبم دەرچووە، هەر بەڕێزێك ئەیەوێت یاداشتێك تەقدیم بکات ئیمزای بکەن ئەو کاتە ئێمە بەپێیی پەیڕەو دەخەینە بەرنامەی کار، فەرموون ئێستا دەست پێبکەن وە لەگەڵ ئەوەش بەڕێزان

ئەمانەوێت تەنها ڕوونکردنەوەیەك بدەین، ئێمە وەکو دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان لەگەڵ بەڕێزان لە فراکسیۆنی نەوەی نوێ بە ئاگاداری نوێنەری بەشێك لە فراکسیۆنەکان کە داوایان کردبوو چەندجارێك دانیشتین داوامان لێکردن بۆ ئەوەی ئەو بابەتە هەبێت، پێنج ئیختیارمان خستە بەردەم فراکسیۆنی نەوەی نوێ ووتمان هەر کامێك لەو ئیختیارانە هەڵبژێرن ئێمەش لەگەڵ فراکسیۆنەکانی تر قسە ئەکەین، چونکە بابەتەکە مەربووتە بە داوای لێبوردن بەرامبەر بەو کارەی کە لەناو پەرلەمانی کوردستان کراوە هەتا ئەم ساتەش هیچ وەڵامێك بۆ ئێمە لە دەستەی سەرۆکایەتی نەهاتۆتەوە، بۆیە ئەو بەڕێزانەی داوای هەڵوەشانەوەی ئەو بڕیارە ئەکەن ئەکرێت یاداشتێك ئیمزاکەن بدەنە دەستەی سەرۆکایەتی ئەو کاتە ئێمەش بەپێی پەیڕەو مامەڵەی لەگەڵ دەکەین، فەرموون بەڕێزان دەست پێبکەن.

بەڕێز عباس فتاح صالح:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بەناوی خوای گەورە، لیژنەی کاروباری یاسایی ولیژنەی ووزەو سامانە سروشتییەکان و پیشەسازی و بازرگانی ڕۆژی یەکشەم ڕێککەوتی ٢٠٢١/٩/٥، کاتژمێر (١١:٣٠) پێش نیوەڕۆ کۆبوونەوەی هاوبەشیان ئەنجامدا بۆ تاوتێکردن و داڕشتنەوەی ئەم پێشنیارانەی کە لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە سەبارەت بە پرۆژە یاسای هەمواری دووەمی یاسای یەکێتی ژوورەکانی بازرگانی و پیشەسازی ژمارە (١٤) ساڵی (١٩٩٣)، لە هەرێمی کوردستان-عێراق لەدانیشتنی خوێندنەوەی دووەمدا دوای گفتوگۆ کردن و تاوتوێکردنی لیژنەکان گەیشتنە ئەم ئەنجامەی خوارەوە،

_ سەبارەت بە ناونیشان هیچ پێشنیارێك نییە وەك خۆی، پرۆژە یاسای هەمواری دووەمی یاسای یەکێتی ژوورەکانی بازرگانی و پیشەسازی لە هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە (١٤)، ساڵی (١٩٩٣)، زۆر سوپاس.

بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:

بەڵێ بەڕێزان سەبارەت بەناونیشان دیارە هیچ پێشنیازێك نییە وەکو خۆی، بۆیە هەرکەسێك لەگەڵیتی وەك خۆی بمێنێت با دەست بەرزکاتەوە؟ بەڵێ بەڕێزان (٦١) ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان لەناو پەرلەمانە بەدەنگی (٥٤) ئەندامی پەرلەمان ئەم بڕگەیە سەبارەت بە ناونیشان پەسەند کراوە، ماددەی (١) فەرموون.

بەڕێز گلیزار رشید حاجی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

سەبارەت بە ماددەی (١) هیچ پێشنیارێك نییە وەکو خۆی ماددەی (١) دەقی بڕگەی (دووەم) لە ماددەی (٤) یاساکە هەڵدەوەشێتەوە بڕگەکانی سەر لەنوێ ڕیزبەندی دەکرێن، زۆر سوپاس.

بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:

سەبارەت بە ماددەی (١) هیچ پێشنیازێك نییە وەکو خۆی، هەر بەڕێزێکی لەگەڵە با دەست بەرزکاتەوە،؟ بەدەنگی (٥٥) ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان پەسەندکرا، ماددەی (٢) فەرموون.

بەڕێز گلیزار رشید حاجی:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
سەبارەت بە ماددەی (٢) هیچ پێشنیازێك نییە وەکو خۆی ماددەی (٢) دەقی بڕگەی (یەکەم) لە ماددەی (٧)، یاساکە هەڵدەوەشێتەوە بڕگەکانی سەر لەنوێ ڕیزبەندی دەکرێن، زۆر سوپاس.
بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:
سەبارەت بە ماددەی (٢) هیچ پێشنیازێك نییە وەکو خۆی، هەر بەڕێزێکی لەگەڵە با دەست بەرزکاتەوە؟ بەدەنگی (٥٤) ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان پەسەندکرا، ماددەی (٣) فەرموون.
بەڕێز گلیزار رشید حاجی:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
سەبارەت بە ماددەی (٣) هیچ پێشنیازێك نییە وەکو خۆی ماددەی (٣) دەقی ماددەی (٧)، یاساکە هەموار دەکرێتەوە بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە، زۆر سوپاس.
یەکەم: بازرگان دەتوانێت ببێتە ئەندام لە ژووری بازرگانی و شوێنی بازرگانییەکەی دەکەوێتە بازنەی تایبەت بەکارەکانی.
دووەم: پڕۆژەی پیشەسازی دەتوانێت ببێتە ئەندام لە ژوور.
بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:
سەبارەت بە ماددەی (٣) هیچ پێشنیازێك نییە وەکو خۆی، هەر بەڕێزێکی لەگەڵە با دەست بەرزکاتەوە؟ بەدەنگی (٥٤) ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان پەسەندکرا، ماددەی (٤) فەرموون.
بەڕێز پێشەوا طاهر مصطفی:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
سەبارەت بە ماددەی (٤) هیچ پێشنیازێك نییە وەکو خۆی، ماددەی (٤) پێویستە یەکێتی ژوورەکانی بازرگانی وپیشەسازی لە هەرێمی کوردستانی عێراق تەواوی تۆمارنامەکان و داتابەیس و زانیارییەکانی پەیوەست بە تۆمارکردنی ناوە بازرگانییەکان و تۆمارنامەی بازرگانی لە ماوەیەك کە لە (٣٠) ڕۆژ تێپەڕنەکات لەڕێککەوتی بەکاربوونی ئەم یاسایە بگوازێتەوە بۆ وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی لە هەرێمی کوردستانی عێراق، زۆر سوپاس.
بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:
سەبارەت بە ماددەی (٤) هیچ پێشنیازێك نییە وەکو خۆی، هەر بەڕێزێکی لەگەڵە با دەست بەرزکاتەوە؟ بەدەنگی (٥٥) ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان پەسەندکرا، ماددەی (٥) فەرموون.
بەڕێز پێشەوا طاهر مصطفی:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
سەبارەت بە ماددەی (٥) هیچ پێشنیارێك نییە وەکو خۆی، ماددەی (٥) پێویستە لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن، زۆر سوپاس.
سەبارەت بە ماددەی (٥) هیچ پێشنیازێك نییە وەکو خۆی، هەر بەڕێزێکی لەگەڵە با دەست بەرزکاتەوە؟ بەدەنگی (٥٥) ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان پەسەندکرا، ماددەی (٦) فەرموون.

بەڕێز پێشەوا طاهر مصطفى:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
سەبارەت بە ماددەی (٦) هیچ پێشنیارێك نییە وەکو خۆی، ماددەی (٦) کار بەدەقی هیچ یاساو بڕیارێك ناکرێت کەلەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆك بێت، زۆر سوپاس.
بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:
سەبارەت بە ماددەی (٦) هیچ پێشنیازێك نییە وەکو خۆی هەر بەڕێزێکی لەگەڵە با دەست بەرزکاتەوە؟ بەدەنگی (٥٥) ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان پەسەندکرا، ماددەی (٧) فەرموون.
بەڕێز گلیزار رشید حاجی:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
ئەم یاسایە لە ڕێککەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقائعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت، زۆر سوپاس.
بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:
سەبارەت بە ماددەی (٧) هیچ پێشنیازێك نییە وەکو خۆی، هەر بەڕێزێکی لەگەڵە با دەست بەرزکاتەوە؟ بەدەنگی (٥٤) ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان پەسەندکرا، ماددەی (٨) فەرموون.
بەڕێز گلیزار رشید حاجی:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
سەبارەت بە ماددەی هۆیەکانی دەرچوواندن هیچ پێشنیارێك نییە وەکو خۆی، هۆیەکانی دەرچوواندن لەپێناو ڕێکخستنەوەی چالاکی بازرگانی و تۆمارکردنی ناوە بازرگانییەکان و تۆمارنامەکان لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی لە هەرێم ئەم یاسایە دەرچوێنرا، زۆر سوپاس.
بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:
سەبارەت بە ماددەی هۆیەکانی دەرچوواندن هیچ پێشنیازێك نییە وەکو خۆی، هەر بەڕێزێکی لەگەڵە با دەست بەرزکاتەوە؟ بەدەنگی (٥٥) ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان پەسەندکرا، بەڵێ بەڕێزان ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان ئێستا هەر بەڕێزێك لەگەڵ کۆی یاساکەیە با دەست بەرزکاتەوە؟ بەدەنگی (٥٦) ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان پەسەندکراو پیرۆزبایی لەگەلی کوردستان ئەکەین، خاڵی (چوارەم)، لە بڕگەی (دووەم)ی، بەرنامەی کار دەنگدانە بەپڕۆژە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠١٠) لە هەرێمی کوردستان- عێراق، داوا لەلیژنەی یاسایی و پیشەسازی و ووزە ئەکەین بفەرموون.
بەڕێز عباس فتاح صالح:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
لیژنەی کاروباری یاسایی و لیژنەی ووزەو سامانە سروشتییەکان و پیشەسازی و بازرگانی ڕۆژی یەکشەممە ڕێککەوتی (٢٠٢١/٩/٥) کاتژمێر ( ١١:٠٠)ی پێش نیوەڕۆ کۆبوونەوەی هاوبەشیان ئەنجامدا بۆ تاوتوێکردن و داڕشتنەوەی ئەم پێشنیارانە لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کران و سەبارەت بە پڕۆژە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای وەزارەتی بازرگانی و

پیشەسازی ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠١٠)، لە هەرێمی کوردستان- عێراق لە دانیشتنی خوێندنەوەی دووەمدا دوای گفتوگۆ کردن و تاوتوێکردنی لیژنەکان گەیشتنە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە.
سەبارەت بە ناونیشان هیچ پێشنیارێك نییە وەك خۆی پرۆژە یاسای هەمواری یەکەمی پرۆژە یاسای بازرگانی و پیشەسازی هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە (١٠) ساڵی (٢٠١٠)، زۆر سوپاس.

بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:

سەبارەت بە ناونیشان هیچ پێشنیازێك نییە وەکو خۆی، هەر بەڕێزێکی لەگەڵە با دەست بەرزکاتەوە؟ بەدەنگی (٥٩) ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان پەسەندکرا، ماددەی دوای ئەوە.

بەڕێز جلال محمد امین:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

سەبارەت بە ماددەی (١) هیچ پێشنیازێك نییە وەکو خۆی دەقی بڕگەی (یانزە) لە ماددەی (٣) یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە.

یانزەیەم ڕێکخستنی تۆمارنامەی بازرگانی و تۆمارکردنی ناو و هێمای بازرگانی و وینەو دیزاینی پیشەسازی و داهێناننامە، زۆر سوپاس.

بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:

سەبارەت بە ماددەی (١) هیچ پێشنیازێك نییە وەکو خۆی، هەر بەڕێزێکی لەگەڵە با دەست بەرزکاتەوە؟ بەدەنگی (٥٦) ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان پەسەندکرا، ماددەی (٢) فەرموون.

بەڕێز جلال محمد امین:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

سەبارەت بە ماددەی (٢) هیچ پێشنیازێك نییە وەکو خۆی ماددەی (٢) حوکمەکانی ناوە بازرگانییەکان و تۆمارنامەی بازارگانی بە پەیڕەوێك ڕێکدەخرێت کە لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە دەردەچێت، زۆر سوپاس.

بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:

سەبارەت بە ماددەی (٢) هیچ پێشنیازێك نییە وەکو خۆی، هەر بەڕێزێکی لەگەڵە با دەست بەرزکاتەوە؟ بەدەنگی (٥٩) ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان پەسەندکرا، ماددەی (٣) فەرموون.

بەڕێز جلال محمد امین:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

سەبارەت بە ماددەی (٢) هیچ پێشنیازێك نییە وەکو خۆی، ماددەی (٣) پێویستە لەسەر ئەنجوومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن، زۆر سوپاس.

بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:

سەبارەت بە ماددەی (٣) هیچ پێشنیازێك نییە وەکو خۆی، هەر بەڕێزێکی لەگەڵە با دەست بەرزکاتەوە؟ بەدەنگی (٥) ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان پەسەندکرا، ماددەی (٤) فەرموون.

بەڕێز گلیزار رشید حاجی:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
سەبارەت بە ماددەی (٤) هیچ پێشنیارە نییە وەکو خۆی، ماددەی (٤) کار بەدەقی هیچ یاساو بڕیارێك ناکریت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك بێت، زۆر سوپاس.
بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:
سەبارەت بە ماددەی (٤) هیچ پێشنیازێك نییە وەکو خۆی، هەر بەڕێزێکی لەگەڵە با دەست بەرزکاتەوە؟ بەدەنگی (٦٠) ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان پەسەندکرا، ماددەی (٥) فەرموون.
بەڕێز پێشەوا طاهر مصطفی:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:
سەبارەت بە ماددەی (٥) هیچ پێشنیارێك نییە وەکو خۆی، ماددەی (٥) ئەم یاسایە لە ڕێککەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقائعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت، زۆر سوپاس.
بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:
سەبارەت بە ماددەی (٥) هیچ پێشنیازێك نییە وەکو خۆی، هەر بەڕێزێکی لەگەڵە با دەست بەرزکاتەوە؟ بەدەنگی (٥٩) ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان پەسەندکرا، هۆیەکانی دەرچوواندن فەرموون.
بەڕێز پێشەوا طاهر مصطفی:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:
سەبارەت بە ماددەی هۆیەکانی دەرچوواندن هیچ پێشنیازێك نییە وەکو خۆی، هۆیەکانی دەرچوواندن بەمەبەستی پێدانی دەسەڵاتی تۆمارکردنی ناوە بازرگانییەکان و ڕێگخستنی تۆمارنامەی بازرگانی لەلایەن وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی لە هەرێمی کوردستان- عێراق ئەم یاسایە دەرچووێنرا، زۆر سوپاس.
بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:
سەبارەت بە ماددەی هۆیەکانی دەرچوواندن هیچ پێشنیازێك نییە وەکو خۆی، هەر بەڕێزێکی لەگەڵە با دەست بەرزکاتەوە؟ بەدەنگی (٦١) ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان پەسەندکرا، بەڕێزان ئێستا هەر بەڕێزێك ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ کۆی یاساکەیە با دەست بەرزکاتەوە؟ بەدەنگی (٦٢) ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان پەسەندکرا پیرۆزبایی لە گەلی کوردستان ئەکەین و بەم شێوەیەش کۆتایی بە دانیشتنەکەمان دەهێنین، زۆر سوپاس.

| | | |
|---|---|---|
| منی نبی قهوچی | هێمن هەورامی | د. ڕێواز فائق حسێن |
| سکرتێری پەرلەمانی | جێگری سەرۆکی پەرلەمانی | سەرۆکی پەرلەمانی |
| کوردستان – عێراق | کوردستان – عێراق | کوردستان - عێراق |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

پڕۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٤)ی
سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٦\١٠\٢٠٢١
خولی پێنجەمی هەڵبژاردن

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (٤)
# سێ شەممە رێكەوتی ٢٠٢١/١٠/٢٦

كاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی سێ شەممە رێكەوتی ٢٠٢١/١٠/٢٦ پەرلەمانی كوردستان - عێراق بە سەرۆكایەتی د. رێواز فائق حسێن سەرۆكی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز هێمن هەورامی جێگری سەرۆك و، بەڕێز منى نبی قهوچی سكرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ژماره (٤)ی ئاسایی خولی پێنجەمی ساڵی (٢٠٢١) ی خۆی بەست.

بەرنامەی كار:

بە پێی حوكمی بڕگەی یەكەم و دووەم لە ماددەی (١٦) بڕگەی سێیەم\ لە ماددەی ( ١٨) بڕگەی یەكەم و دووەم و سێیەم و چوارەم و پێنجەم لە ماددەكانی (٤٧ و ٤٨ و ٥٢ و ٥٤ و ٥٥ و ٥٦ و ٥٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان ـ عێراق دەستەی سەر ۆكایەتی پەرلەمان بڕیاری دا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژماره (٢)ی ئاسایی خول، ساڵی یەكەمی خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە كاتژمێر (١١) ی پێشنیوەڕۆ، ڕۆژی سێشەممە ڕێكەوتی ٢٠٢١/١٠/٢٦ بەم شێوەیە بێت:

- نهێنی بوو

| | | |
|---|---|---|
| منى نبی قهوچی | هێمن هەورامی | د. ڕێواز فائق حسێن |
| سكرتێری پەرلەمانی | جێگری سەرۆكی پەرلەمانی | سەرۆكی پەرلەمانی |
| كوردستان – عێراق | كوردستان – عێراق | كوردستان - عێراق |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٥)ی
چوارشەممە رێکەوتی ٢٧\١٠\٢٠٢١
خولی پێنجەمی هەڵبژاردن

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٥)
# چوار شەممە رێکەوتی ٢٠٢١/١٠/٢٧

کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی چوار شەممە رێکەوتی ٢٠٢١/١٠/٢٧ پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی د. رێواز فائق حسێن سەرۆکی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز هێمن هەورامی جێگری سەرۆك و، بەڕێز منى نبى قهوچى سکرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ژمارە (٥)ی ئاسایی خولی پێنجەمی ساڵی (٢٠٢١) ی خۆی بەست.

بەرنامەی کار:

بە پێی حوکمی برگەی یەکەم و دووەم لە ماددەی (١٦) بڕگەی سێیەم\ لە ماددەی ( ١٨) بڕگەی یەکەم و دووەم و سێیەم و چوارەم و پێنجەم لە ماددەکانی (٤٧ و ٤٨ و ٥٢ و ٥٤ و ٥٥ و ٥٦ و ٥٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق دەستەی سەر ۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (٢)ی ئاسایی خول، ساڵی یەکەمی خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە کاتژمێر (١١) ی پێشنیوەڕۆ، ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ٢٠٢١/١٠/٢٧ بەم شێوەیە بێت:

- نهێنی بوو

| | | |
|---|---|---|
| منى نبى قهوچى | هێمن هەورامی | د. ڕێواز فائق حسێن |
| سکرتێری پەرلەمانی | جێگری سەرۆکی پەرلەمانی | سەرۆکی پەرلەمانی |
| کوردستان – عێراق | کوردستان – عێراق | کوردستان - عێراق |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٦)ی
شەممە ڕێکەوتی ٩\١١\٢٠٢١
خولی پێنجەمی هەڵبژاردن

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٦)
# چوارشەممە رێکەوتی ٢٠٢١/١١/٩

کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی چوار شەممە رێکەوتی ٢٠٢١/١١/٩ پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی د. رێواز فائق حسێن سەرۆکی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز هێمن هەورامی جێگری سەرۆك و، بەڕێز منى نبى قهوچى سکرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ژمارە (٦)ی ئاسایی خولی پێنجەمی ساڵی (٢٠٢١) ی خۆی بەست.

بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمی ماددەی پێنج، بڕگەی یەکەم لەم ماددەی (١٦)بڕگەی (٣) لە ماددەی (١٨) لە بڕگەکانی (١، ٢، ٣، ٤،٥) لە ماددەی (٢٠) کە ماددەکان (٤٧، ٤٨) بڕگەی یەکەم لە ماددەی (٥٢) ماددەکان (٥٤، ٥٥، ٥٦، ٥٧)لە پێڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (٦) ئاسایی خولی پایزەی ساڵی (٣) لە خولی پێنجەم لە هەڵبژاردنی پێنجەمی پەرلەمان لە کاتژمێر (١١) پێش نیوەرۆی ئەمڕۆ رۆژی سێشەممە رێکەوتی ٢٠٢١/١١/٩ بەم شێوەیە بێت:

١- دەنگدان لەسەر ئەم پڕۆژە یاسایانەی خوارەوە بە پێی حوکمی ماددەکان (٩١،٩٠، ٩٣، ٩٦، ٩٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، یەك پڕۆژە یاسای هەمواری پیادە کردنی یاسایی پیادەکردنی عێراق ژمارە (٣٠) ساڵی ١٩٨٤لە هەرێمی کوردستان.

٢- پڕۆژە یاسای بەرهەم هێنان و هاووردەکردنی بنەتۆ و شەتڵ تۆمارکردن و پەسەند کردن و پارێزگاریکردن لە تەرزە کشتوکاڵییەکان لە هەرێمی کوردستان.

٣- خستنەرووی دەنگدان لەسەر بڕگەی دووەمی ماددەی (٤) لە یاسایی ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٢١ یاسایی هەمواری یەکەمی ماف و ئیمتیازاتی کەمئەندام خاوەن پێداویستی تایبەت لە هەرێمی کوردستان ژمارە (٢٢) ساڵی ٢٠١١ کە بە بڕیاری ژمارە (١٠) ساڵی ٢٠٢١ سەرۆکایەتی هەرێم گەڕاندرایتەوە بۆ پەرلەمان، بە پێی حوکمی بڕگەی یەکەمی ماددەی (٩٥) لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

٤- خوێندنەوەی دووەم بۆ پێشنیازە یاسای هەموارە بزربووەکان لە هەڵمەتەکانی لابردنی کۆمەڵەی گەلی کوردستانی عێراق ژمارە (٣) ی ساڵی ١٩٩٩ بە پێی حوکمی ماددەکان (٨٧، ٨٨، ٨٩) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان.

بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنی ژمارە (٦) ئاسایی خولی پایزەی ساڵی سێیەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دەست پێ دەکەین، سەرەتا داوا لە سکرتێری پەرلەمان دەکەم بەرنامەی کارو پوختەی کۆنووسی پێشوو ناوی نا ئامادەبوان بە مۆڵەت و بێ مولەت بخوێنێتەوە فەرموو.

بەڕێز منی نبی نادر/ سکرتێری پەرلەمان:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بەرنامەی کار: بەپێی حوکمی ماددەی پێنج، بڕگەی یەکەم لە ماددەی (١٦) بڕگەی (٣) لە ماددەی (١٨) لە بڕگەکانی (١، ٢، ٣، ٤،٥) لە ماددەی (٢٠) کە ماددەکانی (٤٧، ٤٨) بڕگەی یەکەم لە ماددەی (٥٢) ماددەکان (٥٤، ٥٥، ٥٦، ٥٧) لە پێڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (٦) ئاسایی خولی پایزەی ساڵی (٣) لە خولی پێنجەم لە هەڵبژاردنی پێنجەمی پەرلەمان لە کاتژمێر (١١) پێش نیوەڕۆی ئەمڕۆ ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ٢٠٢١/١١/٩ بەم شێوەیە بێت:

٥- دەنگدان لەسەر ئەم پڕۆژە یاسایانەی خوارەوە بە پێی حوکمی ماددەکان (٩١،٩٠، ٩٣، ٩٦، ٩٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، یەك پڕۆژە یاسای هەمواری پیادە کردنی یاسایی پیادەکردنی عێراق ژمارە (٣٠) ساڵی ١٩٨٤لە هەرێمی کوردستان.
٦- پڕۆژە یاسای بەرهەمهێنان و هاووردەکردنی بنەتۆ و شەتڵ تۆمارکردن و پەسەندکردن و پارێزگاریکردن لە تەرزە کشتوکاڵییەکان لە هەرێمی کوردستان.
٧- خستنەڕووی دەنگدان لەسەر بڕگەی دووەمی ماددەی (٤) لە یاسایی ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٢١ یاسایی هەمواری یەکەمی ماف و ئیمتیازاتی کەمئەندام خاوەن پێداویستی تایبەت لە هەرێمی کوردستان ژمارە (٢٢) ساڵی ٢٠١١ کە بە بڕیاری ژمارە (١٠) ساڵی ٢٠٢١ سەرۆکایەتی هەرێم گەڕاندرایتەوە بۆ پەرلەمان، بە پێی حوکمی بڕگەی یەکەمی ماددەی (٩٥) لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.
٨- خوێندنەوەی دووەم بۆ پێشنیازە یاسای هەموارە بزربووەکان لە هەڵمەتەکانی لابردنی کومەڵەی گەلی کوردستانی عێراق ژمارە (٣) ی ساڵی ١٩٩٩ بە پێی حوکمی ماددەکان (٨٧، ٨٨، ٨٩)لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

پوختەی دانیشتنی ژمارە (٥)ی یاسایی بە پێ حوکمی بڕگەی یەکەمی ماددەی (٢٠) و (٥٢) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، پوختەی دانیشتنی ژمارە پێنجی ئاسایی خوڵی پایزەی ساڵی سێ یەمی لە خوڵی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە کاتژمیری (١٠/٣٠) ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە ٢٠٢١/١٠/٢٧ بەم شێوەی خوارەوە بوو،

١-دانیشتن لەلایەن بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.

٢-خوێندنەوەی بەرنامەی کارو پۆختەی دانیشتن ناوی ئەندامانی نا ئامادەبوون و بە مۆڵەت و بێ مۆڵەت لەلایەن بەرێز سکرتێری پەرلەمان.

٣- دەست پێکردنی بڕگەکانی بەرنامەی کار لەلایەن بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.

٤- خوێندنەوە دووەم بۆ ئەم پرۆژەی یاسایانەی خوارەوە:

یەکەم: پڕۆژە یاسایی هەمواری پیادەکردنی یاسای بازرگانی عێراقی ژمارە (٣٠) ساڵی ١٩٨٤ لە هەرێمی کوردستان.

دووو: پرۆژە یاسایی وەبەرهەم هێنانی هاووردەکردنی بنەتۆش و شەتڵ تومارکردن و پەسەند کردن و پارێزگاریکردن لە تەرزە کشتوکاڵییەکان لە هەرێمی کوردستان

٥- کۆتایی هاتن بە دانیشتن لەلایەن بەرێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان لیستی ئامادەبوون وە (ئامادە نەبوو)نی لە دانیشتنی ژمارە پێنجی ئاسایی ٢٠٢١/١٠/٢٧، جلال محمد عبدالله (ئامادە نەبوو)، راهی ابراهیم (مۆڵەت)، زیاد جبار محمد (مۆڵەت)، سلمه فاتح توفیق (مۆڵەت)، محمد سعدالدین (مۆڵەت)، شەمول یاسین صابر (ئامادە نەبوو)، عبدالستار مجید قادر (مۆڵەت)، کاظم فاروق نامق (ئامادە نەبوو)، بە بڕیاری ژمارە (٢) ٢٠٢١ لیلی عبدالجبار حدو (ئامادە نەبوو)، هەژان حسن احمد (مۆڵەت)، محی الدین حسن یوسف (مۆڵەت)، هدیە موراد حیدر (ئامادە نەبوو)، بەرێز سەرۆکی پەرلەمان ناوی ئەو ئەندامانەی کە بە (مۆڵەت) یان (بێ مۆڵەت) لە کۆبوونەوەی لێژنەی هەمیشەییەکان ئامادە نەبوون، لێژنەی کاروباری شەهیدان و جینوسایدی زیندانیانی سیاسی ٢٠٢١/١٠/٢٧ هەژان حەسەن ئەحمد (مۆڵەت)، ادریس اساعیل عبوش (مۆڵەت)، بهمن کاك عبدالله (ئامادە نەبوو)، شاخەوان رؤوف مصطفی (ئامادە نەبوو)، دیاری انوەر حمەرەحیم (ئامادە نەبوو)، لێژنەی ئاوەدانکردنەوە و وەبەرهێنان ٢٠٢١/١٠/٣١ هەموویان مۆڵەتیان پێدراوە، هاورێ بناء محمد، دابان محمد حسین، سارا دلشاد بکر، شوان کریم محمد، لێژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی ٢٠٢١/١٠/٣١ فرید یعقوب ایلیا (مۆڵەت)، لێژنەی کاروباری پەرلەمان و سکاڵا ٢٠٢١/١١/١ سەروان محمد علی، هیمداد صباح بلال (ئامادە نەبوو)ن، لێژنەی داکۆکی لە مافی ئافرەت لە ٢٠٢١/١١/١ مۆڵەتیان پێدراوە، جوان یونس محمد، بدریە اسماعیل محمود، گولستان سعید محمد، لێژنەی کشتوکاڵی ئاودێری مۆڵەتیان پێدراوە، عبدالستار مجید قادر، هەلکەوت انور خلیفە، عثمان کریم سوارە، سیپان سالم حسن، (ئامادە نەبوو)ن، لێژنەی شارەوانی و گەیاندنی گەشت و گوازر ٢٠٢١/١١/١ لقمان حمد حاجی محمد (مۆڵەت)، کلدرا عودیشو یعقوب (مۆڵەت)، لێژنەی کاروباری شەهیدان و جینۆسایدی زیندانیانی سیاسی ٢٠٢١/١١/٢ (مۆڵەت)، شاخەوان رەئوف مصطفی، فاهیك کمال صوغومون، لێژنەی دارایی کاروباری و ئابووری ٢٠٢١/١١/٢ یەك (مۆڵەت)یان پێدراوە، شێرکو جودت مصطفی، سەرکۆ ئازاد حسین، بەلێن اسماعیل حاجی ابراهیم، لێژنەی ڕۆشنبیری کۆمەڵگای مەدەنی و وەرزش ولاوان مۆڵەتیان پێدراوە، جەلال محمد عبدالله (پەریشان)، گۆران عمر علی، مەم برهان قانع، ئازاد ئەکرم بهرام، لێژنەی ڕۆشنبیری کومەڵگای مەدەنی ٢٠٢١/١١/٤ جەلال محمدامین (مۆڵەت)، لێژنەی کاروباری پەرلەمان و سکالا ٢٠٢١/١١/٧ فرید یعقوب ایلیا، (مۆڵەت) ریڤینگ محمد محمد (مۆڵەت)، سەروان محمد علی (ئامادە نەبوو)، لێژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی داکۆکی لە مافی مرۆڤ ٢٠٢١/١١/٨ شادی نەوزاد وهاب (مۆڵەت)، هیمداد صباح بلال، (مۆڵەت) لێژنەی پەیوەندییەکانی رەوەندی کوردستانی ٢٠٢١/١١/٨ محەمەد سعدالدین انور (ئامادە نەبوو)، لێژنەی دارایی و کاروباری و ئابووری ٢٠٢١/١١/٨ شێرکۆ جەودت مصطفی (مۆڵەت)، سەرکۆ ئازاد حسین (مۆڵەت)، لێژنەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم ٢٠٢١/١١/٨ جمال حوێز مصطفی (مۆڵەت)، زۆر سوپاس.

بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

بەڵێ زۆر سوپاس، فەرموو کاك سروان،

بەڕێز سەروان محمد علی:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
لە سەر غیابات من سێ مانگ پێش ئێستا، یەعنی پێشکەشی سەرۆکایەتی پەرلەمان و هەتا فراکسیۆن و لێژنەی کاروباری پەرلەمان، یەعنی کشاومەتەوە لەو لێژنەیە، چۆن ئامادەنەبوو، ئامادەنەبوو، هەمووجار هەر (ئامادە نەبوو)مە.
بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:
بەڵێ زۆر سوپاس، نەخراوەتە بەرنامەی کار فەرموو کاك سەروان.
بەڕێز سەروان محمد علی:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
ئێوە دەبێت شتەکان بکەن، نەك تۆمەت بخەنە پاڵ بەرێزان، ئەوە تۆمەت نییە، دەبێت فڕاکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان بە فەرمی داواکەی بەرێزت ئاڕاستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بکات، ئەوان نەیان کردووە...
بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:
داوایان نەکردووە، داوایان کردبایە ئەمان خستە بەرنامەی کار،...
بەڕێز سەروان محمد علی:
بەریز سەرۆکی پەرلەمان.
...ئاخر من چیتر ئەوە قەبوڵ ناکەم (ئامادە نەبوو)، چونکە لە هەمووتان موڵتەزم تر لە پەرلەمان منم.
بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:
کاك سەروان قەبوول نەکردن دەبێت بە فراکسیۆنەکەی خۆت بڵێی، بەڵێ تەواو تەواو بەڵێ.
بەڕێز جلال محمد عبدالله:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
دیارە لە جەلسەی پێشووی پەرلەمان بەهەڵە و هەندێ قسەو تەعبیر دەربڕا، بەشێوەیەك گەیشتۆتە ناو خەڵك، دیارە لە کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکەش بە تەواوی روونم کردەوە کە قسەی وام نەکردووە دوورە لە ئەخلاقی ئێمە، ئەگەر خەڵك بەشێوەی دیکە وەریگرتووە داوای لێبوردن لە خەڵکی کوردستان و ئێوەی بەرێز دەکەم، داواکارم ئەو پەرلەمانتارانەی دەربڕینی نەشیاویان بەرامبەر ئێمە بەکارهێنا ئەوانیش داوای لێبوردن لە حزبی ئێمەو فراکسیۆنی ئێمە بکەن، یان نوێنەرێکی فراکسیۆنەکەیان داوای لێبوردن بکات، زۆر سوپاس.
بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:
بەڵێ زۆر سوپاس، خۆی لە راستیدا داوای لێبوردن کردن ئینسان گەورە دەکات، ئێمە دەست خۆشی لێ ئەکەین، سوپاست ئەکەین ئەرکێکی خۆتت جێبەجێ کرد، بەڵام بەقسەی ئێمەشت کرد وە سوپاسی کاك د. زاناش ئەکەین کەلەو بابەتەیە هاوکارمان بوو، داوای لێبوردن ئینسان گەورە دەکات، هەم بەرێزت بە داوای لێبوردن گەورە ئەبی وە ئێمە لەسەرۆکایەتی پەرلەمان بەناوی هەرسێکمانەوە قسە ئەکەم داوای لێبوردن لە هەموو ئەندامانی پەرلەمان ئەکەین لە بەرامبەر هەر قسەیەك کە بەرامبەر یەکدیان کردووە وەبۆتە مایەی بریندارکردنی ئەوی تر،

هیـوادارین ئەم بـابەتە لێرەیـا کۆتـایی پـێ بێـت هەر بەڕێزێکـی تـر ئەیەوێـت نـوقتەی نیزامـی پێشکەش بکات لە سیباقی نوقتەی نیزامییە کە نابێت دووبارە بێت، ئەبـێ بـۆ مـاوەی یەك دەقە بێت، بەڵێ ناو دەنووسین بیان نووسە فەرموو.

بەرێزان ناوەکان ئەخوێنمەوە (د. زانا، د. اسماعیل، کاك دیاری، کاك کاوە، کاك سیروان، سـەرچنار خان، کاك مەم، مژدە خان، د. رێبوار، لیلی خان، کاك محسن، سلمە خان، کاك سەرکو، کاك کاروان، د. شایان، شیرین خان، کاك یاسین)، بەس سەبرت هەبێت ناوەکانتان ئەخوێنینەوە بزانە تیایەتی یان تیایی نییە، کێ ناوی نەخوێندرایتەوە، بەڵێ بیاننووسە لە شوێنی خۆتان نا د.زانا فەرموو.

بەرێز زانا خالد سمایل:

بە ناوی خوای گەورەو میهرەبان.

بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.

دیارە کۆچی گەنجان بۆتە پرسێك وە ئەم بـابەتە پێویسـتی بەوە هەیە ئـێمەی نـوێنەرانی گەلـی کوردستان قسـەی جـدیمان لە پەرلەمـانی کوردسـتان لەسـەری هەبێـت، کـۆچی گەنجـان وە ئەم پرسە لە حـاڵەتەوە بـۆتە دیـاردە و بـڕوای تەواومـان بەوە هەیە کە ئەم بـابەتە ئەگەر موعـالەجە نەکرێت لەدەست دانی سەرمایەکی مرۆیی هەرێمە، کەمانە کەلەداهـاتوودا ڕەنـگە بە قـازانج بـۆ هەرێمەکەمان نەشکێتەوە، وێڕای دەست خۆشیمان بۆ سەرجەم هەڤاڵانی لێـژنەی رۆشـنبیری و وەرزش و لاوان وە سەرۆك و هەڤالانی لێژنەی پەیوەندییەکان و رەوەندی کوردی لە دەرەوە، کە لە رابردوودا وێڕای چارەسەر کردنی گرفتەکانی کـۆچبەرانە، هەرێمـی کوردسـتان چ بەوانەی کە گیانیان لەدەست دا بە داخەوە وە چ بە ئەوانەی کە گرفتیان هەبوو لەسەر سنوورەکان، هەوڵیان دا چارەسـەری گـرفتە کانیـان بـکەن وەراپـۆرتی پێویسـت لەلایەن هەردوو لێـژنە پێشکەشـی سـەرۆکایەتی پەرلەمـانی کوردسـتان کـراوە، بـۆیە لە دانیشـتنی تایبەتـدا بتـوانین لە پەرلەمانـدا هەمان گفتوگۆی لەسەر بکەین، دەست خۆشیمان بۆ بەرێزتان کە...

بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

بەڵێ کاك زانا ئاخر ئەو وتارە هەموو وەکو یەکە، بۆهەموو وەکو یەکە، ئێی باشە بەسەرچاو...

بەرێز زانا خالد سمایل:

... دەست خۆشیمان بۆ بەرێزتان کە خستتانە بەرنـامەی کـار، بەڵام بەداخەوە بەهـۆی کومەڵێـك بابەتی تر لە جەلسەی پەرلەمان دا نەتـوانرا کە گفتوگـۆی لەسـەر بکرێـت، بـۆیە داوا لە بەرێزتـان دەکەین کە لە جەلسەکەی داهاتووی پەرلەمانی کوردستان دا بە زووترین کات ئەم بابەتە بخرێتە بەرنامەی کارو بە حزوری لایەنە پەیوەندیـدارەکانی حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان ئەم بـابەتە گفتوگۆی لەسەر بکرێت، زۆر سوپاس.

بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، فەرموو کاك عباس.

بەرێز عباس فتاح صالح:

بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.

والله نوقتەی نیزامی ئەم پەرلەمـانەی تێـك داوە، خـۆی وتـار وتـارە، نـوقتەی نیزامـی نیـزامییە، خاڵی نیزامی دەبێت لە کاك زانا هەتا وەکو سـەری ئەوسـەر بـۆ هەمووومـان وەك یەك بێـت، ئەمە

کێشەکان لە پەرلەمان دروست دەکات، قسە دروست دەکات، من مەبەستەکەم رەخنە نییە لە کاك زانا، لە جەمیعتانە خاڵی نیزامی دەبێت بە پێی پەیڕەو بێت، دەبێت دەقیقەیەك بێت، خاڵی نیزامی بۆ ئەمە نییە کێشەیەك لە دەرەوە باس بکرێت، ئێمە پڕۆژەمان هەیە حەقە پێشکەشی بکەین، خاڵی نیزامی ئەوەیە کە کەموکوڕییەك لە بەرنامەی کار ئیش و کارەکانمان هەیە، پاش و پێشێك هەیە قسەی لەسەر بکەین، یەعنی وای لێهاتووە جارێ قسەشمان هەیە، ئێمە کە دەڵێین خاڵی نیزامیش حەزمان لێیە بە خاڵی نیزامی قسەش بکەین، ئەگەر ئەو هابێت هەرکەسە و دەستمان بەرز دەکەین و قسەی خۆمان دەکەین خلاس، سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

بەڵێ بەرێزان ئەم بابەتە نەخۆشی ئەم پەرلەمانەیە، بابەتی خاڵی نیزامی پەیڕەوی، بەو خوایە کاك عباس تۆ خۆت هاتووی بو ژوورەکەی من ووتوتە والله وەبالله ئەزانم ئەو قسانەی ئەکرێت خاڵی نیزامی نییە، بەس مایەکەیان مەکوژێنەوە، بۆ ئەوەی خەڵك قسە بە تۆ نەڵێت، هەر خۆت لە دڵسوزی یەو هاتووی بولای من، ئەوەی کاك د. زانا خاڵی نیزامی نییە، هەموو ئەمانەشی نووسیومانە دڵنیام لە ٨٠% خالی نیزامی نییە، دڵنیام پێش ئەوەی قسە بکرێت بەرێزان ئەندامانی پەرلەمان لە کۆبوونەوەی پێشووی سەرۆکایەتی پەرلەمان سەرۆکی فڕاکسیۆنەکانیش ئەم بابەتە مان تەرح کرد، ئەوەی کە پێش وەختە دێین بۆ ئەوەی کێشە لەناو پەرلەمان دروست کەین با تەرکی کەین، بەرێزان سەرۆکی فڕاکسیۆنەکانی پەرلەمانی کوردستان پێکەوە دانیشتنێك بکەن، پێکەوە بەبێ ئێمە، بێ سەرۆکایەتی بەس پێمان بڵێن خاڵی پەیرەوی چییە، ئێمە ئەزانین خاڵی پەیڕەوی چییە ئەزانین، ئینجا ئەتانەوێت چۆن بێت، خاڵی پەیڕەوی ئەوە ئەم دەستەی سەرۆکایەتییە یان کەسێك لەناو ئەم هۆڵی پەرلەمانە موخاڵەفەی ماددەیەکی دەستووری یان یاسایەك یان ماددەیەکی ئەم پەیڕەوەی کردبێت کە نەکرێت دانیشتن بەردەوام بێت بەهۆی ئەوەی کە ئەو موخاڵەفە کراوە، بەهۆی ئەوەی سەرپێچی کراوە، ئێستا ئەو بەرێزانەی ناوتان نووسیوە نزیکە (٢٠) کەسن رێگاتان ئەدەین قسەبکەن باش باش، بەڵام دڵنیاتان ئەکەم ئەو قسەی کاك زانا چۆن قسەکەی کاك د. زانا خاڵی پەیڕەوی نییە، ئیستا بۆمان دەرئەکەوێت هی چەند کەسی تریش خاڵی پەیڕەوی نییە، بەلێ کاك علی حمە سالح وەرتان دەگرم.

بەرێز علی حمە صالح:

بەناوی خوای گەورەو میهربان.

بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.

من بە پێ ماددەی (٥١) خاڵی چوارەم لە پەرلەمانی کوردستان بە پێی مادەی (٥١) خاڵی چوارەم قسە ئەکەم کە رۆژانی پێنچ شەم تایبەتە بە گفتوگۆ کردن لەگەڵ حکومەت، بە پێی پێویست کومەڵێك پێشنیازی زۆر هاتووە، کومەڵێك داوای دانیشتنی زۆر هاتووە لەسەر پرسی داهات، ئێستا بەراوورد بە مانگی دوو داهاتی ناوخۆ لە ٥٠% زیاتر کەمی کردووە، ئەوەی دێتە خەزێنەی دەوڵەت بۆ دەست بەسەراگرتنی داهات جەنابتان لیژنەی داراییتان راسپارد پێنچ مانگ پێش ئێستا لێکوڵینەوە بکات بۆ داهات (٤٣) بە (٥٧) بێت بۆ تەمویلی مووچە، جگە لە من ئەزانم بۆ

کەم کراوەتەوە، لەبەر ئەوەی کە ئێستا قاچاخی بەردەوامە، لەبەرئەوە چییان بێت بە عەفووی گومرگی ئەیلێین کوا ئەو مەشروبەی ئەم ساڵ داخلکراوە، دیناری گومرگ نەدراوە مەشروب...

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

کاك علی پێشنیارت چییە؟

بەرێز علی حمە صالح:

بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.

... پێشنیاری دووەمم مەسەلەن پرۆژەکانی نیشتەجێ بوون هیچی خەدەمات جێ بەجێ ناکات، پێشنیارم ئەوەیە کار بەم مادده بکەن، بەرێزتان لەگەڵ حکومەت تەنسیق کەن هەر پێنچ شەمەیەك هەموو پێنچ شەمان تەرخان کرێت، جارێ بۆ پرۆژەکانی نیشتەجێ بوون، جارێ بۆ داهات جارێ بۆ خزمەت گوزاری و شارەوانی، جارێ بۆ کۆچبەران، جاری بۆ پێوەری ئاو، جارێ بۆ گرفتی دامەزراندن، بەمە زۆرێك لە کێشەکان چارەسەر ئەبێت، زۆر سوپاس.

بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

بەڵێ موتەفیقم پێنچ شەممان دابنێین بو کۆبوونەوەی پەرلەمان لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار، لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان و دوو رۆژەکەی تر بۆ تەشریع بێت، بەڵام هەردوو رۆژەکەی ترمان دانا بۆ تەشریع بەراستی بۆ تەشریع بێت، زۆر سوپاس.

بەرێز اسماعیل علی طه:

بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.

سەرۆکا پەرلەمانی ئاخفتنا من دیف مادێ (٩/٧) خالا ئێکێ یە پێش نیازا یاسایا پەروەردێ ئەڤە نزیکی سالەکێ یە هاتیە پێش کێش کرن بو پەرلەمانی (٤٠) ئەندام زیاتر ژی واژوو کربوو خاندانا ئێکی ژی وەهاتە کرن وەهەتا ڤێگاڤێ راپۆرت نە هاتیە کرن کو خاندنا دوویێ بێتە ئێدی بێتە کرن ئەف پێشنیازە چلێ هات مە ڤێت زانین چلێهات گەشتە کری بوچی هندە گیرو بوو، سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

بەڵێ سەبارەت بە پێشنیازی یاسای پەروەردە ئێمە وەکو سەرۆکایەتی ئاڕاستەی لێژنەی قانوونیمان کردبوو، لیژنەی قانوونی خستیە بەر دەستی سەرۆکایەتی بۆ خوێندنەوەی یەکەم، خوێندنەوەی یەکەممان بۆ کردبوو ئاڕاستەی لیژنەی پەروەردەمان کردووە، سەرۆکی لیژنەی پەروەردە دە فەرموون.

بەرێز سلام عبدالله حسن:

بەناوی خودای گەورە.

بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.

لە پێشتریش ئەم روونکردنەوەیەمان دا دووپاتی دەکەینەوە، ئێمە لە لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵا کۆبووینەوە لەسەر ئەو پێشنیازە یاسایەی پەروەردە، بەڵام دیاربوو پرۆژە یاسای پەروەردە ئامادەبوو وەلە ئەنجومەنی شورا بوو، کۆبوونەوەشمان کرد بوو بە حزووری جەنابتان، خۆت لەگەڵ ئەنجومەنی شورا قسەت کرد لەوێش تەواو بووە، ئێستا تەنیا پەسەندی ئەنجومەنی وەزیرانیان ماوە، سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

بەڵام ئەمە ڕێگر نییە لەوەی کە لیژنەی پەروەردە دەست بە نووسینەوەی راپۆرتەکە بکات، لەبەرئەوەی ئەگەر سەیری پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان بکەین ئەڵێ هەر پێشنیازە یاسایەك دەست بە پرۆسەی راپۆرت نووسین کرابوو کە هی حکومەت هات هێشتا هەر ئەوەڵیەت بوو، ئەوەی پەرلەمانی کوردستان بۆ ماوەیەکی زور وەستاون لەسەریان، داوا لە بەرێزت ئەکەم وەکو سەرۆکی لیژنە یاداشتێك بدەیتە سەرۆکایەتی، بۆ ئەوەی نووسراوی خۆمان ئاڕاستەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەین، بۆیە بە زووترین کات پێشنیازە یاسا یا پرۆژە یاسای حکومەتیش بگات.

بەڕێز عبدالسلام عبدالله حسن:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بەڵام، راگرتنی پێشنیازە یاسایەکە لەسەر بڕیاری جەنابتان بوو...

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

بەلێ ڕاستە...

بەڕێز عبدالسلام عبدالله حسن:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

...لەبەر ئەوەی ئەوە پڕۆژە یاسایەی پەروەردە پرۆژە یاسایەکی تێروتەسەلە وە تەنیا پەسەندی ئەنجومەنی وەزیران ماوە، (ان شأ الله) لە ماوەی داهاتوودا دەگاتە ئێرەو وە خوێندنەوەی بۆ دەکەین بەڵێ، سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

دەست خۆش راست ئەکەی، لە کاتی خۆیدا ئێمە وتمان چاوەرێ پرۆژەکەی حکومەت ئەکەین، بۆ ئەوەی پێکەوە راپۆرتیان لەسەر بنووسین، ئێمە نووسراو ئەکەینەوە بۆ حکومەت ئەڵێین کە بە زووترین کات بینێرن، فەرموو کاك چیا.

بەڕێز چیا حمید شریف:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ئاخفتاخۆ دووبارە ناکەم ئاخافتنامن ژلایێ کاك زانایڤە هاتە گۆتن، منژی پێشنیارا هنێ کر کومبوونەك بە پەلە سەر کوچ و کوچکرنا گەنجا لێ دەمەکێ نێزیکدا بێتە کرن، زور سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، فەرموو کاك کاروان.

بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بە ناوی خۆدا، بەرێز سەرۆکی پەرلەمان هیوادارم بە ئێمەشی نەبڕن بە پێی خاڵی پەیڕەوی قسە دەکەم، بەگوێرەی بڕگەی پێنچ مادەی (٥٦) لە یاسایی ژمارەی (١) سالی (١٩٩٢) بڕگەکانی (١، ٢) لە ماددەکانی (٩٨) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، پێویستە لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان هەم پرۆژە یاسایی بوودجە بنێرێت بۆ پەرلەمانی کوردستان وەهەم ژمارەی کۆتا بنێرێت بۆ پەرلەمانی کوردستان، ماوەی هەشت ساڵ تێدەپەرێ لە هەرێمی کوردستان، نە

پڕۆژە بوودجەی یاسا هاتووە بۆ ئەم پەرلەمانە وەنە ژمارەی کۆتایی هاتووە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ئەمەلە کاتێکدایە کە لە هەرێمی کوردستان لە ئێستادا کۆمەڵێك کێشەی ئاینی و هەڵپسێردراو گەورە هەن، یەکێك لەو کێشانە کێشەی نەوتە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان لە ئێستادا داهاتی نەوت کە بەرمیلێك نەوت لە (٨١) دۆلارە نزیك بۆتەوە لە حەوسەت و دە ملیار دینار لە مانگێکدا، سێ سەد ملیار بە دان پێدانانی وەزارەتی دارایی خۆی داهاتی ناوخۆیە کە ئەمە دەکات تریلونێك و شتێك لەگەڵ دووسەد ملیار دیناری بەغدا کە تریلۆنێك و دووسەد ملیار دەکات، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان سەرباری ئەوەی ئەو کێشانەی چارەسەر ناکرێت، سەرباری دیارنەمانی زیاتر لە سێ سەدو پەنجا ملیار دینار مانگانە، خەڵکی وولاتەکەمان لە ئەنجامی نادادی و ناجۆری سیاسەت کردن وەحوکمرانی کردن لە هەرێمی کوردستان پۆل پۆل رۆژانە کۆچ دەکەن لە سنوورەکانی بێلاروسیا و پولەندا گیان دەسپێرن، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ئەمن دەپرسم ئایا بەراستی ئەمانە ئەگەر کەسوکارو خوشك و براو کوڕو کچی ئێمە بوونایە وادادەنیشتین تەنیا بە دیاریانەوە هیچ شتێك نەکەین، ئەوندە بێ باك دەبوین بەرامبەریان، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان کاتێك کە دەبینی منداڵێکی ولاتەکەمان لە سنووری بێلاروس کەتەمەنی تەنها سێ ساڵە هاوار دەکات بۆنان دەستی ناکەوێت خەریکە دەمرێت لە برسان، ئێمەش دانیشین لێرە سێ سەدو پەنجا ملیار دیناری نەوت دیار نامێنێت، کەچی یەك زەڕە ویژدان نامان جولێنێت و ئێمە شعورمان ناگرێت بۆ کە بەرامبەریان قسە بکەین و کاری پێویست بگرینە بەر، زور سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، گوڵستان خان فەرموو.

بەڕێز گولستان سعید حمد:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ئێمە زۆر جار یەعنی زۆر بە بابەت ئەوروژێیت لەم پەرلەمانە یا، بەڵام کردارەکەمان کەمە لە کرداری ئێمە و گرفتی ئێمە لەگەڵ ئەرکی بەدواداچوونە بۆ کارەکانی پەرلەمان و بۆ کارەکانی حکومەت، کە ئێمە چۆن بپرسینەوە، بەڕێزتان بڕیارێکتان دەرکردووە بە ژمارە (٨) ی سالی ٢٠٢١ لە ٦/٢٨ ئەم بڕیارە بۆ پێکهێنانی لیژنەیەکە کە لێرە ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان دەنگیان لەسەردا، کە لێژنەیەك پێك بێت بۆ بەدواداچوونی راستییەکان، ئەگەر پەرلەمانتارانی بەڕێزی پەرلەمانی کوردستان لەم خولەدا پێگەکانی خۆیان بەکارهێنابوو بۆ بەرژەوەندی تایبەتی بەدواداچوون بکرێت، بەڵام من دەپرسم لە بەڕێزتان هەتا ئێستا چەنێك لێپرسینەوەتان لەم لێژنەیە کرد وە ئەم لێژنە ئایا بۆچی ئەرکەکانی خۆی جێ بەجێ نەکرد؟ لە کاتێك دا بەڕێزتان ئاماژەتان داوە ئەم بڕیارە لە رۆژی دەرچوونی ٦/٢٨ جێبەجێ ئەکرێت و لە رۆژنامەی وقائیعی کوردستان بڵاو ئەکرێتەوە، لە ژمارە (٢٦٩) وقائیعی بڵاوکراتەوە، بەڵام ئەرکی جێبەجێکردنەکەی نەماوە، بۆیە من لێرەوە بە بەڕێزت ئەڵێم ئێمە لە پێشان لە پەرلەمانتارەکان بەدواداچوون بکەین وە دواتر من داوا لەم پەرلەمانە بەڕێزە ئەکەم، لە وەزیرەکانی بزوتنەوەی گۆڕانەوە دەست بە لێپرسینەوە و بە دواداچوون بکەین لە کاتێکا وەزیرەکان حساب بۆ پەرلەمان ناکەن وە وەڵامی تەلەفونەکان نادەنەوە، ئەمە بێ ئەهمییەت کردنی پەرلەمانە وە نابێ قابیلی قبوڵ

بێت، بۆیە من جەنابت ئاگادار ئەکەم لەوەی کەهەم ئەو لیژنەیە بەراستی راسپێرێتەوە، بۆیە بچن بە دوای ئەرکەکانیان وە راپۆرتێك بێنن، چونکە ئێمە بەردەوام ئەخرێنە گومانەوە وەدوا راپۆرتی ئەم شەو کە لە ئێن ئارتی بڵاو کراوەتەوە لەسەر ئەوەی پەرلەمانتارو رۆژنامەنووس ئاڵا بێت لە گەندەلییەوە یاخود پێگە کەی خۆی بەکارهێنابێت چیتر قابیلی قبول نییە، ئەم گومانانە وەئەگەر راستی و دروستی بۆ خەلکی کوردستان وە بۆ ئەو پەرلەمانە روون بکرێتەوە، من زور سوپاستان دەکەم.

بەرێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

بەلێ سوپاس قسە ئەکەین لەو بارییەوە، بزانین ئەندامانی تریش هەر ئەو قسەیە ئەڵێن.

بەرێز شێرکو جودت مصطفی:

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.

بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.

بەپێی ماددەی (٤٨) برگەی (٤) ئێمە دوێنی وەك سەرۆك فراکسیۆن داواکارییەکمان پێشکەش بە جەنابتان کرد کە برگەیەك زیاد بکرێت بۆ بە هەمیشەیی کردنی فەرمانبەرانی گرێبەست بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندیدار، دیارە لە بەرنامەی کاردا نییە، ئەمرۆ داواکارم لە جەنابتان کە روونکردنەوەمان بدەنێ لەسەر ئەوە، وەهەروەها ئەوە ئەکەین کە کۆبوونەوەیەکی تایبەت ساز بکرێت بە کۆچبەران بەتایبەتی ئەوانەی کە لە بێلاروسیا گیریان خواردووە، زۆر سوپاس.

بەرێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

بەلێ سوپاس مژدە خان.

بەرێز مژدە محمود محمد:

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.

بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.

ئەوەی کە ئێستا روودەدا من ناوی ناهێنم کۆچی گەنجان، ئەوە کۆرەوە، کۆرەوی کۆچی بە کومەڵە وکۆچی خێزانی، یەعنی لەوە دەرچووە بەکۆچی گەنجان، یەعنی واللە ئەوە کۆچی گەنجان نییە بەداخەوە بەشێك ئێمە هۆکاری ئەوەین کە ئەوانە کۆچ دەکەن و کۆرەوە دەستی پێکردووە لەو وڵاتە، بەرێز سەرۆکی پەرلەمان مانگانە (٥٠٠) ملیۆن دۆلار لە داهاتی نەوت دەدزرێت بەشی دوو معاش ناکات، بەس نەوت دەفرۆشرێت نەوت بە سەرەوەی (٨١) دۆلارە، یەعنی ئێستاش ئەگەر (٢٠٠) ملیار دینارەکە نەبێت مووچە نادەن بە خەڵك ئیلا دەبێت (٢٠٠) ملیارەکە بێت، دەبێت خەڵك ئەو وڵاتە بە جێ بێڵێت بەهۆی خەمساردی پەرلەمان لە حکومەتەوە، سەرۆکی پەرلەمان ئێوە دەڵێن بەشێك لەو قسانەی کە دەکەین پەیرەوی نییە، ئێمە بەپەیرەو برگەی پەیرەو یاداشتمان داوە بۆ پێوەری ئاو، بۆ فەرمانبەری گرێبەست، بۆ مامۆستای وانە بێژ، بۆ سێ یەکەمەکان بەس بۆ بانگشەی هەڵبژاردن دادەمەزرێت کە ئێستاش نەخرایتە بەرنامەی کاری ئەنجومەنی وەزیرانەوە، ئایا ئەوانە هەمووی خەتای ئێمە نییە سەرۆکی پەرلەمان، ئێمە کە لێرە شەردەکەین یاخود قسەدەکەین یاخود ئێوە پێتان نوقتەی نیزامی نییە، ئێمە بە خاڵی پەیرەوی یاداشتمان داوەتە بەرێزتان کە بیکەنە کاری بەرنامەی کۆبوونەکە، بەڵام ئێوە بە کومەڵە بابەتێك دەیخەنە بەرنامەی کارەوە هیچی پەیوەندی بە ئەو قەیرانانەوەنییە،

هیچ قەیرانێك چارەسەر بكات ئێمە هۆكارین، ئێستا من یاداشتێكم داوە بۆ ئەوەی كە دەرچووی نادامەزراو حكومەت دەڵێ داینامەزرێنین، فەرموو هەڵی كاری بو بدۆزەوە، قەرزی پێ بدە، نەوت بە (٨٠) دۆلارە ئەو هەموو داهاتەی ئەو هەموو قاچاخچیەتیە دەكرێت بازرگانە گەورەكان و پشت ئەستوورەكانی ئەو وڵاتە قاچاخچیەتییە دەكەن و باجیشی لێوەرناگیرێت بۆ مەشروبە بۆ جگەرەیە بۆ هەرشتێكە... تكایە ئێوە خۆتان گوتتان هەفتەی سێ رۆژ جەلەسە دەكەین، خۆتان پابەندنین بە قسەكانی خۆتان.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:

لیلی خان فەرموو.

بەڕێز لیلی عبدالجبار حدو:

بەڕێز سەرۆكا پەرلەمانی.

ئاكرێ ئێك ژ باژێرێن هەرە دێرینێن كوردستانێ یە خۆدان دیرۆك و كەلتورەكێ هەژی كەڤنارە وەگەلەك ژی مافی وێیە وەك پێگە و سەنگا دیروكیا ڤێ باژێری بهێتە پاراستن لی ئاكرێ (٣) كەلەكێن كەڤنار هەنە چوستەكی و قاپاواو گورەوا بەڕێز سەرۆكا پەرلەمانی جهێ داخێیە كو نووكە ئاكرێ نوكە بو خەڵكی خو بازارو سیمای خو بەرەف نەمان و چول بوونێ دچیت پرانیا خنی و ئاڤاهیا وان هرفتینە ئان سەر لێڤا هرفینێنە تابلویێت كاڤل گار لەورا داخازێ دكەم كو لێژنەیەك بهێتە پێك ئینان بو چارەسەركرنا گرفتا ڤان هەرسێ گەرەكان كو كێشاوان خەلكێ دەڤەرێ ببێتە چارەسەركرن كو خەلكێ وێ وەك ڤارگەهێن خو بج بێلن ئو بەرەف جهێن باژێرێن دی دچن ژبلی ڤێ ئێكی ئێك ژخاستێن دی دەڤەرا ئاكرێ یا پێتڤی گرنگ هەبوونا یا زانكوی یێ یە لی ئاكرێ كو هەبوونا زانكویێ دێ بیتە سەنتەرێكێ هەرە ئاڤاكەر بو هەمی خەڵكێ دەڤەرێ لەورا داخازێ دكەم ئەوێن پەیوەندی دارن كو بێنە راسپاردن دیڤ چوونێ سەر ڤی بابەتی بكەن ئو كو ئەڤە مافێ ئاكرێ یە بو بێتە دابین كرن،وسوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:

بەڵێ زور سوپاس،سەبارەت بەو داواكارییانە ئەندامێكی تری، بەرێزێكی تری پەرلەمان یاداشتی داوە، یاداشتەكەمان ئاڕاستەی حكومەت كردووە، بەرێزیشت دەتوانی بە یاداشت ئەو داواكارییانەی شاری ئازیزی ئاكرێ ئاڕاستەی سەرۆكایەتی بكەی، بۆ ئەوەی بتوانین بینێرین بۆ حكومەت، فەرموو كاك محسن.

بەڕێز محسن حسین مصطفى:

بەڕێز سەرۆكا پەرلەمانی.

ناڤێ خودایێ مەزنو دلوڤان، هەردەربارەی كوچ كرنا گەنجا لێشاو مخابن راستی ئەگەر هەرئێكیش مە هەستی بەرپرسیاریتی بكەت بابەتەك نییە كو ئەم سەرا دەربازبین لە ٤/١٠ وەكو لێژنا رۆشنبیری و وەرزش و لاوان كومەلگەی مەدەنی وەكومە راپورتەكا ئاڕاستەی سەرۆكایەتیا پەرلەمانی كرییە وەمە گەڵەك پێشنیار كرنە بۆ چارەسەركرنا كێشێت كو گەنجا هەی بێكاریاوان ڕەنگە حكومەتا هەرێما كوردستانێ نەشێتن لی كەرتێ گشتی دامەزراندنێ شێوەیەكێ دلخواز وەرگریتن، بەلام زور رێكی دی مە یێت پێش نیار كری هەوەسا لێژنا پەیوەندییاو رەوەندێ كوردستانێ وان ژی راپورتەك ئاڕاستەی جەنابێ هەوە كرییە مە داخاز كرییە كومبوونەكا

تایبەت ڤێ بارێ بێتە کرن، بەڵام یاپێویست ئەوە ئەنجومەنی وەزیران زیترین وەخت سەر ڤی بابەتی رینتە خارێ وە وەختێ تێن لی پەرلەمانی حازربن ئەنجامێن کومبوونا خوبین راستی بەرێز سەرۆکا پەرلەمانی ئەگەر ئەم تەماشای کوچکرنا گەنجا بکەین لی هەمی ناف چێن کوردستانێ وەك ئێك نینە بو نمونە شارەکێ گەورە یان مەرکەزەکییە ئەگەر پتر دەلیڤەکاری هەبێت کێمتر گەنج کوچ کەن ئەو ناڤێت ئەڤروکە لی سوشیال میدیایێ پتر بەلاڤ بن بەلکی پتر بلاڤ بن بو نموونە سید سادقە شێلادزێیە گەلەگ عەردێ دی زۆر سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، فەرموو کاك رێبوار.

بەرێز رێبوار عبدالکریم عبدالله:

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.

بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.

بەرێزان ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان ئەم کاتەتان باش، دیارە وەکو سەرۆکی لێژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی رەوەندی هەرێمی کوردستان لەسەر ئەم پرسە گرنگە قسە ئەکەین، لەبەر ئەوەی زۆرێك موداخلەکان بەو ئاڕاستەبوون کە ئێمەش قسەی تەوزیحی خۆمان بدەین، بەرێز سەرۆکە پەرلەمان کۆچی گەنجان پرسێکی گرنگە ئێمە لێرە لە دانیشتنەکانی رابردوو جەختمان کردەوە پێویستە دانیشتنی پەرلەمان لەسەر ئەم بابەتە سازبکرێت، بۆ ئەوەی کە مەسئولانە بەشێوەیەکی تێرو تەسەل لەسەر ئەو بابەتە لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار لە دوای رێگا چارەسەریکان بگەڕێن، ئەم بابەتە ناکرێت وتارێکی سیاسی عوقدێکی سیاسی قسەی لێ بکرێت، یا ببێتە کەرەستەیەکی سیاسی وەکو چۆن کۆرونا و هەندێك بابەتی تر بەئاڕاستەی سیاسی تێدا برا، بەڵکو دەبێت لە ئیتاری وەتەنیدا قسەی لەسەر بکرێت، بۆ ئەوەی کە ئێمە دەست لەسەر موعالەجات وموعالەجەتەکانی بۆ بدۆزینەوە، ئێمە وەکو خۆمان لە لێژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی رەوەندی کوردستانی لە ٢٠٢٠/١٠/٢٠ یاداشێکمان ئاڕاستەی بەرێزتان کرد، بۆ ئەوەی دانیشتنێك لەسەر ئەو بابەتە سازبکرێت، بەلێ وابوو دەست خۆشیتان لێدەکەین لە دانیشتنی رۆژی ٢٠٢٠/١١/٢٥ بە ئامادەبوونی پێنج وەزیری تایبەتمەند بڕیار وابوو قسە لەسەر ئەو بابەتە بکرێت، بەڵام بەداخەوە هەندێ پشێوی کە دروست بوو لەنێو پەرلەمان، ئەو تەپڵ لێدانە کە هەبوو دانیشتنەکە نەکرا لەسەر ئەو بابەتە، بۆیە من رووی دەمم ئاڕاستەی لەم بەرێزانەیە کە ئێستا شین ئەکەن بۆ پرسی کۆچی گەنجان، ئەو کاتەی کەمن خۆم شەخسی داوام لێکردن تکایە ئەو پرسە پرسێکی زۆر گرنگە پەیوەستە بە هێزێکی مرۆیی گەورە کە ئەچێتە دەرەوە، با ئەم بڕگەیە بچێ قسەی لەسەر بکرێت، بەڵکو لایەنە پەیوەندیدارەکان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بتوانن هەندێ موعالەجەی بکەن، بەلێ سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

بەڵێ سوپاس، دکتۆر رێبوار کاتەکە تەواو بوو، بەرێزان سەبارەت بە کۆچی گەنجان ئەوەی کە ئێمە ئێستا ئەی بینین لەراستیدا کەسوکاری ئێمەن، هەموو کەسوکاری ئێمەن خۆ لە عالەمێکی ترەوە نەهاتوون وە ئەوەی کە ئێستا قسەکە لەسەرئەرکی پەرلەمانی کوردستانە بە دوای چارەسەرە بگەرێت، ئێمە لەم بابەتە کەمتەرخەم نەبووین، رۆژی کۆبوونەوەمان دانابوو دوو

راپـۆرتی زۆر باشـی هەردوو لیـژنەی پەیوەنـدییەکانی دەرەوەی رەوەنـدی کوردسـتانی لیـژنەی رۆشـنبیری و وەرزش ولاوانمـان لابوو کە هەردووکیـان دوو راپـۆرتی زۆر زۆر بـاش بـوون وە هەردوو راپۆرتەکەشمان ناردبوو بۆ حکومەت وە پێنج وەزیـری حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان هـاتبوون، بەرێـزان بەس بـۆ ئەوەی بـزانم ئـێمە موقەسـربووین یـان موقەسرنەبووین، سـەیری پرۆتۆکۆڵی کۆبوونەوەی ئەو رۆژەم کرد سێ سەعات و یەك چارەك ئێمە ئەو پێنج وەزیرەمان لە ژووری پرۆتۆکۆلی گەورە راگرتبوو، لەبەر بەرئێکەوتنی ئەندامانی پەرلەمان کۆبوونەوەکە نەکرا، وەکو ئەمرۆ لەبیرمە لیژنەی پەیوەندییەکانی رەوەندی کوردستانی هەستایە سـەرپێ وتـی تکـا دەکەم تکـا دەکەم کۆبـوونەوەکە دوا مەخەن ئەم بـابەتە زور گـرنگە، ئێـرە پـڕ بـوو لە میـوان رێکخراوەکانی لاوان هەموو لێرەبوون دەعوەتمـان کردبـوون، هەمـووی هـاتبوون کۆبـوونەوەکە تێکچوو، واتە هەموو رەگەزەکانی کۆبوونەوەیەکی تەندروست بۆ قسەکردن لەسەر ئەو کێشەیە پێش ئەوەی بگاتە ئێرە بەم شێوەیەی ئێستای لێ بێت کە لە راسـتیا هەموومـان دلمَـان بـۆی ژان ئەکا کە ئاوای ئەبینین، ئیلا ئەمەی کە شعوری نەبێت شـعور پـێ نەکـات کە ئـێمە سـەرمایەیەکی گەورە لەم هەرێــــمەی کوردســــتانەی بەردەوام رۆژانە لەدەســــت ئەدەیــــن، ئەگەر ئەو رۆژە کۆبوونەوەکەمان بکردبایە رەنگە هەندێ چارەسەرمان پێ بوایە ئێستاش نەچووە بچـێ لیـژنەی پەیوەندییەکان داوایان کردووە بو شتێکی ئانی کە ئێستا هەیە لەم لەحزەیە وجودی هەیە ئێـوە سەفەرێکی بەپەلە بکەن بۆ پۆلندا، ئێمە لە دەستەی سـەرۆکایەتی موافەقەتمـان بـۆ کـردوون وە داوایان لێ ئەکەین بەیانی سەفر بکەن، بۆ ئەوەی کە لەماوەی سێ رۆژە پێمان بڵێن ئەوەی لەوێ روو ئەدات چییە وە ئێمە هیچ مەناعەتێکمان نییە کۆبـوونەوەیەکی تـری پەرلەمـانی کوردسـتان لەرۆژێکی پێنچ شەممە بە ئامـادەبوونی ئەو وەزیـرانەی کە جـاری پێشـووتری بانگمـان کـردن لە دوای گەرانەوەی راسـتەوخۆی ئەو لیـژنەیە بکەیـن، بەڵام ئەوەی ئێسـتا ئەگوزەرێـت شـتێکی ناسرووشتییە، جیاوازە لەوشێوەیەی کە پێشووتر هەبوو ئەمە خەڵکێکە لەسـەر سـنوورو ئەبـێ خۆی ئەم پەرلەمانە قسەی هەبێت، بۆیە ئێمە هەموو پێداویستییە تەکنیکەکانی لوجوستیەکانی ئەو سـەفەرە بـۆ لیـژنە تایبەتمەنـدیەکە ئامـادە ئەکەیـن، ئەوانە رەوەنـدی کوردسـتانین وەهـیچ مەناعەتێکمان نییە کۆبوونەوە لەسەر ئەو بابەتە بکرێت وەئێمە ئەزانین هەر هەمـوو ئەنـدامانی پەرلەمـان لە پەرۆشـییانە سـەبارەت بەم بـابەتە قسـەیان هەیە وە زۆر سـوپاس، فەرمـوو کـاك سەرکۆ.

بەرێز سەرکۆ ئازاد حسین:

بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.

بە پێی ماددەی (٦٦) ئێمە لە ماوەکانی رابردووە چەندین یاداشـتمان داوە لەسـەر گەنـدەلی و نـا شەفافی لە بواری مەلەفـی نەوت هەیە داوامـان کـردووە کە لە لایەنە پەیوەنـدی دارەکـان بێـنە پەرلەمانی کوردستان وە ئەو کات کە ئێمە باسی ئەکەین نرخی نەوت (٣٢) دۆلار بـۆ حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان باسـی لەوە کـرد کە (٢٩٥) ملیـۆن دۆلار داهـاتی نەوتە، بەرێـز سـەرۆکی پەرلەمـان ئێسـتا نرخـی بەرمیلێـك نەوت (٨١) دۆلارە بەهەمـان شـێوە حکـومەتی هەرێمـی کوردستان دەڵێت (٣٥٠) ملیـۆن دۆلار دەنێـرین بـۆ خەزێـنەی دەوڵەت تکـایە ئـێمە داواکـارین لە بەرێزتان وەزیری سامانە سروشتیەکان بێنن بۆ ئێرە بۆیە بـۆ خەڵکـی کوردسـتان دەرکەوێ ئـایە

ئەم وەزیرە دەسەڵاتی هەیە یان تەنها بە پڕکردنەوەی کورسییەکەی لەوێیە، داواکارم لێرە ئەگەر دەسەڵاتی نییەو ناتوانێت سیاسەتی مەلەفی نەوتی گەندەڵی و نا عەدالەتی چەتەگەری و مافیا گەری لە بواری نەوت دا نەمێنێت لێرەوە متمانەی لێ وەرگیرێ کە ئەمانە هەمووی بونەتە هۆکار بۆ کۆچکردنی گەنجان و ناعەدالەتی گەورە لەناو ئەم هەرێمەدا زۆر سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، فەرموو دکتۆرە شایان.

بەڕێز شایان کاکە صالح محمد:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بەناوی خوای گەورە، شایان کاکە سالح من بە پێی پەیڕەوەی ناوخوی پەرلەمانی کوردستان ماددەی (٤٣) بڕگەی یەکەم قسە دەکەم کە دەڵێن پەرلەمان لێژنەی کاتی بە مەبەستی ئامادەکردنی راپۆرت، سەبارەت بە بابەتێکی دیاری کراو لەسەر پێشنیاری دەستەی سەرۆکایەتی یەعنی (¼) ژمارەی ئەندامان بەدەنگی زۆرینەی ئامادەبووان لەکاتی پێویستدا پێك دەهێنێت، پێشنیاردەکەم بەرێزتان لێژنەیەکی کاتی بۆ دیاردەی کۆچی کوردان بۆ ئەوروپا بۆ هەنداران پێك بهێنن، زۆر سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

بەلێ زور سوپاس، ئێمە لێژنەیەکی تایبەتمەندمان نەبووایە، پەیوەست بووایە بەو بابەتە کە ئەڵێی لێژنەی پەیوەندییەکان و رەوەندی کوردستانی، ئەگەر نەمان بووایە لێژنەمان دروست ئەکرد وە لێژنەی رۆشنبیری و لاوانیش پەیوەستن بەو بابەتە، لەبەر ئەوە ئێمە دوو لێژنەمان هەیە بۆ ئێستا ئەو ئەرکە جێ بەجێ ئەکا، فەرموو کاك یاسین.

بەرێز یاسین خضر طە:

بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.

بەناوی خودا، والله دیارە ئەورۆ جەنابت پرۆژەیەکت هێناوەتە ناو پەرلەمان کە هاتووە، بنەتۆ شتڵ من سەیرم بەو پرۆژەیە دێت، نە عەرز ماوە تۆی لێ بچێنین نە گەنج ماون بە خێوی بکەن...

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

کاك یاسین ئەوە لەکاتی بڕگەکە و برگەکەش چووەتە دەنگ دان.

بەرێز یاسین خضر طە:

بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.

نانا ئیعتیادییە من تەعلیقی خۆم دەهاوێم، عەرزەشمان نەماوە لەو کوردستانەی بیکەین بە گەنم و جۆ دانەوێلەی لێی بچێنین، هەموو کرا بەڤێلای مەسئولە دزەکان وە گەنجیشمان نەما خزمەتی ئەو زراعەتە بکەن، لە بیلاروسیایی توخوا عەیب نییە منێك لەو پەرلەمانەی پێم عەیبە بڵێم ئەندام پەرلەمانم، کورە گەنجی من لە بێلاروسیا بڵێت مردم لە برسان، رۆژانەش لێگزو وەنەوشە ئەوانە بێن و چرتو فرتی بکەن، لێرەدا بەرێز سەرۆکی پەرلەمان یەعنی بەجدی ئەو پرسە پرسێکی گەورەیە، یەعنی ئێمە نەوتەکەتان دزی، خاکەکەتان دزی، گەنجەکانمان بۆ ئاوارەی هاندەران دەکەن، توخوا عەیب نییە دوێنێ لە سلێمانی کێڵگەیەکی نەوتی دۆزراوەتەوە

یەك ملیار نەوتی تێدایە، گەنجی من بچێت ڤاپان بشوات لە ئەوروپای، بەڵێ لە سلێمانی بیرەك دۆزراوەتەوە تازە روسیا دۆزیویتەوە ئەوە یەك، بەرێز سەرۆکی پەرلەمان من سێ مانگ پێش ئێستا بە بەرێزتم گوت لێژنەی شارەوانییەکان بنێرە هەموو شارەکان، یەعنی لەوەتەی لێژنەی شارەوانی نەچووە پرۆژەی تەجاوزەکان هاتۆتە گۆڕێ زیاتر زەوی بە تاڵان دەڕوا، زۆر سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، فەرموو کاك بەڵێن.

بەڕێز بەلێن اسماعیل حاجی ابراهیم:

بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.

بەڵام من دوو تێبینی بە بەنوقتەی نیزامییەکەی کە باس کرا ئەوەی کە پەیوەندی بە کۆچی گەنجانەوە هەیە، هاورێیەکانم باسییانکرد کە تا ئەو کاتەی من ئەندام بم لە لێژنەی پەیوەندییەکان و رەوەندی کوردستانی راپۆرتێکی تێرو تەسەلمان حازرکرد، بەڵام بەداخەوە بەهۆی ئەو بوارە نەخوازراوە کە زوو زوو لە پەرلەمانی کوردستان کە ئێمە کێشمەی کێشمی مەشاکیلی خەڵك ئەکەین، قوربانی هەندێ مل ملانێ سیاسی، لە راستیدا ڕاپۆرتەکە لە کاتی خۆی لێژنەی پەیوەندییەکان ئەو کاتە یەعنی بە هیلاکی ماندی بوونێکی زۆرەوە ئەوە راپۆرتەمان حازر کرد، بەڵام بەداخەوە بە هۆی ئەو بارودۆخە نا هەمواره نەخرایە بەرنامەی کار، دوو لەسەر ئەو لێژنەی کە گولستان خان باسی کرد لە راستییە من ئێستا پێشانیان دام، یەعنی کە ئەو قەرارە دەرچووە بۆ ئەو لێژنەیە دەرچووە وەبەندەش رەئیسی لێژنەکەیە، بەراستی ئەو قەرارە کە نە گەیشتووتە لای ئێمە نەمبینیوە، ئێستا کاك راهی پیشانیدام، یەعنی تەئکیدی بکەنەوە لەسەر ئەو بریارە کە وەکو خۆی ماوە بۆی ئێمە ئیشوکارەکان تفیعل کەینەوە و دەست بەکار ئەبین لە ڕاپەراندنی ئەرکەکان لەو لێژنەی کە بە ئێمە سپێردراوە، ئیتر زور سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

دەست بەکارەکانی خۆتان بکەن بەڵێ، بەڵام ئەم کەیسەی کە دوێنێ شەو لەیەکێك لە تەلەفزیۆنەکان باسکراوە رەبتی بەو بابەتەی ترەو نییە وەزیاتر لە ئەندامێکی پەرلەمان، چەند ئەندامێکی بەرێزی پەرلەمان سەبارەت بەم بابەتە یاداشتێکیان داوە بە سەرۆکایەتی پەرلەمان، ئەڵێن شەوی ۲۰۲۱/۱۱/۸ هەواڵەکانی کاتژمێر هەشت کەناڵی ئێن ئارتی ئەڵێ چەند پەرلەمانتارێکی سەر بە دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن و رۆژنامەنوسان خانوو و ڤێلاو شووقەیان لە کۆمپانیایەکی سەر بە یەکێتی یەکێك لە پرۆژە نیشتەجێ بوونەکانی سلێمانی، کاریان ئەو هەر دوسییەکی گەندەڵی ئەو کۆمپانیانە بێتە پەرلەمان کاری لەسەر ناکەن و چاوپۆشی لێدەکەن، ئەو بەرێزانە داوا یان کردووە داواکارین لە رووی یاساییەوە بەداواداچوون بکرێت و لە دادگا داوابکرێت لەو کەناڵە کە ناوی پەرلەمانتارەکان بێنن، بەڵگەی پێویست بخرێنە روو هەموو رێکارێکی یاسایی بۆ ئەم پەرلەمانتارانە بگرێتە بەر، لە ئەگەری نەبوونی بەڵگەو نەهێنانی ناوی هیچ پەرلەمانتارێك ئەمە لێدان و هەڵبەستنی تۆمەتە بۆخۆی و پەرلەمانتاران، ئێمە بەرێزان پێمان باشە لێژنەی کاروباری پەرلەمانی کوردستان هەر ئەمڕۆ کۆبوونەیەکی خۆی بکات، سبەینی راسپاردەی خۆی بداتە سەرۆکایەتی پەرلەمان، ئایا ئەگەر ئەتانەوێ بۆ نموونە ئێمە بەناوی پەرلەمانی کوردستانەوە سکاڵا بکەین، ئێوە ئەتانەوێ ئێمە داوای ناوەکان بکەین،

بەڕێـزان دەزانـن لیـژنە کاروبـاری پەرلەمـانی کوردسـتان لیـژنەی مـوختەس پێویسـت ناکـات لێژنەیەکی تـری بـۆ دروست بکەیـن، ئـێمە چـاوەڕێی یاداشـتی ئەوان دەکەیـن، ئەگەر شـەویش کۆبوونەتەوە دەبێت کۆببنەوە، بەڵێ سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، هلز خان فەرمووو.

بەڕێز هلز احمد محمد:

بەڕێز سەرۆکا پەرلەمانی.

دیف ماددا (٥٦) دووەم خاڵا یەك پێشـەکی کەنگی خاڵا پەیـڕەوەی تێـتە وەرگـرتن پێشـێڵ کرنـا مـاددە بڕگـا دەسـتووری وە یاسـایێت بەرکـاربن دەسـتوری عێراقیـدا مـاددا (٣٤) دووەم (التعلـيم المجاني حق لكل العـراقيين فـي مختلـف مـراحلهم) د. سـەرۆکا پەرلەمـانی سیسـتەمی پەرالێـل سیستەمەکە کو ئەڤە چەنـدین سـاڵە تێـتە پەیـڕەوە کـرن ژ لایی وەزارەتـا خوێنـدنا باڵاڤە تێـتە پەیڕەو کرن ژ دەڤـێ وەزیـرێ خانـدنا بڵنـدڤە گـوتی ئەڤە بیـدعەیە و هاریکـار بـن گەلمَـن دا ڤـێ بیـدعی نەهـێڵم بەرهنـدێ ئەز پێشـنیارکەم لێژنـا پەروەردێ راسـپێرین کـو بەدواداچـوونێ بـوو نەهێلانا ڤێ سەرپێچیا ڤی یاسایی بکەن کو ئەڤە دژی دەستووری عێراقێ یە، زۆر سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، فەرمووو سەرچنار خان.

بەڕێز سەرچنار احمد محمد:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

سەبارەت بە ماددەی (٦٦) بڕگەی یەکەم، ئێمە چەندین یادداشتمان تەقدیم کردووە، یەکێك لەوە ٩/٨/ لەسـەر دامەزرانـدنی فەرمـانبەرانی گرێبەسـت کە ئەوە ئێسـتا چەنـدین رۆژە لەسـەر شـەقامەکانە خۆپیشـاندان ئەکەن و داوای ئەوە ئەکەن کە بەهەمیشـەیی بکرێـت، کە ئەوە ئـێمە بەڵگەی تەواومان خستوتە روو بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان وە لەو پەرلەمانە باسمانکردووە کە بە هەمیشـەیی کردنـی ئەو فەرمـانبەرانە هـیچ بـارگرانییەکی دارایـی ناخـاتە سـەر حکـومەت، وەنووسراوی فەرمی وەزارەتی دارایی هەیە کە ئاراسـتەی سـکرتارییەتی ئەنجـومەنی وەزیـران کراوە، داواکارین بە زووترین کات ئەو دانیشتنە بکرێـت لە روژێکـی پێـنج شـەمە بێـت یـان هەر روژێکی تربێت، خاڵێکی تر سەربارەت بە کۆچی گەنجان ئەوە زۆر قسەی لەسـەر کـرا دووبـارەی ناکەمەوە کە ئـێمەش هـاوڕاین لەسـەر کە بە زووتـرین کـات بێـتە چارەسـەر کردنـی ئەو بـابەتە، خاڵێکی تر بەرێز سەرۆکی پەرلەمان باس لە خاڵی پەیرەوی کە قسەکانی ئـێمە پەیـڕەوی نـین لە مـاددەی (٥٦) بـاس لە خـاڵی پەیـڕەوی ئەکـات ئەی مـاددەی (٥١)، ئەی مـاددەی (٩٨) کە لەسـەر دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمـان جـێ بەجـێ بکـات، جـگە لەو روژانەی کە رۆژانـی پێـنج شـەمە حکومەتا ئەکرێ ئەمە دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانە خاڵی پەیڕەوەی پێشێل ئەکات کاتێـك کە بە ئێمە خاڵی پەیڕەوەی وەکـو پەرلەمانتـار پێشـێل ئەکەن، خۆتـان چـوون یەعنـی جـوابی ئـێمە ئەدەنەوە کەهەشت ساڵە بوودجە نەهاتۆتە پەرلەمان ماددەی (٩٨، ٥١)تان تەبەنی نیـیە، ئەو دوو ماددەیە پێشێلتان کردووە وە ئـێمەش وەکـو واجبـی خۆمـانە، لێپرسـینەوە لەسـەر ئەوە بکەیـن

بۆچی ئەو ماددانە جێ بەجێ ناکرێت وە بوودجە ناهێتە پەرلەمان وە دانیشتینەکان لە کاتی خۆی ناکرێت و سوپاس.
بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:
ئێمە واجبی خۆمان کردووە کە هەموو جارێك تەئکید دەکەینەوە کە ئەبێت بینێرن ئەوە حکومەتە پێشێلکاری ئەکات لەوەی کە بوودجەی نەناردووە نەك دەستەی سەرۆکایەتی وەبەرێزتان موعارەزەی حکومەتن موعارەزەی دەستەی سەرۆکایەتی نین. کاك سیروان فەرموو، ئێمەش وەکو ئێوە پێمان وایە حکومەت پێشێڵکاری ئەکات سەنگەرەکەتان لە ئێمەیە، بۆیە هیچ نەتیجەی نییە من سەرۆکی پەرلەمانم من موشەریکی حکومەت نیم، تەواو تۆ قانوونی لە من باشتر ئەزانی ئەوەی دەڵێی وانییە، کاك سیروان فەرموو.
بەرێز سیروان فرج محمد:
بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.
من خاڵی پەیڕەویەکەم بەپێی مادەی (٥٦) دوو ساڵ لەمەو پێش پەرێکم پێشکەش کرد بوو، خستنە رووی بیروکەیەك و لە ٢٠٢٠/١١/٢٣ یەك ساڵ لەمەو پێش بیرۆکەی چارسەرکردنی کۆچی گەنجان ویستم بیرۆکە بخەمە روو، تائێستا نە وەڵامتان داومەتەوە بەڵێ بە جەنابتمان داوە، چوارجارم پێشکەش کردووە، من پرسیارەکەم ئەوەیە جەنابت راستت فەرموو کە دانیشتنی ئەوجارە کێشەی تێنەکەوتایە، هەڵبەتە ئێمە شتێکمان ئەکرد ئەگەر ئێوەی بەرێزیش ئەو پەرەی منتان، چونکە من خۆم یەکەم پەنا بەربووم ئەزموونم هەیە، دەزانم چۆنە هەر لێی ئەزانم شتەکە بیرۆکەکەمتان سەیربکردبایە وە بتان هێشتبایە من بە (٥، ٦) دەقە بم کردبایە، هەڵبەتە بەردێکمان ئەخستە سەر بەردێك، پرسیارەکەی من ئەوەیە ئایا بیرۆکەی من بە قەلەمی سوور نووسرا بوو یان بەشین نووسرا بوو کە نەتان کرد، ئێستاش لەسەر بێت تکاتان لێ ئەکەم ئەمڕۆش پێشکەشی ئەکەم بیرۆکەکەی من هەرهەمان شتەو تۆزێ گۆڕانکاری بەسەر هاتووە، بڕوام پێ بکەن...
بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:
ئەیخەینە بەرنامەی کاری، من لەراستیدا زۆر کۆنە ئەو بابەتە، جارێکی تر داوای ئەکەینەوە وەئێمە کۆبوونەوەی پەرلەمانمان دانا بو،و ئەندامی بەرێزی پەرلەمان هەستابوو ووتی ئەم بابەتە زۆر گرنگ نییە، ئەوە بەرهەمی ئەوەیە کە ئینتاجی رۆژ تەحدیدی دەکەین بابەتە.
بەرێز سیروان فرج محمد:
بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.
...بەڵێ بەپێی ئەم پەیڕەوە پەرلەمانتار بۆی هەیە بیرۆکەی بخاتەروو، بۆ ئەم چارەسەرە من هەمیشە بەبیری خۆمان و جەنابیشتان خۆ پەرلەمانتار ئیشی یاسا دانانە بەدواداچوونە پەیوەندی ئەو دیپلوماسیە چارەسەرە ئەگەر چارەسەرێکی هەمیشەیی، تۆ جەنابت بە پەرلەمانتاران کە لێرەیان ئەبینین ئەڵێی چارەسەر چییە کە کاتێك چارەسەری پێشکەشی جەنابتان ئەکەین، یەعنی بە داخەوە فەرامۆشی ئەکەن...

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

کاك سیروان یاداشتەکەی جەنابت بیرمەو وەکو ئێستا خەلەڵێکی تیابوو بویە گەڕاندییانەوە دوای عوتلەی پەرلەمانی بەسەرهاتووە بەدواییدا ئەگەڕێین وەسەیری ئەکەینەوە وەحەقی خۆتە لەسەرحەقی، زور سوپاس لیزاخان فەرمووو.

بەڕێز لیزا فلك الدین صابر:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

لە جەلەسەی رابردوو لەسەر راسپاردەی جەنابتان بە پێی ماددەی (٤٣)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان لێژنەی دارایی راسپێردرابوو، بۆ ئەوەی راستی و دروستی کەم بوونەوە داهاتی ناوخۆ بکۆڵێتەوە بەتایبەتی لە سنووری هەندێ پارێزگا ئێمە لەسەر راسپاردەی جەنابتان چەند کۆبوونەوەیەکمان ئەنجامداو سەردانی بەرێز وەزیری دارایمانکرد لێرەش ئەندامانی بەرێزیش باسیان لە وبابەتە کرد وەکو لێژنەی موختەس لەگەڵ وەزیری دارایی کەوتینە گفتوگۆ بوئێمەی روونکردەوە کە سەقفێکی زەمەنی داناوە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانە ماوەی مانگێکی دابە بەرێوەبەرایەتیەکانی باج لەوسنورە کە کێشەکان چارەسەر بکەن لە ئەگەری چارەسەر نەبوونی کێشەکان کە بەرێزییان باسیان لەوە کرد زیاتر کە کێشەی تەکنیکی و فەنین دەست دەکەن بە ئیجرائات، وەکو لەو دوایەش دەستیان کردووە بە ئیجارائات لە خاڵە سنوورییەکان بەتایبەتی خاڵی سنووری پەروێزخان کە گورانکاری تێدا ئەنجامداوە بوئەوەی کە بتوانرێت داهاتی ناوخۆ لە هەرێمی کوردستان بەتایبەتی داهاتی باج زیاتر بکرێت بەچارەسەر کردنی کێشە داراییەکانی هەرێمی کوردستان لەسەر پرسێکی تریش ئەویش پرسی بوودجە بەرێزیکی تریش لە پەرلەمان باسی بوودجە کرد، ئێمەش دیسان وەکو لێژنەی دارایی و کاروباری ئابووری دوێنێ کۆبوونەوەیەکمان ئەندجامدا لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار لە وەزارەتی دارییەوە سەبارەت بە ئامادەکردنی بوودجەو حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەم ساڵ بەتایبەتی بۆ ساڵێ ٢٠٢٢ موسرە لەسەر ئەوەی کە بوودجەیەك تایبەتی بە خۆی هەبێت ئێستاش دەستی کردووە بە نووسینەوەی ئەوەی پرۆژە یاسایە نزیکەی دوو هەفتە زیاترە کاری لەسەر دەکەن، لە دواتردا کە کارەکانیان تەواو بوو لە لایەن وەزارەتی دارایی و بەتایبەت و وەزارەتی پلان دانان وە دەنێردرێت بۆ پەرلەمان، زور سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، فەرمووو.

بەڕێز زکری احمد اسماعیل:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بناڤێ خودێ مەزن و دلوڤان، بەرێزسەرۆکی پەرلەمانی کوردستانێ زکری زێباری دیارە روژانە چەندین گەنج ژلای هەرێما کوردستانێ ئاخا هەرێما کوردستانێ جێ دهلێن ئەو ئاخا چەندین ساڵە باب و باپیرێن وان قوربانی بودای لبەر کو هیچ ئەوا گەنجا هیچ ئومێدەك ڤێ کوردستانێ نەمایا ڤێ حکومەتێ نەمایە تەنێ دامەزراندن نە مستەقبەلەك هەیە پێویستە حکومەتا هەرێما کوردستانێ زیترین وەخت دەرگەهێ دامەزرندنێ بوڤان دەرچوێن زانکو پەیمانگەکان ڤە کەت پێویستە شولێ بوڤان گەنجان ڤەکەت پێویستە حکومەتا هەرێما کوردستانێ ئەو عائیلێن لێ

هەرێما کوردستانێ هیچ مووچەك تێدانییە کو ژیاناخۆ رێڤەبەن چارەسەریا نەخوشێن خوپێبکەن پێویستە حکومەتا هەرێما کوردستانێ زێترین وەخت مووچەکێ بو هەمی وان عایلێن ل هەرێما کوردستانێ دابین کەت ئەوێت کو هیچ مووچە نەبیت زور سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، فەرموو سلمی خان.

بەرێز سلمی فاتح توفیق:

بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.

ئێمە وەکو لێژنەی رۆشنبیری و وەرزش لاوان کومەڵگەی مەدەنی و پەرلەمانی کوردستان سێ جار یاداشتمان داوە، جارەك راپۆرتمان پێشکەش کردووە و دوو جار جەختمان کردووە لەسەر ئەم راپۆرتە بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان ناردووە تابیخاتە بەرنامەی کاری کۆبوونەوەکانی لە ١١/٣١، ببورە لە ٢٠٢٠/١١/٢٩ لە ٢٠٢١/٤/١٠ لە ٢٠٢١/١/٣١ هیچ بیانوێك نییە بۆ ئەوەی کە کۆبوونەوەیەك تێکچوو جارێکی تر راپۆرتەکە نەخرێتە بەرنامەی کارەوە تەنها لە وەرزی یاسا دانانی پێشووە، ئێمە دوو جار داوامان کردووە کە ئەو راپۆرتە بخرێتە بەرنامەی کاری کۆبوونەوەکانەوە، بەڵام من لێرەوە گەیشتوومە ئەو قەناعەتەی کە سەرۆکایەتی پەرلەمان حەزی لە ئیش کردنی کاری لێژنەکان و نووسراوی لێژنەکان نییە حەزی لە کۆنگرەی رۆژنامەنووسییە حەزی لە نوقتەی نیزامییە حەزی لە شتێکە کە بووە فەوزا لە جەلەسەیە، ئینجا کە بیخاتە بەرنامەی کار ئەگینا حیکمەتی چییە ئێمە دوو جار سێ جار داوامان کردووە راپۆرتێك خوێندنەوەی بۆ بکرێت، ڕاپۆرتی لێژنەیە هەموو لێژنەیە ئامادەی کردووە کومەڵێك راسپاردەمان هەیە نەخراوەتە بەرنامەی کارەوە، ئێستا کە دەزانن کۆنگرەی روژنامەنووسی ئەکرێ و فڕاکسیۆنەکان قسە ئەکەن و دەبێتە نوقتەی نێزامی، ئینجا کە سەرۆکایەتی پەرلەمان بکرێتە خۆی ئەخاتە بەرنامەی کاری کۆبوونەوەکان، گلەییەکی تریش لەسەرۆکی پەرلەمانم هەیە لە راستیدا من سەرۆکی لێژنەکەم پێشتر ئەندامی لێژنەی لەم لێژنەیەمە کە کاك موحسن قسەی کردووە هەمان شتی منە فەرقی نییە، بەڵام کاتێك لێژنەیەك یەکێك لە لێژنەکان پرسیاریان ئاراستە دەکرێت خێرا سەرۆکی لێژنەکە وەری گریتەوەو بۆ ئەوەی جوابی بێ بداتەو هەر ئەمڕۆ لە لێژنەی پەروەردە چەندین جار ئەم حاڵەتە دووبارەبووتەوە، بەڵام من وابزانم لەئەخیرەم وابزانم دووسێ کەسی تر ماوە قسەی بکەن ئەو گڵەییەش بۆ جەنابت هەیە و سوپاستان ئەکەم.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

لە راستیدا من وەکو ئەندام پەرلەمان ناوی تۆم نووسیوە وەکو سەرۆکی لێژنە نەمنووسی، یەعنی کە ناومان نووسیوە داواشت نەکردووە د. رێبوار داوای کرد، ئاخیر پرۆژەی پەروەردە ئەی لەکێ بپرسم تەواو بابەتی کۆچی گەنجان لە راستیا ئێستا لێژنەی ناوخۆیا پەیوەندی بە ئێمەشەوە هەیە یاداشتێکیان بۆ ناردووین، بەڵام لەبەرئەوەی وشەی رەوەندی کوردستانی پێوەیە لێژنەی موختەسی یەکەم لێژنەی پەوەندیەکان و رەوەندی کوردستانییە لێژنەکانی تر لێژنەی هاوکارو یارمەتی دەرو تەواو کارن بەرێزان لەراستییە دەستت ئەوا بەرزکرابایە ئەبویتە منیش قسەم هەیە وەکو سەرۆکی لێژنە قسەم وەرئەگرتی، بەڵام وەکو هەر ئەندامێکی تری پەرلەمان ناوی بەرێزتم نووسییەوە.

بەڕێز دیاری انور حمە رحیم:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان کێ ئەو بابەتەی پرسی کۆچی گەنجان پەیوەندی بە پەیڕەوەوە نییە، بەڵێ پەیوەندی بە پەیـڕەوەوە هەیە لەبەرئەوەی پەیـڕەوە دەڵـێ پەرلەمـانی کوردستان دەبێت لەسەرەتا وتیان نوقتەی نیزامی نییە، بۆیە کە بمبورە...

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

تۆ بۆ جوابی ئەندامێکی تری پەرلەمان دەدەیتەوە..

بەڕێز دیاری انور حمە رحیم:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

...من جوابی نادەمەوە ئەڵێم نوقتەی نیزامـی یە بەپـێ ی خـاڵی پەیـڕەوی قسـەئەکەم، باشـە بـۆ ئەوەی کاتەکەم نەچێت قسەم لێ مەبڕە، بەڕێزسەرۆکی پەرلەمان پرسـی کـۆچی گەنجـان و ئەو کـۆڕەوەی کە منـداڵ و ژن و کەسـوکاری ئـێمەن خوشـك و براکانمـانن کە ئەچـنە دەرەوە بـۆ چارەسەر نابێت، بۆ نمونە کە لێژنەیەك لە پەرلەمانی کوردستان بچنە پولەندا بـزانن چـی و چـی نییە پەیوەندی بەوەوە هەیە پەیوەندی بە لێژنەی سامانە سرووشتیەکانەوە هەیە، پەیوەندی بە لێژنەی داراییـەو هەیە پەیوەنـدی بە لێـژنەی مـافی مـرۆڤەوە هەیە پەیوەنـدی بەو پەرلەمـانەی کوردستانەوە هەیە کە حکومەت ناچـار کـات پـڕۆژەی یاسـای بـوودجە بێنێـت کە فەرمـانبەرانی گرێبەسـت ئەو فەرمـانبەرانەی گرێبەسـتن بکـرێن بە هەمەیشـەیی ئەوانەی کە دەرچـوون دابمەزرێنن کەرامەتی خەڵك بپارێزێت عەدالەتی کومەڵایەتی هەبێت یاسـا جـێ بەجـێ بکرێـت، داهاتی نەوت دیاربێـت بوودجەو مـووچە لەکـاتی خۆیـدابێت ژیـانی شایسـتە بـۆ خەڵـك دابـین بکرێت ئەمە هۆکارەکانن ئێمە دەچین بۆ ئەو سەری بابەتەکە لەکاتێـك خۆمـان ئەزانـین هۆکـاری ئەوە چییە کۆچی گەنجەکانن و کەسوکاری ئێمە بۆ دەچـنە دەرەوە بـۆ خەریـکە وا رەق دەبـن و دەگرێن بۆ تێناگەن ئەمە یەکەم، دووەم بەڕێزسەرۆکی پەرلەمان ئەگەر لە دانیشـتنێکە خسـتۆتە بەرنامەی کار وەزیـرە بەڕێزەکـان هـاتوون بَـو پەرلەمـانی کوردسـتان پشـێوی دروسـت بـووە کە لەسـەر حەق و کێشـەی خەڵـك داواکردنـی مـافی خەڵـك بـۆ دیـخەنە ئەسـتۆی ئـێمە، ئەی خێـرە دانیشتنی ئێوە و دوای دانیشتنی ئەوەو ئەو هەموو یاداشتەکە پێشکەش کـراو ئەوە هەمووتـان بینـی و باشـە خـۆ ئـێمە ئەگەر لە پەرلەمـانی زانـی ئەگەر خەتـاکە ئـێمە بـووین بـۆ ئێـوە بەو بەر پرسیارەتەیە هەڵنەسەنگاند ئەو بابەتە یەك، دوو سەرۆکی پەرلەمان ئەگەر کەمتەرخەمییەکـانی ئەنـدامانی پەرلەمـانی کوردسـتان و ئەو پشـێوییە کە ئەو رۆژە دروسـت بـوو ئەوەی حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان، یەعنـی کۆبـوونەوەی تـر نەکـات ئیتـر تەواو ئەم بـابەتە چارەسـەر ناکـاو پێداداچوونی بۆ نەکردوو هەوڵی نەداوە رێگاچارەبگرێتەبەر، لەبەر ئەوە کێشە سەرەکییەکە لەم وڵاتە پەیوەندی بەوەوە هەیە داهاتی نەوتی و نا نەوتی ناشەفافە، کەس نازانێت داهاتوو بۆچی ئەم ووڵاتە چی لێ دێت، لەبەرئەوەی بە حساب ئێمە ووڵاتێکی دیموکراسـین، بەس دیموکراسـی نین و ئەو هەموو ناحەقی و نادادیە ئەکرێـت یاسـا سـەروەر نیـیە لەم وولاتەدا، ئەوەی بە نـاوی مافی مرۆڤەوە دەکرێت لەم وڵاتەدا ئەوەی کە دەگوزەرێـت ئـێ خەڵکێـك کە چەنـد بخوێنێـت و دانەمەزرێـت، ئەی فەرمـانبەرێکی گرێبەسـت دوا دە سـاڵ بەروخسـەت دە سـاڵ فەرمـانبەری

گرێبەسـت بێـت و تەعـین نەبێـت ئەوە نەتـیجەکەی ئەوەیە، ئـێمە بێـین بەداوی چارەسـەری ئەوانەیان بگەڕێین، کەواتە بەراستی هۆکاری سەرەکی کە ئێمە نوێنەری خەڵکین لەم پەرلەمـانی کوردستانە، بەراستی ئێمە شەرمە ئـێمە لەسـەر بـابەتێکی دیـکە قسـەی بکەیـن لەکاتێکا بـابەتی گرنــگ وە بــابەتیکی راســتەوخۆ کە پەیوەنــدی بەژیــان و گــوزەرانی خەلــکەوە هەیە، واللــە مـوزایەدەنییە واللـە خەو نەچـۆتە چـاوم کە ئەو منـدالانەم بینیـوە گریـاون بەرێـز سـەرۆکی پەرلەمان ئێمەش هی ئێریین خۆ لە عالەمێکی ترەوە نەهاتووین، ئەوانیش عالەمێکی تـرنین ئـێ فەرموو با لەسەر ئەوانە قسە بکەین با رێگاچـارەیەك بۆیـان بـدۆزینەوە بەیـانی دوانیـوەڕۆ، زۆر سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، فەرموو مامۆستا عمر.

بەڕێز عمر عبدالله فتاح:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

من بەخێرایی چوار بابەت کە هەموویان پەیڕەوین بەراستی عەرزی جەنابتان ئەکەم، بەنیسبەت یاسای بوودجەو زەروورەتـی ئەوە قسـەکرا بەپـێ یەکێـك لە بڕگەکـانی مـادەی (٩٨) بـڕگەی دوو دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کاتێك حکومەت یاسای بوودجە نانێرێتە پەرلەمان دەبێت دوای ڕوونکـردنەوە بـدات، ئایـا ئێـوە داواتـان کـردووە روونکرنەوەیـان نـاردووە بە ئـێمەو خەڵکـی کوردستان بڵێن هۆکاری چییە حکومەت ئەم سەرەتایەترین ئەرکە خۆی دارایی خۆی جێ بەجێ ناکات، خاڵی دوو لە کۆبوونەوەی ژمارە (١٨) ٢٠٢١/٧/٨ ژمارەیەك ئەندامانی پەرلەمان داوایـانکرد پەرلەمان کۆبوونەوەیەکی تایبەت بکات لەسەر پلە بەرزکردنەوەی فەرمانبەران، جەنابت بەڵێنت دا کە ئەو بابەتە بە پێشنیازە بڕیارێك یـان ئوسـولێکی پەرلەمـانی بخەیـنە بەر دەسـتان، ئـێمە لە ٢٠٢١/٩/٢ (٢٧) ئەنـدامی پەرلەمـان پێشـنیازە بڕیارەکەمـان پێشـکەش بە بەرێزتـان کـرد کە پێـنج مـاددەیە، تائێسـتا نـازانین چارەنووسـەکە بەچـی گەیشـت کە یەکێـك لە ماددەکـانی دەسـت پێکردنەوەی پلە بەرزکردنەوەی فەرمانبەران وە قەرەبووکردنەوەی (٥)سالی رابردوویانە، خـاڵی سێ بە پێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ئێمە یاداشـتێکمان پێشـکەش کـرد لە هەفـتەی رابـردوو لەسەر کێشەی دەرچووانی دوازدەی ئامادەیی، ئەم کێشەیە لە هەموو ساڵێك دووبارە ئەبێت وە راستە ئەم ساڵ وەزارەتی خوێندنی باڵا کارێکی باشیان کرد کێشـەکەیان چارەسـەر کـرد جـوابی نامەی نارازییەکانیان دایەوە، بەڵام ئێمە ئەمانەوێـت بە ئامـادەبوونی هەردوو بەرێـزان وەزیـری پەروەردە و وەزیری خوێندنی باڵا دانیشتنێك بکەین بە هادئی بۆ ئەوەی پلانێك دانێـین هەمـوو ساڵێك دیسان گەنج بێ ئومێد نەبێتەوە بچێتەوە سەر شەقامەکان، خـاڵی چـوارەم سـەبارەت بە کۆچ دەستت خـۆش بێـت ئەمـڕۆ ئـێمە ژمـارەی یاسـایی ئەنـدامانی پەرلەمـان داوا لە بەرێزتـان دەکەین بە زووترین کات دانیشتنێکی تایبەت لەسەر کۆچی گەنجـان لەسـەر ئەم مـاڵ وێرانـی و ئەو زارو ستراژدیدیایە قسە بکەین و گفتوگۆ بکەین و بڕیاری دروست بدەین، زور سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، فەرموو کاك جلال.

بەڕێز جلال محمد امین:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بەنـاوی خـوای گەورە، دیـارە منـیش بەپـێ مـاددەی (٥٨) قسـە ئەکەم کە پرسـیار هەنـدێك بە نووسراو وەبە شەفەیش دەبێت بەرجەستە بکرێێـت، دیـارە ئـێمە لەگەڵ بەرێـز وەزیـری نـاوخو دوێنــی بە شــەفەیی و وە پێشــووتریش بە نووســراو پێمــان وتــووە لەســەر پــڕۆژە یاســایی خانەنشینی هێزەکانی ئاسایش ناوخۆ، کە ئەمانە فیئەیەکی دیارن خزمەتگوزارن لە نێو کۆمەڵگا وە خزمەتێکی زۆر ئەکەن، بەڵام یاسایی خانەنشینەکەیان زۆر خراپە وا بڕیار بـوو لە سێ مانـگ لە مەوبەر ئەو یاسایە هاتە پەرلەمان کە داخلی خوێندەوەی یەکەم و پرۆسەی تەشریع بێ، بەڵام بەداخەوە نەکراو وە دوێنی بەرێز وەزیری ناوخۆ پێی وتین کە لە ئایندەیەکی نزیکدا، داواکارین ئەوا زۆر زۆر گــرنگە ڕەبتــی ڕاســتەوخۆی بە ژیــانی هێزەکــانی ئاسایشــی نــاوخۆ هەیە، هەر حکـومەت سـیمای هەر حکـومەتێکی مەدەنـی لەرێـگەی پـۆلیس و هێزەکـانی ئاسـایی نـاوخۆە ئەکرێت، داواکارم پەلەی لێ بکرێت لەوەی کە بارو ژیان و گـوزەرانی چـاك بکرێـت، لەبەر ئەوەی بەشـێکی زۆریـان تووشـی زەخـت و شـەکرو هـاتوونە نـاتوانن خۆیـان خانەنشـینی بـکەن، لەبەر ئەوەی خانەنشـــینەکەیان زۆر کەمە ئەمە یەك، وە بـــابەتی پـــلە بەرزکـــردنەوە هێزەکـــانی پێشمەرگەش بابەتێکی گرنگەو سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، فەرموو کاك سروان.

بەڕێز سەروان محمد علی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بەناوی خودای گەورو میهربان، سەبارەت بە کۆچی گەنجان هاوڕای برای بەرێزم کاك زانام، بەڵام ئیزافەی قسەیەك لەسەر قسەی ئەو یەعنی ئەو پەڕی شەرمەزارییە بۆ ئێمە، تەنها ئەوەندە دەڵێم کە گەنجی کورد بچێت لە ئەوروپاو لەم ڕێگایانە بمرێت، بەڵام ژیـانی ئێـرە جـێ بێڵێـتن، یەعنـی ئەگەر هۆکـارو چارەسـەری ئەو هەمووشـمان بـۆ چارەسـەری دەگەڕێـین مـن لێـرە بە هەمووتـان دەڵێم بۆ دوو مانگ دەتوانم چارەی بـکەم، بەڵام بەو مەرجەی پەرلەمـان و حکـومەت پشـتگیری پێشنیاری من بکات بە دوو مانگ چارەی دەکەم، بەڵێ لێرەوە دەڵێم بەرپرسیاریشم بەو قسەیەی خۆم بەڵێ ئەوە یەك، دوو هاوڕای خوشکی بەرێـزم گولسـتان خـانم سـەبارەت بە کەمکـردنەوەی هەیبەتی پەرلەمان، بەراستی قەد لەگەڵ بێ هەیبەتکردنی پەرلەمان نیم، ئێمە دە پەرلەمانتار بـۆ لای یەك وەزیـر دەچێـت، ئەسـڵەن نەوەزیـر نەسـکرتێر نە بەرپرسـە مەکـتەبەکەی لەوێ حـزوور نابێت کە پێشوازی لە دە پەرلەمانتارو وەفدی پەرلەمان بکات، بەڵام یەك وەزیر دێت هەر هەموو ئەنـدامانی لێـژنە مـوختەس بە دانشـیتن لەگەڵ ئەو وەزیـرە لەبەر دەرگـا دەوەسـتن، بـۆ وەزیـر خەتابار خۆمانین کە پەرلەمانمان بێ هەیبەت کردووە، قەد وەزیر نییە وەزیر هۆکار نییە جوابی مـن پێشـتر دەم بۆجوابمـان نـاداتەوە، خۆمـان وامـان لە وەزیـر کـردووە کە جـوابی تەلەفۆنمـان ناداتەوە، ببورە شتم ماوە.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

سەبارەت بەم بابەتە دەبێت قسەی خۆمان بکەین...

بەرێز سەروان محمد علی:
بەرێز سەرۆکی پەرلەمان:
ئەی بابەتی من چییە؟
بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:
ئەم بابەتە بابەتێکی گرنگە، وەزیرەکان واجبیانە رێز لە پەرلەمان و لە ئەندامانی پەرلەمان بگرن وە هەر وەزیرێك پێشوازیتان لێ ناکاو رێزتان لێ ناگرێت، یەکەم مەچن بۆ لای، دوو، کەهات رێزی مەگرن و پێشوازی لێ مەکەن دروستە بەڵێ فەرموو.
بەرێز پێشەوا طاهر مصطفی:
بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.
لە باسکردنی مەسەلەی کۆچی گەنجان ئەمن هەوڵ دەدەم چارەسەر بخەمەروو تەنها قسەکردن نەبێ لەسەر ئەو بابەتە، ئەم بابەتە نابێت تەنها بخرێتە سەر ئەستۆی لێژنەکان بێت و بەرێزیشتان بە ئەرکی خۆتان هەڵبستن و وەئەگەر گوێ لە پێشنیارەکەم بگرن، من پێشنیارەکەشم بۆ ئێوەی بەرێز عەرزدەکەم لەبارەی کۆچی گەنجانەوە مادەی (٥٦) ئەلێت باسی دەستوورو یاسا ئەکات، ئەگەر گەنج لەم وولاتە نەمێنێت دەستوورو یاسا بۆ کێ ئەنووسیت، دەستوورو یاسا بەشێکی زۆری بۆ داهاتووە، ئەگەر هاتوو داهاتوو بنیات دەنێت لەم وڵاتە نەمێنێتەوە تۆ دەستوورو یاسا بۆ کێ دەرئەکەیت و بۆ کێ ئەینووسیتەوە، ئەگەر لە هۆکارەکان بپرسیت لە وڵاتێکە کە قاچاخچێکی جگەر لە دکتۆرێکی جگەر عەیش و نوش و خۆشترو بەرزو باڵاتر بێت، حەتمەن گەنجەکانی بەجێ ئەهێلن لە ووڵاتێکە کە قاچاخچیەکانی سەر سنوور تەحەکوم بە ژیانی بەشێکی زۆری ئەم نیشتیمانەی ئەم وڵاتەوە بکەن وەبەشێکی ئەو بەرپرسانەی کە تێوەگلاون لە گەندەلی بەس یەك نمونە بۆت باس بکەم بەرێز سەروکی پەرلەمان، یەکێك لە پێشانگا گەورەکانی ئوتۆمبێل لە شاری هەولێر بەمنی وت وتی تەنها لە یەك مانگدا (٨) بو (٩) ئوتۆمبێلی سەرووی (١٥٠) $ هەزار دۆلاری بە هەندێك لەو کەسانە ئەدرێت کەبە بەرهەمی بۆتۆکسو فیلەری هاتوونەتە ئەم وڵاتەوە ئەگەر بوو کچێك یەك ئۆتۆمبێلی بە (١٨٠) هەزار دۆلاری بکرێت لەلایەن بەرپرسێکەوە، چۆن گەنج لەم وڵاتە عاجز نەبێ و دڵی نەشکێت، بۆیە ئەمە کێشە جدییەکانن کە ئەبێت ئێمە قسەی لەسەر بکەین، نابێت هەر قسەی لەسەر بکەین دەبێت عەمەلییان بۆ بکەین ئەم بابەتە فرە رەهەندە ناکرێت لە یەك لاوە سەیری بکەین، ناکرێت تەنها لە زاوییەکەوە سەیری بکەیت، ئەگەر فراوانتر سەیری ئەم بابەتە بکەین لە دوای ساڵی ٢٠١٤ کاتێك حکومەتی عێراقی بوودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەبڕێت وە دەیەوێت سیاسەتی برسی کردنی خەڵکی هەرێمی کوردستان پەیڕەو بکات، لەو کاتەوە کە دوخی مووچە خراب بۆ ئیدی بێکاری دروست بوو، دامەزراندن نەما، بۆیە لەسەر ئێوەی بەرێزت داوا لە سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان وە دەست پێشخەری بکەن بۆ بەرێزان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان وەکو سێ دەستەی سەرۆکایەتی کۆبوونەوەیەك ئەنجام بدەن، بۆ ئەوەی فشارێك لە حکومەتی عێراق بکرێت چی دیکە قوت و بوودجەی خەڵکی کوردستان نەکرێتە یارییەك وە خەڵکی کوردستانی پێ برسی بکرێت، بەرێز سەرۆکی پەرلەمان پێشنیارکی دیکەم هەیە، زۆر سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

بینووسە کاتەکەت تەواو بوو تەواو، بە ڕەفیقێکی تر بڵێ.

بەڕێز گۆران عمر علی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بەناوی خوای گەورە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ئەمن گوران عمر علی...

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

قسەی خوت بە زیادەوە کرد، کاك پێشەوا تەواو فەرمووە وەختت تەواو بوو، سەرۆکی فراکسیۆنەکەشت قسەی کرد.

بەڕێز گوران عمر علی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

... من گۆران عمر علی من پشتگیری هەموو قسەکانی کاك پێشەوا هەورامی دەکەم، بەراستی کە قسەکانی جوان بوون لە جێی خۆی بوون، سەبارەت بە کۆچی گەنجان هەروەها پشتگیری لە وتەکانی گوڵستان خان ئەکەم بۆ ئەو بێڕێزیەی کە بە پەرلەمانتارن ئەکرێ و ئەو تۆمەتانەی کە بۆ پەرلەمانتار دروست ئەکرێت، من ئومێدەکەم کە دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان وەکو کۆی موئەسەسەکە دیفاع لە پەرلەمانتاران بکات، ئایا ئەگەر ئەو پەرلەمانتارانەی لە گەندەڵی تێوە گلاون کاری گەندەڵیان کردووە بدرێن بە دادگاو وە ببن بە عیبرەت بۆ ناو خەڵك، ئەوانەش گەندەڵکارن بەڵێ ئەگەر پەرلەمانتارانیش دوورن لەو تۆمەتانە داوای یاسایی تۆمار بکەن لەسەر ئەو شوێنانەی کە تۆمەت دەخەنە پاڵ کۆی موئەسەسەکە، ئەگەر پەرلەمانتارێکیش بێت، بەلێ سوپاس کاك گۆران دەستان خۆش بێت، سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، فەرموو کاك کاوە.

بەڕێز کاوە عبدالقادر حسن:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، ئەوەی ئێستا ڕوودەدات بەراستی بەتایبەت ئەوەی کە لەو ماوەیەی دوای کە ڕێژەکە زۆر زیاتر بووە، بەراستی ئەمە کۆچ کردن نییە، ئەمە کۆڕەوە وە دووبارە کردنەوەی مێژووە کە پێش (٣٠) ساڵ لەمەوبەر هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان کۆەوییان ئەنجام دا لە دژی دەسەڵاتی ڕژێمی بەعس، بۆ هاتنە سەر حوکمی دەسەڵاتی کوردی، بەڵام بەداخەوە دوای (٣٠) ساڵ هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان گەنجانی هەرێمی کوردستان کۆڕەو دەکەن دژی دەسەڵاتی کوردی، یەعنی ئەمە جیاوازییەکەیەتی (٣٠) ساڵ پێش ئێستا بوو دەسەڵاتی کوردی بوو، ئێستا دژی دەسەڵاتی کوردییە زیاتر لە (٥٠٠) هەزار گەنج لە هەرێمی کوردستان بێکارە زیاتریش لە (٣٠٠)هەزاریش دەرچووی زانکۆ پەیمانگاکانە هیچ ئیشێك نییە بیکات، هیچ کەسابەتێك نییە، حکومەت هەموو دەرگایەکانی لێ داخستووە، ئەوەی بازرگانییە لە هەرێمی کوردستان دەکرێت دەسەڵاتداران و سەرمایەداران و بەرپرسانی باڵای ئەم هەرێمە قورغیان کردووە بۆ خۆیان و کەسوکارو خزم و دۆستەکانیان، هیچ شتێك نەماوە لەم ووڵاتە گەنج دڵی پێی خۆش بێت، گەنج چاوەڕێ بیکات ئومێدێك نەماوە لەم وڵاتە بۆ گەنج، بۆیە تاکە

ڕێگـا تـاکە چارەسـەر ئەوەیە کە بەراسـتی ئەم وڵاتە بەجـێ دێڵێـت، ئەم ووڵاتە سـەیری ئەکەی یەعنی مانگانە سەدان ملیۆن دۆلاری داهاتی نەوت، داهاتی خاڵە سـنوورییەکان، داهـاتی نـاوخۆ دەدزرێت دیار نامێنێنت...

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

پێشنیارت چییە کاك کاوە.

بەڕێز کاوە عبدالقادر حسن:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

...پێشـنیارم ئەوەیە ئەو پـارەیەی کە مانگـانە دەدزرێـت لە هەرێمـی کوردسـتان بەس یەك مانـگ نەدزرێت بێتن چارەسەری کێشەی گەنجان و هاووڵاتیانی هەرێمی کورستانی پێی بکرێـت، ئەمە چارەسـەرەکەیە سـەدان ملیـار دۆلار لە داهـاتی نەوت بـۆچی دیـار نامێنێـت، بـۆچی خـاڵە گومرگییەکان تا ئێستاش دزی و تاڵانی بەردەوامە، بۆچی داهـاتی نـاوخۆ نـاگەرێتەوە خەزێـنەی حکـومەت، یەعنـی بەراسـتی پەرلەمـان بـۆچییە؟ پەرلەمـان بـۆ ئەوەیە کێشـە چارەسـەر بکـات، پەرلەمان بۆ ئەوەیە بەراستی ئەو دیاردانە نەهێڵێت، ئێمە سێ ساڵە لە پەرلەمان بەلێ کاك کـاوە ناکرێت، هەمیشە ئێمە بەس قسە بکەین بەبێ ئەوەی چارەسەرێکمان پێ بێت چوون ئەبێت بەو شێوەیە، زۆر سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

ئەو هەراو هاوارەی ناوێت کاك کاوە، بەهێمنـی پێشـنیارت تەرح کەو تەواو لەسـەرخۆ، جەلەسـە بەهێمنی ڕۆیشتووە و بهێڵن بە هێمنی بڕوات، کاك مەم فەرموو.

بەڕێز مەم بورهان محەمەد قانع:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ئەگەر ڕێگەی دەی قسـەکانم تەواو کەم، بـۆ ئەوەی مەفهـومەکە بگـات ڕەنـگە ئەم جوملانەی کە ئەڵێم لای هەندێك ئەگەر تەواو نەکرێت باش نەگات، یەعنی شاعیرێکی بەناوبانگی سوری هەیە ناوی (محمد ماغوتە) ئەڵێ هیچ شتێك بەم خاکەوە نابەستێتەوە بەس پێڵاوەکانم نەبێـت، ئەمە مانای نییە کە ئەم شاعیرە کەسێکی نیشتمان پەروەر نییە، بەڵکو تـاوان و جەریـمە لە وڵاتەکەیـا وەنا حەقی و پێشلکاری و مـافی مـرۆڤ وگەنـدەڵی هەمـوو ئەو مەسـەلانە ئەو قەنـاعەتەی لای دروسـت ئەکـات، بەداخەوە بەشـێکی زۆری ئەوانەی کە کۆچیـان کـردووە وڵاتیـان بە جـێ هێشتووە، شعورییان لای دروست بـووە،ئەوانە خەڵکـی نیشـتمان پەروەرن خەڵکـانی دلسـۆزن، تـاقەی زور زینـدون بـۆ وڵاتی ئـێمە، بەداخەوە ئێسـتا ئەگەر لێیـان بپرسـی چـی بە وڵاتەکەت دەبەسـتێتەوە ئەڵێـت تەنیـا پێڵاوەکـانم بەداخەوە و بەرپرسـیارییەتی دامەزراوەکـانی دەوڵەتە، بەرپرسیارییەتی پەرلەمان و حکومەتە و لەئاست بەرپرسیارییەتی ئەم دۆخەی کارەسات بارەیە ئەبین، لە کۆی گشتییەوە ئەوانەی کە پەیوەندی بە مەسەڵەی پەرلەمـانەوە هەیە لەلای ئـێمە بـۆ چەنـد مـاددەیەك ئامـاژەی پیـێ ئەکەم کە بـۆ پەرلەمانتـارانی بەرێـزو بـۆ سـەرۆکایەتی هەر لەمادەکـانی (٥١،٩٨،٦٦)، واتـا دێـنە خـوارەوە بـو ماددەکـانی (١٨)کە پەیوەنـدی بە دەسـەڵاتی سەرۆکی پەرلەمانەوە یە، بۆ نموونە ئەوەی کە پەیوەندی بە نەناردنی بوودجەوە هەیە کە قـوت و ژیـانی خەڵکە، بـۆ ئەوەی ژیـان بـاش بـکەی لەم وڵاتەیە، بـۆیە کـۆچ سـنوورێکی بـۆ دابنرێـت

تەماشاکە لە ماددەی (٩٨) بڕگەی یەکەمی پێوستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران لە بڕگەی (٢) پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران بڕگەی (٣) چارەسەری تێدایە ئەبێت ڕوونکردنەوە بدات ئەنجومەنی وەزیران وە ئەگەر نەدات لە ماوەی (١٥)ڕۆژدا پرسیاری من لە جەنبتان ئەوەیە ئایا ڕوونکردنەوە ئەنجومەنی وەزیران پاساوی هێناوەتەو؟ە چییە ڕوونکردنەوەکە؟ قانعی کردوون لەسەر مەسەلەیە یان نا وە هەموو ئەو ئەندامە بەڕێزانەی لەسەر مەسەلەی کۆچ، لەسەر مەسەلەی گرانی سووتەمەنی، داهاتی نەوت، کێشەی گرێبەست و وانەبێژ هەموو ئەوانەی قسەی باشیان تێدا کرد، داوا لە سەرۆکایەتی پەرلەمان ئەکەم وە بۆ ئەوەی کە لەناو ماددەی (٥١)دا پەیوەندی بە دانیشتنەکانەوەیە کارێك بکرێت ڕۆژانی پێنج شەمەش لەگەڵ حکومەتا لە کونتاك بن، تا بێن بۆ ئەوەی چارەسەری ریشەیی بدۆزینەوە، ئەم مەسەلەیە پرسێکە پەیوەندی بە ژیانی ئێمەو هەیە، بەداخەوە لە ئێستا کارەساتێکی گەورەی کۆڕەو کە ناوی کۆڕەوی هاونیشتمانیانە بۆ دەرەوەی وڵات، سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

نووسراوەکەمان ناردووە، بۆ ئەوەی داوای ڕوونکردنەوەمان کردووە هێشتان جوابەکەی بۆ نەهاتۆتەوە، تەسەوردەکەم بۆمان بێتەوە، بەڵام پڕۆسەی ئامادەکردن دەستی پێکردووە وە ئێمەش وەکو پەرلەمان پڕۆژە بوودجەی خۆمان حازرکردووە بە ڕێگەی لێژنەی کاروباری پەرلەمان، وابزانم ئەمڕۆ ئەچێتە وەزارەتی دارایی، فەرموو شنۆ خان.

بەڕێز شنو اشقی عبدالله:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

مانگی یازدە ساڵی پار پرسیارێکم ئاڕاستەی بەڕێز وەزیری ناوخۆ کرد، سەبارەت بە دابەشکردنی زەوی و بڕی (٢٥) ملیۆن دینار بەسەر ژمارەیەك خێزانی بەڕەگەز تورك لە کەمپەکانی نزیك شێلادزێ و دێرەلۆك کە بە ڕەگەز تورکن وە هەروەها بیستوومە کە مووچەی خانەنشینش وەرئەگرن لە بانکەکانی ئەو سنوورە، پرسیارەکەی من لێرەدا ئەوەیە لە ماوەی یەك مانگدا وەزیری ناوخۆ وەڵامی منی داوەتەوە، بەڵام تازە ئەم پرسیارە و ئەم وەڵامە بەدەستم گەیشت دەپرسم ماوەی نۆ مانگ ئەم وەڵامی ئەو نووسراوە لەکوێیە؟ سەبارەت بە ناوەڕۆکی وەڵامەکەش وەڵامی وەزیری ناوخۆ بەهیچ جۆرێك موقنیع نییە، لەبەر ئەوەی لەپشت مێزو کورسیەکەی بە دوو دێر وەڵامی منی داوەتەوە، بە بێ ئەوەی لێژنەیەکی بە دواداچوونی پێك هێنابێت سەردانی ناوچەکە بکەن، لەڕاستی و دروستی بابەتەکە بکۆڵنەوە، لەبەر ئەوە داواکارم لە بەڕێزتان لێژنەیەکی مەیدانی بەدواداچوون، یاخود لێژنەی پەیوەندیدار ڕاسپێرن بنێرن بە دواداچوون بۆ بابەتەکە بکەن و زور سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

بەڵێ یاداشتێك ئاڕاستەی سەرۆکایەتی کە بۆ دروستکردنی لێژنەیەك یان ڕاسپاردنی لێژنەیەك وە مونا خان دەڵێ هەر دوێنێ، یەعنی وەڵامەکە هاتۆتە ئێرە، یەعنی تەئخیر بوونەکە پەیوەندی بە ناو پەرلەمانەوە نییە، بەلێ لەوانەیە لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە تەئخیر هاتبێت، بەڵام مونا خان ئەڵێ لای ئێمە نامێنێنەوە پەیوەندی بە ناو پەرلەمانەوە نییە، بەداواداچوونیش ئەکەین، شنوخان سوپاس، فەرموو کاك مسلم.

بەڕێز مسلم عبدالله رسول:

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.

لەراستیدا بابەتەكەی من كامەیە باسی بكەم گشتگیرە، بەڵام كۆی بابەتەكەم پەیوەستە بە گەنجان و لاوانەوە، بەڕێزسەرۆكی پەرلەمان ئێمە ئەگەر بێن دیراسەی كۆچی گەنجان بكەین كە كوردستان بە جێ ئەهێڵن، ئەتوانم بڵێم بێ هیواییانە ئەگەڕێتەو بۆ ساڵانی تەمەنیان، چەند شێوازێك گەنجانمان بەراستی (١٥) ساڵ ئەخوێنن بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، بەڵام دوای دەرچوون و بە دەست هێنانی بڕوانامە نەك هەر دانامەزرێن، بەڵكو حەتا خۆێندنەكەیان وەك چەند بەرێزێك باسی كرد یەعنی بە پێی یاساو دەستووری عێراقی كە لە مادەی (٣٤)، لێرە من چەند گەنجێك پەیوەندیان پێوە كردم ئەم ساڵ نەیان توانیوە بخوێنن كە پارەیان نەبووە لەو بەشە زانكۆیەی كە ناویان گەڕاوەتەوە، بەراستی بچن بژێوییان بای ئەوە نەكردووە بچن بخوێنن ئەوا خوێندنەكەشیان بۆی ناكرێت، ئەوەی كە بڕوانامەشی بەدەست هێناوە هەم دانامەزرێت، هەم ئەوەی بۆتە وانەبێژ بەراستی مووچەكەی شایستەی نییە، هەم ئەوەی كە سێ یەكەمی پەیمانگاو زانكۆییەكان بەڕاستی بە پێی یاسا مافی دامەزراندنی هەیە ئەویش دانامەزرێتەوە، ئینجا بێجگە لەوە بەرێز سەرۆكی پەرلەمان ئێمە جاران گوندەكانمان چوڵ كران، ئێستا گوندەكانمان كەس نییە زراعەتی لێ بكات، یەعنی ئەو مامە حاجی و دایە حاجییانەی كە وەفاتیان كرد ئەوان بوون لە لادێ یەكان دەژیان، بەخوای ئێستا لادێیەكانیشمان هەمووی چۆڵ بوون، ئێستا شارەكانمان وا چۆڵ ئەبن، ئێستا ئێمە رۆژانە چەندین خێزان بڕواتان هەبێت قسە لەگەڵ ئێمە دەكەن، هێشتا ئەو بابەتە نەچووە بچێت ئەبێ بەراستی گفتوگۆی خێرا لەسەر بكرێت، لایەنی پەیوەندیدار بێت قسەی لەسەر بكات لە پەرلەمان، چونكە بەراستی رۆژ بە رۆژ كوردستان چۆڵ ئەبێت، ئێمە ئەی قەوارەی هەرێمی كوردستان ئەكەوێتە مەترسییەوە ئەی كێ بەراستی دیفاعمان لێ ئەكات؟ كێ دیفاع لە هەرێمی كوردستان ئەكات؟ یەعنی كە گەنجی تییا نەما كێ دیفاع ئەكات؟ ئینجا بەراستی من ئەوا بە پیلانێكی ئەزانم كە لە هەرێمی كوردستانە كە ئەمە شتێكی نێودەوڵەتییە بەس لە هەرێمی كوردستانە ئەم رێژەیە زۆرە گەنج ئەڕوات، من بەراستی لە شارەكانی ترو محافزەكانی ترە نابینم، یەعنی رێژەیەكی زۆرە لە هەرێمی كوردستانە گەنجان رۆژانە بەراستی ئەمانە هەمووی درێژەی ناوە بێ ئومێدی یە كە كرێ خانوویان بۆ نادرێت، كاریان نییە، كاسبیان نییە دەرفەتی هەڵی كار لە كەرتی تایبەتیش نییە، زۆر سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:

سوپاس، شیرین خان فەرموو.

بەڕێز شیرین امین عبدالعزیز:

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.

ئاماژە بە ماددەی (٦٦) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان كە ئێمە هەمیشە ژمارەیەك پەرلەمانتار لەسەر كۆی ئەو پرسە قەیران و فرە رەنگانەی دۆخی تاك بەتاكی هەرێمی كوردستانی گرتۆتەوە ئاڕاستەی ئەم پەرلەمانە كراوە، بەڵام بەداخەوە لە ئاستی سەرۆكایەتی پەرلەمان و زایدەن ئەنجومەنی وەزیران بە پێی پێویست بە دەنگ ئەم یاداشتانەوە نە هاتوون

وە ناشکرێت حکومەتی هەرێمی کوردستان هێندە بێ باك بێت ئامادە نەبێت بێتە ئەم پەرلەمانە بەپێی مادەی (٦٦) کە تەنها گفتوگو کردنە نە ترساندنەو نە لێسنەوەی متمانەیە، بەڵام بۆ دەستەی سەرۆکایەتی لەسەر ئەمە لەگەڵ تیمی حکومەتا ناگەنە ئەنجام، چۆن دەبێت حکومەت لەسەر ئەو پرس و یاداشتانەی کە دۆخی خەڵکی خستۆتە مەترسیەوە لە پەرلەمان موناقەشەو گفتوگۆ بکات، بۆ نموونە کۆچ کە من پێشنیاری ئەوە ئەکەم کە ئەو دەستەواژەیە راست بکرێتەوە وە تەنها کۆچی گەنجان نییە، ئەوەی کە ئێستا دەگوزرەێت ئەمە هەڵهاتنە لە نیشتمان، ئەمە کۆچێکی تێکرایە، چونکە ژنی حەفتا ساڵ و منداڵی خوار سێ ساڵی تێدایە، بەراستی ئەمە وای کردووە کە بەراستی یەعنی رەنگە تاك بە تاکی هەرێمی کوردستان وێنەو دیمەنەکانی بێلاروسیا هەموومانی هەژاندبێت، تەنها دەسەڵاتدارەکان حکومەتی ئێمە نەبێت تەنانەت وڵاتانی جیهانیش هاتوونەتە سەر خەت لەسەر ئەم پرسە، بەڵام ئەم دەسەڵات و حوکمرانی ئێمە بێ باکە بەرامبەر بەو هەموو خەڵکە کە بە لێشاو وڵات بەجێ ئەهێڵی وە زایەدەن ئەمە تەنها خەڵك لە برسی راینەکردووە ناعەدالەتی هەیە، نایاسایی هەیە، تیرور کردن هەیە، خەڵك لەسەر جادە لەسەر داواکردنی مافی خۆی خوێنی ئەرژێت، بە تێکرا ئەو هەموو کەسانەی کە گەندەڵکاران کە قاچاخچیەتی لە خاڵە سنوورەکان دەکەن کە تاوانبارن بە خوێنی رۆژنامەنووسان و کەسانی ئازادی خوازو پەلکێشکردنی ئازادیخوازان بوناو کۆچەی زیندان هەموو ئەمانە زۆر زۆر ئازادن، داهاتی ئەم هەرێمە تەنها بۆ گیرفانی ئەم بەرپرسانەیە، بۆیە وا خەڵك ئێستا لە ئێمە رائەکات و لەم وڵاتە رائەکات و لە حکومڕانی ڕائەکات، بۆیە من پێشنیار دەکەم بەراستی ئەرکی ئەم پەرلەمانەیە لەسەر ئەم پرسە گرنگانە وە بوو موعالەجە کردنی ئەم پرسانە بەراستی بە دەنگ بێت و لەمە زیاتر چاو پۆشی لە حکومەتێکی گەندەڵ نەکات کەدەستی ناوە بە قاقای هەموومان وە زایەدەن یەك پێشنیاری دیکەم هەیە فەرمانبەرانی گرێبەست بەرێزان ئەوە چەندین رۆژە فەرمانبەرانی گرێبەست لەسەر شەقامن و داوای مافێکی رەوای خۆیان ئەکەن، لە کاتێکدا بڕیار دەردەکرێت دوای سێ ساڵ بکرێنە هەمیشەیی، ئەگەر حکومەت و دەسەڵاتی ئێمە تەعزیبی نەفسی خەڵك و مووچە خۆرو فەرمانبەران نایەت، خۆ ئەمە هیچ رەهەندێکی یاسایی و دارایی لەسەر حکومەت بەجێ ناهێڵێت، بۆچی نایکات بە هەمیشەیی، زۆر سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

بەڵێ راستە فەرموون، بەڵێ سوپاس ئێمە بەرێزان تائێستا لە هەموو جارێکی تریش وام وت لە ماوەی چوار ساڵی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقیە سێ جار وەزیر چووەتە ناو کۆبوونەوەی پەرلەمان، (٤١) جار وەزیر هاتۆتە ئێرە وە ژمارەی ئەو جارانەی وەزیر هاتوونەتە دانیشتنەکانی ئەم خوولەی پەرلەمانی کوردستان سەرباری ئەم هەموو پشێویەو ناراحەتیانەی کە روویداوە لە هیچ خولێکی پەرلەمانی کوردستان ئەوەنە وەزیر نە هاتووەتە ئەم پەرلەمانە بە شکۆیە بە هێزە وە پەیوەندیەکی تەندروستی هەیە لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستانە، هیچ وەزیرێك رۆژێك لە رۆژان نەی گووتوە من نایێم بە وتن بڵێت من نایێم، بەڵام بەرێزان کە دێن هیچ جارێك نەهاتوون لێرە نەبووبێتە شەڕ، ئەوانیش قەلەقن، ئەوانیش ئینسانن ئەوانیش بە قەلەقیەوە سەیری دانیشتنەکانی پەرلەمان ئەکەن، بەخوا هەر یەکێکیش لە ئێمە ببین بە وەزیر ئەگەر

بزانین دانیشتنەکانی پەرلەمان بەردەوام بەریەکەوتنی تیایە بە قەلەقیەوە مەعامەلە ئەکەین ئەم پەرلەمانە بە هێزترین خوولی پەرلەمانی کوردستانە، لەبەر ئەوەی زۆرترین وەزیر تائێستا هاتۆتە پەرلەمانی کوردستان، بەرێزان ئێوە خەڵکی بەرێزن کارێك مەکەن خەڵك واسەیرتان بکات کە ئێوە خەڵکی بێ دەسەڵاتن، روپاك خان فەرمووو.

بەرێز روپاك احمد رحمان:

بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، بە پێی مادده (٥١) بڕگەی پێنجەم دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان لە کاتی پێویستدا دەتوانێ خشتەی کاری هەفتانەی پەرلەمان دەستکاری بکات، پێم بڵێن چ بابەتێك ئەوندەی کۆچی بە لێشاوی گەنجان گرنگە لە ئێستادا کە قسەی لەسەر بکەین، من ئەگەر بڵێین هەرقسەیە من چارەسەرم خستووتە روو دوو ساڵە کار لەسەر ئەوە دەکەم، کە ئایا رێژەی ئەوا چونکە یەکێك لە هۆکارەکان بێ کارییە، زیاد بوونی رێژەی بێکارییە، ئەی چۆن چۆنی بوو نەبارگرانی دارایی لەسەر حکومەت دروست بێت، ئێمە رێگاچارەمان هەبێت دوو ساڵە کاری لەسەر دەکەم بە پێش نیازە بڕیار پێشکەشی بەرێزتانم کردووە وە لە لێژنەی یاساییە نێردراوە بۆ حکومەت شەش مانگ دەبێت نێردراوە، تاکو ئێستا حکومەت وەڵامی نییە کە هەلی کار لە کۆمپانیا بیانی و خۆماڵییەکان کۆمپانیاکان رێژەیان (٣٤٠٠) کۆماپانیایە هەلی کار برەخسێنین بۆ گەنجانی خۆماڵی دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگاکان بە رێژەی (٧٥%)هەلی کار برەخسێنن، بەڵام بەداخەوە دوای ئەوەکە هیچ وەڵامیان نییە، من نەوەستاوم لە بە دواداچوون زیاتر بە دواداچوونم کردووە بۆ وەزیری پەیوەندیدار دوو سێ وەزیر وە دەستەی وەبەرهێان وەزیرێك چی بە من بلێت باشە یاخود دەستەی وەربەهێان چ وەڵامێکی هەبێت، بە زارەکی دەڵێن گەنجی خۆمان کار ناکات، ئەوە هەر گەنجی خۆمانن ئێستا خەریجی زانکۆ پەیمانگایە بە (٣٠٠،٠٠٠) سێ سەد هەزار کار دەکات، هەشە (٨) سەعات زیاتر کاری پێدەکرێ، ئەوە پاساوێکی زۆر زۆر لاوازە کە حکومەت بیدا بە ئێمە، حکومەت هەست بە بەرپرسیاریەتی ناکات ئەگەر نا نە بارگرنی دارایی دروست دەکات ئەوە تەنزیمە تەنها رێکخستنە، بۆچی وەڵامێك بۆ پێشنیازە بڕیارێك نادرێتەوە، بۆیە لێرەدا داوا لە بەرێزتان دەکەم کە داوا لە دەستەی وەبەرهێان بکەن بە زووترین کات داوای ئەو داوا پێشنیازە بڕیارە کە بکەن کە موافەقە لەسەری بکەن، بۆ ئەوەی ئێمە لە پەرلەمانی کوردستان ببێت بە بڕیار و یاسای پێدەرچێت، زۆر سوپاس.

بەرێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

لە راستیدا ئێمە بەدواداچوونمان کردووە بۆ ئەو پڕۆژە بڕیارە، چونکە ئێمەش وەکو دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە گرنگ بووە وەیەکێك، یەعنی هاوکارێکی زۆر باشمان کردووی، پشتیوانێکی زۆر باشمان کردووی زیاتر لە جارێك بۆخۆم موتابعەم کردووە، ئەوان دەڵێن ئێمە ئەمانەوێت لەناو پڕۆژە یاسای تازەو وەبەرهێنان جێگەی بکەیەنەوە کە پڕۆژە یاساییەك کە ئێستا زۆربەی قۆناغەکانی تێپەراندووە و لە قوناغی کۆتاییە کە پەسەندکردنی ئەنجومەنی وەزیران ماوە، یەعنی نایانەوێت پڕۆژە بڕیارێك بێت بە جیا، دەیانەوێت ببێتە بەشێك لەناو پڕۆژە یاسایەکی فراوانتر کە پڕۆژە یاسای وەبەرهێنانە لە هەرێمی کوردستان وە پڕۆژە

یاسایەکی تازەیە، هیوادارین بە زووترین کات بگاتە پەرلەمانی کوردستان، بەدریە خان وکاک ابوبکر ئاخیر کەسن.
بەرێز ابوبكر عمر عبدالله:
بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.
پرس و کێشەکان چوار جۆرن، هەندێك پرس هەن گرنگیشن بە پەلەشن هەیە گرنگە، بەڵام بە پەلە نییە هەیە بەپەلەیە، بەڵام گڕنگ نییە، هەیە نە گرنگەو نە بە پەلەیە ئەمەیە بابەتی کۆچی گەنجان، هەم گرنگە هەم بەپەلەشە، من قسەی پەرلەمانتاران دووبارە ناکەمەوە ئەگەر ئێمە بایکۆتی خەڵك لە پرۆسەی سیاسی هەڵنەبژێریت، ئەگەر ئێمە خۆپیشاندانمان رامانەچڵەکێنیت، ئەگەر ئێمە سەر هەڵگرتنی گەنجان بەهەمان شێوە رامانەچڵەکێنیت، ئەگەر ئەم هەموو رێژە زۆرەی خۆکوشتن و جیابوونەوەمان رامانەچکلینێت، ئەی ئێمە حکومەت و پەرلەمانی کوێین، بەرای من ئەم پرسە گرنگە ئەی هێنیت ئەولەویاتی کارەکانی پەرلەمان بێ و لەو ماوەیەدا بەراستی کارێك بکەین کە بەر بەم لێشاوە بگرین، خاڵی دوو بە خۆتان ئەزانن کە زیاتر لە دە ساڵە هیچ دەرچوویەکی زانکۆ و پەیمانگا دانەمەزراوە، بەڵام بۆ ئەو کەسانەی کە خەریکی سەنگەر گواستنەوەن لە حزبەکان، من سەدان کەسانت پێ ئەڵێم لەو حیزب بۆ ئەم حزب سەنگەری ئەگوازێتەوە، ئەمانە هەمووی دامەزراون ئەگەر لە حکومەت دامەزراون بە پێی چ بەرنامەیەك و بڕگەو ماددەیەك حکومەت ئەمانە دادەمەزرێنێت، بەتایبەتی بەشێکیان لە سڵکی سەربازی دامەزراوون، ئەگەر حزب ئەمانە دایمەزراندوون بوودجەی حزب ئەیدات، ئەمە هی کوێیە، ئەم حزبە با وەڵاممان بداتەوە، معقول نییە دەرچوویەکی زانکۆ و پەیمانگا بخوێنێت (١٨)ساڵ دانەمەزرێت، بەڵام کەسێك هەرپەرست بێت لەم حزب بۆ ئەو حزب، راستی دەرگایەکە لە رووی کراوە بێت وە دابمەزرێت، بەرای من ئەمە پرسێکی گڕنگە وە ئەبێت پەرلەمانی کوردستان بەدواداچوونی بۆ بکات، زۆر سوپاس.
بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:
بەڵێ زۆر سوپاس، ئێمە بە گرنگییەوە لەم پرسە ئەڕوانین، بەڵام پێمان وایە بابەتێکی بەپەلە هەیە کە ئەوان کەس و کارانەی ئێمەن کە ئێستا لەسەر سنوورەکان ئەبێت لێژنەی رەوەندی کوردستانی لەو بابەتەیە پەلە بکات، ئێمەش و پێداویستیەکانیان بۆ دابین ئەکەین، هیچ مانعێك نییە، ئێمە لە هەفتەی داهاتووە لەسەر ئەم بابەتە کۆبوونەوە بکەین، فەرموو بدریە خان.
بەرێز بدريە اسماعيل محمود:
بەناوی خوای بەخشیندە و میهربان.
بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.
من بەپێی ماددەی (٥٦، ٥٨) بە پێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان قسە ئەکەم، سەرەتا ماددە (٥٨) پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان من لە ٢٠٢١/٧/١٢ یاداشتێك و پرسیارێکم ئامادە کردو لەسەر گرفتی پزیشکانی ددان کە لە ٢٠١٦ دانەمەزراون، بەداخەوە تاکو ئێستا وەڵامەکەم وەرنەگرتووە، سەبارەت بە بڕگەی (١) ماددەی (٥٦) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، بەرێزسەرۆکی پەرلەمان چەند لەم پەرلەمانەدا دەرچوونی یاسا بەدواداچوونی گرنگە ئەوندەش کێشەو گرفت و داواکارییەکانی شەقامی هاووڵاتیان گرنگە مەفروزە کێشەکانی هاووڵاتیان بێتە ئەم پەرلەمانە،

ئەم پەرلەمانە قسەی هەبێت، جەنابیشت کە لە لایەنی مەعنی و دەسەڵاتەکان بۆ جەنابتە کە کێشەکان بە زووترین کات چارەسەر بکرێت، ئەم چەند رۆژە کە سەیری ئەم هەموو کێشەو گرفتانەی کۆچی بە لێشاوی گەنجان کە تا ئازیزێکت کۆچ نەکا نازانی ئازارەکەی چییەو چۆنەو بۆ جەنابتان بەجێ دێڵین، سەبارەت بە کێشە زەقەکانی شەقام بۆ کۆچی بە لێشاوی گەنجان بەردەوام و لە هەڵکشانایە، بۆ شارو شارۆچکەو گوندەکانی هەر هەمووی بەوە چۆڵ بوون ئەڕوات سەیر ئەکەی وەکۆ جەنابی برای بەڕێزم مامۆستا ابوبکر کە تەئیدی ئەکەم خستیەڕوو تا ئێستا لە ٢٠١٦ وە دەرچوووانی زانکۆ پەیمانگاکان بێ هیوان، بۆیە سەری خۆیان هەڵدەگرن سەیری ئەو گرفتانەی کە لەسەر شەقامن چەنێکە، بەراستی فەرمانبەرانی گرێبەست لەسەر شەقامن تەنانەت ئەوەی هیچ بارگرانییەك بۆ حکومەت دروست ناکات، بەپێی بە دواداچوونەکانی ئێمە بکرێنە هەمیشەیی گرێبەست، بەراستی (٢) ملیارو (٨٠٠) ملیون دەگەڕێتەوە بۆ خەزێنەی حکومەت، مامۆستایانی وانەبێژ داواکاری یان هەیە دەڵێن بەس مەقتوعەکە کە بۆمانی دیاری کردووە، حکومەت بڕیاری لەسەر داوە بۆمان بکرێت بە گرێبەست ئەو کاتە گرفتەکانمان چارەسەر ئەبێت و بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان مەفروزە ئەم گرفتانە کە روژانە رووئەدات، زۆر سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

دەست خۆش بەڵێ داوا لە پەرلەمانتارانی فڕاکسیۆنە جیاوازەکان دەکەین دوای کاك رزگار دەست بە دەنگ دان ئەکەین، بەڕێزان هەموو ئەوانەشی کە لەبەر دەستمانە دەخەینە دەنگ دان وە ئەگەر ئاوابێت ئێمە نیسابەکەمان تەواو نییە، لەبەر ئەوە داوا لە رەفیقەکانتان و فڕاکسیۆنە جیاوازەکان بکەن فەرموون بێنە ژوورەوە، بۆیە بتوانین پرۆسەی دەنگدان بەڕێوەبەریین، کاك رزگار فەرموو.

بەڕێز رزگار عیس سوار:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بەڵێ زۆر سوپاس بۆ ئەم دەرفەتە، کۆچکردن دیارە دەمێکە لە کۆنەوە هەرهەبووە وە هۆیەکانیشی یان سیاسیە یان ئابوورییە یان ژینگەییە وەتەنیا بابەتێك نییە کە پەیوەندی بە کوردستانەوە هەبێتن، گەردوونییە بە تەئکید دیاردەیەکی مەترسیدارەو حکومەتی هەرێمیش بەرپرسیارە بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەو گرفتە، ئەمن تەنها یەك چارەسەری دەخەمە بەر دەمی جەنابتان کە ڕەنگە چارەسەری بنەڕەتی بێتن ئەمەش ئەوەیە تا سیستەمی پەروردە نەگۆڕدرێتن بە سیستەمی پیشەیی ئەم کێشەیە بەردەوام دەبێتن، سیستەمی پیشەیی تاکێك بەرهەم دەهێنیتن کە بەرهەم هێنەر بێتن، داهێنەر بیتن، نەك چاوی لە دامەزراندن بێتن، بەڵکو حکومەتێکی بە هێز چارەسەر دەکاتن، سەبارەت بە دامەزراندنیش تاپرۆسەی خانەنیشنی دەست پێنەکات هیچ دەرفەتێك بۆ گەنجانی تر نارەخسێتن، زۆر سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

بەڕێزان دەست بە جێ بەجێ کردنی بڕگەی یەکەمی بەرنامەی کار ئەکەین کە دەنگدانە لەسەر ئەم پڕۆژە یاسایە ئەوانەی خوارەو بە پێی حوکمی ماددەکانی (٩٠،٩١،٩٣،٩٦،٩٧) لە پەیڕەوی ناوخۆ، یەك پڕۆژەی یاسای هەمواری پیادەکردنی یاسایی بازرگانی کردنی، داوا لە بەڕێزان

سەرۆکایەتی هەردوو لێژنەی یاسایی و لێژنەی پیشەسازی ئەکەین فەرموون دوو سەعاتی رێکە کاك دیاری، توخوا بەسە ئەمڕۆ ئاژاوە و موشکیلە نەبووە و نەبووین بە مانشێت بانەشبین، بەسە توخوا بەسە دوو ساعەتی رێکە ئێمە داوای روونکردنەوەمان کردووە لە حکومەت وەڵامەکەی بۆمان هاتۆتەوە بەوەی کە پرۆسەکەی دەستی پێکردووە، ئەوەی بوودجە ناردوومانە بۆ لێژنەی قانوونی هیچ لەلای سەرۆکایەتی نییە، بە ماددەی (٧٩) لێژنەی قانوونی بڕیاربدات هەرچی خوێندنەوەی یەکەمی بۆ بکرێت ئێمە خوێندنەوەی یەکەمی بۆی دەکەین یەکسەر یەك پێشنیازە یاساش لە سەرۆکایەتی پەرلەمان نییە، بەڕێزان (٣١) پێشنیازی یاساش خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە لەلایەن لێژنەکانی پەرلەمانی کوردستانە چەندین جارە جەخت ئەکەینەوە راپۆرتی پێشنیازە یاسایەکان ئامادەکەن ئاڕاستەی لێژنەی یاسایی بکەن، بۆ ئەوەی بتوانێت راپۆرتی تەواوی لەسەر بکات، باشە تەواو بەڵێ ئەینێرین بۆ حکومەت داوای ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندیدار ئەکەین، ئەوەی کە نەمان ناردبێت جەخت ئەکەینەوە بەڵێ تەواوە لە جەلەسەی پەرلەمانە دوو بە دوو سەعات بە خوا ناوت نەنووسراوە، ناویشم خوێندەوە ئەگەر جەنابتی تیانەبووە بتوتایە ناوت تیانییە دەست پێکەن، تەواو فەرموون دەست پێکە.

بەرێز بژار خالد عبدالله:

بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.

بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان، بابەت راپۆرتی دەنگدان لێژنەی کاروباری یاسایی و لێژنەی وزەو سامانە سرووشتییەکان و پیشەسازی و بازرگانی رۆژی دووشەممە رێکەوتی ٢٠٢١/١١/١ کاتژمێر (١٢) نیوەرۆ کۆبوونەوەی هاوبەش...

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

کاك بژار هەموو ڕاپۆرتەکان خۆت بخوێنەرەوە.

بەرێز بژار خالد عبدالله:

بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.

هەرمن بەتەنیا:

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

بەلێ خۆت بەتەنیا.

بەرێز بژار خالد عبدالله:

بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.

کاتژمێر (١٢) نیوەرۆ کۆبوونەوەی هاوبەشیان ئەنجامدا بۆ تاوتوێکردن داڕشتنەوەی ئەو پێشنیارانەی کە لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراون سەبارەت بە پرۆژەی یاسای هەمواری پیادەکردنی یاسایی بازرگانی عێراقی ژمارە (٣٠) ساڵی ١٩٨٤ لە هەرێمی کوردستاندا/ عێراق لە دانیشتنی خوێندنەوەی دووەمدا دوای گفتوگۆکردن و تاوتوێکردن لێژنەکان گەیشتنە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە سەبارەت بە ناونیشان هیچ پێشنیار نییە، کەواتە وەك خۆی بەم شێوەیە پرۆژە یاسای هەمواری پیادەکردنی یاسایی بازرگانی عێراقی ژمارە (٣٠) ساڵی ١٩٨٤ لە هەرێمی کوردستان - عێراق.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

بەڕێزان، ناونیشان هیچ پێشنیارێك نییە وەك خۆی چەند ئەندامی بەڕێزی پەرلەمانی لەگەڵە؟ بە دەنگی (٥٣) ئەندامی پەرلەمان پەسەندکرا، فەرموو کاك بژار خالد عبدالله.

بەڕێز بژار خالد عبدالله:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

سەبارەت بە مادده (١) هیچ پێشنیار نییە، کەواتە وەك خۆی مادده (١) ماددەی (٢٤) لە یاسایەکی هەمـواری پیـادەکردنی دەکرێـت و بـڕگەی یەك بە زنجیـرەی یەکەم زیـاد دەکرێـت و زنجیـرەی بڕگەکانی دواتر ڕێك دەخرێتەوەو بەم شێوەیەی خوارەوە دە خوێندرێتەوە یەکەم ١- وەزارەتـی بازرگانی پیشەسازی لە هەرێمی کوردستان - عێراق لەلایەنی تایبەتمەنـد بە تۆمـار کردنـی نـاوی بازرگـانی و ڕێکخسـتنی تۆمارنـامەی بازرگـانی ٢- ئەنجـومەنی وەزیـران ئەرکـی پێکهاتەکـانی وەزارەت لە ڕووی ڕێکخستنی تۆماری نامەی بازرگانی پێدانی نـاوی بازرگـانی بە پەیـڕەوی ڕێـك دەخات.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

بەلێ ماددەی (١) هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمانی لەگەڵە؟

بەڕێز د. زانا خالد سمایل:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

لەو ڕاپۆرتە دوو پێشنیار هەیە یەك پێشنیارنییە ئەگەر کـاك د. بـژار ڕوونکـرنەوە بـدات لەسـەری باشترە بۆ ئەندام پەرلەمانان، زۆرسوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

ماددەی (١) بەلێ فەرموون.

بەڕێز بژار خالد عبدالله:

بەڕێز/ سەرۆکی پەرلەمان.

لەسـەر ئەم ڕاپـۆرتی ئـێمە لە جەلسـەی ڕابـردوو کە خوێنـدرایەوە هـی دووەم بـۆ سـەبارەت بە هۆیەکانی دەرچوواندن هیچ پێشنیار نەبووە لەلای ئێمەش ئەو کات نووسراوە نازانم.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

بەلـێ مـن موتەئەکیـدم بەڵـێ فەرمـوون وەك خـۆی دەخەیـنە دەنگـدان چەنـد ئەنـدامی بەڕێـزی لەگەڵە؟ هیچ پێشنیازێك نییە ئیختیاری ترمان نییە ڕاپۆرتان نەخست بۆ ناو صـندوقی بەڕێـزان ئەندامانی پەرلەمان ئا دەنگدانە، ببورن ڕاستە ڕاست تەواو بەلـێ هەر کەس داوای کـرد تەواو بە (٥٤) دەنگ پەسەند کرا.

بەڕێز بژار خالد عبدالله:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

سەبارەت بە مادده (٢) هیچ پێشنیار نییە وەك خۆی مادده (٢) دەقی بـڕگەی یەك لە مـادەی (٢٥) یاسـاکە هەمـواری پیـادەکردنی دەکرێـت و بەم شـێوەیەی خـوارەوە دەخوێنـدرێتەوە یەکەم پێویستە لەسەر تۆمارکاری بازرگانییەکان تۆماری ناوی بازرگانی بکات بە مەرجێك گونجاو بێـت لە گەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ڕەتی بکاتەوە ئەگەر پێچەوانەی بێت و پێویستە بڕیارەکەی بڵاو

بکـاتەوە و جـاچ بە تۆمـارکردنی بیـت یـان بە رەتکـردنەوەی لە بڵاوکراوەی بە بەدناوییەکـان بازرگانیەکان کە بۆ ئەم مەبەستە دەریدەکات.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

بەڵێ هەر بەرێزێك لەگەڵ ماددەکەیە؟ وەك خۆی بە دەنگی (٥٨) ئەندامی پەرلەمان پەسەندکرا.

بەرێز بژار خالد عبدالله:

بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.

سـەبارەت بە مـادە (٣) هـیچ پێشـنیار نیـیەو وەك خـۆی مـاددە (٣) مـاددەی (٢٦) لە یاسـایەکە هەمواری پیادەکردنی دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە وەزارەتی بازرگـانی و پیشەسـازی لە هەرێمـی کوردسـتاندا - عێـراق ئەرکەکـانی هـاتوون لەم یاسـایە پەیوەسـت بە تۆمارکردنی وە بازرگانییەکان و تۆمارنامەی بازرگانی دەگرێتە ئەستۆ.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

بەلێ بەرێزان هەر بەرێزێك لەگەڵ ماددەکەیە؟ وەکـو خـۆی بە دەنگـی (٥٧) ئەنـدامی پەرلەمـان پەسەندکرا.

بەرێز بژار خالد عبدالله:

بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.

سـەبارەت بە مـاددە (٤) هـیچ پێشـنیارێك نیـیە وەك خـۆی مـاددە (٤) دەسـتەواژەکانی ژووری بازرگانی پیشەسازییەکان و یەکێتی و ژوورە بازرگانییەکان پیشەسازییە عێراقییەکان و ژووری بازرگانی پیشەسازی تایبەتمەنـد کە لەماددەکـانی (٣٢،٣١،٢٩،٢٧) وەبـڕگەی (٢) ئەم مـاددەی (٣٦) یاسـاییە کەدا هـاتوون دەگـۆڕدرێنەوە و بە دەسـتەواژەی وەزارەتـی بازرگـانی و پیشەسـازی لە هەرێمی کوردستان -عێرق.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

هەر بەرێزێك لەگەڵ مادەی (٤) وەك خۆی؟ بەدەنگی (٦٢) ئەندامی پەرلەمان پەسەند کرا.

بەرێز بژار خالد عبدالله:

بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.

سـەبارەت بە مـاددە (٥) هـیچ پێشـنیارێك نیـیە وەك خـۆی مـاددە (٥) رەسـمی بەتـایبەت بە تۆمارکردنی ناوە بازرگانییەکـان و تۆمـارکردن لە تۆمارنـامەی بازرگـانی و پیشەسـازی و هەمـوو بـابەتە پەیوەندیـدارە پێـیەوە بە رێنمـایی دیـاری دەکرێـت وەزیـری بازرگـانی و پیشەسـازی لە هەرێمی کوردستان - عێراق بە هەماهەنگی لە گەڵ وەزیری دارایی و ئابووری دەریدەکات.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

بەلێ هەر بەرێزێك لەگەڵ ماددەکەیە وەك خۆی؟ بە دەنگی (٦١) ئەندامی پەرلەمان پەسەند کرا.

بەرێز بژار خالد عبدالله:

بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.

سەبارەت بە مادە (٦) هیچ پێشنیارێك نییە، کەواتە وەك خۆی ماددە (٦) پێویستە لەسەر لایەنە پەیوەندیدارەکان حکومەکانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بکەن.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:
هەر ئەندامێکی پەرلەمانی کوردستان لەگەڵ ئەوەیە کە ماددەکە وەك خۆی پەسەند بکرێت؟
بەڵێ بە دەنگی (٦٥) ئەندانی پەرلەمان پەسەندکرا.
بەڕێز بژار خالد عبدالله:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
سەبارەت بە مادده (٧) هیچ پێشنیارێك نییە وەك خۆی مادە (٧) کار بە دەقی هیچ یاساو بڕیارێك ناکرێت کە لەگەڵ ئەم حکومەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆك بێت.
بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:
بەڵێ هەر بەڕێزێك لەگەڵ ماددەکەیە وەك خۆی؟ بە دەنگی (٦٥) ئەندامی پەرلەمان پەسەندکرا.
بەڕێز بژار خالد عبدالله:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
سەبارەت بە مادده (٨) هیچ پێشنیارێك نییە، وەك خۆی مادده (٨) ئەم یاسایەی لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی وەقائیعی کوردستان جێ بەجێ دەکرێت.
بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:
بەڵێ هەرکەس لەگەڵ ماددەی (٨) وەك خۆی فەرموون؟ بە دەنگی (٦٨) ئەندامی پەرلەمان پەسەندکرا.
بەڕێز بژار خالد عبدالله:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
هۆیەکانی دەرچوواندن، سەبارەت هۆیەکانی دەرچوواندن هیچ پێشنیارێك نییە وەك خۆی، هۆیەکانی دەرچوواندن بەمەبەستی ڕێکخستنەوەی تۆمارنامەی بازرگانی تۆمارکردنی ناوە بازرگانییەکان و راسپاردنی بە ل‌ایەنێکی فەرمی کە وەزارەتی پیشەسازییە لە هەرێمی کوردستان - عێراق ئەم یاسایە دەرچووە.
بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:
هەربەڕێزێك لەگەڵ دەرچوواندنی هۆیەکانە وەك خۆی؟ بە دەنگی (٦٣) ئەندامی پەرلەمان پەسەندکرا. بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان هەر بەڕێزێك لەگەڵ کۆی یاساکەیە پرۆژە یاسای پیادەکردنی هەمواری یاسایی بازرگانی عێراقی ژمار (٣٠) سالی ١٩٨٤ لە هەرێمی کوردستانی عێراق فەرموو دەست بەرزکەنەوە؟ بەدەنگی (٦٤) ئەندامی پەرلەمان پەسەند کرا، پیرۆزبایی لە خۆمان و گەلی کوردستان ئەکەین، دوای ئەوە فەرموون لیژنەی پیشەسازی سەرچاوان با لیژنەی کشتوکاڵ بێنە ئێرە، فەرموون لیژنەی کشتوکاڵ بەڵێ بەرێزان لیژنەی تایبەتمەند فەرموون دەی دەست پێبکەن، فەرموون لیژنەی کشتوکاڵ.
بەڕێز بژار خالد عبدالله:
بەڕێز/ سەرۆکی پەرلەمان.
بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان، بابەت راپۆرتی دەنگدان لیژنەی کاروباری یاسایی و لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٠٢١/١١/٢ کاتژمێر (١١) پێش نیوەڕۆ کۆبوونەوەی هاوبەشیان ئەنجامدا بۆ تاوتوێکردن دارشتنەوەی ئەو پێشنیارانەی کە لەلایەن

ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەشکراون، سەبارەت بە پرۆژە یاسای هاوردەکردن و بەرهەمهێنانی بنەتۆ شەتڵ و تۆمارکردن و پەسەند کردن و پارێزگاریکردن لە تەرزە کشتوکاڵییەکان لە هەرێمی کوردستان - عێراق لە دانیشتنی خوێندنەوەی دووەمدا دوای گفتوگۆکردن و تاوتوێکردن لیژنەکان گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە: سەبارەت بە ناونیشانی هیچ پێشنیار نییە وەك خۆی بەم شێوەیە پرۆژە یاسای بەرهەم هێنان و هاوردەکردنی بنەتۆ و شەتڵ و تۆمار کردن و پەسندکردن و پارێزگاریکردنی لە تەرزە کشتوکاڵییەکان لە هەرێمی کوردستان - عێراق.

بەرێز هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:

بەڵێ بەرێزان سەبارەت بەناونیشانی دیارە هیچ پێش نیازێك نییە، كێ لە گەڵیتی وەك خۆی بمێنێتەوە با دەست بەرزکاتەوە؟ بە دەنگی (٦٢) بەرێز ئەندامی پەرلەمان پەسەند کرا، ماددەی (١).

بەرێز بژار خالد عبدالله:

بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.

سەبارەت بە مادده (١) دوو پێشنیار هەیە پێشنیاری یەکەم وەك خۆی مادده (١) بۆ مەبەستی حوکمەکان ئەم یاسایە دەستەواژەکانی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریان دەگەیەنن،

١- هەرێم: هەرێمی کوردستان – عێراق.
٢- وەزارەت: وەزارەتی کشتوکاڵی سەرچاوەکانی ئاوی هەرێم.
٣- وەزیر: وەزیری کشتوکاڵی سەرچاوەکانی ئاوی هەرێم.
٤- بەرێوەبەرایەتی گشتی: بەرێوەبەرایەتی گشتی توێژینەوەو رێنمایی کشتوکاڵی.
٥- بەرێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵ: بەریوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵییەکانی پارێزگاکان.
٦- بەش: بەرهەم هێنان پەسەندکردنی بنەتۆ لە بەرێوەبەرایەتی گشتی توێژینەوەو رێنمایی کشتوکاڵی.
٧- بنەتۆ: ئەو بەشەیە کە بۆزیاد بوونی رووەك بەکاردێت وەك بنەتۆوی گەنم و جۆ نیسك و پیاز و براله و پەتاتە.
٨- پلە: مەبەست لە پلە بنەتۆیە لە بێ خەسڵەتی و هونەری خاوێنی بۆ ماوەی دیاری دەکرێت.
٩- تۆی بەخێوکەر: ئەوتۆیەیە کە بەبرێکی زۆر کەم بەرهەم دەهێنرێت لە ژێرسەرپەرشتیاری و چاودێری راستەوخۆی بەخێوکەری رووەك لە بەرێوەبەرایەتی توێژینەوەکان یان زانکۆییەکان.
١٠- تۆی بنەڕەتی: ئەو تۆیەیە کە لە تۆی بەخێوکەر بەرهەم دەهێنرێت لەلایەن توێژینەوەی کشتوکاڵییەکان یان کۆمپانیای تایبەتمەنمد لە بواری کشتوکاڵی و لەرووی بۆ ماوەیی بەرزترین ئاستی خاوێنی هەیە بەراوورد بە تۆی تۆمارکراو پەسەندکراو.
١١- تۆی تۆمارکراو: ئەو تۆیەیە کە لە چاندنی تۆی بنەڕەتی یان تۆی تۆمارکراوی دیکە بەرهەم دەهێنرێت لەلایەن توێژینەوە کشتوکاڵییەکان یان جوتیاری نموونەیی ئاستی خاوێنی لەلایەن خەسلەتی بۆماوەی بەرزە.
١٢- تۆی پەسەند کراو: ئەو تۆیەیە کەلە تۆی بنەڕەتی یان تۆی تۆمارکرا یان تۆی پەسەندکراو یان تۆی دیکە بەرهەم دەهێنرێت لەلایەن جوتیاری نمونەی و خەسلەتی بۆماوەی هاوشێوەی تەرزی چێندراوی تێدا بەدی دەکرێت.

١٣- شەتڵ رووەکی گۆڕاو یان هەمیشەیی کە لە نەمامگەکان دەچێندرێت زیاد دەبێت بۆ مەبەستی بازرگانی و دەستاو دەستکردنی لە چالاكی کشتوکاڵیدا.
١٤- تەرز: کۆمەڵێك رووەکی خاوێنی لە یەکچووە بۆ ماوەییەوە بە خەسڵەتی دیاری کراو لە تەرزەکانی هەمان جۆری رووەك جیادەکرێتەوە.
١٥- رێبەری تەرزە کشتوکاڵییەکان: لیستی ناوی تەرزە کشتوکاڵییە پەسەندکراوەکانە کە لیژنەی نیشتمانی بۆ تۆمار کردن و پەسەندکردن و پارێزگاریکردن لە تەرزە کشتوکاڵییەکان دەردەچێت.
١٦- ئێستا رێکخراوێکی سەربەخۆی قازانج نەویستە تایبەتە بە بواری کشتوکاڵی و گرنگی دەدات بە بەرەو پێش بردنی بنەتۆ ساڵانەو پەیرەو رێنمایی نوێ لەم بوارەدا دەردەکات.
١٧- کۆمپانیای دامەزارو بە یاسا بەرکارەکان و پێویستە بەرهەم هێنانی بنەتۆ یان هاوردەکرنی یان هەردووکیانی هەبێت.
١٨- لیژنەی باڵا: لیژنەیەکی تایبەتە بە تۆمارکردن و پەسەندکردن و پارێزگاریکردن لە تەرزە پەسەندکراوە کشتوکاڵییەکان لەعێراق و هەرێمی کوردستان کە بارەگایەکەی لە هەولێرە.

دوو: پێشنیاری هەردوو لیژنەی تایبەتمەند بەپێی ئەو دەسەڵاتە ماددانەی (٩١) بڕگەی (٤) ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان کەبە لیژنەی یاسایی و تایبەتمەند دراوە ئێمە لە کۆبەندی ئەو بژاردانەی پێشنیار کراون لەلایەن ئەندامانی پەرلەمان لە دانیشتنی خوێندنەوەی دووەم دا ئەم پێنشنیارانە دەخەینە روو وە داوا دەکەین بخرێتە دەنگدان ماددەکەی وەك خۆی لە گەڵ ئەم گۆڕانکاریانەی خوارەوە:

١- لە بڕگەی شەشەم وە لە هەر بڕگەو یاسایکی ئەم بڕگەدا دەستەواژەی بەش بکرێتە بەرێوەبەرایەتی بەم شێوەیە لێ بکرێت: شەشەم: بەرێوەبەرایەتی و بەرهەم هێنانی پەسەندکردنی بنەتۆلە بەرێوەبەرایەتی گشتی توێژینەوەو رێنمایی کشتوکاڵی.
٢- بڕگەی حەوتەم بەم شێوەیە لێ بکرێت حەوتەم بنەتۆ ئەو بەشەیە کە بۆ زیاد بوونی رووەك بەکاردێت وەك بنەتۆی گەنم و جۆ و نیسك پیاز و براله و پەتاتە هەر جۆرێکی تر.
٣- بڕگەی دەیەم بەو شێوەیە لێ بکرێت: دەیەم تۆی بنەڕەتی ئەو تۆیە کەلە تۆی بەخێوکەر بەرهەم دەهێنرێت لە رێگەی توێژینەوەی کشتوکاڵییەکان یان لەلایەن کومپانیای تایبەتمەند لە بواری کشتوکاڵی وەلەرووی بۆماوەی بەرزترین ئاست خاوێنی هەیە بەراوورد بە تۆی تۆمارکراو و باوەڕ پێکراو.
٤- بڕگەی (١١) بەم شێوەیە لێبکرێت: یازدەیەم تۆی تۆمارکراو ئەوتۆیەیە کە لە چاندنی تۆی بنەڕەت یان تۆی تۆمارکراوی دیکە بەرهەم دەهێنرێت لە رێگەی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان یان لەلایەن جوتیاری نمونەی و ئاستی خاوێنی خەسڵەتی لەلایەن بەرزە.
٥- بڕگەی (١٤) بکرێتە بڕگەی (١٢) و بڕگەی (١٢) بکرێتە بڕگەی (١٤) لەگەڵ گۆڕینی دەستەواژەی پەسەندکراو بۆ باوەڕپێکراو ئو بەم شێوەیەی خوارەو دوازدەیەم تەرزە کۆمەڵێك رووەکی خاوێنی تێك چووە بۆماوەیی بەخەسڵەتی دیاریکراو لەتەرزەکانی دیاری کراوی هەمان جۆری رووەك جیادەکرێتەوە چواردەیەم تۆی باوەر پێکراو ئەو تۆیەیە کە لەتۆی بنەڕەتی یان تۆی تۆمارکراوی یان تۆی پەسەندرکراوی دیکەی بەهەرم دەهێنرێت لە لایەن جوتیاری نمونەیی و خەسڵەتی بوماوەییەی شێوەی تەرزی چێندراوی تێدا بەدی دەکرێت.

٦- بڕگەی (١٨) بەم شێوەیە لێبکرێت هەژدەیەم لیژنەی باڵا لێژنەیەکی تایبەتە بە تۆمارکردن و پەسەندکردن و پارێزگاریکردن لە تەرزە کشتوکاڵیەکان لە هەرێمی کوردستان عێراق ئو پەرەپێدان و زیاد کردن و دابەشکردنی بنەتۆی گونجاو کە بارەگاکەی لە هەولێرە.

بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:

بەڵێ بەرێزان دیارە سەبارەت بە مادده (١) دوو پێشنیاز هەیە، پێشنیازی یەکەم وەك خۆی هەر بەرێزێك لەگەڵییەتی بادەست بەرزکاتەوە؟ کەسی لەگەڵ نییە، پێشنیازی دووەم پێشنیازی لێژنەی تایبەتمەند هەر بەرێزێك لەگەڵییەتی پێشنیازی دووەم پێشنیازی لێژنەی تایبەتمەند؟ بە دەنگی (٥٦) ئەندامی بەرێزی پەرلەمان پەسەندکرا، ماددەکانی تر کاك شوان کاك جلال هاوکاری کاك بژاربن دەی.

بەرێز جلال محمد امین:

بەرێز سەرۆکی پەرلەمان:

ماددەی (٢) سەبارەت بە ماددەی (٢) هیچ پێشنیارێك نییە، وەك خۆی ماددەی (٢) بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە وەبەرهەم هێانی بنەتۆ شەتڵ ڕێکارەکانی لە ڕێگای مۆڵەتی فەرمی دەبێت، سەبارەت بە ماددەی بەسە کاك شوان سەبارەت بە.

بەرێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:

ماددەی (٢) هیچ پێشنیارێك نییە، هەر وەك خوی هەر بەرێزێك لە گەڵییەتی با دەست بەرزکاتەوە؟ بەدەنگی (٥٩) ئەندامی بەرێزی پەرلەمان پەسەند کرا، ماددەی (٣).

بەرێز جلال محمد امین:

بەرێز سەرۆکی پەرلەمان:

سەبارەت بە ماددەی (٣) چوار پێشنیار هەیە، پێشنیاری یەکەم ماددەکە وەك خوی تەنیا بڕگەی شەشەم بەم شێوەیە لێبکرێت، شەشەم ئەگەر داواکارییەك پەسەند نەکرا دەبێت هۆیەکە روون بکرێتەوە و داواکار بۆی هەیە لە ماوەی (١٥) رۆژ تانە لە بڕیاری پەسەند نەکردن پێشکەش بکات وە پێشکەشی وەزیر بکات ببورە کاك بژار ئەوە هەڵەیەکی تێدایە پێشکەشی وەزیر بکات یایەکی کەمە وەزیر بکات و دەبێت وەزیریش لە ماوە (١٥) رۆژدا وەڵامی تانەکە بداتەوە و لە ئەگەری وەڵام نەدانەوە دا تانەکە بە یەك لاکەرەوە لە بەرژەوەندیتانە لێدەر ئەژمار دەکرێت، پێشنیاری دووەم ماددەکە وەك خۆی تەنیا بڕگەی شەشەم بەم شێوەیە لێبکرێت، شەشەم ئەگەر داواکارییەك پەسەند نەکرا دەبێت هۆیەکە روونبکرێتەوەو داواکار بۆی هەیە لە ماوەی (١٥) رۆژ تانە لە بڕیاری مادده پەسەند نەکرنی پێشکەشی وەزیر بکات دیسان یا یەکی نوقستانە ئەو لە پێشنیاری هاوبەشماندا چاکردووە وەدەبێت وەزیریش لە ماوەی (٣٠) رۆژ وەڵامی تانەکە بداتەوە، پێشنیاری سێ یەم وەك خۆی ماددەی (٣) مەرجەکانی بە دەست هێنانی مۆڵەتی فەرمی بەرهەم هێنانی بنەتۆ شەتڵ ڕێکارەکانی:

یەکەم: پێشکەش کردنی داواکارییەك بۆ بەش بەمەبەستی وەرگرتنی مۆڵەتی بەرهەم هێنانی بنەتۆ.

دووەم: داواکارییەك ئەمانەی خوارەوە لەخۆ دەگرێت:

١ ناوناونیشانی وەبەرهێنەر.

٢ شوێنی کێڵگەکە سێ جۆرو تەرزو پلەی بنەتۆ.
٣ پێشکەشکردنی بەڵگەنامەی خاوەندارییەتی یان مافە هەڵسوکەوت کردن پێکردن یان بە کرێ گرتنی زەوییەك.
٤ پێویستە بەش هەلبستێت بە بەرزکردنەوەی داواکاری کۆمپانیا بۆ بەرێوەبەرایەتی گشتی بۆ بەمەبەستی پێدانی مۆلەت.
٥ پێویستە بەرێوەبەرایەتی گشتی بڕیاربدات بە پەسەند کردنی یان پەسەند نەکردنی داواکارییەکە لە ماوە (٣٠) رۆژ لە رێکەوتی وەرگرتنی دا، داواکاری و لە ئەگەری وەڵام نەدانەوە لە ماوەی دیاریکراودا داواکارییەکە بە پەسەندکراو ئەژماردەکرێت.
٦ ئەگەر داواکارییەکە پەسەند نەکرا دەبێت هۆیەکە روون بکرێتەو داواکارییەکە داواکاری بۆی هەیە لە ماوەی (١٥) ڕۆژ تانە لە بڕیاری پەسەند نەکردنی پێشکەش بە وەزیر بکات، دەبێت وەزیریش لە ماوەی (٣٠) روژ وەڵامی تانەکە بداتەوە و لە ئەگەری وەڵام نەدانەوە تانەکە دیسان یان یەك نوقستانە بە یەکلاکەرەوە لە بەرژەوەندی تانە لێدەر هەژماردەکرێت.
٧ داواکار دەبێت بڕی (٥٠) هەزار دینار بەرامبەر مۆلەتی بەرهەم هێنانی بنەتۆ شەتڵ پێشکەش بکات. پێشنیاری چوارەم: پێشنیاری هەردوو لێژنەی تایبەتمەند ماددەکە وەك خۆی تەنیا برگەکانی (١،٢) خاڵی (٣،٦) شەشەم بەم شێوەیە لێبکرێت: یەکەم پێشکەشکردنی داواکارییەك بۆ بەرێوەبەراتی بۆ مەبەستی وەرگرتنی مۆلەتی بەرهەم هێنانی بنەتۆ شەتڵ بەڵێ دووەم سێ جۆرو تەرز و پلەی بنەتۆ شەتڵ. شەشەم: ئەگەر داواکارییەکە پەسەند نەکرا دەبێت هۆیەکە روون بکرێتەوە و داواکار بۆی هەیە لە ماوەی (١٥)رۆژ تانە لە پەسەند نەکردن و پێشکەش بە وەزیربکات دیسان یایەکە نوقستانە و پێویستەش وەزیر لە ماوە (٣٠)رۆژ وەڵامی تانەکە بداتەوە و لەئەگەری وەڵام نەدانەوەی تانەکە بەیەکلاکەرەوە لە بەرژەوەندی تانەلێدەر ئەژمار دەکرێت.

بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:

بەڵێ بەڕێزان سەبارەت مادەی (٣) دیارە چوار پێشنیاز هەیە پێشنیازی یەکەم ماددەکە وەك خۆی هەر بەڕێزێك لەگەڵییەتی با بفەرمووێت دەستی بەرز کاتەوە؟ کەسی لەگەڵ نییە، پێشنیازی دووەم ماددەکە وەك خۆی تەنیا بڕگەی شەشەم بەم شێوەیە لێبکرێت چەند کەسی لە گەلەیەتی؟ کەسی لەگەل نییە، پیشنیازی سێ یەم وەك خۆی؟ کەسی لەگەل نییە، پێشنیازی چوارەم کە پێشنیازی هەردوو لێژنەی تایبەتمەندە چەند بەڕێز لەگەڵیەتی با دەست بەرزکاتەوە؟ بەدەنگی (٥٧) ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان پەسەندکرا، مادەی (٤).

بەڕێز جلال محمد امین:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

سەبارەت بە ماددەی(٤) دوو پێشنیار هەیە پێشنیاری یەکەم ماددەکە وەك خۆی تەنیا لەبڕگەی یەکدا بە دەستەواژەی داواکار بکرێت تا بەرهەمهێن و بەم شێوەیەی خوارەوە:

یەکەم: ئەو بنەتۆیەی بەرهەمهێن بەنیازە بەرهەمی بێنێت پێویستە تۆمارو پەسەند کراوبێت لە لێژنەی باڵا پێشنیاری.

دوو: وەك خـۆی مـاددەی (٤) یەكەم ئەوە بنەتـۆیەی داواكـار بە نیـازە بەرهەم بهێنێـت پێویسـتە تۆمارو پەسەند كراوبێت لە لیژنەی باڵا پێشنیاری دووەم رێگە نادرێت بە بەرهەم هێنانی زیاتر لە یەك تەرزی كشتوكاڵی بۆ یەك جۆرە بەرهەم لەیەك كێڵگە.
سێ: ئەو كێڵگەیەی بەكاردێت بۆ بەرهەم هێنانی بنەتۆ تەرزێكی دیاری كـراو بە هـیچ شـێوەیەك نابێت چاندراوبێت بە تەرزێكی تر لە هەمان جۆر ساڵی پێشوو.
بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:
بەڵێ بەڕێزان سـەبارەت بە مـاددەی (٤) دوو پێشـنیار هەیە، پێشـنیاری یەكەم چەنـد بەڕێـزی لە گەڵییەتـی؟ پێشـنیاری دووەم وەك خـۆی، هەر بەڕێزێـك لە گەڵییەتـی دەسـت بەرز كـاتەوە؟ بە دەنگی (٥٨) ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان پەسەند كرا، ماددەی (٥).
بەڕێز رزگار محمد محمود:
بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.
سـەبارەت بە مـاددەی (٥) هـیچ پێشـنیارێك نیـیە وەك خـۆی، مـاددەی پێـنج پێویسـتە زەوی تەرخانكراو بۆ بەرهەم هێنانی بنەتۆ ئەم مەرج و خەسلەتانەی هەبێت:
یەكەم: زەوییەكە یان كێڵگەكە گونجاو بێت لە رووی هەڵكەوتەی جوگرافی و كەش هەوا جـۆری خاك رووبەری كێڵگە بە پێی جۆرو تەرزی بنەتۆیەكە.
دووەم: زەوییەكە سەرچاوەی ئاوی پێویست و بەردەوامی هەبێـت: بەتایبەت ئەو شـوێنانەی كە رێژەی باران بارینیان كەمە.
سـێ یەم: دووری نێـوان كێڵگەكـانی بەرهەم هێنـانی بنەتـۆ بـۆ ئەو بەرووبوومـانەی كە پیتـانی تێكەڵاون (٢٥٠) مەترو بو ئەو بەروبومانەی كە پیتانی خودی (١٥٠) مەتر دوجابێت.
بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆكی پەرلەمان:
بەڵێ بەڕێزان، سەبارەت بە ماددەی (٥) هیچ پێشـنیازێك نیـیە وەك خـۆی هەر بەڕێزێكـی لەگەڵە بـا دەسـت بەرزكـاتەوە؟ بە دەنگـی (٥٦) ئەنـدامی بەڕێـزی پەرلەمـان پەسـەند كـرا، یەك لەحـزە فەرموو مامۆستا نجات بەڵێ لەسەر ئەو ماددەیە دەنگ دان كراوە.
بەڕێز نجاة شعبان عبدالله:
بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.
سەدو پەنجەهێ پێڤەكەن دووسەدو پەنجەهێ سەدو پەنجەهـێ پـیڤەكەن ئەڤەمـرۆڤ نزانیـت كانێ یەكەی پیڤەر چییە، بەلێ زور سوپاس.
بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆكی پەرلەمان:
باشە ئەو مولاحەزەیە ئەنووسم، فەرموو كاك سفین.
بەڕێز سفین اغا عمر اغا:
بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.
مـادەی (٦) سـەبارەت بە مـاددەی (٦) هـیچ پێشـنیارێك نیـیە وەك خـۆی، مـاددەی (٦) بەرهەم هێنەری بنەتۆ پێویستە ئەم رێكارانەی خوارەوە پەیڕەو بكات:
یەكەم: خاوێن كردنەوەو دەرمانكردنی بنەتۆی بەرهەم هاتوو تەنها لەو كارگانە ئەنجـام دەدرێـت كە مۆڵەتی دامەزراندنیان هەیە.

دووەم: لە قوتوونـان یـان داگرتنـی بنەتـۆ بنەوتـۆی بەرهەمهـاتوو لە گۆشـتی تـایبەت بە پێـی ڕێنماییەکانی بەش.
سێ: دەبێت کێشـی قوتووەکـان و گۆشـەکان یەکسـان بێـت و هەمـوو زانیارییەکـانی تـایبەت بە بنەتۆوەکەی لەسەر نووسرابێت.
چوار: دەبێت بەرهەمهێنەری بنەتۆ کۆگای تایبەت بە پاراستنی بنەتۆی هەبێت بە پێی پێویسـتی جۆری بنەتۆەکە.
بەرێز/ د. بەرێز/ هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:
بەلێ بەرێزان سەبارەت مـاددەی (٦) هـیچ پێشـنیازێك نیـیە وەك خـۆی هەر بەرێزێـك لەگەڵە بـا دەستی بەرزکاتەوە، بە دەنگی (٥٩) ئەندامی بەرێزی پەرلەمان پەسەند کرا، ماددەی (٧).
بەرێز رزگار محمد محمود:
بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.
سەبارەت بە ماددەی (٧) هـیچ پێشـنیارێك نیـیە وەك خـۆی، مـاددەی (٧) ئەرك و دەسـەڵاتەکانی بەش بریتین لە:
یەك: دیاری کردنی پلەی بنەتۆی داهاتووی لەلایەن بەرهەم هێنەری بنەتۆ لێدانی بیری تایبەت.
دوو: ئەنجامـدانی پشـکنینی کێلگەکـانی بەرهەم هێنـانی بنەتـۆ پشـکنینی تـاقیگەی بـۆ بنەتـۆی بەرهەم هاتوو.
سێ: ڕەتکردنەوەی بنەتۆیەکەو باوەرپێنەکردنی ئەگەر هاتوو مەرجەکانی جێبەجێ نەکرد.
چوار: پشکێنەری کـێلگەی دەبێـت ڕەچـاوی لێـك چـوونی جـۆرو تەرزی چانـدراو بەرهەم هـاتوو بکات.
بەرێز هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:
بەلێ بەرێزان سەبارەت مادەی (٧) هـیچ پێشـنیازێك نیـیە وەك خـۆی، هەر بەرێزێکـی لەگەڵە بـا دەست بەرزکاتەوە؟ بە دەنگی (٦٣) ئەندامی بەرێزی پەرلەمان پەسەندکرا، ماددەی (٨).
بەرێز رزگار محمد محمود:
بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.
سەبارەت ماددەی (٨): دوو پێشنیار هەیە، پێشنیاری یەکەم وەکو خۆی، ماددەی (٨):
یەکەم: پێویسـتە لەسـەر کۆمپانیاکـانی کەرتـی تـایبەت مـۆلەتی هـاوردەکردنی بنەتـۆ شـەتڵ بەدەست بێنن بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە.
دوو: بەمەبەسـتی هـاوردەکردنی بنەتـۆ یـان شـەتڵ داواکـاری پێشـکەش بە بەش بکرێـت و ئەم پێداویسـتی یـانەی خـوارەوەش لەگەڵ دابێـت ناونیشـانی کۆمپانیـا دوو نـامەی دەسـتەبەری لە یەکێك لە بانکەکانی بۆ بەرژەوەندی وەزارەت بە بڕی (٢٠)ملیۆن دینار.
سێ: بڕوانامەی دامەزراندن بۆ کۆمپانیـا ناوخۆییەکـان و تۆمـارکردن بـۆ ئەو کۆمپانیـانەی کە لە پارێزگاکانی دیکەی عێراق یان لقە کۆمپانیایەکانی بیانین لە هەرێم.
چوار: ئەستۆ پاکی باجی دەرامەتی کومپانیایەکان.
پێنج: پێشکەش کردنی گرێبەستی نێوان خۆی و کۆمپانیـا یـان دەزگـای ڕەسـەنی بەرهەم هێنـی بنەتۆ شەتڵ.

شەش: پێشکەش کردنی هەموو داتایەکی زانستی و هونەری پەسەندکراو لەسەر کۆمپانیا یان دەزگای بەرهەم هێن ٣- دوای دلنیا بوون لە مامەڵەی کۆمپانیا دەبێت داواکارەکە بەرزبکرێتەوە بۆ بەرێوەبەرایەتی گشتی ٤- پێویستە بەرێوەبەرایەتی گشتی بڕیاربدات بە پەسەندکردنی یان پەسەند نەکردنی داواکارییە کە لە ماوەی (٣٠)رۆژ لە رێکەوتی وەرگرتنی داواکارییەکەو وە لە ئەگەری وەڵام نەدانەوەی داواکارییەکە بە پەسەندکراوی ئەژماردەکرێت.

٥- ئەگەر داواکارییەکە پەسەند نەکرا پێویستە هۆیەکەی ڕوون بکرێتەوە داواکار بۆی هەیە تانە بگرێت لە بڕیاری پەسەند نەکردنەکە لەلای وەزیری مالیە لە ماوی (١٥) رۆژ پێویستە وەزیریش لە ماوەی (٣٠) رۆژ وەڵامی تانەکە بداتەوە و وەلە ئەگەری وەڵامدانەوەی تانەکە بەیەکلاکەرەوە لە بەرژەوەندی تانە لێدەر ئەژمار دەکرێت (٦) داواکار دەبێت بڕی (٥٠) هەزار دینار بدات بەرامبەر بە مۆڵەتی هاووردەکرنی بنەتۆ شەتڵ.

پێشنیاری دووەم: پێشنیاری هەردوو لێژنەی تایبەتمەندە ماددەکە وەك خۆی تەنیا خاڵی شەشەم لە بڕگەی دووەمی ماددەکە بەم شێوەی لێ بکرێت. ٦- پێشکەش کردنی هەموو داتایەکی زانستی و هونەری بە باوەڕ پێکراو لەسەر کۆمپانیایە یان دەزگای بەرهەم هێنەر.

بەرێز هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:

بەڵێ بەرێزان ماددەی (٨) دوو پێشنیاز هەیە، پێشنیازی یەکەم وەك خۆی، بەرێزان کێ لە گەڵدایە بادەست بەرز کاتەوە؟ کەسی لەگەڵ نییە، پێشنیازی هەردوو لێژنەی تایبەت بەرێزان پێشنیازی دووەم؟ بە دەنگی (٦١) ئەندامی بەرێزی پەرلەمان پەسەند کرا، ماددەی دوای ئەوە ماددەی (٩).

بەرێز هەلکەوت انور خلیفە:

بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.

سەبارەت بە ماددەی (٩) دوو پێشنیار هەیە، پێشنیاری یەکەم وەك خۆی ماددەی (٩) پێویستە بنەتۆ شەتڵی هاووردەکراو ئەم بەڵگەنامانەی لەگەڵ دابێت:

یەکەم: بڕوانامەی سەرچاوە.

دوو: بڕوانامەی سەلامەتی تەندروستی بنەتۆ بڕوانامەی پشکنینی باوەڕپێکراو وولاتی سەرچاوە بە مەرجێك لە رێکەوتی پشکنینی سێ مانگ تێپەر نەکات بۆ بنەتۆ، بەرووبوومی کێڵگەی وە شەش مانگیش تێپەرنەکات بۆ بنەتۆی دارستان و پاوەن لە رێکەوتی هاتنە ناوەوەی مەرزی سنووری پەیوەندیدار.

سێ: بڕوانامەی سەلامەتی و پشکنین بە پێی خەسڵەتەکانی ئێستا کە لە تاقیگەی یەکی باوەڕپێکراو لەلایەن ئێستاوە دەرچووبێت.

پێشنیاری دووەم: پێشنیاری هەردوو لێژنەی تایبەتمەند ماددەکەی وەك خۆی تەنیا بڕگەی دووەم ماددەکەی بەم شێوەیەی لێدەکرێت دووەم بڕوانامەی سەلامەتی تەندروستی بنەتۆ شەتڵ.

بەرێز هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:

بەڵێ بەرێزان سەبارەت بە ماددەی (٩) دوو پێشنیار هەیە، پێشنیازی یەکەم وەك خۆی هەر بەرێزێکی لەگەلە؟ کەسی لەگەڵ نییە، پێشنیازی دووەم پێشنیازی هەردوو لێژنەی تایبەتمەند

چەند کەسی لەگەلە بە دەنگی (٦٧) ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان پەسەند کرا، بەلێ بەڕێزان سەبارەت بە ماددەی (١٠).

بەڕێز سفین اغا عمر اغا:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بەلێ سەبارەت بە ماددەی (١٠) دوو پێشنیار هەیە، پێشنیاری یەك وەك خۆی، ماددەی (١٠):

یەکەم: وەزارەت مەرزی سنووری بۆ مەبەستی هاووردەکردن دیاری دەکا.

دوو: گواستنەوەی بنەتۆ نێوان هەرێم و پارێزگاکانی دیکەی عێراق دا دەبێت نووسراوی لاری نەبوونی وەزارەتی کشتوکاڵی ئەو لایەنەی لەگەڵ بێت کە بۆی دەگوزارێتەوە.

سێ: بەش بەرپرسە لە پشکنینی بنەتۆ شەتڵی هاووردەکراو لە کاتی گەیشتنی.

چوار: هاووردەکردنی بنەتۆی گەنم و جۆ هەفتەیەك دوای کۆتایی هاتنی بازاڕکردنی گەنم لە سایلۆکان دەست پێدەکات تاوەکو کۆتایی مانگی دوو تازە ڕێگا بە هاووردەکردنی دەدرێت.

پێشنیاری دووەم: پێشنیاری هەردوو لیژنەی تایبەتمەند ماددەکەی وەك خۆی تەنیا بڕگەی ماددەکەی بەم شێوەیەی لێبکرێت، دووەم گواستنەوەی بنەتۆ شەتڵ لە نێوان هەرێمی کوردستان و پارێزگایەکانی تری عێراق دا دەبێت نووسراوی لاری نەبوونی تەندروستی و وەزارەتی کشتوکاڵ و ئەو لایانەی لەگەڵ بێت کە بۆی دەگوازرێتەوە.

بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:

بەلێ بەڕێزان سەبارەت بە ماددەی (١٠) دیارە دوو پێشنیاز هەیە، پێشنیازی یەکەم وەك خۆی هەر بەڕێزێکی لەگەڵە با دەست بەرز کاتەوە؟ کەسی لەگەڵ نییە، پێشنیازی دووەم پێشنیازی هەردوو لیژنەی تایبەتمەند بەدەنگی (٦٥) ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان پەسەند کرا، دوای ئەو ماددەی (١١).

بەڕێز روبینە اویلملك عزیز:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

سەبارەت بە ماددەی (١١) دوو پێشنیار هەیە، پێشنیاری یەکەم وەك خۆی، ماددەی (١١): ڕێگە نادرێت بە هێنانە ژوورەوەی هیچ بنەتۆ شەتڵێکی قەدەغە کراو لە عێراق، پێشنیاری دووەم پێشنیاری هەردوو لیژنەی تایبەتمەند ماددەکە لاببرێت.

بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:

بەلێ بەڕێزان سەبارەت بە ماددەی (١١) دوو پێشنیاز هەیە: پێشنیازی یەکەم وەك خۆی، کەسی لەگەل نییە، پێشنیازی دووەم: پێشنیازی هەردوو لیژنەی تایبەتمەند بە دەنگی (٦٥) ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان پێشنیازی دووەم پەسەند کرا، ماددەی (١٢).

بەڕێز روبینە اویلملك عزیز:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

سەبارەت بە ماددەی (١٢) هیچ پێشنیارێك نییەو وەکو خۆی، ماددەی (١٢) سەنتەری توێژینەوە کشتوکاڵییەکان و زانکۆکان بۆیان هەیە بنەتۆی پەسەندکراو هەردوو هاووردە بکەن تەنها بۆ مەبەستی توێژینەوە بۆ ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی گشتی.

بەرێز هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:
بەڵێ بەرێـزان مـاددەی (١٢) هـیچ پێشـنیازێك نیـیە وەك خـۆی، هەر بەرێزێـك لەگەڵە بـا دەسـت بەرزکاتەوە؟ بە دەنگی (٦١) ئەندامی بەرێزی پەرلەمان پەسەند کرا، دوای ئەو ماددەی (١٣).
بەرێز روپاك احمد رحمان:
بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.
سەبارەت بە مادده (١٣) دوو پێشنیار هەیە، پێشنیاری یەکەم وەك خۆی مادده (١٣):
یەکەم: لێـژنەی باڵای تۆمـارکردن و پەسـەندکردن و پارێزگـاریکردن لە تەرزە کشـتوکاڵییەکان لە وەزارەت پێك دەهێندرێت بە سەرۆکایەتی وەزیری کشتوکاڵ و ئەنـدامییەتی ژمـارەیەك شـارەزا لە بوارە جیاجیاکان بە مەرجێك لە دە ئەندام زیاتر نەبێـت بـۆ مەبەسـتی تۆمـارکردن و پەسـەند کردن و پارێزگاریکردن لە تەرزە کشتوکاڵییە بەرهەم هاتووەکان.
دووەم: لێژنە هەڵدەستێت بە تۆمارکردن و پەسەند کردن و پارێزگاریکردن لە تەرزە کشـتوکاڵییە بەرهەم هاتوەکان.
پێشنیاری دووەم: پێشنیاری هەردوو لێژنەی تایبەتمەنـد کە بەم شـێوەیەی لێبکرێـت لەگەڵ زیـاد کردنی بڕگەیەك لە زنجیرەی.
یەکەم: لێـژنەی باڵـدو تۆمـارکردن و پەسـەندکردن و پارێزگـاریکردن لە تەرزە کشـتوکاڵییەکان لە وەزارەت پێکدەهێنرێت بە سەرۆکایەتی وەزیری کشتوکاڵ و ئەنـدامییەتی ژمـارەیەك شـارەزا لە بوارە جیاجیاکاندا بە مەرجێك لە (١٢) ئەندام زیاتر نەبێت و بۆ مەبەستی تۆمار کردن و پەسەند کردن و پارێزگاری کردن و لە تەرزە کشتوکاڵییە بەرهەم هاتووەکان.
دووەم: لێژنە هەڵدەستێت بە تۆمارکردن و پەسەند کردن و پارێزگاریکردن لە تەرزە کشـتوکاڵییە بەرهەم هاتووەکان و پەرەپێدانی بنەتۆی گونجاو وچۆنیەتی دابەشکردن و وەرگرتنەوەی.
سـێیەم: مـاوەی پارێزبەنـدی لەسـەر تەرزە یـان بنەچـا یـان لێکـدراو تەنهـا (١٠) سـاڵە و دەسـت پێـدەکات لە بەرواری پێشکەشـکاری داواکـار تۆمـار کـردن جـگە لە تەرزە درەختەکـان بە بـێ کەماوەی پارێزبەندی یان (٢٠)ساڵە.
بەرێز هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:
بەلێ بەرێزان سـەبارەت بە مـاددەی (١٣) دوو پێشـیازە: پێشـنیازی یەکەم وەك و هەر بەرێزێکـی لەگەڵە با دەستی بەرزکاتەوە؟ کەسی لە گەڵ نییە، پێشـنیازی دووەم پێشـنیازی هەردوو لێـژنەی تایبەتمەند فەرمـوون کـێ لەگەڵـدایە؟ بە دەنگـی (٦٣) ئەنـدامی پەرلەمـانی بەرێـز پەسـەند کـرا، ماددەی دوای ئەو ماددەی (١٤).
بەرێز روپاك احمد رحمان:
بەرێز سەرۆکی پەرلەمان:
سەبارەت بەماددەی (١٤) دوو پێشنیار هەیە: مادده (١٤):
یەکەم: هەر کەسێك سزادەدرێت بە پێی بژاردنێك کە بە (٥) ملیۆن دینار کەمتر نەبێـت و لە (١٠) ملیۆن دینار زیاتر نەبێت، یان بە بەند کردن لە (٣) مانگ کەمتر نەبێت و لە (١) ساڵ زیاتر نەبێت، یان بە هەردووکی یان ئەگەر هاتوو لە یەکێك لەم سەرپێچییانەی خوارەوە سزا بدەن:
یەك: بەرهەم هێنان یان هاووردەکردنی بنەتۆ شەتڵ بە بێ نەبوونی مۆڵەت.

دوو: هاووردەکرنی بنەتۆ بە پێچەوانەی مەرجەکانی هاووردەکردن.
سێ: پێدانی نموونە و زانیاری هەڵە کە هاوتا نەبێت لەگەڵ بنەتۆ شەتڵی کە هاووردەکراون.
چوار: ئاستەنگ دروست کردن بۆ پشکێنەری بنەتۆ.
پێنج: بەرهەم هێنان و فرۆشتنی بنەتۆ بێ ئەوەی پشکنینی تاقیگەی بۆ کرابێت، دووەم سەرەرای حوکمی بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە تێچووی چارەسەرکردن یان لە ناوبردنی بنەتۆی هاووردەکراو داهاتووی دەکەوێتە ئەستۆی سەرپێچی کار و مۆڵەتی بەرهەم هێنان و هاووردەکردنی هەڵدەوەشێتەوە.
پێشنیاری دووەم: پێشنیاری هەردوو لێژنەی تایبەتمەند ماددەکە وەك خۆی تەنیا خاڵی دوو لە بڕگەی یەکەمی ماددەکە بەم شێوەیەی لێبکرێت:
دوو: هاوردە کردنی بنەتۆ شەتڵ بە پێچەوانەی مەرجەکانی هاووردەکردن.
بەرێز هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:
بەرێزان سەبارەت بە ماددەی (١٤) دیارە دوو پێشنیاز هەیە، پێشنیازی یەکەم وەك خۆی، هەر بەرێزێك لەگەڵییەتی با بفەرمووێت؟ کەسی لە گەڵ نییە، پێشنیازی دووەم پێشنیازی هەردوو لێژنەی تایبەتمەند کێ لەگەڵدایە؟ بە دەنگی (٦٧) ئەندامی بەرێزی پەرلەمان پەسەندکرا، ماددەی (١٥).
بەرێز جلال محمد امین:
بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.
سەبارەت بە ماددەی (١٥) دوو پێشنیار هەیە:
پێشنیاری یەکەم: وەك خۆی ماددەی (١٥):
یەکەم: لێژنەیەك لەوەزارەت هەڵدەستێت بە هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەتی بەرهەم هێنانی یان هاووردەکردنی بنەتۆ شەتڵ لەم بارانەوی خوارەوە.
١- ئەگەر بەرهەم هێن یان هاوردەکار بنەتۆ شەتڵ یەکێك لە سەرپێچیانەی ئەنجامدا کە لە بڕگەی یەکەم ماددەی (١٤)ئەم یاسایەدا هاتوون.
٢- ئەگەر بەرهەم هێنی بنەتۆ شەتڵ دەست بەرداری پرۆژەکەی بێت و بێ رەزامەندی وەزیر.
٣- ئەگەر بەرهەم هێنی بنەتۆ شەتڵ دەست بەرداری کێڵگەکەی بێت.
٤- بەسەرچوونی گرێبەستی بە کرێ گرتنی زەوییەکەی.
٥- ئەگەر بەرهەم هێنی بنەتۆ شەتڵ بەردەوام نەبوو لە جێ بەجێ کردنی گشت مەرج و رێنماییەکانی وەزارەت.
دووەم: ئەرك و پێکهاتە لێژنەکە بە رێنمایی لەلایەن وەزیرەوە رێك دەخرێت.
بەرێز هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:
بەرێزان دیارە سەبارەت بە ماددەی (١٥) دوو پێشنیاز هەیە، پێشنیازی یەکەم هەر بەرێزێکی لەگەڵە بادەست بەرزکاتەوە؟ کەسی لەگەڵ نییە، پێشنیاری دووەم پێشنیازی هەردوو لێژنەی تایبەتمەند کێ لەگەڵدایە بادەست بەرزکاتەوە؟ بە دەنگی (٦٧) ئەندامی بەرێزی پەرلەمان پەسەندکرا، ماددەی دوای ئەو.

بەڕێز رزگار محمد محمود:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
سەبارەت بە ماددەی (١٦) هیچ پێشنیارێك نییە وەك خۆی، ماددەی (١٦) وەزیر ڕێنمایی بۆ ئاسان جێ بەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەردەکات.
بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:
بەڕێزان ماددەی (١٦) دیارە هیچ پێشنیازێك نییە وەك خۆی، هەر بەڕێزێك لەگەڵە با دەست بەرزکاتەوە؟ بە دەنگی (٦٤) ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان پەسەندکرا، ماددەی (١٧).
بەڕێز رزگار محمد محمود:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
سەبارەت بە ماددەی (١٧) هیچ پێشنیارێك نییە وەك خۆی، ماددەی (١٧): پێویستە لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بکەن.
بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:
بەڕێزان سەبارەت بە ماددەی (١٧) هیچ پێشنیازێك نییە وەك خۆی، هەر بەڕێزێك لەگەڵە بادەست بەرزکاتەوە؟ بە دەنگی (٦٤) ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان پەسەندکرا، کاك بژار فەرموو.
بەڕێز بژار خالد عبدالله:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
بە پێویست دەزانم تەوزیحێك بدەم هەرچەندە لە راپۆرتەکەم هیچ کێشە نییە، بەس بۆ ئەوەی هیچ گۆمانێك دروست نەبێت، کە ئەوە دوو سێ وەڵامم نامەم بۆ دەنێرن، بۆ ئەوەی لە پرۆتۆکۆڵیش تەسجیل بێت کە سەبارەت بە ماددەی یەکەم کە پێشنیاری هاوبەش هەیە، ئێمە دەڵێین ماددە کە وەك خۆی لەگەڵ ئەم گۆڕانکارییانەی خوارەوە یەك لە بڕگەی شەشەم و لە هەر بڕگەو ماددەیەکی ئەم یاسایە دا دەستەواژەی بەش دەکرێتە بەڕێوەبەرایەتی، بۆ ئەوەی لە هەر ماددەیەك پێشنیارێکی تر نەنووسینەوە و ئیزافە نەکەین، لەبەر ئەوە سیاغەکە کە ئێمە هیچ کێشەمان نییە دروستە، بەس حەزم کرد لە پرتۆکۆڵیش بنووسرێت، سوپاس.
بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:
بەڵێ ماددەی (١٨) فەرموون.
بەڕێز هەلکەوت انور خلیفە:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:
سەبارەت بە ماددەی (١٨) هیچ پێشنیارێك نییە وەکو خۆی، ماددەی (١٨) کار بە دەق و هیچ یاسایەك ناکرێت کە لە حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆك بێت.
بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:
بەڕێزان سەبارەت بە ماددەی (١٨) هیچ پێشنیازێك نییە وەك خۆی، هەر بەڕێزێك لەگەڵە بادەست بەرزکاتەوە؟ بە دەنگی (٦٥) ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان پەسەندکرا، ماددەی (١٩).

بەرێز هەلکەوت انور خلیفە:
بەرێز سەرۆکی پەرلەمان:
سەبارەت بە ماددەی (١٩) هیچ پێشنیارێك نییە وەك خۆی، ماددەی (١٩) ئەم یاسایە لە رێکەوتی بڵاوکردنەوەی رۆژنامەی وەقائیعی کوردستان جێ بەجێ دەکرێت.
بەرێز هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:
بەرێـزان سـەبارەت بە مـاددەی (١٩) هـیچ پێشـنیازێك نیـیە وەك خـۆی، هەر بەرێزێـك لەگەڵە بادەسـت بەرزکـاتەوە؟ بە دەنگـی (٦٣) ئەنـدامی بەرێـزی پەرلەمـان پەسـەند کـرا، هۆیەکـانی دەرچوواندن فەرموون.
بەرێز هێرش حسن حمد:
بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.
سەبارەت بە هۆیەکانی دەرچوواندن هیچ پێشیارێك نییە وەك خۆی، هۆیەکانی دەرچوواندن لە پێناو رێکخستنی بەرهەم هێنان و هاووردەکردنی بنەتۆ شەتڵ و هاندانی کەرتی تایبەت لەم بـوارەداو بەمەبەسـتی تۆمـارکردن و پەسـەند کـردن و پارێزگـاریکردن لە تەرزە بەرهەم کشتوکاڵییەکان ئەم یاسایە دا دەرچووێنرا.
بەرێز هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:
بەرێزان سەبارەت بە هۆیەکانی دەرچوواندن هـیچ پێشـنیازێك نیـیە وەك خـۆی، هەر بەرێزێـك لەگەڵە بابفەرمووێت؟ بە دەنگی (٦٤) ئەندامی بەرێـزی پەرلەمـان پەسـەند کـرا، بەرێـزان ئێسـتا کۆی یاسایەکە ئەخەینە دەنگدانەوە، هەر بەرێزێکی لەگەڵە با دەست بەرزکاتەوە؟ (٦٧) ئەندامی بەرێزی پەرلەمان پەسەندکرا، پیرۆزبـایی لە گەلـی کوردسـتان ئەکەیـن، دەسـتان خـۆش لێـژنەی کشتوکاڵ فەرموون دەست بە جێبەجێکردنی بڕگەیەکی تـری بەرنـامەی کـار ئەکەیـن، فەرمـوون هەر بەرێزێـك ئیسـراحەت وەردەگرێـت ئەتوانێـت بـڕواتە دەرەوە، بەرێـزان بەردەوام ئەبـین لە ئێستا لێژنەی یاسایی ئەتوانن بمێنن، ئێوە خستنەروو دەنگـدان لەسـەر بـڕگەی (٢) مـاددەی (٤)، بەرێـزان لە یاسـای ژمـارە (٨)ی سـاڵی ٢٠٢١ ی یاسـا هەمـوار ئەکەیـنەوە مـاف و ئیمتیـازی کەمئەندامان وخاوەن پێداویستی تایبەت ئەکرێت دەستەی سەرۆکایەتی لێژنەی کۆمەڵاییەتی و کاروباری مافی مروڤ بێنە ئێرە ئەوانیش، بەرێـزان دەنـگ دان هەیە، لەبەرئەوە دەبێـت نیسـاب تەواو بێت ئێزنم نەداوە ووتوومە هەر بەرێزێـك ئەیەوێـت بەردەوامە جەلەسـەکە، خسـتنە روو دەنگـدان، بەرێـزان لەسـەر بـڕگەی (٢) یەك بـڕگەیە تەنهـا دەنگـدانە لەسـەر یەك بـڕگە، بەرێـزان فەرموون.
بەرێز بژار خالد عبدالله:
بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.
دەست پێ بکەین، بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان، بابەت راپۆرتی لێژنە، لێژنەی کاروباری یاسایی رۆژی دووشەممە رێکەوتـی ٢٠٢١/١١/١ کـاتژمێر (١١) ی پـێش نیـوەڕۆ کۆبـوونەوەی خـۆی ئەنجـام دا و بـۆ تـاوتوێکردن راو تێبینیەکـان سـەرۆکایەتی هەرێمـی کوردسـتان سـەبارەت بەگەڕاندنەوەی بەشێك...

بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:

بەڕێزان با گوێمان لێ بێت، فەرموون.

بەڕێز بژار خالد عبدالله:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

سەبارەت بە گەڕاندنەوەی بەشێك لە یاسای سالی ٢٠٢١ یاسای هەمواری یەکەمی یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەمئەندامان و خاوەن پێداویستی تایبەت لە هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە (٢٢) ساڵی ٢٠١١ بە مەبەستی دووبارە پێداچوونەوەی ماددەی بە (٤) بڕگەی دووەمی یاساکە بەپێ حوکمی ماددەی (١٠) بڕگەی یەکەم خاڵی دوو لە سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ژمارە (١) ساڵی ٢٠٠٥ ی هەموار کراو کە بەنووسراوی ژمارە (د) لە ساڵی ١٩٩٣ ڕێکەوتی ٢٠٢١/٩/٢ ئاڕاستەی پەرلەمانی کوردستان کراوە دوای گفتوگۆکردن و تاوتوێکردن لێژنە گەیشتنە ئەو ئەنجامانەی خوارەو بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان لە بەرامبەر دوو خەیار داین یەکەم بە پێی حوکمی ماددە (٩٥) بڕگەی یەك لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان یاسایەکە وەك خۆی دەخرێتە دەنگدان، ئەگەر دەنگی پێویست بە دەست هێنایەوە ئەوا یاسایەکە بە پەسەندکراو دادەنرێت وە رای پەرلەمان رەت ناکرێتەوە. دوو: ئەگەر پەرلەمان پێداگیری لەسەر خۆی نەکات وە یاسایەکە وەك خۆی دەنگی پێویستی بە دەست نەهێنا، ئەوا داواکارییەکەی بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێداچوونەوە لە یاسای ناوبراو بەم شێوەی خوارەوە تاوتوێ دەکرێت و دەخرێتە دەنگ دان، بڕگەی دووەم لە ماددە (٤)ی هەمواری یاسایەکە بەم شێوەیەی خوارەوە لێدەکرێت، دووەم: یەك ئەوانەی حوکمەکانی بڕگەی سەرەوە دەیان گرێتەوەو فەرمانبەری کەم ئەندامن شایستەی دەرماڵەی کەم ئەندامی بن بەو ڕێژەیەی ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری لەسەر دەدات کە یەکسانە بە ٣/٢ کۆمەکی پاراستنی کۆمە؟دییەتی، دوو: ئەوانەی حوکمەکانی بە بڕگەی یەکەمی سەرەوە دەیان گرێتەوە بە چاو پۆشین لەسەرچاوەی داهاتیان مافی وەرگرتنی کەم ئەندامیەتیان هەیە لە فەرمانبەری خانەنشین هاوکاری لە بڕی کەم ئەندامیەتیان پێدەدرێت کە یەکسانە لە ٣/٢ کۆمەکی پاراستنی کۆمەڵاییەتی وەلە تۆری پارستنی کۆمەڵایەتی.

بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:

بەڕێزان ئێستا ئێمە بەپێ ماددەی (٩٥) بڕگەی یەکەم کۆی یاسایەکەو وەکو خۆی جارێکی تر ئەخەینە دەنگدانەوە، ئەگەر بەڕێزان لە پەرلەمانی کوردستان سوور بوون لە سەریان، یاساکە ئەمە بابەتێکی تر، ئەگەر سووریش نەبوون ئەو کات بڕگەی دووەم ئەخەینە دەنگ دانەوە، هەر بەڕێزێك لەگەڵە ئەوەیە کە یاسای ژمارە (٨) سالی ٢٠٢١ی یاسای هەمواری یەکەمی یاسای مافی ئیمتیازی کەم ئەندامان خاوەن و پێداویستی تایبەت لە هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە (٢٣)ی ساڵی ٢٠١١ وەك و خۆی بمێنێت با دەست بەرزکاتەوە؟ کەسی لەگەل نییە، کەواتە ئەچینە سەر بڕگەی دووەم لە ماددەی (٤)ی هەموار کراو بخوێنەوە، کاکە جارێکی تر بۆ ئەوەی بخەینە دەنگدان.

بەڕێز بژار خالد عبدالله:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بڕگەی دووەم لە ماددەی (٤) هەمواری یاسایەکە بەم شێوەیەی خوارەوە لێبکرێت، دووەم:

یەك: ئەوانەی حوکمەکانی بڕگەی یەکەمی سەرەوە دەیانگرێتەوە و فەرمانبەری کەمئەندامن شایستەی دارایی و ماڵی لە بڕی کەم ئەندامییەتی دابن بەو ڕێژەیەیی ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری لەسەر دەدات کە یەکسانە بە ٣/٢ کۆمەکی پاراستنی کۆمەڵایەتی.
دوو: ئەوانەی حوکمەکانی بڕگەی یەکەمی سەرەوە دەیانگرێتەوە بە چاوپۆشی لەسەرچاوەی داهاتیان مافە وەرگرتنی لە بڕی کەم ئەندامییەتی یان لە فەرمانبەری خانەنشین هاوکاری لە بڕی ئەندامەتیان پێ دەدرێت کە یەکسانە بە ٣/٢ کۆمەکی پاراستنی کۆمەڵایەتی و لە تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی وەری دەگرن.
بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:
بەڕێزان ئێستا هەر بەڕێزێك لە پەرلەمانی کوردستان لەگەڵ ئەوەیە بڕگەکە وەك خۆی هەموار بکرێتەوە با دەست بەرزکاتەوە؟ بە دەنگی (٧٠) ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان ئەو هەموارە پەسەند کرا، پیرۆزبایی لە گەلی کوردستان ئەکەین، دەستان خۆش، بەڕێزان لێژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی فەرموون جێی خۆتان، دەچینە سەر جێبەجێ کردنی خاڵێکی تری بەرنامەی کار کە بریتیە لە خوێندنەوەی دووەم بۆ پێشنیازی هەمواری یاسای بزر بووەکان لە هەلمَەتەکانی لە ناو بردنی کومەڵی گەلی کوردستانی عێراق ژمارە (٣) ساڵی ١٩٩٩ بەپێی حوکمی ماددەکانی (٨٧،٨٨،٨٩)لە پەیڕەوی ناوخۆدا، داوا لە لێژنەی یاسایی وە لە لێژنەی کاروباری شەهیدان و جینۆسایدی زیندانیانی سیاسی ئەکەین، با بفەرموون بێنە سەر شوێنی تایبەتی خۆیان، بەلێ فەرمـوون لێژنەی ناوچە کوردستانیەکانیش فەرمـوون هەردوو لێژنە ئەتوانن دەستەی سەرۆکایەتی بە پێی ئەو کورسیانەی فەرموون، بە پێ پرۆتۆکۆلیش دانیشن دەی، بەڵێ بەڕێزان فەرمـوون بەپێی پرۆتۆکۆلی سەرۆکایەتی لێژنەکان دانیشن فەرمـوون، بەپێی پرۆتۆکۆلی دەستەی سەرۆکایەتی ڕێزی خۆتان ڕێکخەن، فەرموو بەڕێزان ڕاپۆرتەکەتان بخوێنەوە.
بەڕێز بژار خالد عبدالله:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:
بە پێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ئەوە دەبێت جاری یەکەم ئەسڵەکە بخوێنین، پێشنیازی هەمواری دووەمی یاسای بزربووەکان لە هەڵمەتەکانی لە ناوبردنی بە کۆمەڵی هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە (٣) ساڵی ١٩٩٩ ماددەی (١) بڕگە یەك لە زنجیرەی شەش بۆ ماددەی یەك، یەکەم زیاد دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە، شەش: ئەوانەی لە ئەنجامی هەڵمەتەکانی تاوانی کۆمەڵکوژی جینۆسایدی ئەنجام دراو لەلایەن ڕێکخراو بەناو دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام ناسراو بە (داعش) بزربوون ڕێکەوتی ٢٠١٤/٨/٣ بە مێژووی جاڕدانی بزربوونیان دادەنرێت و گەڕان بە دوای چارەنووسیان لە رووی هۆیەکان و کات و مەبەستەکەی تێپەربوونی (٤) ساڵ بەسەر بزربوونەکەیاندا کۆتایی هاتووە، مادده (٢) بڕگەی یەك لە ماددەی (٨) هەموار دەکرێتەوە بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە، یەك بڕی (١٠٠٠)دینار وەك رسمی تۆمارکردنی بەڵگەی ئەو وەفاتنامەنە وەردەگرێت کە بە پێ حوکمەکانی ئەم یاسایە دەردەچن مادده (٣) لەسەر ئەنجومەنی وەزیران وئەنجومەنی دادوەری لەلایەنە پەیوەندیدارەکانە حوکمەکانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بکەن، مادده (٤): کار بە دەقی هیچ یاسا یان بڕیارێك ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆك بێت، مادده (٥) پێویستە

ئەنجومەنی دادوەری و ڕێنمایی تایبەت بۆ جێ بەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربکات، مـاددە (٦) ئەم یاسـایە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوە لە ڕۆژنـامەی فەرمـی وەقـائیعی کوردسـتان جـێ بەجێ دەکرێت، هۆیەکانی دەرچوواندن هۆکارە پێویستییەکان بە مەبەستی چارەسەکردنی ئەو گـرفتە یاسـایی و شـەرعییانەی بەرووی کەسـوکاری قوربانیـانی تـاوانی لەنـاو بردنـی کـۆمەڵی کوردستانیان لەلایەن ڕێکخراوی تیرۆرستی (داعش) بووتەوە و چونکە یاسـا کارپێکراوەکـان لە هەرێمـی کوردسـتان نـاتوانن چارەسـەری بـاری تایبەتیـان بـکەن بە مەبەسـتی کـورتکردنەوەی و ئاسانکاری ڕێگەی موراجەعاتی کەسوکاری قوربانیان بۆ فەرمانگەکانی هەرێمـی کوردسـتان ئەم یاسایە دەرچوێندراوە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ئەوەی پێش ئێستا ئەسڵی پێشنیازی یاسـایەکە بوو، ئێستاش ڕاپۆرتەکە لەلایەن جوان خان دەخوێندرێتەو، سوپاس.

بەڕێز جوان یونس محمد:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان، بابەت ڕاپۆرتی لێژنەی تایبەتمەند کە ڕاستاندنی بۆ کراوە لە‌لایەن لێـژنەی کاروبـاری یاسـایی لێـژنەی کاروبـاری یاسـایی لە ڕۆژی چوارشـەمە ڕێکەوتـی ٢٠٢١/١٠/٢٠ کاتژمێر (١٠) پێش نیوەڕۆ، کۆبوونەوەی خۆی ئەنجامدا بە مەبەستی پێـداچوونەوە و دارشتنی یاسایی و دلنیابوون لە دژ نەبوونی دەقەکان لەگەڵ دەستوورو یاسا کارپێکراوەکـان بە پێی حوکمەکـانی مـاددە (٨٥) بڕگەکـانی یەکەم و سـێ یەم تـایبەت بە ڕاپـۆرتی هەردوو لێـژنەی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم و لێژنەی کاروباری شەهیدان و جینۆسایدو زیندانیانی سیاسی سەبارەت بە خوێندنەوەی دووەم بۆ هەمـواری یاسـایی بزربووەکـان لە هەڵمەتەکـانی لە نـاوبردنی بە کـۆمەڵەی گەلـی کوردسـتانی عێـراق ژمـارەی (٣) سـالی ١٩٩٩ لێـژنەی یاسـایی ئەم داڕشتنەوەی خوارەوە پێ پەسەندە، پێشنیازی یاسایی هەمواری یەکەمی یاسایی بزربووەکان لە هەلمَەتەکانی لەناوبردنی بە کۆمەڵی گەلی کوردستانی عێراق ژمارەی (٣) سالی ١٩٩٩ ماددەی (١) خاڵێك بە زنجیرەی شەش بۆ ماددە (١) زیاد دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە: شەش: ئەوانەوەی لە ئەنجامی هەڵمەتەکانی تاوانی کومەڵکوژی جینۆساید و دژ بە مرۆڤایەتی و تاوانەکانی جەنگ ئەنجام دراوە لە لایەن ڕێکخـراوی دەولەتـی ئیسـلامی تیرۆرسـت لە عێـراق و شام ناسراو بە (داعش) بزربوون ڕێکەوتی ٢٠١٤/٨/٣ لە مێژووی جاردانی بزر بوونیان دادەنرێـت و گەڕان بە دوای چارەنووسیان لە رووی هۆیەکانی و کات و مەبەستەکەی تێپەڕبوونی (٤) ساڵ بەسەر بزر بوونیاندا کۆتای دێت.

ماددەی (٢): لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکانە حوکمەکانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بکەن.

ماددەی (٣): کار بەدەقی هیچ یاساو بریارێك ناکرێت لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك بێت.

ماددەی (٤): ئەم یاسـایە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنـامەی فەرمـی وەقـائیعی کوردسـتان دا جێ بەجێ دەکرێت.

هۆیەکانی دەرچوواندن: بە مەبەستی چارەسەرکردنی ئەو گرفتە یاسـاییانەی ڕووبەڕووی کەس و کـاری قوربانیـانی گەلـی کوردسـتان بـوونەتەوە کە لە ئەنجـامی ئەو تاوانـانە هـاتوونەدی کە

ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی تیرۆریست لە عێراق و شام ناسراو بە (داعش) ئەنجام دراون لەم یاسایەدا دەرچوویێندرا.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

بەڵێ بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان چەند ئەندامی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەیە راپۆرتەکە بکرێتە بنەما بۆ موناقەشە؟ بەڵێ بە دەنگی (٥٠) ئەندام پەرلەمان راپۆرتەکە دەکرێتە بنەما، فەرموون بخوێنەوە ماددەکە و عینوانەکەی.

بەڕێز محی الدین حسن یوسف:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

سەبارەت بە پرۆژە یاسایەکە ناونیشان بەم شێوەیە پێشنیازی یاسایی هەمواری یەکەمی یاسایی بزر بووەکان لە هەڵمەتەکانی لە ناوبردنی بە کۆمەڵی گەلی کوردستانی عێراق ژمارەی (٣) ساڵی ١٩٩٩.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

بەڵێ هەر بەڕێزێك قسەی هەیە لەسەر ئەم عینوانەی.

بەڕێز محی الدین حسن یوسف:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بەڵێ ناونیشانەکەی کێشەی نییە، بەڵام بە کومەڵی گەلی کوردستان (ی) لێکەنەوە (-)داش عێراق دابنێن پێموایە دروسترە وەکو یاسایەکانی تر لە کوردستان دەردەچێت.

بەڕێز بژار خالد عبدالله:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

لەبەر ئەوە لە راپۆرتەکەماندا ئەو عینوانە هاتووە، بۆ ئەوەی بگونجێت لەگەڵ ئەسڵی یاسایەکە کە ژمارەی (٣) ساڵی ١٩٩٩ عینوانی یاسایەکە بەم شێوەیە هاتووە، لەبەر ئەوە، بەڵام ئەگەر قەولە من عینوانەکە بگۆڕین دەبێت بە ماددەیەکی موستەقل داوای گۆڕینی تەعدیل کردنی عنوان ئەسڵی یاسایەکە بکەین، لەبەر ئەوەی بگونجێت بۆ گونجاندن بەو شێوەیە داناوە، چونکە پێشتر وانەبوو.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

خۆی دکتۆر محی الدین تێبینیەکەی بە جێیە، بەڵام تەسەلسولی مەنهەجی تەعدیلەکە ئەو وەزعە دروست دەکات کاك بژاڕ باسی دەکات، یەعنی جەنابت ئەتوانی پێشنیاری ئیزافەکردنی ماددەیەك بکەی وەنییە کاك دکتۆر بژار دەتوانی پێشنیاری ئیزافەکردنی ماددەیەك بکەی بۆ تەعدیلەکە بە مەبەستی گۆڕینی عینوانی ئەسڵی قانوونەکە کە بەجێشە، یەعنی لە راستییە دروستە داوادەکەی ماددەیەك زیاد بکرێت بۆ گۆڕینی عینوانەکە.

بەڕێز: بژار خالد عبدالله:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

ئەگەر ئێستاش پێشنیارەکە لەلای دکتۆر ئامادە نەبێت، بەپێی پەیڕەو کە ئەخیر کەس پێشنیارەکە وەردەگرین، دەتوانین ماددەم ئەو پێشنیارە کرا، دەتوانین دواتر لەگەڵ هەردوو

لێژنەی تایبەتمەند پێداچوونەوە یەك، یان پێشنیارێك ئامادە بکەین لەسەر ئەو عینوانە، چونکە ئێمە بە بێ پەیڕەویش دەتوانین ئەوە جەنابیان پێشنیاری هەبوو، بەلێ سوپاس.

بەڕێز سوسن محمد میرخان:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بەڵێ ماددەی (١) خاڵێك بە زنجیرە شەش بۆ ماددەی (١) زیاد دەکرێت وە بەم شێوەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

شەشەم: ئەوانەی لە ئەنجامی هەڵمەتەکانی کۆمەڵکوژی جینۆساید وە دژ بە مرۆڤایەتی و تاوانەکانی جەنگ ئەنجام دراو لەلایەن رێکخراوی تیرۆرستی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام کە ناسراو بە (داعش) بزربوون رێکەوتی ٢٠١٤/٨/٣ بەمێژووی جاڕدانی بزربوونیان دادەنرێت وەگەڕان بە دوای چارەنووسیان لە رووی هۆیەکانی و کات و مەبەستەکەی بە تێپەربوونی (٤)ساڵ بەسەر بزربوونیاندا کۆتایی دێت.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

هەر بەرێزێك ئەیەوێت قسە بکات بەڵێ دکتۆر محی الدین، دکتۆر اسماعیل، دکتور شێرکو، مژدەخان، چنارخان، هدیە خان، کاك یاسین، کاك شێخ زاهیر، هدیە خان، لەبەرئەوی ئێزدییە دەرفەتی یەکەمی پێدەدەین دواتر بەرێزتان.

بەڕێز هدیە مراد حیدر:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

پێشنیار دەکەم کە ماددەی (١) بەو شێوەیە بێت ئەو هاونیشتمانیانەی کە لە هەرێمی کوردستان ناوچەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان لە هەڵمەتەکانی تاوانی کومەڵکوژی جینۆساید و تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی و تاوانەکانی جەنگ ئەنجامدراو لەلایەن رێکخراوی تیرۆرستی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام کە ناسراو بە (داعش) لەسالی ٢٠١٤ بزربوون لە رێکەوتی ٢٠١٤/٨/٣ بە مێژووی جاڕدانی بزربوونیان دادەنرێت وە گەڕان بە دوای چارەنووسیان لە رووی هۆیەکانی و کات و مەبەستەکەی بە تێپەربوونی (٤)ساڵ بەسەر بزربوونیاندا کۆتایی هاتوون، بەڵێ زۆر سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، فەرموو کاك اسماعیل.

بەڕێز اسماعیل علی طە:

بەڕێز سەرۆکا پەرلەمان.

ئەز بینم ڤێری وشەیەکێ پەیڤەکێ دانە ناڤ بەرا رێکخراوی تیرۆرستی بە ناوی دەوڵەتی ئیسلامی ئەما رەئسەن دێ تیرۆرستی دەوڵەتی ئیسلامی ئەز نابینم، یەعنی شتێکێ باشەو یێ قانونییە بەناو ئەوان ئەوابەناو دەکەن، ئەگەر تۆلێرە ئەو بکەی کەر رەئسەن تیرۆرستی دەوڵەتی ئیسلامی مەعناوێ تیرورستی دەیە ئیسلامێ و ئیسلاما بەرییە ڤێ چەندێ و سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

بەرێز پێشنیارەکەی لە دوای ئەوەی لەلایەن رێکخراوی تیرۆرستی دەوڵەتی ئیسلامی بە ناوی بۆ زیاد بکەن.

بەڕێز ظاهر محمد علی حسین:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

من پێشنیار دەکەم ئەم بڕگەی سیغەکەی بەم شێوەیە لێبکرێت، ئەو کەسانەی کە بزربوون لە ئەنجامی تاوانی کومەڵکوژی جینۆسایدی تاوانی جەنگی دژ بە مرۆڤایەتی کە لەلایەن رێکخراوی تیرۆرستی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام کە ناسراو بە (داعش) ئەنجامدراوە رێکەوتی ٢٠١٤/٨/٣ بە مێژووی بزربوونیان دادەنرێت وە گەڕان بە دوای چارەنووسیان لە رووی هۆیەکانی و کات و مەبەستەکەی بە تێپەربوونی (٤)ساڵ بەسەر بزربوونیاندا کۆتایی دێت، زۆر سوپاس.

بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

ئەگەر بە نووسراو بنێری بۆ لیژنەی بەڕێز.

بەڕێز لیزا فلك الدین صابر:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

پشتگیری لە پێشنیارەکەی هدیە خان دەکەم، زۆر سوپاس.

بەڕێز: شێرکو جودت مصطفی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

پشتگیری لە ووتەکەی بەڕێز دکتۆر اسماعیل دەکەم، بەڵێ سوپاس.

بەڕێز مژدە محمود محمد:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بەناوی خوای گەورە. من چەند تێبینەیەکم هەیە، خاڵی شەشەم ئەوانەی لە ئەنجامی هەڵمەتەکانی تاوانی کومەڵکوژی جینۆسایدو دژ بە مرۆڤایەتی تاوانەکانی جەنگ، من پێشنیار دەکەم کە لە بەینی قەوسەکەدا وشەی جینۆسایدو دژ بە مرۆڤایەتی، یەعنی هیچ ماناکە نابەخشێت لە رووی سیاغەوە، یان ئەوەی بۆی زیاد بکرێت جینۆسایدو تاوان دژ بە مرۆڤایەتی تاوانەکانی جەنگ ئەنجامدراوە لەلایەن رێکخراوی تیرۆرستی بەناو وشەی بەناوی بۆ زیاد کرێت، دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام ناسراو بە (داعش) بزربوون لەوێ فاریزەیەك زیاد بکرێت، چونکە بڕگەکە کۆتایی دێت، پاشان رێکەوتی ٢٠١٤/٨/٣ بە مێژووی بزربوونیان دادەنرێت، وشەی جاڕدان زیادە درێژی دەکاتەوە بە بڕوای من وە ئەو فاریزیەش لابرێت، چونکە دادەنرێت ئەوە قەتع دەبێت بە فاریزەکان ئینجا و گەڕان، یەعنی ئەوا لەلای دەربڕینەوە کەم نەگونجاوە ئەو فاریزەیە لابرێت و ئەها بەو شێوەیە لێ دێت ٢٠١٤/٨/٣ بە مێژووی بزربوونیان دا دەنرێت و گەڕان بەدوای چارەنووسیان لە رووی هۆیەکانی، ئینجا وشەی بزربوون زیاد بکرێت لە رووی هۆیەکانی بزربوونیان و کات و مەبەستەکەی بە تێپەربوونی (٤)ساڵ بەسەر بزربوونیاندا کۆتایی دێت، سوپاس.

بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

بەڵێ زۆر سوپاس، ئەو ووشە جاڕدانە ئیجبارییە، یەعنی مەوتێکی حکومی یە لەوانەیە مابێت ئیعلامی ئاخر راستیشە، بەڵام یەعنی ئەگەر درێژیش بێت ئیجبارییە قانوونەن ئەبێ ئیعلانیش

بێـت، ئەوەی لە نـاو کەوانەکە هەلەی تێـدایە، دەبێـتە هەڵە بینووسـە بۆیـان مونـا خـان دەسـت خوش.

بەرێز یاسین خضر طه:

بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.

بە ناوی خودا، من پشتگیری قسەکانی دکتۆر اسماعیل دەکەم، بەڵام یەك خاڵی دیـکەم هەیە ئەو بـۆ هەر ئەو ونبـووانەی شـەڕی (داعـش) ئەدی ئەو ونبـووانەی لە ئەنجـامی شـەڕەکانی دیـکە لە کوردستان هەبووینە، چەند ونبووێـك چەنـد یاسـایەك ئەوانـیش نـاگرێتەوە کە مەسـیریان چـی لێهاتووە، یەعنی مرۆڤ هەر مرۆڤە، یەعنی بۆ تـایبەت بە (داعـش)ی بکەیـن، بـۆ زیـادی نەکەیـن ئەوانەی لە ئەنجامی شەڕەکانی تریشدا ونبوون لە هەر لایەك بێت، سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

بەڵێ سوپاس خۆی ئەمە ئیزافەیەکە بۆ قانوونێك کە هەموو حاڵەتەکانی تـری مەفقـودی عیلاج کردووە لە هەرێمی کوردستان، قانوونی ژمـارە (٣) سـاڵی ١٩٩٩ بەس ئەم حـاڵەتەی تیـایە نەبـوو پرۆسـەکانی ئەنفـال کیمیابـاران ئەوەی بەسـەر گەلـی کوردسـتان هـاتووە، هەمـووی تیـایە ئەو ئیزافەیە بۆ ئەوەیە کە شەڕی (داعش)یش بگرێتەوە، فەرموو کاك مەم.

بەرێز مەم اسکندر مەم

بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.

پشتگیری پێشنیارەکەی هدیە خان دەکەم، سوپاس.

بەرێز سەرچنار احمد محمود:

بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.

پشتگیری لە پێشنیاری بەرێز دکتۆر اسماعیل ئەکەم، لەبەرئەوەی هـاتنی ئەو وشـەیە تیرۆرسـتی دەوڵەتـی ئیسـلامی پـێچەوانەی دەسـتوورە، مـادەم تیرۆرسـتی هـاتووە نابێـت ئیسـلامی بێـت، چونکە ئیسلام تیرۆرست نییە، ئەبێ بڵێی بەناو ئیسـلامی، ئەگەر بڵـێن ناوەکەشـی خـۆی ئـاوایە دەوڵەتـی ئیسـلامی لە عێـراق و شـام، ئەو کـاتەی تیرۆرسـتەکەی تێیـا نەبـوو، بەڵام ئێسـتا تیرۆرسـتییەکە هـاتووە، ئەگەر بـۆ بە موخـالەفەی دەسـتوور نەبێـت ئیسـلام تیرۆرسـت نیـیە، باناوەکەی بخرێـتە تەنیشتیەوە بەناو دەولەتی بەناو ئیسلامییەوە، لەگەڵ رێز.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

زۆر سوپاس، فەرموو دکتۆر محی الدین.

بەرێز د. محی الدین حسن یوسف:

بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.

سـەرەڕای پشـتگیری دەکەیـن لە هـدیە خـان، بەڵام ئەو هاونشـتیمانیانە بکـرێتە هاووڵاتیـان وە تەسبیتی ئەو ساڵە بکەین کە تایبەتی ساڵی ٢٠١٤، چونکە لە خودی یاسایەکەی لە شەش بڕگەی دا ئەوەی پەیوەندی بە فەیلییەکـانەوە هەیە، بە بارزانیانەکـانەوە هەیە، بە ئەوەی ئەنفـالەوە هەیە، کـۆڕەو ملیـۆنەکەیە هەموویـان تەیئـدی سـاڵەکەیان کـردییە، لێـرە بەس ٨/٣/ مـان دانەوە، بـۆیە لەگەڵ ئەوەم ٢٠١٤ بکـرێتە سـاڵی ئەو مەرگەسـاتە، ئینجـا ٨/٣ بکـرێتە رۆژی ئەوەکەی و ٢٠١٤ کە

چوار ساڵەکەی لەوێوە دەست پێ بکات، بۆیە لەگەڵ ئەوەم چوار ساڵەکە تحدید بکرێت، سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

بەڵێ زۆر سوپاس، هیچ قسەتان هەیە بەڕێز لیژنەی یاسایی و لیژنە ناوچە کوردستانییەکان فەرموون.

بەڕێز جوان یونس محمد:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

وەکو لیژنەی ناوچە کوردستانیەکان ئاشکرایە کە ئەو جینۆسایدەی کراوە لەسەر ٢٠١٤/٨/٣ بۆ ناوچە کوردستانییەکان، بۆیە پشتگیری لەو هەڤاڵـانە دەکەم کە داوا دەکەن ناوچە کوردستانییەکان زیاد بکرێت لە ماددەی (١)، زۆر سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

بەڵێ زۆر سوپاس، کێی تر بەڕێزان لە لیژنەکان ماددەی ئەو دوای بخوێنەوە.

بەڕێز سوسن محمد میرخان:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ماددەی (٢): لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکانە حوکمەکانی ئەم یاسایانە جێ بەجێ بکەن.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

بەڕێزان کێ قسەی هەیە، بەڵێ کاك جلال، کێ تر.

بەڕێز جلال محمد عبدالله (پەریشان):

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەو (ە)گچکەیە لابدرێت، پێویستە حوکمەکانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بکەن، ئەوان لە رووی زمانانییەوە رێك تر دەبێت، لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەو (ە) گچکەیە لادرێت پێویستە حوکمەکانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بکەن، زۆر سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

بەڵێ سوپاس، ماددەی دوای ئەوەوە بەڕێزان.

بەڕێز سوسن محمد میرخان:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ماددەی (٣): کار بە دەقی هیچ یاسا و بڕیارێك ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك بێت.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

بەڕێزان کێ قسەی هەیە، ماددەکە پڕۆتۆکۆلییە، ماددەی دوای ئەوە.

بەڕێز سوسن محمد میرخان:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ماددەی (٤): ئەم یاسایە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی وەقائیعی کوردستان دا جێ بەجێ دەکرێت.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

کێ قسەی هەیە بەڕێزان، بەڵێ هۆیەکانی دەرچوواندن.

بەڕێز سوسن محمد میرخان:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

هۆیەکانی دەرچوواندن: بە مەبەستی چارەسەرکردنی ئەو گرفتە یاسایانەی و ڕووبەڕووی کەسوکاری قوربانیان و گەلی کوردستان بوونەتەوە کە لەئەنجامی ئەو تاوانانە هاتوونەتەدی کە ڕێکخراوی تیرۆرستی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام ناسراو بە (داعش) ئەنجامی داون، ئەم یاسایە دەرچووێنرا.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

بەڵێ کێ قسەی هەیە؟ لەسەر هۆیەکە بەڵێ هدیە خان، کێ تر قسەی هەیە.

بەڕێز هدیە مراد حیدر:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

پێشنیاردەکەم لە هۆیەکانی دەرچوواندن بەو شێوەیە بێتە نڤیسین: بە مەبەستی چارەسەرکردنی ئەو گرفتە یاسایانەی ڕووبەڕووی کەسوکاری قوربانیانی گەلی کوردستان، ما بەینا کڤانادا ئێزدییەکان پێك هاتەکانی تر کە لە ئەنجامی ئەو تاوانانەی هاتوونەدی لە ڕێکخراوی تیرۆرستی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام ناسراو بە (داعش) ئەنجامی داون ئەم یاسایە دەرچووێندرا، زۆر سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

بەڵێ فەرموون دکتور اسماعیل کێ و کێ ترهەیە قسە ئەکات؟ با ناوتان بنووسین (کاك سیپان، دکتۆر اسماعیل، ماموستا ابوبکر، سەرچنار خان، روبینە خان، کێ تر کاك ڕۆمیۆ، کاك جنان)، کێی تر بەڕێزان ئەیەوێت قسەبکات، بەڵێ فەرموو دکتور.

بەڕێز د. اسماعیل علی طە:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بەڵێ هەر نەفسی ئیشکاڵە ماددێ (١) دڤێت ئەف پەیڤە بێتە ئیزافەکرن ڕێکخراوی تیرۆرستی بە ناو دەوڵەتی ئیسلامی تا ئیشکاڵ بێتە چارەسەر کرن، سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، فەرموو کاك سیپان.

بەڕێز سیپان سالم حسن:

بەڕێز سەرۆکا پەرلەمانی.

پشتگیریا گوتنێت دکتور اسماعیل کەم، سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، فەرموو کاك ابوبکر.

بەرێز ابوبکر عمر عبدالله:

بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.

پشتگیری لە ئاخاوتنەکەی دکتۆر اسماعیل ئەکەم، بەڵام لە مێژوویا شتێك نییە بە ناوی دەوڵەتی ئیسـلامی لە حیـاتی لە مێـژوو نیـیە لەو (١٤٠٠) سـاڵەیە، دەوڵەتـی خەلافەتی ئەمەوی هەبـووە ڕاشدین هەبووە، شتێك نییە، بەڵام پشتگیری لە ئاخافتنەکەی ئەکەم، بەڵێ سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، فەرموو کاك ڕۆمیو.

بەرێز رومیۆ حزیران نیسان:

بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.

بەڵێ من دوای پشتگیری کـردن لە بیروبۆچـوونی قسـەکانی هـدیە خـان، منـیش تەئکیـد لە ئەوە دەکەمەوە پێهکاتەکانی ئیزافە بکرێت، بە حـوکمی ئەوەی پێکهـاتە وەکـو نەتەوە وەکـو گەل یـان وەهەروەهـا ناوچەکانیـان زیـاتر تەهدیـد کـراون و هەموویـان تەهجیرکـراون و لە شـوێنەکانی خۆیان نەماون و قەتڵ و عام کراون، زۆر سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، فەرموو.

بەرێز روبینە اویملك عزیز:

بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.

بەڵێ سوپاس قسەکانی من لای کاك رمیۆ کراون، پشتگیری هدیە خان دەکەم.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، فەرموو کاك جنان.

بەرێز جنان جبار بویا:

بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.

پشتگیری لە قسەکانی هدیە خان دەکەم، سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، کاك نزار فەرموو.

بەرێز نزار ملا عبدالغفار:

بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.

قسەکانی من کران، هیچ تێبینەیەکم نییە، زۆرسوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، فەرموو سەرچنار خان.

بەڕێز سەرچنار احمد محمود:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
من پشتگیری لە وتەکانی دکتۆر اسماعیل ئەکەم، وشەی بەناو بخرێتە پێش ئیسلامی، زۆر سوپاس.
بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:
بەم شێوەیە گفتوگۆکردن کۆتایی هات، دەتەوێت قسە بکەی فەرموو کاك بژار.
بەڕێز بژار خالد عبدالله:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
سەبارەت مادده (١) سەبارەت بە هۆیەکانی دەرچوواندن سەبارەت تەسمیەو ناوی ئەو ڕێکخراوە ئێمە ژمارە (٣) بڕیاری دیاری کردنی ڕۆژی ٢٠١٤/٨/٣ وەك ڕۆژی کۆمەڵکوژی جینۆسایدی ئێزدییەکان، لەوێ بەم شێوەیە هاتووە، لەبەر ئەوە لەم ڕاپۆرتەش دا با ئەوەی تەوحید بێت وەك یەك بێت، ئەوەیش بڕیاری تەشریعی یە، ئەمەش یاسایە من دژ نیم، بەڵام مەبەست ئەوە وەکو ئەرکی ئێمە تەوحیدی مستەلەحەکان، تەوحیدی سیاغە هەر لەم هۆڵە بڕیارێکی تەشریعی دەرچووە، ئەم یاسایە بەم شێوەیە هاتووە، بەس وەك ڕوونکردنەوە.
بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:
بەڵێ زۆر سوپاس، بەڕێزان بەم شێوەیە دانیشتنەکەمان کۆتایی پێی هێنین، زۆر سوپاس.

منی نبی قهوچی
سکرتێری پەرلەمانی
کوردستان – عێراق

هێمن هەورامی
جێگری سەرۆکی پەرلەمانی
کوردستان – عێراق

د. ڕێواز فائق حسێن
سەرۆکی پەرلەمانی
کوردستان - عێراق

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٧)ی
سێ شەممە رێکەوتی ٢٠٢١\١١\٢٣
خولی پێنجەمی هەڵبژاردن

# پڕۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (٧)
# سێ شەممە ڕێكەوتی ٢٠٢١/١١/٢٣

كاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ڕێكەوتی ٢٠٢١/١١/٢٣ پەرلەمانی كوردستان - عێراق بە سەرۆكایەتی د. ڕێواز فائق حسێن سەرۆكی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز هێمن هەورامی جێگری سەرۆك و، بەڕێز منی نبی قهوچی سكرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ژمارە (٧)ی ئاسایی خولی پێنجەمی ساڵی (٢٠٢١) ی خۆی بەست.

بەرنامەی كار:

بەپێی حوكمی ماددەی (٥) بڕگەی (یەكەم) لە ماددەی (١٦)، بڕگەی سێیەم لە ماددەی (١٨)، بڕگەكانی (یەكەم و دووەم و سێیەم و چوارەم و پێنجەم) لە ماددەی (٢٠)، ماددەكانی (٤٧)، (٤٨) بڕگەی (یەكەم) لە ماددەی(٥٢) ماددەكانی (٥٤)، (٥٥)، (٥٦)، (٥٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاری دا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (٧)ی ئاسایی خولی پایزەی ساڵی سێیەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە كاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕی ڕۆژی سێشەممە ڕێكەوتی (٢٠٢١/١١/٢٣) بەم شێوەیە بێت:

یەكەم: خوێندنەوەی یەكەم بۆ ئەو پێشنیازە پرۆژە یاسایانەی خوارەوە پشت بەستن بە حوكمی بڕگەی (دووەم) و (پێنجەم)ی ماددەی (٧٨) و ماددەی (٧٩)، بڕگەی (یەكەم)ی ماددەی(٨٣) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان:

١- پێشنیازە یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە خێزان و ئافرەت لە هەرێمی كوردستان.
٢- پێشنیازە یاسای هەمواری یاسای سەلماندن ژمارە (١٠٧)ی ساڵی (١٩٧٩) هەموارەكانی لە هەرێمی كوردستان.
٣- پرۆژە یاسای چەك لە هەرێمی كوردستان.

دووەم: دەنگدان لەسەر پرۆژە یاسای هەمواری یاسای بزربووەكان لە هەڵمەتەكانی لە ناوبردنی بە كۆمەڵی گەلی كوردستانی عێراق ژمارە (٣)ی ساڵی (١٩٩٩) بە پێی حوكمی ماددەكانی (٩٠)، (٩١)، (٩٣)، (٩٦)، (٩٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان.

سێیەم: خوێندنەوەی دووەم بۆ پرۆژە یاسای كۆمپانیای ئەمنییەتە تایبەتەكان لە هەرێمی كوردستان بە پێی حوكمی ماددەكانی (٨٧)، (٨٨)، (٨٩) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:

بە ناوی خوای بەخشندەی میهرەبان.

بە ناوی گەلی كوردستان. دانیشتنی ژمارە (٧)ی ئاسایی خولی پایزەی ساڵی سێیەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان دەست پێ دەكەین، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ئەمڕۆ (١١/٢٣) دوێنێ (١١/٢٢) (١٠) ساڵی تەواو تێپەڕی بەسەر كۆچی دوایی دۆستی دێرینی گەلی كوردستان خاتوو (دانیال میتران)، ئەو ژنەی كە لە دوای ئەنفال، لە كاتی ڕاپەڕینە مەزنەكەی گەلەكەمان، لە كۆڕەو، لە دروستكردنەوەی دامەزراوەكان، لە دروستكردنی ئاشتەوایی

ناوخۆیی، لە یەکەم دانیشتنی یەکگرتنەوەی پەرلەمانی کوردستان لە ساڵی (٢٠٠٢)، بە هەمیشە پشتیوان و بە هەڵوێستێکی دڵسۆز بووە بۆ گەلەکەمان، بۆ ڕێزلێنان لە ڕۆحی بەرزەفڕی بەڕێزیان، بۆ ڕێزلێنان لە ڕۆحی هەموو دۆستەکانی گەلی کوردستان و سەرجەم شەهیدانی گەلی کوردستان، فەرموون دەقیقەیەك بە بێدەنگی ڕاوەستن، بەڵێ زۆر سوپاس، بە ناوی پەرلەمانی کوردستان بە گەرمی بەخێرهاتنی قونسوڵی گشتی کۆماری فەرەنسا لە هەرێمی کوردستان دەکەین کە بۆ ئەم مەبەستە ئامادەی دانیشتنی پەرلەمانی کوردستان بووە، ئێستاش داوا لە بەڕێز سکرتێری پەرلەمان دەکەم کە بەرنامەی کاری کۆبوونەوە، پوختەی کۆنووسی کۆبوونەوەی پێشوو، ناوی ئامادەنەبووان بە مۆڵەت و بەبێ مۆڵەت بخوێنێتەوە.

بەڕێز منى نبى نادر قەهوەچی/ سکرتێری پەرلەمان:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بەرنامەی کار

بەپێی حوکمی ماددەی (٥) بڕگەی (یەکەم) لە ماددەی (١٦)، بڕگەی سێیەم لە ماددەی (١٨)، بڕگەکانی (یەکەم و دووەم و سێیەم و چوارەم و پێنجەم) لە ماددەی (٢٠)، ماددەکانی (٤٧)، (٤٨) بڕگەی (یەکەم) لە ماددەی(٥٢) ماددەکانی (٥٤)، (٥٥)، (٥٦)، (٥٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (٧)ی ئاسایی خولی پایزەی ساڵی سێیەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕی ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی (٢٠٢١/١١/٢٣) بەم شێوەیە بێت:

یەکەم: خوێندنەوەی یەکەم بۆ ئەو پێشنیازە پرۆژە یاسایانەی خوارەوە پشت بەستن بە حوکمی بڕگەی (دووەم) و (پێنجەم)ی ماددەی (٧٨) و ماددەی (٧٩)، بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی(٨٣) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان:

٤- پێشنیازە یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە خێزان و ئافرەت لە هەرێمی کوردستان.

٥- پێشنیازە یاسای هەمواری یاسای سەلماندن ژمارە (١٠٧)ی ساڵی (١٩٧٩) هەموارەکانی لە هەرێمی کوردستان.

٦- پرۆژە یاسای چەك لە هەرێمی کوردستان.

دووەم: دەنگدان لەسەر پرۆژە یاسای هەمواری یاسای بزربووەکان لە هەڵمەتەکانی لە ناوبردنی بە کۆمەڵی گەلی کوردستانی عێراق ژمارە (٣)ی ساڵی (١٩٩٩) بە پێی حوکمی ماددەکانی (٩٠)، (٩١)، (٩٣)، (٩٦)، (٩٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

سێیەم: خوێندنەوەی دووەم بۆ پرۆژە یاسای کۆمپانیای ئەمنییەتە تایبەتەکان لە هەرێمی کوردستان بە پێی حوکمی ماددەکانی (٨٧)، (٨٨)، (٨٩) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

پوختەی دانیشتنی ژمارە (٦)ی ئاسایی:

بەپێی حوکمی بڕگەی دووەمی ماددەی (٢٠)، (٥٢) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، پوختەی دانیشتنی ژمارە (٦)ی ئاسایی خولی پایزەی ساڵی سێیەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆ ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی (٢٠٢١/١١/٩) بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:

یەکەم: دەستپێکردنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
دووەم: خوێندنەوەی بەرنامەی کار و پوختەی دانیشتن ناوی ئەندامانی ئامادەنەبوو بە مۆڵەت و بێ مۆڵەت لەلایەن بەڕێز سکرتێری پەرلەمان.
سێیەم: دەستپێکردنی بڕگەکانی بەرنامەی کار لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
چوارەم: دەنگدان لەسەر ئەم پرۆژە یاسایانەی خوارەوە:

١- پرۆژە یاسای هەمواری پیادەکردنی یاسای بازرگانی عێراق ژمارە (٣٠) ساڵی (١٩٨٤) لە هەرێمی کوردستان-عێراق.
٢- پرۆژە یاسای بەرهەمهێنان و هاوردەکردنی بنەتۆ و شەتڵ و تۆمارکردن و پەسەندکردن و پارێزگاری کردن لە تەرزە کشتوکاڵییەکان لە هەرێمی کوردستان-عێراق.

پێنجەم: خستنەڕوو و دەنگدان لەسەر بڕگەی دووەمی ماددەی (٤) لە یاسای ژمارە (٨) ساڵی (٢٠٢١) یاسای هەمواری یەکەمی یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەم ئەندام و خاوەنی پێداویستی تایبەت لە هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە (٢٢)ی ساڵی (٢٠١١) کە بە بڕیاری ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٢١) سەرۆکایەتی هەرێم بگەڕێندرێتەوە بۆ پەرلەمانی کوردستان.
شەشەم: خوێندنەوەی دووەم بۆ پێشنیازە یاسای هەمواری یاسای بزربووەکان لە هەڵمەتەکانی لەناوبردنی بە کۆمەڵی گەلی کوردستانی عێراق ژمارە (٣) ساڵی (١٩٩٩).
حەوتەم: کۆتایی هاتنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، لیستی ئامادەبوون و ئامادەنەبوونی ئەندامان لە دانیشتنی ژمارە (٦)ی ئاسایی (٢٠٢١/١١/٩):
ناوی ئەندامانی بەڕێز هەموویان مۆڵەت پێدراون:

- جمال حویز مصطفی.
- ڕێڤینگ محمد محمد.
- عبدالستار مجید قادر.
- عثمان کریم سوارە.
- کاظم فاروق نامق. ئامادەنەبووە بە بڕیاری ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠٢١)

ناوی ئەو ئەندامانەی کە بە مۆڵەت یان بە بێ مۆڵەت لە کۆبوونەوەی لیژنە هەمیشەییەکان ئامادەنەبوون:
١-لیژنەی کاروباری پەرلەمان و سکاڵا (٢٠٢١/١١/٩):

- ڕێڤنگ محمد محمد مۆلەت

٢-لیژنەی ناوخۆ و ئەنجومەنە خۆجێییەکان (٢٠٢١/١١/١٠):

- نزار ملا غفار مۆڵەت
- رزگار عیسی سوار مۆڵەت

٣-لیژنەی ئاوەدانکردنەوە و وەبەرهێنان (٢٠٢١/١١/١٠):

- شەمۆڵ ئاشتی صابر مۆڵەت
- دابان محمد حسین مۆڵەت
- جلال محمد عبدالله مۆڵەت

٤-لیژنەی رۆشنبیری و کۆمەڵگای مەدەنی و وەرزش و لاوان (٢٠٢١/١١/١٠):

- جلال محمد عبدالله مۆڵەت

٥-لیژنەی پەیوەندییەکانی رەوەندی کوردستان (٢٠٢١/١١/١٠):

- سیروان فرج محمد ئامادەنەبوو

٦- لیژنەی کاروباری شەهیدان و جینۆساید و زیندانیانی سیاسی (٢٠٢١/١١/١٥):

- لنجه إبراهيم عبدالرحمن مۆڵەت
- شاخوان رؤوف مصطفى مۆڵەت
- دیاری أنور حەمە رحيم مۆڵەت
- ڤاهيك كمال صوغومون مۆڵەت

٧- لیژنەی کاروباری یاسایی (٢٠٢١/١١/١٥):

- سارا دلشاد بكر مۆڵەت

٨- لیژنەی کاروباری شەهیدان و جینۆساید و زیندانیانی سیاسی (٢٠٢١/١١/١٧):

- لنجه إبراهيم عبدالرحمن مۆڵەت
- شاخوان رؤوف مصطفى مۆڵەت
- دیاری أنور حەمە رحيم مۆڵەت
- ڤاهيك كمال صوغومون مۆڵەت

٩- لیژنەی پەیوەندییەکانی رەوەندی کوردستان (٢٠٢١/١١/٢١):

- چیا حميد شريف مۆڵەت
- سیروان فرج محمد ئامادەنەبوو
- هەڵەز محمد أحمد ئامادەنەبوو

١٠- لیژنەی کاروباری پێشمەرگە (٢٠٢١/١١/٢٢):

- باڵانبۆ محمد علی مۆڵەت
- بژار خالد عبدالله مۆڵەت

١١- لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و داکۆکی لە مافی مرۆڤ (٢٠٢١/١١/٢٢):

- هیمداد صباح بلال مۆڵەت
- گوڵستان باقی سلیمان ئامادەنەبوو

١٢- لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری (٢٠٢١/١١/٢٢):

- ليزا فلك الدين صابر مۆڵەت
- أرشد حسين محمد مۆڵەت

زۆر سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

کۆبوونەوەی لیژنە بایکۆت ناکرێ بە بێ ئیعلان کردن، کاك سیروان دەبێ بە رەسمی بە سەرۆکی لیژنە بڵێی ئێمە بایکۆتمان کردووە، ناوەکان بنووسن، ناوەکان دەخوێنمەوە: (د. عبدالسلام، گولیزار خان، سەروان هەرکی، د.إسماعیل، بدریە خان، مامۆستا أبوبکر، کاك سیروان، سەرچنار خان، مژدە خان، مامۆستا عمر، کاك مسلم، د.شێرکۆ، کاك زیاد، گولستان خان، مامۆستا

هەورامان، رووپاك خان، ئاشنا خان، كاك سەركۆ، كاك كاروان، كاك دابان، كاك رزگار، د.شايان، كاك على، كاك ياسين، شنۆ خان، كاك راهى، شيرين خان، كاك مەم، هەڵەز خـان، كـاك جلال، د.زيـدان، د.گەلاوێژ، كاك لقمـان، مامۆسـتا عثمـان، كـاك بەهـمەن، رۆژان خـان، كـاك پێشـەوا)، د.عبدالسـلام فەرموو.

بەڕێز د. سلام عبدالله حسن:

بە ناوى خوداى گەورە.

بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.

وەكو لاى جەنابيشتان مەعلومە كە بابەتى...

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكى پەرلەمان:

بەڕێـزان، يەك لەحـزە كـاك دكتـۆر، بـزانين چەنـد كەس نـاوى نووسـيوە و يەك دەقەشـە، چـونكە نوقتەى نيزامى، ئەگەر نوقتەى نيزاميش بێ يەك دەقەيە، (٣٦)، ئێمە كۆبوونەوەى سـەرۆكايەتى فراكسيۆنەكانمان كرد، ئيتيفاقمان كرد كە نوقتەى نيزامى نوقتەى نيزام بـێ و يەك دەقەش بـێ، بۆ هەمووش وەك يەك بێ، فەرموو د.عبدالسلام.

بەڕێز د.سلام عبدالله حسن:

بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.

ئەو بـابەتە گـرنگە و پەيوەنديشـى بە ليـژنەى پەروەردە و خوێنـدنى باڵاوە هەيە، بـۆيە رەنـگە نەتـوانين بە يەك دەقە باسـى هەنگاوەكانمـان بكەيـن، پێشـم وايە بـۆ بەرچـاو روونـى هەمـوو بەڕێزان...

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكى پەرلەمان:

تۆ نوقتەى نيزامت وەرگرتووە، ئەگەر پێويست بە هەنگاو بكات ئێمە خۆمان داوات لێ دەكەيـن، نوقتە نيزامەكەت چييە؟

بەڕێز د.سلام عبدالله حسن:

ئێمە لە ليـژنەى پەروەردە و خوێنـدنى باڵا و تـوێژينەوەى زانسـتى پاڵپشـت بە بـڕگەى يەكەم لە مـاددەى (٦٦) لە پەيـڕەوى نـاوخۆى پەرلەمـانى كوردسـتان بە واژووى (٧١) ئەنـدامى بەڕێـزى پەرلەمان، داواى دانيشتنێكى پەرلەمانمان كردووە بە ئامادەبوونى تيمـى بەڕێـزى حكـومەت، كە بريتين لە وەزيرى خوێندنى باڵا و وەزيرى دارايى و دانيشتنى پەرلەمان تايبەت بە گەڕاندنەوەى دەرماڵەى قوتابييان و خوێندكارانى زانكۆ و پەيمانگاكان، سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكى پەرلەمان:

بەڵێ سوپاس، كاك سروان، فەرموو.

بەڕێز سەروان محمد على:

بە ناوى خوداى گەورە و ميهرەبان.

بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.

منـيش هەر ئەوەى د.عبدالسـلام وتـى، بەڵام ئيــزافەيەك لەســەر قســەكانى بەڕێزيــان ئەگەر روخسەت هەيە، سەبارەت بە پرۆژە و پێشـنيارەكان، يەعنـى مـن لێـرەوە وەكـو سـەروان داوا لە هەمـوو پەرلەمانتـارە بەڕێزەكـان دەكەم هەر كەسـێك، هەر پەرلەمانتارێـك، هەر فراكسـيۆنێك

ئەگەر پرۆژە یاخود پێشنیارێکی باشی هەبێت بۆ سوودی گشتی، بە بێ ئەوەی بە ئێمە نەڵێت، یان پیشانی ئێمە نەدات، نەچێت بە جۆرێکی تر بۆ خۆی ئەوەی لەسەر بکات، چونکە هەموومان لەگەڵ ئەوەین کە خزمەتی گشتی بکەین، ئەوە هەرکییانی من گۆت.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

ئەوە نیزامی نەبوو، دەستخۆش سوپاس، گوڵیزار خان، فەرموو.

بەڕێز کلیزار رشید حاجی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

لە بارەی نەوتی سپی ماڵانەوە بڕیار لە کاتێکی دیاریکراو دابەش بکرێ، ئەم پرسەش زۆر بە دواکرا، تا ئێستا تەنها مەنتیقە شاخاوییەکان دەستیان پێکردووە، ئێستا ئێمە بە وەرزی زستاندایین تا ئێستاش دیار نییە کە کەی خەڵك بەرمیلی نەوت وەردەگرێ، بۆیە گرنکە لەو بوارەوە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان هۆکارەکانی دواکەوتن و وردەکاری دابەش نەکردنی باس بکات، زۆر سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، ئەوەش نیزامی نییە، بەڵام خەمێکی گشتی یە، بەڵێ کاك زیاد، فەرموو.

بەڕێز زیاد جبار محمد:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

وەك هەموو لایەکمان دەزانین ئەوە چەند رۆژێکە خۆپیشاندانی خوێندکاران هەیە لە هەرێمی کوردستان، بەداخەوە دوێنێ لە خۆپیشاندانەکان توندوتیژی لێکەوتەووە، بۆیە ئێمە لێرەوە لە فراکسیۆنی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان ئیدانەی ئەو توندوتیژیانە دەکەین، وەك هەموو لایەکیشمان دەزانین لە رابردوودا هەم لیژنەی تایبەتمەند، هەم ئەندامانی پەرلەمان چەند یاداشتێکیان داوە بە جەنابتان سەبارەت بە دەرماڵەی خوێندکاران، بۆیە پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان بە زوویی کار لەسەر ئەو یاداشتانە بکات و بێتە سەر خەت و دەرماڵەی خوێندکاران جێبەجێ بکات، پشتیوانی داوا رەواکانی خوێندکاران دەکەین، زۆر سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

بەڵێ بەڕێزان، رەنگە بەشێکی زۆری ئەو نوقتە نیزامییانەی کە داواتان کردووە پەیوەندی بە خۆپیشاندانەکانی خوێندکارانەوە هەبێ، ئێمە رایدەگەیەنین کە بە هەموو شێوەیەك ئیدانەی هەموو جۆرە توندوتیژییەك دەکەین، سەرکۆنەی شکاندنی حەرەمی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان دەکەین، داوای خوێندکاران و قوتابییانی زانکۆ و پەیمانگاکانی هەرێمی کوردستان بە داوایەکی رەوا دەزانین، بۆیە وەکو پەرلەمانی کوردستان هەموو رێکارە پەرلەمانییەکان بۆ بەدی هێنانی ئەو داوا رەوایە دەگرینەبەر، داوا لە هەردوو وەزارەتی خوێندنی باڵا و وەزارەتی دارایی دەکەین کە هەماهەنگییەکی باشتریان هەبێ، بۆ ئەوەی لە کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی وەزیران دا بتوانن ئەوەی کە دەڵێن داوای خوێندکاران رەوایە، داوای قوتابییان رەوایە، لە کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی وەزیران دا بتوانن ئەو داوایە و ئەو هەماهەنگییە تەرجەمە بکەن بۆ بڕیار، هاوکات بەرمەبنای هەر دوو یاداشتی کە (٧١) ئەندامی پەرلەمان و (٤٨) ئەندامی پەرلەمانیش واژوویان کردووە، ئێمە داوای ئامادەبوونی هەردوو وەزیری خوێندنی باڵا و

وەزیـری دارایـی دەکەیـن، بـۆ ئەوەی بـێن سـەبارەت بەم بـابەتە روونکـردنەوە بە پەرلەمـانی کوردسـتان بـدەن، هاوکـات داوا لە لیـژنەی پەروەردە و خوێنـدنی باڵا دەکەیـن بەردەوام بـێ لە بەدواداچوونەکـانی، تەنـانەت بەدواداچـوون بـۆ ئەو رووداوانەش بکـات کە دوێنـێ لە شـاری سلێمانی روویانداوە، گوڵستان خان، فەرموو.

بەڕێز گوڵستان سعید حمد:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

دەستخۆشیت لێ دەکەم ئەو هەڵوێستەی کە جەنابت نواندت، منیش هەر داوای ئەو هەڵوێستەم دەکرد، بەڵام دەکرێ راگەیەندراوێك هەبێ لەم سەرۆکایەتییەی پەرلەمانەوە سەبارەت بە ئیـدانە کـردن و بە کۆتـایی هێنـان و بە شـکاندنی حەرەمـی زانکـۆ و ئەو تونـدوتیژیانەی کە بەرامـبەر خوێندکاران کراوە، من تەنیا ئەوەی کە جەنابت ئاماژەت دا هەر دوو وەزیـری دارایـی و وەزیـری خوێندنی باڵا بێنە ئێرە، من پێم باشە جەنابی سەرۆکی حکومەت و جێگرەکەشی بێن، چـونکە ئەم بڕیارانە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیرانن، تەنیا بەم دوو وەزیرە تەواو نابێ، هەموو ئەوانەی کە رەهەنـدی داراییـان هەیە لە نـاو ئەنجـومەنی وەزیـران بڕیـاری لـێ دەدرێ، بـۆیە تکـا لە بەڕێـزت دەکەم کە ئاماژە بدەی بە ناوی ئەم دوو بەڕێـزەش، کە ئەوان لە یاداشـتەکەی ئێـوەدا داوا بـکەن بێنە پەرلەمانی کوردستان، زۆر سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

بەڵێ زۆر سوپاس، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، قسەی سەرۆکی پەرلەمان بەر مەبنـای قـانون و بەر مەبنای ئەو کۆنگرە رۆژنامەنووسیانەیە کە ئێمە گوێمان لێ بوو، ئێوە وەکو فراکسـیۆنەکانی پەرلەمانی کوردستان تەعبیرتان لێ کـرد، لەبەر ئەوە ئەوەی کە ئـێمە دەیڵێـین تەعبیـرە لە ئێـوە، تەعبیـرە لە دەسـتەی سـەرۆکایەتی و پەیـامی فەرمـی پەرلەمـانی کوردسـتانە، بەڵـێ سـوپاس، سەبارەت بە ئامادەبوونی بەڕێزان سـەرۆکی حکومەت و جێگـری سـەرۆکی حکومەت، داواتـان نەکـردووە لە یاداشـتەکان دا کە ئەوان ئامـادە بـبن و وتووتـانە لایەنە پەیوەندیـدارەکان، بەڵـێ دەرماڵە هەبووە تا ساڵی (٢٠١٤)، بە هۆی قەیرانی دارایی، بە هۆی شەڕی (داعـش) بەشـێکی زۆر لە مینحەکان بڕان، دەرماڵەی خوێندکارانیش جۆرێك بووە لە جۆرەکانی مینحە کە لە کاتی خۆی دا بڕاوە، بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران بـڕاوە، بەڵام هەر دوو وەزیـر کە دێـن دەبـێ تەعبیـر لە ئیرادەی ئەنجومەنی وەزیرانیش بکەن، چونکە ناکرێ هیچ وەزیرێك بێتە ئێرە تەعبیر لە ئیرادەی کۆی کابینەکە نەکات، مامۆستا هەورامان، فەرموو.

بەڕێز هەورامان حمە شریف:

بە ناوی خوای بەخشندەی میهرەبان.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ئاماژە بە ماددەی (٦٦) ئێمە دیـارە پێشـتریش چەنـد رۆژێـك لەمەوپـێش ئەنـدامانی پەرلەمـانی کوردسـتان ژمـارە یاسـایی داوامـان کردبـوو کە لەم جەلسـەی ئەمـڕۆدا بـابەتی گەڕانـدنەوەی دەرماڵەی قوتابییانی خۆشەویستمان بخرێتە بەرنامەی کارەوە، بەڵام دیارە نەخراوەتە بەرنامەی کـارەوە، دەبـوو ئەمـڕۆ، چـونکە ئێسـتا قوتابییـان دوێنـێ ئەو حـاڵەتەی کە بینیمـان بەداخەوە هەمووشمـانی بەڕاسـتی دڵ و رۆحـی هەموومـانی تەزانـدووە، نەدەبـوو دوابخـرێ، ئێسـتاش بە

مەجهولی باس دەکریَ، ئایا کەی دیَن؟ نازانین؟ دووەم/ بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئاماژە بە ماددەی (١٨) کە جەنابت سەرۆکی پەرلەمانی کوردستانی، دەبێ شکۆی پەرلەمان و پەرلەمانتاران جەنابت بیپارێزی، بەداخەوە ئێمە ئەمڕۆ وەکو فراکسیۆنی کۆمەڵی دادگەری، بەندە لەگەڵ هەردوو خوشکی بەڕێز ئەندامانی پەرلەمان خاتوو بدریە خان و خاتوو رووپاك خان چووینە بەردەم وەزارەتی تەعلیمی عالی کە قوتابییانی لێبوو، داخوازی ئەوەیان دەکرد کە دەرماڵەکانیان پێ بدرێ، لەلایەن ئەو هێزە ئەمنییەی کە لەوێ بوو رێگریمان لێ کرا، هەرچەند خۆمان ناساند، وتمان کاکە ئێمە ئەندامانی پەرلەمانی کوردستانین و حەصانەمان هەیە و بۆمان هەیە بچینە ئەوێ، وتیان ئەندامی پەرلەمانی کوردستانیش بن هەر نابێ بچن، بوەستن تاوەکو ئەمر وەردەگرین، دوایی کە تەلەفۆنی کرد بۆ سەرووی خۆی وتی ئەمرمان پێکراوە دەستگیرتان بکەین ئێستا، بەداخەوە بەڕاستی ئەمە حاڵەتێکی خراپە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، جەنابت بۆ ئێمە و بۆ هەموو ئەندامانی تری پەرلەمانیش ناکرێ کە رێگریمان لێ بکرێ و ناکرێ بوترێ ئەمرمان پێکراوە کە دەستگیرتان بکەین، لە کاتێك دا ئەشیان ناسین و ئەشیانزانی کە ئەندامی پەرلەمانی کوردستانین، داوا دەکەین کەوا ئەو حاڵەتانە دووبارە نەبێتەوە.

بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

زۆر سوپاس، بەڵێ ئەوەی کە بەڕێزت باسی دەکەی بە یاداشتێك ئاراستەی سەرۆکایەتی بکە، ئێمە بەدواداچوون دەکەین دڵنیابە، بەڵێ ئاشنا خان، فەرموو.

بەڕێز ئاشنا عبدالله قادر:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بەپێی ماددەی (٦٦) برگەی (یەکەم) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، ئێمە رۆژی یەکشەممەی رابردوو کە ئەکاتە (١٠) رۆژ لەمەوپێش ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان داوامان کردووە کۆبوونەوەیەکی تایبەت بکرێت، تایبەت بە گەڕانەوەی دەرماڵەی خوێندکاران، پێویستمان بە روونکردنەوەیە لە بەڕێزتان وەکو دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان، کە بەپێی مادده پەیڕەوییەکە دەبێ بخرێتە نزیکترین دانیشتنەوە، بۆچی نەخراوەتە دانیشتنەوە؟ لە کاتێك دا حەفتەی رابردوو بەڕاستی هیچ دانیشتنێکی تێدا نەکراوە، هۆکار چییە، لە ئێستادا ئێمە بۆچی ئەو یاداشتەمان پێشکەش کردووە یان ئەو هەوڵەمان بۆ داوە؟ بۆ ئەوەی بەربگیرێ لەوەی کە دوێنێ روویدا، یەعنی ئێمە پێش ئەوەی کە رووداوەکان...

بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

قسەکانت تەواو بوو؟ بۆ ئەوەی روونکردنەوە بدەم سەبارەت بەم یاداشتە. دەقەکەت تەواو بوو، سەرۆکی لیژنەکەشت یەك دەقە قسەی کرد ئاشنا خان، تکایە فێری نیزام بن، دەبێ بای ئەوە متمانە هەبێ لە بەینمان دا، کە دەڵێم دەقەیەکە، ئێمە دەقەمان گرتۆتەوە، بەسە ئاشنا خان، تکایە پرسیارت کردووە با جوابت بدەمەوە، ئێمە کۆبوونەوەمان بە سەرۆکی فراکسیۆنەکانی پەرلەمانی کوردستان کردووە سەبارەت بە هەموو ئەو یاداشتانەی بۆمان هاتووە، باشە، یەك یەك یاداشتەکانمان خستۆتە بەردەستیان، ئەمە یاداشتەکانتانە، پێویستی بە ئامادەبوونی فڵان و فڵانە، بەڕێزان با ئەم قسەیە زۆر زۆر هەموو جارێ دووبارە نەبێتەوە، ئێمە لە ئێوە زیاتر حەز دەکەین ئەم جۆرە کۆبوونەوانە بکرێ، بەڵام نازانم ئیلتیزامێك هەیە لە بەینی فراکسیۆنەکان و

ئەنـدامانی فراکسـیۆنەکان یـان نـا؟ داوامـان لە بەڕێـزان سـەرۆکی فراکسـیۆنەکانی پەرلەمـانی کوردستان کرد کە لەگەڵ فراکسیۆنەکانیان قسە بکەن سـەبارەت بەو یاداشـتانەی کە بە مـاددەی (٦٦) پێشکەشتان کردووە، ئێمە پێویستە ئیعادەی تەنزیمی پەیوەندی خۆمـان لەگەڵ حکـومەتی هەرێمی کوردستان بکەینەوە، ئێمە لە ئێستادا تووشـی جۆرێـك لە قەتـیعە و دابـڕان بـووین، بـۆ ئەوەی ئەمە دروست بکەینەوە، ئەم متمانەیە دروست بکەینەوە پێویستمان بە کاتە، پێویسـتمان بە کۆبوونەوەیە، پێویستمان بە دەردەشەیە، بەڕێزان سـەرۆکی فراکسـیۆنەکان، ئـێمە داوای ئەو یارمەتییەمان لە ئێوە نەکرد دەرفەتمان بدەن؟ د.إسماعیل، فەرموو.

بەڕێز د.إسماعیل علی طه:

بەڕێز سەرۆکا پەرلەمانی.

من دوو خالێت پەیرەویت هەی، ئێك/ ئیشارەت بۆ یاسا ژمارە (١)/(٢١٠) رێکخستنا خۆپیشاندانا، راستیا ئەو توندوتیژیا دەرحەقی قوتابییا د زانکۆیێ و پەیمانگا هاتە کرن نەیا قەبیل کرییە ئەڤ ڕوودانا ئەز ژی د گەل رەئیا خوشکا گولستانم، دڤێـت ئەو کەسـێت بریـاردەر لڤێـرێ ئامـادە بـبن، وەزیرێ دارایی و وەزیـرێ باڵات بـاوەر نـاکەم ئەو بریـارە صـەرف کرنـا دەرماڵێـت دەسـتی وان دابیت، خالا دووێ/ ئیشارەت قانونا ژمارە (١١١)یا عقوباتا عێراقی، ئەڤە چار ساڵە بریار دەرچـوو، حوکم دەرچوو بۆ سێدارەدانا ئـان عقـوبە کرنـا بکوژێـت قاتیلێـت د.وشـیاری زانـا و ئەکـادیمی و ئیمام و خەتیبی یێ ڤێ هەولێرێ، هەتا ڤێ گاڤێ نەهینایە ب جێهینان، داخاز دکەین ئەڤ قانونە و ماددەی (٤٦) ل سـەر ئەساسـی (٤٠٦) هـاتیە ئەڤ مـاددە جێبەجـێ بیـتن، بکـوژی وی حـوکمێ درست سەر بێتە تەتبیق کرن، زۆر سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، بدریە خان، فەرموو.

بەڕێز بدریە إسماعیل محمود:

بە ناوی خوای بەخشندەی میهرەبان.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بە پیـێ مـاددە (٦٦) لە پەیـڕەوی نـاوخۆی پەرلەمـان لە مـاوەی ئەو یەك دوو حەفـتەدا چەنـدین یاداشتمان ئاراستەی سەرۆکایەتی کردووە، مەعلومی جەنابتـانە رۆژانە داواکارییەکـانی خەڵـك، پێداویسـتییەکانی شـەقام لـۆدە لەسـەر هەمـوو ئەنـدامانی پەرلەمـان و گشـت فراکسـیۆنە جیاوازەکان، بۆیە پێویستە ئەو یاداشتانە بخرێنە بەرنامەی کارەوە، سـەرەنجام ئەگەر حیسـابی بۆ ئەو یاداشتانە نەکرێ، ئەو حاڵەتە نەخوازراوانەی لێ دەکەوێتەوە، بەداخەوە کە ئێمە ئیدانەی ئەو توندوتیژییە دەکەین کە بەرامبەر بە خوێنـدکارێك کـراوە، کە شـکاندنی شـکۆی خوێنـدکارە، رۆژەك لە مامۆستا دەدرێ، رۆژەك لە خوێنـدکار دەدرێ، رۆژەك لە کاسـبکار دەدرێ، ئەمە جـێگەی هەڵوێسـتە لەسـەر کـردنە، بـۆیە ئـێمە داوا دەکەیـن پشـتیوای تەواو لە داوای رەوای خوێنکـاران دەکەین، حەوت ساڵە دەست خـراوەتە بینەقاغـا قـوتی خوێنـدکاران کە شەسـت هەزار بـۆ سـەد هەزار دەرماڵەی خوێندکارانە، داوا دەکەین پەرلەمان هەڵوێسـتی هەبـێ، بە جیـددی کـار لەسـەر ئەو داواکارییەی خوێندکاران بکات، ئێمە ئەم...

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

بەڵێ، کاك سیروان، فەرموو.

بەڕێز سیروان فرج محمد:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ئەوەی مـن ئەمویسـت لە جەنابـت لە ڕوونکـردنەوەکەدا ئامـاژەت پێکـرد، بەڵام ئـێمە دەبینـین هەمیشە قوتابییان و هاووڵاتییان ئەگەر خۆپیشاندانە بکەن، دەزگا ئەمنییەکانیـان تۆمەتیـان بـۆ هەڵدەبەسـتن، دەزگـای ئەمنـی سـلێمانی لە پـای ئەوەی کە بـدریە خـان وێنەکـانی پیشـان دا، ڤیـدیۆیەکان بڵاوبوویەوە کە کچێـك برینـدار بـووە ئەگەر بەردیشـی بەرکەوتبـێ تـاوانە دێـن تۆمەتیان بۆ هەڵدەبەسـتن، جـا مـن ئـیزافەتەن بـۆ ئەوەی جەنابـت داوا دەکەم ئەو کەسـانەی کە دەسـتیان هەبـووە لە هێرشـکردنە سـەر ئەو قوتابیانـانە دەسـتبەجێ لە ئەفسـەرەوە تـا سـەرباز ڕابگیـرێن، بـۆ ئەوەی هـیچ نەبـێ بـبن بە نمـونەیەك جـارێکی کە شـتی وا نەکەنەوە، ئەو هێـزە ئەمنییەش بە ئەمری کێ چۆتە ئەوێ دا؟ بە ئەمری کـێ تەقەی کـردووە؟ یەك جـار لە ژیانمـان دا ببینین یەك مەسئول بێ بڵێ من بووم و دەسـتم خـۆش بـێ، بڵـێ مـن بـووم و ئەوە تـاوانەکەمە، بیخەنە بڕیارەکەی جەنابتانەوە، هەروەها دیسانەوە دەڵێمەوە ئەوە سێ ساڵە خەڵـك بەردبـاران دەکرێت، خەڵك هێرش دەکرێتە سەری، یەك زەلام موحاسەبە نەکراوە، لە فەرمانەکەی کە بەڕێـز سەرۆکایەتی پەرلەمان...

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

مژدە خان، فەرموو.

بەڕێز مژدە محمود محمد:

بە ناوی خوای گەورە.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

پێموایە ئەو پەڕی بێ ویژدانییە سێ حەفـتە جارێـك جەلسـەیەك دەکـرێ، بـۆ هەمـوو موعانـاتی خەڵك یەك دەقە دابنرێ، ئەو هەموو کێشە و خەم و موعانـاتەی کە خەڵـك هەیەتـی، بـۆ کێشـەی نەوت، بۆ غاز، بۆ خۆپیشـاندەر، بـۆ فەرمـانبەری گرێبەسـت، بـۆ مامۆسـتای وانەبێـژ، بـۆ قـوت و مووچەی دایك و باوکی خوێندکار، بۆ هەمـوو ئەوانە یەك دەقە دابنـرێ، ئـێ باشـە ئێـوە هەمـوو ڕۆژێ جەلسە بکەن ئینجا یەکی نیو دەقەمان بۆ دانـێن هێشـتا پێـی ڕازیـن، بەڵام هەمـوو ڕۆژێ جەلسە بکرێ نەك سێ حەفتە جارێك، ئەوە خولەکەمان تەواو بوو شـتێکی وامـان نەکـرد کە ئەو پەرلەمـانە شـتێکی نەکـرد، مـن پێمـوایە ئەوەی کە ئێسـتا خوێنـدکاران لە شـەقامن و بـایکۆتی هۆڵەکانی خوێندنیان کردووە، بەشێکی تاوانەکەی دەگەڕێتەوە بۆ دەستەی سـەرۆکایەتی، لەبەر ئەوەی لە ڕابـردوودا یاداشـت دراوە، سـێ سـاڵ لەمەوپـێش ئـێمە پرۆژەمـان داوە نەتانخسـتۆتە بەرنامەی کارەوە، مەعقولە خۆپیشاندەر ئێستا لەسەر شەقامە پەرلەمان هەڵوێسـتی نیـیە، حەق بوو چەند ڕۆژە یاداشـت دراوە بـۆ خوێنـدکاران، حەق بـوو دانیشـتنی ئەوڕۆ تـایبەت بـێ بەوان، فەرمـانبەری گرێبەسـت کە بـارگرانی نـین، بە مامۆسـتای وانەبێـژ، بە سـێ یەکەمەکـان کە بـۆ بانگەشەی هەڵبژاردن بڕیاری دامەزراندنی ...

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:
كاك بەهمەن، فەرموو.
بەڕێز بهمن كاك عبدالله أحمد:
بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.
من پشتگیری لە یاداشتەكەی بەڕێز سەرۆكی لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا دەكەم، تەنها تێبینییەك بۆ جەنابتان كە دوێنێ بوو یا پێرێش بوو لە موقابەلەی ڕۆژنامەنووسی وتت كە زۆرترین قسە لەسەر ئەم خولەی پەرلەمان دەكرێ تەشریعی زۆر كەم تێدا كراوە، من ئەوەندە دەڵێم ئەو هەموو یاداشتەی كە ئێمە لە گرووپی دەیبینین، ئەگەر پەرلەمان تا ساڵێك دوو ساڵی تریش خەریكی ئەو یاداشتانە بێ تەواو نابێ، بۆیە من پێشنیار دەكەم جەنابی سەرۆكی پەرلەمان، ئەو یاداشتانەی كە موختەصن بە لیژنەی مەعنییەوە بدرێن بەوان، وەكو ئەوەی كە لە پێشتر لیژنەی خوێندنی باڵا و پەروەردە كارێكی زۆر گرنگیان كرد، سەرەڕای ئەوەی یاداشت پێشكەش كرابوو، بەڵام ئەوان لە كۆبوونەوەیەكی لیژنە لەگەڵ بەڕێز وەزیری خوێندنی باڵا هەموو قوتابییە وەرنەگیراوەكان عیلاجی كێشەكەیان كرا، ئێستاش دڵنیام كە ئەو لیژنە بەڕێزە خۆیان هەستن بەو كارە...
بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:
كاك جلال، لێرە نییە، كاك پێشەوا، فەرموو.
بەڕێز پێشەوا طاهر مصطفی:
بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.
وابزانم لە مەوزووعی قوتابییان ئەوەی كە بەڕێز كاك عبدالسلام وتی پاڵپشتی دەكەم و تەوزیحی جەنابیشت بەپێی پێویست بوو، بۆ ئەوەی ئێمە قسەكانی خۆمان هەڵدەگرین تا ئەو كاتەی كە وەزیرەكان یاخود لایەنی پەیوەندیدار لێرە دەبن، چونكە ئەو بابەتە بەڕاستی لەلای فراكسیۆنی پارتی بابەتێكی تازە نییە، ئەوە لە (٢٠١٩)ەوە ئێمە هەوڵمان داوە و چووینەتە وەزارەت، كارمان لەسەر كردووە، سوپاس.
بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:
بەڵێ سوپاس، د.زیدان، فەرموو.
بەڕێز د.زیدان رشید خان اودل:
بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.
قسەكردنیش بە پێی مادده (٦٦)ە برگەی (یەكەم)، پشتگیری لە قسەكانی بەڕێز سەرۆكی لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا دەكەم و پاڵپشتی لە مافی قوتابییان دەكەین كە ڕێزیان لێ بگیرێ و داوا ڕەواكانیشیان لەلایەن حكومەتی هەرێمی كوردستان و لایەنە پەیوەندیدارەكان بە هەند وەربگیرێ، هەر هەموومان پاڵپشتی داواكاری بەڕێزیانین، سوپاس.
بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:
بەڵێ، ئەو نوقتە نیزامییانەی لەسەر دەرماڵەی خوێندكارانە بەڕێزان ئیتر دووبارەی مەكەنەوە، چونكە بە پێی پەیڕەوی ناوخۆش دووبارە دەبێ ڕاگری، كاك كاروان، فەرموو.

بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:

وەڵلا ئەگەر ڕێگەم بدەی بە خێرایی، دووبارە نا، بەڵام تەئید دەکەم.

بە ناوی خودای گەورە و میهرەبان.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

مـن دوو بـابەت بە خێرایـی بـاس دەکەم، بـۆ ئیسـتیغلال کردنـی کـاتەکەم، یەکەمیـان بـابەتی خوێندکاران ئێمە هەموومان دەڵێین ڕەوایە و ئیدانەی دەکەین، بەڵام پێموایە کاتی ئەوەیە کە بە فیعلی فیعلەن ئیدانەی بکەین و بە فیعلیش کرداری پێویسـت بنوێنین، ئێمە لە سـاڵی (٢٠١٩)وە وەکو فراکسیۆنی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان پرۆژە یاسامان تەقدیم کردووە، یەکێك لەمـانە دەرمـاڵەی خوێنـدکارانە، هیـوادارم لایەنی کەمەوە بخـرێتە بەرنـامەی کـار بـۆ ئەوەی کێشـەی خوێنـدکاران چارەسـەر بکـرێ، بـابەتی دووەم/ بـابەتی سـتیکەری دەرمـانە، بەڕێـز سـەرۆکی پەرلەمـان، مـن پێشـتر چەنـدان یاداشـتم ئاراسـتەی لیـژنە تەندروسـتی، لیـژنەی سـامانە سروشتییەکان کە بە خـۆم تێیـدا ئەنـدامم، لیـژنەی دارایـی و تەواوی لیژنەکـانی تـری پەرلەمـان کردووە، بەداخەوە هەندێك لیژنەکـان تەنـانەت بەڵگەکانیشـیان بـۆ نـاڕوات، ئێسـتا کارەسـاتێکی گەورە بەڕێوەیە، ستیکەری دەرمان دراوە بە کۆمپانیایەك، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، کە کولفەیەکی یەکجار زۆر دەخاتە سـەر تێچـووی دەرمـان لە هەرێمـی کوردسـتان، ئەکە نرخـی دەرمان بەرز دەکاتەوە، من داواکارم تەواوی بەڵگەکانم رادەسـتی لیـژنەی تەندروسـتی کـردووە، داواکارم لە بەڕێزتان جەختی لەسـەر بـکەنەوە بـۆ ئەوەی بە زوویـی ئەم تەنـدەرە رابگیرێـت، بە پـێچەوانەوە نرخـی دەرمـان بەرز دەبێـتەوە، کـێ بـاجەکەی دەدات بە نەتـیجە؟ هاووڵاتییـانی هەرێمی کوردسـتان، بـۆیە تکـا دەکەم ئەم بـابەتە بـابەتێکی گشـتییە، تکـا دەکەم لە بەڕێزتـان کە جەختـی لەسـەر بـکەنەوە، تـا لیـژنەی تەندروسـتی بەدواداچـوون بکـات و تەواوی ئەو بڕیـارانە هەڵبوەشێنێتەوە کە دەبنە هۆکار بۆ گران کردنی دەرمان، زۆر سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

بەڵێ، دوایی دەرفەت دەدەین بە د.صباح بۆ ئەوەی جوابی ئەوە بداتەوە، بزانین چییان کردووە؟ سەبارەت بە یاداشتەکانتان بەڕێـزان، نەك یاداشـتەکانتان، پێشـنیازە یاسـاکانتان، دوو پێشـنیازە یاسـا ئاراسـتەی پەرلەمـانی کوردسـتان کـراوە تـایبەت بە پێـدانی موخەصەصـاتی مانگـانە بە قوتابیـانی زانکـۆ و پەیمانگاکـان لە هەرێمـی کوردسـتان، پێشـنیازە یاسـای پێـدانی دەرمـاڵەی خوێنـدن بە خوێنـدکارانی هەرێمـی کوردسـتان، بە ئیمـزای ئەنـدامانی پەرلەمـان، بەڕێـزان هەردووکیمان لە (٢٠١٩/٩/١٠) ئاراستەی ئەنجومەنی وەزیـران کـردووە، ئەنجـومەنی وەزیـران بە نووسراویان ژمـارە (٩٨/٢٦) لە (٢٠٢١/٣/١) ڕەتیـان کـردوونەتەوە و رایانگەیانـدووە کە (بۆشـایی یاسایی نییە و پێشتریش بـۆ پێـدانی دەرمـاڵە بە قوتابییـان یاسـا پێویسـت نەبـووە)، واتـا ئـێمە کەمتەرخەم نەبووین، ئێمە ناردوومانە، بەڵێ کاك دابان، فەرموون.

بەڕێز دابان محمد حسین:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

زۆر بە خێرایی قسە دەکەم بە پێی ماددەی (٦٦)، لە ماوەی رابردوودا کۆمەڵێك یاداشـتمان بەرز کردۆتەوە و یەك لەوانەی بۆ کێشەی ئاو بووە لە هەرێمی کوردسـتان، تـاوەکو ئێسـتا کۆبـوونەوە

ئەنجـام نەدراوە، بەشـێکی ئەم کێشـانە پەیوەندیـدارن بەیەکەوە، بە ئیعیترافـی حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان لە مـاوەی رابـردوودا بە گـوێرەی ئەو داتایـانەی بڵاوی کـردۆتەوە، سـاڵانە حکومەتی هەرێم (٩٠) ملیار دینار زیان دەکات، ئەویش بە پشت بەستن بە ڕێنماییەك کە قـانونی ژمـارە (١٢)ی سـاڵی (٢٠١٠)ی وەزارەتـی شـارەوانییەکان لەم پەرلەمـانە کە دەرچـووە ئیسـتیغلال کراوە بۆ ڕێنماییەك کە ڕێنماییەکە تەواو پێچەوانەی یاسـاکەیە، یەعنـی ئێسـتا کە خوێنـدکارێك داوای دەرماڵە دەکات، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، مانگانە پێویستی بە پێنج ملیۆن دۆلارە، تەنیـا لە ئاوەکەدا حکومەتی هەرێمی کوردستان مانگانە نزیکەی هەشت ملیـار دینـار زەرەری لە خـۆی داوە، دوو/ بەڕێزان لە فراکسیۆنی پارتی باسی ئەوەیان کرد کە وەزارەتی خوێندنی باڵا و دارایی بەرپرسن، بەڵام وەزارەتی خوێندنی باڵا دەڵێن ئێمە پشتیوانی دەکەین، وەزارەتی دارایـی دەڵـێ/ ئێمە پشتیوانی دەکەین، یەعنی ئێستا خوێنـدکاران و ئـێمەش روو لە کـوێ بکەیـن؟ لە کاتێـك دا حکومەتی هەرێمی کوردستان لەم سێ لایەنە پێکهاتووە، بەرپرسـیارێتییەکەی کـێ هەڵـدەگرێ؟ زۆر سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

بەڵێ، پەیوەندی، یان با بڵێین ئیش کردن لە ناو ئەنجومەنی وەزیران ئیشکردنێکی تەزامـوونییە، پارە صەرف کردن بە بڕیـاری ئەنجـومەنی وەزیـرانە، یـان ئەوەتە دەبـێ لە نـاو یاسـای بـوودجە، یاسای بوودجە هەبێ و تەرخان کراو هەبێ بۆ دەرماڵە وەکو ئەوەی لە (٢٠١٣) هەبووە، یان دەبێ ئەنجومەنی وەزیران چـۆن صـەرفەکانی تـر دەکـات ئەویـش بکـات، بەڕێـزان وەزیـری دارایـی و وەزیری خوێندنی باڵا نابێ تەعبیر لە ئیرادەی خۆیان بکەن، دەبـێ تەعبیـر ئیـرادەی ئەنجـومەنی وەزیران بکەن، رەوایە، پێیانوایە هەردووکیان رەوایە، ئەم رەواییەیە بەرنە ناو کۆبوونەوەیەکی ئەنجومەنی وەزیران تەعبیر لەو رەواییەتییە بکەن، ئەو هاوئاهەنگییەی کە هەیانە سـەبارەت بە رەواییەتی داواکە تەرجەمەی بکەن بـۆ قەرار، هـیچ وەزیرێکـی حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان نـابێ بڵـێ (مـن مەسـئولم لە بەشـێکی و وەزیرێکـی تـر مەسـئولە لە بەشـێکی)، پەیوەنـدییەکە پێکەوەیە، باشییەکان بۆ ئەنجومەنی وەزیرانە، خراپییەکانیش بـۆ ئەنجـومەنی وەزیـرانە، لەبەر ئەوە ئێمە داوا لە هەردوو وەزیر دەکەین هاوئاهەنگییەکەیان تەرجەمە بـکەن بـۆ قەرار، ئەوەش بیانوو نییە بۆ ئەوەی کە بڵێی وەڵلا ئەو لای ئەو دوو وەزیرەیە لای ئەنجـومەنی وەزیـران نـیـە، یان وەزیرەکان بڵێن لای ئێمە نـیـە لای ئەنجـومەنی وەزیـرانە، ئەوان پـێکەوەن، پـێکەوە دەبـێ جوابمان بدەنەوە، پێکەوە بێن تەعبیر لە حکومەت بکەن، بڵێن/ ئەنجومەنی وەزیران رازی نـیـە، ئەوە حەقیقەتەکەیە، خۆ دزینەوە لە مەسئولیەت پەیوەندی بە ئەخلاقی سیاسییەوە هەیە، کـاك لقمان، فەرموو.

بەڕێز لقمان حمد حاجی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بـابەتی خـاڵی پەیـڕەوی مـن پەیوەندیـدار بـوو بە پشـتیوانی کـردن لە داواکـاری خوێنـدکاران، برادەران باسیان کرد، سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

بەڵێ، شیرین خان، فەرموو.

بەڕێز شیرین أمین عبد العزیز:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
ئامـاژە بە مـاددەی (٤٧) لە پەیـڕەوی نـاوخۆی پەرلەمـانی کوردسـتان بەڕاسـتی ناکرێـت ئەم پەرلەمـانە هەمیشـە خـاڵی بێـت لە هەمـوو ئەو دۆخە پـڕ قەیرانـاوی و ئەو دۆخە دژوارەی کە بەرۆکی خەڵکی هەرێمی کوردستانی گرتۆتەوە، بە نمونە رۆژێك مامۆستای وانەبێژ، فەرمانبەری گرێبەست، چین و توێژەکـان، تـا دەگـاتە خوێنـدکاران دێـنە سـەر جـاددە، هەم پەرلەمـان و هەم حکـومەتی ئـێمە خـاڵییە لە هەمـوو ئەو بەرپرسـیارێتییەی کە لەسـەر شـانییانە، ئەو مـامەڵە توندوتیژییەی کە لەسەر دەستی هێزە ئەمنییەکـان بەرامـبەر بە خوێنـدکاران دەکرێـت بە رەوای نـابینین و ناکرێـت دەسـەڵاتێکی پۆلیسـی وا مـامەڵە لەگەڵ خوێنـدکاران دا بکـات کە بەڕاسـتی جێگای قەبوڵ کردن نییە، بۆ مەسئولی ئێمە، بۆ نەوەی مەسئولینەکان پێیان رەوا بێـت لە ئەوەی کە فرۆکەی تایبەتیان هەبێت، کە خاوەنی زانکۆ بن، کە داهاتی سەر ئەرز و بـن ئەرزی ئەم وڵاتە بـۆ ئەوان بێـت، بەڵام خوێنـدکارێك رەوا نەبـێ کە ئەگەر (٤٠) هەزار، (٥٠) هەزار، تـا (١٠٠) هەزار دەرماڵەی هەبێت، لە کاتێك دا هەر لە ساڵی (٢٠٢٠)...
بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:
کاك موسلیم، فەرموو.
بەڕێز مسلم عبدالله رسول:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
لە راستی دا زۆر باسی کێشەی قوتابیان کرا، منیش بەڕاستی ئەوەی کە گرنگە ئێستا لێرەدا بڕیار بـدرێ کە دانیشـتنێکی خێـرا بکـرێ لەسـەر کێشـەی پەروەردە و خوێنـدنی باڵا بە ئامـادەبوونی وەزیری خوێنـدنی باڵا و وەزیـری دارایـی، وەك بـرای بەڕێـزم کـاك عبدالسلام باسـی کـرد، ئـێمە هاوڕاین لەسەر ئەوەی دانیشتنێکی خێرا بکرێ، چونکە بەڕاستی من لە کۆبوونەوەی رابـردووش باسم کرد، قوتابییان کێشەی سەرەکییانە پێداویسـتی سـەرەتاییان بـۆ نـاکرێ، خوێنـدنیان بـۆ ناکرێ هیچ بژێوییەکیان نیـیە، کاریشـیان نیـیە بـێجگە لە کـاری دەوام، ئەوە بـابەتێکە بەڕاسـتی پێویسـتی بە هەڵوێسـتە کـردنە کە دۆخـی دارایـی حکـومەت ئێسـتا زۆر باشـە، بـابەتێکی تـر بە کورتی بەڕاستی گرانی نرخی نەوتی سپی یە، بەڕاستی خەڵـك نەوتـی سـپی بـۆ نـاکڕدرێ بەڕێـز سەرۆکی پەرلەمان، رۆژ بە رۆژ نرخی نەوتی سپی بەرز دەبێتەوە و هاووڵاتییان نـیگەرانن، پـێم باشە تیمی حکومەت بێن لێرەوە روون کردنەوە بدەن، بزانن...
بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:
ئەوانە خەمـی خەڵکن، بەس هیچیـان نیزامـی نـین، تکـایە هـی خوێنـدکاران ئەوەی ئـێمە وەکـو پەرلەمان تەعبیرمان لە ئیرادەتان کرد، دووبارەی مەکەنەوە، بچـنە سـەر بـابەتێکی تـر، سـەرچنار خان، فەرموو.
بەڕێز سەرچنار أحمد محمود:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
کەمتەرخەمی سەرۆکایەتی پەرلەمان لەم ڕووداوانەی کە روو دەدا بەپێی قانون پێشـێل کردنـی ماددەی (٩٨) کە نەهاتنی پرۆژە یاسای بوودجەیە بۆ پەرلەمـان، ئەوە دوو خـوولە پـرۆژە یاسـای

بوودجە نەهاتووە، ئەگەر پرۆژە یاسای بوودجە بهاتایە ئەو فشارە بکرایە ئەو کاتە حصەیەك بۆ ئەو خوێندکارانە بۆ دەرماڵەکانیان دادەنرا، ئێستا تووشی ئەو توندوتیژییە نەدەبووین، وەزارەتی دارایی روونکردنەوەی داوە بە بڕیاری (١٨/١٠) لە (٢٠١٤/١١/٢)ەوە دەرماڵەی خوێندکاران بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران وەستێنراوە، هەر دەبێ ئەنجومەنی وەزیرانیش ئەو بڕیارە کارا بکاتەوە، لەبەر ئەوە پەرلەمان دەبێ ئەو فشارە بخاتە سەر ئەنجومەنی وەزیران کە ئەگەر پێشتر بە بۆنەی قەیرانی داراییەوە ئەم بابەتەی راگرتووە، ئێستا بابەتی قەیرانی دارایی نەماوە، یەك ملیار داهاتی هەرێمی کوردستانە مانگانە، ئێ بۆ ناتوانێ سەد هەزار بدا بە خوێندکارێك کە پێی بژی؟ یەعنی سەرەتاییترین داواکارییەکانی ژیانی پێ دەستەبەر بکات، لەبەر ئەوە من دەڵێم دەبێ فشارەکانی پەرلەمان زیاتر بێت...

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

دەستخۆش، د.گەلاوێژ، فەرموو.

بەڕێز د.گلاوێژ عبید عثمان:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

زانکۆکانی کوردستان و حەرەمی زانکۆکان پیرۆزییەکی تایبەتیان هەیە، بۆیە ئێمە پاڵپشتی دەکەین لە دانیشتنی پەرلەمانی کوردستان سەبارەت بە دەرماڵەی خوێندکاران، ئێمە لە لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا دژی هەموو توندوتیژیەکین دژی قوتابییان، بۆیە ئێمە لیژنەیەکمان پێکهێناوە بۆ دڵنیابوون لە هۆکاری دروستبوونی گرژییەکانی خۆپیشاندانی دوێنێی قوتابییانی زانکۆ و پەیمانگاکان لەگەڵ هێزە ئەمنییەکان، سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

بەڵێ سوپاس، رۆژان خان، فەرموو.

بەڕێز رۆژان إبراهیم علی:

بەڕێز سەرۆکا پەرلەمانی.

ئەز پشتگیریا هەڤالێت خۆ دکەم کاك د.عبدالسلامی سەبارەت یاداشتا وانە، خالا دووێ ئەم بەحس بکەم ئەو ژی دیڤ ماددا (٥٦) ژ پەیرەوی ناڤخۆیی پەرلەمانی پاراستنا شکۆ پەرلەمانی ل ماددا (١٨) ئەرکی جەنابا وەیە، گەلە یاسای ژ ڤی پەرلەمانی دەرچووی سوودێکی زۆر گرنگ بۆ هاووڵاتییا هەبی، بەس ئاخافتنێ جەنابێ وە پێچەوانەی وی تشتی بین، بۆ نمونە یاسای خاوێن کردنەوە، زەوی زێدەڕۆیی، (٣٠٠) هەزار هاووڵاتی بێخودان خانی، دووهی لیژنە یاسایی دگەل وەزیرا کشتوکاڵ و سەرچاوێت ئاوێ دانیشتبی کۆمبین کربی، نێزیکەی چار حەتا پێنج هەزار یاسای سەرپەرشتی کردنی یاسایەکە نزیکی چار حەتا پێنج هەزار دەرچوویت بەشی کشتوکاڵی و ڤیتێرنەری دبن خودان کار و دەکەڤن سەر شولی، بەس هەندا جارا ئاخافتنێت وا راستی پێچەوانی وینا کو ئەرکی وە کووا پاراستنی پەرلەمانی بپارێزن، جەنابێ تە ئاماژە ب هەندێ کرد کو ئەو یاسایە دەرچوونە ژ پەرلەمانی کو ژیانا خەلکی ناگۆرن ئەڤەش هەندەك ڤان یاسانن کو...

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:

نا من وام نەوتووە، تۆ باسی موقابەلەیەك دەكەی كە لە دەرەوەی پەرلەمان كراوە، وتوومە لە ئێستادا نایگۆڕن ڕۆژان خان، كاتەكەت تەواو بوو، گوێت گرتبێ وتوومە ناتوانن لە ئێستادا كاریگەری ڕاستەوخۆ دابنێن، ئەوەی پەیوەندی بە ئیقتیصادەوە هەیە، فەرموو كاك هێڤیدار.

بەڕێز هێڤیدار أحمد سلمان:

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.

سێ بابەتی زۆر گرنگ هەیە حەز دەكەم باس بكەم، پەیوەندی بە ژیانی خەڵك هەیە، بەڕاستی پێم خۆشە وەكو پەرلەمانی كوردستان لەگەڵ وەزارەتی شارەوانی، لەگەڵ وەزارەتی كارەبا لەسەر بابەتی نرخی ئاو و كارەبا یەكجار گران بووە لە ناو خەڵك دا، خەڵك گلەییەكی یەكجار زۆری هەیە، داوا لە پەرلەمان دەكەن، بۆ ئێوە بێدەنگن؟ ئایا ئەو نرخە ڕاستە دروستە، حەقی خۆیەتی، حەقی خۆی نییە؟ وەكو پەرلەمان حەقە لەسەر ئەو بابەتە قسە بكات، بابەتێكی دیكە هەیە خەڵكی ئێمە زۆر دەچنە توركیا، ناچار دەكرێت ئۆتۆمبێلی خۆی بگۆڕێت ببێتە ژمارەیەكی زراوی وەكو توركی دابنرێت، ئەگەر نەچێت غەرامە دەكرێت، ئۆتۆمبێلا (٢٠٠) (٣٠٠) هەزار، ئەی بۆ ئۆتۆمبێلەكی توركی كە دێتە هەرێمی كوردستان داخیلی عێراق بێ ژمارەكەی خۆی ناچار نییە بگۆڕێت وەكو ئێمە، یەعنی ئەو بابەتە حەز دەكەم لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ وەكو پەرلەمانی كوردستان، ئەوە لەسەر خەلكی كوردستان فەرز نەكرێت...

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:

خەمی عامە، بەڵام نیزامی نییە، بە یاداشت بیدەنە سەرۆكایەتی، ئێمە ئیشی لەسەر دەكەین، كاك علی حەمە صالح، فەرموو.

بەڕێز علی حەمە صالح طە:

بە ناوی خوای گەورە و میهرەبان.

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.

ئەم بابەتەی نارەزایی قوتابییان كە حەقی خۆیانە لەگەڵ كۆمەڵێك بابەتی تردا ڕەبتی بە كۆمەڵێك بابەتەوەیە، ئێمە پێشتر وتمان، كاری لەسەر نەكرا، من لە جەنابت و خەڵكی كوردستان دەپرسم، سێ جار لیژنەتان ڕاسپارد دارایی كوا؟ چ مەنتیقێك لەمەدا هەیە داهاتی ناوخۆ لە مانگی (٢)دا (٣٧٤) ملیار بووە بۆ تەمویلی مووچە، مانگی پێشوو (١٨٠) ملیار بووە، (١٩٤) ملیار داهاتی ناوخۆ كەمی كردووە، واتا لە (٥٢%) كەمی كردووە، لە كاتێك دا هەموو پارەی تەلەبە (١٠) ملیاری دەوێ، هەموو ئەو ئافرەتانەی كە (١٠) ملیاری دەوێ شەش ساڵە مووچەیان بڕاوە خۆ ئەوان وەزعیان لە تەلەبە خەراپترە، ئافرەتێكی بێ هاوسەر، سێ هەتیوی لەسەرە، كرێچییە، سەد هەزاری هەبووە شەش مانگە بڕاوە. بە چی بژی؟ بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، حەلی ئەمە ئاسانە، تەنیا جگەرەی قاچاخ مانگانە (١٠) ملیار دینار بەرپرسەكان زیان لە داهات دەدا، ئەمە بەڵگەنامەیە لە توركیا شەش كۆمپانیا لە توركیاوە ئەم ساڵ سێ هەزار تەن مەشروبیان داخیل كردووە سەنتێ گومرگیان نەداوە، گومرگ نەدرێ، قاچاخی بكرێ، زەوییە نایابەكان بۆ ئەوان بن، كۆمپانیا گەورەكانیان باج نەدات، بەرمیلێ نەوت (٢٨) دۆلاری بۆ بمێنێتەوە، بە دڵنیاییەوە پارە نییە؟ دیسان داوا دەكەم لێت، تكا دەكەم لێت، داوای نەتیجە لە لیژنەی دارایی بكە، پێنج مانگە

راسپێرراون، چ مەنتقیٚ لەوەدایە داهاتی سلێمانی لە (١٦١) ملیارەوە بۆتە (٨١) ملیـار، هەولێـر لە (٢١٣) ملیارەوە بۆ تەمویلی مووچە بۆتە (١٠٨)...

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

لیژنەی دارایی پێشتریش رامانسپاردبوون، وەڵامی ئەو یاداشـتەی کـاك (علـی حەمە صـالح) بـۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان حازر بکەن، کاك راهی، فەرموو.

بەڕێز راهی راهبر إبراهیم:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بەڕێز سەرۆکی فراکسیۆنی یەکێتی قسەکانی منی کرد، زۆر سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، شنۆ خان، فەرموو.

بەڕێز شنۆ اشقی عبدالله:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

هەر ســەبارەت بە دەرمــاڵەی خوێنــدکاران، لە دەســتپێك دەستخۆشــی لە جەنابــت دەکەم بە پێکهێنانی ئەو لیژنەیە، بەڵام بەدواداچوونم بۆ بابەتێکی دیکە کـردووە کە پەیوەسـتە بە هەمـان چین و بە هەمان لیژنە، ئەویش لە زانکۆی زاخۆیە، ژمارەیەکی زۆر خوێندکار پەیوەندییان پێـوە کردووم کە ساڵانە نزیکەی یەك ملیار دینار لەسەر گیرفانی خوێندکار کۆ دەکرێتەوە لە ژێر نـاوی تەئمینات و رسومات، (١٢٥٠٠٠) لە خوێندکارانی بەیانی و (٣٠٠) هەزار لە پاراڵێل وەردەگیـرێ، لەو (١٢٥)ە (٧٥)ی کۆرســی یەکەمە، (٥٠) هەزاریشــی کۆرســی دووەمە، ئەو (٥٠) هەزارەی کۆرســی دووەم لەگەڵ ئەوەی کە بەدواداچوونم کردووە بنەمـای یاسایی نیـیە، بەڵام تەئمینـاتەکەش بـۆ خوێنـدکار نـاگەڕێنرێتەوە، بـۆ هـیچ خوێنـدکارێك نـاگەرێنرێتەوە، بەڕێـز سـەرۆکی پەرلەمـان، داواکارم ئەو لیژنەیە رابسـپێرێ بەدواداچـوون بـۆ ئەمەش بـکەن، لەبەر ئەوەی بنەمـای یاسـایی نییە لە وەرگرتنی ئەو پارەیە.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

ئەبوو بە یاداشت بماندەیتێ، ئەوە نیزامی نییە، بەڕێـز سـەرۆکی لیـژنەی پەروەردە و خوێنـدنی باڵا بەدواداچوون بـکەن بـۆ ئەو بـابەتە، کـاك زیـاد جەنابـت و کـاك د.صباح وەردەگـرم دواتـر، بـا موداخەلەکان تەواو ببێ، کاك یاسین، فەرموو.

بەڕێز یاسین خضر طه:

بە ناوی خودای گەورە و میهرەبان.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

وەڵلا من نازانم باسی چی بکەم، میللەت سەری دێشی حکومەت زگی بـۆ دەبەسـتێتەوە، یەعنـی بەڕاستی ئەو حوکمەتە زۆر سەیرە، من باسی نەوتی سپی بکەم؟ باسـی بـاجی سـەیارەی بـکەم؟ ماڵی خەڵکیان وێران کرد، باسی پێوەری ئاوێ بکەم؟ ماڵی خەڵکیان وێران کرد، یەعنی بەڕاستی شەرمە بۆ حوکمەتێك سی ساڵ حکومڕانی بکات، لە کێ کە شۆفەر و گەڵابەیان دزی هەتا ئێسـتا نەوت و غازی دەدزن پەنجا هەزاری خوێندکارانی پێ نەدرێ، ئەو مەسئولانەی سی سـاڵە دزیـان

لەو میللەتەی کردووە بـا سـەرۆکی حکـومەت و جێگـرەکەی بچـن پشـتی ملیـان بگـرن و پـارە لە گیرفانی ئەو دزانە دەربێنن و بیدەنە خەڵکی فەقیـر و هەژار، یەعنـی چـل هەزار، ئەمـن هەشـت ملیۆنم مەعاشـە، بـۆ تەڵەبە (٤٠) هەزاری نەبـێ؟ لە مەعاشـی ئـێمەی کەم بـکەنەوە، لە مەعاشـی بەرپرسەکان کەم بکەنەوە، کابرا جاش بـووە، موستەشـار بـووە، (٥٠) حیمـایەی هەیە، (٢٥)ی بـن دیوارە، با مەعاشی کەم بکەنەوە، مەعاشی پلە باڵا کەم کەنەوە دوو ملیۆن، ئەمن بە دوو ملیۆنی قایلم...

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

بەڕێزان کۆمپانیا ئەمنییەکـان زۆر زۆر گـرنگن، بـابەتی پـرۆژە یاسـای کۆمپانیـا ئەمنییەکـان زۆر گرنگن، زۆر زۆر گرنگە، کاك یاسین لەبەر ئەوەی نەتخوێنـدۆتەوە تێبینـاگەی، لەبەر ئەوەی نـازانی چییە، با پێت بڵێم چییە، بەشێك بەشێك لە داهـاتی نەوت، خەرجـی نەوت کە ئـێمە پێمـان وایە خەرجییەکی زۆرە لە چاو ئەو داهاتەی بۆ حکومەتی هەرێمی کوردسـتان دەگەڕێـتەوە، بە هـۆی سێرڤسەوەیە، بە هۆی خەرجی سێرڤسەوەیە، بەشێك لە خەرجی سـێرڤس ئەوەیە کە کۆمپانیـا ئەمنییەکان دەیبەن، لەبەر ئەوە ئەم یاسایە گرنگە، ڕێکخستنی کۆمپانیا ئەمنییەکـان لە هەرێمـی کوردستان گرنگە، تکایە کاری ئەم پەرلەمـانە لە مەجـالی تەشـریع دا بـێ ئەرزش مەکەن، بـابەتی سەرپەرشتیارانی کشتوکاڵی گرنگە، دەیان هەزار هەلی کار دەڕەخسـێنێ بـۆ دەرچـووانی بـواری کشـتوکاڵ، کۆمپانیـا ئەمنییەکـان گـرنگە، خەڵـك هەیە ئێسـتا پێشـمەرگەیە، پۆلیسـە، پـارە لە حکومەت وەردەگرێ، بەڵام بـراوە ئیشـی کۆمپانیـای ئەمنـی پـێ دەکـرێ، جـارێکی تـر پـارەکە لە حکومەت وەردەگیرێتەوە، واتا یەك کەس جارێك وەکو پێشمەرگە پارە وەردەگرێ، جارێك وەکو ئەنـدامێکی کۆمپانیـایەکی ئەمنـی، کارمەنـدێکی کۆمپانیـایەکی ئەمنـی پـارە وەردەگـرێ، ئەمە بەشـێکە لە چاکسـازی، ڕێـگەش دەگـرێ لەوەی گەنجێکـی بێکـاری دانەمەزراو لە کۆمپانیـایەکی ئەمنی دا کار بکـات، ئیشـەکانی ئەم پەرلەمـانە بـێ ئەرزش مەکەن، چـونکە چـوار سـاڵەکە تەواو دەبێ ئێمە دەچینە دەرەوە، پێتان دەڵێن چیتان کرد؟ خۆتان دەتانوت هیچمـان نەکـردووە، ئـێمە ئەساسێکی زۆر باشمان بۆ بەهێزکردنی سێکتەرەکانی تـری ژیـان دانـاوە، لە مەجـالی صـناعە، لە مەجـــالی کشـــتوکاڵ، لە مەجـــالی گەشـــت و گـــوزار، لە ڕێکخســـتنەوەی ئەو بـــوارانەی کە ڕێکنەخرابوون، ئەم دەورەیە تەواو دەبێ، ئەم ستریێسەتان، ئەم زەغتەتـان لەسـەر نـامێنێ، بەس پێتان دەڵێن ئێـوە هیچتـان نەکـرد، ئەو کـاتە کەسـێك کە وتـووێتی هیچمـان نەکـردووە نـاتوانێ شـانازی بە شـانازییەکانی پەرلەمـانی کوردسـتانەوە بکـات، تـۆزێ پشـوو درێـژ بـن، زۆر گـرنگە کۆمپانیا ئەمنییەکان، هیچی کەمتر نییە لەوەی کە ئەمڕۆ باسی دەرماڵەی خوێنـدکاران دەکەیـن، هیچـی کەمتـر نیـیە، لەبەر ئەوەی دەیـان ملیـۆن دۆلار دەگەڕێنـرێتەوە بـۆ حکـومەتی هەرێمـی کوردســتان، ئەو دەیــان ملیــۆن دۆلارە و ئەو دەیــان فرســەتی کــارەی کە پۆلیســێك یــان پێشمەرگەیەك بە زۆر دەنێرن لەوێ ئەو ئیشەی پـێ دەکەن، دەگەڕێـتەوە بـۆ گەنجێـك کە ئێسـتا لەسەر جاددەیە و ئیشی نییە، بەڵام تکا دەکەم پرۆژە یاسـاکان و پێشـنیازە یاسـاکان بخـوێننەوە پێش ئەوەی (طعن)ی لێ بدەن، ئەم پرۆژە یاسایە یەکێکە لە فەخرەکانی پەرلەمانی کوردسـتان، مامۆستا عمر، فەرموو.

بەڕێز عمر عبدالله فتاح:
بە ناوی خوای بەخشندەی میهرەبان.
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
من لە جەنابت دەپرسم مادام حکومەت وەڵامی جەنابتی داوەتەوە کە دەڵێ پارەم نییە، لە ڕێگەی ئێوەی بەڕێزەوە لە حکومەت و دەسەڵات دەپرسم پارەی هەیە بۆ ئەوەی ڤیستیڤاڵی فیلم ساز بکات، بەڵام پارەی نییە بۆ منداڵە هەژارێك بۆ ئەوەی بتوانێ ڕۆژانە لەفەیەکی فەلافل بکرێت، توخوا کامیان زەروورترە لەم وڵاتە؟ پارەی ئەم وڵاتە دەبێ بەپێی زەروورەت خەرج بکرێ، فیلم، فیستیڤاڵی فیلم لە زەمەنێك دا گەنجی هەژار پارەی لەفەی فەلافلی نەبێت، کامیان زەروورترە؟ بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، تکایە ڕێگە مەدەن ئەو حکومەت و دەسەڵاتە لەوە زیاتر یاخی بێ، کاتێ بەو جۆرە وەڵامتان دەداتەوە پێی بڵێین ئێوە یەکێك لە سێ ڕۆڵ و ئەرکی پەرلەمانتان پەکخستووە کە یاسای بوودجەیە، ئەوە ئێمە یارمەتی ئێوەی بەڕێز دەدەین، ژمارەی یاسایی ئەندام پەرلەمان، پێشنیازە بڕیاری خەرج کردنی دەرماڵە ئەمڕۆ دەیخەینە بەردەستتان، تکایە بە پێی ماددەی (٧٨) و (٨٢) مەینێرنەوە بۆ پەرلەمان، بۆ حکومەت راوێژیان پێ بکەن، چونکە لێرە موعالەجەی داهاتەکەشمان کردووە، نەوت دیار نییە هەموومان دەزانین لە تاریکیدایە، گومرگ دەچێتە گیرفانی کۆمپانیا حزبییەکانەوە، داهاتی باج دیار نییە، بەڵام تەنها داهاتی وەزارەتی خوێندنی باڵا بەسە بۆ ئەوەی لە ساڵێکدا بەشی دوو ساڵ دەرماڵەی خوێندکاران بدەی...
بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:
نووسیوتە و پێشکەشی بکە، دەستت خۆش بێ، یاداشتەکەمان پێشکەش بکە بە چاوان، کاك د.شێرکۆ، فەرموو.
بەڕێز د.شێرکۆ جودت مصطفی:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
بەپێی ماددەی (٧٩) بڕگەی (دووهەم) کە باس لە پێشکەش کردنی یاسا دەکات، هەروەکو یاسایەکی زۆر زۆر گرنگ کە یاسای کارە، ئێمە وەکو فراکسیۆنی یەکگرتوو چەند پەرلەمانتارێکی بەڕێزی تر پێشکەشمان کردووە دوو لەمەوپێش، ماددەی (٧٩) بڕگەی (دووهەم) دەڵێ: (لە ماوەی (١٤) ڕۆژدا لیژنەی یاسایی دەبێ لەگەڵ سەرۆکایەتی پەرلەمان دا یەکلایی بکاتەوە، بەتایبەتی ئەگەر بێت و فەراغی یاسایی هەبێت و ڕەهەندێکی گرنگی گرتبێتە خۆ، کە ئەم یاسای کارە زیاتر لە سێ ملیۆن دەستی کار ئەوانەی کار دەکەن لە کۆمپانیا و کارگەکانی کەرتی تایبەت لەم هەرێمی کوردستانە دەگرێتەوە، حقوقیان، مافیان، زوڵم و ستەم کە لێیان دەکرێ و هەلی کار دابین دەکات، ڕەبتیشە بە خوێندکارانیش، کە ئەوە خۆپیشاندان وای لێهاتووە ئەمڕۆ من ئیزافەیەکم هەیە بۆ تەرحەکەی جەنابت کە بریتییە لەوەی کە وەزیری ناوخۆ لەگەل وەزیری دارایی و وەزیری ناوخۆ بێتە ئەم پەرلەمانە، بۆ ئەوەی کە لێی بپرسرێتەوە ئەم هێزە ئەمنییە چۆن توانی عەزیەتی ئەم خوێندکارانە بدات، بوودجەی لێ ئەشاریتەوە، داهاتی وڵاتی لێ ئەشاریتەوە، دەتەوێ بچێ بۆ بێلاروسیا؟ ئەوەی کە کرا لەم ڕۆژنەدا لە بێلاروسیا خراپتر کرا، بە

پەنابەرانی هەرێمی کوردستان، بۆیە بەڕێـز سـەرۆکی پەرلەمـان، زەرووره وەزیـری نـاوخۆش لە پاڵ وەزیری خوێندنی باڵا بێتە ئەم پەرلەمانەوە بۆ ئەوەی کە لێپرسینەوەیان لەگەڵ دا بکرێ.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

کاك سەرکۆ، فەرموو.

بەڕێز سەرکۆ ازاد حسین:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بە تەواوەتـی ئـێمە ئیـدانەی هەمـوو تونـدوتیژییەك دەکەیـن کە بەرامـبەر بە خوێنـدکاران و ئەو هاووڵاتییانە دەکەین کە دێنە سەرشەقام بۆ داواکردنی مافە رەواکـانی خۆیـان، لە هەر شـوێنێك بن، جا لە دهۆك بن، یان لە هەولێر بێ، یان لە سلێمانی بێ، بە زیندان بێ یان بە لێدان بـێ، بەڕێـز سەرۆکی پەرلەمان، ئێمە لە حەفتەی پێشوودا کۆبوونەویەك کـرا لەسـەر کـۆچی گەنجـان، هـیچ نەکرا، نە حکومەت هیچی کرد، نە پەرلەمان، نە لیژنەی پەرلەمانیش چوو بـۆ بیلاروسـیا بـۆ لای کۆچبەرەکان، ئەمە لە کاتێکدایە هۆکـاری کـۆچ پەیوەنـدی بە خراپـی و نـاعەداڵەتی هەیە، ئەگەر ئەم حکـومەتە دێ بە دەم داواکـاری ئەم دۆخە بـاس بکـات، ئەوە شـتێکی تـوورەیی گەنـج و خوێندکار بەڕاستی ئەگەر بەم شێوازە بڕوات، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمـان، ئەری ئەم حکـومڕانییە کـوردییە دەخـوات، یەعنـی ئەمە یەکـێکە لەو کێشـانەی کە تـوورەیی نـادادییەکی گەورە لە نـاو خەڵکی کوردستاندایە، حکومەتی هەرێمـی کوردسـتان لە ئێسـتادا بە نـاوی (PPP)یەوە هەمـوو سـێکەتەرەکانی داوەتە کەرتــی گشــتی و کۆمەڵێــك ســەرمایەدار نــاوی هێنــاوە کردوویێتــی بە سەرمایەداری وەهمی لە کەرتی تایبەتەوە...

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس کاك سەرکۆ، (PPP) خەراپ نییە، نا (PPP) نییە کـاك سـەرکۆ، بـۆت راسـت دەکەمەوە، بڕوا بکە (PPP)...

بەڕێز سەرکۆ ازاد حسین:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

من مەبەستم کەرتی کارەبایە، کەرتی...

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

تەواو قسـەکانت بەجێـیە، بەڵام بەس (PPP) لـێ لابە، دەسـتخۆش کـاك سـەرکۆ، کـاك رزگـار، فەرموو.

بەڕێز رزگار محمد محمود:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

روونە لای جەنابتـان لە رابـردوودا یاسـایەك لەم پەرلەمـانە بەڕێـزەوە دەرچـوو بـۆ پاراسـتنی تۆڕەکانی ئاو، ئێمە وەکو لیژنەی شارەوانی یەعنی بە کۆی دەنگ پێوەری ئاومان تیا رەتکـردەوە، ئەم پەرلەمانە بەڕێزەیش لە یاسـاکە قبـوڵی ئەوەی نەکـرد کە پێـوەری ئـاو لەو یاسـایەدا هەبـێ، لەبەر ئەوەی تێبینی زۆری لەسەر بوو، بەڵام بەداخەوە حکومەت بە بێ گوێدانە پەرلەمـان خـۆی رێنماییەکی دەرکردووە و مانگانە هەشتا هەزار غەرامەی هەموو ماڵێك دەکات، ئێمە لەگەڵ کـاك مەلا ناصر و شیرین خان سەردانی بەڕێوبەرایەتی ئاوی گەرمیانمان کـردووە، ئەم مـانگە دەبێـتە

خـولی (١٢) هەمـوو ماڵێـك دوانـزە هەشـتا هەزاری قەرزارە، باشـە خەڵـك هەیە کـچەکەی لەبەر ئەوەی کرێی پاسی نییە پەنجا هەزار، کچەکەی لە زانکۆ دابڕانـدووە و دانیشـتووە، باشـە بـۆچی ئەم حکومەتە نەهاتە پەرلەمان گفتوگۆ بکات، بەڕێـز سـەرۆکی پەرلەمـان، بڵـێ بـۆچی پاسـایەك دەرنـاچێنن؟ بـۆ ئەوەی هەم ئیجرائـات بکـرێ، هەم سـامانی ئـاو بپـارێزرێ، بەداخەوە، دیـارە حکومەت حیساب بۆ پەرلەمان ناکات...

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

نا، حکومەت حیساب بۆ پەرلەمان دەکات بۆ وا دەڵێی کاك رزگار؟ د.شایان، فەرموو.

بەڕێز د.شایان کاکە صالح محەمەد:

بە ناوی خوای گەورە.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

پشتگیری لە تەواوی قسەکانی هاوڕێم (ئاشنا) خان دەکەم، هەروەها ئەو یاداشتەی کە بەیەکەوە ئیمزامان کرد و تەقدیمی کردبوو، (٤٨) پەرلەمانتار ئیمزامان کرد، کە دەبوایە ئەمڕۆ لە بەرنامەی کاردا بوایە، پرسیارێکیشم هەیە بۆ دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمـان سـەبارەت بە مـاددەی (٦٦) لە بـڕگەی (سـێیەم) و (شەشـەم)، بـڕگەی سـێیەم هەر تـایبەتە بە یاداشـتەکان دەڵـێ (دەسـتەی سـەرۆکایەتی دەبێـت لە مـاوەیەك دا کە لە (١٤) ڕۆژ تێـپەڕ نەکـات وادەی ئەو دانیشـتنە دیـاری بکات)، لە بڕگەی شەشەم دا دەڵێ (حکومەت دەتوانێ داوای دواخستنی ئەو دانیشـتنە بکـات بـۆ ماوەیەك کە لە حەفت ڕۆژ زیاتر نەبێت بە هەماهەنگی لەگەڵ دەستەی سەرۆکایەتی ڕۆژێکی تـر دیاری دەکرێـت)، پرسـیارەکەی مـن بـۆ بەڕێزتـان ئەوەیە، ئایـا کە حکـومەت وەڵامتـان نـاداتەوە ئیجرائاتی دەستەی سەرۆکایەتی لەگەڵ حکومەت دا چییە؟ سەبارەت بە خاڵی ئەخیر سەبارەت بە ستیکەرەکانە، یاداشتێکمان پێشکەش کرد، پێشکەشـی دەسـتەی سـەرۆکایەتیمان کـردووە کە بە ئامادەبوونی وەزیری تەندروستی، گفتوگۆ لە بارەی نرخ و کواڵتی ستیکەر لە دەرمان بکرێـت، زۆر سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

سـوپاس، ئـێمە دەسـتەی سـەرۆکایەتی و کـۆی پەرلەمـان لە کـاتی نەهـاتنی وەزیـردا هەر ئەو دەسەڵاتانەی هەیە کە لە پەیڕەوی ناوخۆ دیاریکراوە، ئەگەر پەیـڕەوی نـاوخۆ دەسـەڵاتێکی داوە بە سەرۆکایەتی پەرلەمان، یان سەرۆکی پەرلەمان لە نەهـاتنی وەزیـردا و سـەرۆکی پەرلەمـان و سـەرۆکایەتی پەرلەمـان ئەو دەسـەڵاتە بەکـار نـاهێنن ئەوە گلەییمـان لـێ بکەن، ئـێمە سـەرۆکی فراکسیۆنەکانمان کۆ کردەوە، باسی واقیعەکەمان بۆ کردن، وتمان (ئێـوە رازیـن ئـێمە مەوعیـدی دانیشـتن دابنێـین، نووسـراو بنێـرین بـۆ حکـومەت، ڕۆژەکە تەحدیـد بکەیـن، هـات و نەهـات دانیشـتنەکە بکـرێ؟ وتیـان (ئەی ئەنجـامەکەی؟ ئەنجـامی چیـیە؟)، بەڕێـزان، ئەگەر کـۆی ئەم پەرلەمـانە، فراکسـیۆنەکانی پەرلەمـان لەگەڵ ئەوەن ئـێمە ئەو یاداشـتانەی دێـتە لامـان بە بـێ تەنسیق لەگەڵ حکومەت نووسراوەکە بنێرین، بڵێین ڕۆژی ئەوەندە کۆبـوونەوەیە، کۆبـوونەوەك بیخینە بەرنامەی کار، هاتن و نەهـاتن گفتوگـۆ بکەیـن؟ دەبـێ پێمـان بڵێـنەوە لە ڕێـگەی سـەرۆك فراکسـیۆنەکانتانەوە بە سـەرۆکایەتی پەرلەمـانی کوردسـتان بڵێـنەوە بڵـێن ئـێمە ڕازیـن، بەڵام بەڕێزان گفتوگۆ یەعنی تۆ قسە دەکەیت و منیش قسە دەکەم، ئەگەر وەزیرەکە لەوێ نەبێ ئەوە

ناوی گفتوگۆ نییە، کاك عمر ئیعلانی دەکەم یەعنی قابیلە ئەگەر یەکێك نەیێ بڵێم وەڵلا ئەوە فەقیرەی نەخۆشە؟ یەکسەر ئیعلانی دەکەم حەز دەکات کاك قوباد تاڵەبانی بێ، بەڕێزان سەرۆکی فراکسیۆنەکانتان بە ئێمەیان وت لەگەڵ حکومەت ئیعادەی تەنزیمی عیلاقەکەتان بکەنەوە، ئەگەر سەرۆکی فراکسیۆنەکان ڕەئیتان گۆڕیوە، ڕەئیەکی جیاوازتان هەیە پێمان بڵێن، بەڵام ئەو کاتە نابێ بەپێی ماددەی (٦٦)بێ، دەبێ ناوێکی تری بۆ بدۆزینەوە، بریتی نییە لە خستنەڕووی بابەتێکی گشتی بۆ گفتوگۆ بە ئامادەبوونی حکومەت، دەبێ بڵێین خستنەڕووی بابەتێکی گشتی و گرنگ بە ناوی ئەوە، دەبێ ناوی بۆ بدۆزینەوە بەڕێزان، ئێوە لە فراکسیۆنەکانی پەرلەمانی کوردستان ڕەئیەکی جیاوازتان هەیە لەو کۆبوونەوەی کە کردمان، پێمان بڵێن ئێمە ڕەئیەکی جیاوازمان هەیە، ئێمەش حەز دەکەین دانیشتنی پەرلەمان بکرێ، حەز دەکەین بابەتە گرنگەکان موناقەشە بکرێ، بەڵام حەز دەکەین لایەنی پەیوەندیدار لە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئامادە بێ، ڕەئی جیاواتان هەیە قسە لەگەڵ سەرۆك فراکسیۆنەکانتان بکەن با ڕەئیە جیاوازەکەی عەکسی کۆبوونەوەکەی ئەو ڕۆژەمان بۆ بێنێ، بەڵام ناتوانین بڵێین ماددەی (٦٦)، ئەوە ناوی گفتوگۆ نییە ئەو کاتە، دەبێ ناوێکی تری بۆ بدۆزینەوە بەڕێزان، کاك نزار، فەرموو.

بەڕێز نزار ملا عبدالغفار:

بە ناوی خودای گەورە.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

وێڕای خەمخۆریمان بۆ داواکاری ڕەوای هاووڵاتییان، ئێمە بەردەوام بە یاداشت، بە نوسراو، نوسراومان ئاراستەی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کردووە، کەوا چەندین جار بانگهێشتی وەزیرە بەڕێزەکانمان کردووە، چەندین جار وەزیرەکان لە لیژنەکان ئامادەییان هەبووە لەگەڵمان، بۆیە ئەو یاسا و پرۆژە یاسایانە کە لە پەرلەمانی کوردستان دەردەچووێندرێن ماندووبوونێکی زۆرمان بە دوادا کێشاوە، چەندین جار لەسەر داواکاری هاووڵاتیان کەوا دیاردەی چەك هەڵگرتن و یاخود کۆمپانیا ئەمنییەکان چەندین دانیشتنمان لە لیژنەی ناوخۆ و ئاسایش لەگەڵ لایەنی پەیوندیدار وەزیری ناوخۆ لە حزبەکەی من دا چەندین جار بانگهێشتمان کردووە هاتۆتە لیژنە و لەسەر داواکاری ئێمە هەمواری ئەم یاسانە دەکرێتەوە کەوا ئێستا ئاراستەی پەرلەمان کراون، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئێمە تەنها بەدواداچوون دەکەین بۆ ئەوەی ڕەخنە بگرین، خۆ ئەگەر جارەکیش بە شتە باشەکان بڵێین (باش) گوناحبار نابین، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، لەو ڕووداوە سروشتییەی کەوا لە ماوەیەکی ڕابردوو پێش ئێستا ڕووداوێکی سروشتی لافاوێك هات، ئێمەی پەرلەمانتاران وێڕای کاری بەدواداچوونمان بڕوا بکە نەگەیشتینە ئەوەی بەدواداچوون بکەین کە سەرۆکی حکومەت خۆی پۆتینێکی لەبەر کرد لە ناو لێقەوماوان بوو، قەرەبووی زیانلێکەوتووانی کرد...

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

بەڕێزیشی واجیبێتی، ئێمەش واجیبمانە و بەڕێزیشیان واجیبیانە، بەڵێ کاك جلال، فەرموو.

بەڕێز جلال محمد عبدالله:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
هی منیش هەر لە خەمی گشتی یە، من بە صەراحەت لەسەر یانەکانی شەوانە (Night Club) قسە دەکەم کە (٧٢) یانە لە هەولێر هەیە، یەعنی بەڕاستی لە سلێمانی و لە دهۆکیش کەمتر نییە، ئەوەی ویژدانی خەڵکی هەژاندووە بەڕاستی شەوانە ئێمە دەبینین لێرە و لەوێ پەرژینی لە رووی حازری ئەو ئافرەتە بەڕێزانە، یەعنی پارە بەسەر ئافرەتان دادەکرێ بە ماسیحە خڕ دەکەنەوە، یەعنی شتی وا دەبینین سەیر، گوێمان لێ دەبێ، بەڕاستی سەرۆکی پەرلەمان، بۆ نمونە (ولید هاجری) گۆرانیبێژێکی لوبنانی یە، (قاسم سلطان) گۆرانیبێژێکی عێراقی یە، بڕوا بکە ئەوانە لە سێ قاعە گۆرانی دەڵێن شەوێ دەفتەرەکیان هەیە، حەفتەی حەفت دەفتەر دەبەنەوە، پارەی ئەو وڵاتەی سەروەت و سامانی ئەو وڵاتەی هەموو بە فیڕۆ دەڕوا، من دەزانم ئەوانەی هاتوونە هەموو لە لوبنان و لە سوریا و لە بەغدا و لەو جێیانە، خەڵکی کوردستانی تێدا نییە، بەڵام بەڕاستی ئەو مەوزووعە دەبێ چارەسەرێکی گونجاوی بۆ بدۆزرێتەوە، ئەوی تر بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، لەسەر ئەوە قسە دەکەم پێشمەرگەکانی بریندار لە شەڕی (داعش) لە (٢٠١٤)ەوە (٢٢) وەجبەیان بەڕاستی ئەوانە ناویان نووسراوە ملیۆنەك دیناریان پێ بدرێ، (١٤) وەجبە وەریگرتووە، (٨) وەجبەی ماوە، دەکرێ بەڕاستی لیژنەی مەعنی بە جیددی ئیش و کاری لەسەر بکەن، بۆ ئەوەی ئەوانیش پێیان بدرێ، زۆر سوپاس.
بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:
بەڵێ زۆر سوپاس، لیژنەی ناوخۆ رادەسپێرین بۆ موتابەعەی ئەو قسانەی کە کاك جلال دەیکات، دوای ئەوەی بە یاداشتێکی نووسراو زانیارییەکانی دەداتە لیژنەی ناوخۆ، لیژنەی پێشمەرگەش رادەسپێرین بۆ بریندارانی شەڕی (داعش)، یاداشتێك ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بکەن، بۆ ئەوەی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان لەو بارەیەوە قسە بکەین، زۆر سوپاس، روپاك خان، فەرموو.
بەڕێز روپاك أحمد رحمان:
بە ناوی خوای گەورە و میهرەبان.
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
من بە گوێرەی ماددەی (٦٦) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان قسە دەکەم، ئێمە ئەمڕۆ مامۆستا هەورامان، بدریە خان چووین بۆ ناو خۆپیشاندەرانی ناڕازی، خوێندکارانی زانکۆ و پەیمانگاکان، بەڵام بەداخەوە فەرمانی دەستگیرکردنمان لەوێ یەکێك کە سەر بە هێزە ئەمنییەکان بوو، مۆبایل لە بن گوێی بوو وتی فەرمانم پێکراوە کە دەستگیرتان بکەم، چەند وتمان ئێمە پەرلەمانتارین چۆن دەتوانن ئێمە دەستگیر بکەن؟ هەتا قسەی لەگەڵ سەرووی خۆی دەکرد دەیگوت دووانیشیان ئافرەتن، دەیگوت دەستگیریان بکە، ئەوە مامەڵەی هێزە ئەمنییەکان لەگەڵ پەرلەمانتاران بێ، پارێزبەندی چ ئیعتیبارێکی دەبێ؟ لەگەڵ پەرلەمانتاران ئەو جۆرە مامەڵە بکرێ ئایا چۆن خوێندکارێکی قوڕبەسەر کە دێتە سەر شەقام لێی نادرێ؟ یاخود سووکایەتی پێ ناکرێ؟ ئێمە ئەمڕۆ لە ناویان بووین خوێندکار هەبوو تەنها هەزار دینار لە گیرفانی بوو، خوێندکار هەبوو هەزار و دوو سەد و پەنجا لە گیرفانی بوو، منداڵی چ بەرپرسێك

لەو هەرێمە بە هەزار رۆژانە دەچن بۆ زانکۆ، بۆ داواکانیان حەقن، حەقی خۆیانە بێن خۆپیشاندان بکەن...

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

بەڵێ سوپاس، سەبارەت بە ئەو قسەیەی کە کردوویانە بەرامبەرتان ئێمە نازانین کێیە و چین؟ بەڕێزتان یاداشتێك ئەدەنە سەرۆکایەتی پەرلەمان، ئێمە لەگەڵ بەڕێز وەزیری ناوخۆدا قسە دەکەین، بۆ ئەوەی ئیجرائات بکرێت لەگەڵ هەر کەسێك کە ناماقوڵی بەرامبەرتان کردووە، مامۆستا أبوبکر، فەرموو.

بەڕێز أبوبکر عمر عبدالله:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

من لە روانگەی ماددەی (٢) و (٩٨)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان موداخەلە دەکەم، بە پێی ماددەی (٢) ئەم پەرلەمانە مەرجەعی سیاسی و یاساییە و نوێنەرایەتی سەرجەم پێکهاتەکانی گەلی کوردستانی عێراق دەکات، حەفتەیەك لەمەوپێش وەزیری بەرگری تورکیا (خلوصی ئاکار) هێرشێکی کردە سەر (٤٠) ملیۆن کورد، ئاماژەی بەوە دا کە جوگرافیایەکی نییە ناوی کوردستان و هەرێمی کوردستان بێ، من ئەمڕۆ چاوەڕێم دەکرد بەڕێزتان چۆن رێزت گرت لە دایکی گەلی کورد خاتوو (دانیال میتران) کە شتێکی زۆر باش بوو، چاوەڕێی حزبەکان دەکەی یەعنی جەنابت ئیدانەی بکەن؟ بۆ پەرلەمان ئیدانەی ئەوە ناکات کە بە خۆت دەزانی، جەنابیشت و (منی) خانیش خولی پێشوو قونسولی ئێران شتێکی وای وت یەك کۆبوونەوەی پەرلەمانی کوردستانی بۆ تەرخان کرا، ئێمە شەڕی هیچ دەوڵەت و گەلێك ناکەین، بەڵام بەرگری لە کەرامتمان، لە خاکمان، لە شکۆمان، لە جوگرافیامان دەکەین، بەداخەوە دەوڵەتی عێراق هەڵوەشاوە، ئەگەر نا ئەگەر عێراق عێراق بوایە بە دەستووری ئێمە هەرێمی کوردستانین، دەبوایە بانگهێشتی باڵیۆزی دەوڵەتی تورکیای بکردایە، دووەم/ بەپێی ماددەی (٩٨) هەموو ئەو کێشانە، تۆڕی چاودێری خێزان و خوێندکاران پەیوەندی بە بوودجەوە هەیە، جەنابیشت دەڵێی لە کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکەی دوێنێ داهاتی هەرێم هەمووی ناچێتەوە بۆ وەزارەتی دارایی، فەرموو با بوودجە بێ و ئەو داهاتانەش بچێتەوە بۆ ئەوەی ئەو کێشانە چارەسەر بکرێ.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

زۆر سوپاس، سەبارەت بە قسەی وەزیری بەرگری تورکیا لەبەر ئەوەی وەزیری پێشمەرگە جوابی دایەوە لە راستی دا، پێمانوایە ئەوە بەرامبەرەکەیەتی، بۆیە جوابمان نەداوەتەوە، بەڵام کە یەکێك جوابی دایەوە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەگەر سەرۆکی پەرلەمانی ئەوان قسەی بکردایە ئێمەش قسەکان دەکرد، ئەندامێکی پەرلەمان قسەی بکردایە دەبوو ئەندامێکی پەرلەمان قسەی بکردایە، بەڵام لەبەر ئەوەی بەڕێزیان جوابی داوەتەوە ئێمە جوابمان نەداوەتەوە، ئەگەر پێویست بێ و پێتان وابێ پێویستە ئێمە هیچ مانیعەتمان نییە لەڕاستی دا، حەز دەکەن داوای دانیشتنێك بکەن لەسەر ئەو بابەتە، هەڵەز خان، فەرموو.

بەڕێز هلز أحمد محمد:

بەڕێز سەرۆکا پەرلەمانی.

دیڤ ماددا (٢) ژ پەیڕەوی ناڤخۆیا پەرلەمانێ ئاخافتنێ دکەم، پەرلەمان لە هەرێمێ دا باڵاترین دەسەڵاتا یاسادانان و چاودێری کرنە، لە کەمپا دۆمیز ئێك، دوو/ لە پارێزگاها دهۆکێ بەڕێز سەرۆکا پەرلەمانی، ئەڤە بۆ ماوەی (٢٢) ڕۆژە مامۆستایەت وانەبێژ ب ناڤێ (هاوکار) مانگرتنا کری کو ناچنە د هۆڵێت خاندنێدا، کو نزیکی (١٠) هەزار قوتابیا د ناڤا ئەو دوو کامپادات بێ بەهرن ژ خاندنێ، مووچێ ڤانا هی هەیڤا(١٠) و (١١) و (١٢)ێ بەرزە بووی کەسنەزانیت کێ خاریە وکێ بریە کێ بەرپرسە، دیڤ بەدواداچوونا من تەعتیمەکا ئیعلامیا هەی سەر ڤان هەردوو کەمپێت هەنێ، بەرهەندێ ئەز داخازی جەنابێ تە دەکەم لیجنا پەروەردێ، بەڕێز سەرۆکا پەرلەمانی، جارا دیشی من داخازی کرد جەنابێ تە هەندێك بادینی تە ل بەر هەندێ ئەو داخازی من کری تە جێبەجێ نەکرد، داخازێت دکەم لیجنا پەروەردە بێتە راسپاردن، بۆ دیڤ چوونا ڤی بابەتێ، چونکی نووکە (٤٦٠) مامۆستا مانگرتنە بۆ ماوەی (٢٢) ڕۆژا، تەعتیم ئیعلامیا لەسەر هەی، لەبەر هەندێ ئایا کێ پارێتڤانا کێ برینە پارێت ڤان چەوا هاتینە بەرزە کرنی، کێ پێ مولزەمە پارێت ڤانێ بداتە حکومەتا هەرێمێت خودان، بەس ئی وانە نەهێناتە دان،...

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

دوای ئەوەی هەڵەز خان یاداشتێك بە نووسراو ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکات، لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا بەدواداچوون بۆ داواکارییەکەی پەرلەمانتار هەڵەز خان دەکات، کاك مەم، فەرموو.

بەڕێز مەم برهان محمد قانع:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

من بە پرسیارێك لە جەنابتان دەست پێ دەکەم، لەسەر کاتەکەم بەس حیسابی مەکە، پرسیارێك وەڵامم بدەوە بۆ ئەوەی بچمە ناو مەوزووعەکە، بەڕێزت باست لەوە کرد (٢٠١٩/٩/١٠) بە نووسراوێك ئاگاداری سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانتان کردووە دوو پێشنیازە یاساتان پێشکەش کردوون لەسەر مەسەلەی دەرماڵەی خوێندکاران، وەڵامی ئەنجومەنی وەزیران لە مانگی (٣)ی (٢٠٢١) بووە، واتا دوای ساڵێك و شەش مانگ کە نزیکەی سەد مەتر دوورە ئەنجومەنی وەزیران، بۆمان روون بکەنەوە بەم شێوەیە دەتوانن عیلاقات لەگەڵ ئەنجومەنی وەزیران دا ڕێکبخرێتەوە یان نا؟

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

با جوابی ئەوەت بدەمەوە ئینجا، ئێمە یەك پرۆژە یاسا و دوو و سێ پێشنیازە یاسا نانێرین، هەر چیمان بۆ دێت دەینێرین، لە ئەنجومەنی وەزیران پێشتر ئالیەتێك هەبوو بۆ دیراسە کردنی پێشنیازە یاساکانی کە ئێمە دەینێرین لەگەڵ ئەو پرۆژە یاسانەی کە خۆیان حازری دەکەن پێکهاتبوو لە پێنج وەزیر، هەر یەکێك لەو وەزیرانە لە وەزارەتەکەی خۆی و لە موئەسەسەکەی خۆی ئیشی هەبوو، لەبەر ئەوە ئەو پرۆسەیە زۆر دوادەکەوت، لەسەر داوای ئێمە لە پەرلەمانی کوردستان لە کۆبوونەوەیەکی سێ سەرۆکایەتییەکە کە وتمان ئەو پرۆسەیە زۆر تەئخیر دەبێ و ئەم شێوازە کار کردنە دەبێتە سەبەبی تەعتیل کردنی کاروبارەکانی پەرلەمان، بەسوپاسەوە

سەرۆکی ئەنجـومەنی وەزیـران بڕیـاری دا میکـانیزمێکی تـر بـدۆزێتەوە، میکـانیزمەکەی ئێسـتا میکانیزمێکی خێرایە کە شتێکیان بۆ دەنێرین دوای ماوەیەك بۆمان دەنێرنەوە دوای مـاوەیەکی کەم، ئەگەر نەینێرنەوە لەو ماوەیە ئێمە جەخـت دەکەیـنەوە دەڵێـین فڵان ڕۆژ لە فلان تەئـریخ نووسراومان بۆ ناردبوون لەسەر ئەو پێشنیازە یاسایە وەڵاممان بـدەنەوە، پێشـتر ئـالیەتەکە زۆر خراپ بوو، ئێستا ئالیەتەکە موناسیبە.

بەڕێز مەم برهان محمد قانع:

بەڵێ زۆر سوپاس، من بەخێرایـی بـاس لەوە دەکەم، لەم هەرێمـی کوردسـتانەدا ئەوەنـدە کێشـە هەیە، کاتێ کێشەیەکی تازە دێتە پێشەوە یەکسەر لەسەر کێشەکەی پێشووتر وەلا دەنرێ، ئێستا کۆچ چی لێهات؟ دەرەنجامی کۆچ چی لێهات؟ یـان کێشـەکانی تـری ئەم وڵاتە، ئێسـتا تەماشـای بـکە کێشــەی کــۆچ ئەو خەڵکــانەی کە هــاتن پێویســت دەکــات حکــومەت دەعمیــان بکــات، هاوکارییەکی باشیان بکات، ئەوانەی کە سەری خۆیان هەڵگرت و بە ناچـاری گەڕاونەتەوە، ئەمە خاڵێکە، مەسەلەی خوێندکاران، لێـدان لە خوێنـدکاران، شـکاندنی کەرامەتـی خوێنـدکار، گەنجـن ئەوانە نەوەی دواڕۆژن، ئەمە پرسـێکە چەنـدە پەیوەنـدی بە وەزیرانـی دارایـی و خوێنـدنی باڵا هەیە، پەیوەندی بە وەزیری ناوخۆش هەیە، لەو کێشەی کە کەرامەتی خوێنـدکارێك دەشـکێنرێ تا کەرامەتی پەرلەمانتارێك کە پێی دەووترێـت دەسـتگیری بـکە، ئەم مەسـەلانە دەبـێ لەسـەری بوەستین، ئەم مەوزووعـانە ئەمە پـرس گەلـێکن یەعنـی پێویسـتە دەکـات لەسـەری بوەسـتین و دەبێ پەرلەمان لەم مەسەلانە سازش نەکات، زۆر هەڵوێستی توندی هەبێ، یەعنی تۆ تەماشا بکە لە ماددەی (١٨)دا کە دەسەڵاتی سەرۆکی پەرلەمانە و لە بەشێکی زۆر لە ئەرکەکـانی پەرلەمانتـار یاسای چاکسازی ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠٢٠) دەرچووە، ئێ وەزارەتـی شـەهیدان هـاتووە مـووچەی هاووڵاتی بڕیوە...

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس کاك مەم، مامۆستا عثمان، فەرموو.

بەڕێز د.عثمان علی سمایل:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

دوابەدوای لێدوانەکەی جەنابت لە بارەی ڕاسپاردنی ئەو لیژنانە بـۆ بەدواداچـوونی گیروگرفتـی قوتابییان هیچ ناڵێم، تەنها حەز دەکەم ئەو خولەکەی خۆم قسە بکەم، دەچمە خـزمەت قورئـانی پیرۆز کە خوای گەورە دەفەرموێت لە سورەی (المجـادلە) ئـایەتی (١١): (يَرْفَـعِ اللَّـهُ الَّـذِينَ آمَنُـوا مِنكُمْ وَالَّذِينَ أُوتُوا الْعِلْـمَ دَرَجَـاتٍ)، خـوای رب العـالمين باوەڕدارەکـان بەرز دەکـاتەوە، دواتـریش ئیمانداره زانایەکان سەرمان بەرز دەکاتەوە، بەڵام لە وڵاتێك کە خوێنی مامۆستایانی ئاینی دوای پێنج ساڵ هەروا (إنا لله و إنا إليه راجعون) بۆ دەگوترێ و دڵی هیچ کەسێکی سـارێژ نەکـردووە، دوێنی شەق لە مامۆستای قوتابی هەڵدرا و ئەوڕۆ قوتابی برینـدار کـراوە، بە پێـی مـاددەی (٢)ی بــڕگەی (١) هەڵوێســتی جەنابــت چ بــووە لەســەر ئەوەی مامۆســتا هوشــیار؟ نووســراوێك؟ داواکارییێـك؟ ڕوونکـردنەوەیەك؟ بـۆ تـا ئێسـتا جێبەجـێ نەکـراوە ئەو یاسـای بە سـزا گەیانـدنی بکوژانی مامۆستا هوشیار؟ سوپاس بۆ جەنابت.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

بەڵێ، لەسەر مەبدەئی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لە هەرێمی کوردستان، بابەتەکە لە دادگا حوکمی ئیعدامی بۆ دەرچووە، حوکمی ئیعدامیش هیچ پەیوەندییەکی بە پەرلەمانی کوردستانەوە نییە لە راستی دا، نەك بکوژی مامۆستا هوشیار، دیان کەسی تر کە حوکمی ئیعدامیان هەیە لە هەرێمی کوردستان دا حوکمەکەیان بۆ جێبەجێ نەکراوە، ئەگەر بەڕێزتان داواکارییەکی جیاوازتان هەیە بۆ ئەم بابەتە، داواتان لێ دەکەم یاداشتێك بدەنە سەرۆکایەتی، بۆ ئەوەی ئێمە داوا لە بەڕێز سەرۆکی هەرێم بکەین، بۆ ئەوەی وەکو ئەو حاڵەتانەی کە تایبەتمەندی دراوەتێ تایبەتمەندی بداتێ، جار جارە جێبەجێ دەکرێ، یەعنی دانە دانە جێبەجێ دەکرێ، یاداشت بدەنە سەرۆکایەتی ئێمەش ئەوەی لەسەرمانە داواکارییەکەتان بەرز دەکەینەوە بۆ بەڕێز سەرۆکی هەرێم، بەڵێ کاك کاوە، فەرموو.

بەڕێز کاوە عبدالقادر حسن:

بە ناوی خوای گەورە و میهرەبان.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ئێمە وەك فراکسیۆنی نەوەی نوێ لە پەرلەمانی کوردستان بە توندی ئیدانەی ئەو دەست درێژییە دەکەین و ئەو تاوانە دەکەین کە دوێنێ بەرامبەر بە خوێندکارانی زانکۆ و پەیمانگاکان کرا لە شاری سلێمانی، داوا دەکەین کە پەرلەمانی کوردستان لیژنەیەك پێك بهێنێ لە لیژنەی ناوخۆ و لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا بەدواداچوون بکەن، پێویستە ئەوانەی کە هێرش دەکەنە سەر خوێندکاران، هێرش دەکەنە سەر خۆپیشاندەران بەڕاستی بە توندی سزا بدرێن، پرسیارێکم هەیە لەسەر ئەوەی ئێمە لە (٢٠١٩) ئەوە سێ ساڵە پرۆژە بڕیاری گەڕانەوەی دەرماڵەی خوێندکارانمان پێشکەش بە سەرۆکایەتی پەرلەمان کردووە چی لێهاتووە؟ بۆچی تا ئێستا هیچ وەڵامێکی نییە؟ ئەوەی تر دەمەوێ ئەوە بڵێم کە تەنها ئەمساڵ وەزارەتی خوێندنی باڵا داهاتی لە مەرحەلە یەکەکەکان ئەوانەی کە پاڕاڵێل تەقدیمیان کردووە بیست ملیار و پێنج سەد ملیۆن دینارە، جگە لە مەرحەلە دوو و سێ و چوارەکان، یەعنی تەنها بەو داهاتە حکومەت دەتوانێ بەشەکی سەرەکی دەرماڵەی خوێندکارانی زانکۆ و پەیمانگاکان دابین بکات، بۆ نایکات؟ تەنها بە پێنج سەعاتی داهاتی نەوت دەتوانێت دابینی بکات، تەنیا بە یەك ڕۆژی داهاتی گومرگەکان دەتوانێ...

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

ڕاستە وایە ڕاستە، کاك پێشەوا لە شوێنی خۆتەوە قسە مەکە، د.صباح، فەرموو.

بەڕێز د.صباح محمود محمد:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ڕوونکردنەوە لەسەر داوای ئێوە، لە ڕۆژی (١١/٤) وەزیری تەندروستی بانگهێشتی لیژنەی تەندروستیمان کرد، ئامادە بوو، زۆربەی ئەندامانی لیژنەی کاروباری تەندروستی و ژینگە و مافی بەکاربەر ئامادەبوون، لەو دانیشتنە باسی مەوزووعی ستیکەر و گرانی دەرمان و کواڵتی کۆنترۆڵ بە تێروتەسەلی باس کرا، وەزیری تەندروستی ڕوونکردنەوەی تێروتەسەلی بە لیژنەکەی دا، بەس مەوزووع یەکێك لە زەمیلەکانم کە باسی تەندەر و ئەوەی کرد، عەینەن ئەو

بابەتە بە حوکمی ئەوەی من ئەندامی لیژنەی دەستپاکیشم جگە لە سەرۆکی لیژنەی تەندروستی، ئەم مەوزووعە هاتۆتە لیژنەی دەستپاکی، ئێمە لە هەردوو لیژنە کاری لەسەر دەکەین، ئەوەی پێمان بکرێن ئینشاڵلا پاشی روونکردنەوە دەدەین، سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس کاك دکتۆر، سوپاس، کاك زیاد، فەرموو.

بەڕێز زیاد جبار محمد:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

لە راستی دا من دەمەوێ روونکردنەوەیەك بدەم، دیارە کاك علی باسی ئەوەی کرد کە پێنج جار سەرۆکایەتی پەرلەمانی لێ راسپاردووە، ئەوەی من ئاگادار بم هەر یەکجار لەسەر ئەو بابەتە راسپێرراوین کە بەدواچوون بکەین بۆ ئەوە، ئەوە یەك، دووهەم/ ئێمە لە لیژنەی دارایی بەردەوام کۆبوونەوەکانمان بەردەوامن و ئەرکی خۆمان جێبەجێ کردووە و هیچ کۆبوونەوەیەك نییە ئەوە برادەرەکانمان لێرەن، هیچ کۆبوونەوەیەك نییە ئێمە دوو بابەتی گرنگ، بابەتێك دوو بابەتی گرنگ بەدواچوون نەکەین و بەدوایدا نەچین و ئیش و کاری خۆمان نەکەین، دەمەوێ لێرەوە پێتان بڵێم کە لیژنەی دارایی کەمتەرخەمی نەکردووە لە ئیشەکانی خۆی، دووهەم هەموو ئەو یاداشتانەی کە هاتوون بۆ لیژنەی دارایی ئەگەر سەرۆکایەتی پەرلەمانیش راینەسپاردبێتین، بە رێکارە پەیرەوییەکە هاتبێتە لیژنەی دارایی، لە دەرەوەی ئێوەش هاتبێ ئێمە بەدواداچوونمان کردووە، بۆ ئەم مەبەستە کە بەدوای ئەوەدا بچین داهاتی هەرێمی کوردستان ئێمە بە رەزامەندانە ئەندامانی لیژنە لێرەن، جارێك وەزیری دارایی هاتۆتە لیژنەی دارایی کە بە وردی قسە و باس لەسەر ئەوە کراوە، جارێکی دیکە فەترەی پێشوو خۆمان سەردانمان کردووە، چووین لەگەڵی دانیشتووین، هەروەها چەندین کۆبوونەوە کراوە، بەدواداچوون کراوە، بێجگە لەوە بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدابووین ئەو یاداشتانەی کە هاتوون بەشێکی گرنگی هەستمان کردووە کە لە دوای هەڵسەنگاندن و بەدواداچوون، ئەوانەی کە هاتوون کە ناو دەنرێت ئەوانە بەڵگەی تیایە بەشی زۆری هیچ هێزێکی قانونی تێدا نەبووە، هیچ بەڵگەیەکی قانونی تێدا نەبووە کە ئێمە بە کاری بێنین، تەنیا بەدواداچوون بووە، بەدواداچوونیش بۆ داهاتی هەرێمی کوردستان ئێمە بەردەوامین راستە، داهات لە هەڵکشان و داکشاندایە، لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە جیاوازە، ئەوەی کە ئێمە لە وەزارەتی دارایی وەردەگرین بەدواداچوون دەکەین، لەبەر ئەوە با ئەوە کۆتایی پێ بێت کە لیژنەی دارایی رادەسپێرن، چ راسپاردەیەك هەیە؟ چ بەڕێزێك راپۆرتێکی هەیە لەو بارەوە بە بەڵگەوە بمانداتێ، بۆ ئەوەی بەدواداچوون بکەین، بەڵام ئەوەی کە هەبووە هیچ بنەمایەکی قانوونی و هیچ هێزێکی قانونی تیا نەبووە کە گەیشتۆتە لای ئێمە، زۆر سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

بەڵێ زۆر سوپاس بۆ روونکردنەوەکەت، بەڕێزان سەرۆکایەتی لیژنەی یاسایی، فەرموون دەست بەجێبەجێ کردنی بڕگەی یەکەمی بەرنامەی کار دەکەین، کاك شاخەوان فەرموو، فەرموو مامۆستا.

بەڕێز شاخوان رؤوف مصطفى:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
من لەسەر ئەو دۆخەی دوێنێی سلێمانی پێشنیار دەکەم لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە دروست بکرێ بۆ بەدواداچوونی ئەو توندەتیژیانەی کە بەرامبەر بە خوێندکارانی سلێمانی کراوە، لەبەر ئەوە داوا دەکەین لیژنەیەکی بە پەلە دروست بکرێ باشە، ئیجرائاتی توند لەگەڵ ئەو خەڵکانە بکرێ کە توندوتیژیان کردووە، زۆر سوپاس.
بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:
بەڵێ زۆر سوپاس، لەگەڵ بەڕێز د.عبدالسلام سەرۆکی لیژنی پەروەردە و خوێندنی باڵا تەنسیق بکەن، دەتوانن لیژنەیەکی هاوبەش لە هەردوو لیژنەکە دروست بکەن، پەرلەمانیش هەموو پێداویستە لۆجستییەکانتان بۆ ئامادە دەکات، وا بکەن لیژنەکە بە شێوەیەك بێ کە هەردوو لیژنەکە تیا بەشدار بن، بەڵێ، دەست بە جێبەجێ کردنی بڕگەکانی بەرنامەی کار دەکەین، ئێمە کە زۆر قەرەباڵخی دەکەین راپۆرتمان بۆنایەتەوە، چونکە بەداخەوە دەیڵێم زۆربەی ئەو لیژنانەی لێرە دروستمان کردووە و قەرەباڵخ بووە هیچی راپۆرتمان بۆ نەهاتۆتەوە، دوو کەس لە لیژنەی ناوخۆ، سێ کەس لە لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا، ئەوە لیژنەکەن، تەواو، پێویست ناکات، دەتەوێ قسە بکەی؟ بەڵێ قسە بکە، فەرموو.
بەڕێز گلستان باقی سلیمان:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
هەر چەوا بیت دەما ناڤێ مرۆڤی هاتە خاندن گوتی (ئامادە نەبوو) چ حەوجا ناکا ئەز بکەمە هاوار بێژیم ئەزی ئامادە بووی ئان بوومە مۆلەت هەر تشتەکی دی، من دووهو تەلەفۆنا سەرۆکی لیژنەی مافی مرۆڤ کریە کو من زرووفەکی گەلەکا ناخۆش هەیە ئەز ناشێم ئامادە بم، بەلکو ناشێم ئامادە بم، ئەڤرۆکەشی ناوی من (ئامادە نەبوو) خاندن، بەڕاستی یەعنی دڤێت دیڤچوونەك هەبی ل سەر بزانن کا کێ ئامادە بوو، کێ (ئامادە نەبوو)، کێ بو مۆڵەت، ئەڤە چەند جار دووبارە بوو ئەڤ دیاردە، زۆر سوپاس، هەروەسا پشتگیریا ئاخافتنێن سەرۆکی لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا دکەم لسەر دەرماڵێن قوتابیان، زۆر سوپاس.
بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:
بەڵێ سوپاس، سکرتێری پەرلەمان ناتوانێ غیابی هیچ کەسێك بدات ئەگەر بۆی نەهاتبێ، دەڵێ ئەوە نووسراوی لیژنەی خۆتە، لەگەڵ سەرۆکی لیژنەت قسە بکە، راستی بکاتەوە مونا خان راستی دەکاتەوە، ئیشەکە لێرە نییە، لەگەڵ سەرۆکی لیژنەی خۆت تەنسیق بکە، بەڵێ بەڕێزان دەست بە جێبەجێ کردنی بڕگەی یەکەمی بەرنامەی کار دەکەین، داوا لە ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان دەکەین کە بێنەوە ژوورەوە، چونکە زۆر گرنگە دەبێ دەنگ بدەین لەسەر یاسایەکی زۆر گرنگ کە پەیوەندی بە ئەو ئازیزانەمانەوە هەیە کە بە هۆی هێرشەکانی (داعش)ەوە بزربوون، بەڵێ فەرموون دەست بە جێبەجێ کردنی بڕگەی یەکەمی بەرنامەی کار دەکەین کە بریتی یە لە خوێندنەوەی یەکەم بۆ ئەو پێشنیازە یاسا و پرۆژە یاسایانەی خوارەوە پشت بەست بە حوکمی بڕگەی (دووەم) و (پێنجەمی) ماددەی (٧٨) و (٧٩) بڕگەی (یەکەمی) ماددەی (یەکەم) و ماددەی (٨٣) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، فەرموون.

بەڕێز بژار خالد عبدالله:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

پێشنیازە یاسای بەرەنگابوونەوەی توندوتیژی دژ بە خێزان و ئافرەت لە هەرێمی کوردستان-عیرق لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندام پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە، ئەم پێشنیازە یاسایە پێکهاتووە لە (١٢) مادده لەگەڵ هۆیەکانی دەرچوواندن، ناوی ئەندامانی پەرلەمان ئەوانەی کە واژوویان کردووە ئەمانەن:

- لنجه إبراهيم عبدالرحمن دزەیی
- رۆمیۆ هەکاری
- سەلما فاتح توفيق
- جلال پەرێشان
- جوان یونس رۆژبەیانی
- زانا مەلا خالد
- نجاة شعبان عبدالله
- بژار کۆچەر
- لقمان وەردی
- د.گەلاوێژ عبید
- گولیزار رشید سندی
- ژیان طاهر
- پێشەوا هەورامانی
- بەختیار شوکری
- سارا دلشاد بکر
- ویسی سعید وەیسی
- هەژان حسن کوێستان
- مەلا إحسان رێکانی
- سفین اغا عمر گەردی
- رۆژان محمد کریم
- فیصل عباس
- سوسن محمد میرخان
- لیزا فلك الدين کاکەیی
- هەدیە مراد حیدر
- هەڵکەوت أنور خلیفه
- عبدالسلام عبدالله حسن دۆڵەمەری
- گوڵستان باقی نهێلی
- بەهمەن کاك عبدالله
- سعید مصطفی هەرکی

- د.زیدان برادۆستی
- ڕێڤینگ محمد

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، داوا لە بەڕێزتان دەکەین ئەم پێشنیازە یاسایە ئاراستەی لیژنەکانی تایبەتمەند بکرێت.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

بەڵێ، ئەم پێشنیازە یاسایە ئاراستەی لیژنەی داکۆکی لە مافەکانی ئافرەت، لیژنەی یاسایی و سەرجەم ئەندامانی پەرلەمان دەکرێ، فەرموون ئەوەی دووەم.

بەڕێز ڕۆژان محمد کریم:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

پێشنیازە یاسای هەمواری یاسای سەلماندن ژمارە (٧)ی ساڵی (١٩٧٩) و هەموارەکانی لە هەرێمی کوردستان-عێراق، لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە، ئەم پێشنیازە یاسایە لە پێنج مادده پێکهاتووە لەگەڵ هۆیەکانی دەرچوواندن، ناوی ئەندامانی پەرلەمان ئەوانەی کە واژوویان کردووە ئەمانەن:

- عبدالستار مجید
- گوڵستان سعید
- علی حەمە صالح
- کاروان گەزنەیی
- سەلما فاتح توفیق
- هێرش حسن حمد
- عثمان سێدەری
- رووپاك أحمد رحمان
- ئاشنا عبدالقادر
- عمر عبدالله فتاح
- شەمۆل اشین
- عثمان علی
- هەژان حسن کوێستانی
- بدریە إسماعیل
- مسلم عبدالله رسول
- د.هەورامان گەچێنەیی
- دیاری أنور

سەرۆکی پەرلەمان، داوا لە بەڕێزتان دەکەین ئەم پێشنیازە یاسایە ئاراستەی لیژنەکانی تایبەتمەند بکرێت، سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

بەڵێ ئەو پێشنیازە یاسایە ئاراستەی لیژنەی یاسایی و سەرجەم ئەندامانی پەرلەمان دەکرێ، فەرموون دوای ئەوە.

بەڕێز ڕۆژان ابراهيم على:
بەڕێز سەرۆكا پەرلەمانی.
پرۆژە یاسایا چەك لە هەرێما كوردستان-عێراق ژ لای ئەنجومەنی وەزیرانی هاتی پێشكەش كرن و ئەو پـرۆژە یاسـایەش لە (٢٨) مـاددە پێكهـاتووە لەگەڵ هۆیەكـانی دەرچوواندن، داخـازێش جەنابێ وە دكەین ئەڤ پرۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنەی تایبەتمەند بكەن، زۆر سوپاس.
بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:
بەڵێ بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمـان، ئامـاژە بە بـڕگەی (دووەم) لە مـاددەی (٨٤) سـیفەتی بە پەلە دەدەینە پرۆژە یاسای چەك، ئاراستەی لیژنەكانی ناوخۆ و لیژنەی یاسایی و سەرجەم ئەنـدامانی پەرلەمـانی دەكەیـن، لیـژنەی نـاوخۆ دەبـێ لە مـاوەی حەوت ڕۆژ لە گەیشـتنی نووسـراوەكەی سـەرۆكایەتی ڕاپـۆرت حـازر بكـات، لەبەر ئەوەی كە بـابەتی ڕێكخسـتنی چەك بە جـۆرێكە كە پێویسـتی بەوەیە لە زووتـرین كـات دا ڕێـك بخـرێ و ئەو تاوانـانەی كە ڕۆژانە بە چەك ئەنجـام دەدرێ هی ئەوەیە پەرلەمان بە بایەخەوە وەری بگرێ، لەبەر ئەوە دەبـێ لە مـاوەی حەوت ڕۆژدا ڕاپۆرتەكەی ئامادە بكرێ، بەڵـێ زۆر سـوپاس بەڕێـزان لە لیـژنەی یاسـایی، دەست بە جێبەجـێ كردنـــی بـــڕگەی (دووەم) دەكەیـــن بەڕێـــزان، ئەم پێشـــنیازە یاســـایە زۆر زۆر گـــرنگە، داوا لە سەرۆكایەتی لیژنەی ناوچە كوردسـتانییەكان و شـەهیدانیش دەكەیـن فەرمـوو ئامـادە بـن، داوا دەكەین بە فراكسیۆنەكانتان بڵێن بێنەوە ژوورەوە، چونكە پەیوەندی بە ئەو بزربـووانە هەیە كە بە هۆی شەڕی (داعش)ەوە لە ئێزدی، لە مەسیحی، لە سوننە، لە شـیعە، لە كـورد، لە نەتەوەكـانی تر بە هۆی ئەو بابەتەوە ون بوون، بزر بوون، داوا دەكەین فراكسـیۆنەكان داوا لە ئەنـدامەكانیان بكەن بۆ ئینصاف كردنی ئەوان ئەمانەوێ زۆرتـرین ئەنـدام بەشـدار بـێ لە ئەنگدانەكە، بەڕێـزان بڕوا بـكەن دانیشـتن بەس سـەعات و نیـوی یەكەم نییە، ئەم بـابەتە گرنگە، حەزی ئـێمە ئەوەیە زۆرتـــرین كەس بەشـــدار بـــێ، لەبەر ئەوەی پێـــنج، شـــەش دەقەیەك ڕادەوەســـتین، بە گەرمـــی بەخێرهـاتنی بەڕێـزان مێوانـانی پەرلەمـانی كوردسـتان دەكەیـن كە تـایبەت بەم پـرۆژە یاسـایە گەورەیان كردووین هاتوون، كەس و كاری قوربانیانن، داوا لە فراكسیۆنەكانی خۆتان بكەن بێـنە ژوورەوە، پێمان خۆشە دەنگ بێنێ ئەگینا خۆ ئێسـتا نیصـاب لێـرەیە، نیصـاب هەیە بەس پێمـان خۆشە زۆرترین دەنگ بێنێ، بەڵێ دەست پێ بكەن.
بەڕێز جوان یونس محمد:
بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.
بۆ/ سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان
بابەت/ ڕاپۆرتی دەنگدان
لیژنەی كاروباری یاسایی و لیژنەی ناوچە كوردسـتانییەكانی دەرەوەی هەرێـم لیـژنەی كاروبـاری شەهیدان و جینۆساید و زینـدانیانی سیاسـی ڕۆژی دووشـەممە ڕێكەوتـی (٢٠٢١/١١/١٥) كـاتژمێر (١٢)ی نیـــوەڕۆ كۆبـــوونەوەی هاوبەشـــیان ئەنجـــام دا بـــۆ تـــاوتوێ كـــردن و داڕشـــتنەوەی ئەو پێشنیارانەی كە لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشكەش كراون، سەبارەت بە پێشـنیازە یاسـای هەمواری یاسای بزربووەكان لە هەڵمەتەكانی لە ناوبردنی بە كۆمەڵەی گەلی كوردسـتانی عێـراق

ژماره (٣)ی ساڵی (١٩٩٩)، لە دانیشتنی خوێندنەوەی دووەم دا دوای گفتوگۆ کردن و تاوتوێ کردن لیژنەکان گەیشتنە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:
-سەبارەت بە ناونیشان دوو پێشنیار هەیە:
-پێشنیاری یەکەم: ناونیشان بەم شێوەیەی لێ بکرێت:
پێشنیازە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای بزربووەکان لە هەڵمەتەکانی لە ناوبردنی بە کۆمەڵی گەلی کوردستان-عێراق ژمارە (٣)ی ساڵی (١٩٩٩).

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:
ناونیشان دوو پێشنیاز هەیە بەڕێزان، پێشنیازی یەکەم (پێشنیازە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای بزربووەکان لە هەڵمەتەکانی لە ناوبردنی بە کۆمەڵی گەلی کوردستان-عێراق ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٩)، کێی لەگەڵە؟ بەڵێ زۆر سوپاس (٣) کەس، پێشنیازی دووەم (پێشنیازە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای بزربووەکان لە هەڵمەتەکانی لە ناوبردنی بە کۆمەڵی گەلی کوردستان عێراق ژمارە (٣)ی ساڵی (١٩٩٩)، بەڕێزان بۆچی وایە؟ لەبەر ئەوەی لە ئەصڵی قانونەکە وایە، کاك بژار دەتەوێ روونکردنەوە بدەی لەسەر ئەوە؟ فەرموون دەچێتە دەنگدان، هەر بەڕێزێکی لەگەڵە؟ بە دەنگی (٥٨) ئەندامی پەرلەمان پەسەند کرا.

بەڕێز جوان یونس محمد:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
سەبارەت بە مادده (١) پێنج پێشنیار هەیە:
-پێشنیاری یەکەم: ماددەکە بەم شێوەی لێ بکرێت:
خاڵێك بە زنجیرەی شەش بۆ ماددەی (١) زیاد دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێنەوە:
٦-ئەو هاونیشتیمانیانەی کە لە هەرێمی کوردستان و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان لە ئەنجامی هەڵمەتەکانی تاوانی کۆمەڵکوژی جینۆساید و دژ بە مرۆڤایەتی و تاوانەکانی جەنگ ئەنجام دراوە لەلایەن رێکخراوی تیرۆریستی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام ناسراو بە (داعش) لە ساڵی (٢٠١٤) بزربوون، رێکەوتی (٢٠١٤/٨/٣) بە مێژووی جاردانی بزربوونییان دادەندرێت و گەڕان بە دوای چارەنووسیان لە رووی هۆیەکانی و کات و مەبەستەکەی بە تێپەڕبوونی چوار ساڵ بەسەر بزربوونیان دا کۆتایی دێت.
-پێشنیاری دووەم: ماددەکە بەم شێوەیەی لێ بکرێت:
- خاڵێك بە زنجیرەی شەش بۆ ماددەی (١) زیاد دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێنەوە:
٦- ئەوانەی لە ئەنجامی هەڵمەتەکانی تاوانی کۆمەڵکوژی جینۆساید و دژ بە مرۆڤایەتی و تاوانەکانی جەنگ ئەنجام دراوە لەلایەن رێکخراوی تیرۆریستی بە ناوی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام ناسراو بە (داعش) لە ساڵی (٢٠١٤) بزربوون، رێکەوتی (٢٠١٤/٨/٣) بە مێژووی جاردانی بزربوونییان دادەندرێت و گەڕان بە دوای چارەنووسیان لە رووی هۆیەکانی و کات و مەبەستەکەی بە تێپەڕبوونی چوار ساڵ بەسەر بزربوونیان دا کۆتایی دێت.
-پێشنیاری سێیەم: ماددەکە بەم شێوەیەی لێ بکرێت:

- خاڵێــك بە زنجیــرەی شــەش بــۆ مــاددەی (١) زیــاد دەکرێــت و بەم شــێوەیەی خــوارەوە دەخوێندرێنەوە:
٦-ئەو هاووڵاتییانەی لە ئەنجامی هەڵمەتەکانی تاوانی کۆمەڵکوژی جینۆساید و دژ بە مرۆڤایەتی و تاوانەکانی جەنگ ئەنجام دراوە لەلایەن ڕێکخراوی تیرۆریستی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام ناسراو بە (داعش) لە ساڵی (٢٠١٤) بزربوون، ڕێکەوتی (٢٠١٤/٨/٣) بە مێژووی جاردانی بزربوونییان دادەنرێت و گەڕان بە دوای چارەنووسیان لە ڕووی هۆیەکانی و کات و مەبەستەکەی بە تێپەڕبوونی چوار ساڵ بەسەر بزربوونیان دا کۆتایی دێت.
-پێشنیاری چوارەم: وەك خۆی:
- خاڵێــك بە زنجیــرەی شــەش بــۆ مــاددەی (١) زیــاد دەکرێــت و بەم شــێوەیەی خــوارەوە دەخوێندرێنەوە:
٦- ئەوانەی لە ئەنجامی هەڵمەتەکانی تاوانی کۆمەڵکوژی جینۆساید و دژ بە مرۆڤایەتی و تاوانەکانی جەنگ ئەنجام دراوە لەلایەن ڕێکخراوی تیرۆریستی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام ناسراو بە (داعش) بزربوون، ڕێکەوتی (٢٠١٤/٨/٣) بە مێژووی جاردانی بزربوونییان دادەنرێت و گەڕان بە دوای چارەنووسیان لە ڕووی هۆیەکانی و کات و مەبەستەکەی بە تێپەڕبوونی چوار ساڵ بەسەر بزربوونیان دا کۆتایی دێت.
-پێشنیاری پێنجەم: پێشنیاری هەر سێ لیژنەی تایبەتمەندە:
بەپێی ئەو دەسەڵاتانەی ماددەی (٩١) بڕگەی (چوارەم) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان کە بە لیژنەی یاسایی و تایبەتمەند دراوە، ئێمە لە کۆبەندی ئەو بژاردانەی پێشنیار کراون لەلایەن ئەندامانی پەرلەمان لە دانیشتنی خوێندنەوەی (دووەم)دا ئەم پێشنیارە دەخەینەڕوو داوا دەکەین بخرێتە دەنگدان:
- خاڵێــك بە زنجیــرەی شــەش بــۆ مــاددەی (١) زیــاد دەکرێــت و بەم شــێوەیەی خــوارەوە دەخوێندرێنەوە:
٦- ئەوانەی کە لە هەرێمی کوردستان و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان لە ئەنجامی هەڵمەتەکانی تاوانی کۆمەڵکوژی جینۆساید و دژ بە مرۆڤایەتی و تاوانەکانی جەنگ ئەنجام دراوە لەلایەن ڕێکخراوی تیرۆریستی بە ناو دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام ناسراو بە (داعش) بزربوون، ڕێکەوتی (٢٠١٤/٨/٣) بە مێژووی جاردانی بزربوونییان دادەنرێت و گەڕان بە دوای چارەنووسیان لە ڕووی هۆیەکانی و کات و مەبەستەکەی بە تێپەڕبوونی چوار ساڵ بەسەر بزربوونیان دا کۆتایی دێت.
سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:
بەڕێزان بۆ ماددەی (١) کە ماددە ئەساسییەکەیە پێنج پێشنیار هەیە:
-پێشنیاری یەکەم هەر بەڕێزێکی لەگەڵە؟ کەسی لەگەڵ نییە.
-پێشنیاری دووەم هەر بەڕێزێکی لەگەڵە؟.
-پێشنیاری سێیەم هەر بەڕێزێکی لەگەڵە دەست بەرز بکاتەوە؟ کەسی لەگەڵ نییە.
-پێشنیاری چوارەم هەر بەڕێزێکی لەگەڵە وەکو خۆی، دەست بەرز بکاتەوە؟.

-پێشنیاری لیژنەی تایبەتمەند، هەر بەڕێزێکی لەگەڵە؟ بەڵێ بە دەنگی (٧٦) ئەندامی پەرلەمان پەسەند کرا.
ماددەی دوای ئەوە.
بەڕێز سوسن محمد میرخان:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
سەبارەت بە ماددەی (٢) هیچ پێشنیارێك نییە وەك خۆی:
ماددە (٢)
پێویستە ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.
بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:
بەڕێزان ماددەی (٢) وەك خۆی هیچ پێشنیارێك نییە، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمانی لەگەڵە با دەست بەرز بکاتەوە؟ فەرموو بەڕێزان دەنگ بدەن ئەوەی دەیەوێ دەنگ بە ماددەکە بدات، بە دەنگی (٧٦) ئەندامی پەرلەمان پەسەند کرا، ماددەی (٣).
بەڕێز سوسن محمد میرخان:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
سەبارەت بە ماددەی (٣) هیچ پێشنیارێك نییە، وەك خۆی:
ماددە (٣):
کار بە دەقی هیچ یاسا و بڕیارێك ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە دا ناکۆك بێت.
بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:
بەڵێ بەڕێزان هەر کەسێك لەگەڵ ماددەی (٣)یە وەك خۆی؟ بە دەنگی (٧١) ئەندامی پەرلەمان پەسەند کرا.
بەڕێز سوسن محمد میرخان:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
سەبارەت بە ماددەی (٤) هیچ پێشنیارێك نییە، وەك خۆی:
ماددە (٤):
ئەم یاسایە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی وەقائیعی کوردستان دا جێبەجێ دەکرێت.
بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:
بەڕێزان ماددەکە وەك خۆی، ماددەی (٤) هەر بەڕێزێکی لەگەڵە؟
بە دەنگی (٧٦) ئەندامی پەرلەمان پەسەند کرا.
بەڕێز سوسن محمد میرخان:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
سەبارەت بە هۆیەکانی دەرچوواندن چوار پێشنیار هەیە:
-پێشنیاری یەکەم بەم شێوەیەی لێ بکرێت:
هۆیەکانی دەرچوواندن:

به مەبەستی چارەسەرکردنی ئەو گرفتە یاساییانەی رووبەڕووی کەس و کاری قوربانییانی گەلی کوردستان بوونەتەوە کە لە ئەنجامی ئەو تاوانانەی هاتوونەتەدی کە رێکخراوی تیرۆریستی بە ناوی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام ناسراو بە (داعش) ئەنجامی داون، ئەم یاسایە دەرچووێنرا.

-پێشنیاری دووەم بەم شێوەیەی لێ بکرێت:

هۆیەکانی دەرچوواندن:

به مەبەستی چارەسەرکردنی ئەو گرفتە یاساییانەی رووبەڕووی کەس و کاری قوربانییانی گەلی کوردستان ئێزیدییەکان و پێکهاتەکانی تر بوونەتەوە کە لە ئەنجامی ئەو تاوانانەی هاتوونەتەدی کە رێکخراوی تیرۆریستی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام ناسراو بە (داعش) ئەنجامی داون، ئەم یاسایە دەرچووێنرا.

-پێشنیاری سێیەم وەك خۆی:

هۆیەکانی دەرچوواندن:

به مەبەستی چارەسەرکردنی ئەو گرفتە یاساییانەی رووبەڕووی کەس و کاری قوربانییانی گەلی کوردستان بوونەتەوە کە لە ئەنجامی ئەو تاوانانەی هاتوونەتەدی کە رێکخراوی تیرۆریستی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام ناسراو بە (داعش) ئەنجامی داون، ئەم یاسایە دەرچووێنرا.

-پێشنیاری چوارەم: پێشنیاری هەر سێ لیژنەی تایبەتمەند:

هۆیەکانی دەرچوواندن:

به مەبەستی چارەسەرکردنی ئەو گرفتە یاساییانەی رووبەڕووی کەس و کاری قوربانییانی گەلی کوردستان بە سەرجەم پێکهاتەکانی نەتەوەیی و ئاینی بوونەتەوە کە لە ئەنجامی ئەو تاوانانەی هاتوونەتەدی کە رێکخراوی تیرۆریستی بە ناو دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام ناسراو بە (داعش) ئەنجامی داون، ئەم یاسایە دەرچووێنرا.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

بەڵێ زۆر سوپاس، بەڕێزان سەبارەت بە هۆیەکانی دەرچوواندن چوار پێشننیار هەیە:

- هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ پێشنیازی یەکەمە دەست بەرز بکاتەوە؟ کەسی لەگەڵ نییە.

- هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ پێشنیازی دووەمە دەست بەرز بکاتەوە؟ کەسی لەگەڵ نییە.

- هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ پێشنیازی سێیەمە دەست بەرز بکاتەوە؟ یەك ئەندامی لەگەڵە.

- هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ پێشنیازی لیژنەی تایبەتمەندە دەست بەرز بکاتەوە؟ بە دەنگی (٧٧) ئەندامی پەرلەمان پەسەند کرا.

- بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ کۆی یاساکەیە با بفەرمێ دەستی بەرز بکاتەوە؟ بە دەنگی (٧٨) ئەندامی پەرلەمان پەسەند کرا.

بە ناوی خۆمان پیرۆزبایی لە خۆمان و لە گەلی کوردستان دەکەین بۆ پێشنیازە یاسای یاسای هەمواری یەکەمی یاسای بزربووەکان لە هەڵمەتەکانی لە ناوبردنی بە کۆمەڵی گەلی کوردستان عێراق

ژماره (٣)ی ساڵی ١٩٩٩، فەرموون بچنەوە جێگای خۆتان، بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی، بەڕێز سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتوو، سەبارەت بە پێشنیازە یاسای کار لە هەرێمی کوردستان داوای روونکردنەوە دەکات، چونکە ئێمە ئاراستەی بەڕێزتانمان کردبوو.

بەڕێز بژار خالد عبدالله:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

دوێنێ راپۆرتی ئێمە ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کراوە، راستە ئەو ماوەی پەیڕەو باس دەکات، ئەوە تایبەتە سەبارەت بە پێشنیازە یاسایەك یەعنی بە یەك وەجبە حەڤدە دانە پێشنیازی یاسا ئاراستەی کراون، ئێمە ناتوانین لە ماوەی چواردە رۆژ مەسەلەن کە بۆ یەك پێشنیازی یاسا باس کراوە حەڤدە دانە دیراسە بکەین بەڕاستی، پێویستیمان بە کاتە، جگە لەو حەڤدە دانە پێشنیازی یاسا و بڕیار کە ئاراستەی لیژنەی یاسایی کراون، لە بەرامبەر ئەرکێکی تریش داین کە راپۆرتی خوێندنەوەی دووەم سەبارەت بە پێشنیازە یاسا، یان پرۆژەی یاسایەکی تر ئامادە دەکەین، بۆ خوێندنەوەی سێیەم ئەو راپۆرتانە هەموو لە زیمنی ئەم ماوەیە ئیشمان کردییە، لەبەر ئەوە یەعنی، بەڵام دوێنێ راپۆرتی ئێمە تەواو بووە، دوێنێ ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانمان کردووە.

بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

بەڵێ سوپاس، بەڕێزان بەیانی سەعات (١١) دانیشتنی پەرلەمان بەردەوام دەبێ بە ئامادەبوونی بەڕێز وەزیری ناوخۆ لەسەر بابەتی پرۆژە یاسای کۆمپانیا ئەمنییەکان، چونکە پێمان باشە خۆی لێرە بێ، سەعات (١١) دەست بە کۆبوونەوەکەمان دەکەینەوە، زۆر سوپاس، بەم شێوەیە کۆتایی بە کۆبوونەوە دێت.

| | | |
|---|---|---|
| منی نبی قهوچی | هێمن هەورامی | د. رێواز فائق حسێن |
| سکرتێری پەرلەمانی | جێگری سەرۆکی پەرلەمانی | سەرۆکی پەرلەمانی |
| کوردستان – عێراق | کوردستان – عێراق | کوردستان - عێراق |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٨)ی
چوارشەممە ڕێکەوتی ٢٤\١١\٢٠٢١
خولی پێنجەمی هەڵبژاردن

# پڕۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٨)
# چوارشەممە ڕێکەوتی ٢٠٢١/١١/٢٤

کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی ٢٤/ ٢٠٢١/١١ پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی د. ڕێواز فائق حسێن سەرۆکی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز هێمن هەورامی جێگری سەرۆك و، بەڕێز منی نبی قهوچی سکرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ژمارە (٨)ی ئاسایی خولی پێنجەمی ساڵی (٢٠٢١) ی خۆی بەست.

بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمی ماددەی (٥) بڕگەی یەك لە ماددەی (١٦) بڕگەی (٣) لە ماددەی (١٨) و بڕگەکانی (١، ٣، ٤، ٥) لە ماددەی (٢٠) و ماددەکانی (٤٧، ٤٨) و ماددەکانی (٥٢ و ٥٤ و ٥٥ و ٥٦ و ٥٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانشتنی ژمارە (٨) ی ئاسایی خولی پایزەی ساڵی سێیەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە کاتژمێر (١١) ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی (٢٤-١١-٢٠٢١) بەو شێوەیە بێت:

١ خوێندنەوەی دووەم بۆ ئەو پڕۆژە یاسایانەی خوارەوە بەپێی حوکمی ماددەکانی (٨٧ و ٨٨ و ٨٩) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان:

یەك – کۆمپانیای ئەمنەبەتی تایبەتی لە هەرێمی کوردستانی عێراق و سەرپەرشتی کردنی پرۆژەکانی کشتوکاڵ لە هەرێمی کوردستان.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان.

بە ناوی گەلی کوردستان. دانیشتنی ژمارە (٨)ی ئاسایی خولی پایزەی ساڵی سێیەم لە خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان دەست پێ ئەکەین، سەرەتا داوا لە بەرێز سکرتێری پەرلەمان ئەکەم بەرنامەی کار و پوختەی کۆنووسی کۆبوونەوە و ناوی (ئامادە نەبوو)ان بخوێنیتەوە.

بەرێز منی نبی قهوچی/ سکرتیری پەرلەمان:

بەپێی حوکمی ماددەی (٥) بڕگەی یەك لە ماددەی (١٦) بڕگەی (٣) لە ماددەی (١٨) و بڕگەکانی (١، ٣، ٤، ٥) لە ماددەی (٢٠) و ماددەکانی (٤٧ و ٤٨) و ماددەکانی (٥٢ و ٥٤ و ٥٥ و ٥٦ و ٥٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (٨) ی ئاسایی خولی پایزەی ساڵی سێیەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە کاتژمێر (١١) ی پێش نیوەرۆی ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی (٢٠٢١/١١/٢٤) بەو شێوەیە بێت:

١ خوێندنەوەی دووەم بۆ ئەو پرۆژە یاسایانەی خوارەوە بەپێی حوکمی ماددەکانی (٨٧ و ٨٨ و ٨٩) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان:

یەك – کۆمپانیای ئەمنییەتی تایبەتی لە هەرێمی کوردستانی عێراق و سەرپەرشتی کردنی پرۆژەکانی کشتوکاڵ لە هەرێمی کوردستان.

پوختەی دانیشتنی ژمارە (٧) ی ئاسایی:

بەپێی حوکمی بڕگەی دووەمی ماددەی (٢٠ و ٥٢) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، پوختەی دانیشتنی ژمارە (٧) ی ئاسایی خولی پایزەی ساڵی سێیەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە کاتژمێر (١١) ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێشەمە ڕێکەوتی (٢٠٢١/١١/٢٣) بەو شێوەی خوارەوە بوو:

١- دەست پێ کردنی دانیشتن لەلایەن بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.

٢- خوێندنەوەی بەرنامەی کار و پوختەی دانیشتن و ناوی ئەندامانی (ئامادە نەبوو) بە مۆڵەت و بێ مۆڵەت لە لایەن بەرێز سکرتێری پەرلەمان.

٣- دەست پێ کردنی بڕگەکانی بەرنامەی کار لەلایەن بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.

٤- خوێندنەوەی یەکەم بۆ ئەو پێشنیاز و پرۆژە یاسایانەی خوارەوە:

یەك – پێشنیازە یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە خێزان و ئافرەت لە هەرێمی کوردستان.

دوو- پێشنیازە یاسای هەمواری یاسای سەلماندن ژمارە (١٠٧) ی ساڵی ١٩٧٩ و هەموارەکانی لە هەرێمی کوردستان.

سێ _ پرۆژە یاسای چەك لە هەرێمی کوردستان.

٥- دەنگدان لەسەر پرۆژە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای بزربووەکان لە هەڵمەتەکانی لە ناوبردنی بە کۆمەڵی گەلی کوردستانی عێراق ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٩،

٦- دواخستنی بڕگەی سێیەمی بەرنامەی کار.

٧- کۆتایی هاتنی دانیشتن لەلایەن بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.

لیستی ئامادەبووان و (ئامادە نەبوو)انی ئەندامان لە دانیشتنی ژمارە (٧) ی ئاسایی (٢٠٢١/١١/٢٣):

هەموویان مۆلەت بوون:

جەلال محمد امین.

جمال حویز مصطفی.

جهاد حسن ابراهیم.

دیاری انور حمه.

سفین اغا عمر.

سلما فاتح توفیق.

سیپان سالم حسن.

عبدالستار مجید قادر.

هاورێ بناء محمد.

هیمداد صباح.

کاظم فاروق نامق_ (ئامادە نەبوو)ە بە بڕیاری ژمارە (٢) ی ٢٠٢١.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

دەست بە جێبەجێ کردنی بڕگەی یەکەمی بەرنامەی کار ئەکەین، کە خوێندنەوەی دووەمە بۆ پرۆژە یاسای کۆمپانیا ئەمنییەتەکانە لە هەرێمی کوردستانی عێراق، داوا لە لیژنەی ناوخۆ و یاسایی فەرموو، فەرموو هەلەز خان.

بەڕێز هلز احمد محمد:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

دیڤ ماددا (٥٦) بڕگا دوو یاسایەکی ل پەرلەمانی کوردستانی دەرچووی، یاسای ژمارە (١١) ی سالی ٢٠١٠ یاسای ڕێکخستنا خۆپیشاندانی جهێ داخی (٢٠) پەرلەمانتار زێدەتر بەحسی خۆپیشاندانی قوتابیانی کر، ئەڤرۆ جارەکادی ب هەمان هەڵوێست هێزیت ئەمنی دەرحەقت قوتابیاندا کری، ل بەر هندێ داخازی دکەم ل وەزیرێت خاندنا بلندی و وەزیری ناڤخۆ بێن و ئەڤ پرسیارا بێتە کرنی، بۆچی ل سلیمانی برامبەری هندەك تەلەبی وان؟ ئەگەرنا ئەم یاسایی هەموار بکەین یان هەڵوەشێنین، سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

فەرموو کاك اسکندر.

بەڕێز مم اسکندر مم:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

جهێ مخابن ل خۆپیشاندانی سلیمانی روودەدات، ئەم هەمی دگەل خەلکی سلیمانین، ئەم پەرلەمانی کوردستانی پشتگیریا هەمیا خۆپیشاندانی دکەین، ئەگەر ل چوارچێوەی یاسایی و هێمن بێتن، جهێ مخابنیێە کو بێرێزی برامبەر بە ئالایێ کوردستانی هاتیە کرن، چونکی ئەو ئاڵا نە پەرلەمانی کوردستانییە نە ئالایا پارتی و یەکێتی و گۆڕانە و ئیسلامییە، ئەڤە ئالایا کوردستانییە، خەلکەکی خینا خۆیا ریشتی بۆ هندی، داخازی دکەین لیژنێت تایبەتمەند هەرن کو کەسێ بێریزی بەرامبەر ڤێ وڵاتی دکەن چارچیڤی یاسایدا بێنە سزادان، سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

فەرموو کاك ڕێبوار.

بەڕێز ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

من یەکێ بووم لەو پەرلەمانتارانەی پاڵپشتی داخوازی توێژی قوتابیان و خوێندکارانمان کرد بۆ گەڕاندنەوەی دەرماڵەکانیان، بەڵام ئەوەی ئەبینین لە پایتەختی رۆشنبیری لە هەتکردنی ئاڵای کوردستان کە یەکێکە لە پیرۆزییەکانی میللەتی کورد نیگەرانین، وەکو پەرلەمانی کوردستان ئەخوازم ئێوەی بەڕێز هەڵوێستێك بنوێنن، لای کەم راگەیەندراوێك دەربکەن و ئیدانەی ئەو بابەتە بکەن، مەترسی ئەو بابەتە لێرەیە، لێرەوە هەر توێژێك داوای هەر مافێك بکات پەنا بۆ ئەوە بات بێرێزی بە پیرۆزییەکان بکات، بۆیە ئەبێ بەری ئەو تەوژمە بگیرێت و رێ نەدرێ هەر کەسی و هەر هێزێك بیەوێ بە ئاراستەیەکی سیاسی خەڵکێك هانبدات بۆ ئەوەی بێریزی بەرامبەر پیرۆزی گەلی کورد بکات ئەبێ لە چوارچێوەی یاساکان سزا بدرێ.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:
فەرموو کاك زیاد.
بەڕێز زیاد جبار محمد:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
ئەمەوێ دوو روونکـردنەوە بـدەم سـەبارەت بەو یادداشـتەی ئەنـدامانی بەڕێـزی پەرلەمـان پێشکەشی پەرلەمانیان کردووە، کە یەکیـان (٤٨) ئەنـدام و ئەوەی تـر (٧١) ئەنـدام، لەبەر ئەوەی وەزیری خوێنـدنی باڵا لە تیمی یەکێتـی نیشـتیمانی کوردسـتانە لە حکومەت، بـۆیە مـن وەکـو فراکسـیۆنی یەکێتـی ئەوە رائەگەیـنم بەپێـی رێککـارە پەیڕەوەییەکـان وەزیـری خوێنـدنی باڵا ئامادەیە لە (٢٤) سەعاتی داهاتوو دێتە پەرلەمان، دوو، ئەمەوێ لەسەر داتـاو و زانیـاری وورد بە ژمارە لەسەر دەرماڵەی خوێندکاران کە چەند ژمارەیەك بڵاوبۆتەوە، ئەمەوێ ژمارەیەکی راست و دروسـت پێشـکەش بە ئەنـدامان و رای گشـتی بـکەم، بە پێـی رێنمـایی ژمـارە (٥١) لە ٢٠٠٨/١٢/١٥ دەرماڵەی خوێندکارانی زانکۆ و پەیمانگاکانی سەر بە وەزارەتی خوێندنی باڵا بریتییە (٦٠) هەزار ئەوانەی دەرەوەی شار و ئەوانەی ناو شار (٤٠) هەزارە، لە ئێسـتا ژمـارەی خوێنـدکارانی زانکـۆ و پەیمانگاکان بریتییە لە (١٥٠٥٦٠) خوێندکار (٨٤٠٥٠٥) خوێندکاری ناوشار لە بەشـە نـاوخۆیی نـین، (٦٠٦،٠٠٠) لە بەشە ناوخۆییەکانن، (٨٤،٥٠٥) ئەگەر (٤٠) هەزار دینار وەرگرێ سێ مليـار و سێسـەد و هەشتا ملیۆن و دووسەد هەزار دینار ئەکات، (٦٦،٠٥٥) خوێنـدکاری بەشـە ناوخۆییەکـان ئەگەر (٦٠) هەزار وەرگرن، ئەکـا سـێ مليـار و نۆسـەد و شەسـت و سـێ مليـۆن و سێسـەد هەزار دینـار ئەکات، کۆی گشتی بریتییە بۆ هەر مانگێك حەوت ملیار و سێسـەد و چـل و سـێ هەزار و پێـنج سەد هەزار دینار، سوپاس.
بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:
فەرموو کاك یاسین.
بەڕێز یاسین خضر طە:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
دوێنێ وتت ئێوە قەدری ئەو یاسایە نازانن کۆمپانیا ئەمنییەکان، مـن پشـتگیری یاسـایەك نـاکەم حکومەتی هەرێم ئاسایشی و پێشمەرگە و پۆلیسی هەیە، کۆمپانیـای ئەمنـی دروسـت بـکەم، بـۆ ئەوەی پـارە بـۆ چەنـد بەرپرسـێك دروسـت بـێ، دوو، ئەو ئەفسـەرەی شـەقی لەو خوێنـدکارە هەڵـداوە داوا ئەکەم ئەو ئەفسـەرە لەسـەر کـار لابچێ و بـۆ ئەوەی جـارێکی تـر کەس جـورئەت نەکات شەق لە خوێندکار هەڵبدات، سوپاس.
بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:
فەرموو سەرچنار خان.
بەڕێز سەرچنار احمد محمود:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
پێشتر ئەو یادداشتەکان بۆ ئەوە داوە زەرووریەتێکە و ئەبێ کاری لەسەر بکرێ، ئێستا ئەوەندەی تر بووە بە زەروورەت، ناکرێ هەر بوەستین و خوێندکار شەقی لێ بدرێت، سوکایەتی پێ بکـرێ، یاسای ژمارە ساڵی ٢٠١٠ بە هـیچ شـێوەیەك مـامەڵەی لەگەڵ نـاکرێ، ئەبـێ پەرلەمـان هەڵوێسـتی

هەبێت، ناکرێ بێدەنگ بین، کاتێ جەلسە ئەکەین وەکو کۆچی لێ دێت، نیوەی خەڵك هاتەوە هێشتان پەرلەمان دانیشتنی نەکردووە لەسەر کۆچ، ئەم بابەتەش دەست و بردی لێ نەکرێ بەهەمان شێوەیە، بە زووترین کات ئەو دانیشتنە بکرێ و یەکلایی بکرێتەوە، سوپاس.
بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:
ئەمڕۆ کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیرانە، دڵنیابن باس ئەکرێ، ئێمەش نووسراومان کردووە بۆ ئەنجومەنی وەزیران، بۆ ئەوەی لە زووترین کات ئامادەی پەرلەمان بن بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان، فەرموو کاك دکتۆر زانا.
بەڕێز زانا خالد سمایل:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
بەپێی خاڵی یەك لە بڕگەی دوو لە ماددەی (٥٦) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، یاسای ژمارە (١٤)ی ساڵی ١٩٩٩ ی پەرلەمانی کوردستان، بەداخەوە پێشیل کراوە و بێرێزی بەرامبەر ئاڵای پیرۆزی کوردستان کراوە، پشتگیری قسەکانی دکتۆر ڕێبوار و کاك مەم ئەکەم، بۆ ئەوەی پێویستە سزای ئەو کەسانە بدرێ کە هەوڵ دراوە بێریزی لە ئاڵای پیرۆزی کوردستان کراوە، سوپاس.
بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:
فەرموو حەسیبە خان.
بەڕێز حسیبە سعید ابراهیم:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
بەرمەبنای ماددەی (٥٦)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، یاسای ژمارە (١٤)ی ١٩٩٩ کە پێناسەی ئاڵا کراوە، لەو چوارچێوە ئاڵای کوردستان گوزارشتە لە خوێنی شەهید و خەباتی قوربانی سەدەیەك، دوێنێ بەداخەوە بینیمان دەستێکی تێکدەر لە ناو خۆپیشاندانەکان هەستان بە بێرێزی کردن بە ئاڵای پیرۆزی کوردستان، بۆیە داوا ئەکەم لیژنەیەك راسپێرن بۆ لێکۆڵینەوە، پشتیوانی قسەکانی سەرۆکی فراکسیۆن و هەردوو برای بەرێزم ئەکەم، سوپاس.
بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:
سەبارەت بەو بابەتە هەردوو لیژنەی خویندنی باڵا و ناوخۆمان راسپاردووە و لە هەفتەی داهاتوو دانیشتیمان کرد ئەبێ راپۆرتیان ئامادە بێ سەبارەت بە هەموو داواکارییانەی لە هۆڵی پەرلەمان ئەکرێ و بەدواداچوون بۆ کۆی پرۆسەکە، وابزانم دەستیان پێ کردووە، چاوەڕێی سەفەری ئەوانین، فەرموو سەوسەن خان.
بەڕێز سوسن محمد میرخان:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
من زۆر دڵم خۆش ئەبوو ئەگەر بەرێزت سەرەتای ئەو دانیشتنەت ئیدانەی شکاندنەی هێمای نەتەوەیی کورد کە دوێنی کرا کە لە تەوەقوعی هەمووومان بە دوور بوو، من ئەڵێم لەو خولە ئەگەر بمانەوێ سەرەوەری بۆ ئەو پەرلەمانە تۆمار بکەین واباشە یاسایەك دەربکەین هیچ کەس و لایەنێك مافی نەبێ هێما و رەمزی نەتەوەیەك ژێر پێ بکات، هەزارن قوربانیمان داوە، تا

ئێستاش کەسوکاری ئەنفال چاوەڕوانی گەڕانەوەی رووفاتی ئەنفالن، بۆیە ئەبێ قورسترین سزا بدرێن، سوپاس.
بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:
فەرموو کاك سەرکۆ.
بەڕێز سەرکۆ ازاد حسین:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
داواکارم لە بەڕێزتان روونکردنەوە بدەن، ئەمڕۆ ئەنجومەنی وەزیران کۆ ئەبێتەوە، ئایا بڕیار لەسەر دەرماڵە ئەدرێ یان نا؟ بەپێی ئەو پەیوەندییانەی کە بەڕێزت هەتان بووە، دوو، مەوزوعی ئەوەی دوێنێ لە سلێمانی یەکێك لە ئەندامانی هێزە ئەمنییەکان بە شێوازێکی ناشیرین و رەوشتی یەکێتی مامەڵەی لەگەڵ یەکێ لە خۆپیشاندەران کردووە، ئێمە وەکو فراکسیۆنی یەکێتی داوامان کردووە ئەو کەسە بگیرێت و سزا بدرێ، لە پاڵ ئەوەش ئەمەوێ روونکردنەوە بدەم، ئێمە هەموومان ئیدانەی ئەو مامەڵە کردنە ئەکەین کە بەرامبەر بە ئاڵای پیرۆزی کوردستان ئەکرێ، سەدان هەزار کەس شۆرشی کردووە و قوربانیداوە بۆی، بەڵام ئێمەش کە نوێنەری خەڵکین کە ئەو ئاڵایە لە ناو پەرلەمانی کوردستان دایە، رێگە نەدەین ئەو دزی و جەردەیی و مافیەگەرییەی لە بواری نەوت و داهات هەیە رابگرین، بۆ ئەوەی ئینتیما بۆ تاك بگەڕێتەوە و هەست بکات ئەو ئالآیە بۆ هەموو تاکێکە، سوپاس.
بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:
ئەو هێزانەی ئێستا لە سلێمانی خۆپیشاندان ئەکەن ئەیانپارێزن و هەندێ جاریش بەریەك ئەکەون لەگەڵ خۆپیشاندەران، پەیوەندی بە حیزبی سیاسی نییە، ئەوانە هێزی پۆلیس و ئاسایشن کە هێزی فەرمی، دەستان خۆش بێ و ئیشێکی باشتان کردووە، خۆ بە حزبی نەکردنی ئەو جامەزراوانە ئەرکی پەرلەمانی کوردستانە، فراکسیۆنی یەکێتی ئەبێ پێش هەموو فراکسیۆنەکانی تر، وەکو خۆت ئەڵێی ئیدانەی ئەو کردەوەیە بکات، داواش ئەکەین بەداواداچوون بکەن بۆ ئەوەی ئەو کەسە گیراوە ئەگاتە چی؟ فەرموو موژدە خان.
بەڕێز مژدە محمود محمد:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
ئێستا لە هەولێر خوێندکارانی بەشی پزیشکی تەوق کراون لە ناو زانکۆ، هێزە ئەمنییەکان دەورەیان گرتوون، ئەمڕۆ سلێمانی ئەڵێ (٨/٨)ی هەڵەبجەیە، دووکەڵ دایپۆشیووە، رێك وەکو (٨/٨)ی هەڵەبجەیە، چەندین کچ و کوڕ لەسەر شەقام ئەبوورێنەوە، حەقە ئێمە کە نوێنەری خەڵکین هەڵوێستمان هەبێت، سەرۆکی پەرلەمان خۆت وەکو سەرۆك وەرە سەر خەت، مەعقولە کەرامەتی ئینسان لەسەر جادە شەقی تێهەڵئەدرێ، چۆن شەق لەسەر هاووڵاتی هەڵدەی لەلایەن کوردێکەوە، پێویستە فشار لە دەسەڵات بکەن بەخۆی دابچیتەوە، لەبەر ئەوەی خەڵك هەیە (١٥) مووچەی هەیە، (١٨) مووچەش هەیە تەحەدا ئەکەم، بەبەڵگەوە ئەڵێم، بەس پارەی ئەوانە ببڕێ ئەتوانرێ ئەو پارەیە بۆ خوێندکار دابین بکرێ، بارگرانیش نین، سوپاس.
بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:
فەرموو کاك وەیسی.

بەڕێز ویسی سعید ویسی:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
زیندووە قەت نانەوێ ئاڵاکەمان، گەلی کوردستان وەکو هەر گەلێکی تری دونیا مافی ئاسایی خۆیەتی خاوەن ئاڵا و پەرچەمی خۆی بێت، چونکە سیمبولی خەبات و تێکۆشانە و نیشانەی گەلی کوردستانە، پەرلەمانی کوردستانیش لە رابردوو بە دەرکردنی دوو یاسا رۆڵی دیار هەبووە لە بە شکۆدار هێشتنەوەی ئاڵای پیرۆزی کوردستان، بۆیە منیش هاوڕای هەڤاڵانم لە فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان، داوای دەرماڵە ئاسایی و یاساییە، بەڵام سووکایەتی بە ئاڵا ئاسایی و یاسایی نییە، داوا ئەکەم رێکاری یاسایی دەرحەق بەو کەسانەی بگرنەبەر کە سووکایەتیان بە ئاڵای کوردستان کردووە، بۆ ئەوەی کەسی تر زاتی ئەوە نەکات سووکایەتی بە ئاڵای پیرۆزی کوردستان بکات، سوپاس.
بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:
فەرموو گولیزار خان.
بەڕێز گلیزار رشید حاجی:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
لەسەر ئەو سووکاتییەی بە ئاڵدی کوردستان کراوە، ئەبێ پێداچوونەوە بە یاسای ئاڵدی کوردستان ژمارە (١٤)ی ساڵی ١٩٩٩ بکرێ، چونکە لە یاساکە دیاری نەکراوە ئەو کەسەی سووکایەتی بە ئاڵا بکات سزاکەی چییە، یان ئەبێ بگەڕێینەوە بۆ ماددەی (٢٠٢)ی یاسای (قانوونی عقوبات)، باسی ئەوە ئەکات ئەگەر کەسێ سووکایەتی بە ئاڵا بکات سزاکەی چییە، بەڵام لە کوردستان چەند ماددەیەکی (قانوونی عقوبات) تەوقیفمان کردووە لە ساڵی ٢٠٠٣ ئەوە ئێستا لە فەراغێکی یاساییین، سوپاس.
بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:
فەرموو کاك سیروان.
بەڕێز سیروان فرج محمد:
بەریز سەرۆکی پەرلەمان.
یاسایەك هەیە هاوڕێیان باسیان کرد، ژمارە (١١)ی ٢٠١٠ مافی خۆپیشاندان بە دیوێکی تریش، کێ ئەو خۆپیشاندانە ئەگوازێتەوە بۆ خەڵك کە ئەو دیمەنە ناشیرین و نامرۆڤانەی کە وەکو تۆپ بە یاری بە سەری هاووڵاتی ئەکرێ میدیاکارەکانن، ئەوەی کراوە بەرامبەر بە خۆپیشاندەران بەرامبەریش یەکێ هەیە ئەیگوازێتەوە، دوێنێ شەو میدیاکارەکان دیسان بە شەق دراون و کامیرایان شکاوە، ئافرەت ئەناسم خۆبەخشە کامیرای کڕیووە بە قەرز دوێنێ ڤیدیۆی بڵاوبۆتەوە بە سێ ئاسایش بە شەق ئەڵێ لە تۆپ ئەیەن، مافی میدیاکار بپارێزرێ، منیش لەگەڵ ئەوەم ئاڵا گرنگە، ئاڵای هاووڵاتییە، کە هاووڵاتی نەبوو ئاڵا نییە، ئەو هاوڕێ ئەزیزانەی لەسەر ئاڵا، بەڵام لە پێشدا کەلەی سەری هاووڵاتی پێشیل کراوە، پێم باشە نەك هەر لیژنە، سوپاس کە هەر کەس خەمخۆرە، دوێنێ شەو لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ باسی ئەوەمان کرد چەند ئازیزێك گیراوە لە هەولێر بەربوون، هەوڵ بدرێ ئەو شتانە دووبارە نەبێتەوە، سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:

فەرموو كاك مەم.

بەڕێز مەم اسكندر مەم:

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.

بارتەقای ئەوەی ئاڵا گرنگە بۆ هەر وڵاتێك، لە هەموو وڵاتێك پاراستنی كەرامەتی ئینسان ئەولەوییەتە، بە هەزاران فەیلەسووف و نووسەر و بیرمەند داكۆكی لە كەرامەتی ئینسان ئەكەن، دژی ئەوەین شتێك بەلا ڕێ ببرێ، مەسەلەی قوتابیان غەدرێكی گەورەیان لێ ئەكرێ بەرامبەر دەرماڵەیان، ئەوەیان بۆ چارەسەر بكرێ، ئەو شتە جوزئیاتە حەل ئەكرێ، هەموومان ئەزانین رێز لە ڕەمزەكان ئەبێ بگیرێ، دوو، ئەمەوێ شتێ باس بكەم، مەسەلەی ئەو دەرماڵەیە كە باس ئەكرێ بگەڕێندرێتەوە و سەرۆكی فراكسیۆنی یەكێتیە ئاماژەی بەو ڕەقەمانە كرد، پێم باشە و پێویستە نزیكەی (١٦) پەیمانگەی هونەرەجوانەكان هەیە سەر بە وەزارەتی پەروەردەن، هەر دەرماڵەیەك ئەگەڕێتەوە، پێویستە پەیمانگای هونەرەجوانەكان و پەیمانگاكانی تریش بگرێتەوە و هاوشانی بۆ ئەوانیش ئەكرێ، سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:

بەڕێزان ئاڵا زۆر گرنگە، بەڵام ئێمەو بۆ خۆم قسەم كردووە لەگەڵ مودیری ئاسایش و پۆلیسی سلێمانی، جێگری وەزیری ناوخۆ كە لە سلێمانیە ئەو بابەتە پێویستی بە تەحقیقە، هەندێ چاوەڕێ تەحقیق بكەن، مەرج نییە ئەوانەی كردوویانە خوێندكار بن، بەڕێزان بە گەرمی بەخێرهاتنی بەرێز وەزیری ناوخۆ و شاندی یاوەری ئەكەین، فەرموو كاك شوان.

بەڕێز شوان كريم محمد:

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.

داوا ئەكەم بابەتی (١٨) مووچە لە پرۆتۆكۆل بسرێتەوە، یان بەڵگە پێشكەش بكرێ یان بسرێتەوە، سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:

راستی ئەو قسەیە زۆر جار وتراوە و لە شوێنی تریش گوێمان لێ بووە، پێویستی بە بەڵگەیە و هیچ كەس بەڵگەی نییە، ئەگەر هەبێ و ئێمەش بزانین كەسێ هەیە (١٨) مووچە وەرئەگرێ موخالەفەی قانوونی چاكسازیمان كردووە، با دەست بەكۆبوونەوە بكەین، فەرموو بەرێزان هەمووتان ئەسڵی پرۆژە یاساكەتان لەلایە، راپۆرتەكەشتان لایە، ئەسڵ ئەوەیە بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ ئەبێ هەردووكی بخوێنینەوە و یەكێ بكەینە بنەما، پێتان ئاساییە لەبەر گەڕانەوەی كات و پێشتریش لاتان بووە یەكسەر ئەو بابەتە بخەینە دەنگدان كە راپۆرتەكە بكرێتە بنەما؟ كێ لەگەڵ ئەوەیە راپۆرت بكرێتە بنەمای موناقەشە؟ (٨٢) كەس، راپۆرتی لیژنە تایبەتمەندەكان ئەكرێتە بنەمای موناقەشە، بەخێرهاتنی وەزیری هەرێم بۆ كاروباری پەرلەمان ئەكەم، فەرموو.

بەڕێز بژار خالد عبدالله:

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.

بۆ سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان.

بابەت/ راپۆرتی لیژنەی تایبەتمەند كە راستاندنی بۆ كراوە لەلایەن لیژنەی كاروباری یاسایی:

لیـژنەی کاروبـاری یاسـایی ڕۆژی دووشـەمە ڕێکەوتـی ٢٠٢١/١١/٨ کـاتژمێر (١٠)ی پـێش نیـوەڕۆ کۆبوونەوەی خۆی ئەنجام دا بە مەبەستی پێداچوونەوە و داڕشتنی یاسایی و دڵنیـابوون لە دژ نەبـوونی دەقەکـان لەگەڵ دەسـتوور و یاسـا کارپێکراوەکـان بەپێـی حوکمەکـانی مـاددە (٨٥) بڕگەکـانی (١، ٣) تـایبەت بە ڕاپـۆرتی لیـژنەی نـاوخۆ و ئاسـایش و ئەنجـومەنە خۆجێیەکـان سـەبارەت بە خوێنـدنەوەی دووەم بـۆ پـرۆژە یاسـای کۆمپانیـا ئەمنیـیە تایبەتەکـان لە هەرێمـی کوردسـتان-عێـراق، لیـژنەی یاسـایی ئەو داڕشـتنەوەی خـوارەوەی پـێ پەسـندە: سـەبارەت بە ناونیشان بەو شێوەیە:

پرۆژە یاسای کۆمپانیا ئەمنییە تایبەتەکان لە هەرێمی کوردستان- عێراق.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

سەبارەت بە ناونیشان کێ قسەی هەیە؟ فەرموو کاك مەلا ناصر.

بەڕێز عبدالناصر احمد علی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

سەبارەت بە ناونیشان پرۆژە یاسای کۆمپانیا ئەمنییە تایبەتەکان لە هەرێمی کوردستان- عێـراق، تەبعەن وشەی ئەمنی عەرەبییە، پێویستە بکرێ بە پرۆژە یاسای کۆمپانیـا پاسـەوانە تایبەتەکـان لە هەرێمی کوردستان، لە زۆربەی ماددەکانیش ئەو ووشەیە بگۆڕدرێ، سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

فەرموو کاك عەلی.

بەڕێز علی حمە صالح:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

خـۆی ناونیشـانەکە کە ئەخوێنـدرێتەوە عیبـارەتەکە لەوەیە ئەو کۆمپانیایـانەی کەرتـی تـایبەت، یەعنی ڕێکبخرێنەوە کە ئێستا یاسایان نییە، لە زمنـی قانوونێـك، فکـرەی مـن ئەوەیە حکـومەت خـۆی، ئەکـرێ سـیکتەرەکانی تـر بگـرێتەوە و لەو قـانوونەوە دەسـت پـێ بکەیـن بـۆ کۆمەلیـك قانوونی تر بتوانێ کۆمپانیای تایبەت بە خۆی هەبێ، سەرچاوەیەکی داهـات دروسـت بکـات، بـۆ نمـوونە، زۆرجـار ئەبینـین ئەو ڕێکخسـتنەوەی پاسـەوانییە ڕوو بـدات لە سـەرجەم بوارەکـان، بەرگـری و فریـاکەوتن و زێرەڤـانی، میلـلاك زیـاد ئەبـێ، باشـتر وا نیـیە ئەو میلاکە لە زمنـی کۆمپانیایەك ڕێکبخەینەوە، ناتوانێ مووچەی خەڵك ببڕێ، ئەبـێ بە سـەرچاوەیەکی زۆر گەورەی داهات بۆ دەوڵەت، بۆیە فکرەی من ئەوەیە پرۆژە یاسای کۆمپانیاکـانی پاسـەوانی چ پەیوەنـدی بە کەرتی تایبەت و گشتی بگرێتەوە، واتە لەو قانوونە بتـوانین ڕێـگەی قـانوونی بـدۆزینەوە، بـۆ ئەوەی حکومەت مافی هەبێت کۆمپانیا تایبەت بە خـۆی دروسـت بکـات کە نییەتـی، ئەگەر لەوە سەرکەوتوو بـووین ئەتـوانین لە بـواری ئەنتەرنێتـیش بـیکەین، لە بـواری تـریش کە سـەرچاوەی داهات ئەبێ، سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

فەرموو مامۆستا ئەبو بەکر.

بەڕێز ابوبەکر عمر عبدالله:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
ئەو پرۆژە یاسایە گرنگە، بەڵام بە مەرجێ چوارچێوەیەکی هەبێ و چاودێری هەبێت، ئەگەرنا بوونی ئەو کۆمپانیایە نەبێتە ئەوەی کەسەرچاوەیەکی ئیحتیکار بێ وکۆمەلی کۆمپانیا بمێنەوە و بچووکەکانیش بە تۆڕەکەوە بن، بە ناوی سکیوریتی و ئەمنییەوە پارەیەکی زۆر ئەڕوا، مەعقول هەیە بازرگان لە ماوەی (١٥) ساڵ بوبێتە ملیۆنیر، شوێنی هەیە لە هەولیر و سلیمانی موتابەعەی هەردووکیانم کردووە، یەکی (٥٠٠) مەخزەنن، بۆ هەر مەغخزەنێك (١٠٠) هەزار دینار لە خاوەن مەخزەنەکان وەرئەگیرێت، یەکی (١٠) سکیۆریتیان داناوە کە (٥) ملیۆن دینار، ئەو پارە زەبەلاحە ئەڕواتە ناو باغەڵی کۆمپانیاکان، پرسیاریشم ناردووە بۆ وەزارەتی ناوخۆ یەك ساڵە وەڵامی ئەو پرسیارەم بۆ نەهاتۆتەوە، ئەسڵەن وێنەی کۆمپانیاکەشم گرتووە، کابینەیەکی دوو بە سێی داناوە ناوی ناوە کۆمپانیای سکیوریتی لە سلێمانی و لە هەولێریش بە هەمان شێوە، ئەوە بوارێکی ترە بۆ دەوڵەمەند بوونی ناڕەوا، ئەگەر کۆنترۆل نەکرێ و هەندێ لەو کۆمپانیایانە بە داخەوە پێشمەرگەی زێرەڤانی واجبی تێدا ئەگرن، دوو مووچە وەرئەگرن یان یەك مووچەیان ئەدرێتێ و ئەچێتە باغەڵی کۆمپانیاکان، بۆیە پشتیوانی یاسایەك ئەکەین کە داهات بگیرێتەوە بۆ حکومەت، نەك ببێتە هۆی دەوڵەمەند بوونی ناڕەوای کۆمپانیاکان، سوپاس.
بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:
فەرموو کاك سیروان.
بەڕێز سیروان فرج محمد:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
سەبارەت بە ناونیشانی پرۆژە یاساکە هاوڕای کاك عەلی و کاك مەلا ناصرم، ئەگەر ناوی کۆمپانیای ئەمنی بێ، ئەمنی وڵات یان هەر شوێنێك لە دەسەڵاتی وەزارەتی ناوخۆی هەموو وڵاتێکە، ئەمن و ئاسایش زانیاری کۆئەکاتەوە و شت ئەهێنێ و داخلی کۆمپیوتەری ئەکات، ئەو کۆمپانیایانە پاسەوانن لەو شوێنە شت نەقل ئەبێ، بۆ نموونە ئەگەر پاسەوانی کۆمپانیایەك بن یان ستیەك یان نادی، تەنیا بۆیان هەیە لەو کەسە بپرسن بۆ ئەچێتە ژوورەوە و دێتە دەرەوە، چەکت پێیە، بۆ ئەوەی کورتی بکەمەوە، کاك عەلی پێناسەکەی جوان کرد، پشتگیری ئەو دوو بەڕێزە ئەکەم، ئەوانە کۆمپانیای ئەمنی نین، کە وتت ئەمن ئەچێتەوە خانەی وەزارەتی ناوخۆ، ئەگەر وابێ زیادە و وەزارەتی ناوخۆ ئەبێ ئەو ئیشە بکات و ئەمنی لابەن، سوپاس.
بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:
فەرموو وەزیری ناوخۆ قسەتان هەیە؟
بەڕێز ڕێبەر احمد خالد/ وەزیری ناوخۆ.
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
بەڕێزان، خۆشحاڵین ئەمڕۆ لە خزمەت ئێوەین بۆ گفتوگۆی زیاتر لەسەر پرۆژە یاسای کۆمپانیا ئەمنییە تایبەتەکان لە هەرێمی کوردستان، ئەو پرۆژە یاسایە لە لیژنەی ناوخۆی بە ئامادە بوونی بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان و بەشێکی زۆر لە ئەندامانی پەرلەمان و لیژنەی یاسایی گفتوگۆی تێر و تەسەلی لەسەر کراوە، پێم وابێ هیچ پرۆژە یاسایەك بەقەد ئەوە گفتوگۆی لەسەر نەکراوە،

زۆرێك لەو بەرێزانەی کە ئەمڕۆش پێشنیاریان هەیە لە دانیشتنەکان ئامادە بوونە، وەڵامی ئەو پرسیارانەیان وەرگرتۆتەوە، بەڵام من لەسەر ناونیشانەکە پێم وایە دەقاو دەق وەکو خۆی تێپەڕێ و هیچ دەستکاری نەکرێ، چونکە ئەوە بە ئینگلیزی (سیکیوریتی پرایڤیت کۆمپانی)ە، ئەوە داهێنانێك نییە، ئێمە لە خۆمانەوە دروستمان کردبێ، لە هەموو وڵاتان هەیە، ئەرکی کۆمپانیای ئەمنی تایبەتە جیاوازە لەگەڵ حکومەت، پێم وایە ئەوەی لیژنەی یاسایی شتێکی باشە و وەکو خۆی تێپەڕێ، سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

فەرمووو ماددەی یەك.

بەڕێز بژار خالد عبدالله:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ماددەی یەك:

بۆ مەبەستی حوکمەکانی ئەو یاسایە ئەو دەستەواژانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریان ئەگەینن:

١- هەرێم - هەرێمی کوردستان- عێراق.

٢- وەزارەت – وەزارەتی ناوخۆی هەرێم.

٣- وەزیر- وەزیری ناوخۆی هەرێم.

٤- بەرێوەبەرایەتی – بەرێوەبەرایەتی کۆمپانیا ئەمنییە تایبەتەکان لە وەزارەت.

٥- فەرمانگەی یاسایی- فەرمانگەی یاسایی لە وەزارەت.

٦- کۆمپانیا- ئەو کۆمپانیا ئەمنییە تایبەتانەیە کە لە هەرێم دامەزراوە یان لقی کۆمپانیایەکی بیانی تۆمار کراو لە هەرێم بەپێی یاسای کۆمپانیاکانی عێراقی ژمارە (٢١)ی سالی ١٩٩٧ ی هەموار کراوی بەرکار لە هەرێم، کە بەپێی حوکمەکانی ئەو یاسایە مۆڵەت دروان.

٧- کارمەند – ئەو کەسەیە کە کاری ئەمنی ئەکات لە کۆمپانیا بەپێی گرێبەستێکی پەسند کراو لەلایەن فەرمانگەی یاساییەوە.

٨- سەگی پاسەوانی- ئەو سەگەیە بۆ کارەکانی پاسەوانی و ئەمنی بەکاردێت.

٩- مۆڵەت- رێگە پێدانی کارکردنی کۆمپانیای ئەمنی تایبەتە لەلایەن وەزارەتەوە بەپێی حوکمەکانی ئەو یاسایە.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

کێ قسەی هەیە؟ (کاك مەم، موژدە خان، کاك سیروان، مامۆستا ئەبو بەکر، کاك فیصل، کاك عەلی، کاك عوسمان، کاك بەڵێن، کاك راهی، کاك شێخ زاهیر، حەسیبە خان و کاك نزار، لیزا خان)، فەرمووو لیزا خان.

بەرێز لیزا فلك الدین صابر:

بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.

دەست خۆشی لە وەزارەتی ناوخۆ ئەکەم، تێبینیم لەسەر بڕگەی حەوتەم کە پێناسەی کارمەندی ئەمنی کراوە تەنیا، بەڵام بەپێی ئیدارە زانستی ئیدارە کاتی کۆمپانیایەکی روبحی پێك دێت هەیکەلییەتێکی هەیە، ئەو هەیکەلییەتە کارمەندی ئیداریش ئەگرێتەوە، بۆ نموونە ئەو

کۆمپانیــایه موحاســیبی ئەوێ، بەڕێــوەبەری ئەوێ، شــەرت نیــیه ئەوەی مارکێتینــگ بــۆ ئەو کۆمپانیایه ئەکات کەسێکی ئەمنـی بێـت، بـۆیه بەڕای مـن کـاتی پێناسـەی کارمەنـد ئەکـرێ یـان بڕگەیەکی بۆ زیاد بکرێ، کارمەندی کارگێڕی و کارمەندی ئەمنی لێـك جیـا بکـرێنەوە، لەبەر ئەوە ئەگەر بێت و بەو شێوەیه بمێنێ لەگەڵ تایتلەکه ناگونجێ، ئەوکـاتە ئەگەر پـڕۆژە یاسـایەکە بەو شـێوەیه بێـت پـڕۆژە یاسـای کارمەنـدە ئەمنییەکـان ئەوە ئەگـونجێ، بەڵام باسـی مەنـزومەی کۆمپانیـا ئەکەی، بە گشـتی ئەبـێ بـاس لە هەیکەلییەتـی ئیـداری بکـرێ، بـاس لە کارمەنـدەکانی تریش بکەی، ئەگەر بتەوێ کارمەندی خۆماڵی لەو کۆمپانیایه دابمەزرێنی ئەو کات بەس لەلایەنە سـکوریتیەکەوە سـەیری ئەکەی، کۆمپانیـا ئەتـوانێ بەڕێـوەبەرێکی بیـانی بێنـی، ئەتـوانی موحاسیبی بیانی بێ، سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

فەرموو کاك نزار.

بەڕێز نزار ملا عبدالغفار:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

وێڕای بەخێرهاتنم بـۆ بەڕێـز وەزیرەکـان، هەمـان تێبینـی لیـزا خـانم هەیە، پشـتگیری قسـەکانی ئەکەم، بۆیه پێشتیریش لە لیژنە ئەو پێشنیارەم کردووە، ئەبـێ بیـر لەوە بکـرێتەوە کارمەنـدانی مەدەنی، جگە لە کارمەندانەی کاری ئەمنی ئەکەن ناویان بهێنرێ لە خاڵی حەوتم، سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

فەرموو کاك فیصل.

بەڕێز فیصل عباس عولا.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بەخێرهاتنی وەزیرەکان ئەکەم، لەماددەی یەك بـڕگەی (٨) سـەگی پاسـەوانی، وشـەیەکم ئیـزافە کـردووە، ئەو سـەگە بـۆ کارەکـانی پاسـەوانی و ئەمنـی و پشـکنین، وشـەی پشـکنین زیـاتر بـۆ سەگەکان بەکاردێ، سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

فەرموو کاك بەڵێن.

بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بەخێرهاتنی وەزیرەکان ئەکەم، تێبینی من لەسەر بڕگەی شەش و حەوتە، ئەوەی شەشـەم داوای روون کردنەوە ئەکەم، ئەڵـێ ئەو کۆمپانیـایە ئەمنیـبە تایبەتـانەی لە هەرێـم دامەزراوە یـان لقـی تۆمار کراوی هەیە، بەپێی یاسای کۆمپانیاکانی عێراقی ژمارە (٢١)ی ساڵی ٩٧ ی هەمـوار کـراوی بەرکار لە هەرێم، بەپێی حوکمەکانی ئەو یاسایە مۆڵەت دراوە، بەپێی حوکمەکانی یاسـای ژمـارە (٢١)ی ٩٧ یان ئەو یاسـایەی لەبەر دەسـتە؟ دوو، مەسـەلەی کارمەنـد ئەو کەسـەیە کـاری ئەمنـی ئەکات لە کۆمپانیـا بە پێـی گرێبەسـتێکی پەسـند کـراو لەلایەن فەرمـانگەی یاسـاییەوە، کەسـێ ئەیەوێ لە کۆمپانیایەکی ئەمنی کار بکات گرێبەستەکەی لەلایەن فەرمانگەیەکی یاسـایی لە نـاو

وەزارەتی ناوخۆ ئەبێ یان لەگەڵ کۆمپانیا ئەمنییەکە ئەبێ کە مۆڵەت وەرئەگرێ لە فەرمانگە یاساکە؟ سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

فەرموو کاك عوسمان.

بەڕێز عثمان علی سمایل:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بەخێرهاتنی وەزیرەکان ئەکەم، بڕگەی هەشتەم دیارە سەگی پاسەوانی کە بۆ کاری پاسەوانی ئەمنی، پێم باشە سەگی پاسەوانی بگۆڕدرێ بە سەگی پشکنین، وەك ئەوەی کاك فیصل وتی، ئەو سەگەیە بۆ کارەکانی پشکنینی ئەمنی بەکاردێ، ناکرێ بە کارمەندێك بڵێین کارمەندی پاسەوانی و لەگەڵ ریزم بڵێین سەگی پاسەوانی، دوو شتی زۆر ناجائیزە، پێم باشە بگۆڕدرێ بەو شێوەیە، سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

فەرموو کاك مەم.

بەڕێز مەم بورهان محمد قانع:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ئەوە بەڕێز وەزیری ناوخۆ باسی کرد دەستەواژە ئینگلیزیەکە کتومت هاتووە، بەڵام من پێم باشە بە نیسبەت بڕگەی چوارەم کە بەڕێوەبەرایەتییە، بەڕێوەبەرایەتی هێزەکانی پاسەوانی تایبەت بێ لە وەزارەت، لە تەفاصیل ئەو بەڕێوەبەرایەتییە ئیشی ڕێکخستنی کاروباری کۆمپانیاکانە کە هێزەکانی پاسەوانی تایبەت، بۆ بڕگەی حەوتەم کارمەند، ئەو کەسەیە، پێشنیازی ئەو یاسایە ئەکەم لیژنەی یاسایی و ئەندامانی بەڕێزیش، کارمەند ئەو کەسەیە لە کۆمپانیایەکی ئەمنی کار ئەکات، بەپێی گرێبەستێکی پەسند کراو لەلایەن فەرمانگەی یاساییەوە، یان دامەزراو لە وەزارەت، ئەو مەسەلەیە بۆ ئەوەی وەزارەت دەستی کراوە بێ، بۆ ئەوەی بتوانێ بیانگوێزێتەوە بۆ کۆمپانیاکان، هەلی دمەزراند لە دەستی وەزارەت و حکومەت بێ نەك من کۆمپانیایەکم هەیە بە ئارەزووی خۆم (٥٠٠) کەسی بۆ دابمەزرێنم، ئەو چانسە بدرێ بەپێی مەرجەکان رابگەینرێ، بۆ ئەوەی بتوانی لە وەزارەت بەشێکیان بگوازرێتەوە و بەشێکی تری وەرگرێ، بە نیسبەت بڕگەی هەشتەم سەگی پاسەوان، ئەو سەگەیە بۆ کارەکانی پاسەوانی بەکاردێ، ئەمنی پێم وایە زیادەیە، سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

فەرموو مۆژدە خان.

بەڕێز مژدە محمود محمد:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

یەك روونکردنەوە یان تێبینیم هەیە بۆ وەزیری ناوخۆ، هەندێ پرۆژەی نیشتەجێ بوون هەیە لە هەولێر بە نموونە، هی شەخسە، بەڵام زێرەڤانی یان کارمەندی سەر بە وەزارەتی ناوخۆ پاسەوانی ئەکات، بەڵام دنیایەك مەساریف هی بۆڕی نەوت کە هی حکومەتە ئەدرێتە بە کۆمپانیای ئەهلی، بەڵام ئەو پرۆژانەی هی شەخسە کارمەندی وەزارەتی ناوخۆ پاسەوانی

ئەکات، ئەوە چۆن ئەبێ؟ لەکاتێکدا مەساریفی لەسەر حکومەتە، بەڵام بۆڕی نەوت هی حکومەتە ئەدرێتە بە کۆمپانیای ئەهلی یەك دونیا پارە لە داهاتی ئەو وڵاتە بۆ کۆمپانیای سکیوریتی ئەهلی ئەڕوات، سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

فەرموو کاك شیخ زاهیر.

بەڕێز ظاهر محمد علی حسین:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بەخێرهاتنی وەزیرەکان ئەکەم، تێبینی من لەسەر سیاغەی بڕگەی شەشەمە، بڕگەی چوارەمیش، بڕگەی چوارەم بەرێوەبەرایەتی کۆمپانیا ئەمنیە تایبەتەکان لە وەزارەت، لە بڕگەی شەشەم کۆمپانیا ئەو کۆمپانیا ئەمنیە تایبەتانەیە لە هەرێم دامەزراوە یان لقی کۆمپانیایەکی بیانی تۆمار کراو لە هەرێم بەپێی یاسای کۆمپانیاکانی عێراقی ژمارە (٢١)ی (٩٧)ی هەموار کراوی بەرکار لە هەرێم کە بەپێی حوکمەکانی ئەو یاسایە مۆڵەت دراوە، پێم باشە ئەو بڕگانە جێگۆڕکیان پێ بکرێ، لەبەر ئەوەی لە چوارەم باسی کۆمپانیا ئەکات، لە شەشەم پێناسەی کۆمپانیا ئەکات، واتە پێناسەکە لە پێش هاتنی وشەکە بێت، لەسەر بڕگەی شەشەم، ئەو کۆمپانیا ئەمنیە تایبەتانەیە کە لە هەرێم دامەزراوە، واتە بەپێی ئەو دامەزراوە لە رابردوو دامەزراوە، ئایا لە ئایندەش کۆمپانیای نوێتر دانامەزرێ؟ ئەگەر دانامەزرێ، پێم وابێ ئەگەر دامەزراوە لەگەڵ ئامانجەکانی یاساکە یەك ناگرێتەوە، بە نموونە بڕگەی یەکەم رێکارەکانی ماددەی (٢)، رێکارەکانی پێدانی مۆڵەت بە کۆمپانیا، کەوایە بەپێی ئامانجەکانی کۆمپانیای نوێش دادەمەزرێ، بەو شێوەی لێ بکرێ باشترە، شەشەم (ئەو کۆمپانیا ئەمنیە تایبەتانەیە کە لە هەرێم دامەزراوە یان دادەمەزرێ)، سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

فەرموو حەسیبە خان.

بەڕێز حسیبە سعید ابراهیم:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بەخێرهاتنی وەزیرەکان ئەکەم، ماددەی یەك، بڕگەی شەش، هەمان تێبینی کاك شێخ زاهیرم هەیە، لەبەر ئەوەی ئەکرێ لە داهاتووش ئێمە کۆمپانیای تایبەتی لەو بوارە دامەزرێنین، بۆیە پێویستە دامەزراوە لە تەنیشتی دادەمەزرێ، هەروەها لە بڕگەی حەوتەم پشتگیری لیژاخان ئەکەم و بەو شێوەیەی دائەرێژم، کارمەندی ئەمنی، ئەو کەسانەن کە کاری کارگێڕی و ئەمنی ئەکەن لە کۆمپانیا بەپێی گرێبەستێکی پەسند کراو لەلایەن فەرمانگەی یاساییەوە، سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

فەرموو کاك راهی.

بەڕێز راهی رەهبەر ابراهیم:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

تێبینیم لەسەر خاڵی هەشتەمە کە ئاماژە بە جۆرێك لە ئاژەڵ دراوە، من یاسای پراڤیتی سکیوریتی ئەڵمانیا و سوید و هۆلەنداشم خوێندۆتەوە، ئەوان دەوڵەمەندن بەو جۆرە ئاژەڵانە،

بە هیچ شێوەیەك لە قانوون نەهاتووە، بەڵكو كردوویانە بە ڕێنمایی، داواكارم بەشی پێنجەمی ئەو پرۆژە یاسایە لابرێ و بكرێ بە ڕێنمایی، سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:

فەرموو كاك عەلی.

بەڕێز عەلی حمە صالح:

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.

من ئەو تێبینیەشم پەیوەندی بەوەی پێشووترم هەیە، هیوادارم وەزیری ناوخۆ جوابم بداتەوە، ئایا حكومەتی هەرێم ئێستا موبەریری خۆم، یەكێ ئەڵێم باوەڕی بەوە هەیە كۆمپانیایەك هەبێ بۆ نموونە سەر بە وەزارەتی ناوخۆ بێت لە بوارە ئەمنییەكە، باوەڕی بەوە هەیە یا نا؟ ئەگەر نییە بۆ؟ چونكە ئەگەر باوەڕی هەیە ئەمەوێ لەو پێناسە جێگیر بكرێ، ئەوە ئیرادەیەكی زۆرە، كۆمەڵێك بوار هەیە ئەتوانرێ ئەو كۆمپانیایە حكومەت بەڕێوەی ببات، بۆ نموونە هەموو ئەو مەنشەئاتانەی هی دەوڵەتن، حەقلی نەوت و بۆڕی نەوت، پرۆژەكانی نیشتەجێ بوون، سەرچاوەیەكی ئێجگار داهات دروست ئەكات بۆ ئەو كارمەندانە، لە رابردوو واقیعێك هەیە بۆ ئەوەی لێرە حەل بكرێ، قۆرغكارییەكی گەورە هەبوو، ئێستا كە قسە ئەكەم ئەوە برادەرێك نامەی بۆ ناردووم ئەڵێ مۆڵەتی كۆمپانیایەك داوای (٦٠٠) هەزار دۆلاری لێ ئەكرد، (٣٠)م پێدا نەیدا پێم، واتە مۆڵەتی پێ نەدراوە، تا ملیۆنێك دۆلار رۆیشتووە مۆڵەتی كۆمپانیای ئەمنی و بگرە زیاتریش، بەتایبەتی ئەوەی سیقی هەیە، ئەگەر هەمووی دەرفەتی پێ بدرێ هەمووی دێ هەر كێ پرۆژەی نیشتەجێ بوونی هەیە بۆخۆی كۆمپانیایەك ئەكات، كێ چوار مەخزەنی هەیە ئەویش كۆمپانیایەك ئەكات، دیسان ئەكید ئەكەمەوە ئیرادێكی زۆر بۆ چەند كەسێك كراوە، فكرەی ئێمە ئەوە بوو دوێنێش بۆ بەڕێزت باسمان كرد، ئایا بەو قانوونە ئەمانەوێ داهات بۆ دەوڵەت كۆ بكەینەوە؟ یان ئیتارێكی قانوونی نوێ بدەین بەو كۆمپانیایانەی هەیە، بەپێی تەحلیلی من كۆمپانیا بچووكەكان لەوانەیە پاشەكشە بكەن هەر نەمێنن، دیسان ئەكید ئەكەمەوە ئەوە بكەین بە دەرگایەك بۆ ئەوەی حكومەتی هەرێم بتوانێ، بۆ تەبیعیە وەزارەتی سامانە سروشتییەكان شەریكەی تایبەتی خۆی هەبێت، بۆ وەزارەتی ناوخۆ نەیبێت؟ سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:

فەرموو كاك سیروان.

بەڕێز سیروان فرج محمد:

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.

دوو سەرنج هەیە، هەشتەم كە دێتە سەر سەگی پاسەوان، هاوڕای كاك راهیم، هەندێ وڵاتانی پێشكەوتوو سەگ بۆ پاسەوانی بەكاردێنن، بەڵام لە یاساكە نییە، پێم وایە لەبەر دوو هۆكارە، یەكیان ئێستا كارێكی باشە كە سەگێكی راهێنەر ئەو ئیشە بكات، بەڵام رەنگە تەكنەلۆجیا پێنج ساڵی تر پێشبكەوێ شتی تر بێتە كایەوە، خۆ دیسان هەمواری ناكەین، ئەوە بە ڕێنمایی حەل ئەكری، خالی نۆ، سەبارەت بە مۆل، ریك نووسراوە ڕێگەپێدانی كاركردنی كۆمپانیای ئەمنی تایبەت لەلایەن وەزارەتەوە، بەپێی ئەو حوكمانە رێكئەخرێ، لەبەر ئەوەی قسە هەیە كە ئەو كۆمپانیایانە بە شێوەیەك بە خزمایەتی و ئەمانە كوڕی بەرپرس بوون بە خاوەنی، پێم وایە

بنووسرێ وردبینی بۆ هەموو مۆڵەتێك پێش دەرچوونی ئەو یاسایە دەرچووە، ئینجا دووبارە تەقدیم بکرێتەوە بە شیوازێکی شەفاف، سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

فەرموو مامۆستا ئەبو بەکر.

بەڕێز ابو بکر عمر عبدالله:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

لەسەر بڕگەی حەوت دوو تێبینیم هەیە، ئەڵێ ئەو کەسەیە کە کاری ئەمنی ئەکات، ئەو کۆمپانیایە لە پێناسەکە دیارە یاسای کۆمپانیا ئەمنییە تایبەتەکان، لە پرستگەکەوە تا پاسەوان و بەڕێوەبەر ئەکەونە چوارچێوەی ئیتاری ئەمنییەوە، هەر ئەوە کافییە ئەو کەسەیە کە لە کۆمپانیایەکی ئەمنی تایبەت کار ئەکات بەپێی گرێبەستێکی پەسند کراو لەلایەن فەرمانگەیەکی یاسایی، واتە هەمووی ئەگرێتەوە، دوو، کە باسی کار ئەکرێ ئایا ئەو کەسانە ئەکەونە ژێر چوارچێوەی چ یاسایەك؟ ئەگەر یاسای کاری ژمارە (٧١)ی ساڵی (٨٧)ە جیاوازە، ئەگەر یاسایەکی ترە جیاوازە بۆ ئەوەی کە زەمانەت و حقوقی ئەو کارمەندە پارێزراو بێت، چونکە کۆمپانیای ئەمنی تایبەت هەیە سەد کەسی لێ کوژراوە لە ماوەی رابردوو، چۆن مافیان پارێزراوە؟ سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

فەرموو وەزیری ناوخۆ بۆ وەڵامی پرسیارەکان.

بەڕێز ڕێبەر احمد خالد/ وەزیری ناوخۆ:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

جۆرێك لە تێکەڵکردن هەیە لە بابەتی ئیشی کۆمپانیای ئەمنی لەگەڵ ئیشی حکومەت، ئەو بەڕێزانەی ئەپرسن ئایا حکومەت ئەتوانێ کۆمپانیای هەبێ؟ ئەکید ئەتوانێ، ئەوە شتێ نییە، بەڵام ئەبێ بە یاسا ڕێکبخرێ، یاسایەکی تر ئەبێ دەربچێ بۆ ئەو بابەتە، لە ساڵانی زوو لە ئیداراتی هەندەسی، ئەشغال و ئاوەدان کردنەوە کۆمپانیای تێکەڵ هەبوو، کۆمپانیای تایبەت بە وەزارەتی ئاوەدان کردنەوە هەبوو کە ئەرکی جێبەجێ کردنی پرۆژەکانی هەبوو، بەڵام ئەو ئەزموونە سەرکەوتوو نەبوو، ئەوە ئەزموونێکی کۆنترۆڵ کردنی هەموو هەلەکانی کارە لەلایەن حکومەتەوە، ئێمە حکومەتێکین لە بەرنامەی کاری خۆمان کە پێشکەشی بەڕێزتان کراوە لەلایەن بەڕێز سەرۆکی حکومەت باس کراوە کە گرنگی بە پەرەپێدانی کەرتی تایبەت ئەکەین، بۆ ئەوەی هەلی کاری زیاتر لە دەرەوەی کەرتی گشتی دروست بکەین و بارگران لەسەر شانی حکومەت و بوودجە و مووچەی هەرێم کەم بکەینەوە، ئەوەش دەرفەتێکی زیاتر ئەدات بەو گەنجانەی دەرچوون لە زانکۆ، ئەوانەی کە خوێندنیان تەواو کردووە، فورسەتی ئیشە بەدەر لە کەرتی گشتی، بۆیە ئێمە لەگەڵ ئەوە نین کۆمپانیای ئەمنی تایبەت سەر بە حکومەت بێ، چونکە تێکەڵاوی لە ئەرکی گشتی و تایبەت دروست ئەبێ، قۆرغکاریش دروست ئەبێ لە نێوان کەرتی تایبەت لە تەرەف حکومەتەوە، بابەتی سەگی پاسەوانی پشکنین بکات یان سەگی پشکنین بێ ئەو مەوزوعە لە ئەساسدا ئێمە خۆمان مولزەم کردووە وەکو حکومەتی هەرێم بە یاسا، ئەگەرنا ڕێنماییمان هەبوو بۆ ڕێکخستنی کاری کۆمپانیاکان، من چەند جار هاتمە لیژنە تایبەتەکان لە

پەرلەمانی کوردستان لە دەرهەق داخوازی ئێوە وتان ڕێنمایی بکەن بە یاسا، ئێستا ئەڵێن بیکەن بە ڕێنمایی، ئێمە ڕێنماییمان هەیە هەموو ئەوانەی لەو یاسایە هەیە ڕێکخراوە، بەڵام وەکو حکومەتێکی بەرپرسیار لە بەرامبەر پەرلەمانی کوردستان خۆمان مولزەم ئەکەین، ئینجا لە کوێ پێتان وایە زیادە لە یاسا هیچ کێشەمان نییە، چونکە تەعلیمات بێ یان یاسا خۆمان ئەرکی خۆمان قورس ئەکەین، هەر یاساکە هەمووی بە ڕێنمایی ڕێکخراوە، من کێشە نابینم ئەگەر لە ولاتێکی ئەوروپی بە ڕێنمایی باسی سەگ کرابێ، ئێمە لە کوردستان بە یاسا باسی بکەین، چونکە ئاژەڵ چەندین ڕێکاری هەیە بۆ پاراستن، لە هەرێمی کوردستانیش سەربوردەیەکی باشمان هەیە لەوەی ئاژەڵ و دارستان ئەبێ پارێزراو بن، وەکو خۆی بێ باشترە، بابەتی مۆڵەتی کارمەند لەگەڵ کۆمپانیا یان وەزارەتی ناوخۆ، خۆی کارمەند کۆمپانیا گرێبەستی لەگەڵ ئەکات، بەڵام ئەبێ لە فەرمانگەی یاسایی وەزارەتی ناوخۆ تۆمار کرابێ و ڕێگە پێدراو بێ، بۆ ڕەواندنەوەی ئەو مەترسیانەی هەمووتان هەتانە، ئێستا باس کرا ڕەنگە لە هەندێ شوێنی نیشتەجێ بوون هێزەکانی فەرمی حکومەت پاسەوانی بکات، یەکێ لەو خاڵانەی ئەمانەوێ ئەو بابەتە ڕێك بخەین ئەوەیە ئیتر نە پۆلیس و نە ئاسایش و نە پێشمەرگە و نە زێرەڤانی و نە بەرگری و فریاکەوتن و نە کارمەندی حکومەت، ئەوەی مووچەخۆر بی ناکرێ ببێتەوە بەکارمەند لەو کۆمپانیایانە، بۆ ئەوەی دوو مووچەیی هەڵگرین، ڕاستە هەستمان کردووە کەسانێك لە دەزگاکانی ئەمنییە، لە پێشمەرگەیە، (١٥) ڕۆژ لێرەیە (١٥) ڕۆژ لەو لایە، هەلی کاری لە چەندین خەڵکی تر سەندووە، ئەو یاسایە ئەو بابەتە ڕێکئەخات، بۆڕی نەوت لەلایەن کۆمپانیای ئەمنی ناپارێزرێ، جارێکی تریش ئەو بابەتەم عەرزی بەرێزتان کردووە، بۆری نەوت لەو کابینەیە ڕێکخراوەتەوە پۆلیسی نەوت ئەو بۆڕیە ئەپارێزی، با وازیح بێ لای ئێوە کۆمپانیای سکیوریتی یان ئەمنی کە لەگەڵ کۆمپانیای نەوت ئیش ئەکات مافی نییە کێلگەی نەوتیش بپارێزی، پۆلیسی نەوت کێلگەی نەوت و بۆڕی نەوتیش ئەپارێزی، ئەو سکوریتیەی لەگەڵ کۆمپانیاکان ئیش ئەکات ئەوەیە کۆمپانیا کارمەندی خۆی ئەپارێزی، ئەوە ئەرکی حکومەت نییە کارمەندی کۆمپانیا بپارێزی، ئەو بۆ پاراستنی کارمەندی خۆی کۆمپانیای تایبەت بەکاردێنی، ڕەنگە ئەو کۆمپانیایە خۆیی بێ یان بیانی بێت، بۆیە ئەو یاسایە ئەوەی ڕێکخستووە موتلەقەن لەگەڵ ئەوە نین کارمەندی تایبەت بۆڕی نەوت و کێلگەکان بپارێزی، لە هیچ شوێنێکی کوردستانیش ئەوە نییە، ئەو بابەتانەی تر پێم وایە وەکو خۆی بەرێوە بچێ، خۆم ئەمەوێ داوا لە لیژنەی یاسایی بکەم کە بابەتێك زیاد بکات، چونکە لە ئەنجومەنی وەزیران کە پرۆژە یاسایەکەمان تێپەراند کە چۆتە ئەنجومەنی وەزیران و هاتۆتەوە پەرلەمان چەند بڕگەیەکی لێ دەرچووە، ئەورۆژە لە لیژنەی یاسایی لە ماددەی یەکەم وتم بڕیار بوو ئەنجومەنی وەزیرانی تێدابی، چونکە ئێمە بۆ مۆڵەتدانی لقی کۆمپانیا بیانییەکان خۆمان مولزەم کردبوو وەکو وەزارەتی ناوخۆ و لەسەر پێشنیاری وەزارەتی ناوخۆ و بە ڕەزامەندی ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان و دواتر لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران مۆڵەت ئەدرێ، بە دوو قۆناغ بۆ ئەوەی ئەوە نەبێت لایەنەکانی تر کۆمپانیاکانی بیانی بین ئێرە قۆرغ بکەن و هەلی کاری زۆرتر ئەوان ببەن، پێم باشە لە پێناسەکان سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران زیاد بکرێ، چونکە لە ماددەی سێیەم ئەنجومەنی وەزیران زیاد بکرێ، لە ماددەی دوو ئەبێ ڕۆڵی ئەنجومەنی

ئاسایشی هەرێم هاوتەریب لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ هەبێ، چونکە لە رووی ئەمنییەوە کە ئەڵێین وەزارەتی ناوخۆ مۆڵەت ئەدات، مۆڵەت بە کۆمپانیا ئەدەین لە رووی یاساییەوە، بەڵام لە رووی ئەمنییەوە ئەبێ رەئی ئەمنی لەسەر کەسەکان و لە رووی ئەدیلەی جینائیشەوە پۆلیس پشتڕاستی بکاتەوە ئەوانەی کارمەندن پێشینەی تاوانیان نییە، ئەوە بۆ رێگری کردنە لە هەموو ئەو نیگەرانییەی لای ئێوە هەیە، کەسی تاوانی کردووە دەرهەق بەو میللەتە، بە کەسێك، لە پۆلیس یەکلایی ئەکرێتەوە، لە رووی ئەمنیشەوە رەنگە ئەو شەخسە پەیوەندییەکی هەبێ لەگەڵ لایەنێکی تری ئەمنی کە مەترسی بێ لەسەر هەرێمی کوردستان، ئەبێ ئەنجومەنی ئاسایش لە رێگەی ئاسایشەوە ئەوە پشتراست بکاتەوە، بۆ ئەوەی بە دەستی خۆمان کۆمپانیایەکی بیانی نەکەینە هەرەشە لەسەر هەرێمی کوردستان، بۆیە لە ماددەی سێ ئەنجومەنی ئاسایش ئەبێ زیاد بێ و لێرەش سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران زیاد ببێ، ئەوەی تر وەکو خۆی بێ باشە، سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

بەرێزان وەڵامی ئەندامانی پەرلەمان بە بەرێز وەزیریش و لیژنەی یاسایش یەك تۆز کورتی بکەنەوە، بۆ ئەوەی فریا بکەوین، فەرموو.

بەرێز عباس فتاح صالح:

بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.

لەسەر پێناسەکان قسە کرا، بەڵام خۆی لەسەر ئەسڵی ناوەڕۆکی یاساکە پێناسەی ئەوە ئەکەین، تا نەچینە ناوەڕۆك لەوانەیە نەتوانین بڵێین ئەوانە بۆچییە، ئەگەر ووشەیەك چەند جارێك دووبارە ببێتەوە ئێمە بۆیە پێناسەمان کردووە، بۆ ئەوەی لە ناوەوە دووبارە نەبێتەوە، سەبارەت بە ئەنجومەنی وەزیران کە لە ناوەرۆکی یاساکە ناوی ئەنجومەنی وەزیران نەهاتبێ ناتوانین پێناسەی بکەین، کەینی چووینە سەر ماددەکان ئەگەر بابەتێك پێویستی بە پێناسە کردن کرد ئەتوانین لێرە پێناسەی بکەین، بەڵام ئۆتۆماتیکی ناتوانین، سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

فەرموو خەدیجە خان.

بەرێز خدیجە عمر طە:

بەر]ز سەرۆکی پەرلەمان.

سەبارەت بە برگەی شەشەم باس کرا پێویستە دارشتنەکەی بە شێوازیکی تر بێ کە گوایە ئەو کۆمپانیایانەش بگرێتەوە لە داهاتووش دادەمەزرێ، لە راستیدا ئەو یاسایە کە دەرئەچێ لە رۆژنامەی فەرمی وەقائیع بڵاو ئەکرێتەوە، ئەبێتە یاسا، هەر کۆمپانیایەك لە داهاتووش دروست ئەبێ مەحکوم ئەبێ بەو یاسایە، تۆماتیکی ئەبێ بەپێی ئەو یاسایە مۆڵەت وەرگری، سەبارەت بە کارمەندیش، پێم وایە لە ماددەی حەوت باسی کارمەند کراوە ئەڵێ پێویستە کۆمپانیا هەرچی داتا پەیسە سەبارەت بە کارمەند ئەوانی تر، کە ئەڵێ ئەوانی تر مەبەستی ئەوەیە ئەوانەی لە بەشی کارگێریش کار ئەکەن ئەوانیش ئەگرێتەوە، بۆیە پێم وایە هیچ دروست ناکات.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:
فەرموو کاك بەڵێن، فەرموو.
بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
ئەو پێشنیارەی لیژنەی یاسایی باسی کرد پشتگیری ئەکەم کە لەناو دەقی یاسایەکە نەهاتبێ ئەنجومەنی وەزیران موتەفیقم لەگەڵی، نابێ باس بکرێ، بەس ئێمە لە پرۆژەی خۆمان باس کردبوو لای ئێوە ئەگەر نەمابێت ئاساییە، سوپاس.
بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:
فەرموو ماددەی دوو.
بەڕێز شاخەوان رؤوف مصطفی:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
ماددەی (٢):
ئامانجەکانی ئەو یاسایە بریتییە لە ڕێکخستنی:
١ ڕێککارەکانی پێدانی مۆڵەت بە کۆمپانیا لە هەرێم.
٢- کاری کۆمپانیا بۆ بەجێ گەیاندنی ئەرکەکان وپاراستنی گیان و سەروماڵی کەسەکانە لە چوارچێوەی یاسا بەرکارەکانی هەرێم.
٣- چاودێری و پشکنین و بەدواداچوونی کاری کۆمپانیا بۆ مسۆگەر کردنی پابەند بوونیان بە یاسا و ڕێنماییەکان.
٤- ئەو ڕەسم و گەرەنتیانەی کە کۆمپانیا پابەندن بە پێشکەش کردنیان و ئەو سزایانەی لە کاتی سەرپێچی کردنیان دەسەپێنرێ.
بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:
کێ قسەی هەیە؟ (دکتۆر اسماعیل، مامۆستا ئەبو بەکر، مامۆستا عمر، کاك رزگار، شیرین خان، کاك بەڵێن، کاك مەم، کاك ئەرشەد، دکتۆر ڕێبوار، جوان خان، دکتۆر زیدان، سوسن خان) فەرموو دکتۆر اسماعیل.
بەڕێز اسماعیل علی طه:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
خالا شەشی ماددا ئێکی ب روونی ئاشکرا دکەت کو ئەڤان کۆمپانیا وجودا خۆیا هەی، نەشی نوکە مۆڵەت بوی بێتە دان، ژبەر هندێ ئەز دبینم پیتڤیا ماددی دووی خالەك لێ زیدە ببێ بۆ ئارمانجەکان ئەو ژی یەڤەیە (تنظيم شؤون الشركات وفقا لقواعد تتلائم مع مهام الشركة) ڕێکسختنا کاروباریت ڤان کۆمپانیا ل دیڤ وان شەنگستیت گونجاو دگەل کاری وان، چنکی ئەڤ کۆمپانیا موجودن دهینە ڕێکخستن، مادام موجودە دهینە ڕێکخستن ڤیت ئەهدافا دەبێت دیار کرن ئەڤەیە خالەکا ئاشکرا، سوپاس.
بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:
فەرموو کاك ئەرشەد.

بەڕێز ارشد حسین محمد:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
من لە ماددەی پێشووتر پێم خۆش بوو تەوزیح بدەم وەکو ئەندامی لیژنە، بەس دیار بوو سەرۆکی پەرلەمان ئاگادار نییە لەوەی کە ئەندامی لیژنەی ناوخۆم یان نا، خۆی تەسجیلی شەریکەکە بەپێی قانوونی شەریکات ئەبێت، ئەوە نییە هەموو کارمەندەکان بگرێتەوە، هەمووی ناگرێتەوە، تەسجیلی شەریکات، مودیری مفەوەز، هەمووی بە قانوونی شەریکات ئەبێ، مۆڵەتەکەی بەو یاسایە ئەبێت، پێم خۆش بوو برادەرانی ناوخۆش و لیژنەی ناوخۆش ئەو روون کردنەوەیان دابوایە، سوپاس.
بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:
فەرموو دکتۆر ڕێبوار.
بەڕێز ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
ئەو پرۆژە یاسایە موعالەجەی دوو ئیشکالییەتی سەرەکی ئەکات کە پێشتر هەبوو، یەکیان ڕێکخستنەوەی کاری پاسەوانی تایبەتە، ئەوەی تر رەخساندنی دەرفەتی کارە، هەردووکی لەو ماددەیە کە بریتییە لە ئامانجەکان، بۆیە پێم باشە دوو خاڵی بۆ ئیزافە بکرێ بۆ ئەوەی لەگەڵ ئامانجەکان بگونجێ، یەکیان بڕگەی پێنج ئاماژە بکرێ کە مەبەستی ئەو پرۆژە یاسایە ئەوەیە بۆ ڕێکخستنەوەی کاری پاسەوانی تایبەت، ئەوەی تر رەخساندنی دەرفەتی کارە، سوپاس.
بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:
فەرموو کاك رزگار.
بەڕێز رزگار محمد محمود:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری ناوخۆ و وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان ئەکەم، ئەو ماددەیە باس ئەکات پاراستنی گیان و سەروماڵی ئەو کەسانەی بۆ دائەنرێ، بەداخەوە جاری وا هەیە شوێنێك پێویستی بەوە نییە پاسەوانی هەبێ، بەڵام کۆمپانیا لە ژێر هەرەشە و بە زۆر پاسەوان بۆ ئەو جێگەیە دائەنرێ، کێشە لە مۆڵەت کە کاك ئەرشەد ئیشارەتی پێدا، هەموو کۆمپانیایەك ناوی تۆمارە لە تەسجیل شەریکات و مۆڵەتی هەیە، بەڵام لێرە ئەو کۆمپانیایە موشکیلە ئەوەیە ئەو کارانەی بۆی دیاری کراوە بە زیادەوە ئەو کەسانە بەکاردێنێ، لە رابردووش بینیمان مەسەلەن کارمەندی کۆمپانیای سکیوریتییە بەڵام بەکاردێ بۆ مەبەستی تایبەت، هەر کارمەندی کۆمپانیای سکیوریتی رۆیشتووە خەڵکی شەهید کردووە، بۆ مەبەست بەکاری دێنن، بۆیە پێویستە، داوا لە بەڕێز وەزیری ناوخۆ ئەکەم چۆن چاودێری ئەوانە ئەکەن کە موخالەفە ناکەن، چ کەسێك هەیە لەوێ چاودێریان بکات؟ من لە گەرمیان جاری بووە و رۆیشتمە ناو بازگەیەك و پرسیارم کرد ئێوە کێن وتی کۆمپانیای سکیوریتین، لەسەر جادەی گشتی و ڕێگای گشتی سەیتەرەیان داناوە، پۆلیسم ئاگادار کردووە کە چۆن ئەکرێ کۆمپانیایەك کە هاتووە مەنتیقەیەکی سەناعی بپارێزی، بەڵام لێرە بازگەی داناوە، سوپاس.

بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:
فەرموو سەوسەن خان.
بەڕێز سوسن محمد میرخان:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
تێبینیم لەسەر دووەم و سێیەم و چوارم هەیە، ئاماژە بەوە دراوە کاری کۆمپانیا بۆ بەجێ گەیاندنی ئەرکەکان و پاراستنی گیان و سەرو ماڵی کەسەکان لە چوارچێوەی یاسا بەرکارەکانی هەرێم، ئایا ئەو کۆمپانیا ئەمنیانە تەنیا بۆ پاراستنی سەروماڵی کەسەکانە یان بۆ کۆمپانیاکانیشە، لەوانەیە کۆمپانیایەکی تایبەتی پیشەسازی خۆراك بیانەوێ سوود لەو کۆمپانیا ئەمنیانە وەرگرن، بۆیە پێم وایە ئەبێ کۆمپانیاکان و تەنانەت قەوارەکانیش لەوانەیە پێویستیان پێ بێ لە هەندێ حاڵەت، لە بڕگەی سێیەم ئەڵێ چاودێری و پشکنین و بەدواداچوونی کاری کۆمپانیا بۆ مسۆگەر کردنی پابەند بوونیان بە یاسا و ڕێنماییەکان، لێرە کام یاسا و ڕێنماییەکان؟ ئایا یاسا و ڕێنماییەکانی وەزارەتی ناوخۆ یان هی کوێ؟ لە بڕگەی چوارەم، ئەو رستەیە زۆر ناڕوونە، فەراغێك ئەبینین، ئەبێ ئەو فەراغە پڕ بکرێتەوە، ئەگەر چاو لێ بکەی ئەڵێ ئەو رەسم و گەرەنتیانەی کە کۆمپانیا پابەندن بە پێشکەش کردنیان، ئەو سزایانەی لە کاتی سەرپێچی کردنی ئەسەپێنرێن، روون نییە، ئەو فەراغە ئەگەر پڕ بکرێتەوە.
بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:
فەرموو شیرین خان.
بەڕێز شیرین امین عبدالعزیز:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
ماددەی دوو بڕگەی یەك داوای روون کردنەوە لە بەڕێز وەزیری ناوخۆ ئەکەم سەبارەت بە ڕێککارەکانی پێدانی مۆڵەت، بۆخۆم لەسەر هەندێ کۆمپانیا بەدواداچوونم کردووە لە ئاستی گەرمیان و ناوچەکانی تریش، کۆمپانیا هەبووە رەنگە لە گەرمیان و شارێکی تریش بە هەمان ناوەڕۆك و بە دوو ناوی جیاواز، ئامانجی ئەو کۆمپانیایانە زۆرجار تەنیا بۆ بڕینی گیرفانی خەڵك و کۆکردنەوەی داهات بووە، ئەکرێ ئەو ڕێککارانە زۆر بە روونی ئاماژەی پێ بکرێ، ناکرێ کۆمپانیا هەبێ بەو ناوانە بۆ کۆکردنەوەی پارە هەبێ، زۆر جاریش بوونی هەندێ لە کارمەندی ئەو کۆمپانیایانە مەترسی بۆ سەر ژیانی تاکیش، کۆمپانیا هەبووە لە خاڵە سنوورییەکان دانراوە یان لە بازگەکان تەنیا کابینیەك بووە، بۆخۆم سەردانم کردووە یەك کارمەندی هەبووە، رەنگە رۆژانە سەد وەسل ببڕی تەنیا زیان گەیاندنە بە داهاتی تاك، ئەپرسم بۆ لە هەندێ بوار وەزارەتی مەعنی بەو ئەرکە هەڵناستێ بۆ هەمووی کەرتی تایبەت بێ؟
بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:
فەرموو کاك مەم.
بەڕێز مم بورهان محمد قانع:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
پێم باشە ئەو ماددەیە بڕگەیەکی بۆ زیاد بکرێ، بۆ ئەوەی بە دەقێکی سەریح ئاماژەی پێ بکرێ، پێنجەم، ڕێگری کردن لە قۆرغکاری و بەهەدەردانی گشتی لە ژێر ناوی کۆمپانیای ئەمنیدا، پێم

وایە زیاتر خزمەتی یاساکە ئەکات، داوای روون کردنەوە لە وەزیری ناوخۆ ئەکەم لە ئێستادا دەیان هەزار خەریکی خۆپیشاندانن و گازی فرمێسك رژێنیان دژ بەکارهێنراوە، ئایا بەکارهێنانی گازی فرمێسك رژین پێشیل کردنی یاسای ژمارە (١١) ی ساڵی (٢٠١٠) ی رێکخستنی خۆپیشاندان نییە؟

بەرێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:

کاك مەم دانیشتنەکەمان بۆ خوێندنەوەی دووەمە لە بەرنامەی کار هاتووە، هەر بابەتێکی ترتان ئەتوانن بە رێککاری پەیڕەوی، پێویست ناکات کاك مەم، فەرمووو کاك ئەبو بەکر هەڵەدنی.

بەرێز ابو بەکر عمر عبدالله:

بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.

تێبینیم لەسەر بڕگەی دووەم و چوارەمی بڕگەی دووەمە، لەسەر بڕگەی دووەم پشتگیری سەوسەن خان ئەکەم کە ئەرکی ئەو کۆمپانیایانە تەنیا پاراستنی ماڵ و گیانی خەڵك نییە، لەگەڵیشی شوێن و دامەزراوەکانیشە، چونکە هەندێ لە قونسولەکانیش ئەوانە حیمایەتی ئەکەن، بۆیە ئەو بڕگەی بۆ زیاد بکرێ، شوێن و دامەزراوەکان و دامودەزگاکان، لە بڕگەی چوارەمیش لەگەڵ رەسم و زەمانات و سزاکان وشەیەکی بۆ زیاد بکرێ، قەرەبوو، چونکە لە ماددەی چواردەی ئەو یاسایە هاتووە کە بۆی هەیە وەزارەت و لایەنی پەیوەندیدار داوای قەرەبوو بکات لە ئەنجامی ئەوەی سەرپێچیکار دروستی کردووە، بۆیە وشەی قەرەبوو زیاد بکرێ، سوپاس.

بەرێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:

فەرموو کاك بەلین.

بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

سەبارەت بە ماددەی یەکەم رێککارەکانی پێدانی مۆڵەت بە کۆمپانیاکان لە هەرێم، من لە کاتی موناقەشە کردنی یاسای چاکسازیش لەگەڵ بەرێز وەزیر هەندێ موناقەشە کرا، بە تایبەت لەسەر سلکی پاسەوانی، دڵنیام بەرێزیان بیرۆکەی باشیان پێ بوو بۆ تەنزیم کردنی ئەوە، بەڵام ئەوەی لێرە هاتووە بۆ رێککارەکانی پێدانی مۆڵەت بە کۆمپانیاکان، پێم باشە بکرێتە سیستەمێکی یەك پەنجەرەیی لە ژێر سەرپەرشتی راستەوخۆی وەزیری ناوخۆ خۆیان بێ، ئەو گەندەڵی و فەسادیەی لە ماوەی رابردوو لەو مەلەفە کراوە، جاری جگە لەوەی بەرێز سەرۆکی پەرلەمانیش باسی کرد مۆڵەتی ئەو کۆمپانیایانە بە کوڕە مەسئول و بەرپرس و برازا و ئەوانە نەبێ هەر نادرێ، ئەوەی ئەشدرێ ئەبێ سەرووی نیو ملیۆن دۆلار بەرتیل بدەی تا رێککارەکانت لە یەکێ لەو دەزگایانەی پابەندە بە پێدانی مۆڵەتەکە کارەکانت ببێ، دوو، پشتیوانی سەوسەن خان ئەکەم، کاری کۆمپانیاکان بۆ بەجێ گەیاندنی ئەرکەکان و پاراستنی گیان و سەر و ماڵی کەسەکان لە چوارچێوەی یاسا بەرکارەکان پێویستە کەسەکان و شوێنە گشتی و تایبەتەکانیش زیاد بکرێ، چونکە لە هۆیەکانی دەرچوواندنیش هاتووە کە باسی کاریگەری راستەوخۆی ئەو کۆمپانیایە ئەکات لەسەر گیان و سەر و ماڵی گشتی و تایبەت لە هەرێمی کوردستان، بۆ ئەوەی ئامانج و هۆیەکانی دەرچوواندنی یاساکە بەیەکەوە بگوجێندرێ، تێبینیم هەبوو لەسەر

قسەکانی بەڕێز وەزیری ناوخۆ لەسەر ئەو کۆمپانیا سکیوریتیانەی کە لە بوارەکانی کارتی نەوت کاریـان کـردووە پێشـتر پرسـیارمان ئاراسـتەی وەزارەتـی سـامانە سروشـتییەکان کـردوو بـوو، وەڵامی وەزارەت بەڕێـز جەنـابی وەزیـر بەو شـێوازەیە، ئەڵـێ وەزارەتمـان لەسـەرەتای دەسـت بەکاربوونی کابینەی نۆیەم حکومەتی هەرێم پێـداچوونەوەی تەواوی بە گرێبەسـتی کۆمپانیـای سکیوریتی کردووە کە لە بواری نەوت و گاز کار ئەکەن، تەواوی ئەرکـی پارێزگـاری و پاسـەوانی کردنی دامودەزگا نەوتییەکان لە ئەستۆی هێزی ئۆیپیئیکیە، باسـی ئەوە ئەکـات ئەو کۆمپانیایـانە ئەو ئەرکەی کۆمپانیا سکیوریتیەکەیان لابردووە، دراوە بە هێزی تایبەتی حکومەت، مۆڵەتی ئەو کۆمپانیایانە هەڵوەشاوەتەوە، یا وەکو بەردەوام ئەبن؟ سوپاس.

بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:

جوان خان فەرموو.

بەڕێز جوان یونس محمد:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

تێبینیەکانی من باس کرا، پشتگیری دکتۆر ڕێبوار و سەوسەن خان ئەکەم، تێبینیەکی ترم هەبوو لە شێوازی داڕشتنەوەی بڕگەی دوو لە ماددەی دوو، پاراسـتنی گیـان و سـەر و مـاڵی کەسـەکان، کەسەکان هەندێ ڕەکیکە، بکـرێتە هاووڵاتیـان یـان ئەو هاووڵاتیـانەی لە چوارچێـوەی ئەو یاسـا بەرکارانەی هەرێم کاریان پێ ئەکرێ، سوپاس.

بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:

منـیش هـاوڕای کـاک ڕێبـوار و سەوسـەن خـانم، لە خـاڵی دوو کە بـاس لە سـەروماڵ ئەکـرێ، بـۆ نموونە ئەگەر کۆمپانیایەکی ئەمنـی یەکەیەکـی نیشـتەجێ بـوون بپـارێزێ ئایـا تەنیـا کەسـەکان ئەپارێزێ، ئەگەر قوتابخانە یان مـزگەوت یـان هەر شـتێك کە لەنـاو ئەو شـوێنە هەیە، پێویسـتە لایەنی شەخسی و مەعنەوی هەبێ لەو یاسایە، سوپاس.

بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:

فەرموو کاك عومەر.

بەڕێز عمر عبدالله فتاح:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

سەبارەت بە ئامانجەکان ئەو مولاحەزەیەم هەیە، کە ئامانجەکان مەفروز وایە زیاتر نەچێتە نـاو تەفاصیل و میکانیزم وەك لە خاڵی چوارەم هەیە، ئەبـێ بـاس لەو کەلێـنە بکـات کە یاسـاکە پـڕی ئەکاتەوە، واتە ئەبێ فەراغێکی یاسایی هەبێ، کێشە یان گرفت هەبێ، لێرە ئامانجەکان شـتێکی باڵاترە لە میکـانیزم، بـۆیە سـەیرە لام ئامـانجی ئەو یاسـایە چییـە؟ کەلێنەکـان کـامەیە؟ بـۆچی کۆمپانیـای ئەمنـی هەر بنەمـایە، ئەو هەمـوو هێزەمـان هەیە لە کوردسـتان، ئەسـڵەن گیرمـان خواردووە بە دەست ژمارەیان، نا ڕێکخراوەیان، هەڵنەستانیان بە ئەرکی خۆیـان، بەکارهێنانیـان لەلایەن حیزبەکانەوە، بەکارهێنانی چەکیـان لە دەرەوەی یاسـا، ئایـا ئەو کۆمپانیایـانەش دیسـان ئەبنەوە بەشێك لەو فەوزایەی لە کوردستان هەیە یـان خواسـتێك ڕێکئەخـات و داوای ئەکـات و وەڵام ئەداتەوە، بـۆیە پێشـنیارم بـۆ ئەو لیـژنە ئەوەیە ئەو ئامـانجە ڕوون بکـاتەوە، خـاڵێکی تـر،

چوارەم هەر لابرێ، ئەو رەسم و گەرەنتیانەی کۆمپانیا پابەندن بە پێشکەش کردنیان ئەوانە لە ماددەکانی تر جێ ئەکرێتەوە، سوپاس.

بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:

فەرموو بەڕێز وەزیر.

بەڕێز ڕێبەر احمد خالد/ وەزیری ناوخۆ:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ئەگەر سەیری بکەن ئەو ماددەیە ئەڵێ ئامانجەکانی ئەو یاسایە ڕێکخستنی ئەو بوارانەیە، ئەو چەند خاڵەی ڕیزکراون لە ماددەکانی تر ڕێکخراون، ئێمە ناکرێ هەموو یاسایەکە بێنین لە ماددەی دوو کۆ بکەینەوە، ئەگەر تۆزێك دیقەت بکەن تەواوی یاساکە خوێندرابێتەوە، هیوادارم لەلایەن بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، بۆ ئەوەی تووشی ئیشکالییەت نەبن لە ماددە بە ماددە، ئەوەی لێرە نووسراوە ئەڵێ ڕێکئەخات، لە کوێ؟ لە ماددەکانی تر، ئەگەر ئەوەی بەڕێزتان ئەڵێن هەموو ئەو شتانە بێنین لێرە کۆ بکەینەوە ماددەی دوو ئەبێتە هەموو ئیشەکان، بۆیە تکام وایە سەیری ماددەکانی دوای ئەوە بکەن روون ئەبێتەوە، هەندێ دەستەواژەی یاسایی کە باس ئەکرێ مەسەلەن کەسەکان، خۆی کەس، کەسایەتی مەعنەوی و تەبیعی هەیە، ئەوە بە یاسای تر ڕێکخراوە، ناکرێ بێین جاریکی تر پێناسەی کەسایەتی بکەین، لە یاساکانی تر هەیە، مەبەست کەس هەم کەسە هەم بارەگا و شوێن و ئەو شتانەی پێویستی بە پاراستن هەیە، بابەتی هەلی کار کە برادەران وتیان، ئەو یاسایە لە ماددەکانی تر باس ئەکات چۆن ریکیئەخات، ئێوە بیرو بۆچوونتان کە عەرزی ئەکەن لەسەر ئەوەیە ئەوەی بە چاوی خۆتان بینیوتانە لەلادان لە یاسا و بەکارهێنانی هەلە بۆ مەبەستی شەخسی و جیاواز، ئەو یاسایە ئەو بابەتەی ڕێکخستووە، هەستمان کردووە لە حکومەت ئەبێ ئەو بابەتە ڕێکبخرێ، لێرە ئەو ئەرکانەی نابێ کۆمپانیا بیکات لە ماددەکانی دوای ئەوە هەیە، نابێ زانیاری کۆ بکاتەوە، نابێ راپۆرتی ئەمنی هەبێ، نابی بازگا، یەك دونیا نابێ هەیە، بەڵام سەیری ئەوە بکەن نەك ئێستا چ هەیە، لە یەکێ لە ماددەکان ئەڵێ ئەو کۆمپانیایانەی ئێستا هەن ئەبێ خۆیان بگونجێنن لەگەڵ ئەو یاسایە، ئینجا کۆمپانیای نوێ بەپێی ئەو یاسایە دەرئەچێ، ئەوکاتە ئەبینن لە ماددەکانی تر چۆن هەلی کار بۆ گەنجی ئێستا بەردەست کراوە، هەم لە کۆمپانیای ناوخۆیی هەم لە بیانی، بەداخەوە هەندێ شت پەرلەمان شوێنی ئەوە نییە، باسی هەندێ دەستەواژە بکرێ کە هەندێ کەسی نەفس نزم بەرتیل و نازانم چی، پێم خۆشە ئەگەر بەڕێزێك لە شوێنێك بەلگەیەکی هەیە پێمان بڵێ بۆ ئەوەی بەدواداچوونی یاسایی لەسەر بکەین، ڕێکاری یاسایی بەرامبەریان وەرگرین، لەو کابینەیە دەست بەکار بووین ئەرکی سەرەکی ئێمە چاکسازی دارایی و ئیداری بووە، هەنگاوی زۆر باشمان بڕیوە لە وەزارەتی ناوخۆ، هەموو ئەو بەڕێزانەش ئاگادارن، مۆڵەتی یەك پەنجەریی بێ، خۆزگە هەموو مۆڵەتێك ببێتە یەك پەنجەریی، بەڵام ئەو بابەتە کۆمپانیا تۆمار کردن لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازییە، لەوێ ئەچێ تەقدیمی داواکاری ئەکات، وەزارتیش ناتوانێ مۆڵەت بەو کۆمپانیایە بدات تاکو داوا لە وەزارەتی ناوخۆ نەکات، ئەویش ناتوانێ مۆڵەت بدات تا ڕێکۆمیندی ئەمنی لەگەڵ نەبێتن، یەعنی ئیشەکەمان وا لێ کردووە کەس بە ئاسانی نەبێت بە خاوەنی کۆمپانیای ئەمنی، ئەوەی ئێوە لێی نیگەرانن، کۆمپانیای نەوت، ئەو وەڵامەی لە

وەزارەتی سامانە سروشتییەکان، دروستە، بەڵام مەبەستیان ئەو کۆمپانیایانە نییە کە کێڵگەکان ئەپارێزن، بەرێزان کۆمپانیای ئەمنی کێڵگە و بۆری نەوتی نەدەپاراست، مەبەستیان رێکخستنەوەی گرێبەستی کۆمپانیاکانە کە لەگەڵ پاراستنی ستاف لەوێ داهاتێکی زۆر بۆ ئەو کۆمپانیایانە ئەچوو، مۆڵەتیان رێکخستۆتەوە وچاکسازی کراوە و داهاتیان کەمکراوەتەوە، ئەو کۆمپانیایە ئیشی هەبێ یا نا مۆڵەتەکەی مەفعولە بەپێی ئەو یاسایانەی بەرکارن، لەسەر بابەتی رەسم و گەرەنتی، ئەوە پێویستە ئامازەی پێ بدرێ لەو یاسایە رێکخراوە، ئەگەرێمەوە سەر ئەوەی پێویستە رێکبخرێ دواتر ئاماژەی پێکراوە، ئەگەر لە بڕگەی سێیەمی ماددەی دوو پێتان وایە ئەکرێ ئەوە ئیزافە بکرێ بە نووسین مسۆگەر کردنی پابەند بوونیان بە یاسا بەرکارەکان لە هەرێم هەروەك چۆن لە ماددەی دوو لە بڕگەی دوو نووسراوە ئەکرێ وای لێ بکرێ، سوپاس.

بەرێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:

فەرموو لیژنەی تایبەتمەند.

بەرێز بژار خالد عبدالله:

بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.

عینوانی ماددەی دوو ئەگەر بە ووردی سەیری بکەین ئەڵێ ئامانجی ئەو یاسایە بریتین لە رێکخستنی، ئەو رێکخستنە بۆ هەموو بڕگەکان کە لەو ماددەیە هاتووە، ئەگەر بەس بڵێین ئامانجی ئەو یاسایە و بێین بڕگەی یەکەم و دووەم بخوێنینەوە، راستە ناریکی هەیە، بەلام بریتین لە ریکخستنی یەکەم بۆ ئەوەی جوانتر بی، سەبارەت بە کەسەکان بەس باسی هاووڵاتی نییە، بەڵکو شەخسی تەبیعی و مەعنەوی ئەگرێتەوە، لەبەر ئەوە هاتووە، ئەوەی کاك عومەر ئەڵێ راستە، بەڵام لە هۆیەکان جێگەی ئەبێتەوە، ماددەی دووەم کۆکراوەی هەموو ماددەکانە لەو یاسا هاتووە، وەزیرەکان لێرەن روون کردنەوەی زیاتری بۆ ئەدەن، سوپاس.

بەرێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:

بەشی دووەم فەرموو.

بەرێز شاخەوان رؤوف مصطفی:

بەریز سەرۆکی پەرلەمان،

مۆڵەتی کۆمپانیاکان:

ماددەی (٣):

١ نابێ بەبێ وەرگرتنی مۆڵەت کۆمپانیایەك دابمەزرێ یان لقی کۆمپانیایەکی بیانی تۆمار بکرێ

٢- نابێ بەبێ وەرگرتنی مۆڵەت هیچ کۆمپانیایەك خزمەتگوزارییە ئەمنییەکان پێشکەش بکات.

بەرێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:

کێ قسەی هەیە؟ (کاك سیروان، کاك دکتۆر اسماعیل، موژدە خان، گولستان خان، کاك راهی، شادی خان، کاك گۆران، شیرین خان، کاك لوقمان، کاك کاروان، کاك عمر، کاك دابان، کاك عثمان سیدەری، کاك رزگار، کاك حاجی هەڵکەوت، لیلا خان)، فەرموو لەیلا خان.

بەڕێز ليلى عبدالجبار حدو:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
ل ماددا سێ بێتە دارشتن جۆرەك ڕێگا بە کۆمپانیا ئەمنیە بیانییەکان نەدات تەنیا لە حالەتی پێویست نەبێت، چونکە دەستووری عێراق لەو بارەوە روونە، هەروا پێویستە بۆ کۆمپانیا ئەمنییە بیانییەکان رەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران بێ، سوپاس.
بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:
فەرموو کاك عەلی.
بەڕێز عەلی حمە صالح:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
بەڕێز جەنابی وەزیر، لێرە زیاتر باسی ئیلتیزامی کۆمپانیا ئەکرێ بەرامبەر حکومەت یان تەنزیماتەکانی، ئیلتیزامی دووەم کە کۆمپانیا بەرامبەر کارمەندەکانی لەو قانوونە ئاماژەی وای نییە، کۆمپانیا لەگەڵ مۆڵێك ڕێکەوتووە ملیۆن و نیوێك وەرئەگرێ، بەڵام (٤٥٠) هەزار ئەدات بە کارمەند، ئەوە جگە لە سیستەمی دەوام و خواردن و جێ، پێویستی بە تەنزیماتی تەواو هەیە، خاڵێکی تر لەو قانوونە ئاماژەی پێ نەدراوە، ئەکرێ لە چوارچێوەی ئیلیتزامی کۆمپانیا و حکومەت ڕێکبخرێتەوە و رەبت بکرێ بە مۆڵەتەوە، بۆ نموونە کافتریایەك بانگ ئەکرێ لەلایەن ئاسایشەوە، ئەڵێن ئەبێ سکیریتی دابنێ، دیاریش کراوە بچێ بۆم کام کۆمپانیا، باوەڕ بکەن شوێنێك هەیە فەلافل و گەس ئەفرۆشێ ناچار کراوە دوو کەس دابنێ، سێ ملیۆن بدەی بە کۆمپانیا، وتوویەتی سێ ملیۆنم بۆ نامێنێتەوە، ئەو کۆمپانیایە باج ئەدات، ئەرکی دەوڵەتە حیمایەی بکات، نەیکەمە موناقەشە، بەڵام بە وردی بەدواداچوون ئەکەم، بۆ نموونە کۆمپانیا هەیە لە قادر کەرەم کە هی کوڕە بەرپرسێکە (٣٠٠) کەسی لێیە لە کێڵگەی غاز بۆ پاراستنی کارمەند نییە، (٩٠٠) هەزار دۆلار وەرئەگرێ مانگانە، چەند ساڵە ئەو تەندەرە نوێ نەکراوەتەوە، گێڵگەی حەسیرە لە گەرمیان کۆمپانیای هاریکارە، داوا ئەکەم بەدواداچوونی دەقیق تر بکەن، با نوێ بکرێتەوە، تەنانەت بۆ کارمەندیش بێ، ئەرکی دەوڵەتە بە کێبرکی بیکات، بۆ؟ لەبەر ئەوەی کۆستریکەڤەریە ئەو پارەی سەرف ئەکرێتەوە لە پارەی نەوت ئەبڕێتەوە، ئەوە وای کردووە ئەڵێین لە بەرمیلی نەوتەوە ئەمێنتەوە، خاڵی تر زۆنەکان، کێ قەرار ئەدات چی لە کوێ بێ؟ بۆ نموونە، کێ قەرار ئەدات ئەو کوڕە ئەمەی هەبێ مانگی (٥٠) دەفتەر بخاتە باغەڵی، (٣٠٠) کەسی هەیە ئەگەر ملیۆنێکی بداتێ چەند ئەکات؟ (٩٠٠) هەزار وەرئەگرێ، بۆ نموونە (٣٥٠٠) مەغزەنمان هەیە لە ڕێی گوێر، حەرەسی بەردەرگاش پۆلیسە، هەر مەغزەنێك (٤٠) هەزار ئەدات، بۆ ئەدرێ بە کۆمپانیا، بۆ حکومەت خۆی ئیعلانی ناکات چی بە کێ بدرێ، بە کێبرکی بێت، پرۆژەی کەرتی تایبەت پارە لە موشتەری وەرئەگرێ، بۆ نموونە ناز ستی، ئەڕۆن پۆلیسی دەوڵەتی لییە، بەڵام ئایا لە چوارچێوەی خەدەمات کە ئەو پارەیە ئەدەی بۆ هەموو ستییەکانی تریش کە لەوێ گرانترە، بۆ کۆمپانیا نییە؟ ئەوە کارمەندی دەوڵەتە مەفروز بوو خۆیان دابینی بکەن، بۆیە ناکرێ کارمەندی دەوڵەت ئیش بۆ کۆمپانیا بکات، پرسیاری جەوهەری ئەوەیە لێرە جێ بکرێتەوە ئەو ئیلتیزامە ئەبێ لە شوێنێك ڕێکبخرێتەوە، کۆمپانیا بەرامبەر بە دەوڵەت، ئەرکەکەشی دابین بکرێ کە کێ ئەرکی کوێیە بینێرێ، چونکە کۆمپانیا هەی (٥٠٠٠) هەزار کەسی هەیە، سوپاس.

بەڕێز هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:
فەرموو کاك لوقمان.
بەڕێز لقمان حمد حاجی:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
مادده (٣) هەردوو خاڵم له یەك خاڵ کۆکردۆتەوە بەو شێوەیە، نابێ بەبێ وەرگرتنی مۆڵەت کۆمپانیای ئەمنی دابمەزرێ یان خزمەتگوزاری ئەمنی پێشکەش بکرێ یان وەك لقێکی کۆمپانیای بیانی تۆمار بکرێ، سوپاس.
بەڕێز هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:
فەرموو گولستان خان.
بەڕێز گلستان باقی سلێمان:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
هەمان تێبینی کاك لوقمانم هەبوو، پشتگیری ئەکەم. جۆرێك مەترسیش لەو جۆری کۆمپانیایانە ئەبینم بەوەی کە داهاتێکی زۆر بەرن و خەڵك ئیستیغلال بکەن، بە پارەیەکی کەمی کرێ، ئەگەر جەنابی وەزیر روون کردنەوە بدات، چونکە خەڵك بەکار ئەهێنرێ بە پارەیەکی کەم و قازانجی زۆر بۆ کۆمپانیا، سوپاس.
بەڕێز هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:
فەرموو دکتۆر اسماعیل.
بەڕێز اسماعیل علی طه:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
خالأە ئیکێ پشتگیری مامۆستا لوقمانی دکەم، خالا دوێ زێدەکەت دا رێگری بێتە کرن، نەهێنە ئیستیغلال کرن، کۆمپانیا ئەز دزانم لایە هەندە مەسئولا دێتە داخاز کرن، هەندە پاسەوانە بۆ وانە رەوانە بکات بۆ باغی وێ بۆ تشتەکی تایبەت، ژبەر هەندێ ئەز بێژم بێژی نابێت ئەو کەسی هاتیە دامەزراندن پاسەوان ل کۆمپانیا کاری پاسەوانی جهەکێ دی بکەت، دا نەهێتە ئیستیغلال کرن، سوپاس.
بەڕێز هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:
فەرموو کاك حاجی هەلکەوت.
بەڕێز هەلکەوت انور خلیفە:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
بەخێرهاتنی وەزیرەکان ئەکەم، ماددەی (٣) یەکەم: ئەڵێ نابێ بێ وەرگرتنی مۆڵەت کۆمپانیا دابمەزرێ یان لقی کۆمپانیایەکی بیانی تۆمار بکرێ، لە دووەم ئەڵێ نابێ بێ وەرگرتنی مۆڵەت هیچ کۆمپانیایەکی خزمەتگوزاری ئەمنی پێشکەش بکات، لێرە پێم باشە خاڵی یەکەم نەمێنێ، لەگەڵ رەئی کاك لوقمان و گولستان خانیشم، بەو شێوەی لێ بکرێ، یەك خاڵیان بمێنێتەوەو بڵێین نابێ بەبێ وەرگرتنی مۆڵەت هیچ کۆمپانیایەکی خزمەتگوزاری ئەمنییەکان پێشکەش بکات یان دابمەزرێ بەبێ تۆمار کردن، پێشم خۆش بوو لێرە دەست خۆشی لە ئەنجومەنی

وەزیـران بکەیـن کە ئەمـڕۆ لە کۆبوونەوەیـان بڕیـاری سـەرف کردنـی دەرمـاڵەی قوتابیانیـان دا، دەست خۆشیان لێ ئەکەین، سوپاس.

بەڕێز هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:

فەرموو كاك رزگار.

بەڕێز رزگار محمد محمود:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

لە زۆربەی ماددەکان و بڕگەکان باس لە مۆڵەت ئەکات، روونە هەموو کۆمپانیایەك ڕێگە پێدراوە، بەڵام ئەو کۆمپانیایانە پێشتریش ئیشارەتم پێـدا، داوا ئەکەم لە بەڕێـز وەزیـری نـاوخۆ مەسـەلە مـۆڵەتە نەبـێ تەنهـا، چـاودێری کۆمپانیـاش بکـرێ لە کارەکـانی، باسـم کـرد ئەو کۆمپانیـایە بـۆ بەرژەوەندی خۆی چی بوێ ئەیکات، حەقە تەنیا باسی ئەوە نەکرێ مۆڵەت، باسی ئەوەش بکـرێ ئەو کۆمپانیایە چۆن پابەند بکرێ موخالەفە نەکـات، وای ئەبیـنم تـا ئێسـتا ئینشـالله ئەو یاسـایە بچێتە بواری جێ بەجێ کردن و ئەوەی لە رابردوو روویدا روو نەداتەوە، تەنیا مۆڵەت ئەدرا بەو کۆمپانیا کە شەخسێك بـوو ئەبـووە خـاوەن هێزێـك و چـۆن بویسـتایە بەکـاری ئەهێنـا، مـن لەو هەڵبژاردنانە خەڵك بووە ساحێب کۆمپانیای سکیوریتی، بووە چـووە بـۆ لای کارمەنـد تەکلیفـی کردووە هەرکەس دەنگی بەوە نەدات لای ئەبەم لای خۆم، ئەوە شەخسە و چۆن بـیەوێ بەکـاری ئەهێنـێ، دووبـارە داوا ئەکەم لە وەزیـری نـاوخۆ ئەوانەی لە رابـردوو بـووە دووبـارە نەبێـتەوە، سوپاس.

بەڕێز هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:

فەرموو كاك عوسمان.

بەڕێز عثمان کریم سوارە:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

پشتیوانی قسەکانی كاك لقمان و برادەرانی تر ئەکەم، سوپاس.

بەڕێز هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:

فەرموو شادی خان.

بەڕێز شادی نوزاد وەهاب:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

هەمان رای كاك لقمان و گوڵستان خانم هەیە، پشتگیریان ئەکەم، سوپاس.

بەڕێز هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:

فەرموو كاك راهی.

بەڕێز راهی راهبر ابراهیم:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

پێش ئەوەی ئەو دوو بڕگە بکرێ بە یەك بڕگە، پرسیارم لە لیژنەی یاسایی بۆچی سەربەخۆیە؟ بۆ لەگەڵ ماددەی چوار یان شـەش دانەنـراوە؟ ئەگەر بڕیاریشـە بمێنێـتەوە بـۆچی وەك كـاك لقمـان ئاماژەی پێدا دوو بڕگەیە؟ تێبینی ترم، ئایا کە نووسراوە نابێ بێ وەرگرتنی مـۆڵەت باشـتر نیـیە

لە رووی یاسـایی و عـورفییەوە (بەبـێ) بکەیـن بە (پـێش)، وشـەی (بەبـێ) بکەیـن بە (پـێش)؟ سوپاس.

بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:

فەرموو موژدە خان.

بەڕێز مژدە محمود محمد:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بۆ ماددەی (٣) پێم وایە ماددەی یەکەم زیادە، بۆ ماددەی دوو یەك وشەی بۆ زیـاد بکـرێ، مانـاکە ئەبەخشێ و ئەوەندەش درێژەی پێ نادرێ، بەو شێوەیە، ماددەی سێیەم، نـابێ بەبـێ وەرگرتنـی مـۆڵەت هـیچ کۆمپانیـایەك لێـرەوە وشـەی دابمەزرێـی دابـمەزرێ و ئەوەی بـۆ زیـاد بکـرێ بەو شـێوەیە، نـابێ بەبـێ وەرگرتنـی مـۆڵەت هـیچ کۆمپانیـایەك دابـمەزرێ و خزمەتگوزارییەکـان پێشکەش بکات، ئاوا هەم مانای ئەبێت و هەم بڕگەیەکی زیادە لائەبرێ، سوپاس.

بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:

فەرموو کاك سیروان.

بەڕێز سیروان فرج محمد:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ئەو پرۆژە یاسایە زۆر گرنگە، یەك بۆ پاراسـتنی سـەر و مـاڵی خەڵـك و بـۆ ئەو کارمەنـدانەی لەو شوێنە ئیش ئەکەن، تێکڕای ماددەکەم خوێندۆتەوە و زۆر بە دیقەت دیراسەم کردووە، بۆیە ئاوا بە دەقیق قسەی لەسەر ئەکەم، یەکەم، لەسەر ماددەی (٣) پێم وایە زیـادەیە، چـونکە لە مـاددەی یەك هەم نووسـراوە مـۆڵەت، ئەکـرێ لەوی زیـاد بکـرێ بڵـێ مـۆڵەت بەو شـێوازە ئەدرێ، بـۆ تەوزیحێك ئەکرێ لەو مۆڵەتە شتی بنووسرێ، لە تێکڕای (٢٢) مـاددەکە بە یەك دێـریش باسـی مافی کارمەند نەکراوە، ئەوەی بینیمان شەهید بوون، برسین، ئایا نـان خـواردن لەسـەریانە؟ ئایـا مووچەکە تێری ئەکات؟ لەیاسای دونیا هەیە ئەو شوێنانەی خەڵـك تەعـین ئەکەن مـادام پـارە لە کۆمپانیا وەرئەگرن مەسەلەن ملیـۆن و نیویـك لە شـوێنێك وەرئەگـرن چ مەعنـای تێـدایە ئەوان (٤٠٠) هەزار وەرگرن با بە نیسبەت بێ، بۆ نموونە لێـرە تەسـبیت بکـرێ هەر کارمەنـدێك لەلایەن کۆمپانیایەك دائەمەزرێ ئەبێ بۆ نموونە لە ٥٠% بڕی ئەو پارەیان پـێ بـدرێ، چـونکە مەسـاریفی تریان هەیە، جل و بەرگیان لەسەر کێیە؟ بەپێی ئەوەی ئێستا یەك کەس نییە جل و بەرگیـان بـۆ بکڕێ یان خواردنیان، چونکە (١٠) بۆ (١٣) سەعات ئەمێننەوە، ماڵ و مناڵیان بەجێ ئەهێڵن، تکایە جێ بکرێتەوە، ئەگەر لێرە یان بڕگەیەکی تر مافەکانیان چییە نەك بەس ئەرکەکانیان، سوپاس.

بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:

کاك دابان فەرموو.

بەڕێز دابان محمد حسین:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بەخێرهـاتنی وەزیرەکـان ئەکەم، مـاددەی (٣) بـڕگەی دوو، کـاك عەلـی ئامـاژەی بە خاڵێـك کـرد ئەمەوێ جەختی لەسەر بکەمەوە ئەگەر بکرێ وەزیری ناوخۆ وەڵاممان بداتەوە، زۆنی ئیشی ئەو کۆمپانیایانە کێ دیاری ئەکات؟ لە ماوەی رابردوو بەشێك لە ئیشکالییەکانی ئەو کۆمپانیایـانەی

هەبوون ئەو شوێنانە بوون کە درابوون بەی کۆمپانیاکان، بەشێکی زۆری ئەو کۆمپانیایـانە هـی کوڕی بەرپرس و خەڵکی خاوەن دەسەڵات بوون کە ڕۆیشتوون فشاریان لە ستیەکان کردووە، لە بازاڕەکان و مۆڵەکان کە ئەبی ئەو زۆرنە لای ئەو کۆمپانیایە بیت، بە بۆنەی ئەو زەختانەی کراوە هەندی لە کۆمپانیاکان تا ئێستا زیانیـان و کەمتـرین شـوێنیان لەبەر دەسـتدایە، ئەوە کـێ دیـاری ئەکات؟ دوو، ئەگەرێمەوە ماددەیەکی پێشتر کە کاری کۆمپانیـا بـۆ بەجـێ گەیانـدنی ئەرکەکـانی پاراستنی گیـان و سـەرو مـاڵی کەسـەکانە، ئەوە مەفهومێکی فـراوانە، ئەو شـوێنانە کـێ دیـاری ئەکات کە سکیوریتی هەبێت و کۆمپانیا بیپارێزی، ئەگەر وابێ بەو شێوازە بێت چوارچێوەیەکی بـۆ دانەنـرێ، کەوایە کۆمپانیـا ئەتـوانێ هەر گەرەکێکـی بـوێ بپـارێزی و بڵـێ ئەم شـوێنە ئەبـێ سکیوریتی هەبێ، ئەو دوو خاڵە گرنگە وەڵامێکی گرنگی هەبێ لە کوێ یاسـاکە ئەو دوو خـاڵەم نەبینی، سوپاس.

بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:

فەرمووو کاك كاروان.

بەڕێز کاروان عبدالرحمن:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

پێم وایە ماددەی (٣) بڕگەی (١ و ٢) تەحسیل حاسلە، پێویست ناکـات ئامـاژەی پـێ بکـرێ، لەبەر ئەوەی ماددەی یەك بڕگەی شەشـەم و مـاددەی دووەم بـڕگەی سـێ بە هەمـان شـێوە، بـۆیە ئەوە زیادەیە، پێم باشە ماددەی (١٨) لە حوکمەکان بێتە ماددەی (٣) و بەو شـێوە ئامـاژەی پـێ بکـرێ، پێویستە لەسەر کۆمپانیای ئەمنی تایبەت کە پـێش بەرکـاربوونی ئەو یاسایە دامەزراوە خۆیـان لەگەڵ حوکمەکانی ئەو یاسـایە بگـونجێنن بە جۆرێـك لە مـاوەی (٩٠) ڕۆژ تێـپەر نەکـات، کەوایە ئەگەر دوو ماددەیە یان مـاددەی (١٨) بینـیە مـاددەی (٣) کێشـەکان حەل ئەکـات، چـونکە مـاددە گرنگتـر هەیە لەوی جێیـان بکەیـنەوە، ئەو دوو بـڕگەیەش مـادام لە ئامانجەکـان هەیە بـۆ لێـرە دووبارە بێتەوە، سوپاس.

بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:

فەرمووو كاك گۆران.

بەڕێز گۆران عمر علی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بەخێرهـاتنی وەزیـرە بەرێزەکـان ئەکەم، پشـتگیری وتەکـانی کـاك عەلـی و کـاك دابـان ئەکەم، سوپاس.

بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:

فەرمووو شیرین خان.

بەڕێز شیرین امین عبدالعزیز:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ماددەی (٣) بڕگەی یەك نـابێ بەبـێ وەرگرتنـی مـۆڵەت کۆمپانیـا دابـمەزرێ یـان لقـی کۆمپانیـای بیانی تۆمار بکرێ، بۆ بڕگەی یەك پـێم باشـە هـیچ کۆمپانیـای ئەمنـی دابـمەزرێ، بـۆ قسـەکانیش پشتگیری كاك رزگار و كاك عەلی و گوڵستان و كاك دابان ئەکەم، سوپاس.

بەڕێز هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:
فەرموو کاك عومەر.
بەڕێز عمر عبدالله فتاح:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
سەبارەت بە یەکخستنی ئەو دوو خاڵە پشتگیریان ئەکەم، خاڵێکی تر، ئەو لقی کۆمپانیای بیانی پێویستی بە روون کردنەوە هەیە، بۆچی دێتە هەرێمی کوردستان، ئێمە کێشەیەکی گەورەمان لەگەڵ کۆمپانیا بیانییەکان هەیە بە تایبەت لە بواری بەگەڕخستنی دەستی کاری خۆماڵی، ئێمە لە کوردستان کێشەی گەورە بێکارییە، ئەو کۆمپانیایانەی دێنە کوردستان قانوونی کاریان بەسەر جێ بەجێ ناکرێ، تەنانەت ئەگەر کادیرێك زۆر زەروور بێ و بێتە کوردستان مولزەمە کۆمپانیاکە دوای ساڵێك کەسێکی خۆماڵی لە هەرێمی کوردستان فێری پیشەکەی بکات و بگەڕێتەوە، بۆ ئەوەی گەنجی خۆمان بێ کار نەبێت، ئەو بابەتە لقی کۆمپانیای بیانی ئەمنی پێویستی بە روون کردنەوە هەیە، کێن؟ ئەبنە بار بەسەر خەڵکی کوردستان؟ سوپاس.
بەڕێز هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:
فەرموو وەزیری ناوخۆ.
بەڕێز ڕێبەر احمد خالد/ وەزیری ناوخۆ:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
لەوەوە دەست پێ ئەکەم ئەو ماددەیە زەرووورە یان بڕگەکانی یەکبخرێن؟ بۆ ئەوەی بەڕێزتان وێنەکەتان لا روون بێ بۆچی ئەو ماددەی زەرووورە و ئەبێ هەبێ، لە ماددەی چوار ڕێککارەکانی مۆڵەت دان نووسراوە، بەڵام لێرە ئاڵێ نابێت، نابێت ئەمە هەبێت، لەوی ئەوەی ئەبێ هەبێت ڕێگەی پێ دراوە، ئەوە بۆچی نابێت؟ بۆ ئەوە نیگەرانیانەی ئێوەیە، یەك، مۆڵەت وەزارەتێك بێت لەخۆیەوە مۆڵەتێك بداتە کۆمپانیای ئەمنی، ئەوە ئەکیدە لەوەی نابێ بەبێ وەرگرتنی مۆڵەت کۆمپانیایەك دابمەزرێ، ئەو مۆڵەتەش پێناسە کراوە، دووەم، نابێ بەبێ وەرگرتنی مۆڵەت هیچ کۆمپانیایەك خزمەتگوزاری بکات، بۆچی؟ بۆ ئەو نیگەرانیانەی ئایا ئەو کارە زۆنەکان چۆن دابەش ئەکرێ؟ ئەوە هەر گرێبەستێك دواتر لە ماددەکانی تر ڕێکخراوە، هەر گرێبەستێك کۆمپانیا بیکات ئەبێ ڕەزامەندی وەزارەتی ناوخۆی وەرگری، ناکرێ کۆمپانیایەك گرێبەست بکات لەسەر بنەمای ئەو گرێبەستە دواتر ئیمتیازات وەرگرێ، چونکە ئەو گرێبەستانە کە ئەکرێ بۆ نموونە ئەڵێ من گەرەکێك ئەپارێزم، یا کۆنسوڵخانەیەك ئەپارێزم، بۆ ئەو ئیشە پێویستم بە بیست سەیارەی زرێپۆش هەیە، هێنانی سەیارەی زرێپۆش بەبێ ڕەزامەندی وەزیری ناوخۆ داخل ناکرێ، ئەو کاتە ئەگەر گرێبەستی لە وەزارەتی ناوخۆ پەسند نەکرابێت ڕێگەی پێ نادرێ سەیارەی زرێپۆشیش داخل بکات، ئەبێ هەبێت نابێت ئەو ئیشە بێ مۆڵەت بکات، جگە لەوە ئەو بابەتەی ئەو ئاماژەم پێ کرد لە پرۆژە یاسای ئێمە باسی ئەنجومەنی ئاسایشی تێدا بوو، خۆمان زیاتر مولزەم کردووە، زیاتر کۆت و بەندمان داناوە لەوەی مۆڵەت نەدرێ بە ئاسانی، لێرە ئەنجومەنی ئاسایشی تێدا هەڵگیراوە، نازانم لە ئەنجومەنی شورا کە هاتووە بۆ پەرلەمان ئەو بڕگەیەی لێ هەستاوە، خەلەل لە کوێیە نازانم، بەڵام پێشنیارم هەیە بۆ لیژنەی یاسایی کە ماددەی سێیەم بڕگەی یەکەم زیاد بکرێ، ئینجا بڕگەی دووەم و سێیەم بمێنێ بەوەی کە ئەوەی

یەکەم جێگەی بەو شێوەیە ئەگرێتەوە، نابێت لە هەرێم بەبێ ڕەزامەندی وەزارەت و پاش لادری نەبوونی ئەنجوومەنی ئاسایش کۆمپانیایەکی ئەمنی دابمەزرێ، یان لقی کۆمپانیایەکی ئەمنی بیانی تۆمار بکرێ، ماددەی (٣) بڕگەی یەکەم لابرێ و ئەوەی ئێستا پێشنیاری ئەکەین زیاد بکرێ، بڕگەی دووەمیش وەکو خۆی بمێنێتەوە، ئینجا ئەو تێبینیانەی بەڕێزتان باستان کرد، پابەندی کۆمپانیا لەگەڵ حکومەت دیارە، بەڵام پابەندی کۆمپانیا لەگەڵ کارمەندەکانی بەپێی یاساکانی تر ڕێکخراوە، بەپێی یاسای کار و دەستبەری کۆمەڵایەتی لە وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی ئەوە ڕێکخراوە، هەرچی پەیوەندی بە ماف و ئیمتیازاتی کارمەندێك هەبێت لەو کۆمپانیایانە وەکو هەر کۆمپانیایەکی تر لەوێ ڕێکخراوە، ئایا ئێمە ئەتوانین وەکو حکومەت بە کۆمپانیای تایبەت بڵێین ئەوەندە خۆت هەڵیبگری و ئەوەندەش بدەی بە کارمەند؟ هیچ یاسایەك ئەو مافە بە ئێمە نادات، چونکە نازانین ئەو کۆمپانیایە چەند خەرجی هەیە جگە لە مووچە، ئەوە گرێبەستێکە لە نێوان و کارمەند و کۆمپانیا، کۆمپانیاش گرێبەستی هەیە لەگەڵ لایەنی تری مەعنەوی یان تەبیعی، بۆیە ئەو بابەتە حکومەت بچێتە ناو ئەو کاتە ئەوەی ئێوە لێی دەترسین زیاتر ئەبێت، دەستکاری خەڵکێکی دەست ڕۆیشتوو ئەو کاتە زیاتر ئەبێت، کۆمپانیاکان ئیفتیزاز ئەکرێن، بۆیە ئەبێ بهێڵیینەوە بۆ یاساکانی تر، ئەگەر کارمەندێکیش ملیۆن و نیوێك وەرئەگرێ بە (٤٠٠) هەزار ڕازییە، ئەوە کەس ناتوانێ بچێ ڕەزامەندی ئەو کەسە بخاتە گومان، مافی هەیە بە کۆمپانیا بڵێ ئیش ناکەم، خەڵکی تر هەیە، ئەوە کەرتی تایبەتە، ناتوانێ بڵێ مووچەی کەرتی تایبەت نابێ لەوە کەمتر بێ، خۆ ئەو ئەزانێ چەند وەرئەگرێ، ئەگەر بێ سکاڵا بکات لە ڕێی دادگا و یاسا بەدوای سکاڵاکەی ئەچێ، بەڵام وەکو وەزارەتی ناوخۆ و دەزگا ئەمنییەکان بچینە نێوان کۆمپانیا و کارمەندی تایبەت ئەوە پەیوەندی تووشی خەلەل ئەکات، لە قادر کەرەم ئەگەر کۆمپانیایەك بەو شێوەیە هەیە بەدەر لە یاساکانە، ئەوەی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان وەڵامی ئێوەی داوەتەوە لە ڕێکخستنەوەی بەشێکی ڕێکخراوەتەوە، بەڵام ١٠٠% نەکراوە، یەکێ لەو شوێنانە ئەوەیە، خەریکین ڕێکی بخەینەوە، وەکو سامانە سروشتییەکان و جێگرەکەی و سەرۆکی حکومەت لەسەر هێڵین، بەڵام هەموو شتەکان بە یەك بڕیار و هەنگاو لە ساڵێك ڕێك ناخرێ، پرسیار کرا کەسێك بە (١٥) ساڵ ببێتە خاوەنی چەند ملیۆن دۆلار، ئەوە مافێکی ئاساییە، بە (١٥) ساڵ ببێتە خاوەنی چەندین ملیۆن دۆلار ئاساییە، بەڵام بە چەند مانگێك ببێ نائاساییە، ئەوە گرنگە ئەو یاسایە ئەو بابەتە ڕێکئەخات، ئەگەرنا نابێ چاومان لەوە بێ خەڵك دەوڵەمەند نەبێ، ئەبێ زەمینە فەراهەم بکەین خەڵك دەوڵەمەند ببێ، بەڵام لەسەر حیسابی ئەو و ئەو نەبێ، بەدەر لە یاسا نەبێ، تەجاوز نەبێ لەسەر حقوقی خەڵکی تر، ئیشی ئێمە ئەوەیە، بەڵام خۆزگە هەموو هاووڵاتییانی کوردستان دەوڵەمەند ئەبوون، کام پرۆژە ئەدرێ بە کام کۆمپانیا، ئەوە کەرتی تایبەتە و بەربەرەکانێی تێدایە، کێ خزمەتگوزاری باش پێشکەش بکات ئەو فرسەتی ئیشی ئەبێ، لە بچووکترین ئیشەوە لە کەرتی تایبەت لە کافتریایەك و لە چایخانەیەك کەسێك چایچییەکی باشە ئەو کافتریایە خەڵکی زیاتری ئەچێ تا شوێنێك کابرایەك بە ناوچەوانێکی عەبوسەوە خزمەتگوزاری پێشکەش بکات، ئەوە ڕاکێشانی سەرنجی خەڵکی ترە، ئەو بابەتە ناکرێ وەکو حکومەت بە کەرتی تایبەت بڵێین تۆ نابێ لەو دوو پرۆژە زیاتر وەرگری، چ شوێنێك حەقە بپارێزرێ، لە ماڵێك و کۆمپانیایەك و کێلگەیەکی شەخسی بگرە سەر

به حکومەت نەبێ ئەو کۆمپانیایە مافی هەیە خزمەتگوزاری بکات، ئەو بابەتەی لقی کۆمپانیای بیانی، بەڕێزان ژمارەیەکی زۆر خەڵکی بیانی لەو وڵاتە ئیش ئەکەن، لە کۆنسولخانە و کۆمپانیا و هی تر، ڕەنگە زۆر موتمەئین نەبن کە توانای کۆمپانیا ناوخۆییەکان باشە، ئاساییە کۆنسوڵخانەیەك داوا ئەکات لقی کۆمپانیایەکی بیانی بێتە ئێرە، ئەو کاتە بەپێی ئەو یاسایە مۆڵەتی پێ بدەین، ناکرێ خەڵك مولزەم بکەین ئیلا کۆمپانیای ناوخۆیی بێ، ڕەنگە هی ناوخۆیی لەو ئاستە نەبن، شاندی بیانی کە دێتە ئێرە ڕەنگە پێی خۆش بێ خەڵکی بیانی بیپارێزی، بەڵام لە ماددەکانی تر بۆمان دیاری کردوون ڕێژەی ئەو کەسەی بیانی ئەبێ چەند بێ لە کارمەندەکانی کۆمپانیا بیانییەکان، لە ماددەکانی تر تەنیا باسی مۆڵەتدانمان نەکردووە، مۆڵەت ئەدەین و چاودێریش ئەکەین، چاودێریش زۆر بە ڕوونی ئاماژەی پێ دراوە کە پێمان وتووە نابێ ئەوە بکەی و ئەبێ ئەوە بکەی، ئەوە هی ئەوەیە چاودێری ئەکەین، ئەوەی نابێ بکات کردی سزای لەسەرە، بۆیە ئێمە ئەو پارەی زەمانەی داوامان لێ کردووە هی بیانی (٥٠٠) ملیۆنە و هی ناوخۆیی (٢٥٠) ملیۆن، بۆ ئەوەی ئەوکاتە سەرپێچی کرد ناچێ داوای پارە بکەین، لەو پارەی هەیەتی لێی ئەبڕین، ئەگەر پارەی نەما مۆڵەتەکەی هەڵئەوەشێتەوە ئەگەر سەرپێچی زۆر بوو، سوپاستان ئەکەم.

بەڕێز هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:

فەرموو ماددەی چوارەم، فەرموو کاك بژار.

بەڕێز بژار خالد عبدالله:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

کە پرسیارێك ئاراستەی لیژنەی یاسایی کراوە سەبارەت بە تێکەڵ کردنی ماددەی (٣) لەگەڵ ماددەی چوارە یان ماددە شەش، عینوانی ماددەکە دیارە، بەشێکی تایبەتی موستەقیل تایبەت بە مۆڵەت لێرە دانراوە، ئەو بەشە موهیمە ئەگەر ببینین، ماددەی (٣ و ٤ و ٥ و ٦) باسی مۆڵەت ئەکەن، بۆیە ئەگەر لە ماددە چوار یان شەش باسی مۆڵەت بکرێ کافی نییە بۆ ئەوەی ئەو ماددەیە لەگەڵ ماددەی شەش دەمج بکرێ، چونکە باسی مۆڵەتە، ئەو بەشە تەخسیس کراوە بۆ مۆڵەت کە لە چوار ماددە پێك هاتووە، حوکمی ماددەکانیش لێك جیان، یەك باسی ڕێککار و مەرجەکان ئەکات، یەکی تر باسی مەرجەکانی نوێکردنەوە، بۆیە وەکو خۆی بێ باشە، سوپاس.

بەڕێز هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:

ماددەی چوار.

بەڕێز عباس فتاح صالح:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ماددەی (٤):

داواکاری وەرگرتنی مۆڵەت پێشکەش وەزارەت ئەکرێ، بەپێی ئەو مەرجانەی خوارەوە:

١- ئەگەر کۆمپانیاکە نیشتیمانی بێت پێویستە ئەمانەی خوارەوە هاوپێچی داواکارییەکە بکرێ:

١- بەڵگەنامەی دامەزراندن کە مەبەستەکەی تێدا روون کرابێت.

٢- ناوی دامەزرێنەرانی.

٣- نـاوی بەرێـوەبەری ڕێپێـدراو و ئەنـدامانی ئەنجـومەنی کـارگێڕی کۆمپانیـای پشـکدار (المساهمه).
٤- سەنەدی خانوبەرەیەك کە بۆ بارەگای کۆمپانیا گونجاو بێ.
٥- لیسـتێك بە نـاو و ژمـارە و جـۆری ئەو چەك و کەلـوپەلە سـەربازییانەی لەگەڵ سـەرچاوەی دابین کردنیان کە کۆمپانیا پێویستی پێ ئەبێت.
٦- لیستێك بە ناو و جۆری ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە کۆمپانیای خاوەنیانە یان پێویستی پێ ئەبێت لەگەڵ دیاری کردنی چۆنییەتی بەدەست خستنیان.
٧- لیستێك بە ناو و جۆری ئامێرەکانی پەیوەندی بێتەل و فریکوینسی بەکار هێنانیان لەگەڵ چۆنییەتی بەدەست خستنی ئەو ئامێرانە و خەسڵەتەکانیان.
٨- بەڵگەنامەیەکی سپاردنی بارمەتییەکی نەختینە لەلای یەکێ لە بانکە حکومییەکان لە هەرێم وەك گەرەنتیەك بۆ بەرژەوەندی وەزارەت بە بڕی (٢٥٠) ملیۆن دینار.
٢- ئەگەر لقێکی کۆمپانیـای بیـانی بێـت پێویسـتە ئەمـانەی خـوارەوە هـاوپێچی داواکارییەکەی بکات:
١- بەڵگەنامەی تۆمار کردنی لقی کۆمپانیاکە لەلایەن بەرێوەبەرایەتی گشتی تۆماری کۆمپانیاکان لە هەرێم.
٢- وێـنەیەك لە گرێبەسـتی دامەزرانـدن و پەیـڕەوی نـاوخۆی کۆمپانیـای سـەرەکی یـان ئەوەی جێگەی ئەگرێتەوە.
٣- وێنەیەك لە بەڵگەنامەی تۆمار کردنی لقی کۆمپانیا لە هەر وڵاتێك کە تێیدا تۆمار کراوە.
٤- لیسـتێك بە نـاوی ئەنـدامانی کـارگێڕی کۆمپانیـا و ڕەگەزنـامەی هەر یەکێکیـان و نـاوی ئەو کەسانەی کە لە جیاتی کۆمپانیا بە واژوو کردنی ڕاسپێردراون.
٥- وێنەیەك لە ڕاسپاردەی بەرێوەبەری لق لە عێراق کە بە شێوەی کردەیـی تێیـدا نیشـتەجێیە بە جۆرێك لەلایەن کارگێڕی کۆمپانیا دەرکرابێ لەگەڵ نموونەی واژووەکەی.
٦- وێـنەیەك لە دوایـین ژمێـرەی کۆتـایی کۆمپانیـا لەگەڵ دوو وێـنە لە ڕاپـۆرتی ئەنجـومەنی کارگێڕی یان دەستەی گشتی کە هاوپێچ یان پاشکۆی ئەو ژمێرەیە.
٧- ژمارەی ئەو چەکانەی کۆمپانیا پێویستی پێیان ئەبێت لەگەڵ جۆر و ژمارەکانیان و تەقەمەنی و شوێنی دروست کردنیان.
٨- ژمارەی ئۆتۆمبیلەکان و جۆرەکانی و شوێنی دروست کردنیان و ژمارەی تابلۆی تۆمار کردنیان بەو مەرجەی بە ناوی کۆمپانیا تۆمار بکرێ لە فەرمانگەی هاتووچۆی تایبەت.
٩- خستنەڕوویێك بە ئـامێرە بێتەلەکـان کە جـۆر و ژمـارە و زنجیـرە و شـوێنی دروسـت کـردن و خەسڵەتە هونەرییەکانی دیـکەی لە خـۆ بگـرێ بەو مەرجەی تەنیـا بـۆ پەیوەنـدی کـردن تەرخـان کرابێ و ملکەچ ئەبێت بۆ پشکنینی ورد لەلایەن وەزارەتەوە.
١٠- بەڵگەنامەی سـپاردنی بـارمەتییەکی نەختیـنە لەلای یەکـێ لە بـانکە حکومییەکـان لە هەرێـم وەکو گرەنتییەك بۆ بەرژەوەندی وەزارەت بە بڕی (٥٠٠) ملیۆن دیناری عێراقی.
٣- پێویستە ئەو بەڵگەنامانەی لەخاڵەکانی دوو و سێ و چوار و پێنج و شەشی بڕگەی دووی ئەو ماددەیە دەق نووسکراوە لە نیشتیمانگەی کۆمپانیاکە پەسند کرابێ.

بەرێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:
كێ قسەی هەیە؟ (كاك سیروان، دكتۆر اسماعیل، كاك مەم، مۆژدە خان، بەدریە خان، كاك كاروان، كاك فیصل، كاك سەركۆ، شیرین خان، شادی خان، كاك بەڵێن، كاك یاسین، گولیزار خان، نەجات خان)، فەرموو نەجات خان.
بەرێز نجاة شعبان عبدالله:
بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.
دەست پێكی بخێرهتنا بەرێز وەزیری دكەم، تێبنیا من ل سەر رێكخستنا وشەیەكا كو بەریخۆ بدەینێ ماددا چارێ تا ئەخیر شتی رسووماتە، هندەك بۆ نموونە ل خالا هەشتێ ل یەكەما ماددا چارێ دینار خالا دەهێن دوییێن ڤی ماددا هاتییە دینار عێراقی، ژ بەر هندێ هەمی خشتا حەتا دوماهیكی درست بكەن، عەدەكی دینارە، عەدەكی دیناری عێراقیە، چنكو ب خۆ پرۆژەیی دیارە هەرێمی كوردستانییە هەمی دینارە، موحتاج ناكات عێراقی پێ بكەین، سوپاس.
بەرێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:
فەرموو هەژان خان.
بەرێز هەژان حسن احمد:
بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.
ئەمەوێ خاڵی چوار بەو شێوەی لێ بكرێ، بڕگەی یەك خاڵی چوار، ٤- سەنەدی خانووبەرەیەك كە بۆ بارەگای كۆمپانیا گونجاو بێ بە مەرجێك دوور بێ لە شوێنی نیشتەجێ بوونی هاووڵاتییان، سوپاس.
بەرێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:
فەرموو بەدریە خان.
بەرێز بدریە اسماعیل محمود:
بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.
ماددەی چوار بە سەرجەم بڕگەكانییەوە ئەم دوو بڕگەی بۆ زیاد بكرێ لە هەردوو لقی كۆمپانیای عێراقی یان كۆمپانیای بیانی، كۆمپانیاكە هیچ سزایەكی دارایی یان وەستاندن یان لەكارخستن نەیگرتبێتەوە، واتە خاڵی (١١ و ١٢) ی بۆ زیاد بكرێ، واتە لقی كۆمپانیاكان یان كۆمپانیا بیانییەكە هیچ كات نەخرابێتە لیستی رەشەوە، سوپاس.
بەرێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:
فەرموو كاك بەڵێن.
بەرێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:
بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.
دیارە ماددەی چوار بە هەردوو بڕگەكەیەوە وردەكاری زۆری تێدایە جێگەی دەست خۆشییە، هەرچەند دوایی رێككارەكانی تۆزێك سەختە بۆ مامەڵە كردن لەگەڵ پێدانی مۆڵەتەكە، بەڵام ئەوەی تێبینی من لەسەر خاڵی هەشت لە بڕگەی یەك و خاڵی دەیەم لە بڕگەی دووی ماددەكەیە كە تایبەتە بە سپاردنی بارمتەیەكی نەختینە، ئەوەی بۆ كۆمپانیا ناوخۆییەكان هەیە (٢٥٠)

ملیۆن دینار، مەعقولە، بەڵام باس کرا کەمترین کۆمپانیای بیـانی لێـرە کـار بکـات، زیـاتر ڕێـگە بە کۆمپانیا ناوخۆییەکان بدرێ، بڕی نەختینەکە زیاد بکرێ بۆ (٧٥٠) ملیۆن دینار، سوپاس.

بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:

فەرموو کاك کاروان.

بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ماددەی چوار بە فەصلی یەك و دوو لە بڕگەکانی پێنج و هەشت و حەوت لە فەصلی دووەمیش، لە پێنجەمەوە دەست پێ ئەکەین، کاتێ باس ئەکرێ کە لیستێك لە چەك بە جـۆر و شـێوازەکانی ئامادە بکرێ، لێرە تەخەوفێك هەیە بەوەی ئەو چەکانە ئەگەر موتابەعە بکەی، ڕاستە لە مـاددەی هەشت لە بڕگەی دە ڕوون کراوەتەوە جۆری چەکەکە گـوللەی حەوت ملـیم بـۆ نـۆ میلـیم دیـاری کراوە، جۆرە چەکێکی زۆر ئەگرێتەوە، ئەمەوێ بڵێم بەشـێك لەو کۆمپانیایـانە خەریـکە ئەبـن بە باندی مافیایی، ناکرێ ڕێگە بدرێ بە ئارەزووی خۆیان ئەو چەکانە لەو ڕێژەیە ڕێگەی پـێ بـدرێ، خەتەرە، لە بـڕگەی هەشـتیش وەکـو خۆشـم ئامـاژەم پـێ کـرد لە بـڕگەی پێـنجەم بەشـێك لە کۆمپانیاکان خەتەری گەورەیان دروست کردووە وەکـو بـرادەرانیش ڕوونیـان کـردەوە، بەڵام بە مانای ئەوە نایە کە لە هەموو کۆمپانیاکان گومانمان هەبـێ، نـوقتەی دووەم، قـانوون بـۆ ڕۆژێـك نییە، بۆ تەنزیمی کارێکە کە بۆ چەند ساڵی داهاتووە، هیـوادارم بەڕێـز وەزیـری نـاوخۆ ڕەچـاوی ئەوە بکـات دانـانی (٢٥٠) ملیـۆن دینـار پـارەیەکی زۆر زۆرە، چـونکە بـاوای دابنێـین کێشـەیەکی گەورەی هەیە، کوڕی بەرپرس کۆمپانیای هەیە، ئەویش لە دەستی کۆمەڵێك مەسئولن، بەڵام لە هەمان کات ئەگەر (١٠) ساڵی تر ئەو قانوونە بەکار بێ، ئەگەر ئەو وڵاتە تەنزیم بکـرێ، نـاکرێ ئەو مەرجانە ئەوەندە قـورس بـن خەڵـك نەتـوانی دەسـتی بـۆ بەریـت، لە بـڕگەی حەوت لە فەصـلی دووەم هەمان تێبینی بڕگەی پێنجی فەصلی دووەمـم هەیە، ئەو جـۆرە چەکـانە، بەڕێـز وەزیـری نـاوخۆ بەڕێزتـان شـارەزان لەو چەکـانە، ئامـاژەم پـێ کـرد لە مـاددەی هەشـت ئامـاژە بە جـۆری گوللەکە کراوە کە حەوت میلیم بۆ نۆ میلیمە، ئەوە لیستێکی زۆر ئەگـرێتەوە، ئایـا کۆمپانیـایەك ئەو هەموو چەکەی بۆ چییە، بۆ دیـاری نـاکرێ؟ لە بـڕی ئەوەی گـوللە دیـاری بکـرێ، چەك دیـاری بکرێ، کۆمپانیـا هەیە پێویسـتی بە هەنـدێ چەك نەبـێ، ڕەنـگە بە نەتـیجە کێشـە لەسـەر ئەمنـی هاووڵاتی دروست بکات کە برادەران کۆمەلیك نموونەیان باس کرد، بە باشی ئەزانم جۆری چەك دیاری بکرێ، سوپاس.

بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:

فەرموو دکتۆر اسماعیل.

بەڕێز اسماعیل علی طه:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

من پێم باشە بۆ ماددەی چاری گەلەکی درێژە، مـومکینە موختەسـەر ببێـتن ڤـێ شـکلی ئەوەلەن دبی ماددی نەهاتییە دیاری کرن، کانی مۆلەتا کۆمپانیا بیانی کێ دیدەت؟ دیارە هەر وەزارەتییە، هەرچەندە جەنابی وەزیری گوتی مە بلند کەین ئەنجومەنی وەزیران، لێرە نەهـاتیە دیـاری کـرن، ئەز بێژم ئەوە بێتە موختەسـەر کـرن، بێـژیتن مۆلەتـا وەرگرتنـا بـۆ کۆمپانیـت تـایبەت وەزارەت

دەدات، ئەوی دیش بیانی ئەبێتە بەرز کرن بۆ وەرگرتنا رەزامەندیا ئەنجومەنی وەزیران و هەمی بەلگیت پێتڤی بۆ وەرگرتنا مۆلەتی بە رێنمایەکی رێکدەخرین لەلای وەزارەتا ئەنجومەنی وەزیرانی، پێوست ناکات ئەڤ نوقتە هەمی هاتی، بەلگە نامێت پیتڤی بۆ دامەزراندنی یان بۆ مۆلەت دانێ ب رێنماییەك دێنە ریکخستن، سوپاس.

بەرێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:

فەرموو گولستان خان.

بەرێز گوڵستان باقی سلێمان:

بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.

پشتیوانی قسەکانی کاك کاروان ئەکەم، بەڵام من بۆ ئەو بڕگەی پێنجەمە کە باسی چەك ئەکات، پێم باشە جۆری چەك دیاری بکرێ، چۆنییەتی بەدەست خستنیشی ئیزافە بکرێ، ئەبێ بزانین لە کوێ بەدەستی ئەخات، لەوانەیە ئەو کۆمپانیا ئیستیرادی چەکیش بکات، بۆیە گرنگە سەرچاوەی بەدەست خستنی چەك ئاماژە پێ بکرێ، لەگەل جۆرەکەشی کە پێویستە لەو کۆمپانیایە هەبێ دیاری بکرێ، چونکە زۆر جار لەوانەیە چەکی قورسیش بێنە ناو بە ناوی کۆمپانیایەوە، سوپاس.

بەرێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:

فەرموو کاك سیروان.

بەرێز سیروان فرج محمد:

بەریز سەرۆکی پەرلەمان.

لە کاتی مۆڵەت دیسانەوە باسی ئەکەم ئەو شتانەی داوا کراوە هەمووی بارمتە وەرگرتنە بۆ زەمانی ئەو کۆمپانیایە بەرامبەر حکومەت، پێم وایە بڕگەیەکی تری بۆ زیاد بکرێ، ئەو کەسەی داوای کۆمپانیا ئەکات بەڵێنامەیەك ئیمزا بکات کە ماف و شایستەکانی کارمەندەکان بگرێتە ئەستۆی خۆی، بە تایبەتی ئەوەی باس ئەکرێ کۆمپانیای بیانی لە زۆر وڵات یاسایەك هەیە کەمترین مووچە ئەوەنە نەبێ، نابێ زوڵم بکرێ بە مەجبوری لەو کۆمپانیایە ئەبێت، بڕگەیەکی تریش بە پرسیار بۆ وەزیری ناوخۆ، بەپێی ئەو مۆڵەتانەی دراوە کۆمپانیاکان لە کوردستان یەك مۆڵەت وەرئەگرن، ئایا بەرێزیان ئەزانن کە ئەگەر کۆمپانیایەك ئۆفیسی لە هەولێر بێ لە سلێمانی رێگەی پێ نادەن ئیشی جێ بەجێ بکات، ئەبێ لەوێش دیسانەوە رێککاری ئاسایش و مۆڵەتێکی تر وەرگرێ، ئایا دوای دەرچوونی ئەو بڕیارە ئەو حالەتی زۆنی زەرد و سەوزە ئەمێنێ یان نا؟ لە بڕگەیەك باسی بارمتەی (٢٥٠) ملیۆن دینار ئەکات، بەڵام ئێستا واقیعی حال ئەوەیە هەر کۆمپانیایەك وەك بارمتە بڕی پێنج دەفتەر دۆلاریان لێ وەرگیراوە، ئەو پێنج دەفتەر دۆلارە ئەمینێتەوە وەکو خۆی، یان بۆیان ئەگەڕێتەوە، یان (٢٥٠) ملیۆن دینارەکەیە، بەڵگەم لایە کە پێنج دەفتەر دۆلار وەرگیراوە، سوپاس.

بەرێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:

فەرموو موژدە خان.

بەڕێز مژدە محمود محمد:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
لە ماددەی چوار بەلامەوە سەیرە بڕگەیەك جێگیر نەکراوە بەناوی مافی کارمەند، زۆرجار کۆمپانیاکان مافی کارمەند پێشێل ئەکرێ، بۆچی یەکێ نەبێ لە داواکارییەکانی وەرگرتنی مۆڵەت، هەر بەرمەبنای ئەوە کۆمپانیای پاکەوانی کە سەر بە کەرتی تایبەتە بە (٢٦٠) هەزار دونیایەك ئیشیان پێ ئەکات، هیچ مافی ئەوتۆیان پێ نادرێ، کاتی تووشی ڕووداوێك ئەبن و یا گیان لە دەست ئەدەن، نە گرێبەستێك هەیە، نە زەمانێك، بۆیە پێم باشە مافی کارمەند یەکێ بێ لە داواکاری وەرگرتنی مۆڵەت، بۆ ئەوەی مافیان هەبێ، کارمەند هەیە ئەوانەی سەر بە کۆمپانیای پاکەوانی شوێنە تەندروستییەکانن بە پێنج یان شەش مانگ ئینجا مووچەیان وەرگرتووە، نەشتوانن واز بێنن یان مان بگرن، بۆیە ئەوەش لە ئەوان دووبارە نەبێتەوە، نەك بۆ ئەوان، بۆ کۆمپانیاکانی تریش کە حکومەت مۆڵەت نوێ ئەکاتەوە مافی کارمەند یەکێ بێ لە مەرجی نوێ کردنەوەی مۆڵەت، سوپاس.
بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:
فەرموو گولیزار خان.
بەڕێز گلیزار رشید حاجی:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
ماددەی چوار داواکاری وەرگرتنی مۆڵەت پێشکەش بە وەزارەت ئەکرێ، ناکرێ بڵێین هەروەها نوسخەیەك بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی باج، چونکە تەنها ئەمنی نییە، مالیشی تێدایە، لەبەر ئەوەی چەندین عەقدی تێدایە، سوپاس.
بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:
فەرموو شیرین خان.
بەڕێز شیرین یونس عبدالله:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
بڕگەی یەکەم خاڵی یەك بڕگەی دامەزراندنی کە مەبەستەکەی تێدا روون کرابێت، پێم باشە بکرێ بە بەڵگەنامەی دامەزراندن روون بێت و تەنیا بۆ مەبەستی ئەمنی بێ، چونکە لە ماددەی دووش ئاماژەمان بەوە کرد کە زۆر کۆمپانیا هەیە لە ژێر ناوەکەی ئەرکی تر جێ بەجێ ئەکەن، سەبارەت بە خاڵی هەشت لە بڕگەی یەك و لە خاڵی دە لە بڕگەی دوو ئەو کۆمپانیایانەی سەبارەت بەو بڕە نەختینەیەی هاتووە پێویستە پۆلین بکرێ لەگەڵ نیسبە و ڕێژەی داهات و ژمارەی کارمەند، چونکە داهاتی هیچ کۆمپانیایەك وەکو یەك نییە، سوپاس.
بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:
فەرموو شادی خان.
بەڕێز شادی نەوزاد وەهاب:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
لە ماددەی چوار لە جۆری چەکەکان و ئەو تێبینیانەی کە کاك کاروان گەزنەیی هەیبوو پشتگیری ئەکەم، ناکرێ بەو شێوە کراوەیە ڕێگە بدرێ ئە کۆمپانیایانە چەك بکڕن یان مولکداری بکەن، لە

خـاڵی چـوارەم لە سـەنەدی خانوێـك هـاوڕای هەژان خـانم پێویسـتە شـوێنی كۆمپانیاكـان لە دەرەوەی شوێنی نیشتەجێ بـن، بەو پێـیەی زۆربەی كۆمپانیاكـان لە شـوێنی نیشـتەجێ بـوونی هاووڵاتیـانن كە رەنـگە لەبەر هەسـتیاری كـاری ئەو كۆمپانیایـانە چـوار دەورەیـان بـكەونە بەر مەترسی، لەبەر ئەوە پێویستە لە دەرەوەی شـوێنی نیشـتەجێ بـوونی هاووڵاتیـان بـێ، لە خـاڵی دوو ناوی دامەزرێنەرانی كۆمپانیـاكە پێویسـتە مەرجـی ئەو كەسـانە دیـاری بكـرێ كە تەقـدیمی دامەزرانـدنی ئەو جـۆرە كۆمپانیایـانە ئەكەن، ئەو كەسـانە رابـردووی پاكیـان هەبـێ، كۆمەڵێـك مەرجـی قـانوونی هەبێـت كە زیـاتر لە مەرجـی ئەو كەسانەی كۆمپانیـایەكی ئاسـایی هەیەتـی، چونكە تەبیعەتی ئەو شـوێنە وایە هەسـتیاری زیـاتری هەیە، رێژەكەشـی دیـاری بكـرێ كە چەنـد كەس دەسـتەی دامەزرێـنەری كۆمپانیـاكە بـن، رەنـگە ئەوە پێویسـتی بە گۆڕانگـاری هەبـێ لە كۆمپانیایەكی ئاسایی و جیاوازتر بیری لێ بكرێتەوە، سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:

فەرموو شیرین خان.

بەڕێز شیرین یونس عبدالله:

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.

خاڵی دووەم پشتگیری قسەكانی شادی خان ئەكەم، لە خاڵی چوار پشتگیری هەژان خـان ئەكەم، لە خاڵی پێنج پشتگیری كاروان گەزنەیی ئەكەم.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:

فەرموو كاك رزگار.

بەڕێز رزگار عیسى سوار:

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.

مـاددەی چـوار سـەبارەت بە وەرگرتنـی مـۆڵەت بە چ پێوەریـك ئەو مـۆڵەتە وەرئەگیـرێ، ئەو پرسیارە ئاراستەی وەزیری ناوخۆ ئەكەم، بە تەندەرە یان وەك رابردوو ئەوەی لە بەرپرس نزیكە، لە خاڵێكی تر باسی كەلوپەل ئەكـات، بـاس لە جـۆری چەك ئەكـات، پـێم باشـە ئەوانەی كۆمپانیـا سكیوریتییەكان چەكـی گەورەیـان پـێ نەبـێ، لە دەمـانچە نەچێـتە سـەرەوە، ئەو چەكـانەش لە وەزارەتی ناوخۆ تۆمار بكرێ، كڕین و فرۆشتنی پێوە نەكـرێ، وانەكـرێ ئەو كەسـە چـۆن بـیەوێ چەك و ئۆتـۆمبێلی بگۆڕێـت، بـۆ ئەوەی ئەو كۆمپانیـایە بە هەوەسـی خـۆی گۆڕانكـاری نەكـات، سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:

فەرموو كاك سەركۆ.

بەڕێز سەركۆ ازاد حسین:

بەریز سەرۆكی پەرلەمان.

ماددەی چوار یەكەم، بڕگەی (٥ و ٦) پرسیارم لە وەزیری ناوخۆ، نابێتە كێشە ئەگەر سەیری بكەن ئەو دوو بڕگەیە باس ئەكات لیستێك بە ناو و ژمارە و جۆری ئەو چەك و كەلـوپەلە سـەربازیانەی لەگەڵ سـەرچاوەی دابـین كردنـی كۆمپانیـاكە پێویسـتی پێیەتـی لەگەڵ ئەو ئۆتۆمبێلانە، ئەوە نابێتە ئەوەی لە ماددەی (١٢) هاتووە، ئەگەر سەیری بـكەن بـاس ئەكـات لەكـاتی هەڵوەشـانەوەی

مۆڵەتەکە رادەست کردنی سەرجەم چەك و تەقەمەنی و ئامێرە بێتەلەکان کە ئەبێتە مۆڵکی وەزارەت، بۆ ئەوەی کە جارێکی تر لە کاتی هەڵوەشانەوە یا کۆتایی پێهێنانی مۆڵەتە ئەو چەك و تەقەمەنیانە، یان ئەو کەلوپەلانەی کۆمپانیا هەیەتی، حیسابی ئەوە ناکات رێژەی کەم بدات یان ئەو چەك تەقەمەنی و ئۆتۆمبێلانەی هەیەتی نەیدات بە دروستی، بۆ ئەوەی لە کۆتاییدا لە کاتی هەڵوەشانەوە پارەیەکی زۆرە بۆ مەوزوعی چەك و ئۆتۆمبێل، ماددەی چوار لە دووەم بەشی حەوت سەیری بکەین، لە هی ناوخۆ باسی ئەوە کراوە سەرچاوەی لیستێك بە ناو و جۆری ئامێرەکانی بێتەل و فریکوینسی بەکارهێنانی و چۆنییەتی بەدەست خستی ئەو ئامێرانە و خەسڵەتەکانی، بەڵام ئەگەر سەیری بەشی دووەم بکەی بۆ کۆمپانیا بیانییەکان، ئەوانەی لقێکە لە عێراقە یان دەرەوەیە، باسی ئەوە کراوە ژمارەی ئەو چەکانەی کۆمپانیا پێویستی پێ ئەبێت لەگەڵ جۆر و ژمارەو شوێنی دروستی کردنی، ناڵێ لە کوێ بەدەستی هاتووە، شوێنی دروست بوونی باس کراوە، نەك ئەو شوێنەی بەدەستی ئەهێنی، ئەگەر روون کردنەوە بدرێ، پشتیوانی قسەکانی کاروان گازنەیی و هەژان خانیش ئەکەم، سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

فەرموو کاك یاسین.

بەرێز یاسین خضر طه:

بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.

هەر لەگەڵ ئەو یاسایە نیم، من ئەڵێم ئەگەر وڵاتێك یاسای تێدا بێت کۆمپانیای بۆچییە و چەکی بۆ چییە؟ خاڵی (٥) ئەڵێ ئەو چەکانە، ئایا ئەو چەکانە پشتگیری کاك کاروان ئەکەم چ جۆرە چەکێکن؟ دیاری کراوە؟ کێ ئەیهێنی و کێ ئەیهێنی لە چ وڵاتێك ئەکرێ؟ سەیرە، خاڵێکی تر، ئایا ئەو کۆمپانیایانە هەن؟ رێکیان ئەخەن یان دروستیان ئەکەن؟ ئەگەر هەنە بۆ رێکنەخراون، ئەگەر دروست ئەکرێ کێ دروستی ئەکات؟ زۆر خەتەرە، لە یەك وڵدت نەبووە، کۆمپانیای سکیوریتی بۆ چییە؟ ئەبێ روون بێتەوە چ چەکێك دێت و فیشەکی چۆنە؟ سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

فەرموو کاك فیصل.

بەرێز فیصل عباس عولا:

بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.

بڕگەی یەکەم خاڵی (٣ و ٤ ) کۆمپانیا نیشتیمانییەکان هەڵگری ناوی بیانی نەبن، خاڵی چوار، سەنەدی خانووبەرە کە بۆ بارەگەی کۆمپانیا گونجاو بێ لەلایەن لیژنەی وزاری هەڵسەنگاندن بۆ جێگاکەی بکرێ کە گونجاوە یا نا، لەبەر ئەوەی ناکرێ شوێنی کۆمپانیای ئەمنی لە ناو گەڕەك بێت ببێتە مایەی بێزار کردنی دانیشتوانی، پشتیوانی قسەکانی کاروان گەزنەیی و شادی خان و هەژان خان ئەکەم، سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

فەرموو کاك مەم.

بەرێز مم برهان محمد قانع:

بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.

لە بڕگەی یەك خاڵی چوار، سەنەدی خانووبەرەیەك، سەنەدی خانووبەرەیەك یان مولكێكی نەگواستراوە، سەنەدی خانوو چییە ئەپرسم، ئەو سەنەدە بۆ شوێنێكە كە بۆ بارەگاكە گونجاو بێ، خاڵی چوارەم بۆ بارەگاكە گونجاو بێ، دەربارەی خاڵی پێنج وەزیری ناوخۆ و هەردوو لیژنەی بەرێز روونی بكەنەوە لیستێك بە ناو و ژمارە و جۆری ئەو چەك و كەلوپەلە سەربازییانەی سەرچاوەكەی كوێیە و كوێ نییە، وەزارەت ئەوە بكات باشتر نییە؟ خاڵی هەشتەم، بەڵگەنامەی سپاردنی، بارمەتە نا بارمتە، ئەو رەقەمەش روون بكرێتەوە گەرەنتیەكە بۆ (٢٥٠) ملیۆن دینارە؟ پاڵپشتە بە چ قانوونێك، بۆ (٣٠٠) نییە، بڕگەی دوو خاڵی حەوت، بە هەمان چەك و تەقەمەنی لە كۆمپانیاكانەوەیە، هەمان شت مەسەلەی وەزارەت بە هەند وەرگیرێ، پێم باشە بۆ بڕگەی دوو خاڵێك زیاد بكرێ، زۆرجار ئەوەی پەیوەندی بە وەزارەتە جیاجیاكانەوە هەیە پێداگیری لەسەر مەسەلەی دۆزینەوەی هەلی كار ئەكەین، بۆ ناوخۆ بۆ زامن ناكرێ، پێم باشە كۆمپانیا بیانییەكان كە دێن لە كوردستان لادی كەم ٨٠% كارمەندەكانی ناوخۆیی بن، بكرێ بە مەرج، سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:

فەرموو نوقتەی نیزامی.

بەرێز كاروان عبدالرحمن عبدالله:

بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.

حەز ئەكەم شتی هەیە روونی بكەینەوە، تكایە ئەو هەموو دووبارە كردنەوەی یاساكە بخوێنەوە، دوێنی شەو چوار سەعات خەریكی بووم، یەعنی چی نەمانخوێندۆتەوە، ئەو قسە دووبارە نەكرێتەوە، خۆمان ئامادە ئەكەین و ئینجا دێینە ناو قاعە.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:

هەموو پرۆژەیەكی قانوونی مەجموعەیەك قانوون رەبتە بە یەكەوە، ماددە بە ماددە نییە، ئەگەر لە كۆی پرۆژەكە تێیدا نەبوو مانای وایە ئەبێ لەوێ موعالەجە بكرێ، فەرموو وەزیری ناوخۆ، فەرموو شایان خان.

بەرێز د. شایان كاكە صالح محمد:

بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.

پشتگیری وتەكانی شیرین خان ئەكەم، سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:

فەرموو بەرێز وەزیری ناوخۆ.

بەرێز رێبەر احمد خالد/ وەزیری ناوخۆ:

بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.

ئەو ماددەیە بە تەسەوری ئێمە زۆر بە رێكوپێكی باسی هەموو ئەو بابەتانە كردووە كە جێگەی نیگەرانی هەموو لایەكە، لێرە مەرجەكانی مۆڵەتدانمان سەخت كردووە، بۆ ئەوەی كۆمپانیای

ئەمنی زۆر نەبێت لە هەرێم، کە ئەڵێن پێشمەرگەمان هەیە، ئاسایشە، پۆلیسە، بەڵام کە پێویستە کۆمپانیای ئەمنی هەبێ ئەبێ بەو مەرجانە بێ، ئەبێ لەوە تێبگەین مەبەستمان نییە زۆرترین ئیش بۆ ئەمانە فەراهەم بکەین، کەرتی تایبەت ئەبێ هەبێ، بەڵام بەو مەرجە، چونکە کەرتی ئەمنی کەرتێکی هەستیارە، پەیوەندی بە ئاسایشی نیشتیمانی هەیە، بۆیە کۆمەڵێك مەرجمان ریز کردووە، ئەگەرنا ئەمانتوانی بڵێین وەزارەت، دواتر بە رێنماییەك ئەو بابەتە رێك ئەخات، بەڵام ئێوە نەتان دەزانی بە چ رێکی ئەخات، ئەوکات هەر بەرێزتان ئەتانوت بۆچی ئەو رێنماییە وایە، خاوەن کۆمپانیا گلەیی ئەکرد لە ئێمە و ئێوە، بۆ ئەوەی ئێمە بە شەفافانە کار بکەین و پەرلەمان پشتگیری ئەو بابەتە بکات، ئەوەی کە زۆر تەرکیزتان لەسەر کرد بابەتی جۆری چەك، سەرچاوەی چەك، ئێمە لە ماددەکانی تر زۆر بە روونی دامانناوە دەمانچە بە جۆرێك لە نۆ میلم زیاتر نەبێ، تفەنگ لە (٧،٦٢ملم) زیاتر نەبێ، لە هیچ شوێنێکی دونیا جۆری چەك دیار ناکرێ، جۆری تەقەمەنی دیاری ئەکرێ، چونکە ئەو چەکە بێ تەقەمەنی وەکو یاری منداڵانە، کە تەقەمەنییەکە گەورە بوو ئەو کات مەترسی زیاتر ئەبێ، لێرە دەمانچە و تفەنگە کە (٧،٦٢ملم)ە، کلانشینکۆف و ئێم فۆر ئەگرێتەوە، هەر ئینتاجی وڵاتێکی تر کە (٧،٦٢ملم) بێ، ناتوانین لەسەر کۆمپانیایەك فەرز بکەین کلانشینکۆف بەکار بێنە یان ئێم فۆر، رەنگە ئەو کۆمپانیایە ئۆکرانی بێ شتێکی تر بینی، عەرەبی بێ یا هەرێمی جۆرە چەکێکی خۆی هەبێ، ناتوانین لە یاسا هەموو ئەو چەکانە، بەڵام بە دوو وشە و ژمارە، ئەوەی تر بیکەیسی و هاوەن، بۆیە موتمەئین بن مەترسی ئێمە زیاترە، چونکە ئێمە رووبەرووی ئەوانە ئەبینەوە، سەرچاوەی ئەو چەکانە لە چەند برگەیەك ئاماژەمان پێ کردووە ئەبێ سەرچاوەکەی بۆ ئێمە دیار بێ، ئەو بابەتە لەو یاسایە دیاری ناکرێ، لە یاسای چەك رێك ئەخرێ کە دوێنی خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە، دەست خۆشیتان لێ ئەکەم کە لە ماوەیەکی نزیك ئەویش تێپەری، یاسای چەك چۆن مامەڵە بە چەك ئەکرێ و کێ ئەیهێنی و چۆن ئەیفرۆشی و کێ خاوەنی ئەبێ و مۆڵەتی چۆن ئەبێ لەوێ یەکلا ئەکرێتەوە، ئەبێ بۆمان گرنگ بێ سەرچاوەی لە کوێیە، دەوڵەتە یان گروپێکی تیرۆرستییە لە کوی ئیهێنی ئەبێ بزانین، بابەتی زەمانی دارایی، ئێستا راستە (٥٠) هەزار دۆلار ئەوەی ئێستا هەیە، بەڵام ئەوەمان زیاد کرووە، کۆمپانیای ئەمنی و بازرگانی بە خۆراك نییە، بازرگانییە بە ئۆتۆمبێلی زرێپۆش و هینان و بردنی چەك و بەکارهێنانی چەك و تەداخول کردن لە بواری گشتی ئەمنی لەو وڵاتە، بۆیە مەرجەکانمان قورس کردووە بۆ ناوخۆ (٢٥٠) ملیۆن، هیچ بنەمایەکیش نییە، حەزتان لێ بێ بۆ ناوخۆ ئەکەینە (٥٠٠) ملیۆن بۆ دەرەوە ئەکەینە یەك ملیار، یاسایەك نییە رێگر بێ بڵێ ئەوەندە بێ، بەپێی بەرژەوەندی و ئەو ئەزموونەی هەمانە لە ئیدارە کردنی ئەو وڵاتە ئەڵێ ئەبێ مەرجی دارایی قورس بکرێ، ئەو پارەیە بۆ زۆر کراوە، بۆ ئەوەی کە چاودێری ئەکەین لە سەرپێچیەکی یاسایی کردووە ئەگەر (٥٠) هەزار دۆلارمان لەبەر دەست بێ رەنگە بە دوو سەرپێچی تەواو ببێ، بەڵام ئەگەر (٢٥٠) ملیۆن لەبەر دەست بی ناچارە سەرپێچی نەکات، ناچین لە دادگا بڵێین کەیسی لەسەر بکەینەوە، ئەگەر کێشەکە پێویستی بە دادگا بوو ئەبەینە دادگا، لە رووی پارەوە سزایەکی دارایی ئەدرێ، مافی کارمەند لەو یاسایە شوێنی نابێتەوە، ئەوە کرێکارە، لە وەزارەتی کار و کاروباری و دەستەبەری کۆمەڵایەتی، چۆنییەتی

پاراستنی مافەکانی، کەسایەتی خۆی، سزای هەبێت بەپێی یاسا، لە شوێنی تر موعالەجە کراوە، تکیرار کردنەوەی باش نییە، لەگەڵ ئەوەین وەکو خۆ بەرێوە بچێ، سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

فەرمووو ماددەی دواتر.

بەڕێز حکمت محمد عبو زید عیسی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ماددەی (٥):

١ پێویستە لەسەر وەزارەت بڕوانێتە داواکاری پێدانی مۆڵەت لە ماوەی (٦٠) ڕۆژ لە ڕێکەوتی وەرگرتنی داواکارییەکە.

٢- لە حاڵەتی ڕەت کردنەوەی داواکاری پێویستە بڕیاری ڕەت کردنەوەی نووسراو هۆدار بێت و لە ماوەیەك زیاتر نەبێت لە (١٥) ڕۆژ لە ڕێکەوتی بڕیارەکە بە داواکار ڕائەگەینرێ.

٣- داواکار لە کاتی نەمانی هۆی ڕەتکردنەوە بۆی هەیە داواکاری نوێ پێشکەش بکات.

٤- ئەگەر وەزارەت ڕەزامەند بێ لەسەر داواکارییەکە ئەوە پێویستە لەسەری ئەو ڕەزامەندییە بە داواکاری مۆڵەت ڕابگەیەنێ بۆ دانی ڕەسمی مۆڵەتی دیاری کراو کە لە خشتەی پاشکۆی ئەو یاسایە دا هاتوون بەو مەرجەی لە ماوەیەك زیاتر نەبێ لە (٣٠) ڕۆژ لە ڕێکەوتی پێراگەیاندنی بە ڕەزامەندی ڕەسمەکە بدات و لە کاتی نەدانی ڕەسمەکە لە ماوەی دیاری کراو بەبێ پاساوێکی ڕەوا ئەوا بڕیاری پێدانی مۆڵەتەکە بە هەڵوەشاو دائەنرێ.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

کێ قسەی هەیە؟ فەرمووو کاك بەڵێن.

بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

داوای ڕوون کردنەوەیەك ئەکەم لە بڕگەی یەکەم پێویستە لەسەر وەزارەت بڕوانێتە مۆڵەت لە ماوەی (٦٠) ڕۆژ لە ڕێکەوتی وەرگرتنی مۆڵەتەکە، بەپێی ئەو بڕگەیە بێ وەزارەت ئیجبارە لە ماوەی (٦٠) ڕۆژ یان مۆڵەت بدات یان ڕەتی بکاتەوە، نەك بەس سەیر کردن بێ، لەسەر بڕگەی چوارەم بۆ پشتیوانی لە قسەکانی جەنابی وەزیریش لەسەر مەسەلەی گەرەنتییە داراییەکان لە کۆتایی بڕگەکە ئەڵێ لە کاتی نەدانی ڕەسمەکە لە ماوەیەکی دیاری کراو دا بەبێ پاساوی ڕەوا بڕیاری پێدانی مۆڵەت بە هەڵوەشاوە دائەنرێ، پێم باشە بێ پاساوێکی ڕەوا هەلگیرێ، سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

فەرمووو شیرین خان.

بەڕێز شیرین امین عبدالعزیز:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

سەبارەت بە بڕگەی یەك کە داواکاری پێدانی مۆڵەت (٦٠) ڕۆژە، پێم باشە بکرێتە (٣٠) ڕۆژ، پێم وایە ئەو کەسەی پێشنیاری وەرگرتن ئەکات ئەبێ کۆی بەڵگەکانی هاوپێچ بێ، ئەو فەتەرەیە زۆرە، سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:
فەرموو کاك کاروان.
بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
ماددەی (٥) لە بڕگەی دوو تێبینیم هەیە، نووسراوە لە حاڵەتی ڕەت کردنەوەی داواکاری، بڕیاری ڕەت کردنەوە پێویستە هۆدار بێت، واتە هۆکارێکی هەبێت، بەڵام هۆکار یانی چی؟ مەتاتییە، کە باس لە مۆڵەتی کۆمپانیا ئەکەین لەگەڵ تەحقیق کردن نیم، ناکرێ ئەو فەزایەی هەیە بەرتەسکی بکەیەوە، مادام کەرتی تایبەتە، ئەو فەزایە فراوانتر بکرێ نەك تەعقیبی بکەی، ئەزانم ئەو ترسەی هەیە خۆشم هاوڕام، لەگەڵ ئەوەم لابرێ و بڕگەیەکی بۆ زیاد بکرێ، وەزارەت لە کاتی نەبوونی یەکێ لە مەرجەکانی ماددەی چوار کە لەو یاسایە دەقنووس کراوە مافی ڕەت کردنەوەی داواکارییەکەی هەیە، پێشتر باس کراوە مەرجەکان، بۆ لە بڕی ئەوەی ئەو دەسەڵاتەی جەنابی وەزیر خۆی بێت بە هۆکارێکی دیاری کراو کە ئەکرێ هەر شتێك بێت، چونکە مەتاتییە، بۆ ڕێگە بەوە نەدەین ماددەی چوار ئاماژەی پێ بکرێ، سوپاس.
بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:
فەرموو کاك شێخ ظاهر.
بەڕێز ظاهر محمد علی حسین:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
پێویستە لەسەر وەزارەت بڕوانێتە داواکاری پێدانی مۆڵەت لە ماوەی (٦٠) ڕۆژ لە ڕێکەوتنی وەرگرتنی داواکارییەکە، ئەی ئەگەر لەو ماوەیە بە هەر هۆکارێك نەیتوانی بڕوانێتە ئەو داواکارییە چی ئەبێت؟
بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:
فەرموو دکتۆر ڕێبوار.
بەڕێز ڕێبوار عبداالرحیم عبدالله:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
ئەو ماددەیە بوعدی ئەمنی تێدایە، ئەو کۆمپانیایانەی ئەمنین داوای مۆڵەتی دامەزراندن ئەکەن پێش ئەوە وەزارەتی ناوخۆ مەسەلەن مۆڵەتەکەیان بخوێنێتەوە بەپێویستی ئەزانم بچێتە ئەنجومەنی ئاسایش، ئەگەر تێبینیەکی ئەمنی هەیە، لەسەر ئەو ئەساسە مۆڵەتی پێ بدرێ یا نا، کۆمپانیای بیانی ڕەگەزنامەی بیانی هەیە ڕەنگە شارەزاییمان نەبێ لە ئەرك و کارەکانیان، یان بۆ چ مەبەستێکە، بۆ ئەوەی نەبێتە سەرچاوەی هەڕەشەش بۆ سەر ئاسایش، سوپاس.
بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:
فەرموو کاك مەم.
بەڕێز مم برهان محمد قانع:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

له بڕگەی یەك وەزارەت بروانێتە، یانی تەماشا بكات، چی تەماشا بكات؟ ئەبێ بۆ چارەسەری قانوونی و زمانەوانیشە، پێویستە وەزارەت داواكاری پێدانی مۆڵەت لە ماوەی (٦٠) رۆژ لە رێكەوتی وەرگرتنی داواكەی یەكلابكاتەوە، ئەوە گونجاو ترە، بۆ دووەم بڕگە، ئەو پێشنیارە ئەكەم كە كۆی ئەو بڕگەیە بەو شێوەی لێ بكرێ، لە حاڵەتی رەتكردنەوەی داواكاری پێویستە بڕیاری رەتكردنەوەی نووسراو بێت و هۆكارەكانی تێیدا روون بكرێتەوە لە ماوەیەك زیاتر نەبێت لە (١٥) رۆژ لە رێكەوتی بڕیارەكە بە داواكار رابگەیەنرێ، هۆدار بێت وازیح نییە، بۆ بڕگەی (٣) پێم باشە لەگەڵ بڕگەی (٤) لێك بدرێ بەو شێوەیە، داواكار لە كاتی نەمانی هۆی رەتكردنەوەی بۆی هەیە داواكاری نوێ پێشكەش بكات و ئەگەر وەزارەت رەزامەند بێت لەسەر داواكارییەكە پێویستە لەسەری ئەو رەزامەندیە بە داواكاری مۆڵەت رابگەیەنێ بۆ دانانی رەسمی مۆڵەتی دیاری كراو كە لە خشتەی پاشكۆی ئەو یاسایە هاتووە بەو مەرجەی لە ماوەیەك زیاتر نەبێت لە (٣٠) رۆژ لە رێكەوتی پێراگەیاندنی بەرەزامەندی و لە كاتی نەدانی رەسمەكە لە ماوەی دیاری كراو دا بەبێ پاساوی رەوا بڕیاری پێدانی مۆڵەتەكە بە هەڵوەشاوە دائەنرێت، سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:

فەرموو سەرچنار خان.

بەڕێز سەرچنار احمد محمود:

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.

سەبارەت بە بڕگەی یەكەم خاڵی یەكەم پێویستە لەسەر وەزارەت بروانێتە داواكاری پێدانی مۆڵەت لە ماوەی (٦٠) رۆژ لە داواكارییەكە، مادام پێوسیتە هاتووە، ئەبێ پێویستە لە ماوەی (٦٠) رۆژ وەڵامی داواكار بداتەوە، هەر لە قانوونەكانی تریش هاتووە، بۆ نموونە لە یاسای تەنفیز، ئەی ئەگەر لەو (٦٠) رۆژە وەڵامی نەدایەوە، ئەو داواكارییە بە وەرگیراو دائەنرێ یا نا؟ بڕگەی سێ، هۆی رەتكردنەوە بۆی هەیە داواكاری نوێ پێشكەش بكات، ئەگەر بڵێین ئەو هۆیانەی بۆتە هۆی ئەوەی داواكارییەكەی رەت بكرێتەوە، ئەكەر حەلی كرد بۆچی جارێكی تر پێویستە داواكاری بداتەوە و (٦٠) رۆژ تر چاوەڕێ بكات، ئەی ناكرێ لەسەر داواكارییەكەی پێشوو مۆڵەتەكەی پێ بدرێ؟ لە بڕگەی چوار باس لە خشتەی پاشكۆ ئەكات كە لەو یاسایە هاتووە، كە سەیری خشتە ئەكەی نووسراوە خشتەی رەسمەكان، یانی رەبتی بە یەكەوە هەیە، ئەبێ بڵێی خشتەی پاشكۆی رەسمەكان، لەبەر ئەوەی وشەی پاشكۆ لێرە هاتووە ئەبێ بۆ ئەولاش زیاد بكرێ، سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:

فەرموو دكتۆرە شایان.

بەڕێز شایان كاكە صالح محمد:

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.

قسەكانی من كران لەلایەن شیرین ئەمین و كاك بەڵێن، پشتگیریان ئەكەم، سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:
فەرموو دکتۆر اسماعیل.
بەڕێز اسماعیل علی طە:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
دەست پێکی پشتەڤانیا ئاخافتنا خوشکە سەرچنار دکەم، خالا ئێکی ئێکەم دگەل ڤێ تێبینی پێویستە ل سەر جهێ تایبەتمەند، چونکە مومکینە مجلیس وەزارەش ژی سەیری ئەو مۆڵەتە بکەتن، ئەگەر هەر وەزارەت بی بمەعنا وەزارەت تنێ، ئەڤ مۆدەتی هاتیە جانان ل ماوەی (٦٠) رۆژ لە ڕێکەوتی وەرگرتنی داواکارییەکە بێتە چارەسەر کرن، ئەم حەز کەین لیژنا قانوونی بۆمە بێژیتن فی حالە ئەگەر ٦٠ رۆژا دا نهاتیە کرن ئەو داواکاریە باتلە؟ بیتە چارەسەر کرن، خالا سیی، بێژتن داواکار لە کاتی نەمانی هۆی، ئەڵێم نەمانی هۆی ببێتە داواکار لەکاتی چارەسەر کردنی هۆی رەتکردنەوە، ئەبێت بێتە چارەسەر کرن، هەندەك هۆ ئەسباب دیاری کردینە، لێرە دیتە چارەسەر کرن، ئەتوانێ جارێکی تر تەلەب بکاتەوە، سوپاس.
بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:
فەرموو بەریز وەزیری ناوخۆ.
بەڕێز ڕێبەر احمد خالد/ وەزیری ناوەخۆ:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
ئەو بابەتە زۆر روونە، نەگوتراوە لە دوای (٦٠) رۆژ مۆڵەتی پێ ئەدرێ، ئەڵێ وەزارەت لە ماوەی (٦٠) رۆژ ئەروانێتە ئەو داواکارییە، ئەگەر بە (٦٠) رۆژ رەنگە بە کەمتریش، ئەوە روانینەکە لەو داواکارییە پرۆسەیەکە، بۆیە ئەگەر خۆمان مولزەم بکەین بەوەی کە بڵێین (٦٠) نەبێ (٩٠) رۆژ بێت، ئەگەر لە پرۆسەی هەلسەنگاندنی ئەمنی بەتایبەتی بۆ کۆمپانیایەکی بیانی ئێمە نەمانتوانی یەکلایی بکەینەوە ئەو کۆمپانیایە، لە رووی ئەمنییەوە هەرەشە نییە لەسەر هەرێم، چۆن بڕیار بدەین، بۆیە گوتوومانە هەندێ بابەتی ئەمنی هەیە حەز ئەکەم وەکو پەرلەمان پشتگیریمان بکەن، لەو بابەتانە مەبەست ئەوەیە ئاسایش و ئارامی کۆمەڵایەتی پێش سیاسی وئابووری پارێزراو بێت، چونکە هەر کەس بەڵگەنامەکانی تەقدیم بکات و دروست بوو، بەڵام پاشخانی خۆی هی ئەوە نەبوو رەنگە بە ماوەی (٦٠) رۆژ نەگەینە ئەو دەرەنجامانە، بۆیە خۆمان مولزەم نەکردووە و هیوادارم لەو بابەتە وەکو خۆی هاوکار بن و تێپەڕی، بەڵام لە برگەی دووەم (١٥) رۆژ کە بریار درا، فەرەزەن دەزگا ئەمنییەکان گوتیان پێمان باش نییە ئەو کۆمپانیایە دابمەزرێ، ئێمە ئەبێ لە ماوەی (١٥) رۆژ لەو بریارە ئاگاداری خاوەنەکەی بکەینەوە و هۆکارەکەی پێ بڵێین بە نووسراو، بۆیە پێم وایە ئەو ماددەیە وەکو خۆی تێپەڕی، پشتگیری پێشنیارەکانی لیژنەی یاسایی ئەکەین، سوپاس.
بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:
ماددەی دواتر.
بەڕێز حکمت محمد عبوزید:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
ماددەی (٦):

١ مۆڵەت بەبێ هەر دوو ماددەی (٤ و ٥) ی ئەو یاسایە بۆ ماوەی یەك ساڵ دەدرێت.
٢- مۆڵەتی كۆمپانیا بەپێی ئەو مەرجانەی خوارەوە نوێ ئەكرێتەوە:
١ پێشكەش كردنی داواكارییەكەی نووسراو لەلایەن بەرێوەبەری رێپێدراوی كۆمپانیـا لە رێـگەی بەرێوەبەرایەتی ئاراستەی وەزیر ئەكرێ بەر لە (٣٠) رۆژ لە كۆتایی هاتنی مۆڵەت.
٢- پێشكەش كردنی پشتگیرییەك لە بەرێوەبەرایەتی گشتی تۆمار كردنی كۆمپانیاكان كە تێیایدا پشتڕاستی بەردەوامی كۆمپانیاكە بكات لە كار كردنی دا.
٣- پێشكەش كردنی وێنەیەك لە گرێبەستەكانی كۆمپانیا لە ماوەی كاركردنی دا.
٤- بەڵگەنامەی ئەستۆ پاكی لە بەرێوەبەرایەتییە تایبەتییەكانی باج.
٥- دانی رەسمی نوێ كردنەوەی دیاری كراو بەپێی خشتەی پاشكۆی ئەو یاسایە.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:

كێ قسەی هەیە؟ فەرموو دكتۆر محی الدین.

بەڕێز محی الدین حسن یوسف:

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.

من ئیزافەیەكم بە زنجیرەی شەش ئەگەر زیاد بكرێ، لە كـاتی نـوێ كـردنەوەی مـۆڵەتەكە، لەگەڵ ئەوەم ئەو كۆمپانیایە پێشكەش كردنی هەر گۆڕانكارییەك لە پەیكەری كۆمپانیاكە كە روویدابێ، یەعنی مەعلوماتی نوێ لە هەیئەی ئیداری و كارمەنـدی، پـێم وایە ئەبـێ زانیـاری بـدرێ، چـونكە رەنگە لە ماوەی ساڵێكی بەشێك لە كارمەندەكانی یان خشتەی بەرێوەبەردنی گۆڕانكاری كرابـێ، ئەوەش پێشكەش بكات.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:

فەرموو دكتۆر اسماعیل.

بەڕێز اسماعیل علی طە:

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.

ئەوەلەن پشتگیری دكتۆر محی الدین دكەم، پێتڤیا هەر گۆڕانكارییەك هەبێتن پێشكەش بكەتـن، دوو، ئەز بینم ئێك ساڵ زەحمەتە، سـێ، چـار هەیـڤ هەتـا مـۆڵەت وەرگـتن، جارەكـا دی نەچێـت حەتا سێ، چار هەیڤ تەقدیم بكات، ببێتە دوو ساڵ باشترە، سێ، خالا دووێ حەز دكەم كا ژ لیژنا قـــانوونی و چ جەنـــابی وەزیـــری بـــداتە مە، بێـــژیتن پێشـــكەش كردنـــی پشـــتگیرییەك لە بەرێوەبەرایەتی گشتی تۆمـار كردنـی كۆمپانیاكـان كە تێـدا پشتڕاسـتی بەردەوامـی كۆمپانیـاكە بكات لە كار كردن، ئەوە نییە، ئێستا تەلەبی مۆڵەت دەكەت، چۆن پشتگیری لە وەرگری لە یەكـێ بەردەوامە؟ سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:

فەرموو مامۆستا ئەبو بەكر.

بەڕێز ابوبكر عمر عبدالله:

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.

پشتگیری دكتۆر اسماعیل ئەكەم، یەك ساڵ كەمە، لە ماددەی چوار مەرجی مۆڵەت زۆر توندە، لە ماددەكانی (١١) بۆ (١٤) كە باس لە سەرپێچی و سزاكان ئەكات ئەوانیش رێكخراوە، بكـرێتە دوو

ساڵ باشترە، ئەو رەسمەی ئەیدات بۆ مۆڵەت (١٠) ملیۆن دینارە بـۆ هەر سـاڵێك، لە پاشـكۆی ئەو یاسایە هاتووە، پێم باشە بكرێتە دوو ساڵ، سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:

فەرموو كاك عوسمان.

بەڕێز عثمان كريم سوارە:

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.

منیش ماددەی (٦) بڕگەی یەكەم پشـتیوانی لە قسـەكەی دكتـۆر اسـماعیل و مامۆسـتا ئەبـوبەكر ئەكەم، یەك ساڵ كەمە بكرێتە دوو ساڵ، سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:

فەرموو كاك بەهجەت.

بەڕێز بهجت علی ابراهیم:

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.

مـاددەی (٦) ئـێكەم، مـۆڵەت بەپێـی هەردوو مـاددەی (٤ و ٥) ئەم یاسـایە بـۆ یەك سـاڵ، راسـتی ماددەی (٤ و ٥) هەندێ توندە، كۆمپانیایەك هەوڵ بدات كە كۆمپانیا خـۆ دابمەزرێنـێ بـۆ مـاوەی سێ هەیڤا، رەنگە بكێشیت حەتـا بەس وان موسـتەلزەماتی خـۆ بێنێـت بـداتە وەزارەتـی، لەومـا ئەژی پێ باشە ئەگەر ماوەی ئێك ساڵ كیمە بكرێتە (١٨) هەیـڤ، هەر چ نەبـێ دگەل وی مەرجـی توند كو ناڤ یاسایی هەیە دەست خۆشی ل وەزارەتی دكەم، بەس كو موراعاتی كۆمپانیا بكرێ، سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:

فەرموو كاك مەم.

بەڕێز مم اسكندر مم:

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.

پشتگیری كاك بەهجەت و مامۆستا عوسمان ئەكەم، ماددەی (٦) فەقەرەی یەك بەپێی ماددەكانی (٤ و ٥) ئەم یاسایە بۆ یەك ساڵە مۆڵەتەكە، بۆ لە ماددەی (٤) باسی ئەوە نەكرێ كە تایبەت ترە بە مۆڵەت، لە ئاخیری ئەو ماددەیە ئیزافە بكرێ و لێرە نەمێنێ، سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:

فەرموو بەڕێز وەزیر.

بەڕێز ڕێبەر احمد خالد/ وەزیری ناوخۆ:

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.

ئەو بابەتە پێمان وایە وەكو خۆی تێپەری، ئیشكال نییە، بابەتی یەك ساڵ یان زیـاتر، ئەو مـۆڵەتە لەو رۆژەوە حیسـاب ئەكـرێ كە بڕیـاری پـێ دەردەچـێ، نەك ئەو چـوار یـان پێـنج مـانگەی كە پرۆسـەی دامەزرانـدن، كە بڕیـاری مـۆڵەت پێـدان دەرئەچـێ لەو رۆژەی یەك سـاڵی بـۆ حیسـاب ئەكرێ، ئینجا پێشتر ساڵێك خەریك بووە ئەوە ساڵی ئایندەیە، بە ئەزموونی ئێمە ساڵێك باشە لە ئیش كردن، ئەگەر ئەو كۆمپانیایە لە مـاوەی سـاڵێكدا هـیچ ئەركێكـی نەبـوو ئەو هەمـوو چەك و

ئۆتۆمبێلی زریپۆش و مەترسیانەی هەتانە بۆ لای بێت؟ بۆ رێگەی هەبێت سالێکی تر ئەوانەی لابێ؟ بۆیە پێم وایە ئەو ماددەیە وەکو خۆی بێ، سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

فەرموو کاك بژار.

بەریز بژار خالد عبدالله:

بەریز سەرۆکی پەرلەمان.

سەبارەت بە برگەی دووەم لە پێشنیاری کاك اسماعیل، ئەو ماددەیە جیاوازە لە ماددەی چوار، چونکە لە ماددەی چوار مۆڵەتە بۆ جاری یەکەم، مەرجەکانی داواکردنی مۆڵەت، لێرە ماددەی شەش تەنیا باسی نوێ کردنەوەی مۆڵەتە، بۆیە ئەندامێکی تریش باسی ئەوەی کرد بکرێتە یەك ماددە، دوو ماددەی لێك جیان، بۆیە ئێمەش لەگەڵ ئەوەین ئەو ماددەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

فەرموو ماددەی (٧).

بەرێز باڵانبۆ محمد علی احمد:

بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.

بەشی سێیەم پابەندی کۆمپانیا:

ماددەی ٧:

کۆمپانیا پابەند ئەبێ بە:

١ دابین کردنی هەڵوەسگە تاخم رەختی رێکخراو بۆ چەکەکان و کۆگا بۆ کەلوپەل و تەقەمەنی، گۆڕەپان بۆ ئۆتۆمبێل لە دەرەوەی ناوچەی نیشتەجێ بوون.

٢- دروست کردنی داتابەیسێك بۆ گشت چالاکییەکانی کۆمپانیا و سەرجەم ئەو زانیارییانەی پەیوەندی بە کارمەندان و ئەوانی تر کە لەلایەن کار ئەکەن، ئۆتۆمبێل، چەك، تەقەمنی، کەل و پەلەکانی.

٣- رێکخستنی دۆسیە بۆ سەرجەم کارمەندان و ئەوانەی تر کە لەلایەن کۆمپانیا کار ئەکەن کە داتای هەریەکەیان لە خۆ بگرێ.

٤- هەبوونی تێنووسی بازرگانی کە با یاسا بڕیاری لێ دراوە و ئەو تۆمارنامەی خوارەوە رێك بخات:

١ تۆمارنامەی چەك و کەلوپەلی دیکەی کۆمپانیا وچۆنییەتی بردنە دەرەوەی چەکەکان و بەکارهێنانیان.

٢- تۆمارنامەی جوڵە و هاتووچۆی کارمەندان و ئۆتۆمبێلەکانی کۆمپانیا.

٣- هەر تۆمارێکی تر کە وەزارەت داوای بکات.

٥- زانیاری بداتە وەزارەت دەربارەی ئو ئۆتۆمبێلە قەڵغانە (درع) کە کۆمپانیا خاوەنیانە یان بەکاریان ئەهێنی.

٦- وەرگرتنی رەزامەندی پێش وەختەی وەزارەت بەر لە گرێبەست کردن لەگەڵ هەر کەس و لایەنێك پێدانی وێنەیەکی گرێبەستەکە بە وەزارەت لە ماوەیەك لە (١٥) رۆژ تێپەر نەکات لە رێکەوتی ئەنجامدانی.

٧- ڕێژەی هاووڵاتیانی نیشتەجێی هەرێم لە ٩٠% ی کارمەندانی کەمتر نەبێت ئەگەر کۆمپانیا نیشتیمانی بێت و لە ٥٠% کارمەندانی کەمتر نەبێت ئەگەر لقی کۆمپانیایەکی بیانی بێت.
٨- دامەزراندنی هیچ کارمەندێك بە بێ ڕەزامەندی وەزارەت نابێت.
٩- پابەند کردنی کارمەندەکان بە پۆشینی جل و بەرگی تایبەت بە کۆمپانیاکە کە لەلایەن وەزارەت دیاری کراوە و پێویستە ئارم یان لۆگۆی کۆمپانیا و ئاڵای کوردستانی لەسەر بێت، نابێ جل و بەرگی کارمەندانی کۆمپانیا لێك چوو بێت لەگەڵ جل و بەرگی هێزە ئەمنییەکان و هێزەکانی پێشمەرگە.
١٠- ڕادەست کردنەوەی چەك و تەقەمەنییەکان لەلایەن کارمەندانەوە بە کۆگای کۆمپانیا لە دوای کۆتایی هاتنی هەر ئەرکێك.
١١- ئاگادار کردنەوەی وەزارەت و فەرمانگەکانی ئاسایشی پارێزگاکان سەبارەت بە هەر تاوانێك کە لە سنووری کاری کۆمپانیا ڕوو ئەدات یان گومانی ڕوودانی لێ ئەکرێت.
١٢ بەکارنەهێنانی هێز دژی هەر کەسێك یان کۆمەڵە کەسێك بێجگە لە حاڵەتی بەرگری کردنی ڕەوا نەبێت بە پێی حوکمەکانی یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١) سالی (١٩٦٩) ی هەموار کراو بەرکار یان هەر یاسایەکی تر کە جێگەی بگرێتەوە و یاساکانی دیکەی پەیوەندیدار.
١٣- دڵنیایی کردن (تأمین) بەرامبەر بەو مەترسیانەی دەرەنجامی چالاکییەکانی لەلای کۆمپانیایەکی دڵنیایی متمانە پێکراو لەهەرێم.
١٤- دانانی ئەو ڕەسمانەی لە ئەستۆیەتی بەپێی خشتەیەکی پاشکۆی ئەو یاسایە.
١٥- دروست کردنی ناسنامەی کارمەندان لە وەزارەت و نوێ کردنەوەی بە شێوەیەکی ساڵانە.
١٦- دەرکردنی ناسنامەی هەڵگرتنی چەك بۆ کارمەندان لە وەزارەت و نوێ کردنەوەی بە شێوەی ساڵانە.
١٧- دەرکردنی باجی بەکارهێنانی ئۆتۆمبێلی کۆمپانیا لە وەزارەت و نوێ کردنەوەی بە شێوەی ساڵانە.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

کێ قسەی هەیە؟ (گوڵستان خان، کاك سەروان، سەوسەن خان، کاك ادریس، کاك چیا، کاك حکمت، شادی خان، شیرین خان، کاك رزگار، دکتۆر شێرکۆ، دکتۆر محی الدین، دکتۆر اسماعیل، مامۆستا عمر، مامۆستا عوسمان، مامۆستا ئەبو بەکر، لیزا خان)، بۆ ماوەیەك پشوو وەردەگرین، فەرموو.

پاش پشوو

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

دەست بە دانیشتنەکەمان دەکەینەوە، فەرموون دانیشن، فەرموو لیزا خان.

بەڕێز لیزا فلك الدين صابر:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

لە سەر ماددەی (٧) بڕگەی حەوتەم دیسان من دووبارەی دەکەمەوە کاتێك لێرە باسی ڕێژەی هاووڵاتیانی نیشتەجێی هەرێم دەکرێت (٩٠%) تەنها باسی کارمەندەکانی کردووە بە شێوەیەکی گشتی دەگرێتەوە هەر چەندە لیژنەی یاسایی باسیان لەوە کرد کە هەندێك شوێن باس لە کارمەندەکان و ئەوانی تر کراوە، بەڵام لێرە باسی ئەوانی تر نەکراوە، کەواتە تەنها کارمەندە ئەمنییەکان دەگرێتەوە، هەروەها پێشنیارێکی تریشم هەیە ئەگەر وەکو بڕگەیەك بتوانرێت زیاد بکرێت بەڕێز جەنابی وەزیر لێرە حەق بە پێکهاتەکانیش بدرێت ڕێژەیەکیان بۆ دیاری بکرێت ئەو پێکهاتانەی کە بە گوێرەی ماددەی (٥)ی یاسای پێنجی ساڵی (٢٠١٥) ناویان هاتووە ئەگەر بێت و ڕێژەیەکیان بۆ دیاری بکرێت کە پێکهاتەکان حەقی ئەوەیان هەبێت لەو کۆمپانیایانە جێیان بۆ بکرێتەوە ئەمەش بۆ جوانتر کردنی ئەو سیمایەیە کە ئێمە پێی دەڵێین پیکەوە ژیان و هەمیشە ڕێزی لێ دەگرین کە ئەمە خاڵێکی زۆر گرنگە، چونکە پێکهاتەکانیش ئەو مافەیان هەیە، هەروەها بڕگەی سێزدەیەم باس لە تەئمین دەکات دڵنیاکردنەوە، بەس زۆر روون نییە، چونکە سێکتەری سکوێریتی و ئەمنییەت یەکێکە لەو سێکتەرانەی خەتەرێکی زۆر بە سەر ئەو کەسەوەیە کە ئیشی لە سەر دەکات، پێم باشە لێرە شتێك زیاد بکرێت، بۆ ئەوەی ئەگەر هاتوو لە هەر ڕووداوێکی نەخوازراو کارمەندێکی سکوێریتی تووشی کوژران بوو یا خود بریندار کردن بوو ئەوا تەعویزێکی لە لای کۆمپانیای تەئمینەوە پێی بدرێت، ئەوە زۆر باشە ئەگەر بە روونی باسی بکرێت و دام رشتووە ئەگەر بۆتانی بخوێنمەوە ئێستا بە یەك دەقە، بە هۆی ئەوەی پیشەی سکوێریتی لەو ئیشانەیە کە هەڵگری مەترسیە بە سەر ژیانی کارمەندەکەوە، بۆیە پێویستە کۆمپانیا پابەند بکرێت بە تەئمین کردنی ژیانی کارمەندەکە یەعنی بەوەی کە ئەگەر لە ڕووداوێکی نەخوازراو دوچاری برینداری یان گیان لە دەستدان بوو ئەوە لە لای کۆمپانیاوە قەرەبوویەکی ماددی بکرێتەوە، بۆ ئەوەی خێزان و منداڵەکانی توشی مەغدوریەت نەبنەوە بڕی قەرەبووەکەشی بە پێی ڕێژەی زیانە گیانیەکە بێت کە لە لای کۆمپانیای تەئمینەوە بۆی دادەنریت، هەروەها دیسان ئەوەشم بیر چووە لیرە هاووڵاتیانی ناوچە کوردستانییەکان هیچ ئاماژەیەکیان پێ نەکراوە تەنها باس لە هاووڵاتییانی هەرێم دەکات، ئایا ئەگەر ئەوانیش شوێنێکیان بۆ بکرێتەوە زۆر باش دەبێت، زۆر سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

بەڵێ سوپاس، کاك چیا فەرموو.

بەڕێز چیا حمید شريف:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ب کورتی تێبینیا من ل سەر خاڵا حەوتەمە ڕێژەی هاووڵاتیانی نیشتەجێی هەرێم (٩٠%)، هەروەسا ئەگەر کۆمپانیایەك یا ژ دەرڤە بیت کۆمپانیایەکی بیانی بیت (٥٠%) یە وەکو مە زانی بەری چەند رۆژەکا سەرۆکێ حکومەتێ بڕیار دابوو هەر کۆمپانیایەکا بیانی کە ل هەرێما

کوردستانێ دەست ب کار ببیت ریژە ببیت (٧٥%) ئەز بێژم بۆ ریژ گرتن ل ڤێ بڕیارێ من پێ باشە ئەڤ (٥٠%) ببیت (٧٥%)، زۆر سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

بەڵێ کاك ادریس فەرمووو.

بەڕێز ادریس اسماعیل عبوش:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

پێشەکی بەخێرهاتنی بەڕێزان وەزیری ناوخۆ و وەزیری کاروباری پەرلەمان دەکەم، بەڕێزان ماددەی حەوتەم خاڵی حەوتەم پشتگیری کاك چیا دەکەم منیش داوا دەکەم کە ئەو ڕێژەی (٥٠%) بکرێتە (٧٥%)، بۆ ئەوەی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان زیاتر دەرفەتی دامەزراندن و کار کردن لەو کۆمپانیانەیان هەبێت، هەروەها باسی خاڵی دەیەم دەکەم لێرە نوسراوە کۆگای کۆمپانیا ئەو کۆگایانەی چەکی تێدا دەپاریزن و کۆ دەکەنەوە دەکرێت ژوورێکیش بەکار بهێنن بە ناوی کۆگا، بەڵام لە وڵاتانی پێشکەوتوو بەو شێوەیە کە شتێك هەیە بە ناوی پێی دەڵێن (save) کە قاسەی پۆلایین بە کار دێنن بۆ پاراستنی چەك، پێم باشە ئەگەر ئەوە هەبێت باشترە لەوەی کە لە ناو ژوورێکدا بپارێزن، زۆر سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

بەڵێ سوپاس، کاك سەروان فەرمووو.

بەڕێز سەروان محمد علی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

هاوڕای لیزا خانم سەبارەت بە پێکهاتەکان کە ئاماژەیان پێ بکرێت ئەوەی تریش هەر خاڵی حەوتەم بڕگەی حەوتەم ڕێژەی هاووڵاتیانی نیشتەجێ بوو (٩٠%) ئەوەی تریش ئەگەر کۆمپانیاکە بیانی بێت هاوڕای برای بەڕێزم کاك چیام، بەڵام هێشتا زیاتر لە ئەو، چونکە ئەوە کۆمپانیای سکوێریتییە پەیوەندی بە ئەمنیەتەوە هەیە ئەوەی ئەمنیەتی تۆ دەپارێزێت هاووڵاتی نیشتەجێی کوردستان بێت و کورد بێت باشترە لەوەی خەڵکێکی تر لە نەتەوەیەکی تر بێت، بۆیە زیاد بکرێت، وە لە دامەزراندنیش لەو بڕگەیە ئاماژە بەوە نەکراوە بۆ نموونە لە ناحیەیەك ئەرکی کۆمپانیایەکی سکوێریتی لە ناحیەیەك یا لە قەزایەك یا لە موحافەزەیەك شوێنی دامەزراندن ئەو کەسانە بێت کە خەڵکی ئەو شوێنە بن ئاماژەی پێ بکرێت لەوە باشتر دەبێت ئەوەی تریش بە نیسبەت بڕگەی هەشتەم ئەگەر پێداچوونەوە بە دەقەکەی بکرێت وەکو زمانەوانی هەست دەکەم غەڵەتی تێدایە، زۆر سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

زۆر سوپاس، گلستان خان فەرمووو.

بەڕێز گلستان باقی سلێمان:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بخێرهاتنا جەنابێ وەزیرێن بەڕێز دکەین، سەبارەت ماددێ حەفتێ ئو خالاحەفتێ پشتەڤانیا کاك چیا و کاك ادریس دکەم ل سەر هندێ کو ببیتە رێژا (٧٠%)، چونکی رێژا هاووڵاتیێن نیشتەجێ ل هەرێمێ یێ گۆتی ئەگەر (٩٠%) کێمتر نەبیت ئەگەر کۆمپانیا نیشتیمانی بیت، لێ ئەگەر کۆمپانیا بیانی بیت (٥٠%) ب دیتنا من ل شینا (٥٠%) ببیتە (٧٠%) ژ بۆ هندێ پتر خەلکێ هەرێمێ تێدا کار بکەن و (٣٠%) بۆ وی ستافی بیت یێ کۆمپانی دگەل خۆ تینیت،

چونکی مافێ کۆمپانیایە ستافەکێ شارەزا گەلدا هەبیت چ ژ لایێ هونەری ئان ژی بوارێن جودا جودا بیت، لەوما ئەز باوەرم (٥٠%) رێژەیەکا زۆر بۆ کۆمپانیایێن بیانی، زۆر سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

بەڵێ سوپاس، سوسن خان فەرموو.

بەڕێز سوسن محمد میرخان:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

منیش تێبینیم لە سەر بڕگەی حەوتەم و هەشتەم هەیە لە راستیدا ئەوەی کە لێرە هەیە ناڕوونییەکی تێدا هەیە کە دەڵێت رێژەی هاووڵاتیانی نیشتەجێی هەرێم لە (٩٠%)ی کارمەندەکانی کەمتر نەبیت ئەگەر کۆمپانیای نیشتیمانی (٥٠%) کارمەندەکانی کەمتر نەبێت ئەگەر لقی کۆمپانیایەکی بیانی بێت، یەعنی بکەرە ئەساسییەکە جەوهەری ئەساسی وشەکە لێرە ئاماژەی پێنەدراوە یەعنی لێرە پێویستە ئێمە ئاماژە بەوە بدەین و بەم شێوەیە دابڕێژینەوە کە ئەگەر کۆمپانیاکە نیشتیمانی بێت رێژەی دامەزراندنی هاووڵاتیانی نیشتەجێی هەرێم لە (٩٠%) کەمتر نەبێت، وە ئەگەریش کۆمپانیاکە بیانی بێت رێژەی دامەزراندنی هاووڵاتیانی نیشتەجێی هەرێم لە (٥٠%) کەمتر نەبێت بەو شێوەیە دابڕێژرێتەوە" چونکە وەکو لێرە ئاماژەی پێدراوە روون نییە لە سەر بڕگەی هەشتەم لە راستیدا لە کوردی هیچ کاتێك بەو شێوەیە نانوسرێت کە فیعل بهێنرێتە پیش رستە، لەبەر ئەوە لەوانەیە تەرجومە کرابێت بۆیە بەو شێوازە دارێژرایتەوە، بۆیە من پێشنیار دەکەم ئەم رستەیە بەم شێوازەی لێ بکرێت بە بێ رەزامەندی وەزارەت هیچ کارمەندێك دانامەزرێت نەك دامەزراندنی هیچ کارمەندێك بە بێ رەزامەندی وەزارەت ئەمە هەڵەیە، زۆر سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

بەڵێ دەست خۆش، کاك حکمت فەرموو.

بەڕێز حکمت محمد عبو زید:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

پێشەکی بخێرهاتنا هەر دوو وەزیرێت بەڕێز دکەم، ئەوا من ڤیا بێژم ژ لایێ کاك چیای ڤە هاتە گۆتن و ب تەمامەتی پشتگیرییا کاك چیا و کاك ادریس و لیزا خانێ ژی دکەم، زۆر سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

بەڵێ، دکتۆر محی الدین فەرموو.

بەڕێز محی الدین حسن یوسف:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

من لە خاڵی سێیەم لە ماددەی حەوت وە خاڵی شەش دوو تێبینیم هەیە یەکەمیان ئەوەیە کە ئەوەی پەیوەندی بە رێکخستنی دۆسیەی سەرجەم کارمەندان و ئەوانی تر هەیە لە لایەن کۆمپانیاکان کە کار دەکەن کە هەریەکەیان لە خۆ بگرێت پێشنیار دەکەم کە ئیزافەیەك بکرێت کە کۆی ئەو دۆسیانە لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی ئەمنییە تایبەتییەکان لە وەزارەت پارێزراو بێت، واتا جگە لەوەی کە کۆمپانیاکان هەیە مەبەستم ئەوەیە کە کۆی ئەو دۆسیە و زانیاریانەی کە هەیە لە لایەن بەڕێوەبەرایەتییەکەش پارێزراو بێت، بۆ ئەوەی هەر سەرپێچییەك یا هەر زانیارییەك روو دەدات لە لای ئەو کۆمپانیایانە، سەبارەت بە خاڵی شەشەم وەرگرتنی رەزامەندی پێشوەختەی وەزارەت بەر لە گرێبەستەکان لێرە رەزامەندی وەزارەتی دەوێت، بەڵام لە ماددەی

(٩) بڕگەی نۆ کە باسی ڕەزامەنـدی لایەنی ئەمنـی دەکـات مـن پـێم باشـە ئەو دوو بـڕگەیە یەك بخرێت یەکێکیان بچیتە تەك ئەوی تریان، وە جـیهەتە ئەمنیـیەکە ئایـا وەزارەتە تەحدیـدی ئەوە دەکات کە ڕەزامەندی لایەنی جیهاتی ئەنجومەنی ئاسایشە یاخود ئاسایشـە یـاخود بەڕێـوەبەری قەزا و ناحیەکـانی ئەو شـوێنانەی کە لێـنە؟ پـێم باشــە تەحدیــدی جــیهەتەکە بکەیــن ئەوەی ڕەزامەندی وەردەگیرێت لە سەر دامەزراندنی کارمەندەکان، زۆر سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

بەڵێ سوپاس، دکتۆر شێرکۆ فەرموو.

بەڕێز شێرکۆ جودت مصطفى:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

دوو خاڵ هەیە زۆر گرنگە لەم پابەندییانەی کۆمپانیا ئەمنییەکان کە پێموایە لە ماددەی (٧) باس نەکراوە یەکیکیان پاراستنی ئەمنی مەعلومات ئەو کۆمپانیا ئەمنییە تەبعەن ڕێـك دەکەوێـت لە مەعلوماتی نیشتیمانی ئەم وڵاتە بە حوکمی ئەوەی کە کۆمپانیایەکی ئەمنییە پابەنـدی کۆمپانیـا دەبێت لەم ماددەی (٧) دا بە بڕوای من بە ڕوونی تێیدا بـاس بکرێـت کە ئەو کۆمپانیـایە دەبێـت پابەند بێت بە پاراستن و خراپ بەکارنەهێنـانی ئەو مەعلومـاتە نیشـتیمانییەی کە پەیوەنـدی بە هەرێمـی کوردسـتانەوە هەیە جـا هەر چیـیەك بێـت، دوو مەسـەلەی پەیوەنـدییەکان پەیوەنـدی ئەرزی و ئاسمانی ئەوەی کە بەکارهێنانی فەزای هەرێمی کوردستان ئەمە ئەجهیزەی ئیتیسـالات و ئەوەی هەیە لە کۆمپانیا ئەمنییەکان دەکرێت خراپ بەکاربهێنرێت تەبعەن چ پەیوەندی ئەرزی مومتەلەکاتی سامانی سرووشتی و ئەوانە بێت، چ پەیوەندی بڵێین فەزایی و ئاسمانی بێـت ئەم دوو ڕەهەنـدە لە پابەنـدییەکانی کۆمپانیـا ئەمنییەکـان لەبەر ئەوەی ئەمنـین بەتـایبەتی، وە بـۆ ئەوەی خراپ بەکارنەهێنرێت ئەم دوو ڕەهەندە پێموایە لە پابەندییەکانی کۆمپانیاکان دەبێت بە ڕوونـی وە بە ئاشـکرا ئیشـارەتی پـێ بـدرێت کە ئەمە خـراپ بەکارنەهێنـانی ئەم دوو ڕەهەنـدە ئەنجـام بـدرێت، بـۆ ئەوەی لە مـاددەی (٨) دواتـر کە قەدەغە کـراون لە کۆمپانیـا لە مـاددەی (٨) ئینجا لەو دوو ڕەهەندە قەدەغەکراوەکانیان بۆ دیـاری بکرێـت کە ئەمە لەوە قەدەغەکـراون، زۆر سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

بەڵێ سوپاس دکتۆر شێرکۆ، مامۆستا عثمان فەرموو.

بەڕێز عثمان علی سمایل:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

سەرەتا بەخێرهاتنی هەردوو وەزیری بەڕێز دەکەم دەستخۆشیشم هەیە بۆ لیژنەی تایبەتمەند بۆ ئامادەکردنی ئەو پڕۆژەیە، مـن لێـرە داوا دەکەم لە مـاددەی (٧) فەقەرەی یەکەم لەگەڵ فەقەری چوارەم خاڵی یەکەم هەردووکیان یەکبخرێت، لەبەر ئەوەی یەك موحتەوایـان هەیە دابینکردنـی کەل و پەلـی هەڵواسـگەی تـاخم ڕەخـت هەتـا کۆتـاییەکەی، ئینجـا لەگەڵ ئەوەی کە دەڵێـت لە چوارەم تۆمارنامەی چەك و کەل و پەلی دیکەیی کۆمپانیا و چۆنیەتی بـردنە دەرەوە ئەو دووانە زۆر لێك نـزیکن هەردووکیـان دەسـتکاری چەکە و هێنـان و بـردن و دەسـتکارییانە هەردووکیـان بکـرێتە یەك، وە هەروەهـا ئەوەی کـاك دکتــۆر شــێرکۆش باســی کـرد پشــتیوانی دەکەم و بە زیادکردنی فەقەرەیەك کۆمپانیا پابەند دەکرێت بە هەموو بڕیارەکانی وەزارەتەکانی دیکەش بـۆ

نموونە پێش هاتێت خوا نەکات وەکو ئەو نەخۆشیەی ئێستا هەیە ئەو ڤایرۆسە ئەگەر شتێك نەگوتراوە و نەکراوە ئەو کاتە پابەند بکرێت، زۆر سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

بەڵێ سوپاس، شادی خان فەرمووو.

بەڕێز شادی نوزاد وهاب:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

سەبارەت بەم ماددەیە ماددەی حەوتەم خاڵی سێزدەیەم دڵنیاکردن (تأمین) پێموایە ئەم دڵنیاکردنە دەبێت دڵنیاکردنی بە تەواوەتی ئاماژەی پێ بدرێت، بۆ ئەوەی هەموو جۆرەکانی دڵنیایی بگریتەوە وە بە یەك پاکێج بێت لەگەڵ ئەو دڵنیاییەش ئاماژە بەوە بکریت کە دڵنیاییەکە تەنیا کۆمپانیاکە نەبیت بەڵکو بۆ سەرجەم کارمەندانی کۆمپانیاکەش بێت، زۆر سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

شیرین خان فەرمووو.

بەڕیز شیرین یونس عبدالله:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

لە ماددەی (٧) حەوتەم ئەگەر کۆمپانیاکان نیشتیمانی بن دەڵێت لە (٩٠%)ی کارمەندەکان خۆماڵی بن، وە ئەگەر بیانی بن (٥٠%)ی کارمەندەکان خۆماڵی بن پێویستە (٥٠%) یەکە بکرێتە (٧٠%)، بۆ ئەوەی زیاتر کارمەندانی خۆماڵی ئیستیفادەی لێ بکەن، زۆر سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

بەڵێ سوپاس، کاك رزگار فەرمووو.

بەڕێز رزگار محمد محمود:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ماددەی (٧) بڕگەی (١١) ئاگادار کردنەوەی وەزارەت و فەرمانگەکانی ئاسایشی پارێزگاکان سەبارەت بە هەر تاوانێك لە سنووری کاری کۆمپانیا رووودەدات یان گومانی رووودانی لێ دەکرێت من لێرە پرسیارێك ئاڕاستەی وەزیری ناوخۆ دەکەم یەعنی کێ لایەنی پەیوەندیدار ئاگادار دەکاتەوە؟ یەعنی ئەم کۆمپانیایە خۆی هێزێکی چەکدارە لە راستیدا، وە هەموو هێزێکیش لە ناو یەکەکاندا ئەفسەری هەواڵگری هەیە یا کەسی هەواڵگری هەیە حەقە لەناو ئەم هێزانە وەزارەتی ناوخۆ خەڵکی خۆی هەبێت، چونکە مەسەلەن ئەو تاوانێك بکات کێ لایەنی پەیوەندیدار ئاگادار دەکاتەوە، یەعنی حەق وایە بە راستی ئەگەر بکرێت وەزارەتی ناوخۆ یا خەڵکی خۆی یا کەسێك لەوێ ئەگەر مووچەکەشی لە سەر کۆمپانیاکە بێت، بەڵام ئەو زانیاریانەی کە هەیە مەسەلەن رووودەدات هەر تاوانێکە لایەنی پەیوەندیدار یا وەزارەتی ناوخۆی لێ ئاگادار بکاتەوە، سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

بەڵێ سوپاس، کاك علی حمە صالح فەرمووو.

بەڕێز علی حمە صاڵح:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

من لە سەر خاڵی هەشتەم و سێزدەیەم دوو تێبینی عەمەلیم هەیە کردەیی کە مەحاڵە سەبارەت بەوەی دانەمەزراندنی هیچ کارمەندیك بە بێ رەزامەندی وەزارەت تەبعەن جاری وا هەیە منداڵە

فەقیـرە یەکێـك ئـیش ناکـات لە پـڕدا دوو بەیـانی یەکێـکی تـر بێـتە شـوێنەکەی ئەم حاڵەتـانە دووبارەیە و زۆر زۆرە، یەعنـی ئەمە لە رووی عەمەلیـیەوە ناکرێـت کتـاب و ناکتـاب لەوانەیە تـا دوو مانگ فەراغ هەبێت حەل چییە؟ وەزارەت بە بری ئەمە پێوەر دانێت بـۆ نمـوونە ئەو کەسـە نابێت فەرمانبەر بێت لە هیچ دام و دەزگایەکی دەوڵەتدا، دەبێـت تەمەنـی لەوەنـدە بـۆ ئەوەنـدە بێت، پێشینەی تاوانی نەبێت تا دواتر، چونکە ئەمە رۆتیناتێکی زۆر زۆر دروست دەکات و فەراغ دروست دەکات هەیە مانگێك دەیکات لە پڕ مانگێکی تر یەکێکی تر دەکات ئەمە بـۆ وەزارەتـیش ئاسـانترە و رێنمـاییش دەکرێـت لە ژێـر چـاودێری مودیرییەتەکانـدا بێـت، سـەبارەت بە خـاڵی سـێزدەیەم نـاڕوونییەك هەیە سـەبارەت بە دڵنیـایی کـردن (تـأمین) ئایـا ئەمە بـۆ خـودی کۆمپانیاکەیە یان بۆ کارمەندەکەیە یـا بـۆ ئەو شـوێنەیە کە پڕۆسـەکەی تێـدا ئەنجـام دەدرێـت؟ چونکە کۆمپانیاکە تەئمـین کـراوە لە پێشـووتردا وە ئەو کەسـەش کە لەوێ کـار دەکـات لە کـار و دەستەبەری کۆمەڵایەتی تەئمین کراوە، یەعنی نـاڕوونییەك لەمە هەیە کە دەقیـق بکـرێتەوە ئەو تەئمینە بۆ کێیە؟ ئایا جیاوازە لەو دوو پڕۆسەی پێشووتر تەئمین کردنێکی ترە؟ سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

بەڵێ سوپاس، مامۆستا عمر فەرموو.

بەڕێز عمر عبدالله فتاح:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بە ناوی خوای بەخشندەی میهرەبان، لە راستیدا من بەلامەوە زۆر زۆر گرنگە هەر پڕۆژە یاسایەك دێتە ئێرە بەو ئاراستەیە بێت کە زۆرترین هەلـی کـار بـۆ دەسـتی خۆمـاڵی برەخسـێت ئەو رێـژە بێکـارییەی لە کوردسـتان هەیە زۆر زۆر تونـدە و زۆر گەورەیە، یەعنـی مـن خەملانـدوومە بە (٥٠٠٠٠) هاووڵاتی بێکار، بۆیە لە سەر بڕگەی حەوتەم پێم باشـە بەو جـۆرەی لـێ بکرێـت کە یـان ئەوەی لە قـانوونی عەمەلـدا هەیە کە هەر کۆمپانیـایەك دەبێـت هەمـوو کارمەنـدەکانی خەڵکـی هەرێمی کوردسـتان بـن تەنهـا لەو حـاڵەتە نەبێـت کە ئەگەر پسـپۆڕییەك لە هەرێمـی کوردسـتان نەبێـت کۆمپانیـا بیـانییەکە یـا کۆمپانیـا خۆمـاڵییەکە بتوانیـت لە دەرەوە بیهێنێـت ئەویـش بەو مەرجەی دوای یەك ساڵ کارمەندێکی هەرێمی کوردستان فێری هەمان پسپۆڕی و پیشە کردبێت تاوەکو کارمەندە بێکارەکەی هەرێمی کوردستان جـێگەی بگـرێتەوە یـان وای لـێ بکرێـت یـاخود رێژەکە بەرز بکرێتەوە لە (٩٩%)، چونکە بابەتی پاسەوانی ئەمنی یاخود بابەتی ئەمنی لە رووی تەکنیکییەوە خەڵی شارەزا و پسپۆڕی بوێت من قەناعەتم وایە لە (٩٩%)ی ئەم ئیشـانە گەنجـی خۆمان دەتوانیت بیکات یا خەڵکی هەرێمـی کوردسـتان دەتوانێـت بیکـات، بـۆیە مـن پێشـنیاری ئەوە دەکەم لیژنەی یاسایی بەڕێـز ئەم بـڕگەی حەوتەمە وا لـێ بـکەن بڵـێن سـەبارەت بە رێـژەی کارمەندان لە هەردوو کۆمپانیای نیشتیمانی یا خۆماڵی بە پێی یاسای کاری عێراقی بێت یـاخود رێژەکان دەستنیشان بکەن بە (٩٩%)، زۆر سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

بەڵێ سوپاس، مامۆستا ابوبکر لێرە نییە، دکتۆر اسماعیل فەرموو.

بەڕێز اسماعیل علی طە:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بسـم اللـه الـرحمن الـرحیم، خاڵا ئێکـێ ئەز پشـتگیرییا بەڕێـز دکتـۆر شـێرکۆ دکەم بـۆ هەر دوو بۆچوونێـت وی خاڵا دوویـێ دیسـا پشـتگیرییا وانـا دکەم ئەوێـت دبێـژن رێژەیـا (٥٠%) بچیـتە

(٧٠%) کێمتر نەبیت ییێت خۆمالّی بن ییێت دی ییێت بیانی بن یەعنی (٥٠%) ببیتە (٧٠%)"
سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

بەڵێ سوپاس، کاك فیصل فەرموو.

بەڕێز فیصل عباس عولا:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بە ناوی خودای گەورە و میهرەبان، لە ماددەی (٧) دامناوە بڕگەی (٨) زیاد بکرێت بەو شێوەی خوارەوە، لە ئەستۆ گرتنی خەرجییەکانی چارەسەری کارمەندان لەلایەن کۆمپانیاوە بۆ ئەو کارمەندانەی لە کاری ئەرکدا رووبەڕووی هەر جۆرە رووداوێکی نەخوازراو دەبنەوە.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

بەڵێ بەڕێز وەزیر لە سەر قسەی بەڕێز ئەندامانی پەرلەمان قسەتان هەیە؟

بەڕێز ڕێبەر احمد خالد/ وەزیری ناوخۆ:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ئەم بابەتە بە راستی زۆر بە وردی و بە تەفسیلْ ئیشارەتی پێکراوە، وە باوەڕ ناکەم ئەگەر زیاتر بنوسین رەنگە یەك دوو لاپەڕەی تر زیاد بکەین لە پابەندییەکانی کۆمپانیا هەر کەم بێت، بەڵام ئێمە لە پابەندییە سەرەکییەکانی کۆمپانیا لێرە ئاماژەمان پێ کردووە وە لە درێژەی پڕۆژە یاساکە ئیشارەت بەوە کراوە کە وەزارەتی ناوخۆ ڕێنمایی پێویست دەردەکات بۆ جێبەجێ کردنی ئەم یاسایە زۆر شت هەیە کە دەبێت بە ڕێنمایی رێك بخرێت ئەوەی کە هەموو بەڕێزان تەئکیدی لێ دەکەنەوە رێژەی دانیشتوانی هەرێم و خەڵکی بیانی ئەگەر دیقەت بکەن لە خوێندنەوەکە دەڵێت کەمتر نەبێت لە (٩٠%) وە کەمتر نەبێت لە (٥٠%) ناڵێت (٥٠%) یا (٩٠%)، وە ئێمە ئێستا حالّی حازر لە هەرێمی کوردستان لقی کۆمپانیای بیانیمان هەیە (٩٠%)ی خەڵکی ئێرەیە، چونکە یەکێك لە ئامانجەکانی ئێمەش ئەوەیە سەرمایەی بیانی راکێشینە هەرێمی کوردستان کە کۆمپانیا دیت باج دەدات گومرك دەدات زۆر شتی تر لێرە سەیارە دەکرێت زۆر شتە وەلحاسڵ خۆراکە ئەوەی کە پێویستە لۆجستییە هاتنی ئەو خەڵکە بیانییە ئەمەش داهاتە بۆ هەرێمی کوردستان بەڕێزان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کۆمپانیای بیانی بیر لە قازانجی خۆی دەکاتەوە کارمەندێکی هەرێمی کوردستان بە هەزار دۆلار رازی بێت کەسێك کە لە ئەوڕوپا و لە ئەمریکا لە وڵاتانی دەرەوە بێت بە چەند هەزار دۆلارێك رازی نابێت لێرە ئیشی ئەمنی بکات وە بیست و چوار سەعات لە ئەرك دابێت، بۆیە حەز دەکەی دەینوسین (١٠٠%) یەعنی هیچ لە مەوزوع ناگۆڕێت (٩٠%) کەمتر نەبێت هەندێك پسپۆڕی هەیە رەنگە ئێمە نەمانبێت (٥٠%)یەکەش پێتان خۆش بێت بیکەنە (٧٠%، ٨٠%، ٩٠%) باوەڕ بکەن ئێمە کراوەمان هێشتەوە (٥٠%) کەمتر نەبێت لەوە زیاتر بێت هەرچییەك بێت باشە، بۆیە من هیچ زەرەرێك نابینم ئەگەر بەو شێوەیەش بەردەوام بێت یان ئەگەر زۆر پێتان خۆشە لە (٥٠%)یەکە بڵێین لە (٧٠%) کەمتر نەبێت ئەوەش زۆر ئاساییە وەکو وتم کۆمپانیا هەیە ئێستا (٩٠%)ی زیاتر خەڵکی خۆمان وە بیانیشە ئێمە زۆر بە کراوەیی ئەم پیشنیارە قبوڵ دەکەین، بەڵام شتێکی وا نەکرێت کە دواتر خەڵکی بیانی نەیێتە ئێرە هەموو شت بە ئێمە ناکرێت بەڕێزان هاتنی خەڵکی بیانی هاتنی سەرمایەیە بۆ ئێرە راستە سەرمایەش دەردەچێت، بەڵام ئێمە دەبێت ئازا بین و زیرەك

بین سەرمایەی بیانی بێنینە ئێرە و بەکاری بخەین، بۆیە ئەگەر پێتان باش بـوو هەر وەکـو خـۆی بەردەوام بێت سوپاستان دەکەم.
بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:
بەڵێ زۆر سوپاس، کاك بژار فەرموو.
بەڕێز بژار خالد عبدالله:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
گرنگە کە هەر ماددەیەك دەخوێنین تەماشا بکەیـن کە ئەم مـاددەیە مـوقەدیمەیەکی هەیە یـا نە، چـونکە حەتـمەن ئەگەر مـوقەدیمە هەبێـت داڕشـتنی مـاددەکە بە شـێوەیەکی تـر دەبێـت ئەگەر موقەدیمە نەبێت ئەوا داڕشتنەکە بە شـێوەیەکی تـر دەبێـت، بـۆیە ئەنـدامانی پەرلەمـان حەقـی خۆیانە پێشنیار بکەن یان گلەیی لە سیاغە بکەن، بەڵام نۆ ماددە لەم راپـۆڕتە مـوقەدیمەی هەیە کە موقەدیمەی هەبێت نابێت بەو شێوەیە بخوێنرێت کە مـوقەدیمەی نیـیە یـان مـوقەدیمەکەی نەبینیوە، چونکە موقەدیمەکە زۆر موهیمە بزانین هەیە یان نە یەك نموونە بە تەنیا بـاس دەکەم بۆ ئەوەی موراعاتی کاتیش بکەین ماددە (٧) موقەدیمەی هەیە دەڵێـت کۆمپانیـا پابەنـد دەبێـت ئەوە داڕشتنەکە بە شێوەیەکی ترە ئەگەر ئێستا بە نموونە بێنم کۆمپانیا پابەند دەبێـت یەکسـەر لەوێ دەست پێ بکـات بە بـێ ڕەزامەنـدی وەزارەت هـیچ کەسـێك دانەمەزرێـت ئەوە سـیاغەکە ناگونجێت لەگەڵی، لەبەر ئەوە گرنگە بۆ هەر ماددەیەك ئەگەر تەماشا بکەین موقەدیمە هەیە یان نە" زۆر سوپاس.
بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:
بەڵێ سوپاس، کاك کاروان فەرموو.
بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
زۆر بە کورتی لە سەر ماددەکە ..
بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:
نابێـت کـاك کـاروان، هەمـوو ئەو بەڕێـزانە بنووسـە کە خوێنـدمانەوە ئەو ئیـزافەی کە هەتە بـۆ دەوڵەمەند کردنە بینووسە وەمزانی نوقتەی نیزامییە، بەڵێ بەڕێز وەزیر.
بەڕێز ڕێبەر احمد خالد/ وەزیری ناوخۆ:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
داوای لێبوردن دەکەم کە ئەمڕۆ هەڵمەتی راگەیاندنی شازدە رۆژەی جیهـانییە دژی تونـد و تیـژی ئافرەت کە دیارە چاڵاکییەك هەیە لە سـەر قەلای هەولێـر دەبێـت ئامادەبوونمـان لەوێ هەبێـت وتاری حکومەت ئێمە راسپێردراوین کە بخوێنینەوە ئەگەر رێگەم بدەن بچم بەڕێـز دکتـۆرە ڤالا لێرەیە ئەگەر تێبینی هەبێت دەتوانێت، چـونکە لە هەمـوو قۆناغەکـان لەگەڵمـان بـووە، وە پـێش ئەوەی بچم ئەگەر دەفەت بدەی چەند قسەیەك بکەم دواتر خواحافیزیتان لێ بکەم.
بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:
بەڵێ بەڕێزت مۆڵەتی دەتوانیت بڕۆی و قسەکانیشت بکە.

بەڕێز ڕێبەر احمد خالد/ وەزیری ناوخۆ:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
لە ماددەکانی کە دێت پێم خۆشە ڕەچاوی ئەوە بکەن ئەم بابەتی کۆمپانیا ئەمنییەکان بەڕێزان جاری پێشووش گوتومە نوێیە بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست مەفهومێکی نوێیە جێبەجێ کرنەکەی نوێیە، وە ئەزموونیکە ئێمە نەمانبووە ئێستا خەریکین بە یاسا ڕێکی دەخەین ڕەنگە زۆرێك لەو بابەتانەی کە بەڕێزتان باسی دەکەن شکلیاتی مەسەلەکە بێت وشەیەك لێرە وشەیەك لەولا، بەڵام جەوهەری یاساکە زۆر گرنگە ئەو شتەی کە ئێمە وەکو حکومەت تەبعەن ئەو پرۆژە یاسایە ئاسایش، پۆلیس، ئاژانسی پاراستن و زانیاری وە دواتریش لە ئەنجومەنی وەزیران ئەمانە هەموو ڕەئیان هەبووە لەو مەوزوعە من پێم خۆشە لەم بابەتە لەو بڕگانەی کە ماوە ڕەچاوی ئەوە بکەن بە کەمترین گۆڕانکاری، چونکە ئەوەی کە هەیە بە ئەزمونەوە ئێمە پێشکەشی جەنابتانمان کردووە، وە لە سەر وشەیەك و دەستەواژەیەك با دەستکاری هەندیك شت نەکەین دواتر بۆ ئێمە لە جێبەجێ کردن نەبێتە کێشە تەنها بۆ ئەوەی جەنابتان پشتڕاست بن لەوەی کێ کارمەند دادەمەزرێنێت تەبعەن ئەو کارمەندە داواکاری پێشکەش بە کۆمپانیا دەکات و کۆمپانیاکە گرێبەستەکەی تەواو ناکات هەتاوەکو ڕەزامەندی ئەمنی وەرنەگیرێت و دەستەبەری ماددیشی نەبێت ئەو دەستەبەرە پارە دانانێت کەفالەتێکە، وە حەتا بۆ پۆلیس و ئاسایشیش ئەمە هەیە بۆ دامەزراندن ئەوەی تر ئەگەر دەزگا ئەمنییەکانی ئێمە کێشەیەکیان هەبێت لە ئەدیلەی جینائی لە پاشخانی ئەو شەخسە لە پەیوەندییە ئەمنییەکانی یان ئەندام بوونی لە هەندیك گروپی ڕێکخراو کە تاوانێکی ڕێکخراو ئەنجام دەدەن یان دزییەك بێت یان هەر کێشەیەك بێت ئەو کەسە دانامەزرێت، بۆیە بەڕێزان ئەو کۆمپانیایەی کە دەڵێت مەسەلەن مانگێك کارمەندێك دەگۆڕێت ئەم کۆمانیایە دەتوانێت لە جیاتی سەد کارمەند داوای دوو سەد کارمەند بکات کە سەدی دابمەزرێنێت کە هەر کاتێك جێی بەتاڵ بوو لە سەدەکەی تر ئیستیفادە بکات، یەعنی ئەوەی کە کاك (عەلی حمەصالح) دەڵێت کێشە دروست دەکات دەکرێت ژمارەی کارمەندی زیاتر داوا بکرێت هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت لە کاتی پێویست یەکسەر گرێبەستەکەی بۆ بکرێت بابەتەکانی تر پابەندیە داراییەکان کە لەوێ هەنە ئەگەر بپرسن بۆ چی ئەم مەبلەغانە دانراوە ئەمە لەسەر ئەزموونە ڕەنگە کەم بێت ڕەنگە زیاد بێت وە ئەمەش شتێك نییە کە بڵێین سوێندمان خواردبێت کە ئیلا دەبێت ئەوە بێت ئەگەر لە ژیانی ڕۆژانە و جێبەجێ کردن دیتمان خەلەلێك هەیە زۆر ئاساییە پرۆژەیەك تەقدیمی جەنابتان دەکەینەوە و ئاڵوگۆڕێك و هەر چییەك پێویست بێت تەنها لە ژیانی ڕۆژانە ئێمە دەزانین لە کوێ خەلەلمان هەیە، بۆیە با ئەم یاسایە بە کەمترین گۆڕانکاری تێپەڕێت، زۆر سوپاستان دەکەم کە هاوکار بوونە هەمیشە لەگەڵ ئێمە و ئێمەش لە خزمەتی ئێوەی بەڕێزین زۆر سوپاس.
بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:
بەڵێ زۆر سوپاس، بەڕێزتان دەتوانن بڕۆن فەرموون، ماددەی (٨) بخوێنن، سوپاس بۆ ئامادە بوونتان.
بەڕێز بالانبۆ محمد علی:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
ماددەی (٨):
ئەو کارانە لە کۆمپانیا قەدەغە کراون:

یەکەم/ هەر چالاکییەك لە دەرەوەی چوارچێوەی پێشکەش کردنی خزمەتگوزارییە ئەمنییەکان.
دووەم/ بەکارهێنانی چەك و تەقەمەنی و ئامێرەکانی پەیوەندی بێجگە لەو بوارانەی ڕێگەپێدراون.
سێیەم/ بەکارهێنانی ئۆتۆمبێلەکانی کۆمپانیا لە دەرەوەی ئەو ناوچانەی بۆیان دیاری کراوە.
چوارەم/ خاوەندارییەتی یان بەکارهێنانی هەر ئۆتۆمبێلێکی قەڵغان مەگەر بە ڕەزامەندی وەزارەت هێنرابێتە ناو هەرێم ئەگەر هاوردە کرابێت یان لە لایەن کارگەی مۆڵەتدراو لە لایەن وەزارەتەوە لە ناو هەرێم کرابێتە قەڵغان.
پێنجەم/ بەردەست کردن یان عەمبارکردن یان مامەڵە پێکردنی چەکی ئاگری مۆڵەت پێدراو و چەکی جەنگی و کەرەستەی شیاو بۆ تەقینەوە یان تەقەمەنی.
شەشەم/ هەر چالاکییەك ببێتە مایەی هەڕەشەکردن لە ئاسایش و سەقامگیری هەرێم یان یەکێتی گەل و خاکەکەی.
حەوتەم/ دروستکردنی ڕێکخستنی سەربازی یان ناسەربازی.
هەشتەم/ هەر کارێك ببێتە مایەی دەستوەردان لە کاروباری ناوخۆی هەر وڵاتێکی دیکە یان لێدانی بەرژەوەندییەکانیان.
نۆیەم/ هەڵسان بە هەر کارێك ببێتە مایەی دەستدرێژی کردنە سەر ماف و ئازادییەکانی هاووڵاتیانی هەرێم.
دەیەم/ خاوەنداریەتی ئەو چەکەی قەبارەی فیشەکەکانی زیاتر بێت لە (٧,٦٢) ملم، جگە لەو دەمانچەی قەبارەی فیشەکەکانیان لە (٩) ملم زیاتر نەبێت.
یازدەیەم/ خاوەندارییەتی یان بەکارهێنانی چەکی بێدەنگ.
دوازدەیەم/ گواستنەوەی چەك و تەقەمەنی و کەل و پەلی سەربازی لە شوێنێك بۆ شوێنیکی دیکە بە بێ ڕەزامەندی پێشوەختی وەزارەت.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:
هەر بەڕێزێك قسەی هەیە لە سەر ماددەی (٨)، (دکتۆر محی الدین، کاك حکمەت، بدریە خان، کاك جنان)، کاك جنان فەرموو.

بەڕێز جنان جبار بویا:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
دەربارەی ماددەی (٨) دووەم پێشنیار دەکەم ماددەکە بەو شێوەیە بێت، بەکارهێنانی چەك و تەقەمەنی و ئامێری دڕۆن زیاد بکرێت، لەبەر ئەوەی دەزانین ئێستا مەترسییەکانی ئامێری دڕۆن مومکینە کۆمپانیا ئەمنییەکان ئەو ئامیرە بکڕن ماددەکە ئەوها بێت بەکارهێنانی چەك و تەقەمەنی و ئەو ئامێری دڕۆن و ئامێرەکانی پەیوەندی بێجگە لەو بوارانەی ڕێگە پێدراون.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:
سوپاس، کاك ارشد فەرموو.

بەڕێز ارشد حسێن محمد:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
لە بڕگەی سێیەم بەکارهێنانی چەك و ئۆتۆمبێلەکانی کۆمپانیا لە دەرەوەی ئەو ناوچانەی بۆیان دیاریکراوە، بەس چەکی بۆ زیاد بکرێت کە لەو ناوچەیەی زیاتر کۆمپانیا ئەمنییەکان نەتوانن زیاتر هاتوچۆ بە چەك بکەن.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:
سوپاس، کاك بەڵێن فەرموو، ئەوە بڕگەی چەندەم بوو کاك ارشد؟
بەڕێز ارشد حسێن محمد:
سێیەم.
بەریز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
من پێشنیاز دەکەم کە بڕگەیەکی تر بۆ ماددەی (٨) زیاد بکرێت ئەویش بەکارهێنانی هەمـوو ئەو چەکانەی کە لە لای کۆمپانیا هەیە لە لای کارمەندەکانیانەوە لە دەرەوەی دەوام، بەس لەو کاتەدا کارمەندی کۆمپانیای ئەمنـی بەکـاری دێنێـت لە ئەسـنای دەوامـی کـاری خـۆیەتی و ئەو چەکە لە دەرەوەی دەوامی ڕەسمی خۆی مامەڵەی پێوە نەکرێت، زۆر سوپاس.
بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:
سوپاس کاك بەڵێن، بدریە خان فەرموو.
بەڕێز بدریە اسماعیل محمود:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
سەبارەت بە ماددەی (٨) من پێشنیار دەکەم بڕگەیەکی بۆ زیـاد بکرێـت پێویسـتە بە ڕوونـی ئەم دەقە بنوسرێت وە یەك لە پابەندییەکانی کۆمپانیا لە کەوانەیەکـدا کۆمپانیـای ئەمنـی قەدەغەیە بچێتە نێو ململانێی سیاسی و ناکۆکییە کۆمەڵایەتی و ناوچەییەکان، زۆر سوپاس.
بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:
زۆر سوپاس، کاك مەم فەرموو.
بەڕێز مەم برهان محمد قانع:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
دەربارەی ماددەی (٨) بڕگەی یەکەم کاتێك کە باس لەوە دەکات کە چالاکییەکـان کە لە دەرەوەی چوارچێوەی پێشکەش کردنی خزمەتگوزارییە ئەمنییەکان بێت پێویست دەکات زۆرتر موقەیەد بکرێـت لە دەرەوەی چوارچێـوەی خزمەتگـوزارییە ئەمنییەکـان بێـت بە کۆمپانیاکـان یەعنـی ئەمنییەکان بە کۆمپانیا پێشکەش دەکات لە دەرەوەی ئەوە بۆی نەبێـت نەك خزمەتگـوزاری تـری ئەمنی بۆی هەبێت لێـرە تەقـریبەن جۆرێـك لە گشـتگیری تێـدایە دەسـەڵاتی کۆمپانیاکـان زیـاتر سنوورداری بکەین بە ڕەئی من، بە نیسبەت بڕگەی دووەمیـان بەکارهێنـانی چەك و تەقەمەنـی و ئامێرەکانی پەیوەندی پەیوەندی عیلاقاتە عیلاقـات هـیچ ئـامێری نیـیە ئیتیسـالات هەیەتـی کە پەیوەنـدی کـردنە، بە نیسـبەت بـڕگەی حەوتەم دروسـت کردنـی ڕێکخسـتنێکی سـەربازی یـان ناسەربازی من پرسیارم ئەوەیە لە هەر دوو لیژنەی پەیوەندیدار ئەگەر ڕێکخستنێکی ئەمنی بێت بۆ دروستکردنی تۆڕێکی پاراستن لە کۆمپانیاکان لێرە کە دەڵێـین ناسـەربازی پێمـوایە پێویسـت بەوە ناکـات بەکاربێنێـت کـافییە دروسـتکردنی ڕێکخسـتی سـەربازی لـێ قەدەغە بکرێـت، بە نیسبەت بڕگەی هەشـتەمیان هەر کارێـك ببێـتە مـایەی دەسـتوەردان لە کاروبـاری نـاوخۆی هەر وڵاتێکی دیکە یان لێدان لە بەرژەوەندییەکانیان ئەگەر کارێك کۆمپانیـایەکی ئەمنـی ببێـتە هـۆی دەستوەردان لە کاروباری بۆ نمـوونە زیقـار یـان بابـل یـان بەسـرە، بـۆیە مـن پێشـنیاز دەکەم بـۆ ئەوەی کێشە بۆ هەرێم دروست نەبێت لەم مەسەلەیە هەر کاریك ببێـتە مـایەی دەسـتوەردان لە کاروبـاری نـاوخۆی ناوچەکـانی دیـکەی دەرەوەی هەرێـم یـان هەر وڵاتێکی دیـکە پێمـوایە لە

دەرەوەی هەرێمیش ئەو کۆمپانیـانە بۆیـان نەبێت، بە نیسبەت نـۆیەم هەڵسـان بە هەر کارێـك ببێتە مایەی دەستدرێژی کردنە سـەر مـاف و ئازادییەکـانی هاووڵاتیـانی هەرێـم لێـرە هاووڵاتی نیشتەجێی هەرێمە ئێمە خەڵکانیکی زۆر هەن لە هەرێمـی کوردسـتان کە بێگـانەن لە کۆمپانیـای جیاجیا کار دەکەن، بۆیە دەبێت ئەم مافانە بۆ نیشتەجێ بووانی هەرێمیش زامـن بکرێـت، بـۆیە هەر کارێك ببێتە مایەی دەستدرێژیکردنە سەر مافی منی هاووڵاتی وە لەگەڵ نیشـتەجێ بـووی هەرێمـی کوردسـتان ئەوە دەبێـت لێـی قەدەغە بکرێـت، بە نیسـبەت بـڕگەی دەیەم قەبـارەی فیشەکەکان زیاتر بێـت لە (٢،٥) ملم جـگە لەو دەمـانچەی کە دەڵێـت جـگە لەو دەمـانچەیە واتـا شـەرعیەتی دەداتـێ بـرادەران ئەنـدامانی لیـژنە واتـا شـەرعیەت دەدەیـت بە دەمـانچەیەك کە فیشـەکەکی لە (٩) ملـم زیـاتر نیـیە وە ئەوەی کە (٧،٦٢) ملـمە وە سـەرەڕای ئەو دەمـانچەیەش هەروەها ئەو دەمانچەیەش کە (٩) ملمە نابێـت ئەو دەمـانچەیەی قەبـارەی فیشـەکەکانی لە (٩) ملم زیاتر نییە پێموایە بەم شێوەیە زیاتر خزمەت دەکات و زۆر سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

بەڵێ سوپاس، کاك حکمت فەرموو.

بەڕێز حکمت محمد عبو زید:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

منـیش تەئیـدی کـاك بەڵـێن دەکەم، مـن ڤیـا بێـژم بلـێ کـاك بەڵـێن گـۆتی بەلکـو د یاسـایا چەك هەلگرتنێدا یا هاتی کو وەختێ پێشمەرگە یان ژی هێزێت ئەمنی کو ژ بلی ئەرکی دا بن بێنە ماڵ کو جهەك هەبیت چەکێ خۆ لێ دانێن من پێ باشە بڕگەیەکێ دڤی ماددەیدا بێتە زێدە کرن، زۆر سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، دکتۆر محی الدین فەرموو.

بەڕێز محی الدین حسن یوسف:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

من پێشنیاری زیادکردنی بڕگەیەك دەکەم کە بە بڕگەی سێزدەیەم دەست پێ بکات دزە پێکردن و گواستنەوەی هەموو ئەو زانیاریانەی کە پەیوەندییان بە ئاسایشـی هەرێـمەوە هەیە یەعنـی ئەو کۆمپانیانە نەبنە هۆکاری ئەوەی کە ئەو زانیاریانەی دەستیان دەکەوێت بگوازنەوە بۆ وڵاتانی تر یـان بـۆ کۆمپانیـایەکی تـر کە ڕەنـگە پەیوەنـدی بە ئاسایشـی هەرێمـی کوردسـتانەوە هەیە، زۆر سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

بەڵـێ سـوپاس پێشـنیارەکەت بەجێـیە بە ڕاسـتی، مـاددەی دوای ئەوە، بەڕێـز وەزیـری هەرێـم قسەتان هەیە؟ فەرموون.

بەڕێز ڤالا فرید ابراهیم/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان دیارە دوو پێشنیار کران کە یاسایی بـوو بـۆ زیـاد کردنـی بڕگەکـانی یەکەمیـان ئەوەی پەیوەسـتە بەوەی ئەو کـاتەی چەکـی پـێ بێـت و کە کـارەکەی تەواو بـوو چەکەکەی دابنێـت وەکـو ئەوەی کـاك بەڵـێن پێشـنیاری کـرد ئێسـتا لە یاسـای چەك هەڵگـرتن لە هەرێمـی کوردسـتان ئەو مـاددەیە هەیە، وە یاسـای چەك کە پڕۆژەکەمـان نـارد خوێنـدنەوەی

یەکەمتـان بـۆ کـردووە بە هەمـان شـێوە ئەو مـاددەیە تەنـزیم کـراوە واتـا لەو نـاحیەیە هـیچ فەراغێکـی یاسـاییمان نیـیە، بـۆیە دەکرێـت زیـاد نەکرێـت، وە ئەوەشـی کە پەیوەندیـدارە بە مەسەلەی ئەمـن و ئاسایشـی قەومـی لە نـاوخۆدا ئەوە هەمـوو لە (قـانوونی عقوبـاتی عێراقـی) تەجریم کراوە یەعنی ئەوەی بەڕێز دکتۆر (محـی الـدین) ئیشـارەتی پێـدا ئەگەر لێـرەش نەبێـت ئەوا دەچێتە ناو بابی جەرائیم، لەبەر ئەوەی ئەگەر ئەو کارە بکات کۆمپانیاکە جەریمەی کردووە کە جەریمەی کرد مەحکوم دەبێت بەوەی کە لە ناو (قانوونی عقوبـاتی عێراقـی) دا هـاتووە، زۆر سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، کاك بژار فەرموو.

بەڕێز بژار خالد عبدالله:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

سـەبارەت بەو پێشـنیارەی کـاك بەلـێن و کـاك حکمـت هەم لە مـاددەی حەوت بـڕگەی دەیەم رادەسـتکردنەوەی چەك و تەقەمەنییەکـان لە لایەن کارمەنـدانەوە بە کۆگـای کۆمپانیـا لە دوای کۆتایی هاتنی هەر ئەرکێك یەعنی لێرە هەیە پێویست ناکات.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

بەڵێ سوپاس، ماددەی (٩) فەرموون بیخوێننەوە.

بەڕێز خدیجە عمر طە:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ماددەی (٩):

کارمەند پێویستە ئەو مەرجانەی تێدا بێت:

یەکەم/ ئەگەر عێراقی بێت:

١- نیشتەجێی هەرێم بێت.
٢- تەمەنی لە (١٨) ساڵ کەمتر نەبێت و لە (٥٠) ساڵ زیاتر نەبێت.
٣- بەلایەنی کەم دەرچووی قۆناغی بنەڕەتی بێت.
٤- لە پشکنینی تەندروستی دەرچووبێت بە پێی راپۆرتی لیژنەیەکی پزیشکی پسپۆڕ لە وەزارەتی تەندروستی و بەو مەرجە تەندروستیانەی کە وەزارەت دیاریان دەکات.
٥- بە سـەرکەوتوویی دەرچووبێـت لە خولەکـانی پەیمانگـای پەرەپێـدانی ئەمنـی و کـارگێڕی و تەکنەلۆجیای زانیاری لە وەزارەت.
٦- ناوبانگ چاك بێت و بە تاوانێك یان کەتنێکی ئابڕووبەر حوکم نەدرابێت.
٧- فەرمـانبەری حکـومی نەبێـت لە راژەی مەدەنـی یـان سـەربازی بە شـێوەی هەمیشـەیی یـان گرێبەست.
٨- دەستەبەرێکی کەسی وەك بارمتە بە بڕی (٣,٠٠٠,٠٠٠) سێ ملیۆن دینـاری عێراقـی پێشکەش بە وەزارەت بکات یان ئەم بڕە پارەیە سەر ژمێرەی وەزارەت تۆمار بکات.
٩- رەزامەندی لایەنی ئەمنی وەرگرتبێت بۆ دامەزراندنی.
١٠- دەستەبەر کرابێت لە لای بەڕێـوەبەرایەتی دەسـتەبەری کۆمەڵایەتی تایبەتمەنـد لە گرێبەسـت کردن لە گەڵیدا.

١١- لەو خولانەی مەشق و راهێنان دەربچێت کە لە لایەن وەزارەتەوە رێك دەخرێت و جێبەجێ دەکرێت.

دووەم: ئەگەر بیانی بێت:

١- رەزامەندی وەزارەت وەربگرێت.

٢- دەستەبەرێکی کەسی وەك بارمتە بە بڕی (٧,٠٠٠,٠٠٠) حەوت ملیۆن دیناری عێراقی پێشکەش بە وەزارەت بکات یان ئەم بڕە پارەیە لە سەر ژمێرەی وەزارەت تۆمار بکات.

٣- بەڵێنامەیەك لە لایەن بەڕێوەبەری لقی کۆمپانیا پێشکەش بکرێت بۆ ئامادە کردنی کارمەند لە بەردەم دەسەڵاتە تایبەتمەندەکان لە کاتی داواکردنی، وە بەرپرسیاریەتی کۆمپانیا بە شێوەیەکی پێکەوەیی دەبێت لەو کردارانەی لە هەرێم ئەنجامیان دەدات.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

هەر بەڕێزێك قسەی هەیە لە سەر ماددەی (٩)، (کاك محمد سعدالدین، کاك بختیار، کاك ارشد، کاك پێشەوا، دکتۆر رێبوار، گلیزار خان، لیزا خان، دکتۆر محی الدین، دکتۆر اسماعیل، مامۆستا ابوبکر، سەرچنار خان، مژدە خان، مامۆستا عمر، شادی خان، رۆژان خان، کاك رزگار، شیرین خان، کاك کاروان، کاك سەرکۆ، کاك عثمان، شیرین خانێکی تر، کاك یاسین)

بەڕێز شیرین امین عبدالعزیز:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بە نیسبەت من و شیرین خانەوە ئەگەر بکرێت ناوی باوکمان بێت بۆ نموونە تەنانەت لە بۆکسەکانیش ئەو نوسراوانەی کە مەعنیيە بە شیرین یونسەوە خراوەتە بۆکسی منەوە هەست دەکەم ئەمانە زۆر جار تیکرار دەبێتەوە، بۆیە ئەگەر بکرێت ناوی باوکمان بهێنرێت لە تۆمار کردندا، وە ئاگاداریش بن لەو نوسراوانەی کە دەخرێتە ناو بۆکسەکانەوە، سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

(شیرین یونس، شیرین امین، مم اسکندر، مەم بورهان)، کاك رزگار فەرموو.

بەڕێز رزگار محمد محمود:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ماددەی (٩) بڕگەی هەشت دەستەبەرێکی کەسی وەك بارمتە بە بڕی (٣,٠٠٠,٠٠٠) سێ ملیۆن دیناری عێراقی پێشکەش بە وەزارەت، بە راستی یەعنی سێ ملیۆن دینار کەسێك کە نەیبێت خۆی مووچەکەی ئەوەی کە ئێستا هەیە خەڵك هەیە بە (٢٥٠,٠٠٠) دوو سەد و پەنجا هەزار دینار بە سێ سەد هەزار دینارە هیوادارین لەم یاسایە بە یەك سیستەمی مووچەیان پێ بدرێت، بەڵام سێ ملیۆن دینار بە راستی زۆر زۆرە هەتا (٢٥٠,٠٠٠,٠٠٠) دوو سەد و پەنجا ملیۆن دینار بۆ بارمتەی کۆمپانیا زۆرە، لەبەر ئەوەی کە ساڵانە تازە دەکرێتەوە حەق نییە، چونکە ئەوە کۆمپانیا بچووکەکان رەنگە لە توانایاندا نەبێت ئەو مەبلەغە بدەن، بەڵام ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کۆمپانیانەی کۆمپانیای بەداخەوە کە وا دەڵێم کۆمپانیای کە سەر بە حزب و ئەوانەن، بۆیە ئەم جارە کەسێك کە مەسەلەن لە دەرەوە دێت لە کوێ هەیەتی حەوت ملیۆن دینار وەکو (ختاب ضمان) دابنێت یەعنی ئەمە حەقە بە راستی ئەوە هەر هەڵگیرێت یا بە بڕێکی کەم مەسەلەن مووچەکەی چەندە بە پێی مووچەکەی مانگێکی مووچەکەی پارەی لێوەرگیرێت، بەڵام ئەگەر سێ ملیۆن دینار یا حەوت ملیۆن دینار بە راستی ئەمە زۆرە، وە سەبارەت بەو کارمەندانە کە

جـاری وا هەیە بە راسـتی شـتی وەك خـواردن لە سـەر خۆیـانە ئەوەی كە پێویسـتە لە سـەر خۆیەتی، بۆیە باشترە لەم یاسایە ئەوە بكرێت كە هەموو شت لە سەر كۆمپانیاكە بێت، سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:

زۆر سـوپاس، بەڕێـزان لەبەر ئەوەی زۆرترینتـان ناوتـان نوسـیوە لەم مـاددەیە دەگەڕێیـنەوە بـۆ ئەسڵی پەیڕەوەكە كە دوو دەقە بۆتان هەیە قسە بكەن ئەو كەفالەیە كەفالەی شەخسییە رەنـگە زۆربەی هەرە زۆری ئەو بەڕێزانە یەكێك لەو مەوزووعەكانیان ئەوە بێت ئەو كەسە پارە دانانێت مـن دەبـم بە كەفیلـی كەسـێك بـۆ نمـوونە بە بـڕی (٣٠٠٠٠٠) سـێ ملیـۆن دینـار ئەگەر ئەو موخالەفانەی كرد كە لە ناو ئەو قانوونەیە یان ئیشەكەی بەجێ هێشـت ئەو كـاتە بانـگ دەكرێـت ئەوەی كە ئێسـتا پـۆلیس دەیـكەن ئەو كەسـەی كە دێـت هـیچ پـارەیەك دانانێـت، كـاك عثمـان سێدەری فەرموو.

بەڕێز عثمان كریم سوارە:

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.

ماددەی (٩) بڕگەی سێیەم بە لایەنی كەم دەرچووی قۆناغی بنەڕەتی بێـت مـن پێمـوایە كە ئەمە بە لایەنی كەم خوێندەواری هەبێت، لەبەر ئەوەی چین و توێژێك هەیە بە راستی مەحروم دەبن لەوە كە ئەو خەڵكانە بەشێكی زۆریان بۆ ئەوە ببن بە پاسەوان یاخود لەو شـوێنانە بتـوانن سـود وەربگرن، وە هەروەها بـڕگەی هەشـتەمیش كە دەسـتەبەرێكی كەسـی وەك بـارمتە بە بـڕی سـێ ملیـۆن مـن پیمـوایە بكـرێتە یەك ملیـۆن دینـار، لەبەر ئەوەی ئەگەر سـێ ملیـۆن بێـت لەوانەیە هەنـدێك كەس نەبێـت بە كەفیلـی ئەو كەسـانە كە لە دام و دەزگاكـان فەرمـانبەرە، وە هەروەهـا دووەمیش دەستەبەرێكی كەسی وەك بـاروتە بە بـڕی حەوت ملیـۆن دینـار ئەویـش بكـرێتە دوو ملیـۆن ئەگەر وانەبێـت مـن پێمـوایە ئەمە بە هەمـوو كەس ناكرێـت كـابرا ئەگەر زۆر ئیحتیـاج نەبێت چ ئیشی بە پاسەوانییە بچێت لە بەر دەرگا پاسـەوانی بكـات، جـا ئەم هەمـوو رۆتینـات و شتە من پێموایە ئەمە كارێكی قورسە، زۆر سوپاس بۆ جەنابتان.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:

سوپاس، كاك سەركۆ فەرموو، كاك كاروان تۆ لە هەموو ماددەیە ناو دەنوسی لەبەر ئەوەی خەڵك هەیە لە یەك ماددە یەك جار ناو دەنوسێت ئەولەویەت بۆ ئەوانەیە فەرموو كاك سەركۆ.

بەڕێز سەركۆ ازاد حسێن:

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.

من لە ماددەی نۆیەم لە بڕگەی یەكەم بەشی نۆیەم ئەو رەزامەندی لایەنی ئەمنـیـە وەربگیرێـت ئەگەر بدرێت بە پۆلیس زۆر باشە، چونكە هەندێك جار لایەنە ئەمنییەكـان بەوەی كە حـزبییە لە شوێنێكەوە بۆ نموونە لە مەنتـیقەیەك بـۆ مەنتیقەیەكـی تـر نـایەڵین داوای تەئیـدی حزبیـت لـێ دەكەن هـی لایەنەكـان دەكەن، بـۆیە پێویسـت دەكـات ئەوە بـدرێت بە پـۆلیس، چـونكە هەر وەزارەتی ناوخۆ مەعنییە بەم یاسایە بۆ جێبەجێ كردنی وە لایەنی ئەمنی ئاسایش دەگـرێتەوە نـازانین ئاسـایش دەگـرێتەوە، ئـاژانس دەگـرێتەوە ئەگەر ئەوە بگۆڕێـت، دووەم ئەوەی كە پەیوەستە بە مەوزووعی دەرچـوو یەعنـی لایەنی كەمـی دەرچـووی قۆنـاغی بنەڕەتـی بێـت بە راسـتی یەكێـك لە كێشـەكان ئەوەیە بـۆ گرێبەسـت كردنـی پۆلیسـێك كە دادەمەزرێـت سـەدان رێكاری بۆ دەگیرێت لە هەژدە بۆ بیست و پێنج سـاڵ منـداڵتر نەبێـت تـاوەكو سـی و پێـنج سـاڵ نەبێت خەڵك هەیە سی و پێنج ساڵی تەواو كردووە خوێندەواری هەیە، بەڵام تەواوی نەكردووە

بنەڕەتـی تەواو نەکـردووە ناکرێـت ئـێمە لە لایەنی کەرتـی تایبەتیشـەوە ڕێگـری بکەیـن لەو خەڵکـانەی بە هۆکارێـك لە هۆکارەکـانی ژیـانی نەیتوانیـوە خوێنـدن تەواو بکـات پشـتیوانی قسەکانی کاك عثمان دەکەم، وە بڕگەی دووەمیش لە ماددەی نۆیەم باس لەوە دەکرێت کە خـاڵی چوارەمی بۆ زیاد بکرێت لە خاڵی سێیەم مەوزووعی ئەو کەسانەی کە پێشـووتر دایەنەوێـت بـۆ نموونە بیانییە زۆربەی ئەوانەی لە بواری سکۆریتی کار دەکەن ئەو خەڵکـانەی کە بانـگ دەکـرێن زیاتر بۆ عەقدە بۆ ئەوانەیە کە ڕاهێنان دەکەن لە سەر بەکارهێنان و ڕاهێنـان کـردن لە سـەر ئەو کارمەندانە پێویست دەکات پێشووتر ناوەکان بنێردرێت بۆ وەزارەتی ناوخۆ، زۆر سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، شیرین امین فەرموو.

بەڕێز شیرین امین عبدالعزیز:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ماددەی نۆیەم بڕگەی یەکەم خاڵی شەش ناوبانگ چاك بێت و بە تاوانێك یان کەتنێکی ئابڕووبەر حوکم نەدرابێت، پێشنیاز دەکەم بکرێت بەوەی کە پێشینەی پاك بێت و بە هیچ تاوان و کەتنێکی ئابڕووبەر حوکم نەدرابێت، سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، کاك پێشەوا فەرموو.

بەڕێز پێشەوا طاهر مصطفی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

هەر لە ماددەی (٩) خاڵی حەوتەم کە دەڵێـت فەرمـانبەری حکـومی نەبێـت لە ڕاژەی مەدەنـی یـا سەربازی بە شـێوەی هەمیشـەیی یـا گرێبەسـت، ئەمە تەسـەوڕ دەکەم بـارگرانی بـۆ سـەر شـانی خەڵـك دروسـت بکـات بـۆ ئەوە چارەسـەرێك هەیە کە پێشـنیار دەکەم پـێش مـاوەیەك هێـزە ئەمنییەکان تەکسییان لێ قەدەغە کرا، وە ئێستا ئەگەر ئەم کارەیان لـێ قەدەغە بکرێـت و کـاری دیکەشیان لێ قەدەغە بکریت ئەوانەی کە کار دەکەن بە ناچاری کاری دووەم دەکەن، یەعنـی تـۆ ئەگەر مووچەکەت (٤٠٠,٠٠٠) چوار سەد هەزار دینار دینار بێت خـانووەکەت (٣٠٠,٠٠٠) سـێ سـەد هەزار دینار بێت هەر دەبێت کارێکی دیکە بکەی بۆ ئەوەی کە بتوانی خەرجی مانگانەت پـڕ بکەیـتەوە، بۆیە بۆ ئەوەی کە نەگوترێت ئەوانەی کە پارەیان زیادە ئەم کار دەکەن ڕێژەیەکی مووچە دیـاری بکرێت بۆ نموونە ئەوەی کە مووچەکەی خوار چوار سەد هەزارە یان پێنج سەدە نازانم ئەو کاتە بە چ میکانیزمێـك ئەوانە بۆیـان هەبێـت کە کـار بـکەن، چـونکە ناکرێـت تـۆ بیسـەپێنی لە سـەر کەسێك کە مووچەکەی سێ سەد هەزارە یان چوار سەد هەزارە نابێت کـاری دووەم بکـات ئەدی ئەگەر نەکات چۆن کرێی خـانوویەکەی بـدات، چـونکە پێشـتریش بە هـۆی تەکسـییەوە هەزاران کەس زەختیان لە سەر دروست بوو هەزارانی دیکە هەن بە هۆی سکۆریتییەوە زەختیان لە سەر دروسـت دەبێـت نـازانم دوای ئەمە مەسـەلەن چ شـتێکی دیـکە دەبێـت کە کاریـان لـێ قەدەغە بکرێت، بۆیە ڕاستە تۆ دەتەوێت هەلی کار دەستەبەر بکەیت، بەڵام لە بەرامبەردا زەختێکـی زۆر گەورە لە سەر ژیانی خەڵك دروست دەکەیت، بۆیە پێشنیار دەکەم لیژنەی یاسایی یـان بەڕێـزان لە وەزارەت ئەگەر شتێکیان هەبێت بڕێکی مووچە دیاری بکرێت هەر کەس مووچەکەی کەمترە لەم بڕە بتوانێت کار بکـات لەم سـلکەدا، بە نیسـبەت شـەهادەش مـن پاڵپشـتی هاوڕێیـان دەکەم ئەوانەی کە بنەڕەتیان تەواو نەکردووە دەکرێت بە دەورە خولیان بۆ بکرێتەوە و پـێ بگەیەنـرێن

که بتوانن ئەم کارە بکەن، چونکە زۆربەی کوڕە هەژار و کوڕە فەقیرە کە لەوانەیە بە هۆی هەل و مەرجێکەوە نەیتوانیبێت خوێندن تەواو بکات، زۆر سوپاس.
بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:
زۆر سوپاس، کاك بختیار فەرموو.
بەڕێز بختیار شوکری سلێمان:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
سەبارەت بە ماددەی (٩) بڕگەی دووەم مەرجەکانی تایبەت بە کارمەندەکانی بیانی پێم باشە دوو فەقەرە ئیزافە بکرێت یەکێك لە مانە هەر کارمەندێکی بیانی بێتە ئێرە و ئیش بکات دەبێت (عدم محکومیە)ی هەبێت یەعنی لەو وڵاتەی کە لێی دێت دەبێت تەئیدێکی بێنێت کە هیچ (توهمە جینائی) نەبێت و سجن نەکراوە پێشوەخت لەوێ هەیە بۆ کارمەندی خۆیی، بەڵام بۆ بیانییەکان نییە دووەمیش راپۆرتی تەندروستیش بێتە ئامادە کردن و لەگەڵ خۆی بێنێت بۆ ئەوەی لە نزیکەوە بزانن حاڵەتی دەروونی چۆنە و بزانن مودمنی کحولە یا موخەدەرە تاوەکو لێرە کێشە دروست نەکات، زۆر سوپاس.
بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:
سوپاس کاك بختیار، کاك محمد سعدالدین فەرموو.
بەڕێز محمد سعدالدین انور:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
سەبارەت بە بڕگەی یەکەم خاڵی سێ حکومەت لە هێزەکانی ئاسایش و ناوخۆ و پێشمەرگە دەرچووی قۆناغی بنەڕەتی وەکو مەرج داناوە ئەمەش بۆ ئەوەی کە هەلی کار بۆ ئەوانی دیکە برەخسێنین ئەوەی بە باش دەزانین کە ئەمە خوێندەوار بێت، وە ئەو مەرجە هەڵبگیرێت بۆ ئەوەی ئەوانەی کە ناتوانن لە حکومەت دابمەزرێن ئەو هەلی کارەیان هەبێت لە کۆمپانیا ئەهلییەکان، سەبارەت بە خاڵی پێنج و خاڵی یازدە ئەوانە موتەناقزن مەرجێك دەڵێت بە سەرکەوتوویی دەربچێت لە خولەکانی پەیمانگای پەرەپێدان لە خاڵی یازدە دەڵێت لەو خولانەی مەشق و راهێنان دەربچێت یەعنی دەربچووبێت پاشان دەڵێت دەربچێت پێویستە یەکێکیان هەڵبژێرین، ئینجا باشتر وایە خاڵی بمێنێت لەبەر ئەوەی کە گەنجێك هەژدە ساڵە لە کامە پەیمانگا مەشقی بینیوە و لە خولەکانی پەرەپێدانی ئەمنی بووە، بۆیە ئەوانەی کە خوێندەوار نین یان دەرچووی قۆناغی بنەڕەتی نین دەیانەوێت کار بکەن دابمەزرێن ئینجا ئەو مەرجە هەبێت کە مەشقیان پێ بکرێت لە خاڵی پێنجەمیش نوسراوە رەزامەندی لایەنی ئەمنی بە باشی دەزانم بنوسرێت لایەنی ئەمنی لاری نەبێت لە سەر دامەزراندنی ئەگەر هیچ هۆکارێك نەبێت دادەمەزرێت، سوپاستان دەکەین.
بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:
بەڵێ سوپاس، لیزا خان فەرموو.
بەڕێز لیزا فلك الدین صابر:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
هەر چەندە زۆر قسەمان کرد و وابزانم پێشنیارەکانیشمان وەرناگیرێت و بە هەند وەرناگیرێت مادام وای لێ دێت پرۆژە یاساکە هەر با نێتە قاعە و هەر لیژنەکان خۆیان حەلی بکەن ئێمە با قسە نەکەین، وە بە پێی پەیڕەوی ناوخۆ یەکێك لە ئەرکەکانی پەرلەمانتار ئەوەیە کە پرۆژە

یاساکان دەوڵەمەند بکات ئەمە ئەرکێکی ئەخلاقی و ویژدانییە لە سەر شانی ئێمە و دەبێت پێشنیار بدەین هەر وەکو ئیحترامێکیش پێویستە لیژنەکان و وەزیرە ئامادەبووەکان لە سەر پێشنیارەکانی ئێمە رەئی خۆیان بدەن ئەگەر هەیە لە ناو یاسایەکە ئەگەر دووبارە بووەتەوە با بەرچاوڕوونیمان بدەن هەموو کەسێك هەموو شتێك نازانێت عەیبە نییە، زۆر ئاساییە ئەگەر شتێك نەزانی و هەڵە بکەی ئەگەر شتێك هاتوو دووبارە بێتەوە با بەرچاوڕوونیمان بدەنێ، بەس پێشنیارەکان لەبەر چاو بگیرێت، لەسەر خاڵی حەوتەم بڕگەی یەکەم ماددەی نۆیەم قسە دەکەم من بە پێچەوانەی هەندێك هەڤاڵ باس لەوە دەکەن کە پێویستە دەرفەت بەو کەسانە بدرێت کە کارمەندی حکومەتن بە رەئی من دەبێت زیاتر دەرفەت بەوانە بدرێت کە بە هیچ شێوەیەك سودمەند نەبوونە لە بوودجەی گشتی بەتایبەتیش ئەوانەی کە ئێستا دەبینین ئەوانەن کە تەعین نەبوونە بە راستی دێنە سەر جادە و موزاهەرە دەکەن داوای هەلی کار دەکەن، بۆیە لێرەش شتێکی تر زیاد بکرێت پێم باشە حەتا خانەنشینانیش بگرێتەوە هەندیك خانەنشینمان هەیە لە تەمەنێکی گەنجی هی سەربازی و مەدەنی خانەنشین بوونە، بۆ ئەوەی دەرفەت بدرێت بەوانەی کە هیچ کاتێك سوودیان لە بوودجەی گشتی وەرنەگرتووە وشەی خانەنشینیشی بۆ زیاد بکرێت، زۆر سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، لیژنەی یاسایی و ئەو لیژنانەی کە دواتر راپۆرتی سێیەم بۆ خوێندنەوە حازر دەکەن پابەندن بەوەی هەر پێشنیارێکی ئەندامێکی پەرلەمان سێ کەس بوون دەبێت بیخەنە دەنگدان، بەڵێ کاك بژار.

بەڕێز بژار خالد عبدالله:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

حەز دەکەم بزانم جارێك کەم تەرخەم بووینە لێرە؟ چونکە ئەگەر کەمتەرخەمیمان کردبێت بۆ کەس گلەیی نەکردووە، چونکە ئەو گومانە بۆ دروست دەبێت ئەوە هەموو ئەندامانی پەرلەمانن یەکێك با بڵێت پێشنیاری من بە پێی پەیڕەو لە سیاغاتی پەیڕەوی بووە و لە راپۆرتی لیژنەی یاسای دا نەبووە، با من لێرە داوای لێبووردن بکەم ئەوە جەنابتان ئازادن پێشنیاری یەکێکتان گرنگی پێ نادەین؟ بە هەند وەرناگرین؟ حەز دەکەم بڵێن، بەس دروست کردنی ئەو گومانانە بە راستی هیچ مانایەکی نییە...

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

نا گومان نییە..

بەڕێز بژار خالد عبدالله:

بەڵێ دروستکردنی گومانە پێشنیارەکان لە لای ئێمە گرنگ نین سەبەب چییە؟ ئەگەر مەبەست ئەوە بێت من لێرە هەمووی نانووسم ئەوە بە یوتیوب هەمووی دروست دەکەم جەنابت مێکانیزمەکە دەزانی چۆنە.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

کاك بژار پەیامەکەت گەیشت، قسەکانی کاك بژار تەواوە ئەوان پابەندن بەوەی کە بە پێی پەیڕەو بوو بە سێ دەیخەنە دەنگدان جا دواجار دەنگ نایەنێت خەتای ئەوان نییە، کاك مەم بە بێ مۆڵەت قسە مەکە، لێرە ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان قسە دەکەن کە بوون بە سێ کەس من دڵنیام لیژنەی یاسایی و ئەو لیژنەیەی کە راپۆرتی لەگەڵ ئامادە دەکەن دەیهێنن بۆ دەنگدان،

دواجار كامه دەنگ دەهێنێت ئەمە بابەتێكی ترە ئەوەی حكومەت، حكومەت كە پڕۆژە دەهێنێت پەسندكراوی ئەنجومەنی وەزیرانە حەقی خۆیەتی ئەویش تەئكید بكات و بڵێت ئێمە تەئكید لە سەر ڕۆیای خۆمان دەكەین یا نەسەكە خۆمان دەكەین، لەبەر ئەوەی لە ئەنجومەنی وەزیران كراوە، بەڵام دواجار ئەوە پەرلەمانی كوردستانە كە بڕیار دەدات كام دەق دەبێتە دەقی كۆتایی دێتە قاعە بۆ ئەوەی ئێوەش قسە بكەن قسەی باشیش دەكرێت و دەستان خۆش بێت، فەرموو مژدە خان.

بەڕێز مژدە محمود محمد:

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.

لە ماددەی (٩) بڕگەی دوو تێبینیم لە سەر ئەو ژمارە هەژدەیە هەیە پێموایە كەمە بۆ گەنجێك كە ئەزمونێكی كەمی هەیە كە چەك بگرێتە دەستی با لە بیست ساڵ كەمتر نەبێت پێشنیاری بیست ساڵ دەكەم بۆ ئەو ڕەقەمە، وە خاڵی شەشەمیش ناوبانگ چاك بێت وا جوانترە بنوسرێت پێشینەی پاك بێت، سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:

بەڵێ سوپاس، مامۆستا ابوبكر فەرموو.

بەڕێز ابوبكر عمر عبدالله:

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.

من لەم ماددەیە بڕگەی نۆ بە زیاد دەزانم ڕەزامەندی لایەنی ئەمنی ئەم كۆمپانیایە و كارمەندەكانی هەمووی لە ژێر چاودێری و ئیشرافی وەزارەتی ناوخۆدان ئەم فلتەرەی لایەنی ئەمنی كە پێموایە ئاسایش دەگرێتەوە فلتەرێكی زیادە لە كاتێكدا تۆ چەند مەرجت داناوە لەم ماددەیە كە مەحكوم نەبێت بە جینائی و جونحە و عێراقی بێت و لە پشكنین دەرچووە لە خولی پەرەپێدانی پێگەیاندنی ئەمنی و كارگێڕی و تەكنەلۆجیای زانیاری تەواو كردبێت ئەم فلتەرە زیادە، چونكە هەر خۆی ئەمە وەزارەتێكی گرنگی وەكو وەزارەتی ناوخۆ چاودێری ئەم كۆمپانیا ئەمنیانە دەكات و مۆڵەتیان پێ دەدات و ڕەزامەندیش دەنوێنێت لە سەر دامەزراندنی كارمەندەكانیان، لەبەر ئەوە لایەنی ئەمنی كوێی تر جگە لە وەزارەتی ناوخۆ، زۆر سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:

مامۆستا عمر فەرموو.

بەڕێز عمر عبدالله فتاح:

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.

بە ناوی خوای بەخشندەی میهرەبان، سەبارەت بەم مەرجانە من پێم باشە بكرێتە مەرجەكانی تایبەت بە خاوەن و بەڕێوەبەر و كارمەندانی كۆمپانیا ئەگەر لەم بەشە بێت یاخود لە ماددەی چوار بێت بۆ خاوەن زیاد بكرێت، وە لەناویان یەك بڕگە زیاد بكرێت ئەویش ئەوەیە خاوەنی كۆمپانیا و بەڕێوەبەری كۆمپانیا و بەرپرسانی كۆمپانیا ئەندام نەبن لە هیچ حزبێكی سیاسی ئەمڕۆ ئێمە لە هەرێمی كوردستان ئێستا چەكی سیاسی هێندە خەتەرە لە سەر ئایندەی هەرێمی كوردستان حزبە سیاسییەكان یاسا شت پێنەداون یاسا قەدەغەیە حزبی سیاسی هێزی

چەکداری هەبێت کەچی ئەوە نۆ کابینەیە لە سەر یەك تا ئێستا دوو هێزی حزبی سیاسی دەسەڵاتدار ئامادە نین هێزی پێشمەرگە بکەنە موئەسەسەیەکی نیشتیمانی ...
بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:
مامۆستا بڕۆ سەر ماددەی نۆ.
بەڕێز عمر عبدالله فتاح:
من دەمەوێت بە روونی لێرە بنووسن بەرپرسی حزبی سیاسی بۆی نییە کۆمپانیای ئەمنی دروست بکات و بیکاتە وەسیلەیەك بۆ ترساندنی خەڵك
بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:
ئاخر مامۆستا عمر تۆ پیاوێکی مەنهەجی و بەڕێزی نووسراوە مەرجەکانی تایبەت بە کارمەندانی کۆمپانیا.
بەڕێز عمر عبدالله فتاح:
هەردووکم پێشنیار کرد، لەبەر ئەوەی جەنابت دەزانی من شارەزام لە هەندێك بوار بە تایبەتی کارگێڕی لە سەر ئەوە وتم بگۆڕێت بە مەرجەکانی تایبەت بە خاوەن و بەڕێوەبەر و کارمەندانی کۆمپانیا...
بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:
مادده زیاد بکرێت.
بەڕێز عمر عبدالله فتاح:
نا هەر وەسفەکە زیاد بکرێت، لە سەر ئەوە نووسراوە بەشی چوارەم مەرجەکانی تایبەت بە کارمەندانی کۆمپانیا بکرێتە مەرجەکانی تایبەت بە خاوەن و بەڕێوەبەر و کارمەندانی کۆمپانیا لە ناویدا لە خاڵی یەکەم ئەگەر عێراقی بێت یەکێك لە خاڵەکان زیاد بکرێت کە نابێت بەرپرس بێت لە حزبی سیاسی لە کوردستاندا ئێمە ئێستا بە بی یاسا بارەگای بەردەم ماڵی هەندێك مەسئول دەڵێی سەربازگەیە ئەوەندەی حیمایەی لە خۆی کۆ کردۆتەوە لە کاتێکدا نە قانوون ڕێی پێ دەدات نە یاسا ڕێگە دەدات نە ئەمن و ئاسایشی هەرێمی کوردستان ئەوە دەخوازێت ئەوەندە لە خەتەر بێت تاوەکو ئەوەندە چەك و جبەخانە لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە، بۆیە من پیشنیار دەکەم لیژنەی بەڕێزی یاسایی ئەمە بکەنە مەرج کە حزبی سیاسی بۆی نەبێت خاوەن و بەڕێوەبەری کۆمپانیای ئەمنی بێت، زۆر سوپاس.
بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:
بەڵێ بدریە خان فەرموو.
بەڕێز بدریە اسماعیل محمود:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
سەبارەت بە ماددەی نۆ پشتگیری قسەکانی بەڕێز مامۆستا ابوبکر هەڵەدەنی دەکەم لە سەر خاڵی نۆ پشتگیری لە قسەکانی مامۆستا ابوبکر دەکەم، وە هەر لە بڕگەی یەکەم لە ماددەی نۆیەم پێشنیار دەکەم خاڵێك زیاد بکرێت کارمەندانی کۆمپانیا وێڕای ئەو مەرجانەی کە بۆی دیاریکراوە شارەزایی پڕەنسیپەکانی مافەکانی مرۆڤ بێت، زۆر سوپاس.
بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:
سوپاس، ڕۆژان خان فەرموو.

بەڕێز ڕۆژان محمد كريم:
بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.

بە نـاوی خـوای گەورە و میهرەبـان، سـەبارەت بە مـاددەی (٩) چەنـد پێشـنیارێكم هەیە بـڕگەی یەكەم خـاڵی سـێ بە لای كەم دەرچـووی قۆنـاغی بنەڕەتـی بێـت پـێم باشـە بكـرێتە بەوەی كە خوێندنەوە و نووسین بزانێت ئێمە لە یاسایی سەرۆكایەتی هەرێم مەرجی خوێندنمان دانەنـاوە بۆ كارمەندێكی كۆمپانیایەكی ئەمنی تایبەت كە مەبەسـت لێـی دۆزینـەوەی هەلـی كـارە بـۆ ئەو مەرجەی تێـدا بێـت بـۆ خوێنـدن لە كاتێكـدا زۆر كەسـمان هەیە وەكـو هەڤالان باسـیان كـرد كە تەمەنیـان شـمول دەكـات، بەڵام خوێنـدنەكە شـمول ناكـات بۆیـان ئەگەر ئەو مەرجە بكرێـت بە خوێنـدن و نووسـین بزانێـت، وە سـەبارەت بە خـاڵی چـوار قیـافەی باڵای گونجـاو بێـت و لە پشكنینی تەندروسـتی تـا كۆتـایی ئەو پیشـەكییەی بـۆ زیـاد بكرێـت، سـەبارەت بە خـاڵی شـەش پێشنیار دەكەم بەم شێوەیە لـێ بكرێـت ڕەوشـت و ناوبـانگی چـاك بێـت و حكـوم نەدرابێـت بە كەتنێكی ئابڕووبەر یان تـاوانێكی گەورە یـاخود تـاوانێكی تیرۆریسـتی یـاخود ئەو تاوانـانەی كە دەبـنە هـۆی لەكەدار كردنـی ئاسایشـی وڵات، ئەم پێشـنیارانەی مـن دیـارە لە یاسـای ڕاژەی خانەنشینی هێزەكانی ناوخۆدا شـەش پێشـنیار هـاتووە شـەش مەرج هەیە كە بـۆ دامەزرانـدنی كارمەندێكی ڕەسمی لە هێزە ئەمنییەكان، ئەم پێشنیارانە بە رای من مـاددەی ئەم خاڵانە زۆرە و مەرجەكان قورسن لە سـەریان، بـۆ ئەوەی ئاسـانتر بێـت و زیـاترین هەلـی كـار بڕەخسێنێت ئەم پێشنیارانە دەكەم، وە سەبارەت بە بڕگەی هەشتەم دەستەبەری كەسی و وەك بارمتە بە بڕی سێ ملیۆن ئێمە ئێستاش دەزانین لەگەڵ ئەوەی لە یاسا نییە، بەڵام مونتەسبی یاسـا هێـزی نـاوخۆ و هێـزە ئەمنییەكـان هەر بەم شـێوەیە دادەمەزرێـت جـاری وا هەیە ئەگەڕێـن سـێ فەرمـانبەر دەدۆزنەوە ئینجـا مووچەكەیـان دەگـاتە سـێ ملیـۆن لەگەڵ ئەوەی لە ماوەیەكـدا دەبێـت مووچەكەیان سێ ملیۆن بێت ئەو كەسەی كە دەیكەنە كەفیلی خۆیـان، بـۆیە پێویسـتە هەر ئەم مەرجە لاببرێت و بە ڕێنمایی ڕێك بخرێت، وە سەبارەت بە بڕگەی نۆ پێموایە ئەمە دووبارەیە لە مـاددەی (٧) بـڕگەی هەشـتەم هەیە كە دەبێـت وەزارەتـی نـاوخۆ ڕەزامەنـدی بـدات لە سـەر دامەزراندنی كارمەند بە بڕوای من ئەمەش لاببرێت پێویست ناكات، سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:

بەڵێ، كاك شەمۆڵ فەرموو.

بەڕیز شەمۆڵ اشین صابر:
بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.

سەبارەت بە مـاددەی (٩) بـڕگەی یەكەم خـاڵی یەك كە دەڵێـت دەبێـت نیشـتەجێی هەرێـم بێـت پێشنیار دەكەم بكرێتە نیشتەجێی هەرێم و ناوچە جێ ناكۆكەكـان بێـت و كـورد بێـت بـۆ خـاڵی سـێ پشـتیوانی قسـەكانی ڕۆژان خـان دەكەم، وە بـۆ خـاڵی نـۆ پشـتیوانی قسـەكانی ڕۆژان و مامۆستا ابوبكر هەڵەدەنی دەكەم، زۆر سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:
بەڵێ سوپاس، کاك یاسین فەرموو.
بەڕێز یاسین خضر طە:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
بە ناوی خوای گەورە و میهرەبان، پێشەکی پشتگیری قسەکانی مامۆستا عمر دەکەم بە راستی وایە، وە پشتگیری قسەکانی مژدە خانیش دەکەم ئەوەی تەمەنی هەژدە ساڵ بێت پێش ئەوەی مەشقی پێ بکرێت لە چەندەوە دەینێری بۆ مەشق؟ کابرا هەژدە ساڵ بێت چۆن چەکی دەدەیە دەست؟ دروستە دەبێت عەسکەر بەڵام کە دەبێتە عەسکەر تەدریبی پێ دەکرێت ئەوە جیایە دەبێت تەدریبی پی بکرێت ئینجا دابمەزرێت لەو شوێنە، وە نیسبەت خوێندەواری زۆر ئاساییە کابرا خوێندەواری نەبێت، بەڵام من یەك شتم پێ سەیرە لە ماددەی نۆ خاڵی شەشەم دەڵێت ناوبانگی چاك بێت و بە تاوانێك یان کەتنێکی ئابڕووبەر حکوم نەدرابێت ئینجا دادەمەزرێت، ئەرێ زەحمەت نەبێت بەرپرسی ئێمە نیوەیان دزن بۆ مەسئولی ئێمەنە؟ کابرا دوو کۆتری دزیوە لە تەمەنی منداڵی یەعنی ئەوە کەتنی ئابڕووبەرە؟ دوو قسەی لەگەڵ ئافرەتێك کردووە ئێستا لە ژوورەوەیە ئەوە کەتنی ئابڕووبەرە؟ یەعنی بە جدی وای لێ دەکەن یەعنی چۆن دەبێت وا بێت؟ ئێمە بەرپرسمان هەیە گەندەڵە و دزە ئێ لای بەن.
بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:
کاك یاسین باسی ماددەی نۆ بکە.
بەڕێز یاسین خضر طە:
ئێ ماددەی نۆ خاڵی شەشەم دەڵێت کابرا شتێکی ئابڕووبەری نەکردبێت ئابڕووبەری دزییە، گەندەڵییە زۆر بەرپرس هەیە لەو وڵاتە دزە و گەندەڵە و حکومڕانیش دەکات، سوپاس.
بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:
ئەوە لە قەواعیدی عامەیە هەر کەسێك لە شوێنێك بێت نابێت حکوم درابێت بە شتێك کە ئابڕووبەر بێت یەعنی پەیوەندی بەس بەم حاڵەتەوە نییە، دەست خۆش بێت کاك یاسین، کاك کاروان فەرموو.
بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
من لە ماددەی (٩) لە سەر سێ بڕگە تێبینیم هەیە بە تایبەتی بڕگەی پێنج و بڕگەی یازدە کە هەست دەکەم پێچەوانەی یەکن خاسەتەن بڕگە پێنج کە باس لەوە دەکات لە بەشی دووەم پەرەپێدانی ئەمنی و کارگێڕی و تەکنەلۆجیای زانیاری یەعنی هەست دەکەم باسی سایبەر سکۆریتی و تەکنەلۆجیای پێشکەوتوو ئێمە باس لەوە دەکەین کەسێك کە بڕوانامەی هەبێت یا بڕوانامەی نەبێت ئەم خولە چ خولێکە کە تەکنۆلۆجیا و زانیاری وەربگرێت لە وەزارەت حەز دەکەم ئەگەر وەڵامێك وەربگرم، نوقتەی دووەم لە بڕگەی نۆ کە باس لەوە دەکات ڕەزامەندی لایەنی ئەمنی وەرگرتبێت بۆ دامەزراندن تەبعەن خاڵێکی خراپ نییە، بەڵام من هەست دەکەم و بینیشمە بە ئەزمونی خۆشمان بینیومە بە دۆکیۆمێنت کە ئەمە ئیستغلال دەکرێت زۆر جار، لەبەر ئەوە بە باشی دەزانم سیاغە بکرێتەوە بە جۆرێك لە لایەن لیژنەی قانوونیەوە بە جۆرێك

كە ئیستغلال نەكرێت لە رووی حزبییەوە هەر كوێیەكی كوردستان بێت مەبەستم هەمووكوردستانە یانیش بڕگەكە هەر لابرێت ئەگەر پێویست نەبێت بە راستی، وە لە بڕگەی یازدە ئیمە باس لەوە دەكەین بارگرانی دارایی دروست نەكات داهات بۆ حكومەت زیاد بكات بۆ ئەوەی خەڵك لێی موستەفید بێت بە گشتی، بەڵام لەو خولانەی كە مەشق و راهێنان دەربچێت لە وەزارەتەوە رێك دەخرێن بۆ چی ئەم خولانە لە سەر وەزارەتن پرسیارە بە لای منەوە بە راستی ئەم كۆمپانیانە پارەیەكی زۆر قازانج دەكەن دەكرێت خولەكان لە لایەن وەزارەتەوە سەرپەرشتی بكرێن، بەڵام بۆ چی وەزارەت مەساریفی ئەم خولانە دەكێشێت، بەڵام دەزانین ئەگەر ئەم خولانە پێشكەوتوو بن ئەكید مەساریفی زۆریشیان هەیە، زۆر سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:

سوپاس كاك كاروان، گلیزار خان فەرمووو.

بەڕێز گلیزار رشید حاجی:

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.

ماددەی (٩) خاڵی هەشت منیش هەمان تێبینی ئەندام پەرلەمانەكانم هەبوو، بەڵام جەنابت تەوزیحێكتدا، سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:

بەڵێ سوپاس، كاك ارشد فەرموو.

بەڕێز ارشد حسێن محمد:

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.

بە ناوی خوا، راستی چەند تێبینییەكم هەیە پێم باشە لە خاڵی دووەم لە بڕگەی یەكەم ساڵەكە بكرێت بە بیست و یەك ساڵ، لەبەر ئەوەی یاسایی چەك كە خوێندنەوەی یەكەمی بۆ كراوە لە پەرلەمانی كوردستان لەوێش تەمەنی چەك هەڵگرتن بیست و یەك ساڵ دانراوە پێم باشە لێرەش بكرێتە بیست و یەك ساڵ، وە خاڵی نۆیەم بێتە خاڵی چوارەم، چونكە ئەگەر هەموو ئەو شتانەی كردبێت ئەگەر رەزامەندی ئەمنی لە سەر نەبێت دانانرێت، بۆیە رەزامەندییەكە وەربگرێت دوایی باسی مەشق و ئەوانە بكەین لە خاڵی شەشەم ناوبانگ بسڕێتەوە تەنها بە تاوانێك یان كەتنێكی ئابڕووبەر حكوم نەدرابێت ئەوهام پێ باشەو چونكە هیچ پێوەرێك نییە بۆ ناوبانگی چاك لە یاسا پێوەرێك نییە، لەبەر ئەوەی ئەو پێوەرەی هەیە ناوبانگی چاكە، وە لە خاڵی دەیەم دەستەبەر كرا یەعنی زەمان كرابێت دوایی بێت تەقدیم بكات كە لە قانوون ئەوها نییە مانگێك دوای موباشەرە دەبێت زەمان بكەیت، بەڵام لێرە دەبێت زەمانت هەبێت ئینجا موباشەرە بكەی ئەمە وابزانم پێچەوانەی قانوونی زەمانە، وە ئایا تەكلیفەی خولەكە لە سەر كێیە وە دووەم دوو مانگ، سێ مانگ، شەش مانگە ئەگەر بۆ وەزارەت بنوسین بە رێنماییەك میكانیزمی خولەكەش بكاتەوە، لەبەر ئەوەی لەوانەیە لەو مانگە نەفەرێك بێت مانگێكی تر نەفەرێكی تر بێت یان یەكسەر بچێتە ناو خولەكە یەعنی میكانیزمی خولەكەش دیار بكرێت، وە هاوڕامە لەگەڵ كاك بختیار كە هەم لە رووی تەندروستی وە هەم تەمەن و ئەوانەش كە بۆ كارمەندی بیانی، سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:

سوپاس كاك ارشد، دكتۆر رێبوار فەرمووو.

بەڕێز ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
دیارە ماددەی (٩) هەر پەیوەستە بە دەرفەتی کار لەو پڕۆژە یاسایە کە ئەمە کارێکی باشە وە سیاسەتی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش لە ئێستادا ئەوەیە کە تەشجیعی کەرتی تایبەت بکات بۆ ئەوەی کە دەستی خۆماڵی یا کارمەندی خۆماڵی تێدا جێ بکرێتەوە یا دامەزرێت، وە بڕیاریش دراوە لە ئەنجومەنی وەزیران کە بۆ پڕۆژەکانی وەبەرهێنان دەبێت (٧٥%)ی دەستی کاری خۆماڵی بێت کە ئەمە کارێکی باشە، بەڵام ئەوەی کە تێبینی دەکرێت لە ماددە (٩) لە نێوان دەستی کاری بیانی و خۆماڵی یازدە مەرج بۆ دەستی خۆماڵی دیاریکراوە سێ مەرج بۆ دەستی بیانی دیاریکراوە ئەوە ڕێك بۆ خۆی مانای ئەوەیە کە تۆ دەرفەتی زیاتر بە دەستی کاری بیانی دەدەیت جۆرێك لە ناهاوسەنگی هەیە دوو ئێمە قسە لە سەر کادیری سەرەتایی دەکەین قسە لە سەر کادیری مەتەقەدیم و پێشکەوتوو ناکەین بۆ ئەوەی کە پێویست (Qualification) بکات پێویست بە مؤهلات بکات بۆ ئەو مەبەستە من لەگەڵ ئەوە نیم دەبێت ئیلا شەهادەی سەرەتایی هەبێت یا بڕوانامە، لەبەر ئەوەی زۆرێك لەوانەی کە دەبنە سکۆریتی و پاسەوان و ئەوانە ئەوانەن کە لە بنچینەدا هیچ شەهادەیەکیان نییە، بۆیە ئەگەر ئەم مەرجە بسڕێتەوە مەرجی بڕوانامە دەرفەتێکی باشتر بۆ گەنجانی ئێمە ساز دەکرێت یاخود بۆ ئەوانەی کە داواکاریان هەیە لەو بارەیە خاڵێکی تر ئاماژە بەوە دەکرێت کە دەبێت خولی پێگەیاندن یا پەرەپێدانی ئەمنی و کۆمەڵێك لەو کۆنسێپتانەی کە تێدایە پێم وایە ئەوەی کە خوێندەوارییەکی سەرەتایی هەبێت ڕەنگە ئاستەنگ بێت بچێتە ئەو خولە وا باشە با دەرفەتی کار بدۆزێتەوە تەعین بێت ئینجا خولەکەی بۆ بکرێتەوە نەکرێتە مەرجێکی پێشوەختە، چونکە ئەگەر مەرجێکی پێشوەختە بێت ڕەنگە ئەو دەرفەتە لە دەست بدات، بۆیە من پێشنیار دەکەم کە ئەمەیان بەو شێوەیە سیغە بکرێتەوە و نەکرێتە مەرجی پێشوەختە، بەڵکو دوای ئەوەی دادەمەزرێت ئینجا بچێتە خولەکە، زۆر سوپاس.
بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:
سوپاس بۆ بەڕێزت، سوسن خان فەرموو.
بەڕێز سوسن محمد میرخان:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
من لە ماددەی نۆیەم لە بڕگەی یەکەم خاڵی دووەم پشتیوانی کاك ارشد دەکەم، وە لە مەرجەکانیش لە ڕاستیدا پشتیوانی کاك دکتۆر ڕێبوار دەکەم، فیعلەن ڕاستە بۆچی مەرجەکانی کۆمپانیا بیانییەکان ئەوەندە کەمە ئەوانەی خۆمان ئەوەندە زۆرە ئەوەی تر لەسەر خاڵی هەشتەمی بڕگەی یەکەم وە دووەمی بڕگەی دووەم دەڵێت دەستەبەرێکی کەسی وەك بارمتە بە بڕی سێ ملیۆن دیناری عێراقی پێشکەش بە وەزارەت بکات و ئەو بڕەپارەیە لە سەر ژمێرەی وەزارەت تۆمار بکات من پێم باشە لە بری ئەو بارمتەیە وشەیەکی تر بەکار بێت، چونکە نازانم بارمتە زۆر جار بە وشیەکی نەرێنییە ئەگەر وشەیەکی تر لە شوێنی دابنرێت باشتر دەبێت، وە سەبارەت بە بڕگەی یەکەم خاڵی نۆیەم دەڵێت ڕەزامەندی لایەنی ئەمنی وەرگرتبێت بۆ دامەزراندن خۆی هەندێك شتی بچوکە، بەڵام خۆمان ئەگەر ڕێزمانی خۆمان زمانی خۆمان ڕێك نەخەینەوە بە ڕاستی ناتوانین ئیش و کارەکانی خۆشمان ڕێك بخەینەوە، بۆیە لێرە دەبێت بنوسین ڕەزامەندی لایەنی ئەمنی بۆ دامەزراندنی وەرگرتبێت فیعلەکە بچێتە کۆتایی، وە

خاڵێکی تر پێم باشه زیاد بکرێت ئەویش ئەوەیه کە ڕێژەی (٥%)ی کارمەندەکانیان لە کەس و کاری شەهیدان و ئەنفالکراوان پێك بێت وە ئەوە بکرێتە مەرج لە سەر کۆمپانیا بیانییە ئەمنییەکان، زۆر سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، دکتۆر اسماعیل فەرمووو.

بەڕێز اسماعیل علی طه:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

من چەند تێبینیەکێت هەی خالا ئێکێ دبێژیت نیشەتجیێ هەرێمێ بیت باشە ئەگەر نیشتەجیێ ناوچەیەکا دەرڤەی هەرێمێ بیت وەکو شنگال مەعنا وەیە ناگریت ئەز بینم ببیت نیشتەجیێ هەرێمێ بیت یان ناوچەیێت کوردستانی یێت دەرەڤەی هەرێمێ ل گەل بیت، وە پشتەوانیا وانا بێتە کرن خالا دوویێ لە پەنجا و پێنج ساڵ زیاتر نەبیت چونکی بارا پتر ئەویت پێنجی ساڵی وێڤە وانا تەجروبە و ئەزمونەکا باش د مەجالێ ئەمنی دا هەی پتر ژ ئەوان گەنجا بلا تەشجیعا گەنجا بێتە کرن بەس ئەڤێت تەجروبە و خودان ئەزموون پێتڤییە ئەم دەستبەردایێ وان نەبین و ئەم هەر موحتاجی وانین خالا سێ نڤیسییە بە لای کەم دەچووی قۆناغی بنەڕەتی بیت ئەز بێژم بە لای کەم خوێندەوار بیت هەر خوێندەوار بیت کافییە و بۆ نەهێتە دیار کرن، وە خالا نەهێ ڕەزامەندی لایەنی ئەمنی وەرگرتبیت بۆ دامەزراندن ئەز پشتگیرییا مامۆستا ابوبکر دکەم و ئەوێت پشتەڤانی لێ کری، وە یا دوویێ ئەز پرسیار دکەم ئەگەر بێژیت ڕەزامەندی لایەنی ئەمنی مەقسەد پی کیش لایەنێ ئەمنییە؟ پاراستن، ئاسایش، زانیاری مە یێ هەی مەقسەدا وانا پێ چییە؟ هەمی پێکڤە نینە جودان و هەر یەك یێت ل جهەکێ و مەسئولێ هەر ئێکێ یێ ل جهەکێ یەعنی ئەو لایەنێ ئەمنی کو ئەز بینم تەسکیا حزبییە یان نەمینیت یان ژی ئیزافەك بێتە کرن ئەو قەیدێ تەسکییا حزبی نەبیتە پیڤەر بێژیت ڕەزامەندی لایەنی ئەمنی وەرگرتبێت بە پێی پێوەری ئینتیمای سیاسی چ حیزبەك بیت ئەوێ پەیوەندی پێڤە نینە یەعنی یان نەمینیت یان بێتە چارەسەر کرن، وە ئەز حەز دکەم خاڵەك بێتە ئیزافە کرن پشتی خاڵا یازدە، وە پشتەڤانییا خوشکا بدریە خان دکەم شارەزای بنەمایێت مافێ مرۆڤی بیت یەعنی ئەوێ پاسەوان بیت پێتڤییە هندەك حقوقێت ئینسانی (مبادء حقوق الانسان) بزانیت دا تەجاوز و سەرپێچی نەهێتە کرن خالا دوویێ ژ ماددێ ئەگەر بیانی بیت ئەز پێشنیار دکەم خاڵەك بێتە ئیزافە کرن بیتە یا چارێ ملکەچی سەروەرییا یاسایێت بەرکار بیت ل هەرێمێ ئەگەر تاوانەك ئەنجامدا و پارێزبەندی ل سەر نەبیت یەعنی هندەك کۆمپانیایێت بیانی یێت هەی مومکینە ل سەر تە فەرز بکەت بێژیت حەسانەیا هەی ئەگەر جەریمەك کر، ئەگەر کوشتنەك کر، ئەگەر تاوانەك کر دێبێژیت ئەم دێ محاسبا وی کەین ب عەرەبی ئەز بێژم (يخذأ ولاية القانونية نافذة في اقليم الكردستان عند ارتكاب أي جريمة و لا يكونوا محسنا)، سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس بۆ بەڕێزت، دکتۆر محی الدین فەرمووو.

بەڕێز محی الدین حسن یوسف:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

من هەر بە خێرایی هەندێك تێبینی دەدەم بە تایبەتی ئەوەی نیشتەجێی هەرێم بێت لەگەڵ ئەوەم ئیزافەی ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستانیش بکرێت لەسەر ئەو بنەمایە،

تەئیدی دکتۆر اسماعیل دەکەم مەسەلەی خوێندەواری و نەخوێندەواری، پێموایە ئەو قۆناغە لابەن، چونکە دوو مەبدەء هەیە لە مەبدەئی دەستوری یەکێکیان بنەماکانی یەکسانییە لە هاووڵاتیانە دووەمیان مەبدەئی (حق العمل)ە کە مافی کارکردنە، بۆیە لە سەر ئەو بنەمایە پێموایە خەڵکێك هەیە رەنگە لە کاتی ئەنفالدا لە راگواستنەکاندا نەیتوانیبێت بخوێنێت، بەڵام ئێستا تەمەنی لە سی و پێنج چل ساڵە تازە رەنگە پێویستی بە دەرفەتی کار بێت، بۆیە من لەگەڵ ئەوەم ئەوەی کە خوێندەوارە و نەخوێندەوارە پێموایە مافی ئەوەی هەیە کە کار بکات و مەبدەئی مساوا لە نێوان هاووڵاتیان یەکسان بێت ئەوەی پەیوەندی بە دەرچوونی خولی پەیمانگا و مەشق و راهێنانە پێش ئەوەی ببێتە کارمەند، پێم وایە ئەو بابەتانە زیادن وە ئەرکێکی قورس لە سەر وەزارەتی ناوخۆ زیاد دەکات سەرباری ئەرکەکانی رابردوو، وە ئەوەی کە پەیوەندی بە رەزامەندی ئەمنییەوە هەیە پێموایە کێشەیەکی گەورەی تێدا هەیە من لەگەڵ لابردنیمە، چونکە هەندێك وردەکاری هەیە خەڵکێك ویستوویەتی لە کۆمپانیایەك ئیش بکات بە پەنجا و حەوت رۆژ ئینجا دوایی دەیان واستە موافەقەکەی هاتووە ئەوەی پەیوەندی بە کەسی بیانی هەیە سەبارەت بە دەستەبەری کەسی بیانی چۆن دەستەبەری کەسێتی پەیدا دەکات کە کەسێکی بیانی بێنێت لە هەرێمی کوردستان ببێتە کەفیلی بە مەبلەغی حەوت ملیۆن دینار، بۆیە نازانم چۆن دەبێت موعالەجەی ئەو زەمانە شەخسییە دەکرێت کە کەسێکی بیانی بێت لێرە رەنگە ئەو زەمانە بکات، زۆر سوپاس.

بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، شادی خان فەرموو.

بەڕێز شادی نوزاد وهاب:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

من هەر لە ناونیشانی بەشەکە دەست پێ دەکەم کە مەرجەکانی تایبەت بە کارمەندانی کۆمپانیایە من پێموایە دەبێت ناونیشانەکە بەم شێوەیە بێت ماف و ئەرکی کارمەندانی کۆمپانیا، وە دەمەوێت شتێکیش روون بکەمەوە و قسەی لە سەر بکەم یەکێك لە ئەرکە هەرە سەرەکییەکانی حکومەت و هەموو حکومەتەکانی دونیا بەو شێوەیە کە دەبێت پارێزەری مافی هاووڵاتیان بێت کارمەندانی ئەم بوارەش بە تایبەتی، وە بەو پێیەی کە ئەم یاسایە یاسایەکی تایبەتە بە سلکیکی جیاواز بۆ کارکردن کە لە کۆمپانیا ئەمنییەکان دایە پێویستە هەندێك خاڵ لە مافەکانی کارمەندی ئەم جۆرە کۆمپانیانە دیاری بکەین، وە ئێمە لە لیژنەی مافی مرۆڤ و کاروباری کۆمەڵایەتی لە ساڵی (٢٠١٩) بەشداری خولێك بووین کە وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی یاسایەکی تایبەت بە کار دەربکات، بەڵام تاوەکو ئێستا نە پڕۆژە یاساکەی ناردۆتە پەرلەمان نە ئیشەکانیشی بە کۆتایی گەیشتوون، بۆیە پێویستە لەم یاسایە ئەرکەکانی کۆمپانیا بەرامبەر بە کارمەندەکان دیاری بکرێت، من هەندێك خاڵم بە وردی نووسیوە ئەگەر لیژنەی یاسایی پێیان خۆش بێت دواتر ئاراستەیان دەکەم بە نوسراو، وە پێم باشە لە ماددەی نۆ خاڵی سێیەم زیاد بکرێت بەم شێوەی خوارەوە (ئەرکەکانی کۆمپانیا بەرامبەر بە کارمەند یەکەم جل و بەرگی کارمەند بۆ هەر وەرزێك دەستێکی جیاواز بێت، دووەم پێویستییەکانی کارمەند بۆ شوێنی حەوانەوە بە مەرجەکانی تەندروستی فریاگوزاری خێرا و گەرمکەرەوە و ساردکەرەوەی تێدا مەوجود بێت مووچەی کارمەند کەمتر نەبێت لە (٥٠%) بۆ (٦٠%) بە پێی بڕی ئەو پارەی کە بۆ هەر کارمەندێك کۆمپانیا وەردەگرێت) لە سەر عەقدەکەی بە پێی کاری کارمەندەکە لەو

شوێنەدا، چوارەم لە کاتی بوونی پرسەی دەرەجە یەکی کارمەند پێنج ڕۆژ و لە کاتی دەرەجە دوو و سێ ڕۆژ مۆڵەت وەربگرێت مۆڵەتی دایکایەتی مەوجود بێت بۆ ئەو ڕەگەزی مێیانەی کە لەو کۆمپانیانە کار دەکەن، شەشەم خواردنی ئەو ژەمانە کە دەکەوێتە کاتی کار کردن لە سەر کۆمپانیا بێت، حەوتەم گەیشتن بە شوێنی کارکردنەکە لە سەر کۆمپانیا بێت، هەشتەم دەستەبەری کۆمەڵایەتی لە سەر کۆمپانیا بێت و ئەو بڕەی کە دەکەوێتە سەر ئەستۆی بە مەزبووتی جێبەجێ بکات، چونکە بەشێك لە کەرتی تایبەت ئێمە ئەو موشکیلەیەمان هەیە، نۆیەم ئەگەر هەر کارمەندێك لە کاتی ئەرکدا توشی ڕووداوێك بوو کە بووە ئاهەیەکی (مستدم) پێویستە ئەو کۆمپانیایە مووچەی تەوای شەش مانگ و نیوەی مووچە بۆ شەش مانگ دابین بکات بۆ کارمەندەکە، دەیەم ئەگەر کارمەندێك بە بێ هۆکار لە کارەکەی دوورخرایەوە...

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

شادی خان کاتەکەت تەواو بوو.

بەڕێز شادی نوزاد وهاب:

ئەگەر پازدە سانیەم بدەیێ تەواو دەبێت.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

باشە فەرموو.

بەڕێز شادی نوزاد وهاب:

دەیەم ئەگەر کارمەندێك بە بێ هۆکار لە کارەکەی دوورخرایەوە لە کارەکەی ئەوە دەبێت کۆمپانیاکە مووچەی شەش مانگی بۆ دابین بکات بە بێ لێبڕین و سێ مانگیش نیوەی مووچەکەی، وە هەروەها پێموایە کە...

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

قسەکانت باشە بەڵام بە نوسین بنێرە، شیرین یونس فەرموو.

بەڕێز شیرین یونس عبدالله:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

پشتگیری تەواوی قسەکانی ڕۆژان خان دەکەم، وە لە خاڵی سێ پشتگیری قسەکانی کاك سەرکۆ دەکەم و پشتگیری تەواوی قسەکانی شادی خان دەکەم دەستان خۆش بێت قسەکانم کرا، سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

بەڵی سوپاس، سەرچنار خان فەرموو.

بەڕێز سەرچنار احمد محمود:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

لە ماددەی (٩) سەبارەت بە خاڵی دووەم کە دەڵێت تەمەنی لە هەژدە ساڵ کەمتر نەبێت ئەوە پڕۆژە یاسای چەکە دوێنێ گەیشتۆتە دەستمان خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە لە ماددەی نۆ هەر لەم پڕۆژە یاساکە کە هی حکومەتە دەڵێت دەبێت بیست و یەك ساڵی تەواو کردبێت نەك هەر بیست و یەك ساڵ بێت بۆ لێرە دەڵێت هەژدە ساڵ؟ هەژدە ساڵ کەی ئەو بەرپرسیارییەتیەی هەیە بتوانێت بەرپرسیارییەتییەکی ئەمنی هەڵگرتنی چەك بگرێتە ئەستۆ، لەبەر ئەوە من لەگەڵ ئەو رایانەم کە دەڵێت بکرێتە بیست و یەك ساڵ، وە لێرە یازدە مەرج هاتووە بۆ عێراقی وە سێ مەرج هاتووە بۆ بیانی کە هەندێکیشیان بە عام هاتووە یەعنی

بیانییەکـان بە تـایبەتی خـاڵی شـەش زۆر گـرنگە بـۆ بیـانیش بێـت کە ناوبـانگی چـاك بێـت و بە تاوانێك یـان بە کەتنێکـی ئـابڕووبەر حـوکم نەدرابێـت یەعنـی سـابیقەی نەبێـت ئەمە بـۆ لەوانە هاتووە یەعنی ئەگەر بیانییەك پێشتر حوکم درابێت بە کەتنێکی ئابڕووبەر دەتوانێت لێـرە ببێـت بە ئەندام ئەو مەرجانە چۆن هەن یەعنی دەبن بە تەئجیزین لێرە دەبێت لەوانەی بیانییەکـانیش دووبارە ببێتەوە، وە لە خاڵی پێنجەم دەڵێت بە سەرکەوتوویی دەرچووبێت لە خولەکان یەعنـی لە خاڵی پێنج باسی پەیمانگای پەرەپێـدان دەکـات کە دیـاری نەکـراوە ئایـا حکـومەت مەسـارفی ئەمە دەکات ئەم پەیمانگای پەرەپێدانە کە لە وەزارەتەوە دەردەچێت حکومەت پـارەکەی دەدات دوایـی ئەوە دەبێـت بە ئەنـدام لە کۆمپانیـای ئەمنـی، لە خـاڵی کۆتـایی کە دەڵێـت لەو خولانەی مەشق و راهێنان دەربچێـت کە وەزارەت رێکـی دەخـات یەعنـی لە هیچیـان دیـاری نەکـراوە کە مەسروفی هەم لە پەیمانگاکە و هەم لە خولەکە کێ بیگرێتە ئەستۆ وە ماوەکەی بۆ چەنـد بێـت، یەعنی ئەو خولانە لە چەند مانگدا دەبێت مەسەلەن دەتوانرێت لە خولەکە دیـاری بکرێـت ئەگەر لە پەیمانگاکەش دیاری نەکرێت ئەوەش وردەکارییەکی تێدا بکرێت، وە لە خـاڵی نـۆیەم هـاوڕای مامۆسـتا هەڵەدنـیم کە دەڵێـت ئەو مەرجە لابرێـت، چـونکە وەکـو پێشـتر باسـکرا کە ئەو رەزامەندییە وەربگرێت، سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

بەڵێ سوپاس، بەڕێز وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان فەرموون.

بەڕێز ڤالا فرید ابراهیم/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ئەوەی کە زیـاتر قسـەی لە سـەر کـرا مەسـەلەی تەمەنەکە بـوو دیـارە پێشـتر ئەو پڕۆژەیەمـان ناردووە دوایـی ئەو پـڕۆژەش پـڕۆژەی چەکمـان نـاردووە بـۆ پەرلەمـانی کوردسـتان بە دیراسـە کردنـی ئەو حاڵەتـانەی کە زیـادی کـردووە لە نـاو کۆمەڵگـای کوردسـتانی، بـابەتی کوشـتن چەك هەڵگرتن ئێمەش پێمان باشە هەردوو یاساکە وەکـو یەکـی لێبکرێـت، وەکـو چـۆن لەوێ تەمەنـی بیست و یەك ساڵمان تەحدید کردووە لیرەش دەکرێت ئەو هەژدە ساڵیـە بکرێت بە بیست و یەك ساڵی، بەڵام دوا بڕیار بۆ پەرلەمانە، وە ئەوەی کە پەیوەندی بە قۆنـاغی بنەڕەتیـیەوە هەیە ئـێمە پێمـان باشـە دەرچـووی قۆنـاغی بنەڕەتـی بێـت، بـۆ ئەوەی لە پەرلەمـانی کوردسـتان یاسـایەك دەرنەچێـت کە تەشـجیعی نەخوێنـدەواری بکـات، چـونکە خۆتـان دەزانـن کاتێـك کە یاسـایەك دەردەچێت و هیچ مەرجێکی تێـدا نیـیە دامەزرانـدنی کەسێك کە مـووچەیەکی بـاش بێـت بـێ ئەوەی هـیچ قۆنـاغێکی خوێنـدنی تەواو کردبێـت وەکـو تەشـجیعێك دەبێـت بـۆ نەوەکـانی داهاتوومـان کە ئەگەر ئەو کەسـە نەشـخوێنێت ئەوە ئەگەر هـیچ ئیشـێکی دەسـت نەکەوێـت، دەتوانێت ببێت بە پاسەوان و ببێـت بە حیمـایە، بـۆیە مـن داواکـارم پەرلەمـانی کوردسـتان ئەو خاڵە زۆر بە هەند وەربگرێت وە یاسایەك دەرنەکات کە تەشـجیعی نەخوێنـدەواری بکـات کە وا دواجـار کارەسـات و ئـافەیەکە بـۆ کۆمەڵگـای خۆمـان بە تـایبەتی، وە ئەوەی کە پەیوەنـدی بە کارمەندی بیانییەوە هەیە خۆمان دەزانین هەر کارمەندێکی بیـانی کە دێـتە وڵات مەحکـومە بە قانوونێـك قـانوونی ئیقـامە و ئەجانـب هەیە لە عێـراق وە ئەو قـانوونە هەمـوو مەرج و شـرووتەکانی تێـدا تەحدیـد کـردووە، واتـا جـگە لەو مەرجـانەی کە لەوێ هەن ئەو سـێ چـوار مەرجەشـی دەبێـت تێـدا بێـت کە لەنـاو ئەو یاسـایەدا بە تەحدیـد هـاتووە، زۆر سـوپاس بەڕێـز سەرۆکی پەرلەمان.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:
بەڵێ سوپاس، ماددەی دوایی ئەوە بەڕێزان ماددەی (١٠) بخوێننەوە.
بەڕێز خدیجە عمر طە:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
بەشی پێنجەم: سەگی پاسەوانی
ماددەی (١٠):
کۆمپانیا بۆی هەیە سەگی پاسەوانی بەکار بهێنێت بەو مەرجانەی خوارەوە:
یەکەم/ جۆر و ژمارەی دیاریکراو بێت.
دووەم/ ڕاهێنراو بێت و بەڵگەنامەی ڕاهێنانی لەگەڵدا بێت.
سێیەم/ ئەگەر هاوردەکراو بێت پێویستە پاسپۆڕت و بەڵگەنامەی خاوەندارییەتی و سەرچاوەی هاوردەکردنی لەگەڵدا بێت.
چوارەم/ شوێنی تایبەت بە بەخێوکردنی ئامادە کرابێت.
بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:
فەرموون کێ قسەی هەیە؟ فەرموو بدریە خان.
بەڕێز بدریە اسماعیل محمود:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
من پێشنیار دەکەم ئەم ماددەیە هەر لاببرێت لە زۆربەی یاساکانی تایبەت بە کۆمپانیا ئەمنییەکان ئەو دەستەواژەیە بەکار نەهاتووە هەر وەکو لە بڕگەی هەشتی ماددەی یەکیش دا هاتووە بۆ نموونە وەزارەت دەتوانێت ئەم بابەتە بە ڕێنمایی ڕێکبخات ئەو دەستەواژەیە پێم جوان نییە لە یاساکەدا هەبێت، زۆر سوپاس.
بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:
زۆر سوپاس، ڕۆژان خان فەرموو.
بەڕێز ڕۆژان محمد کریم:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
منیش هەمان قسەکانی بدریە خانم هەیە و پشتیوانی دەکەم و ئەم بەشە لاببرێت لە یاساکەدا و بە ڕێنمایی ڕێکبخرێت، سوپاس.
بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:
بەڵێ ماددەی دوایی ئەوە.
بەڕێز ڕۆبینە اویملك عزیز:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
بەشی شەشەم ڕێکارەکانی سەرپێچی سزاکان
ماددەی (١١):
لە کاتی سەرپێچی کردن کۆمپانیاکان بۆ حوکمی ماددەی (٧ و ٨)ی ئەم یاسایە وەزیر بۆی هەیە ئەم ڕێکارە سزایانەی خوارەوە بسەپێنێت:
١- ڕاگرتنی چالاکی کۆمپانیا بۆ ماوەیەکی کاتی.
٢- هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەت.

٣- دەست بەسەرداگرتنی هەموو یا بەشێکی بڕە پارەی بارمتە بە پێی قەبارە و پێشێلکردنەکە و لێکەوتەکانی.
٤- پێبژاردنێك بە بڕی (١٠٠٠٠٠) سەد هەزار دینار بەرامبەر دواکەوتنی هەر رۆژێك لە نوێ کردنەوەی مۆڵەت.
٥- بە پێبژاردنێك بە بڕی (٢٥٠٠٠) بیست و پێنج هەزار دینار بەرامبەر دواکەوتنی هەر رۆژێك لە نوێ کردنەوەی ناسنامە و کارمەندەکانی هەڵگرتنی چەك و باجی ئۆتۆمبێلەکان.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

بەڵێ سوپاس، کێ قسەی هەیە لە سەر ئەو ماددەیە؟ گلیزار خان فەرموو.

بەڕێز گلیزار رشید حاجی:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

لە ماددەی (١١) ئەمە سەرپێچی کۆمپانیاکانە، بەڵام ئەگەر کەسێك لە دەرەوەی کۆمپانیا ئەمنییەکان کاری پاسەوانی ئەنجام بدات سزاکەی چی دەبێت؟ بە رەئی من ئەگەر خاڵێك ئیزافە بکەین لە سەر ئەوەش سزای بۆ دانێین ئەوەش باشتر دەبێت، سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

کاك رزگار فەرموو:

بەڕێز رزگار محمد محمود:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

لە ماددەی (١١) لە کاتی سەرپێچی کردنی کۆمپانیا بۆ حوکمەکانی ماددەی (٧ و ٨)ی ئەم یاسایە وەزیر بۆی هەیە ئەم رێکار و سزایانەی خوارەوە پەسند بکات، یەکەم راگرتنی چالاکی کۆمپانیا بۆ ماوەیەکی کاتی، دووەم هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەت، من پێشنیار دەکەم تەنها دەسەڵاتەکە لای وەزیر نەبێت یەعنی لیژنەیەکی تایبەتمەند لە وەزارەتی ناوخۆ بە سەرۆکایەتی بەڕێز وەزیر راستی ئەگەر دەسەڵاتەکە تەنها لە دەسەڵاتی وەزیردا بێت ئەوە رەنگە بە جۆرێکی تر بێت، وە لە سەر ماددەی (١١) برگەی چوارەم بە پێبژاردنێك بە بڕی (١٠٠,٠٠٠) سەد هەزار دینار بەرامبەر هەر رۆژێك لە دواکەوتنی پێناسی کارمەندەکە بە راستی بۆ هەر رۆژێك لەم وڵاتەی ئێمە جاری وا هەیە رۆژانە هەر رێگا و بان نییە یا بۆ نموونە حەق نییە یەعنی رۆژێك سەد هەزار دیناری بۆ دیاری بکرێت یەعنی ئەو ماوەیە درێژ بکرێتەوە، زۆر سوپاس.

بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:

بەڵێ سوپاس، ماددەی دوای ئەوە بەڕێزان.

بەڕێز رۆبینە اویملك عزیز:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ماددەی (١٢):

لە کاتی هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەتی کۆمپانیا بە شێوەیەکی هەمیشەیی یا پەککەوتە کردنی پێویستە لە سەر کۆمپانیا:

یەکەم/ گشت مۆڵەتەکانی چەك مۆڵەتەکانی رێگە پێدان بە ئۆتۆمبێلەکان و ناسنامەکانی بۆ وەزارەت بگەڕێتەوە.

دووەم/ رادەستکردنی سەرجەم چەك و تەقەمەنی و ئامێرە بێتەلەکان کە دەبێتە موڵکی وەزارەت.

سێیەم/ تۆمارکردنی بڕە پـارەی دەسـتەبەری سـپاردەکراو لە ژمێـرەی وەزارەت وەکـو داهـاتێکی کۆتا بۆ گەنجینەی هەرێم.
چوارەم/ لە ماوەی شەسـت ڕۆژ لە ڕێکەوتـی هەڵوەشـاندنەوەی مـۆڵەت ئۆتـۆمبێلە قەڵغانەکـانی بفرۆشێتە کۆمپانیاکانی ئەمنی دیکەی مۆڵەت پێدراو بە ڕەزامەندی وەزارەت بە پـێچەوانەوە لە لایەن وەزارەتەوە بە زیـادکردنی ئاشـکرا دەفرۆشـێتە کۆمپانیاکـانی تـر ئەمەش بە ڕێنمـایی ڕێکدەخرێت.
بەڕێز هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:
بەڕێزان هەر بەڕێزێك دەیەوێت لە سەر ئەو مـاددەیە قسـە بکـات بـا دەسـت بەرز بکـاتەوە، کـاك ارشد فەرموو.
بەڕێز ارشد حسێن محمد:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
بە ناوی خوا، لە ماددەی (١٢) دووەم بڕگەی دووەم رادەستکردنەوەی سەرجەم چەك و تەقەمەنی و ئامێرە بێتەلەکان کە دەبێتە مولکی وەزارەت، ئەمە تەقـریبەن شـوبهە غەدرێـکە لە شـەریکاتی ئەمنـی دەکرێـت، چـونکە ئەگەر حکـومەت تەمـویلی چەکەکەی بـۆ بکـات کێشـە نیـیە بـا لێـی بستێنێتەوە، بەڵام ئەگەر نا با چەکەکەی بفرۆشێت لە بـازار چەك هەیە بـا بفرۆشـێتێت، بەڵام بە چـاودێری و مـوافەقەی وەزارەت بێـت نەك هەر یەکسـەر دەسـت بگرێـت بەسـەر هەمـوو چەك، چـونکە ئەوە مەبلەغێکـی زۆری پـارە پێـداوە غەدرێـکە لە شـەریکاتی ئەمنـی دەکرێـت، دەسـت خۆش
بەڕێز هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:
بەڵێ سوپاس، کاك رزگار فەرموو.
بەڕێز رزگار محمد محمود:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
ماددەی (١٢) بـڕگەی دووەم رادەسـتکردنی سـەرجەم چەك و تەقەمەنـی و ئـامێرە بێتەلەکـان کە دەبێتە مولکی وەزارەت، لە راستی وەکو کاك ارشد جەنابی فەرمـووی بە راسـتی ئەوە غەدرێـکە لە کۆمپانیـا دەکرێـت، لە بەر ئەوەی ئەو کۆمپانیـایە رەنـگە یەکەم سـاڵی بێـت و بە هۆکارێـك مۆڵەتەکەی هەڵوەشێتەوە یەعنی ئەو هەموو مـولکە کە هەیەتـی ببێـتە مـولکی وەزارەت، بەڵام رەنگە سەدا دەی ئەو داهـاتەی دەسـت نەکەوتـووە، بـۆیە بە راسـتی ئەوە مـن غەدرێـك دەبیـنم، سوپاس.
بەڕێز هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:
بەڵێ سوپاس، کاك بختیار فەرموو.
بەڕێز بختیار شوکری سلێمان:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
سەبارەت بە ماددەی (١٢) چوارەم کاتی هەڵوەشاندنەوەی مـۆڵەتی کۆمپانیـای ئەمنـی دەبێـت لە ماوەی شەست ڕۆژ ئەوە دەبێت ئۆتۆمبێلە قەڵغانەکانی بفرۆشێتە کۆمپانیاکـانی ئەمنـی دیـکەی مۆڵەت پێدراو یان دوایی شەسـت ڕۆژ بە زیـادکردنی ئاشـکرا وەزارەت دەفرۆشـیتە، پـێم باشـە ئیختیـارێکی سـێیەمیش زیـاد بکرێـت ئەگەر هـاتوو حەزی لـێ بـوو سـاحێبی کۆمپانیـاکە

ئۆتۆمبێلەکەی بنێرێتە دەرەوە مۆڵەتی پێبدرێت لە لایەن وەزارەتەوە رەنگە سعرەکەی نەگاتە ئێرە سعرێکی هەرزان بێت بتوانێت لە دەرەوە بە سعرێکی گرانتر بفرۆشێت، سوپاس.

بەڕێز هێمن احمد حمە صاڵح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، ماددەی (١٣) فەرموون، بەڵێ دکتۆرە ڤالا فەرموو.

بەڕێز ڤالا فرید ابراهیم/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ئەوەی راستی بێت ماددەی (١٢) هەموار کرابۆوە دوایی کۆبوونەوە لەگەڵ بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان و ئەندامانی هەردوو لیژنە بڕیاردرا کە ماددەی (١٢) هەموار بکرێتەوە، وە ماددەی (١٢)مان هەموار کردەوە و ناردمان بۆ لیژنەکانی تایبەتمەند لە پەرلەمانی کوردستان، بەڵام دیارە ماددەی (١٢) وەکو خۆی وەکو ئەوەی پێشتر لە پڕۆژە یاسایی یەکەمدا هاتووە هەر وەکو خۆی داڕێژراوەتەوە، بۆیە لە لای ئێمە ماددەی (١٢) سێ بڕگەیە بۆ ئەوەی کە کۆمپانیاکە بە ئارەزوومەندانە دادەخات، وە هیچ هەڵەیەکی یاسایی نەکردووە، وە ئەو کۆمپانیایەش کە هەڵەیەك دەکات ئەو عقوبانەی پێدەدرێت و عقوبانەی لە سەر تەتبیق دەکرێت کە ئێستا باس کراون، من ماددەی (١٢) وەکو هەموار کراوە دووبارە بۆ لیژنەی یاسایی و بۆ بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی دەنێرم، بۆ ئەوەی بەو شێوەیە دایبڕێژنەوە کە هاتبوو بۆ پەرلەمان لە دوایی کۆبوونەوە لەگەڵ بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان و لیژنە تایبەتمەندەکان، زۆر سوپاس بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بەڕێز هێمن احمد حمە صاڵح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:

زۆر سوپاس، لیژنەی تایبەتمەند ئیزافەیەکتان هەیە یا روونکردنەوەیەك فەموو کاك ارشد.

بەڕێز ارشد حسێن محمد:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بە پێی ماددەی (٨٥) لە پەیڕەوی ناوخۆ لیژنەی یاسایی تەنیا بۆی هەیە سیاغە قانوونییەکە رێك بخات، وە هیچ دژیەك نەبێت لەگەڵ یاسا، بەڵام لەم ماددەیە لیژنەی یاسایی رەئی خۆی داناوە و رەئی لیژنەی ناوخۆی دانەناوە، چونکە ئێمە لەگەڵ بەڕێز دکتۆرە ڤالا وە سەرۆکی پەرلەمان وە هەروەها وەزیری ناوخۆ ئەم سیاغەمان گۆڕیبوو، بەڵام لە لیژنەی یاسایی نەفسی سیاغە دانراوەتەوە کە ئەمەش بە پێی ماددەی (٨٥) پەیڕەوی نابێت.

بەڕێز هێمن احمد حمە صاڵح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:

سوپاس، رۆژان خان فەرموو.

بەڕێز رۆژان محمد کریم:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

دیارە لە کۆبوونەوەی لیژنەی یاسایی بەڕێز وەزیری ناوخۆ لەوێ ئامادە بووە و دواتر ئەو هەمووارە هاتووە بە دەست ئێمە نەگەیشتووە وەکو لیژنەی یاسایی ئەگەر بکرێت ئێستا بخوێنرێتەوە، چونکە ئێستا جەلسەی موناقەشەیە و خوێندنەوەی دووەمە ئەگەر بکرێت بخوێنرێتەوە نازانم دەخرێتە دەنگدان یان چۆن، بۆ ئەوەی موناقەشەی ئەوە بکرێت کە هەموارە یا ئەوەی کە لیژنەی ناوخۆ باسی دەکەن، چونکە ئەوەی لەبەر دەستی ئێمە بوو بە ئامادە بوونی وەزیری ناوخۆ هەر ئەم ماددەیە بوو کە ئێستا تێدایە، سوپاس.

بەڕێز هێمن احمد حمه صاڵح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:
فەرموو خدیجە خان.
بەڕێز خدیجه عمر طه:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
وەکو ئەندامی لیژنەی یاسایی بە راستی ئێمە کە بە شێوەیەکی فەرمی ئەو راپۆڕتە کە گەیشتۆتە دەستی ئێمە موناقەشە و گفتوگۆمان لە سەر ئەو راپۆڕتە کردووە هەر ئەوەندە لەبەر دەستی ئێمە بووە بە فەرمی وەکو راپۆڕت گەیشتۆتە لای ئێمە و ئێمەش راستاندنمان بۆی کردووە، سوپاس.
بەڕێز هێمن احمد حمه صاڵح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:
سوپاس، بچنە سەر ماددەی (١٣) دوایی حەلی دەکەین، فەرموون.
بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
من پێشنیازێکم هەیە لە دەرەوەی موناقەشەی پڕۆژە یاساکە ئەگەر یەك دەقە یارمەتی بدەی شتێکی زەرووره..
بەڕێز هێمن احمد حمه صاڵح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:
بە پێی چ ماددەیەك.
بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
ئەگەر ڕێم بدەی بە پێی نوقتەی نیزامی دەیڵێم، ئێستا خۆتان دەزانن خۆپیشاندان هەیە لە سەر جادە بنکە و بارەگای حزبی چووەتە سەر کتێبخانەی گشتی و سووتاوە، وە لە ئەنجومەنی وەزیرانیش بڕیارێك دەرچووە ئەمڕۆ بڕیارەکە تا ئێستا لە لای خوێندکارانەوە لە شارع نارِوونە بەڕێز وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان لێرەیە دەتوانن رایسپێرن کە زانیارییەك وەرگرێت...
بەڕێز هێمن احمد حمه صاڵح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:
کاك بەڵێن تکا دەکەم با بابەتەکان تێکەڵ نەکەین ئێمە دانیشتووین بۆ قەیناکە ئیشارەتت بە خاڵە پەیڕەوییەکە نەدا دانیشتنەکەی ئێمە لە سەر ئەم بابەتەیە ئێستا بۆ ئەوەی بە هێوری و بە رێك و پێکی بەرِێوە بڕوات، بەڕێزان ئێمە ئێستا کۆبوونەوەی خۆمانمان هەیە ئەگەر بابەتێك هەبێت ئیعلان دەکرێت چ پەیوەندی بە ئێمەوە هەیە ئێستا لێرە، ماددەی (١٣) بخوێننەوە سەرۆکی لیژنەی یاسایی و سەرۆکی لیژنەی ناوخۆ بێنەوە شوێنی خۆیان.
بەڕێز رۆبینە اویملك عزیز:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
ماددەی (١٣):
لە کاتی سەرپێچیی کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە جگە لە حوکمەکانی ماددەی (٧ و ٨) وەزیر بۆی هەیە کۆمپانیاکان سزا بدات بە پێبژاردنێك کە لە (٣,٠٠٠,٠٠٠) سێ ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە (٢٠,٠٠٠,٠٠٠) بیست ملیۆن دینار زیاتر نەبێت.
بەڕێز هێمن احمد حمه صاڵح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:
بەڕێزان هەر بەڕێزێك دەیەوێ گفتوگۆ لە سەر ماددەی (١٣) بکات با بفەرمویت، لیلی خان فەرموو.

بەڕێز لیلی عبدالجبار حدۆ:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
لەم یاسایەدا باس دەکات وەزیر بە چ یاسایەك دەتوانێت بە بێ لیژنەی لێکۆڵینەوە کۆمپانیا سزا بدات، چونکە لەم یاسایەدا باس لە دامەزراندنی لیژنەی لێکۆڵینەوە نەکراوە کە وەزیر راستەوخۆ هەڵبستێت بە سەپاندنی سزا، سوپاس.
بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:
ئاخر بە پێی چ ماددەیەك موناقەشەی چ شتێك دەکەن بەڕێزان؟ مامۆستا عمر فەرموو.
بەڕێز عمر عبدالله فتاح:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
من بە پێی ماددەی (٥٦) قسە دەکەم ئێمە پەیڕەوێکمان هەیە لە پەرلەمانی کوردستان کە ئیدارەی جەلساتی پەرلەمانی پێ دەکرێت بە پێی ماددەی (٦٦) چەندین یادداشتمان پێشکەش کردووە لە سەر کێشەی خەڵکی کوردستان قسە بکەین ئەمە یادداشتێکی ترە لە سەر توند و تیژییەکانی سلێمانی ژمارەی یاسایی لە کاتی یاسایی پێشکەش دەکەین، ئایا ئەم یادداشتە وەکو هەموو یادداشتەکانی تر فەرامۆش دەکەن یان نە؟ ئایا قەرارە دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان ماددەی (٦٦)ی پەك خستبێت یان نا؟ ئەمە پرسیارەکەیە...
بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:
سوپاس مامۆستا عمر ئێمە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان یەك یادداشتی پشت گوێ نەخستووە هەمووی ئیشی پەیڕەوی لە سەر کردووە و ئیشی پەیڕەویشی لە سەر دەکەین، کەی بە رەسمی گەیشتە دەستمان ئیشی پەیڕەوی لە سەر دەکەین، فەرموون ماددەی دوای ئەو.
بەڕێز باڵانبۆ محمد علی:
بەریز سەرۆکی پەرلەمان.
ماددەی (١٤):
ئەو رێکار و سزایانەی لە ماددەکانی (١١، ١٢، ١٣)ی ئەم یاسایەدا دەقنووسکراون رێگر نابێت لە داوا کردنی قەرەبوو لە کۆمپانیای سەرپێچیکار لە بڕی ئەو زیانەی دەرئەنجامن بۆ چالاکییەکانی بە پێی حوکمەکانی یاسا بەرکارەکان.
بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:
بەڕیزان لە سەر ماددەی (١٤) هەر بەڕێزێك دەیەوێ گفتوگۆ لە سەر بکات، فەرموو سەرچنار خان.
بەڕێز سەرچنار احمد محمود:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
لەم ماددەیە داواکردنی قەرەبوو سەرچاوەکەی دیاری نەکراوە ئایا وەزارەت داوای قەرەبوو دەکات یان لایەنی تر داوا دەکات، ئەگەر وەزارەت بێت ئەوا سزای تر هاتووە لەم یاسایەدا ناکرێت سزاکان بەسەردا جێبەجێ بکرێت و داوای قەرەبووش بکرێت ئەگەر لایەنی تریش بێت ئەوە بە یاسایەك دیاری بکرێت بە پێی یاسای شارستانی بێت (قانون مدنی) دەبێت مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت.
بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:
بەڕێز وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان ئەگەر سەرنجێك هەیە فەرموون.

بەڕێز ڤالا فرید ابراهیم/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان.
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
مەسەلەی قەرەبوو کردنەوە ئەوە وازحە لەناو قانوونی مەدەنی عێراقیدا هەیە هەتا ئەرکانەکانی جێبەجێ نەکرێن و متوەفر نەبێت کەس ناتوانێت باسی قەرەبوو بکات، بۆیە ئەو بابەتانە هەمووی ڕێکخراوە لەناو قانوون و هیچ بۆشاییەك نابێت، سوپاس.
بەڕێز هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:
بەڵێ سوپاس، ماددەی (١٥) لیژنەی تایبەتمەند فەرموون.
بەڕێز حکمت محمد عبو زید:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
ماددەی (١٥):
سزاکانی هاتوو لەم یاسایەدا ڕێگر نابن لە سەپاندنی هەر سزایەکی توندتر کە لە یاسا بەرکارەکانی هەرێمدا هاتبێت.
بەڕێز هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:
بەڵێ بەڕێزان لە سەر ماددەی (١٥) هەر بەڕێزێك دەیەوێت گفتوگۆ بکات، کاك کاروان فەرموو.
بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
ماددەی (١٥) دووبارە من هەست دەکەم تەعقیب کردنێکی تێدایە وەکو پێشتریش باسم کرد لە ماددەکانی تر ئێمە باس لە کەرتی تایبەت و باس لە دامەزراندنی کۆمپانیا تایبەتەکان دەکەین ئەوانەی کە تۆماریش نەکراون بۆ چی لێرە ئەو هەموو ڕێگرییە دەکەین؟ باس لەوە دەکات سزاکانی هاتوو ئێمە سزاکانمان دیاریکردووە، وە باسمان لەوە کردووە سزاکان کامانەن بۆ دووبارە ئەم ئیجرائاتە و ئیجرائاتی توندتر پێویست بوو ئیجرائاتی توندتر وەکو چی یەعنی ئەمە دەست کردنەوەیەکە کە بە ڕاستی کێشەیەکی ئەوەندە مەتاتییە بە جۆرێك لە دوایی کێشەی گەورەمان بۆ دروست بکات، بۆیە من هەست دەکەم ئەو ماددەیە زۆر مەتاتییە و پێشنیاز دەکەم کە لاببرێت.
بەڕێز هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:
سوپاس، بەڕێز وەزیری هەرێم فەرموون.
بەڕێز ڤالا فرید ابراهیم/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان.
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
هیچ تێبینییەکم نییە، سوپاس.
بەڕێز هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:
لیژنەی تایبەتمەند هیچتان نییە؟ ماددەی (١٦) فەرموون.
بەڕێز حکمت محمد عبو زید:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
ماددەی (١٦):
هەر کەسێکی خاوەن بەرژەوەندی بۆی هەیە تانە بدات لەو بڕیارانەی پاڵپشت بە حوکمەکانی ئەم یاسایەی دەردەچن بە پێی حوکمەکانی یاسای ئەنجومەنی شورای بەرکار لە هەرێم.

بەڕێز هێمن احمد حمە صاڵح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:
بەڵێ بەڕێزان لە سەر ماددەی (١٦) هەر بەڕێزێك دەیەوێت گفتوگۆ بكات، كاك كاروان فەرموو.
بەڕێز كاروان عبدالرحمن عبدالله:
بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.
دووبارە ماددەی (١٥) ماددەی (١٦)ەش هەمان شتە بۆ كۆمپانیاكان یەعنی دووبارە زۆر مەتاتییە هەر كەسێكی خاوەن بەرژەوەندی بۆی هەبێت تانە لە بڕیارەكە بدات یاخود لەو یاسایە بدات ئەمەش دەست كرانەوەیەكی ئێگجار زۆرە، یەعنی ناكرێت پیشنیاز دەكەم دەستكاری بكرێت لە لایەن لیژنەی قانوونییەوە یا ئەوەتا بە راستی ئەو دوو ماددەیە لاببرێت ماددەی (١٥ و ١٦)، زۆر سوپاس.
بەڕێز هێمن احمد حمە صاڵح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:
سوپاس، بەڕێز وەزیری هەرێم ئەگەر سەرنجێك هەیە فەرموون.
بەڕێز ڤالا فرید ابراهیم/ وەزیری هەرێم بۆ كاروباری پەرلەمان.
بەڕیز سەرۆكی پەرلەمان.
تەنها ئەوە زیاد بكرێت یاسای ئەنجومەنی شورای هەرێمی كوردستانی عێراق ژمارە (١٤)ی ساڵی (٢٠٠٨)ی بەركار یان هەر یاسایەكی دیكە كە جێگای بگرێتەوە، سوپاس.
بەڕێز هێمن احمد حمە صاڵح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:
بەڵێ سوپاس، لیژنەی تایبەتمەند كاك بژار فەرموون.
بەڕێز بژار خالد عبدالله:
بەڕیز سەرۆكی پەرلەمان.
ئەگەر روخسەت بێت لەبەر ئەوەی من لێرە نەبووم بە تایبەتی لە سەر ماددەی (١٢) بەڕێز وەزیری هەرێم بۆ كاروباری پەرلەمان تێبینییەكی بۆمان ناردووە، بەڵام دوای ئەوە بە دەستمان گەیشتووە كە راپۆرت ئاراستەی سەرۆكایەتی كرابوو لەناو سندوق دانرابوو سەبارەت بە ئەندامانی لیژنەی ناوخۆ كە ئەگەر گلییەكیان هەبێت لە سەر ماددەی (١٢) ئەوە راپۆرتی لیژنەی ناوخۆ لای ئێمە هەیە هیچ تێبینییەك لە سەر ماددەی (١٢) تێیدا نییە راپۆرتەكەش بە رەسمی لە لایەن سەرۆكایەتی پەرلەمانەوە ئاراستەی لیژنەی یاسایی كراوە، زۆر سوپاس.
بەڕێز هێمن احمد حمە صاڵح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:
بەڵێ سوپاس، ماددەی دوای ئەوە فەرموون.
بەڕێز باڵانبۆ محمد علی:
بەڕیز سەرۆكی پەرلەمان.
ماددەی (١٧):
ئەو بڕە پارانەی لە پیادە كردنی حوكمەكانی ئەم یاسایە وەردەگیرێن وەك داهاتێك بۆ گەنجینەی هەرێم تۆمار دەكرێت بەو مەرجەی رێژەی (٣٠%) بۆ وەزارەت تەرخان بكرێت بە مەبەستی پەرەپێدانی پێكهاتەكانی وەزارەت و دابینكردنی پێداویستییەكانی.
بەڕێز هێمن احمد حمە صاڵح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:
بەڵێ بەڕێزان هەر كەسێك دەیەوێت لە سەر ماددەی (١٧) قسە بكات با بفەرمووت كاك دكتۆر اسماعیل فەرموو.

بەڕێز اسماعیل علی طه:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
بەس من تێبینی ل سەر ڕێژەی هەی (٣٠%) ئەز بێژم ببێتە (٢٠%) یان کێمتر باشترە، سوپاس.
بەڕێز هێمن احمد حمە صاڵح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:
بەڵێ سوپاس، کاك شێخ ظاهر فەرموو.
بەڕێز ظاهر محمد علی حسین:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
پێشنیار دەکەم بکرێتە گەنجینەی حکومەتی هەرێم، سوپاس.
بەڕێز هێمن احمد حمە صاڵح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:
بەڵێ سوپاس، کاك لقمان فەرموو.
بەڕێز لقمان حمد حاجی:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
سەبارەت بە ماددەی (١٧) ئەم (٣٠%) زۆرە بۆ وەزارەت پێشنیار دەکەم (٨٥%) بۆ خەزێنەی گشتی بێت (١٥%)ی بۆ وەزارەت بێت، بەڵام لە بڕگەی کۆتایی دابینکردنی پێداویستییەکانی ئەم پێداویستییانە بۆ بخرێتە سەر وەزارەت؟ پێشنیاز دەکەم ئەمە لابرێت پێداویستییەکان با لە سەر کەرتی تایبەت بێت، سوپاس.
بەڕێز هێمن احمد حمە صاڵح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:
بەڵێ سوپاس، کاك کاروان فەرموو.
بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
من پشتیوانی پێشنیازەکەی کاك لقمان دەکەم بەوەی کە بکرێتە (١٥%)، چونکە خۆی وەزارەتی ناوخۆ داهاتی هەیە یەعنی ئەمە دووبارە وا بکەین بچێتەوە خەزێنەی حکومەت بۆ خزمەتی خەڵك، لەبەر ئەوە پێشنیار دەکەم ئەو پێشنیازەی کاك لقمان پەسند بکرێت، زۆر سوپاس.
بەڕێز هێمن احمد حمە صاڵح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:
بەڵێ ئەگەر تێبینییەکتان نەبێت بچینە سەر ماددەی (١٨)، کاك سەرکۆ ناوت نەنووسیبوو فەرموو.
بەڕێز سەرکۆ ازاد حسێن:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
پشتیوانی وتەکانی کاك لقمان وەرتی دەکەم، سوپاس.
بەڕێز هێمن احمد حمە صاڵح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:
بەڵێ سوپاس، فەرموون ماددەی (١٨) کاك کاروان فەرموو.
بەڕێز بالأنبۆ محمد علی:
بەڕیز سەرۆکی پەرلەمان.
ماددەی (١٨):
پێویستە لە سەر هەر کۆمپانیایەکی ئەمنی تایبەت کە پێش بەرکاربوونی ئەم یاسایە دامەزراون یان تۆمار کراون لە ماوەیەك زیاتر نەبێت لە (٩٠) نەوەد ڕۆژ خۆیان لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە بگونجێنن.

بەڕێز هێمن احمد حمه صاڵح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:
بەڵێ بەڕێزان هەر کەسێك دەیەوێت لە سەر ماددەی (١٨) گفتوگۆ بکات با بفەرمووت کاك کاروان فەرموو ئینجا دکتۆر اسماعیل.
بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
من لە ماددەی (٣) ئەو پێشنیازەم کرد کە ماددەی (١٨) لابرێت یان بکرێت بە بڕگەیەك لە ماددەی (٣) یان بکرێتە تاکە بڕگە لە ماددەی (٣) ئەگەر دوو بڕگەکەی تر لابرێت، بۆیە هەست دەکەم زیاد بکرێتە و بکرێتە بڕگەیەك لە ماددەی (٣)، سوپاس.
بەڕێز هێمن احمد حمه صاڵح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:
کاك دکتۆر اسماعیل فەرموو.
بەڕێز اسماعیل علی طه:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
ئەز بێژم پێشنیارا من (٩٠) رۆژ گەلەکن، چونکی ئەو بخۆ مەوجودن خۆ گونجاندن پێویست ناکات بە (٩٠) رۆژ بمێنێت و تەئخیر بێت و ببێت بە (٦٠) رۆژ شینا (٩٠) رۆژ، سوپاس.
بەڕێز هێمن احمد حمه صاڵح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:
بەڕێزان ئەگەر تێبینییەك نییە یان وەڵامێك ماددەی دوای ئەو، دکتۆرە ڤاڵ فەرموو ئەگەر تێبینییەکتان هەیە.
بەڕێز ڤاڵا فرید ابراهیم/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان.
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
ببوورن لە سەر ئەو ماددەیە نییە، بەڵام لە (٨/١٣) هەمواری ماددەی (١٢) نێردراوە بۆ پەرلەمانی کوردستان و بۆ لیژنەی تایبەتمەند لە (٢٠٢١/٨/١٣)، زۆر سوپاس.
بەڕێز هێمن احمد حمه صاڵح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:
دوایی موتابەعە بکەنەوە بەڕێزان هەر دوو لیژنە فەرموو کاك شاخەوان وەکو لیژنەی تایبەتمەند.
بەڕێز شاخەوان رؤوف مصطفى:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
تایبەت بە ماددە (١٢) ئێمە وەکو لیژنەی ناوخۆ و ئاسایش بۆمان نەهاتووە ئیتر دەکرێت برادەرانی لیژنەی یاسایی روونکردنەوەمان لە سەر بدەن، زۆر سوپاس.
بەڕێز هێمن احمد حمه صاڵح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:
دوایی وەربگرن بەڕێزان، ماددەی (١٩) فەرموون
بەڕێز رۆبینە اویملك عزیز:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
ماددەی (١٩):
رێنمایی پێویست بۆ ئاسان جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەردەکات.
بەڕێز هێمن احمد حمه صاڵح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:
بەڵێ بەڕێزان لە سەر ماددەی (١٩)، کاك کاروان فەرموو.

بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
من پێشنیاز دەکەم ماددەیە ئیزافە بکرێت، بەڵام نەمزانی لە کوێ، چونکە لە حوکمە گشتییەکان دەمویست پێشنیازی ئەمە بکەم پێشنیاز دەکەم ماددەیەك ئیزافە بکرێت بەو دەقە حوکمەکانی ئەم یاسایە لە سەر کۆمپانیاکانی نەوت جێبەجێ ناکرێت و لە شوێنی ئەوان لیواکانی نەوت و گاز شوێنیان دەگرێتەوە دەزانم روونکردنەوە دراوە بەڕێز وەزیری ناوخۆ روونکردنەوەی دا، بەڵام ئەگەر ئەمە لە یاسادا دەقنووس بکرێت پێموایە بە تەواوی...
بەڕێز هێمن احمد حمە صاڵح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:
ئەمە لە سەر ماددەی (١٩)یە کاك کاروان.
بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
بەڵێ دەزانم مەبەستم لەوە بوو دەمویست ماددەیەك ئیزافە بکرێت.
بەڕێز هێمن احمد حمە صاڵح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:
بەڵێ، کاك دکتۆر اسماعیل فەرموو.
بەڕێز اسماعیل علی طه:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
ئەز بینم پەیڤا وەزیر رێنمایی پێویست یەعنی پەیڤا پێویست ئیزافە ببیتە سەر بیدایەتا رستێ، زۆر سوپاس.
بەڕێز هێمن احمد حمە صاڵح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:
بەڵێ زۆر سوپاس، ئەگەر وەڵام و روونکردنەوەیەك نییە فەرموون ماددەی دوای ئەو.
بەڕێز رۆبینە اویملك عزیز:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
ماددەی (٢٠):
پێویستە لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.
بەڕێز هێمن احمد حمە صاڵح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:
ماددەی (٢٠): هەر بەڕێزێك هەر تێبینییەکی هەیە، ماددەی دوایی ئەوە ماددەی (٢١) فەرموون.
بەڕێز رۆبینە اویملك عزیز:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
ماددەی (٢١):
کار بە دەقی هیچ یاسا و بڕیارێك ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆك بێت.
بەڕێز هێمن احمد حمە صاڵح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:
ماددەی (٢١): هەر بەڕێزێك هەر دەیەوێت گفتوگۆ بکات، ماددەی دوایی ئەوە ماددەی (٢٢) فەرموون.
بەڕێز خدیجە عمر طە:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
ئەم یاسایە لە رێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی وەقایعی کوردستان جێبەجێ دەکرێت.

بەڕێز هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:
ماددەی (٢٢): هەر بەڕێزێك تێبینی هەیە، کاك شێخ ظاهر فەرموون.
بەڕێز ظاهر محمد علی حسین:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
فەرمی بۆ زیاد بکرێت رۆژنامەی فەرمی وەقایعی کوردستان.
بەڕێز هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:
بەڵێ بەڕێزان هۆیەکانی دەرچوواندن.
بەڕێز خدیجه عمر طه:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
هۆیەکانی دەرچوواندن:
دوایی ئەوەی رێگەدرا بە کەرتی تایبەت کە خزمەتگوزارییە ئەمنییەکان لە هەرێم پێشکەش بکەن، وە لەبەر گرنگی و هەستیاری کاری ئەم کۆمپانیایانە و کاریگەری راستەوخۆیان لە سەر گیان و سامانی گشتی و تایبەتی لە هەرێم ئەم یاسایە دەرچووێنرا.
بەڕێز هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:
بەڵێ بەڕێزان لە سەر هۆیەکانی دەرچوواندن هەر بەڕێزێك دەیەوێت گفتوگۆ بکات با بفەرمووت، کاك دکتۆر محی الدین فەرموو.
بەڕێز محی الدین حسن یوسف:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
من پێشنیار دەکەم داڕشتنەکە بەم شێوەیە لێ بکرێت لەبەر گرنگی و هەستیاری کاری کۆمپانیا ئەمنییەکان و کاریگەریی راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆیان لە سەر گیان و سەر و ماڵی گشتی و تایبەت لە هەرێمی کوردستان وە گەشەسەندن و فراوان بوونی کەرتە خزمەتگوزارییە جۆراوجۆرەکان، وە بۆ بەشداری کردنی کەرتی تایبەت لە پڕۆسەی پێشکەش کردنی خزمەتگوزارییەکان ئەم یاسایە دەرچوێنرا.
بەڕێز هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:
بەڵێ بەڕێزان، کاك رزگار فەرموو.
بەڕێز رزگار محمد محمود:
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
هۆیەکانی دەرچوواندن وەزارەت ئەو رسوماتانەی خوارەوە وەردەگرێت بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە یەکەم (١٢,٠٠٠,٠٠٠) ملیۆن دینار بەرامبەر پێدانی مۆڵەت بۆ جاری یەکەم و دووەم (١٠,٠٠٠,٠٠٠) دە ملیۆن دینار بەرامبەر نوێکردنەوەی ساڵانەی مۆڵەت، وە سێیەم (١٠٠,٠٠٠) سەد هەزار دینار بەرامبەر داواکردنی مۆڵەت یان داواکردنی نوێکردنەوە، یەعنی ئەگەر مۆڵەتێك بۆ کارمەندێك دەربچێت سەد هەزار دیناری لێ وەبگیرێت بە راستی ئەمە زۆرە بۆ ئۆتۆمبێلەکانیش وایە، بۆیە من پێشنیار دەکەم بەو شێوەیە نەبێت، لەبەر ئەوەی ئەگەر کۆمپانیایەك مەسەلەن پێنج سەد یا هەزار کارمەندی هەبێت دەبێت هەزار سەد دیناری بە مۆڵەتەکەی بدات، بۆیە پێداچوونەوە بەوە بکرێت، زۆر سوپاس.
بەڕێز هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:
بەڵێ بەڕێزان ئەگەر سەرنج و تێبینییەکتان هەیە لیژنەی تایبەتمەند بەڕێز وەزیری هەرێم.

بەڕێز ڤالّا فرید ابراهیم/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان.
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
سوپاس بەڕیز سەرۆکی پەرلەمان .
بەڕێز هێمن احمد حمه صالّح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:
زۆر سوپاس بەڕێزان سەبارەت بە بڕگەی دووەمی بەرنامەی کار ئێمە دوا دەخەین بۆ هەفتەی ئایندە لە جەلسەیەکی تایبەت گفتوگۆی لە سەر دەکەین بەم شێوەیە کۆتایی بە دانیشتنەکەمان دەهێنین.

| | | |
|---|---|---|
| منی نبی قهوچی | هێمن هەورامی | د. ڕێواز فائق حسێن |
| سکرتێری پەرلەمانی | جێگری سەرۆکی پەرلەمانی | سەرۆکی پەرلەمانی |
| کوردستان – عێراق | کوردستان – عێراق | کوردستان - عێراق |